حیکمەت محەمەد کەریم (مەلابەختیار)

شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم

«خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان؟»

سوید: ۱۹۹۳
چاپی سێهەم/ ۱۹۹٤ (هەولێر)

شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم

«خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان؟»

حیکمەت محەمەد کەریم (مەلابەختیار)

سوێد: ١٩٩٣

پێشکەشە بە:

یەکەم شەهیدی ڕاپەڕینی گەلەکەمان،
بەختیار وەرێوەیی

پێرست

ڕوونکردنەوەی چاپی دووەم

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٠ پێش هەرەسی شوورەویو پێش داگیرکردنی کوێتو ڕاپەڕینی پارساڵی گەلەکەمان بە مەبەستی بێهودەیی خەباتی چەکداریو نەشونما کردنی خەباتی ڕاپەڕینی بەردەوام، نووسراوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە گەلێک بابەتی تێدایە، هەندێک لە بابەتەکانی پێشبینی ڕووداوەکان بوون: حەقیقەتی ڕاپەڕینی کوردستانو عێراقو ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی لەوبەڕی دەسەڵاتیداو لە خراپترین ڕۆژگاری نا ئومێدی هێزە چەکدارەکانی دوای ئەنفالەکاندا؛ ڕاگەیاندنی سەرمایەداری لە شوورەویو تەپینی کامپی ڕۆژهەڵات، بەستنەوەی چارەنووسی شۆڕشی ئەریتیریا بە خرۆشانی خەڵکی سەراپای ئەسیوپیا... هتد. پێمانوایە دوای نزیکەی سێ ساڵ لە نووسینی ئەو بابەتانە ڕووداوەکان وا ساغ بوونەتەوە بواری بۆچوونی جیاوازی جارانیان نەهێشتۆتەوە.

کتێبەکە لە چاپی یەکەمدا دەست کەمترین خوێنەر کەوت، بۆیە پێویست بوو چاپ بکرێتەوە. ئەوا لە فۆرمێکی نوێدا دەیخەینەوە بەردەم خوێنەری هۆشیار؛ پێشەکیش دەبێ ڕوونی بکەینەوە کەوا:

- ڕشتەی باسەکان دەستکاری کراوونو سەرلەنوێ ڕێکخراونەوە.
- یەک دوو بابەتی چاپی یەکەم دوای ڕووداوەکانی سەردەم لەچاپدانەوەیان پێویست

نەبوو.
- لەزۆر شوێن ووشەو جار جارە پەرەگرافیشمان دەرهاویشتووە.
- لەکۆتایی کتێبەکەدا دوو رشتەی نوێمان لەسەر شۆرشی چەکداری کوردستانو راپەرینو ئەزموونەکانو جیهانی دوای جەنگی سارد، بۆ چاپی دووەم زیاد کردووە.
کورتیەکەی... لەچاپی دووەمدا سۆزی زەرورەتی حیزبایەتیو ململانێی سیاسەتی مەیدانی فەرامۆش کرانو هەوڵدراوە کتێبەکە دوای دەرکەوتنی رووداوەکانی جیهان، پابەندی گەوهەری باسەکەی بێت. ئەگەر خوێنەریش هەست بە گۆڕینی لە هەندێک بۆچوونی چاپی دووەم لەگەڵ چاپی یەکەمدا بکات، پێشوەخت دەڵێین: بەڵێ... دەبوو بیانگۆڕینو... بگۆڕێین!

مەلابەختیار
سوید: ۱۹۹۲/۱۰/۲۸

بەرایی

بابەتەکانی ئەم کتێبە، وەرگۆڕانێکە (تحول) لە شۆڕشی درێژخایەنی شاخەکانەوە، بۆ ڕاپەڕینی شارەکان، پێشەکی پێویستە بڵێم: لەو کەسانە بووم ساڵەها باوەڕم بە سەرکەوتنی تەواوی شۆڕشی درێژخایەن هەبوو. لە سەرەتای سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی ١٩٧٦ی کوردستانە داگیرکراوەکەماندا، لە کوردستانی بەشی عێراقدا، هەتا سەرەتای هەشتاکانیش پێشمەرگەیەکی پارتیزانی سەرخستنی ئەو پێناوە بووم. بەڵام دوای ئەوە، ڕووداوەکانی عێراقو کوردستانە پێوە لکێندراوەکەی، بەرە بەرە بوونە زەمینەی چەکەرەکردنی ئەندێشەی نوێ لەسەر شۆڕشی چەکداریو ئایندەکەی! ئەم چەکەرە نوێیە هەتا دەهات نەشوونمای دەکردو چەمکە چینایەتییەکەی ڕۆدەچووە ناخی تێکۆشەران.

ساڵی ١٩٨١ بە دواوە، پەیتا پەیتا بڕوای سەرکەوتن بە شۆڕشی درێژخایەن کزترو... باوەڕی ڕاپەڕاندنی خەڵک لەناو کادرە هۆشیارەکاندا پتەوتر دەبوو، ئاکام ئەم دیاردەیە کرایە سیاسەتێکی گرنگی ئەو کاتە. هاوزەمان لەناو شارەکانی کوردستانیشدا، بێزاری خەڵک دژی ڕژێم قوڵتر دەبوو. دوای جۆشدانو نەخشەکێشان، ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان لە زستانی ١٩٨٢وە تەقییەوە: لەو هەلومەرجەدا، زۆربەی شارە گرنگەکانی کوردستانی گرتەوە: سلێمانی، کەرکوک،

هەولێر، هەڵەبجە، کۆیە، رانیە، قەڵادزێ، سەید سادق، شەقڵاوە، چوارقوڕنە، بستەستێن، بنگرد، ژاراوە و توەسووران...تاد. وەلێ مـــــخــــابـــــن، راپەڕین تەنها لە کوردستاندا مایەوەو لە کوردستانیشدا بە هۆی گرفتو نەبوونی پشتیوانیو شەڕوشۆڕی ناوخۆی چینایەتی لاوەکی چینایەتی هێزەکانی گۆڕەپانەکەوە، راپەڕینەکە شۆڕشگێڕانە ڕێبەرایەتی نەکراو نەگەیەندرایە تاجی سەرکەوتن لەسەر نانی شۆڕش، بەمەیش هەلێکی مێژوویی گەورە لەدەست درا.

ئیدی... دوای دامرکاندنی راپەڕینەکە، لەناو جەنگەی جەنگی عێراق - ئێراندا، لە سوران نشینی کوردستاندا رووداوی سیاسیو عەسکەری قوڵتر زاڵبوون. کە دەتواندرێ بگوترێ گۆڕینی ستراتیژی سیاسی - عەسکەریشیان لێکەوتەوە: چوون بەگژ ئێران، قرناقاو پشتناشانو... مفاوەزات، بەرەنجامی ئەمانەو لە سنوورێکی دیاریکراودا سەرانەوەی رووداوەکانی جەنگی عێراق - ئێران. هەروەها ڕوونەدانی هیچ جۆرە گۆڕنکارییەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی قوڵ لەباقی ناوچەکانی عێراقدا، هاوشانی دەستکاری نەکردنی نەخشەی سیاسی نێو دەوڵەتان لە ناوچەکەدا، هەریەکە لەو ڕاستیانە بە نۆرەی خۆیان کاری کاریگەریان کردە سەر بۆچوونە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەی گەلەکەمان. بێگومان پاشەڕۆژی خەباتی چەکدارانە وەکو مەسەلەی عەسکەری گرنگ لەژێر تەوژمی ئەو کاریگەرییەدا زۆرتر کەوتە ناو مشتومڕی کۆڕو کۆمەڵ، گەلاڵەی ئەو مشتومڕانە دوو ڕوانگەی لە بۆتەی خەباتدا دروست کرد:

یەکەمیان: داخۆ شۆڕشی درێژخایەنی شاخەکان تاقە ڕێبازی سەرەکی سەرکەوتنەو باقی شێوەکانی خەبات دەبێ لە خزمەتیدابن...؟

دووەمیان: یان راپەڕینی شارەکان سەرکەوتن دابین دەکاتو پێویستە جەنگی پارتیزانی بخرێتە خزمەتییەوە...؟

ئەزموونەکان بابەتیانە دووەمین خاڵیان کردە ڕێبازی سەرەکی، گەرچی پەیڕەوانی خاڵی یەکەمیش لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسییەوە بالادەست بوون. لەو کەسانە بووم باوەڕم وابوو کە دۆخی کوردستان گەیشتۆتە:

> (بێ پێچو پەنا، دروشمی ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی عێراق بەرز دەکەینەوەو بێ گوێدانە دووری ڕێو سەختی بەدیهێنانی لە پێناویدا درێژە بە خەبات دەدەین. ڕێگای شۆڕشگێڕانەی

رووخاندنەکەشی تەنها ڕاپەڕینی کرێکارانو زەحمەتکێشانە، ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان سەربازو ئەفسەرو کاسبکارو مامۆستاو گشت ئازادیخوازێکی ئەم وڵاتەیە، کە لە هەلومەرجی ئێستاماندا لە هەموو ڕوویەکەوە کوردستانو بزووتنەوە دیموکراتیە ڕەواکەی گەلی کورد دەورێکی گەورەی کاریگەری هەیەو پێویستە مارکسیە شۆڕشگێڕەکان تیایدا شۆڕشگێڕانە خەبات بکەنو بەرنامەی لایەنی کەمی کرێکارانو زەحمەتکێشانی تێدا پیادە بکەنو دروشمە پێویستەکانی کێشەکانی بەرز بکەنەوە.*

ئەو بۆچوونە چینایەتیە جیاوازانە، جەنجاڵێکی گەورەیان لەسەر ورووژان، ڕۆژگارێکی دژوار بەسەر بران، هەتا زەبری زەمانە دوای شکستێکی عەسکەری خوێناوی دیکەی کەم هاوتا لە مێژووی نوێی گەلاندا هەموومانی گەیاندە زەلیلی مەنزڵی ئاوارەیی. بەڵام ئاوارەییەکی دانەبڕاو لە ئاواتی ئایندە. ئەم باسەش، خزمەتێکە لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو ئاواتە: ڕاپەڕینی بەردەوامو... ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی عێراقو مافی چارەی خۆنووسینی گەلەکەمان.

رووخاندنی رژێم...!

بێگومان، پاش ئەوەی ئەم جارەش بزووتنەوەی چەکداری ڕەوای گەلەکەمان، لەسەر لوتکەی کێوی بەرەنگاری دیسان هەڵدێرا، بەم ئێسکو پرووسک شکاوییەی پاش هەڵدێران، کە سەیری لوتکەکە دەکەینەوە ڕووخاندنی ڕژێم وەکو تراویلکە دێتە پێش چاو، هەرچەند دوای بکەوین نایگەینێ. بەڵام هەقە بزانرێ هەرکەسو هەموو لایەک تەنها دەتوانێ لە ڕوانگەی خۆیەوە بڕیار بداتو هیچ لایەک ناتوانێ لەبری مێژوو، حوکمی مێژوو بدات.

مێژوو لە کورەی بڕیاری ڕەوای خۆیدا، دوور لە ئارەزووی ئەملاو سیاسەتی ئەولا، ڕقی پیرۆزی نەوەی ئایندە جۆش دەدات. ئەو نەوەیەی هەستو هەڵوێستیان،

---

* ڕۆژەی ئاڵای شۆڕش ۱۹۸۵/۶/۲۰.

لە پێگەیشتن و تێگەیشتنی شۆڕشگێڕانەدایە. ئەگەر دووریش بخایەنێ بورکانی تۆڵەی گەلیان هەر دەتەقێتەوە... تەقینەوەیەکی ئەوتۆ، هەم ڕژێم دادەڕووخێنێ و هەم پاشماوەی بیری ڕەشبینی دادەشۆرێ.

هەرگیز ناشێ ڕژێمی فاشی، ڕژێمی تاوانەکانی: هەڵەبجە، بازێ، شێخوەسانان و گۆپتەبە، ڕژێمی بێ سەروشوێنکەری هەزاران کوردی بێتاوان... خاپوورکەری هەزاران گوندو شارو شارۆچکە، ڕژێمی دوژمن بە دیموکراسی و ئازادی، ناکرێ ڕژێمی وا وەکو بەرزەکی بانان لە حوکمی دوور ئەنگێوی مێژوو بۆی دەربچێ.

ئەگەر ڕژێمی وەکو بەعس هەتا هەتایە بمێنێ، ئیدی دەبێ ئەوەکانی ئایندە بەتەواوی بە بڕیارەکانی مێژوودا بچنەوەو نەفرەت لەو درۆیانە بکەن کە هەزاران ساڵە بەناوی یاسای مێژووەوە میللەتانی پێ گێژ دەکرێن.

رشتەی یەکەم

١- کوردۆ ـ قارەمان

کوردۆ وشەیەکی دێرینەی زمانی کوردە، کە لەسەرەتای دارشتنی بابەتیانەی زیانی کوردەواری، ناوی کوردی لێنراوە. واتای لێکدراوی کوردۆ لە کۆنەوە لە لایەن نەژادناس و زمانەوانەکانەوە بە (قارەمان)، شیکراوەتەوە. قارەمانیش هەتا ئێستا نازناوێکە، پێناسەیەکە، تەنها بە شەرکەری ئازاو خەڵکی بوێر دەگوترێ. دوورنییە چاوگی وشەکە، یان خۆی ناولێنانی کورد بە وشەی کوردۆ، دۆخی شەڕوشۆڕی کوردستان نەبووبێ. ئەو دەمە کوردستان بەردەوام کەوتۆتە بەرپەلاماردانی داگیرکەران و (کوردۆ)کانیش جەربەزانە بەرسنگیان لە دوژمنان گرتووە، تەنانەت لەشکرە (١٠)هەزار سوارییەکەی پێش زایینی زەینەفۆنیشیان هەراسان کردووە. جا ئەم هەموو شەڕوشۆڕە، کوشت و کوشتارە پڕ لە ئازایەتییە، کێ دەڵێ ئەوسا ناو نەنراوە (کوردۆ)و کە گوتراوە کوردۆ، ئیدی میللەتێکی ئازاو نەبەز، چاپوک و چالاک، بۆتە مایەی باسی دەنگ و باسەکانی ئەو سەردەمە.

هەر وشەیەک لەسەر ڕووداوێک، پێویستیەک، خواستێک، ڕۆنراوە. جاری وا هەیە بچووکترین پێویستی و پێوەندی، وشەی بۆ ڕۆنراوەو دەنرێ، بۆیە ئاسایە بە ئازایەتی و ئازادیخوازیەکی کەم وێنەش، (کوردۆ ـ قارەمانی) بۆ هەڵبژێردرابێ.

قارەمانیەتەکەیش، وەنەبێ لەسەر تاوێرە بەردی نەژادپەرستی میللەتەکە

هەڵکۆڵرابێ. هەرگیز وانییە. چونکە هەمیشە میللەتەکەو سەر زەمینەکەی، لە دادگای مێژوودا، شکاتی لە پەلاماردەران کردووەو کەم جار شکاتی لێکراوە. کوژراوەو کەمی کوشتووە*، بۆیە: شانازی پێوە کردنی (کوردێ) هەڵەیەکی کوشندەیە بخرێتە باری سوکایەتی پێوەکردنی نەتەوەکانی دیکە. با کەمێ لەسەر ئەم ڕاستییە بڕۆین و زوخاوێکی خەفەتی مێژوو هەڵڕێژین:

زانا مێژووییەکان، بە زۆری لەوەدا هاو ڕان کەوا لە ئەورووپاوە، کۆچی گەورەی ئاری نەژاد، بەرەو سەرزەمینی ناوچەکانی ئامێزی چیاکانی زاگرۆس کراوە. ئەم ئاری نەژادانە، وا دیارە زۆرو دەوڵەمەند، بەهێزو ژیرتریش بوون لە خەڵکی ڕەسەنی ناوچە کۆچ بۆ کراوەکان، بۆیە توانیویانە خەڵکەکەیان لە نەژادی خۆیاندا بتوێننەوەو لە بۆتەی پرۆسەی تواندنەکەشدا، بەپێی لەدەستدانی ڕوخسارە هیندو ئەوروپییەکەیان، چەندین میللەتی جۆراو جۆریان لێ بۆتەوە، یەکێ لەو میللەتانە، کوردە. لەگەڵ کاروانی کۆچ و کۆچباری ئارییەکاندا، پیشەسازی فلز و دروستکردنی کەرەستەی جەنگی سەرەتایی و پێویستییەکانی ئەو زەمانەیان لە تەک خۆیاندا هێناوە.چونکە ئارییەکان پێش جیابوونەوەیان لە باکوری ئەورووپا، ئاشنای ئاسن و ئاسنگەری بوو بوون. هەر بۆیە وشەی (ئاسن) لە چەندین زمانی هیندو ئەورووپی، وێکدەچن وەکو: (ئاسن ـ کوردی)، (آهن ـ فارسی)، (ئیزن ـ ئەڵمانی)، (ئیرن ـ ئینگلیزی). دۆزینەوەی ئاسن و زانینی ئاسنگەری و داهێنانی پیشەگەری، پارمەتیدەرێکی کاریگەر بووە بۆ زاڵبوون و سەرکەوتنیان.

ڕوودانی کۆچ نەژادییەکەیش، لە سەردەمێکدا ڕوویداوە کەوا ژیانی ئاژەڵداریتی بایەخی زۆری پەیدا کردووەو پاوان و لەوەڕگای مەڵبەندی کۆچکردووەکان، شەڕوشۆڕی گەرمیان لەسەر قەرماوە، واتە: کۆچکردووەکان، بەشەڕو کوشتار دەرکراون و بەشەڕوشۆڕیش لە مەڵبەندی تازەیاندا، نیشتەجێ بوون، هەر ئەو دەمەو سەردەمەش، بەشێکی ئاری نەژادەکە گەیشتونەتە کوردستان و بۆ هەمیشە نیشتەجێ بوون. دیارە هەڵکەوتنی لەباری جوگرافیاو ئاوو هەوا، بژێوو لەوەڕگا، لێڕەوار، کانیاو و زێ و ئاوی زۆری کوردستان، ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگیان لەو نیشتەجێ

---

* لێدانی گاورەکان لەسەر (باج)، لەسەردەمی میری بۆتان و بەشداری کردنی (کامەران بەدرخان) لەگەڵ عوسمانیەکان بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی یۆنانیەکان و کوشتنی مارە شەمعون بەدەستی سمکۆ لەتاوانە دزێوەکانی مێژووی نەتەوەی کوردن.

بوون‌و لەو ئاوێتە بوونەی خەڵکی ڕەسەنی سەرزەمینەکەو میوانە کۆچەرییەکاندا، گێڕاوە.

کۆچ‌و کۆچباری‌و ژیانی ئاژەڵداریتی، نابێ تەنها لایەنە ئابوورییەکەی لە بەرچاو بگیرێ، بەڵکو لایەنی گرنگی دیکەیشی هەیە، پێویستی بە توێژینەوەی دوورو درێژە، کە کورتییەکەی ئەمەیە:

هەڵکەندی نەژادێک بە شەڕو نیشتەجێ بوونیشیان لەسەر زەمینی نوێدا، دیسان بەشەڕ لە پێناوی دابینی ئابووری بوویێ، پرۆسەکە پرۆسەیەکی مێژوویی ئاسان نەبووە، بگرە تراژیدی سەردەمی سەرەتای سەقامگیر بوونی نەژادەکە لەسەر زەمینی نوێیاندا بووە. ئاژەڵداریتی بە پێی سەودای کالاً بە کالاً، پێش داهێنانی دراوی ئەو سەردەمە، ڕادەی بەرزی ژیان بووە. بەو بەروبوومەی ئاژەڵداریتی، توانراوە پێویستی‌و پێداویستی خێڵە کۆچەرییەکان ئاسانتر لە هۆزە نیشتەجێ بووەکان، دابین بکرێ. بەبێ ئەوەی ئاژەڵدارەکان بە ئەندازەی نیشتەجێیەکان، پێویستیان بە ژمارەی هێزی کارو کارکردن بوویێ، (تا ئێستایش وایە) هۆزە نیشتەجێکان زۆرتر پێویستیان بە جەنگاوەرو سوارچاک‌و چەک بووە. چونکە هەردەم کۆچەری مەترسی چەتەو جەردەو شەڕوشۆڕی هەبووەو هەیە.

ئەم دۆخە کۆمەلأیەتیە جیاوازو لەبارەی کۆچەرییەکان، فاکتەرێکی ئێجگار گرنگ بووە، خێڵە کۆچەرییەکان، هێزی مرۆیی زۆریان کە بێ ئیش یان کەم ئیش بوون، چەکدار بکەن‌و بۆ پاراستنی پاوان‌و ئاژەڵو زێڕو سامانیان بەکار بهێنن.

"شتێکی سروشتییە کە پەرەپێدانی پەروەردەی مەڕو مالأت پاڵ بەو میللەتانەوە بنێ لەوەڕگا بدۆزنەوە، واتە بگوێزنەوە. بەو شێوەیە ئەم میللەتانە لەگەڵ میللەتەکانی نیشتەجێ‌دا کەوتنە ململانێ. بۆیە دەبینین میللەتانی شوانکارە هەمیشە میللەتی جەنگاوەر بوون"‹١›

بێگومان، ئەم بارە سۆسیۆلۆژیە دێرینەی کوردەواری لە کوردستاندا، یارمەتیدەرو هاندەرێکی چارەنووس پارێزی نەتەوەی کوردو نیشتمانەکەی بووە بەرامبەر تێکڕا داگیرکەرە بێگانەکان. ئەگەر ئەم ڕاستییەش بە بەڵگەی وردترو زانستی‌تر، لە لایەن لێکۆڵەرانەوە بسەلمێندرێ، پێمان‌وایە ئیدی ڕاستیە زانستییە

‹١› جان بابي ـ القوانين الاساسية للاقتصاد الرأسمالي، ترجمة لجنة من: شريف حتاتة، محمد خليل قاسم، سعد كامل، حليم طوسون. ص:١٤

گەلاڵە نەکراوەکەی مێژووش لەسەر ئەوەی کە:*چۆن چۆنی کورد، وێڕای نەبوونی قەوارەی سیاسی سەربەخۆی تایبەتی خۆی، توانیویەتی خۆیو خاکەکەی، زمانو نەریتەکەی، کەلەپوورو کلتورەکەی، بەرامبەر ئەو هەموو کوێرەوەرییە، نەهامەتیە، قڕوقاتیە، کوشتو تالانکارییە، بپارێزیو لە بەرامبەر لەشکرکێشی: دەوڵەتان، ناوداران، ئاینەکانو مەزهەبەکاندا، بوونی نەتەوایەتیو ناسنامەی نیشتمانەکەی لەدەست نەدا.ئەوانە هەموو کە پارێزراون هەروەها کارێکی ڕەوتەنی یان ڕێکەوتو بەبێ بناغەی ئابوریو کۆمەلایەتی نەبووە کە بێگومان هەڵکەوتی جوگرافیو پێکهاتنی سروشتی میللەتی کوردیش هاوشانی ئەو هۆیە ئابورییەی باسکرا، ڕۆڵی گرنگیان لەمانو پاراستنی نەتەوەی کورد دا گێڕاوە.

گاڵتە نییە لەو مێژووە دوورو درێژەدا لە بەرامبەر ئەو هەموو دوژمنە جۆراو جۆرەدا کە چەندین نەتەوەی خاوەن قەوارەو شارستانیەتی گەورەو لەشکری زۆرو زەبەندی وەکو: سۆمەرییەکان، ئەکەدیەکان، بابلیەکانو فرعەونەکان، ئارامیو فینیقیەکان، تواینەوەو ئاسەواری شارستانیەتیان تەنها لە مۆزەخانەدا مابێ، کچی کورد لەوانیش زیاتر پەلامار درابێو چەوسابێتەوەو کوژرابێو دزرابێ، سوتێندرابێو داگیرکرابێ. سەرەڕای ئەمانەش مابێ.

لێرەدا:

سەری گرێ کوێرەکەی مێژوو دەگرینە دەستو بە خەفەتەوە دەڵێین: میللەتو نیشتمانێک، شەڕو بەرگری بوویێتە بەشێکی گرنگی مانیو بەسەربەکەوە، چارەکە چەرخێکی ڕۆژگاری بێ شەڕوشۆڕی قورس نەبردبێتە سەر. چەند مایەی پەژارەیە ئەو هەموو ئەزموونە پڕ لە جەنگو جەنگینەی بەرەنگاری بە فیڕۆ ڕۆیشتبێو هەتا ئێستایش مێژوونووسانی، لێکۆڵەرانی، سیاسیو عەسکەرییەکانی، ڕۆشنگەرو ڕۆشنبیرەکانی، تەنانەت تاکە کتێبێکی عەسکەری تایبەتیان لەسەر ئەو ڕابردووە بە خوێن تۆمارەی نەنووسیبێ، ئەو هەموو ئەزموونە، هەزاران هەزار جەنگە، ڕاپەڕینو شۆڕشو بەرگرییە، پشتگوێی تەمەلانن خرابنو خۆرکەی بێ خاوەنی لێیدابن.

ئەگەر سەیری کتێبە مێژووییەکانی کورد بکرێ لە چاو باقی بەشەکانی دیکەی ڕووی ژیانی میللەتان، زۆرتری لەسەر نووسراوە... بەلام هیچ لەسەر مێژووە عەسکەرییەکەی نەنووسراوە. ئەوەی نووسراویشە بەرهەمی کەمبایەخی ئەوتۆیان تێدایە ئەگەر بەراوردیان لەگەڵ جەنگو شەڕوشۆڕەکاندا بکرێ، دەبێ بڵێین: لە هەوارگەی مێژووی کورد دا سەیرە! دەستنووسی کۆنە مەلاو مەشایەخان لە گۆشەی

مزگەوتەکان‌و هی سۆفیەکان لە تەکیەو تاقی خانەقاکان، گەلێ دزراونەتەوە، هەندێکی باشیشیان بە پیشەکی لەسەر نووسینی نووسەرو مێژوونووسی ناودار، چاپ‌و چاک کراون، (دیارە ئەمەش خزمەتێکی بەرچاوە) بەڵام خەفەتەکە لەوەدایە کەس ئاوڕی لە خوێنی ڕژاوی هەزاران هەزار خۆبەختکردوو بەختکراوی شەڕو شۆڕەکان، لە ڕووی عەسکەریەوە، بۆ کورد کە تا ئێستاش هۆگری ڕووداوی عەسکەری‌و چەک‌و تفەنگە، نەداوەتەوە.

لێرەدا، سەرزەنشتی ئەو زاناو دانایانەی کورد کە لە بەرەبەیانی سەپاندنی دەسەڵاتی بە شەڕی ئیسلام‌و داگیرکردنی کوردستانەوە، لە خزمەتی ئاینەکەدا بوون، هەتا سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری کورد، ناکرێ ئەوان بڕوایان بەوە بووە هەتا مزگەوت وەستابێ، ماڵیان پێ حەرام بێ! تەنانەت ئەمانە هێندە لە خزمەتی ئیسلام‌و ئیسلامگەریدان بوون، هەزاران دڵسۆزی خەڵک‌و خاکی کوردستانیان بە کافری موتڵەق زانیوە، چونکە بەرگریان لە بڕواو بوونی ئەو کاتەی کوردەواری کردووەو خۆیان کردۆتە قوربانی، ئێستاش دەبێ گۆڕەپانەکانیان لە دۆڵ‌و دەشتەکانی کوردستاندا بەرد باران بکرێ‌و پەڕۆیەکی سەوز ببەسترێتە داری داروشەخسی ئەو فەرماندانەی فەرمانی داگیرکردنی کوردستانیان خراوەتە ئەستۆ! ئەمانە کە باوەڕیان وابوو ئیدی نابێ بڵێین (دینەوەری) و (ئامێدی) و (شارەزووری) و (ئیبنو خەلەکان) و (ئیبنو سیرین) و... تا. بۆ بە عەرەبی خەونامەو جۆرەها تەفسیری ئایینی‌و مەزهەبیان نووسیوە، ئەوانە هەر حاجی قادری کۆیی کە خۆیشی حاجیەکی موسڵمانی گەورە بووە، ناسیونی‌و کردونیەتە ئەو (مریشکەی جوجکەی مراوییان هەڵهێناوە). کەواتە ئەوانە موبارەکی ئیسلامن‌و بڕاوەتەوە. بەڵام بە هیچ چەشنێ پاش دەرکەوتنی ڕۆشنگەری کورد، نووسەران‌و ناودارانی (هیچ نەبێ هەندێکیان) قەت لەم سەرزەنشتە رزگاریان نابێ بێ‌و زۆری ئەوانە، ئەگەرچی جاروبار لە دوو توێی کتێبەکانیاندا سەر گوزشتەی جەنگ‌و شەڕی خوێناویان گێڕاوەتەوە، بەڵام وەکو بابەتی تایبەتی، لێیان نەکۆڵیوەتەوە، شێوەو جەنگیان لە کوردستاندا لێکنەداوەتەوە.

هەندێ لەو ڕۆشنگەرانە، جگەلە دەستی باڵایان لە مێژوونووسیندا، خۆشیان عەسکەری پایە بڵند بوون‌و لەناو ئیمپراتۆرو دەوڵەتانی داگیرکەریشدا گەلێ شەڕیان لە جەنگی گەورەدا کردووەو دیوە. هەندێکیان ڕێبەری ڕاستەوخۆی بزووتنەوە چەکداریەکانیش بوون، یان لەتەک ڕووداوە خوێناویەکاندا ژیاون،

جەنگاون، تەزاون، شکاون. بۆ نموونە جەنەراڵ شەریف پاشا، ڕێبەری هارمانی ڕاپەڕینی گرنگی ساڵی ١٩٢٠ی کوردستانی بەشی تورکیا بووە. ڕاستە یاداشتی خۆی نووسیوەو تازەگیش دەکەوێتە بەردەست خوێنەران، بەڵام بابەتی عەسکەریو لێکۆڵینەوەی عەسکەریو بگرە گوتارێکی عەسکەری تایبەتیشی لەسەر ئەو هەموو ڕووداوە عەسکەریانە کە لە ناویاندا ڕاستەوخۆ ژیاوە، نەنووسیوە. ئەمین زەکیو تۆفیق وەهبی بەگ دەستی نووسینی باڵاو خزمەتی مێژوویيو زمانەوانی گرنگیان هەیە بەڵام خۆیان عەسکەری گەورە بوونو ڕۆڵێکی گەورەشیان لە جەنگەکانو دامەزراندنی سوپای عێراقدا گێڕاوە، کەچی یەک بەرهەمی عەسکەریان لەسەر دۆخی عەسکەری کوردستان، چ هی دوژمنانو چ هی میللەتەکە، نەنووسیوە. لایان ئاسایی بووە لە دامەزراندنی سوپای عێراقدا بەشداریان بکەنو هەمان سوپاش، بێ پەروا چوویێ بە گژ ڕاپەڕینە چەکداریە ڕەواکانی کوردستاندا، بەڵام خۆیان لە قەرەی لێکدانەوەی باری عەسکەری ڕووداوەکانی کوردستان نەداوە. بۆ دوژمن سوپای سەرکوتکەر سەقامگیر دەکەن بەڵام لاپەڕەیەکیش لەسەر ڕاپەڕینی چەکدارانە بۆ میللەتەکەیان وەکو بابەتی عەسکەری نانووسن.

ناتوانین بڵێین: ئەمانە بێتوانا بوون، ئاگایان لە زانیاری عەسکەری نەبووە. ئەمەیان مەحاڵە، چونکە دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی بە خەڵکی بێتوانا سوپا بۆ وڵاتێکی ژێردەستەی پڕ لەکێشە وەکو عێراق دانامەزرێنێ. هیچ لێکدانەوەیەک بۆ نەنووسینی بابەتی عەسکەری لەسەر ڕاپەڕینو بزووتنەوە چەکداریەکانی کوردستانو دوژمنانی ، ڕاست نییە، جگەلەوە ئەوانە خەڵکانی ڕاستڕەوی پڕۆ ئینگلیزی بوون. ئەمەش لە ڕووی سیاسیو عەسکەریەوە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستاندا بووە.

دوا بە دوای ئەوانە، لەسەردەمی ڕاپەڕینە چەکداریەکەی ناوچەکانی بارزانو کۆماری مەهابادیشدا ، هەمان دیاردەی بێ بابەتی عەسکەری دەبینینو لەوانیشدا دیسان کورد بەشێوەیەکی خۆڕسکی جەنگیوەو عەقڵیەتی خێڵخوازی لە ناوچەکانیاندا ڕۆڵی لە نەخشەی عەسکەریاندا گێڕاوە، زۆر کەم ڕێ بە ئەفسەرەکان دراوە ڕۆڵی عەسکەری باشیان بگێڕن، بەداخیشەوە چوار ئەفسەری قارەمانیان شەهید کرانو نەیانپەرژایە سەر خزمەت کردنی مێژوویی عەسکەری ئەزموونەکانی خۆیانو سەردەمەکەی کوردستان. (میرحاج ئەحمەد)یشیان هەتا ئێستاش ماوەو دەستی لەسەر کلاوی کەلاکەوتن دانەگرتووە. ئیدی نازاندرێ پاشە ڕۆژی چۆن

دەبێ؟

لەوانیش گەڕێین و زیاتر لە مێژووی نوێمان نزیک بکەوینەوە؛ شۆڕشی ئەیلولیش لەم بارەوە مەلولە. ئەم شۆڕشە لە بارێکی پێشکەوتوودا حیزبێکی بەتوانا ڕێبەرایەتی دەکرد. سەدان کەس و کسایەتی بەتوانای سیاسی و عەسکەری هەبووە، لەوانە: دەیان ئەفسەرو دەیان فەرماندەی قاڵبووی شۆڕشەکە؛ بە درێژایی چواردە ساڵ بەردەوام لەناو گەرمەی ڕووداوەکاندا ژیاون، جەنگاون، گەڕاون. جۆرەها شەڕیان دژی جۆرەها دوژمن کردووەو دیوە. داوودەزگای چاپ و چاپخانەیان لەبەردەستدا بووە. دەستیشیان بە ئاسانی گەیشتۆتە چاپخانەی دەوڵەت و هەندەرانیش، کەچی شۆڕشەکە کراو پەکیش خرا، ئەوساو ئێستاش، نەمانبینی کادرە عەسکەری و سیاسیە - عەسکەریە بەناوبانگەکانی شۆڕشی ئەیلول کە زۆربەشیان زیندوون، (تەنانەت پەنجەیەکیشیان سەقەت نەبووە) نامیلکەیەکی عەسکەری لەسەر ڕووداوە عەسکەریەکان، چۆنیەتی شەڕەکانی ئەو شۆڕشە بنووسن: هەندێکیان بازرگانی گەورەیان لێدەرچووەو هەندێکیان پەنایان بردۆتە وڵاتێکی خۆش و بە خۆشیش دەژین و ژمارەیەکی بەرچاویشیان لە سێبەری بەعسدا بەسەر شۆڕی و نیمچە سەرشۆڕی ژیان دەبەنەسەر، بەشێکیشیان لە سەنگەری بەرەنگاریدا ماوون، بەڵام هیچیان کارساتەکانی شۆڕشی ئەیلول و ئەزموونە زەنگینەکانی ویژدانی نەبزواندوون و نەبزووتن بۆ نووسینی کتێبێک!

سەیرتریش لەوانە، هی وایان هەبووە لێپرسراوی بەناوبانگ بووەو لە گەرمەی شۆڕشی ئەیلولدا فەرماندەی عەسکەری دیاری شۆڕشەکە بووە، کەچی (فێربوونا زمانا کوردی بە لاتین ـ ۱۹۶۳/۹/۱)*دا لە خوێناویترین دۆخی کوردستاندا دەنووسێ بەڵام ئەرکە ڕاستەقینەکەی و پیشە عەسکەریەکەی فەرامۆش دەکات کە بێگومان ئەوسا شۆڕش پێویستی بە بابەتی عەسکەری بووە نەک فێربوونا زمانی لاتینی، کە لە بەیانی ئازاریشدا فێربوونی لاتینی بۆ قوتابخانە کوردییەکان نەچەروەسەر. خەڵکی وا بە کردەوە بەرپرسیاری عەسکەری هێزو هەزاران پێشمەرگەیان قەبوڵە، دەیانبەن بۆ شەڕگەو شەڕ. نەخشەو پلانی هێرشیان بۆ دەکێشن، بەکوشت دەدەن و پێیان دەکوژن، دەبنە مایەی وێرانی و سووتان و

---

* نووسەری ئەو کتێبە، بەڕێز (عەزیز عەقراوی)یە. کە سەرکردەیەکی عەسکەری ناوداری شۆڕشی ئەیلولە.

کارەسات، یان سەرکەوتن‌و دەستکەوتیشیان دەبێ بەڵام ناتوانن یەک لاپەڕەش لەسەر زانستی جەنگ‌و زانیاری جەنگین‌و ئەزموونی شۆڕشی چەکداری گەلان بنووسن‌و توانایان نییە لە کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا سەعاتێ بابەتی عەسکەری باس بکەن.

١/١ـ ئەم شۆڕشە

ئەزموونەکەی دەچەقێتە چاوی مێژوو... بە حیساب سەرلەنوێ هەڵگیرساندنی شۆڕشەکە لەسەر ڕێبازێکی نوێ بە دەرس‌و پەند وەرگرتن لە ڕابردوو (بەتایبەتی شۆڕشی ئەیلول) دەویسترا باشتر بێ: هەڵەکانی پێشوو دووپات نەکرێنەوەو ئەمجارەیان شۆڕشەکە نوێ بێ لە هەموو بارێکەوە، بۆیە:

هەق بوو نوێ‌با لە ڕووی عەسکەریشەوە، لە نووسین‌و پەروەردەو قاڵکردنی عەسکەری شۆڕشگێڕانەوە. بەڵام ئەمیش کورتی هێنا. ئەگەر هەلومەرجەکەش بابەتیانە گەلێ ڕووداوی عەسکەری سەپاندبێتە سەر ڕەوتی شەڕەکان‌و شێوەی پێکهێنانی شۆڕشەکەش، هەر ئەو هەلومەرجەش چەندین لێپرسراوی عەسکەری ناوداری دروست کردبێ‌و بە هۆی گەلێ هۆی جوگرافی‌و کۆمەڵایەتی‌و نەتەوایەتی‌و شەخسییەوە، دەرکەوتبن‌و دەرخرابن، ئازایەتی‌و ئامادەیی عەسکەری باشیشیان لێ سەلما بێ (بەتایبەتی لە مەیدانەکانی نەبەرد دا) ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بەڕاستی توانراوە بابەتە تایبەتمەندییەکانی خەباتی چەکداری شۆڕشی کوردستان گەڵاڵە بکرێ‌و بکرێتە کەلەپوورێکی پێشمەرگانەی میللەتێکی ژێردەستە، وەکو شۆڕشە درێژخایەنە خاوەن کەلەپوورە عەسکەرییە گەورەکانی جیهان کە هیچیان لە شۆڕشی کورد درێژتریان نەخایاند، کەچی ئەوان ڕزگار کران‌و ئێمەش لە شۆڕشی نوێدا سەرلەنوێ ژێرخراینەوە!

دیاردەی دیاری پێڕەو نەکردنی ئەم ڕاستییەش لە کەم بایەخدانەبە: لێکۆڵینەوەی عەسکەری، پەروەردەی عەسکەری، نووسینی عەسکەری‌و پێگەیاندنی ڕێبەری کارامەی عەسکەری. ئێستاش بنچینەکانی جەنگی بەرەیی‌و پارتیزانی، جەنگی بزۆز، جەنگی پەلامارو بەرەنگاری ستراتیژی، سەنگەر لێدانی تۆکمەو ژێرزەمین هەڵکەندنی پتەو... تاد. زۆر کەم دەزانرێن‌و کەمیش پێڕەو دەکرێن. لەمەدا مەبەست ئەوە نییە عەقلیەتی سیاسی زاڵبووەو بایەخ نەدراوە بە پەروەردەی عەسکەری. یان نامانەوێ ئەو هەموو ئازایەتی‌و سەرکەوتنە عەسکەرییە، فیداکارییە، جەزرەبەی کاریگەر لە دوژمن وەشاندە، لەبەرچاو نەگرین، نە ئەویان‌و

نە ئەمیانە. مەبەست تەنها زاڵبوونی عەسکەرتاریەتێکی دواکەوتووانەیە، عەسکەرتاریەتێک بچووکترین زانستی عەسکەریشی تیا پێڕەو نەدەکرا.
لەسەرانسەری کوردستاندا پاش ئەو هەموو جەنگە بەرەیە بێوێنە خوێناوییە (ئەنفالەکان) بەسەر کوردستاندا سەرخران، بۆردومانی سەنگین‌و تۆپبارانی بێوێنە لە رابردوو روویاندا، مخابن، ئێستاش لەسەر شاخە بڵندەکان‌و شوێنە بایەخدارەکان، تەنانەت لە دەوروبەری بارەگاکانیشدا سەنگەرو ژێرزەمینێکی پتەوی بەرگەگری تۆپی قەبارە قورس دروست نەکراوە (بەدەگمەن نەبێ). ئەمە بە لایەنی کەمەوە عەقڵیەتی پاشکەوتوانەی عەسکەری هێزە چەلەو لەدەستەکانی کورد دەردەخات، تەنانەت عەقڵیەتەکە لە هی سەردەمی سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمی راپەرینە چەکداریەکانی کوردیش دواکەوتوتر بووە. لەو زەمانەدا، پاشای کوڕەو بەدرخان‌و رێبەرانی دوای ئەوانیش، بەپێی شارەزاییان لە تۆپ‌و چەکی سنگینی دوژمن، قەڵای بەرزو سەختی وایان دروستکردووە دەیان رۆژ بگرە چەندین مانگ بەرگەی بۆردومانیان گرتووە. ئێستاش ئاسەواری قەڵاکانی میرەکان ماوون کە بۆ زەمانی خۆیان چەند قایم بوون. بەڵام لەم شۆڕشەدا، نەک حیساب بۆ تۆپی قورس‌و فرۆکەی روخێنەری هاوچەرخ نەدەکرا، بەڵکو گاڵتەش بەوانە دەکرا کە خۆیان لەبەر بۆردومان پەنا دەدا. هەمووشی بۆ نەبوونی پەروەردەی عەسکەری‌و سیاسی دەگەڕایەوە.
ئێستاش زەحمەتە زۆربەی زۆری کادرە عەسکەریەکانی کورد بزانن قورسایی ئەو تۆپ‌و بۆمب‌و رۆکێتانەی بە زۆری لە کوردستاندا بەکاردێن چەندەو لەکاتی تەقینەوەدا چەند قات زیاد دەکات‌و بارستایی سەنگەرو بارەگا دەبێ چەند ئەستوور بێ هەتا بەرگەیان بگرن. ئەم زانیاریانەش لە بەرامبەر دوژمنی قودرەتمەندا گەلێ گرنگن چ بۆ پاراستنی گیانی پێشمەرگەو خەڵک‌و چ بۆ راگرتنی ورەی بەرزی خۆڕاگری. پەروەردەی عەسکەری ئەگەر هەبێ‌و بە گیانی زانست‌و زانیاری عەسکەری زانستیانە خەڵک گۆش بکرێ، ئەوسا کردارو رەفتارو گفتاری ئەو خەڵکەش بەو پێیە دەبێ. دەزانن دوژمن چی بەکاردەهێنێ‌و خۆیان چی بکەن‌و بۆچی عەیب نییە خۆیان لەکاتی بۆردوماندا وەشارن. هەموو یەکێک ئەگەر زانیاری عەسکەری نەبێ‌و نەزانێ دوژمن چی بەکاردێنێ، ناشزانێ لە سەنگەرو بارەگاو ماڵ‌و دەشت‌و دەرا چی بکات. بەڵام کە زانی هاندرا هەڵبەتە دەشزانێ چی دەکات، هەر بۆ نموونە:

بۆمبێکی پەنجا کیلۆ دینامیت، دەتوانێ ئەستوراییی یەک پێ کۆنکرێتو چوارده پێ پۆلاً هەڵتەکێنێ، ئەم بۆمبایانە چەند گەورەترین، بارستاییی سەختتر دەبڕنو دەڕوخێنن. شێوەی تەکنیکی دروستکردنی بۆمباکانیش لەم سەردەمەدا گەلێ کاریگەرترو بڕندەترن. ئێستا بۆمبێکی درێژکۆلەی مۆدێرنی (٨٠٠) کیلۆیی، بارستاییەکەی (٨٩) سانتیمێتر بێو درێژیەکەی مەترێکو پۆلاڕێژ بێت، دەتوانێ (١٠) مەتر کۆنکرێت ببڕێو هەڵیشی تەکێنێ. فڕۆکەی باجەرو مێکو میراجه پێش خراوەکانی سەردەم (کە عێراق هەموویانی هەیە) دەتوانن زۆر بفڕن، بەلام بە حوکمی بەرتەسکی سنووری پێشمەرگەو دەسەلاتی تەواوی ڕژێم لە زۆربەی شارو شوێنە گرنگەکاندا، مەودای فڕینی فڕۆکەکان لەسەر کوردستاندا هەر زۆر کەمە، ئەوپەڕەکەی لە دوورترین فڕۆکەخانەی کوردستانەوە بە سەعاتێ دەگەنە دوورترین شەرگەی شۆڕشو قایمترین بارەگای سەرسنوور. بۆیە ئەم فڕۆکانە بە ئاسانی دەتوانن بۆمبی قەبەو قورسی شەشو حەوت هەزار کیلۆ سەنگین هەڵبگرن، ئەمە لە کاتێکدا بۆ مەودای دوور ناتوانن بۆمبی قورسی وا زۆر هەڵبگرن؛ بە حوکمی لاوازیی دژە فڕۆکەی (قەدافەند) پێشمەرگەش بە تەرمیەش بۆردومانی سەرکەوتووانەیان بکەنو بپێکن. هەر فڕۆکەیەک دەتوانێ (١٦-٢٠) بۆمبی ڕوخێنەر بار بکاتو هەر بارەگاو سەنگەرێ (١٠) مەتریش کۆنکرێتی لەسەر بێ بیڕوخێنێ. دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین: گرنگترین بارەگاو سەنگەر، دەبێ ژێرخان لەم بزووتنەوەیەدا کە دوژمنەکەی زیاتر لە (٥٠٠) فڕۆکەی جەنگینی هەیەو حەوت هەزار تۆپی قورسو سوکی پەیدا کردووە، هیچ لایەک بارەگای (پێنج، چوار، سێ)مەتر کۆنکرێتی دروست نەکردووەو نەبووە. دەشوێسترا بە شۆڕشی درێژخایەن لەناو میللەتێکی دەیان جار لە ڕووی عەسکەرییەوە شکست خواردوودا، میللەت سەربخرێ!

کە مرۆ چۆنیەتی سەنگەرلێدانو ژێر ئەرز هەڵکەندنو تونێل لێدانی قوڵو گەورەی شۆڕشەکانی چینو ڤێتنامو کۆریا...تاد. دەخوێنێتەوە، ئەوسا دەزانێ ئەو میللەتانە چۆن لەژێر ملیۆنەها تەن تۆپو بۆمبادا ماوونو سەرکەوتوون. بە ژمارەی تۆپو بۆمباو ڕۆکێتو موشەکەکانو بە بست بە بست کیلاتی خاکی ئەو میللەتانە بوایە، هەرگیز نەدەبوو خەڵکیشیان بمێنێ، نەخوازەلا سەریش بکەون.

بایەخ نەدان بە نووسینی عەسکەریو پەروەردەی زانستیانەی عەسکەری شۆڕشگێڕانە، لەم شۆڕشەدا، ڕەنگی نالەباری‌دایەوەو خەریکە شۆڕشەکە تەمەنی دەگەیەنێتە تەمەنی شۆڕشی ئەیلولو دووریش نییە کە ئەو تەمەنە تەواو دەکات

(چوارده ساڵ) بە تەواوەتی بەرەنجامی نەزانرێ. کەچی لە چەند نامیلکەیەکی بچووکی عەسکەری بەولاوە لەسەر شەڕو شەڕگەی پێشمەرگە، کە ڕەنگە کۆی سەرجەم لاپەڕەکانیان، سەد قەبارەی ناوەنجی تێنەپەڕێ، لەتەک چەند وەرگێڕانێکی کەمیش، کتێبی دیکەو نووسینو لێکۆڵینەوەی دیکە، نەنووسراون. تاکتیکو ستراتیژی شۆڕشەکە، شەڕەکانیو شەڕەکانی دوژمن، سەرکەوتنو ژێرکەوتن، قۆناغەکانی دەست پێکردنو بوژاندنەوەو هەڵچوونو داچوونەوەی هیچی ئەوانە لێنەکۆڵراون. خەڵک هەتا هەنوکەش بە عەقڵیەتی ڕۆمانسیانە بیر لە چەکو کوشتنی دوژمنو شۆڕشی درێژخایەن دەکاتەوە، بە تایبەتی گەنجە چەپە خوێن گەرمەکان.

ئەو ڕاستیانە لەکاتێکدا لەم شۆڕشەدا ڕوویانداوەو زیانێکی کوشندەیان گەیاندۆتە پێشمەرگەو دانیشتوو (پێچەوانەی شۆڕشی ئەیلوول) لە شۆڕشەکەدا چوار لای سەرەکی خاوەن دەزگای عەسکەریو هێزی ڕێکخراوەیی پێشمەرگەن (یەکێتی، پارتی، حسک، حشع) ئەوانە بە تایبەتی یەکێتیو پارتی، مەکتەبی عەسکەری تایبەتیو چەندین ئەندامی مەکتەبی عەسکەریان هەیە. فەرماندەی هێزو سەرتیپو فەرماندەی بەتالیۆنو فەرماندەی کەرتو سەرلقی زۆریان هەن. چەندین ئەفسەری کۆنو نوێیان هەن. هەزاران شەڕی گەورەو ناوەنجیو بچووک کراون، بەسەختترین قۆناغی پێشمەرگانە تێپەڕیوون، وێڕاش دەبێ بڵێین: مخابن، ئەمانیش سەرجەم نەیانتوانیوە لایەنی هەرە کەمی ئەرکی سەرشانیان لەبارەی نووسینی عەسکەریو لێکۆڵینەوەو پەروەردەی عەسکەرییەوە بهێننەدی. لایەنی چەکداری وا هەیە لە کوردستاندا وا خەریکە شۆڕشەکە لە ڕووی چەکدارییەوە دەگاتە دوا ئەنجامی، ئێستاش زۆربەی کادرو سەرکردەکانیشی نازانن جەنگی پارتیزانی بە چەند قۆناغدا تێدەپەڕیو لەهەر قۆناغێکدا دەبێ چی بکرێو چۆن شەڕ سەربخرێو هەلومەرجی عەسکەریو سیاسی گواستنەوەی قۆناغەکان چین؟

لێرەدا: ڕووی ڕەخنەمان لەوانە نییە لە کۆتایی چەرخی بیستەمدا، لەوپەڕی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای جەنگو زانستی جەنگیندا، لەوپەڕی پێشکەوتنی شێوەی شۆڕشو شۆڕشی چەواشەدا (بەداخەوە نەخوێندەوارن) وەکو نەخوێندەواریشن، ویژدانیان قەبوڵێتی لە بەرامبەر دوژمنێکی دڕندەی پەرداختی چەکدا بە: "زانستی نەخوێندەواری عەسکەری" ببنە فەرماندەی سەدانو هەزاران ڕۆڵەی ئازار خوێندەوار. ڕووی ڕەخنەمان لەمانە نییە، چونکە نەخوێندەوارن، هەروەها باسمان لەوەش نییە کە

زۆربەی خوێندەوارەکانیش تاقەتی خوێندنی کتێبیان لە بەرگەوە بۆ بەرگ نییەو ڕێبەرانی حیزبەکانیش زیاترن و بەستە بەو پاشکەوتوویییە بیانهێڵێتەوە.

قسە لەگەڵ ئەفسەرەکانە، شارەزاکانە، کادر، کۆنەکانە، کە هەندێکیان بەراستی ماندوون، ئازان، شارەزای شەڕو قاڵی شەرگەکانن. کەچی ئەمانیش ئەرکی ڕاستەقینەی سەرشانیان لە بابەت نووسینی عەسکەری نەبینیوەو هیچیان نەنووسیوە. بێگومان بێ بەرهەمی ئەم بەتوانایانە، چەندین هۆی هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- نزمی ئاستی تیۆری عەسکەریو زانستی جەنگی خۆیان.
٢- شکستی، گشتی عەسکەری بزووتنەوەی میللەتەکە.
٣- نەبوونی کۆلێژو داوو دەزگای عەسکەری تایبەتی شۆڕش.
٤- بێبایەخ کردنی تیۆری شۆڕشگێڕانە، لەلایەن ڕێبەرایەتی بالادەستەوە.
٥- زاڵبوونی تاکایەتیو پێڕەو نەکردنی سیاسەتی ئازادی ڕا دەربڕین.

بێ پێچو پەناش دەیڵێین: لێپرسراوە ناودارەکانی ئەم بەشە عەسکەریو سیاسییەی بزووتنەوەی میللەتەکە وێڕای پێزانینی ماندوویەتیو ئازایەتیو کۆنی تێکۆشانیان ئەگەر لە پاشەڕۆژدا ڕاستیەکی باشتر لە توانای خۆیان لەسەر ڕاستییە عەسکەرییەکان نەسەلمێننو بۆ خەڵکی دەرنەخەن، سەرجەمی ئەزموونی عەسکەری بزووتنەوەکە بۆ نەوەی ئایندەو ئێستا لە هەموو بارێکەوە بابەتیانە نەنووسن. ئەوا دەبێ لە ئێستاوە بزانن کە لە پاشەڕۆژی نزیکدا ئەوەیان لەسەر تۆمار دەکرێ کەوا:

ئاستی عەسکەریان زۆر لەوە نزمو کزتر بووە کە لە سێبەری سەرکەوتنو بە زەبری زیندانو زەمانە، لەبەر حیزبایەتی گۆشەگیرانەو هەلپەرستانە، پیایاندا هەڵدراوەو کراونەتە فەرماندەی لێهاتووی کەم هاوتا. کە بە تەواوەتی ئاستیان دەرکەوت کە چەند نزم بووە، ئەو حەلە دەبێ خۆیان ئامادە بکەن لەبەردەم دادگای مێژوودا داوەری بکرێن، چونکە دەردەکەوێ چۆن چۆنی بەرپرسیاری شکستو خوێنی هەزاران پێشمەرگەو خەڵکی زەحمەتکێش بوون.

ئەم هەوڵەی بەردەستیش، باسێکی مێژوویی جەنگی پارتیزانیو پەرەسەندنێتی بۆ شۆڕشی درێژخایەنو گۆڕانێتی بۆ شۆڕشی ڕاپەڕین. زۆرتریش لایەنی تیۆری باسەکە بۆ تێگەیشتنی ئایندە نووسراوە. ئومێدەوارین لەم بارودۆخە جیهانییەدا، لەم هەلومەرجە نالەبارەدا، ئەمە دوا هەوڵی ئەو پێناوە نەبێو بەپێی توانا لەم بارەوە

هەوڵی زۆرترو زانستیانەتر بدرێ. چیدیکە نەهێڵدرێ نووسەرانی بێگانە (بەتایبەتی خراپەکان) بە ئارەزوو باری عەسکەری کوردستان هەڵسەنگێنن. سەرکەوتن‌و ژێرکەوتن بەو پێیەی بۆی دەچن نەکەنە پێوانەی ڕەوایی‌و ناڕەوایی بزووتنەوەی چەکداری کورد.

مایەی دڵخۆشیشە، خەڵکی بەتواناتر، شارەزاو عەسکەریتر، باشتر ئەرکی ڕانەپەڕیوی ئەم پێناوە ڕابەڕێنن‌و دریغی نەکەن. دریغی نەکردن یارمەتیدانێکی بە نرخی خەباتی لەمەودوای میللەتەکەیە کە هێشتا ژێردەستەیە. هەتا هیچ نەبێ نەوەی ئایندە ڕاستیەکانی ئەم قۆناغەو قۆناغەکانی پێشوش باش بزانن‌و سودیان بۆ کاتی خۆی لێوەربگرن. نەشچووە بچێ، ئێستاو ئایندە پێکەوە بەستراون‌و ڕەوڕەوەی ئازادیخوازیش نەوەستاوەو ناشوەستێ.

٢/١- گەوهەری باسەکە

گەوهەری ئەم باسە، کردنەوەی درزێکە لەو بازنە بەتاڵە چەکدارییەی کورد بێ گەیشتن بە ئامانجی سەرکەوتن، لەناویدا هەڵدەسوڕێندرێ. بەهیوا هەموو ئەوانەی بە دوای ڕێبازی ڕاستەقینەی سەرکەوتن‌دا دەگەڕێن، نەهێڵن فاشیستەکان بێنە قەڵەم هەڵگری دەیان ساڵی دیکەی خەباتی چەکداری کوردستان، ئەمەش پێش هەموو شتێ زاتی بەخۆداچوونەوەی دەوێ. هێمنتر، هەمەلایەنتر، دوور لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی‌و سۆزی ڕووتی نەتەوایەتی، ڕابردوو وەکو هەیە، نەک وەکو حەزمان لێیە، هەڵسەنگێنین. ئێستامان بناسین‌و ئایندەشمان بە ئایندە ئەندازەی تیۆری (نەک بەخۆ بوێری‌و نەوێری) بپێوین.

بێگومان، ساڵەهای ساڵی کێشەکانی خەبات: شەڕەکانی، کوشتارەکانی، شانازی‌و شەرمەزارییەکانی، بەهەڵچوون‌و بەهەڵبردنەکانی، کوشتن‌و بە کوشتدانی بێهودەی شەڕە ناوخۆکانی، تۆمەت‌و تاوانەکانی، بمانەوێ‌و نەمانەوێ، کەم‌و زۆر، ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆ، کاری لە تێکڕای بەشداربووانی ڕووداوەکانی ڕابردوو کردووە، بڕیاری پێداون، کاری پێکردوون، هەڵوێستی پێوەرگرتوون، سەنگەری پێگرتوون، هەروەها کوشتوویانەو بە کوشتیان داوە، بە زۆری بڕیاری نابەجێیان جێبەجێ کردووە...تاد. تەواوی ئەو ڕاستییانە چەشنی چقڵ هەرچی چۆنێ بیری لێبکرێتەوە دەچەقێتە چاوی تەواوی بەشداربووانی ڕووداوەکان بە لایەنی چاک‌و خراپیەوە.

هەر لایەکی سیاسی تفەنگێکی هەڵگرتبێ‌و فیشەکێکی تەقاندبێ، مەفرەزەیەک یان لەشکرێکی هەبووبێ، بەپێی سەنگی خۆی هەتا ئەو ڕۆژەی لە گۆڕەپانی خەباتەکەدا بووەو بڕیاری داوە یان بڕیاری جێبەجێ کردووە، کەم‌و زۆر ئۆباڵی کارەسات‌و بەسەرهاتەکانی دەکەوێتە ئەستۆ. بەلاَم ئەوەش هەیە پێشینان گوتەنی: هەر بەپێی خۆی‌و بزنیش بەپێی خۆی هەڵدەواسرێ. کوردییەکەی‌و کورتییەکەی، بەردی هەموو لایەک بەقەد قورسایی خۆی گۆمەکەی شڵەقاند*.

ئەمڕۆ هەڵسەنگاندنی ڕێبازی شۆڕشی درێژخایەن لە کوردستاندا پێویستیەکی زۆر پێویستی خەباتی ڕزگارییە. چونکە: شکستەکان زۆربەی ڕۆشنبیران‌و دڵسۆزانی گەلەکەمانی خستۆتە سەر هەڵوێستی باسکردنی چەمکی شۆڕشی چەکداری‌و ئەنجامەکانی لەسەرەوە. ئەمەش ئەگەر بۆ تیۆریسین‌و نووسەرانی سیاسی‌و عەسکەری میللەتانی خاوەن قەوارە، تەنها بۆ دەوڵەمەندکردنی کاروانی ڕۆشنبیری گرنگ بێ، ئەوا بۆ کوردو میللەتانی ژێردەستە ئەرکێکی چارەنووس سازە.

کەم کەس هەیە لە کوردستاندا، کەم‌و زۆر لە پاش شکستی چەکدارانەی (ئەنفالەکان)ی ساڵی ١٩٨٨ەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان، بیری لە چارەنووسی کوردایەتی چەکدار نەکردبێتەوە. بیرکردنەوەش جۆرەها شێوەی گرتۆتە خۆی: نائومێدی‌و ڕەشبینی، خۆ بەدەستەوەدان، پەنا بردنە بەر هەندەران، بردنە سەری ڕۆژ لە ئێران‌و ئەوروپاکان. ئەدلیستی‌و بەرەڵڵایی ژیان، هەروا بێ لێکدانەوە سوور بوون لەسەر خەباتی چەکداری، ئەوانە هەموو بیروڕاو نەخۆشیە سایکۆلۆژیەکانی شکست‌و کارەساتی دوای شۆڕشە ترنیەکەن!

باسی سەرنج ڕاکێشیش لەوەدایە، هەر وەکو جاران لەبەر چەندین هۆی سیاسی‌و پەرەگراوەیی، ئەنەوایەتی‌و شەخسی، درێژەپێدانی شۆڕشی چەکداری ئێستاش بە دەستبەری سەرکەوتن دەزانن. بەلاَم گوایە ڕەخنەیان لەم لایەن‌و ئەو سەرکردەو فلانە قەرمانده هەیە. لە ڕوانگەی ئەمانەوە ئەگەر بێت‌و کەم‌و کوڕییەکانی خەباتی چەکداری ڕاست بکرێنەوە، دیسانەوە پێشمەرگە دەتوانن پەرە بسەنن‌و لەپاشەڕۆژیشدا سەرکەون.

* لەم ڕووداوانە بێ ئۆباڵ نیم (نووسەر)

ئەو قسانە سەرجەم هەن‌و ئێستاش لە کۆڕو کۆمەڵدا باس دەکرێن‌و بەپێی ئاستی توێژەکانی خەڵک بیروڕایان لەسەر گەلاڵە دەکرێن. دیارە هەمیشە ڕەخنە لە خەڵک گرتن خۆشترە لە ڕەخنە لە خۆ گرتن. بۆیە: ئۆباڵی شکست خستنە پاڵ لایەکی کەمینەی دەربازکردنی لایەن‌و کەسانی دیکە لە گەرمەی شکەستی گەلاڵەدا دیاردەیەکی ئاسان‌و ئاساییە.

بۆچوونی چینایەتی جیاوازیش هەتا چین‌و چەوسانەوە بمێنن، دەمێنن بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا پێوانەی بابەتی هەڵسەنگاندنی دیاردەکان دەچەسپێن.

لەمەودوا هەوڵدەدەین ئەو باسانەی پەیوەندیان بە باری ئابووری گۆڕاوی جیهان‌و ڕادەی کارکردنە سەر ڕووداوەکانیان هەیە، بکەین. تەکنۆلۆژیای جەنگ‌و جێگۆڕکێی چینەکان‌و هەڵوێستی چینەکانیش بەرامبەریان.

بێگومان باسەکان تێکڕا هەوڵدانێکە بۆ دەرخستنی بە بن‌بەست گەیشتنی شۆڕشی درێژخایەن وەکو سەرەکی‌ترین ڕێبازی ڕزگاری گەلانی ژێردەستە، مەگەر لە هەندێ شوێنی تایبەتیدا نەبێ. یان وەکو شێوەیەکی خەبات لە خزمەتی ڕاپەڕینی شارەکان بخرێتە گەڕ. ئەگینا شۆڕشی درێژخایەن کە وەکو یاسای ئەگۆڕی گەلان باس دەکرا قۆناغی بەسەرچوو. ئینجا دەستنیشان کردنی ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕانەی نوێی سەردەمەکە بۆ کرێکاران‌و گەلان وەکو درێژەپێدانی شۆڕش بەپێی هەلومەرجی زاڵی ئەم قۆناغە.

باسەکەش زۆرتر پەیوەستە بە تیۆری شۆڕشی درێژخایەن لە جیهاندا کە وەکو ڕەوتێکی خەباتی سەخت زیاتر لە (٤٠ ،١٥) ساڵە خەباتی چەکداری لە کوردستاندا کراوەتە پێناوی ڕزگاری بەبێ ئەوەی ڕزگاریشی هێنابێتەدی. بەڵکو زیاتر ئەوەش، پاش هەر ڕاپەڕینێکی چەکدارانە بە ڕێبەرایەتی سەرداران‌و بۆرژواکانی کوردستان، جگەلە قوربانی هەزاران کەس‌و خاپووری هەزاران شارو شارۆچکەو گوند، سەداتیش لەسەر نەخشەی مێژووی کوردستان بە: پارێزگاو قەزا، ناحیەو مەڵبەندی جوگرافی گەورەو گران، لەکیس نەتەوەی کورد چوون. هەمووشی لە سایەی ڕێبازی شکستخواردوو بە ڕێبەرایەتی چینی شکستخواردوو... بەبێ ئەوەی ڕێبازەکەش لێی کۆڵرابێتەوە یان هەوڵدرابێ باسی زانستی لەسەر بنووسرێ.

بۆیە: باسەکە گەرچی سەبارەت بە تیۆری شۆڕشی چەکدارییە، بەڵام لە خزمەتی

تاوتوێ کردنی زانستیانەی کوردایەتی چەکداریشە کە هەن ئێستاش، بە تاکە ڕێبازی سەرفرازی دەزانن. بەبێ ئەوەی لە تیلەی چاویشەوە بێ، ئاوڕێک لە گۆڕانکارییە بنەڕەتیەکانی جیهان بدەنەوە. جیهانیش بەم گەورەییە!!

دیارە هەموو کەسێک دەستی نووسینی نییەو هەموو یەکێکیش ناتوانێ بە وردی لە پرۆسەی لە گرێژەنە دەرچووی وا بکۆڵێتەوە، بەڵام هەموو ئەوانەی ڕاستەوخۆ تەرخانی خەباتن ئەرکی سەرشانیانە، ئێستا لە جاران زیاتر لەم ئاستەنگە عەسکەرییە بتوژنەوە لەبەر ڕۆشنایی: ئەزموونەکان، دیاردەو دەرکەوتەکان، کارەسات‌و شکستەکان بە پاڵوێنەی زانستی بیری خۆیان‌و خەڵک بپاڵێون.

کێشەکە، ڕەوتەکی‌و ساکارو سانا نییە، کێشەیەکی لاوەکی‌و دەرەکی نییە، بەڵکو کێشەیەکە چارەنووسی لەمەوباشی ژیانی گەلەکەمان‌و نیشتمانەکەمانی پێوە بەندە. ئەگەر لە کێشەی ئەوها نەکۆڵینەوەو لە پێناویا ماندوو نەبین کەواتە شایستەی ئەوەین مامەڵەی کوردایەتیمان پێ بکرێ. بەکورتی:

> بۆ ئەوەی بە ئازادی بگەین دەبێ پێش هەموو شتێک، خۆمان لە قەتیسی بیرکردنەوەی کۆن ئازاد بکەین. بەبێ خۆئازاد کردن لەو قەتیسە بە ئازادی ڕاستەقینە شاد نابین.
>
> ئازادی چۆن دێتە دی ئەگەر ئەندێشەت ئازاد نەبێ‌و ئەندێشەش ئازاد نابێ... ئەگەر لە سانسۆری تەسکی خۆپەرستی ڕزگارمان نەبێ.

٣/١- خوێبوونی ڕێبازی پارتیزانی

جەنگی پارتیزانی سەرەتاکانی بۆ ژیانی سەرەتایی، بگرە بۆ ناو ئاژەڵانیش دەگەڕێتەوە، بەڵام هەتا هاتووە ئەمیش پێش خراوەو بنچینەکانی چەسپیوە. گەر لەو سەردەمانەدا کە دەوڵەت بە چەکە سەرەتاییەکانی پیشەسازی ئاسنگەران دەپارێزرا، سوارچاک‌و شیرو شمشێرو قەڵغانی باش، هەندێ جارو لە هەلومەرجی تایبەتی‌دا ڕۆڵی لە جەربەزەیی‌و سەرچڵی دەستەیەکی یاخی‌دا گێڕابێ‌و بەرامبەر ژمارەیەک جەنگاوەری زۆر دەستەیەکی بچووک، جارویار سەرکەوتبێ، ئەوا پاش پێشکەوتنی پیشەسازی بەتایبەتی لە قۆناغی سەرمایەداریدا کە چەک‌و ئامرازەکانی زانستی جەنگ پێشخران: چەکی دوور ئەنگێو، چەکی دەستڕێژ، هاوەن‌و تۆپ، نارنجۆک‌و

مین، تەقاندن‌و تەقینەوەی ڕوخێنەر، لە سەرەتاوەو دوای ئەویش پەیدابوونی: تانک‌و زرێپۆش، فڕۆکەو کۆپتەر، گازی ژەهراوی، هەروەها: چەکی ئەتۆمی‌و ڕۆکێتی کیشوەر تێپەڕو جۆرەها چەکی کوشندەی دیکە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە. تێکڕا ئەو چەکانە لە هەر سەردەمێکدا، قۆناغ‌و باروودۆخێکە، ڕاستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر زانستی جەنگ‌و چۆنیەتی جەنگین‌و سایکۆلۆژیەتی جەنگاوەران‌و بەهێزکردنی ڕژێمەکان‌و داوودەزگای داپڵۆسینیان، بەتایبەتی لەشکرەکان. بۆیە: جەربەزەیی‌و سەرچڵی‌و سوارچاکی‌و شێرو قەڵغانی بڕندەو کوشندە، جێی خۆیان بۆ هۆشیاری عەسکەری چۆڵ کردووەو لە بەرامبەر ئەو چەکە پێشخراوانەدا ڕێبازی عەسکەری نوێ، نەک سەرچڵی‌و ئازایەتی، خوڵقاوەو پێڕەو کراوە.

دیاردەی دیاری ئەو گۆڕانکاری‌و ڕووداوانە گرتنەبەری جەنگی پارتیزانییە وەکو ڕێبازێکی خۆبەوونی عەسکەری کاریگەر دژی لەشکری پەرداخت، لەچوارچێوەی بنچینەکانی جەنگین، نەک دابڕاو لەوان.

جەنگی پارتیزانی، وەکو جەنگ‌و تەواوی پێداویستەکانی دیکەی ژیان بابەتیانە پێکهاتووەو لە پرۆسەیەکی (عەسکەری ـ کۆمەڵایەتی ـ سیاسی) دوورو درێژدا، بەرەبەرە بنەما تیۆرییەکەی گەڵاڵە بووە.

ڕێبازی پارتیزانی ئەگەر لەسەر زەمینەی کۆمەڵایەتی بەپێی پێویستی چینایەتی‌و نیشتمانی سەری هەڵنەدایا، هەرگیز بە ئارەزووی لێوشاوەترین ئەندێشمەند، نەدەبوو بە ڕێبازێکی چارەنووس‌سازی قۆناغێکی ژیانی میللەتان. لەبەر ئەوەی هەڵقوڵاوی باری کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانی بوو، بۆیە لە شێوەی خۆڕسکییەوە قاڵبی تیۆری بۆ دۆزرایەوەو لە دەیان ئەزموونی دژواردا لە بەرامبەر دەیان دەوڵەتی ئیمپریالیستی‌و کۆنەپەرستی پەرداختی جۆراوجۆردا، سەرکەوتنی بەدەست هێنراو دەیان میللەت‌و نیشتمانی گەورەو ناوەنجی‌و کچکەشی پێ ڕزگار کرا.

کۆن ئەمریکاییەکان دژی پورتوگالییەکان (١٧٧٥-١٧٨١) پێڕەویان لە جەنگی پارتیزانی هاوشانی جەنگی بەرەیی کردو ئەنجامێکی هاندەریان پێوەدەست هێنا. لە جەنگەکانی ئەمریکای ناوەندی‌و ئەورووپای ڕۆژئاوای کۆنیشدا، شێوەیەک لە شێوەی جەنگی پارتیزانی گیراوەتەبەرو سودی عەسکەری لێ وەرگیراوە، بەڵام وەکو شێوەیەکی سەرەکی جەنگین، جەنگی پارتیزانی لە ئیسپانیادا بە تەواوەتی

تاقیکرایەوەو سەرخرا.

کە فەرەنسا ئیسپانیای داگیرکرد. لەشکری شکاوی ئیسپانیا چیدیکە نەیدەتوانی بە هیچ کلۆچێک دابەزێتە مەیدانی جەنگی بەرەیی فراوانەوە، بەتایبەتی پاش شکستی گەورەی شەڕی بەرەیی (ئۆکانا) لە ١٩ی تشرینی دووەمی سالی ١٨٠٩دا. بۆیە لەشکرە بەزیبووە کەم هێزەکەی ئیسپانیا، بەناچاری کشانەوە چیاو جەنگەلەکانو بەدەستەو تاقمی بچوکو جیاجیا، پەلاماریان دەدایەوەو هەلیاندەکوتایە سەر داگیرکەر. سەرەنجامی سەدان شەڕی گەورەو گچکەی قارەمانانە، لەشکرە پەرداختەو زۆرو داگیرکەرە سەرکەوتووەکەی ناپلیۆنیان هەراسان کردو ئیسپانیایان لیٚ رزگار کردن. ئەم سەرکەوتنە لە مێژووی جەنگداو بۆ جەنگی پارتیزانی بە وەرچەرخان دەژمێردریٚو نەتەوەی ئیسپانیا بوون بە سەرمەشقی خەباتی نەتەوە کەم هێزو خۆڕانەگرەکان بەرامبەر دوژمنی بەهێزتر.

سەرکەوتنی جەنگی پارتیزانی، سەرەتای ڕێگایەکی دوورو درێژی مێژوویی بووە کە ئیسپانیەکان یەکەمین گامی بنەڕەتیان بۆ دانا. لەوە بەدواوە، هەر نەتەوەیەک ئەگەر لە جەنگی ڕووبەڕوو بوونەوەدا سەرنەکەوتبیٚ، ژیرانەو ئازایانە، جەنگی پارتیزانی بەرپاکردبیٚ، درەنگیشی خایاندبیٚ، سەرەنجام سەرکەوتووە، وەکو: سەرکەوتنی ئەمریکا بەسەر ئینگلیزو ژێرکەوتنی نەمسا لە ئیتالیاو هەنگاریا. بەپێچەوانەشەوە هەر نەتەوەیەک وەکو لە جەنگی بەرەییدا بەرگەی نەگرتبیٚ، جەنگی پارتیزانیشی هەلبژاردبیٚ، سەرانی ئەو نەتەوەیە بوونەتە مایەی سەرشۆڕیو ژێرکەوتنی نەتەوەکەیان، وەکو مانەوەی نەتەوەکانی ئاسیاو ئەفریقیەکان لەژێر رکێفی عوسمانیەکانو پاش ئەمانیش هی ئیمپریالیستیەکان. باشترین نموونەش، نەتەوە داگیرو دابەشیندراوەکەی کوردستانە کەوا هیچ کاتێک لە نەتەوەکانی دیکەی دراوسێی ئەگەر زۆرتری خەبات لە پێناوی رزگاریدا نەکردبیٚ، کەمتری نەکردووە، بەلاٚم ئەو هەلانەی میللەتانی لاوازترو کەمتر لە کورد، خاوەن نیشتمانی تەسکتر لە کوردستان لە مێژوودا قۆزتیانەوەو توانیان بگەنە ئامانجی سەرفرازی دژی عوسمانیە داگیرکەرەکان. کەچی هاوزەمانی ئەوانو پێشتریش کورد دەستیداوەتە چەکو جەنگاوە، بەلاٚم لەبەر ئەوەی زۆربەی ڕاپەڕینە چەکداریەکانی شێوە جەنگی بەرەیی فراوانیان گرتۆتەبەرو لە بری شێوەی خەباتی نوێی گونجاو، دروست کردنی قەلاٚو قەلاٚتی سەخت بە گرنگ زاندراوە، بۆیە هەموو جاریٚ لە هەموو ئەو قۆناغە زنجیرەییانەی هەلکەوتوون، دوژمنی بەهێزتر، پڕ چەکتر، لە جەنگە

بەرەییەکاندا سەرکەوتووەو تەواوی قەلاّ سەخت و بلّندەکانی میرو شێخ و ڕابەرایەتی ڕاپەڕینەکانی داتەباندووەو خۆشیانی گرتووە: میری ڕەواندوزو بەدرخان و یەزدانشێرو شێخ عوبەیدوللای نەهری و شێخ مەحموود. بەلّگەکانیانن، هیچی ئەو ڕێبەرانە، وێڕای تۆمارکردنی شانازی گەورە لە مێژوودا لەکاتی ڕاپەڕینە چەکداریەکاندا هێلّی عەسکەری ڕوون و ستراتیژی عەسکەری ڕاستیان نەبوو، جەنگی بەرەیی و پارتیزانیان تیکەلاّو دەکرد (بە زۆریش جەنگی بەرەییان دەکرد) جیاوازی هەریەکەیان نەدەزانی، هیچ نەبێ بە دەرس لێوەرگرتنی شکستەکانی ناو ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکەکانی ناو بزووتنەوەکە. هەر ڕاپەڕین و ڕێبەرێک شکابێت، ڕێبەرەکەی پاش ئەو، قەلاّی سەختتری دروست کردووە. شەڕی بەرەیی گەورەتری نەخشەکێشاوە؛ کەچی جاروبار کە ڕاپەڕینێ شکابێ ڕێبەرو سەرداروبەگێکی ئازاو لاسار، خۆڕسکانە کەوتبێتە جەنگی پارتیزانی بۆ ماوەیەکی باش دوژمنی هەراسان کردووەو چەشنی شەڕە بەرەییەکان دەرەقەتی نەهاتوون، بە فرتوفێلّ و سوێندی درۆ نەبێ، لەوانە: خان مەحمودو نوراللە بەگ، پاش شکانی ڕاپەڕینەکەی بەدرخان، هەروا برایم خانی کفری و مەحموود خانی دزلّی لە سەردەمی شێخ مەحموددا، بارزانی و بارزانییەکان لە سەردەمی کۆماری مەهاباددا.

دەمێکە سەلمێندراوە کەوا جەنگی بەرەیی کلاسیکی کە هەزاران سالّ ڕێبازی عەسکەری ئیمپراتۆرە گەورەو کۆنەپەرستەکان بووە، هەتا سەر سەرکەوتنی پێوە بەند نییەو گۆڕانکارییەکان چەشنی باقی دیاردەکانی ژیان، ئەمیشیان گۆڕیووە.

پێش ئەوەی شۆڕشی درێژخایەنی چەکدارانە ببێتە ڕێبازێکی عەسکەری ناسراوی گەلانی داگیرکراوو لێرەو لەوێ، هاوشانی جەنگی کلاسیکی بەرەیی، بەتایبەتی لەناو میللەتانی کەم هێزو شکستخواردوودا زۆرجار بە شێوە پەراگەندەو خۆبەخۆ پەیرەوی لە پارتیزانان کراوەو میللەتان هێندە ڕقیان لە داگیرکەران بووە، شکست و وەی بەرزتر کردوونەتەوەو لەپێناوی ڕزگاری نیشتمانەکەیاندا، بە قسەی دەسەلاّتدارانی ستەمکاری پێشوویان، یان چینی چەوسێنەری میللەتەکەی خۆیان کردووە (بەتایبەتی چەوساوەکان) بەبێ ئەوەی لایەنی کەمی بەرژەوەندی چینایەتی خۆشیان ڕەچاو کرابێ. باشترین نموونەش جوتیارانی چەوساوەی کوردستانن کەوا دەیان جار: ڕابەڕیون، مالّوێران کراون، کوژراون، دەربەدەرکراون، بەبێ ئەوەی بچووکترین مافی چینایەتیان لە بەرنامەی ڕێبەرە دەرەبەگ و شێخە دەسەلاّتدارەکاندا، تەنانەت لە هی ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەرەتای سەرهەلّدانی

یان هەتا کاتی جەنگی دووەمی جیهانیش دیاری کراین. ویژاش چەوساوەکان لە خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمانەکەیان، چوون بەگژ داگیرکەرانی بێگانە.

لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا کە جەنگ بوو بە زانستێکی سەردەمەکەو زانیاری جەنگین پەرەی سەند، دەوڵەتە ئیمپریالیستە خاوەن ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی جەنگی گەورەو گچکە، بەپێی فراوانی قەوارەی بەرژەوەندی ئابووریو سیاسییان، لەهەموو بارێکی: تەکنۆلۆژیو زانیاریو سایکۆلۆژییەوە هەتا دەهات پتر پەرەیان دەدایە جەنگ. پەلاماردانی گەلانیش بوو بە پێویستییەکی مانو نەمانی ئیمپریالیستەکان. گەلانیش لە بەرامبەر ئەم دوژمنە دڕندەو پڕچەکەدا، چیدیکە شێوەی بەرەنگار بوونەوەی کۆن دادی نەدەدانو بە چەکی سوکی دەستکرد (ساچمەزەنو تاپڕ)و هی قاچاغچیو چەتەگەری (ماهوزەڕو مانهێڕو ئینگلیزیو بڕنەو) بەرگەی تۆپو تانک، پاشانیش هی فڕۆکەیان نەدەگرت. لە زۆربەی بزووتنەوە چەکدارییەکانی سەرەتایی چەرخی بیستەمدا دژی ئیمپریالیزم، قوربانییەکی زۆر دراو سەرکەوتنیشی نەهاتەدی.

ڕاپەڕینی شارەکانیش ـ پەسەنگەربەندیشەوە ـ گەرچی کاریگەریش بوون، بەڵام زوو دادەمرکێندران.

لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا، وەکو بۆچوونی چینایەتی جیاوازی: فەلسەفیو ئایدیۆلۆژی، سیاسیو ئەدەبیو مێژوویی هەبوونو هەن، هەروەها دوو بۆچوونی جیاوازی عەسکەریش هەبووو هەیە. لە بەرامبەر بۆچوونی سەرمایەداراندا، بۆچوونی کرێکارانیش وەکو پێویستییەکی بابەتی خەباتی چینایەتی، خەملی. ڕێبەرانی کرێکاران، بە ڕوونی سەلماندیان کە جەنگ درێژەکێشانی ناکۆکیە سیاسییەکانە لە پێناوی سەپاندنو پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی چینایەتی یەکێک لە چینەکانی کۆمەڵو ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆ ئەمەش بە دوای شێوە نوێی جەنگدا کەوتنە لێکۆڵینەوەو هەموو باسەکانیش لە دەوری ئەوەدا دەسوڕێنەوە کە جەنگ ئامرازێکە لەو ئامرازانەی ئامانجی سیاسیان پێ دێتەدیو هەرگیز لەو ئامانجە جیا نییە.
هەردەم لە مێژوودا چەوسێنەرەکان چەواشەپێیەکان مەبەستیان بووە جەنگو جەنگاوەران لە سیاسەتو ڕێبازی ئایدیۆلۆژی داببڕن. بەڵام شۆڕشگێڕان بە پێچەوانەوە جەنگو سیاسەتیان بە تەواوکەری یەکدی زانیوەو ئاوێتەیان کردوون، چۆن سیاسەتیان لەسەر بنەمای زانستیانە هەڵسەنگاندووەو بە وردیش چاودێری تەکنۆلۆژیای جەنگو پلانو نەخشەکانی جەنگیان کردووە بەستوویانەتەوە بە ڕێبازی

شۆڕشگێڕانە، پاکیان کردۆتەوە لە کاری دڕندانەو خستویانەتە خزمەتی کرێکارانو خەڵکی زەحمەتکێش.

دڕندەیی بۆرژواکانیان لە جەنگ کردۆتە هەوێنی دژایەتی کردنیان لە بەرامبەریاندا، جەنگی شۆڕشگێڕانەیان دژی جەنگی کۆنەپەرستانە داهێناوە. جەنگاوەریان وەکو هۆشیارترین رۆڵە گۆش کردووەو لەپێناوی ئامانجی ڕەوای کرێکارانو گەلاندا. کاریگەری بیرو ڕای شۆڕشگێڕانەیان لەپێش کاریگەری جەنگو جەنگدا بووە. ئەم ڕاستییە لە مێژە ئەنگلس ئەنگاوتویەتی:

" وەکو دەبینین تەنانەت لەوپەڕی جەنگی شەقامەکاندا سەنگەربەندەکان کارێکی ورەیی یا ڕەوشتی یان زیاتر لە کارایی مەتریالیستی هەبوو. ئەو کاتەی سەنگەربەند توانای بەرگەگرتنی هەتا هاتنی کاتی کارایی لە ورەکە هەبوو، سەردەکەوت، کە هەتا ئەو کاتەش بەرگەی نەدەگرت، دەبەزی. ئەمە خاڵی سەرەکییە پێویستە هەرکەسێ جەنگی شەقامەکان لەپاشەڕۆژدا دەکات، دەرکی پێ بکاو بیری بخاتەوە "<٢>.

بەوپێشنە، لقەکانی جەنگ، جەنگی بەرەیی‌و سەنگەربەندی هەروەها پارتیزانیش شێوازێکی عەسکەری دابڕاو لە بیروباوەڕ نەبوون. هەمیشە لە جیهانبینی کرێکارانەوە بەستراونەتەوە بە خەباتی چینایەتی کرێکارانو گەلان، تەنانەت هەتا پاش جەنگی یەکەمی جیهانیش، جەنگی چەکداری، چ سەنگەربەندی شارەکانو چ پارتیزانی شێوەیەکی خەباتی لاوەکی بوون لە خزمەتی خەباتە سەرەکییەکەی کرێکارانو زەحمەتکێشاندا کە ڕابەڕینی ناو شارەکان بووە.

١/٤- پاش شۆڕشی ئوکتۆبەر

جەنگی پارتیزانی، یان هەر جەنگێکی چەکداری دیکە، سەرەتا نەکرانە شێوەی سەرەکی خەباتی شۆڕشگێڕانە.بەڵکو هەتا ئەوکاتەش مابووی تێزو تیۆری جەنگی پارتیزانی بە ڕوونی داڕێژرێ، چونکە شێوەی دیکەی خەبات سەنگی سەرکەوتنی هەبوو، بەتایبەتی لەناو وولاتە سەرمایەدارەکاندا کە مەڵبەندو ناوەندی خەباتی

<٢> الماركسية و حرب العصابات. ترجمة ابراهيم العابد و ماهر الكيالي المؤسسة العربية للدراسات و النشر ـ بيروت ص: ١٨

شۆڕشگێڕانە بوون‌و جاریٚ خەباتی گەلانی دواکەوتووی داگیرکراو دەروازەی ڕێبازی شۆڕشی درێژخایەنی نەخرابووە سەرپشت، گەرچی جەنگی پارتیزانی کەمو زۆر لەناو ئەو میللەتانەشدا گەلیٚ لەوەو پێشیش پیادە دەکرا، ئەوەتا لینین دەلیٚ: (ناکریٚ حیزبی زەحمەتکێشان جەنگی پارتیزانی بە تاقە ئامراز بزانیٚ، یان تەنانەت سەرەکیش، لە تێکۆشانیدا... پێویستە ئەم ئامرازە ملکەچی ئامرازەکانی دیکە بێت...و پێویستە بسازیٚ لەتەک ئامرازەکانی جەنگی سەرەکیدا) (٣).

شیاوی شیکردنەوەیە بڵێین: بۆچی ئەوکاتەی لینین ئەم بۆچوونەی هەبووە؟ یان لەبەرچی شۆڕشی درێژخایەن‌و جەنگی پارتیزانی نەکردۆتە ڕێبازی سەرەکی شۆڕشگێڕانە؟ بەتایبەتی لە ڕووسیای ئەوساشدا، گەرچی خۆشی وڵاتێکی سەرمایەداری گەورە بوو، تەنانەت پێشیدەگوترا ئیمپریالیستی. بەڵام دواکەوتوو، کێشەی جووتیارانی قووڵ‌و دەوڵەتێکی پان‌وپۆڕ بوو. لە ڕووی تۆپۆگرافیەوە دەشیا بۆ شۆڕشی درێژخایەن، لەبەر ئەوەی ڕژێمە تزارەکەی سەنگەری چەواشەی کۆنەپەرستانەی ئەورووپا بوو، دوژمنیشی فرە هەبوون. سەرەڕای ئەو ڕاستیانەش هێشتا لینین وێڕای شارەزاییەکی قوڵی لە جەنگ‌و کاری عەسکەری، کارایی پارتیزانی، ڕێبەرایەتی‌و کارامەیی، کەچی شۆڕشی درێژخایەنی فۆرمۆلە نەکردووەو نەشیکردۆتە ڕێبازی سەرەکی سەرکەوتنی چینایەتی کرێکاران، بگرە جەنگی پارتیزانیشی وەکو جۆگەلەیەکی ڕووباری عەسکەری زانیوە. بەکورتی هۆی ئەم بۆچوونەی لینین بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

١- ئەوکاتە روسیا ببووە ناوەندێکی گرنگی خەباتی کرێکارانی شۆڕشگێڕ لە جیهاندا، پاش ئەوەی لەوەوپێش لە وڵاتانی دیکەدا بوو، وەکو: ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنساو ئەمریکا. لینین دەرکی بە پاشەڕۆژی سەرکەوتنی ئەم خەباتە بە ئەزموون وەرگرتنی لە شکستی ناوەندەکانی دیکە، کردبوو، بۆیە تەنانەت شکست‌و نوشستی کاتی ڕاپەڕین‌و شۆڕشی ١٩٠٥ و ١٩٠٧یش ڕێبازی پیٚنەگۆڕی‌و سوور بوو لەسەر بەرپاکردنی شۆڕش‌و ڕاپەڕین لە کارگەو شارەکانەوە.

٢- هاوشانی روسیا، ئەودەمە ئومێدێکی گەورە بە خەباتی ئینتەرناسیۆنالیزم هەبوو کە لەسەرانسەری ئەورووپادا یان لە چەند وڵاتێکیاندا بە روسیاشەوە پێکەوە شۆڕشی پرۆلیتاریا هەڵبگیرسیٚ‌و سەربکەویٚ. لەبەر ئەوە داڕپینی ڕوسیا لەو ڕەوتە گشتیە

(٣) لینین. استیقاظ آسیا. مجموعة مقالات، دار التقدم موسکو ص: ١٢

به گرتنەبەری ڕێبازی شۆڕشی درێژخایەن هەڵەیەکی ناهەموار دەبوو.
٣- دەوڵەتە ئیمپریالیستیو کۆنەپەرستەکان پێیان دەکرا بە جەنگو چەک، هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕوسیای تزاردا بکەنو شۆڕشی درێژخایەن (بەتایبەتی بۆیەکەمجاریی هەڵگیرسایی) لەناوبەرن
لەبەر ئەوانە، ئەودەمە شۆڕشی درێژخایەن نەکرایە ڕێبازی سەرەکی ڕزگاری کرێکارانو گەلان، هەرچەندە جەنگی پارتیزانیش لەمێژەوە سوودەکەی دەرکەوتبوو. دەشزانرا کاریگەریشە، چونکە مارکسیەکان، بابەتیانە ڕووداوو دیاردەکانو ڕەوتی خەبات هەڵدەسەنگێنن، مارکسیزم فەلسەفەیەکی ڕیالیستییە، خەیاڵستی نییە، لە ڕیالەوە بۆ ڕیال، نەک لە خەیاڵەوە بۆ خەیاڵ، ڕاستی هەڵدەگوزێ.
پاش ئۆکتۆبەر، چەندین ئەزمونی کلۆپسەندووی دیکەی کرێکارانو گەلان، خرۆشان. بەلام بەداخەوە لەبەر گەلێ هۆی بابەتیو خۆییو عەسکەری، شکێندران. لە گەرمەی تراژیدیەتی ئەم شکستەدا پێشبینی چاوەڕوانکراوی (بێداری ئاسیا) هاتەدی. ئەوە بوو شۆڕشەکانی هیندو تورکیاو ئێرانو میسرو عێراق (بەداخەوە جگەلە کوردستان کە نەخراوەتە ڕیزی شۆڕشەکانەوە بەڵکو لینینو دەوڵەتی ئۆکتۆبەر پشتیوانی ڕژێمی ئەتاتورکو پاشای ئێرانیان کردووە). لینینو شۆڕشی ئوکتۆبەر ئومێدێکی زۆریان پێیان هەبووە، بەلام زۆربەیان تێکشکێندراون. هەرچەند تورکیا لەچاو ماننەدەکانی لە ڕووی سیاسیەوە سەرکەوتوو بوو بەلام سەرەڕای پشتیوانی بێ دریغی لینینو پاش ئەوەش ولاتی ئوکتۆبەر زۆری نەبرد شۆڕشەکە هەڵگەڕایەوە بۆ دژترین شۆڕشی چەواشەی ناوچەکەو کەوتە وێزەی کرێکارانو زەحمەتکێشانی ولاتەکەو گەلانی وەکو کوردو ئەرمەنو چەرکسیەکانیان سەرکوت کرد. هەناسە کورتترین ڕژێم بوو لە شاردنەوەی ناوەڕۆکی چینایەتی چەوسێنەرانەیانو هەر ئەوسا دەرکەوت بۆرژواو وردە بۆرژوای میللەتانی دواکەوتوو هەتا چەند پابەندی دروشمی ئازادیو دیموکراسین.
لاوازی دەسەلاتی شۆڕشی ئوکتۆبەرو سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان، وایان لە لینینو ڕێبەرایەتی ئوکتوبەر کردبوو، بۆ پاراستنی شۆڕشەکە جگە لەو سازشەی (برێست ـ لیتۆنیک)، مانۆری سیاسی گەورەش لەگەڵ ئیمپریالیزم بەڕەو بکەنو بۆ ئەمەش چاویان لەگەلێ ڕاستی نیشتمانی لە جیهاندا پۆشیوە. لەوانە گەوهەری بۆرژوا- نیشتمانی ئەو سەردەمەیە کە هەر زوو شۆڤینیەتو کۆنەپەرستیان دەرکەوتبوو، چ بەرامبەر کرێکارانی خۆیان، چ بەرامبەر نەتەوە

ژێردەستەکانیان، وەکو کوردو ئەرمەن لە کوردستان‌و ئەرمەنستانی کوردستانی تورکیا. سیاسەتی کەمالیە شۆڤێنیەکان لە کۆنگرەی پاریس‌و دژایەتی‌و سەرپێچیکردنی پەیمانی سیڤەر (١٩٢٠) بەڵگەیەکی زیندووی ئەو سیاسەتەیە. هەر ئەو سیاسەتەی شۆرەویش چاوی پێ لە گەوهەری رژێمە بۆرژوا تازە سەرکەوتووەکان پۆشی (هەڵبەتە مێژوو دەریخست ئەو سیاسەتە هەڵەی گەورەیان تێدا بووە.)

بێگومان رژێمی تورکیاش زیرەکانە دەجولان‌و پەیتا پەیتا پەیمانیان بۆ شورەوی نوێ دەکردەوە بەتایبەتی لەکاتی کۆنگرەی پاریس‌دا (١٨ی کانونی دووەمی ١٩١٩)* کە ریاکارانە رێبەرایەتی شۆرشی بۆرژوازی تورکیا دەیانگوت:

" لەسەر هەمان رێگای ململانێ کردنی ئیمپریالیزم لەگەڵتان نین، مەیدانی خەباتمان دژی ئیمپریالیزم لە هەمان کاتدا هێڵی بەرگری ئێوەشە، بۆیە واتان لێ چاوەروان دەکەین پشتگیریمان بکەن‌و پارەو چەکمان بدەنێ "<٤>.

ئەمە پروسکەی رژێمی تورکیایە بۆ شورەوی.وەکو گوتمان مانۆری دەرەکی شۆرەوی وای لێکردبوون چاو لە زۆر شت بپۆشن، بۆیە لەگەڵ ئەم زیرەکییەی کەمالییەکان، بەرژەوەندییە سیاسیەکان هاوئاهەنگ بوون‌و ئاکامیش قازانجە گرنگەکەی بۆ رژێمی بۆرژوای تورکیا گەرایەوە. تەنیا یەکەمین جاری پارمەتیدان، یەک میلیۆن رۆبل زێر دراوە بە ئەتاتورکەکان. جگە لە کەرەسەی جەنگینی زۆری دی. هەروەها چەندین پەیمانی سیاسی ـ عەسکەری دووقۆڵی گرنگیش لەگەڵ تورکیادا، (کە هەمووشی لە قازانجی تورکیا بووە) لەکاتێکدا مۆرکراوە نەک رژێمی بۆرژوای (ئەتاتورکە تازە سەرکەوتووەکان ئامادەی دانی مافە دیموکراتیەکان بە گەلان‌و خەڵکی تورکیا نەبوو، بگرە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢١دا، ١٧ سەرکردەی حیزبی کۆمۆنیستی تورکیاشیان لە سێدارەداو چەوسانەوەی توندیان دژی کرێکاران‌و رۆڵە شۆرشگێرەکانیان پێرەو دەکرد.

گومان لەوەدا نییە، لە رووی تاکتیکیەوە شورەوی سودی لەو سیاسەتانە وەرگرتووە. بەلام کە ئەو سوودە تاکتیکیە لەسەر حسابی ئامانجی ستراتیژی خەباتی

---

* لە کۆنگرەی سوڵحی پاریس‌دا (١٩١٩) بەتەواوەتی کوردو ئەرمەن چەواشە کران‌و کرانە قوربانی ئیمپریالیزم.

<٤> النعیمی. د. احمد نوری ـ ترکیا و حلف الشمال الاطلسی. المطبعة الوطنیة، عمان/اردن ١٩٨١ص:٥٣

رزگاریخوازانەی کوردو ئەرمەن کەوت و شورەوی دەستی لە ئەرمەنستانی گەورە بەپێی پەیمانی ١٦ی ئاداری ١٩٢١ دەدانی بە سنووری باکوری ڕۆژهەلاتی تورکیا، بۆ تورکیا ناو دەستی لە ویلایەتی قارس و ئەردەهان هەلگرت. دوای کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس‌دا دەستبەجێ پەیمانی دۆستایەتی و بێ‌لایەنی لەنێوان هەردوو ولاتەکەدا هەر لە پاریس‌دا مۆرکرا، واتە (پاش باس‌وخواسی کێشەی موسل) ئەم پەیمانەش سالی ١٩٣٥ نوێ کرایەوەو ناوەرۆکیشی ئەوەیە:

هەردوو لا هاوبەشی هیچ پەیمانێک یان بەشداری هیچ جۆرە کارێکی دوژمنکارانە دژی یەکدی نەکەن.

سالی ١٩٣٢یش هەشت میلیۆن دۆلار یارمەتی دیکەیان داوەتە تورکیا بۆ پێشخستنی پیشەسازی. دانەوەی نرخەکەیشی بێ سوود بووە. ئەمانە لەکاتێکدا روویانداوە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کوردستانی بەشی تورکیا پاش سەرکەوتنی کەمالیەکان بە تەواوەتی لە دەدان پێدانانی مافی کورد نائومێد ببوون. بۆیە داوایان لە شورەوی دەکرد پشتیوانیان لێ بکەن، بەلام کۆمیسیاری هەندەرانی شورەوی بەپێی بۆچوونی (د.عەزیز شەمزینی) هەلوێستیان وابووە:

پاش ئەوەی لە مەسەلەکەی کۆلییەوەو هەلومەرجی ئەوسای جیهانی گرتەبەرچاو، بریاریدا پشتیوانی کوردو تورک نەکا بەلام بە روونی پیشانی‌دا کە یەکێتی سۆڤیەت سۆزی خۆی بۆ خەباتی کورد دژی بەریتانیا دەبڕی<٥>.

نازانین داخۆ پشتیوانی‌لێکردنی رژێمەکان چۆنە؟ ڕێکەوتننامەی لەگەل مۆر کردوون، دەستیان لە خاک بۆ هەلگرتوون، پارەو چەکیان پێداون، لە سیاسەتی نێونەتەوایەتی‌دا پشتیوانیان لێکردوون. ئیدی بۆ (د.عەزیز شەمزینی) پاساو دەهێنێتەوەو پشتی بە چ سەرچاوەیەک بەستووە گوایە شورەوی لەنێوان کوردو تورک‌دا، بێ لایەن وەستابێ؟ لەوەش سەیرتر ئەوەیە (د.عەزیز) بۆ ئەوەی پاساو هێنارەکەی لای خوێنەر بچەسپێنێ لەو سێ دێرەدا کە باسی هەلوێستی شورەوی بەرامبەر کەمالیەکان و کورد دەکات، چاو لە باسە راستەقینەکە دەپۆشێ و خوێنەر دەباتە سەر "سۆزی" شورەوی لەتەک کورد دژی بەریتانیا. باسیش باسی کەمالیەکانە کە راستەوخۆ هەرەشەیان لە چارەنووسی کورد کردووە. هەموو

<٥> شەمزینی، د. عەزیز، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان. چاپی دووەم. چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٥ وەرگێرانی فەرید ئەسەسەرد، ل: ٧٩.

کەسێکیش دەزانێ دژی بەریتانیا شورەوی نەک پشتیوانی، بگرە وەڵامی نامەی شێخ مەحمودیشیان لە ٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا نەدایەوە. پشتیوانی هەروا دەبێ! ڕەنگە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی شورەوی یان چەندین نووسەرو لێکۆڵەرو لێکۆڵینەوەی سیاسی باشیان لەسەر کورد نووسیبێ. هەر ئەمانەش لای (د.عەزیز) بووینە مایەی ئەو پاساوهێنانەوەیە. بەڵام ئەم جۆرە نووسینانەی شورەوی‌و لەسەر نووسینیشیان لەلایەن نووسەرانی دۆستی شورەوییەوە ئەو ڕاستیە مێژوویيە وون ناکات کە سیاسەتی ڕەسمی شورەوی پشتگیری نەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی هەموو پارچەکانی کوردستان‌و پشتگیری کردنی هەندێ لە دوژمنانی بووە. بۆیە هەتا دامەزراندنی کۆماری مەهاباد لای شورەوی ئاسایی بووە ڕاپەڕینەکانی کوردستانی تورکیاو ڕاپەڕینی سمکۆو هی شێخ مەحمودو بارزانیەکان بشکێندرێن. بێگومان کار کە بەو شێوەیە بەرێچووبێ جگەلە ئەرمەنستان، شۆڕشی ڕزگاریخ‌ازانەی کوردستانیش. نەک پشتگیری نەکراوە، بەڵکو بە کۆنەپەرستیش دژی ڕژێمی (پێشکەوتنخوازی!) تورکیا لەقەڵەم دراوە. هەر بۆیە لەناو ئەو شۆڕشانەی ئەو سەردەمەدا کە لەژێر کارایی شۆڕشی ئوکتۆبەر لە جیهاندا بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا پەرەیان‌سەند شۆڕشی کوردستان حیسابی بۆ نەکراوەو نەخراوەتە ڕیزی شۆڕشە چەکدارییەکانی چین‌و هیندو ئێران... تاد.

کاریگەری شۆڕشی ئوکتۆبەر لە ئاسیادا: لە ئێراندا تێکشکا، لە تورکیادا دڕندانە هەڵگەڕایەوە، لە هیندستاندا خامۆشکرا، لە کوردستاندا سەرکوتکرا، لەعێراق‌و میسریشدا ژێرخرا... لەوانە مایەوە چین، پێچەوانەی ئەوان جگەلە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان، چەمکی عەسکەری نوێشی هێناکایەوە. ئالێرەدا دەبێ بگەڕێین بەدوای دۆزینەوەی سەری گوریسی درێژخایەن‌و تیۆری جەنگی پارتیزانی.

رشتەی دووەم

٢- باری بابەتی‌و خۆیی

باری بابەتی ئەو بارە سیاسییە دور لە دەستکردو ئارەزوو خولقاوەیە کەوا لەخۆڕا، خۆبەخۆ بەبێ بڕیار سەرئەنجامی توند بوونی ناکۆکی نێوان کارو سەرمایە، پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان‌و هێزەکانی بەرهەمهێناندا دەخولقێ. نیشانەکانی خولقانیشی ئەوەیە: چینکە سەرمایەدارە دەسەڵاتدارەکان، خاوەنەکانی ئامرازی تایبەتی بەرهەمهێنان، کە بەهۆی سەرمایەداری زۆرو سیستەمی سەرمایەدارییەوە کرێکاران بەکرێ دەگرن‌و ئاکامی کەڵەکە بوونی ناکۆکییەکان، دەبنە کۆسپی پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان‌و بەمەش تەنگوچەڵمەکان، کێشە چینایەتی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان دەتەقنەوە. تەقینەوەیەک کە لە دەستەڵاتی ئەوان‌و لە بازنەی یاساو کۆنترۆڵی دەزگا سەرکوتکەرەکانیان دەترازێ‌و هەڵدەچێ، ئیدی ناتوانن یان چیدیکە توانای بەرگە گرتنی دۆخی گرفتەکانیان، باری هەژاری ئابوری‌و سیاسی کۆمەڵایەتییان نەبێ. ئەمەیان سەبارەت بە دەسەڵاتداران لەلایەک؛ لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی چەوساوەش چیدی بە ڕژێمەکەو دۆخەکەو ژیانە ژێر دەستەکەیان ڕازی نەبن‌و پەنگاوی قینیان بتەقێتەوەو ڕاپەڕن. کەی وای لێهات ژێردەستە بە سەردەستە ڕازی نەبێ‌و سەردەستەش توانای دابینکردنی ژێردەستەی نەمابێ، ئا ئەمە نیشانە زەق‌و ڕەقەکانی لەباری بابەتین. باری بابەتیش ڕەخسانی هەڵکەوتی گەورەی بەرپاکردنی شۆڕشە.

باری خۆییش:

ئاستی بەرزی هۆشیاری شۆڕشگێڕانە، واتە: حیزب دەگرێتەوە. حیزب بە واتای

ڕێکخستنی پۆلایین، هۆشیاری سیاسی بەرز، تاکتیک‌و ستراتیژی ڕاست، دروشمی درووست، خاوەن سەرکردایەتی ناسراوی لێوەشاوەی متمانە پێکراو،کادری تەرخان، پێشڕەوی چینی شۆڕشگێڕ. حیزبێک نەک هەر بتوانێت قۆزەرەوەی باری بابەتی بێت. بەڵکو خۆیشی دەستی شۆڕشگێڕانەو دەسیسەی سیاسیانەی لە پێگەیاندنیا هەبێ، بۆ: گۆڕینی بنەڕەتی کۆمەڵ‌و ژیانی کۆمەلایەتی، بۆ لێخستنی چینی کۆن‌و هێنانە سەر کاری چینی نوێ.

باری خۆییش، هەتا لەباری بابەتی‌دا زاخاو درابێ، پاشەڕۆژ سەرکەوتووتر دەبێ. بە پێچەوانەش ئەنجامی پێچەوانەی دەبێ. جاری واش هەڵکەوتووە باری بابەتی پێگەییوە، بەلام باری خۆیی نەخەملیوە، لەبری ئەم بارە خۆییەش ڕێکخراوی سیاسی دیکە، یان بزووتنەوەی سیاسی دیکە، بارە بابەتیەکەیان ژیرانە لەدەست نەداوەو لە ڕووی سیاسیەوە ڕژێمی دیکتاتۆریان ڕووخاندووە. یان داگیرکەریان ڕامالیوەو ئەڵتەرناتیڤی باشیان هێناوەتە سەرکار، وەکو کوباو جەزائیرو یەمەن‌و عێراق‌و میسر. بەلام ئەم جۆرە سەرکەوتنە سیاسی‌و عەسکەریانە زۆر ناپایات دووچاری گرفتی ئابوری‌و کۆمەلایەتی قوڵ دەبن، چونکە پێشڕەویان نەبووە. کوبا لەناو ئەمانە جیاوازە کە پاشان باسی دێتەسەر.

ئاشکرێ حیزبی پێشڕەویش هەبێ، واتە باری خۆیی خورت کرابێ، بەلام باری بابەتی نەخولقابێ، ڕاپەڕینی شارەکان یان شۆڕشی درێژخایەن بەرپا بکرێ‌و سەربخرێ. ئەمەیان وەکو پرۆسەی شۆڕشگێڕانە مەحالە. چونکە هەردەم ڕژێمەکان ئەگەر تەقینەوەی باری بابەتی بینی ستەمکاریان نەگوشێ هێندەیان لەباردایە، ڕاپەڕینی تەسکی شارەکان، یان مانگرتنی ئێرەو ئەوێی کرێکاران یاخود بزووتنەوەی چەند ساڵەی خاوەن سەدان‌و زیاتر چەکدار لەناو بەرن بگرە شالاوی توندیش بەرنەسەر بەهێزترین حیزبی سیاسی‌و زیانی کوشندەش بگەیەننە سەرکردەو بنکردەیان بەلام هەر ئەو ڕژێمانە ئەگەر دەسەلاتی بەهێزر ئۆرگانی تۆکمەشیان هەبێ، حیزبی پێشڕەوی کرێکارانیش نەبێ، ناتوانن بە ئاسانی لەژێر تەوژمی گرفتە قوڵەکانی باری بابەتی دەرباز بێن، بە مەرجێ بزوێنەرێکی هەبێ، وەکو ڕاپەڕینی گەلانی قارەمانی ئێران‌و ڕاپەڕینی گەلی فەلەستین چونکە: باری جۆشخواردووی بابەتی سەراپای ڕژێمەکە داوودەزگا ئابووریەکەی تێکڕا دەهەژێنێ‌و دەتەپێنێ. بەلام چالاکی حیزبی یان بزووتنەوەی پارتیزانی دەیان مەفرەزش دەتەپێنێ. بەبێ باری بابەتی تەنها فشارو گوشاریان پێ دەخرێتە سەر بەشێ یان دەزگایەکی یاخود شارو

کارگەو ناوچەیەک، چارەسەرکردنی ئەمانەش بۆ رژێمی دەسەڵاتدار گران نەبووەو نییەو ناشبێ. زۆرجاریش هەڵکەوتووە، باری بابەتیو باری خۆییش چەشنی پەیکەرتاش سازی کردبن، دروست بوون، بەڵام رێبەرایەتی راستەوی حیزبەکان، سیاسەتی سازشکارانەیان دەیان هەلی مێژوویی کرێکاران و گەلانیان لەبار بردووەو دوژمنانیان درترو قەڵەوتر کردووە. وەکو: راپەرینی چلەکان و پەنجاکانی ئێران و خامۆشکردنیان لەلایەن (حیزبی تودە)وە. راپەرینەکانی چلەکان و پەنجاکانی عێراق و نەقۆزتنەوەیان لەلایەن حیزبی شیوعی عێراقەوە. هەروەها هی میسرو سوریاو سودان و تورکیا لە رۆژهەڵاتداو هی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاو نەمساو ئیسپانیاش لە ئەوروپای رۆژئاوادا.

لەو کورتە باسە تیۆرییەی باری بابەتیو خۆیی، دێینەوەسەر بنچینەکانی شۆرشی چین و چۆنیەتی بەرپاکردن و سەرکەوتنی هەتا تیۆری جەنگی پارتیزانی شۆرشی درێژخایەنی گەلانی ژێردەستەی بێهێز دژی دوژمنانی بەهێز دیاری بکەین کە شۆرشی چین گوری خستەوە گیانی گلاوی زۆربان.

سەرکەوتوانە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا هاتبووە دەرو بە ئەندازەی دووربینی سیاسەتەکانیان (بەتایبەتی بەریتانیاو فەرەنسا) رووپێوی سەرزەمینە داگیرکراوەکانیان دەپێواو دەبەشیەوە. لە کۆنگرەو کۆنفرەنسە ئاشکراو نهێنییەکانیاندا ئەوەی بیانویستباو بیانخواستبا، بێ دڵی خۆیان نەدەکرد. هەڵبەتە بەهێزتریان زۆرترو کەم هێزتریشیان کەمترینیان تالان دەکرد. وا بوغرا بوو بوون پاش جەنگ هەریەکە لەو دەوڵەتانە دەیانویست (کۆمەڵەی گەلان ۱۹۱۹)بەوپێیەی دەیانەوێ دامەزرێ و هەڵسورێ. رووپێوی خاکە داگیرکراوەکانی ژێر رکێفی ئینگلیز ۳۵ میلیۆن کیلۆمەتری دوجا زیاترو ژمارەي دانیشتوانیان . ٤٥ ملیۆن کەس دەبوو. فەرەنسا لە خوار ئینگلتەرا خاکی زۆری بەرکەوتبوو. کەچی ئەمریکا لە هەموویان دەوڵەمەندتر بوو. بگرە قەرزیشی دەدایە ئینگلتەراو فەرەنساو دەوڵەتانی دیکەی سەرمایەداری. بۆ نموونە: پێشجەنگ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵانە (۲۰۰) میلیۆن دۆلاری قەرز دەدانێ. بەڵام پاش جەنگ ئەم رێژەیە هەڵکشا بۆ (١٤) میلیارد دۆلار. واتە بە پارەی ئەمریکا جەنگیان کردووەو کێشەکانی پاش جەنگیان چارەسەر کردووە. کەچی سەرباریش ئەمریکا (۱۳٥-١٤٠) هێندە لە ئینگلتەراو ٤٥ هێندە لە فەرەنسا خاکی کەمتر بەدەستەوە بووە. کە بەوپێیەش جیهان کەوتبێتە ژێر دەستی بەریتانیاو فەرەنسا سەرکەوتووش بوون و ئەڵمانیایان

شکاندبێ، ئەمریکا دوور بێ و کەمترین خاکیشی بەدەستەوەبێ، دەلبەتە چارەنووسی سیاسی گۆی زەوی دەکەوێتە دەستی دوو دەوڵەتە زالەکەو ئەمریکا پاشەکشە دەکات.

ئیمپریالیزم لەپاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان و دامەزراندنی (کۆمەڵەی گەلان) لەچاو سەرەتای سەرهەڵدانی تازە کەوتبووە سەر حوکم‌کردنی جیهان و سەرەتای ئەزموونی سیاسی-عەسکەری-ئابووری جیهانگیری پێڕەو دەکرد. کە ئەگەر لەگەڵ ئێستا بەراوردی بکەین، سیاسەتێکی ئیمپریالیستی دواکەوتوانە، نوقمی کۆنەپەرستانە، دڕندانەو دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتیان پێڕەو دەکرد. تەواوی کردو کۆشیان لەپێناوی دابینکردنی هەرچی زۆرتری تالان و دزین و بەکارهێنانی زیاتری کاری هەرزانی هەزارانی وڵاتە ژێردەستەکان بوو. لەسەر بچووکترین داخوازی نیشتمانی و دیموکراسی، سەدانیان دەکوشت و هەزارانیان دەگرت. لەسەر زیادکردنی پەنجا فلسی ڕۆژانەو کەمکردنەوەی نیو سەعاتی کار، قەسابخانەیان بۆ کرێکاران دەنایەوە. خۆماڵی کردنی نەوت و کەرەستەی خاوی گەلان بۆ بەدیهێنانی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی، گەورەترین تاوانی سیاسی بوو کە چاویان هەرگیز لێنەدەپۆشی. کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی قورسترین سزایان لەسەر هەبوو. لە جیهانبینی ئیمپریالیستانەی ئەوساوە ئیمپریالیزم دەیڕوانیە چارەنووسی گەلان. لە کۆیلە بەولاوە هیچی‌کەیان پێ ڕەوا نەدەبینین. خۆ ئەگەر ئاوڕێکی (مرۆیانەشیان!) لەنەتەوەو نیشتمانێ دابێتەوە، پێش هەموو شتێک بەرژەوەندی ئیمپریالیستانەیان لەبەرچاوگرتووە ئینجا بڕیاری چۆنیەتی ماف‌پێدانی ئەو ڕژێمانەیان داوە کە بە خۆیانیان شەتەک داوون. بۆ بردنە سەری سیاسەتەکانیشیان، لەبەرامبەر کاردانەوەی گەلاندا، چ سیاسی و چ عەسکەری، بێ منەت بوون چونکە جگەلەوە توانیبویان چەندین ڕێبەرێتی کرێکاران و شۆڕشی گەلان سەربکوتن. ئەم سەرکەوتنە عەسکەریانەش، چەشەی ئیمپریالیستانەی کردبوون.

لەوسەردەمەدا چین گرنگترین وڵاتی ئاسیا بوو، ڕاستەوخۆ کارایی لەسەر چارەنووسی هیندی چین و شێوە کیشوەری هیندو چەندین وڵاتی دیکەی ئاسیا هەبوو. هەروەها هی وڵاتانی دیکەش. ئەمە جگە لە سەرزەمینە بەپیت و فەرەکەی هاوسنووررو هاوخەباتیەکەشی لەگەڵ شوورەوی‌دا سەرباری خەمی ئیمپریالیزم. بۆیە ئیمپریالیزم زۆری لا مەبەست بوو چینیان لەدەست دەرنەچێ. بە جۆرەها نەخشەو پیلان دەسیسەیان دەسازاند بیکەنە بنکەیەکی گەورەی شۆڕشی چواشە، بەدرێژایی

مێژوو دەسەڵاتدارانی ئەوروپای ڕۆژئاوا نەتەوەیەکیان کردۆتە داردەستی دەسیسەکانیان، هەمیشەش گەلانی سلاڤییان بۆ ئەم مەبەستە دەخستەکار، بەتایبەتی رووس و گەلانی نار قەڵەمڕەوی رووسیای تزاری. ئەو سەردەمە کە سوورەویان لەدەست چووبوو، گەلانی دیکەی سلاڤیش ڕاچەنیبوون، کەوتبوونە خەبات کردن و لێیان نائومێد بوو بوون. چینییەکان و هیندییەکان، باشترین و زۆرترین خەڵکی سەرزەمین بوون ئیمپریالیزم بۆ داردەستایەتی هەڵیانبژاردبوون، هەتا بیانکەنە نووکە ڕمی شۆڕشی چەواشەیان. بەتایبەتی چین پێش و پاش جەنگی یەکەم، بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراسی کاریگەری، تیا بەڕێبەرایەتی (سن یان سن) و حیزبی (کۆمینتانگ) تەقیبووەوە. ئەم بزووتنەوەیە ساڵی ١٩٢٤ سەرکەوت، سەرکەوتنەکەش بزووتنەوەی نیشتمانی میللەتانی ژێردەستە و ئینتەرناسیۆنالیزمی ئومێدەوارتر کرد. کەواتە: ئیدی چۆن ئیمپریالیزم پاش شۆڕشی ئوکتۆبەر لێدەگەڕێ شۆڕشێکی وا ببێتە ئوکتۆبەری گەلانی ژێردەستە. بۆیە: پاش ٣ ساڵ لەسەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوایی چینی، شۆڕشی چواشە بە کودەتای (کانتون ١٩٢٧) دەستی پێکردو سەراپا چینی تەنییەوە. (شان کای شیک)یان بەناوی هەمان حیزبی نیشتمانییەوە (کۆمینتاگ) بەردایە گیانی هەزاران هەزار شۆڕشگێڕ. کوشتن و گرتنی کۆمۆنیستەکان کرایە ئامانجی پیرۆزی... کودەتاکە: سیاسەتی کۆلۆنیالیستی کلاسیکی بەوپەڕی توندی پیادە دەکردو پێچەوانەی سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوایی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان کە دژی دەرەبەگ بوون، لەچیندا دەرەبەگایەتی چەسپی. ئەو دەوڵەتە سەرمایەدارانە کە بوونە ئیمپریالیستی و جیهانی ژێردەستەیان دابین کرد، بەرژەوەندی ئەوسایان، چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی کەم ئەزموونیان بێ، وایدەخواست پشتیوانی دەرەبەگایەتی کۆنەپەرست دژی بۆرژوای پێشکەوتنخواز بکەن. دژی ڕزگاری جوتیاران و دژی پێشخستنی پیشەسازی وڵاتانی ژێر دەستیان بوون و ئازادی سیاسی و ماف و هەستی نەتەوایەتیان پێشێل دەکردن

لە چینیشدا دەرەبەگ و دەرەبەگایەتی بووژایەوە، جوتیاران دووچاری ئاستەنگی کۆمەڵایەتی کەم وێنە کرانەوە، ئازادی و دیموکراسیەت پێچرایەوە، میلیتاریستیەت و دیکتاتۆریەتی بێ پەردە سەپێندرانەوە، شۆڕش لەگەڵ شۆڕشی چەواشە ڕووبەڕوو بوونەوە. لەم دووڕیانەدا، ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیست کەوتە ناو ئەزموونگایەکی نوێی مێژوویی کە داخۆ: " ئەمری واقیع " بسەلمێنێ و پاساوی (ستالینیەت و

ستالین) لەسەر مانەوە لەناو (کۆمینتانگ)دا بۆ بڕینی قۆناغی بۆرژوازییەت بە ڕێبەرایەتی چینی بۆرژوا بە ڕاست بزانێ یان: ئەرکی تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی بگرێتە ئەستۆو بەرسنگ لە شۆڕشی چەواشە بگرێ؟ ئەگەر درێژەشی بە شۆڕشدا بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی، چۆنی بدا؟ ئەزموونی ئۆکتۆبەر دووبات بکاتەوەو خەریکی کرێکاران و بوژانەوەی شوراکان و ڕاپەڕینی شارەکان بێ؟ یان بیر لە ڕێنوێنی خەبات بکاتەوە؟

زۆربەی ڕێبەرایەتی گەلان بەپێی بارودۆخی جیاوازی میللەتەکانیان دەکەونە دۆخی واوە کە بلیمەتیەکی هەڵکەوتوانەی گەرەکە ئاییندەیان بپێکن، بەڵام مێژوو دەڵێ: مخابن، کەمی ئەو ڕێبەرانە کاروانیان گەیاندۆتە مەنزڵ. یەکێکی دەستنیشانکراوی ئەو کەسانە ئەگەر بمانەوێ بابەتیانە ڕووداوەکانی ئەم سەدەیە هەڵسەنگێنین، ڕێبەرایەتی شۆڕشی نوێی چینە. لە بازنەی ئەو بابەتیە ناترازێین ئەگەر بڵێین: ڕێبەرایەتی شۆڕشی چین، پێشەنگی ئەو کەسانەی ناو گەلانی دواکەوتووی داگیرکراوە. ئەویش نەک بە لاسایی بەڵکو بە داهێنانی ڕێبازی نوێی شۆڕشی نوێی تایبەت بە وڵاتەکەیان شۆڕشی درێژخایەن.

٢/١- شۆڕشی چین

لەپاڵ شکستی شۆڕشی گەلان، یەکەمین شۆڕشی بۆرژوا نیشتمانی چین (١٩٢٤-١٩٢٧)و پاش کودەتا کۆنەپەرستیەکەی (شانکای شیک)یش درێژەپێدانی ئەم شۆڕشە لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی چینەوە بۆ بەدیهێنانی باقی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی بە شۆڕشی درێژخایەن، ئاسۆی بێدارییەکەی خەباتی ئاسیای سامالْ کردو خۆگرتن و سەرکەوتنی پەیتا پەیتای شۆڕشەکەش، دەریخست کە ڕێبازی عەسکەری شۆڕشگێڕانەی نوێی چارەسەرکردنی چارەنووسی هەندێ لەگەلان (نەک هەموویان) لە دۆزینەوەدایە. ئەویش: شۆڕشی درێژخایەنی ئەو گەلانەیە، شۆڕشێ لەتەک هەلومەرجی گشتی و تایبەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی و عەسکەریاندا دەگونجێ.

بۆئەوەی بنچینەی باسەکە بە چەشنێکی بنچینەیی ببەسینەوە بە ناوەڕۆکی باسەکە وا پێویستە لەسەر چین وەکو مەڵبەندی سەرەکی سەرهەڵدانی شۆڕشی درێژخایەن لێتوێژین، پاشان چەند نموونەیەکی دیش بهێندرێتەوە. هەتا تیزی ئەو ئەزموونانەی پێویستن لەگەڵ بزووتنەوەی گەلەکەماندا بەراورد بکرێن، بزانرێن و

سەرەنجامیش ئەو ئەنجامە هەڵگۆزین کە: داخۆ شۆڕشی درێژخایەن... دەگۆردرێ یان نەگۆڕە؟ بێگومان وەڵامی پرسیاری واش لە باری بۆچوونی چینایەتی ناکۆکەوە دەدرێتەوە کە هەریەکێکیان ڕەنگرێژی بەرژەوەندی چینایەتی دژن... هی کرێکاران و بۆرژواکان!

پاش شۆڕشی ئوکتۆبەر شۆڕشی سەرکەوتووی درێژخایەنی چین کاریگەرترین شۆڕشی جیهانە چاوی لێکراپێت و پێڕەو کراپێ و باس کراپێ و لەسەری نووسراپێ (هیچ نەبێ لە ڕووی عەسکەرییەوە). سوودێکی زۆری گەیاندۆتە گەلان و گورزێکی گەورەی سرەواندۆتە دوژمنان. کە واش دەڵێین، مەبەستمان چاوپۆشین نییە لە هەڵە تیۆری و سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین کە بەتایبەتی لە پاش سەرکەوتنیانەوە هەتا هاتووە زیاتر دەرکەوتوون. ئەوەی مەبەستمانە دەرکەوتنی ئەو هەڵانە نابێ وامان لێ بکات لایەنە گەشەکانی پشتگوێ بخەین. قۆناغەکان وێکبچوپی و بە ئارەزوو چاکەو خراپە تێکبشێلین. نەخێر، هەڵە هەڵەیەو ڕاستیش ڕاستییە. ئەم دوو جەمسەرە وەکو باقی دیاردە ناکۆکەکانی کۆمەڵ و سروشت تەواوکەری یەکدین و بێ یەک لە تەرازووی مێژوودا ناکێشرێن، کەواتە: مەبەستی باسەکە لایەنی سەرکەوتووی چەکدارانەی شۆڕشەکەیەو یاسای نەگۆڕیش وەکو ویستراوەو دەویسترێ وا دەردەخرێ و هەتا ڕزگاری دوا میللەتی ژێردەستە پێڕەو بکرێ؟

ئایا بەشاسانی ئەم جۆرە شۆڕشانە لەناو هەموو وولاتێک و میللەتێکی داگیرکراو، دەربەگ و نیمچە دەربەگدا، سەرکەوتووەو سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ؟ با کورتە وەڵامێکی ئەم پرسیارانە بدەینەوەو پێشەکی وەڵامەکەش ڕوونکردنەوەیەکی تیۆری هەڵدەگرێ. هەتا لەبەر ڕۆشناییەکەی پرسیارەکان شی بکەینەوە.

شۆڕشی نیشتمانی-دیموکراسی بە شێوەیەکی گشتی و بابەتی، وەکو شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکاران بەبێ باری بابەتی و باری خۆیی، نەک جارێ بەڵکو دەیان جاریش بەرپا بکرێ، باشترین چەک و سەرکەوتنی گەورە بهێنێتەدی.

٢/٢- چۆنایەتی شۆڕشی چین

چین، لەڕووی سەرزەمێری دانیشتوان و ڕووپێوی سەرزەمینەوە، بۆ یەکەم یەکەمین و بۆ دووەمیش سێهەمین وڵاتی سەرزەمینە. لەو هەلومەرجەدا شۆڕشی تێدا

هەڵگیرسا. چوارسەد ملیۆن ئینپەر بوو؛ وڵاتەکە ئەگەرچی مەڵبەندێکی دێرینەی شارستانیەتو بەفەرو پیتە، بەڵام سەدان ساڵ دەبوو سیستەمی دەرەبەگایەتیو بیروڕای مەزهەبی کۆنفیشیۆسی کۆنەپەرستانە، بێکاریو تریاک کێشان، سۆزانیتیو کۆیلە فرۆشتنو دەیان نەریتی دیکە، ناپوتیان کردبوو. ئیمپریالیزم بە تایبەتی ژاپۆنو ئەمریکاو بەریتانیا، نەخشەکانیان دەنەخشاند، سیاسەتی کۆلۆنیالیستی کلاسیکیش بەجارێ چینی لەژێرباری چەوساندنەوەدا چەماندبووەوە. بێگومان لە وڵاتێکیوا گەورەو گراندا تاسەر مەرام بە گوێرەی چەشەی چەوسێنەران ناچێتەسەر. بۆیە شۆڕشی بۆرژوازی چین تەقیەوەو سەریش کەوت. هەر بۆیەش ئیمپریالیزم پێی گران بوو ئەم شۆڕشە بۆرژواییە قۆناغەکانی بێگرفت بگەیەنێتە ئاکام.

سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوایی ساڵی ١٩٢٤ ڕەوتی ڕووداوە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی چینی گۆڕی، هۆشیاری کۆمەڵایەتیوسیاسی، چینایەتیو کلتوری پەرەپێ سەندو خەڵک تەوقی کۆنەپەرستی ڕاپسکاند. کورتیەکەی ئەوەی لە هەزرو سەدان ساڵ سەپا بوون، شۆڕش بە ماوەیەک گۆڕینیو هەڵیگێڕان. ئەمەیە مەزنی شۆڕش. هەر بەڕاستی شۆڕش لە ڕیشەوە گۆڕینی کۆمەڵە. لەمێژە گوتراوە کەوا: شۆڕش بە خێراییەکی سەیر نەک سەرکردایەتی، بەڵکو جەماوەریش فێر دەکات.

لەناو شۆڕشی نەتەوە ژێردەستەکان چین زیاتر لە هەمووان، مایەی بایەخ پێدان بوو. پاش لینین، کۆمینترن (ئینتەرناسیۆنالیزمی سێیەم) بایەخێکی بەرچاوی پێداو ئەوەی پتر بووە مایەی سەرنجیان، کێشەی جوتیاران بوو بگرە کێشەی جوتیاران لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی، ناوەرۆکێکی گرنگی سیاسەتی کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەمە بوو (نەک ئەم سەردەمە).

لەبەر ئەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی زاڵ بووەو سەدان میلیۆن جووتیار بێ زەویو مەزرا بوون. بۆیە کێشەی جووتیاران گەوهەری شۆڕشی دیموکراسی کۆن بووە. چونکە ئەوسا جیهان وەکو ئێستا سیستەمێکی سەرمایەداری نەگرابوو، بازاڕی هاوبەشی وا نەبوو، بۆرژوای نیشتمانی نەخرابووە ژێر ڕکێف... تاد. لەبەر ئەوانە کێشەی جووتیارانو ڕاپەڕینی جووتیارانو بزواندنی جووتیاران دژی دەرەبەگایەتی بۆ ئیمپریالیزم خەتەرێکی گەورە بووە. سەرنج بدەین کۆمینترن لە کۆنگرەی ئایاری ١٩٢٣دا چۆن سەرنجی حیزبی کۆمۆنیستی چینی ڕاکێشاوە، ئەوسا گرنگی جوتیاران دەزاندرێ: کێشەی جووتیاران بەتایبەتی کێشەیەکی

سەرەکییە لە تەواوی سیاسەتدا.
ئەمانە ڕای ستادی کرێکارانی جیهانە سەبارەت بە شۆڕشی گەلێکی دواکەوتووی ژێردەستە. جا با شەن‌و کەوێکی بکەین‌و بزانین وایە؟. ئەوکاتە چین‌و چینیەکان ۸۰٪ جووتیار بوون. ستەمی دەرەبەگایەتییان لەسەر بووە. شۆڕشی بۆرژوازی بە سەرکردایەتی بۆرژوای نیشتمانی لە بەدیهێنانی ئەرکەکانی شۆڕش هەڵگەڕاو لە داخوازی جووتیاران وەرگەڕا. هاوپەیمانێتی حیزبی کۆمۆنیست‌و کۆمینتانگ داتەپی‌و یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵ تێکدراو بێزارییەکی بێ ئەندازە لەناو جووتیاراندا خرۆشا.
ڕاستە تەنها لە مانگرتنێکدا حیزبی کۆمۆنیست توانی (۶۰۰۰۰) هەزار کرێکار هانبداو سەکەوتنێکی گەورەشی بۆ حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتە دواکەوتووەکانی ئەو سەردەمە هێنایەدی. بەڵام ئەم سەرکەوتنە چینایەتی-سیاسییە ڕەوتی ڕووداوەکانی چینی نەگۆڕی‌و یاسای گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەکانی نەخستەی باری سەرمایەداری تەواوەوە جێگۆڕکێی بە چینەکان‌و هەڵوێستی چینایەتییانی نەکرد. بۆ نموونە: تەنها چەتە چەکدارەکانی دەرەبەگەکان کە بەناوی (منتوشان)وە تالاّنیان دەکردو زوڵمیان لە جووتیاران دەکرد، لە سێ ملیۆن کەمتر نەبوون. کە ئەوکاتە سەرژمێری سوپای ڕەسمی چین دوو میلیۆن بووە. واتە لەشکری چەوسێنەری دەرەبەگان بەهێزتر بووە لە هی دەوڵەتەکە (منتوشان)ەکان ملۆزمی خوێنخۆری جوتیاران بوون‌و ڕژێمە کودەتاچیەکۆنەپەرستەکەش پشتیوانی لێدەکردن. کە حاڵیش بەو شێوەیە بووبێ‌و گەوهەری شۆڕشی دیموکراسی پێشێل کرابێ، کەواتە بەڕاستی کێشەی جووتیاران دەبێتە کێشەی سەرەکی شۆڕشی چین دژی شۆڕشی سەرکەوتووی چەواشە بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی.

۳/۲- شۆڕش لەکوێ؟

لەشار یان لە شاخ؟ کودەتاکە سەرکەوت‌و مانگرتنی کرێکارانیش تێک شکاو شۆڕشگێڕان کەوتنە بەر ڕاوەدوونان، شۆڕشی ڕاپەڕین کردن لە شاردا چەشنی شۆڕشی ئوکتۆبەر، لاسایی کردنێکی ژێرکەوتوانە بوو.
(ستالین)یش وای پێ پەسەند بوو پاش کودەتاکەش، حیزبی کۆمۆنیست هاوپەیمانێتی خۆی لەناو (کۆمینتانگ)دا درێژە بداتێ‌و زۆرینەی ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی چینیش، لەو هەلومەرجەدا، ئەو سیاسەتەیان دەسەلماند.

بەلاَم باڵی چەپی حیزبەکە ئەو سیاسەتەی نسەلماندو ڕێبازی چەپی چەکداری خەڵک لەناو شارەکاندا بەڵکو لەناو جووتیارانەوە خستە ڕوو. سەرەتا ئەم بۆچوونە بە توندی ڕەتکرایەوەو ڕێبەری ڕاستڕەوی ئەوسای حیزبەکە (لیتشن تومو) مەیلی دۆستایەتی کۆمینتانگ بەو پێیەی ستالین دەیویست بەسەریدا زاڵ بوو، تەنانەت دژایەتی کردنی دەرەبەگایەتیشی خاو کردەوە، نەکا ڕژێم پێی قەڵس بێت. کە ڕاپەڕینی جووتیاران هەر کراو سەرکوتیش کرا، کۆمیتەی ناوەندی (موتسیتۆنگ)یان دەرکردو لە مەکتەبی سیاسیشیان خستو بەیاننامەشیان دژی دەرکردو ئەو بزووتنەوە جووتیارییەی مار ڕێبەرایەتی کرد ناو نا." بزووتنەوەی تفەنگ " هەتا دەریخەن گوایە بانچەپو دوور لە خەباتی ڕاستەقینەی کرێکارانن.
بەلاَم (مار)و هاوڕێ چەپەکانی سەرلەنوێ لەشکریان پێکهێنایەوەو ڕێکیانخستەوە. دایانە شاخو کەوتنە ناو جووتیاران دژی دەرەبەگ وەستانو جوتیارانیان بە هەزاران لە حیزبو کۆمەڵە هەرەوەرزییەکانو لەشکری سووردا ڕێکخستو چەکدار کرد.
بەو شێوەیە شۆڕشی درێژخایەن، سەرەڕای بەربەرچی توندی زۆرینەی ڕێبەرایەتی حیزبەکەو پێناخۆشی ستالینو لێخستنی (مار)یش هەر هەڵگیرسا. لادێکانو جووتیارانو شاخەکانیش بوونە بنکەو بۆتەی شۆڕش نەک کارگەو شارەکان، ئەگەرچی بزووتنەوەی کرێکارانو حیزبی کۆمۆنیست، پشتیوانی ئینتەرناسیۆنالیزمو چەندین هۆی یارمەتیدەری دیکەشی هەبوو... بۆ؟ چونکە:
- چین بارودۆخی تایبەتی خۆی هەبوو، نەدەبوو ببنە دیلی یاسا گشتییەکان.
- بزووتنەوەی جووتیاران دژی دەرەبەگەکان دەخرۆشا.
- شۆڕشی چەواشە توانای شکانی ڕاپەڕینی ناو شارەکانی هەبوو.
- شۆڕشی کشتوکاڵی پەکی خرابوو.
- حیزبی کۆمۆنیست دەیتوانی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی خەڵک بکات.
- وڵاتەکە وڵاتێکی پانو بەرین، فروان، چونیەک گەشە نەکردوو بوو.
- ئیمپریالیزم، جگە لە تێکشکانی لە شەڕەوی دووچاری قەیرانی ئابووریو سیاسی قوڵیش هاتبوو.
- چین خاوەنی ئەزموونێکی مێژوویی زەبەندی خەباتی چەکدارانەی دەشتودەرەکانی بوو.
- دوژمنێکی بەهێزو دەرەبەگایەتییەکی قودرەتمەند، جوتیارانی کەم هێزو چەوسێنەریان هەبوو.

ئەوانە تێکڕا خەسڵەتەکانی شۆڕشی درێژخایەنی چین بوون کە وایانلێکرد بتوانێ لە مێژوودا، هەلومەرجێکی مێژوویی بقۆزێتەوەو حیزبی کۆمۆنیست سەرکردایەتی سەرکەوتووترین شۆڕشی درێژخایەن، وەکو خەباتی گەلانی لاوازی ژێردەستە دژی دوژمنانی بەهێزی چەوسێنەر بکاتو سەر بخات. هەریەکە لەو خاڵانە چینوەیەکی گرنگی چوارچێوەی شۆڕشەکەیە، بەگشتیش کۆکو ناکۆکن، تەواو نا تەبان، باشو خراپن، نیوەیان لە قازانجی دوژمنو نیوەکەی دیکەیان لە قازانجی شۆڕشن. بە هەموشیان بارودۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسیو عەسکەریو تۆپۆگرافی چینیان پێکهێناوە. ڕێبەرایەتی ژیری شۆڕشەکەش چێوە چێوە ورد هەڵیڕوانیوەتە بنچینەکانی چۆنیەتی بەرپاکردنی شۆڕشەکەو گۆشەگیرو خۆشباوەڕ نەبووە، لاسایی هیچ لایەکی نەکردووە، تەنیا لایەنی باش یان لایەنی خراپی نەبینیوە. داهاتووی دیاری کردووەو بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی تەواوی ڕووە کۆمەڵایەتیو سیاسیو عەسکەریەکانی پێواوە. دوای سەرجەمی ئەو ڕاستیانە ئینجا بڕیاری بەرپاکردنی شۆڕشی درێژخایەنی وەکو یەکەمین ئەزمونی شۆڕشگێڕیی نوێ، داوە:

هەروا هەڕەمەکی، سەرپێیی، بە حەزو ئارەزوو، بۆ دەرکردنی ناوو ناوبانگ، یان بۆ داپۆشینی تاوانی کۆنو هەڵڕشتنی ڕقی کۆن یاخود بۆ قەرەبووکردنی لادانو بادانی ڕابردوو یان بە تەمای ڕێکەوتی سیاسیو کودەتای عەسکەری قیروسیای لە هەڵگیرساندنی شۆڕش نەکردووە. کە شۆڕشیشیان کردووە دژی دەرەبەگو لایەنگری جووتیارانی هەژار بوون، زەویان داونەتێو یارمەتیان داوون، کۆمەڵەی هەرەوەرزیان بۆ پێکەوە ناوونو سەدان خەستەخانەو هەزاران کاری کۆمەڵایەتی، باش سەدان قوتابخانەو هەزاران پەناگاو سەدان تونێلی ژێرزەمینیان بۆ دروست کردوون.

ترباک کێشانو لێدانو زوڵم زۆریان قەدەغەکردووە، بێ ڕەوشتیان بە تاوان زانیوە. چەتەو چەتەگەریان تەفرو تونا کردووە. دەرەبەگو تفەنگچی دەرەبەگەکانیان: چەک کردووە، کشتووە، پاک کردۆتەوە، جگەلە هەوڵدان بۆ گۆڕینو پەروەردەکردنەوەیان. دیلیان نەک نەکوشتووە بەڵکو پەروەردەشیان کردوونو جاری واش هەبووە هەزارانیان لێکردوون بە پێشمەرگە. دزییان بە تاوانێکی گەورە زانیوە. جگەلەوەی نەیاندەهێشت کادرە سیاسیو عەسکەریەکانیان دزی بکەنو دزی ببێتە پیشەیان، بەڵکو سەدان جەردەی گەورەو بەناوبانگیشیان کە خاوەن سەدانو

هەزاران تفەنگچیش بوون، پاک‌کردۆتەوەو ناوچەی جوتیارانیان لێ ڕزگار کردوون. هەندێکیشیان پەروەردە کردووەو گۆڕیون. هی وایان هەبووە بۆتە سەرکردەی عسکەری بەناوبانگی شۆڕشەکەو خۆشەویستی خەڵک‌و پێشمەرگەش.

٤/٢- دیل... بەرە!

هاوشانی ئەوانەش، ڕێبەرایەتیەکەیان چارەنووسی شۆڕشەکەو چینیان خستۆتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەک، بۆیە سەرەڕای زیاتر لە ١٠ ساڵ جەنگی ناوخۆ، سەرەڕای کوشتنی هەزاران کۆمۆنیست‌و ماڵوێرانییەکی بێ ئەندازە، هەرکە هەلی (بەرەی یەکگرتووی نیشتمانی) دژی دوژمنی سەرەکی، ژاپۆن، هەڵکەوت، حیزبی کۆمۆنیست نەک بەو بیانووەی مادام ژاپۆن دژی کۆمینتانگە جەنگی ناوخۆی قوڵتر نەکردو نەک ئەو هەلەی بەهەل نەزانی بۆ تۆڵە لێسەندنەوەی کۆمینتانگ کە دوژمنی سەرسەختی کۆمۆنیزم‌و کۆمۆنیستەکان بوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە. کە ژاپۆن هاتە ناو سەرزەمینی چین، وێڕای بەهێزیی‌و باڵادەستێتی حیزبی کۆمۆنیستی چین، قاڵ‌وقوڵی ئەزموونەکان بوو بوو هیچی ئەوانە لە شارێبازی نیشتمانی وێڵیان نەکردو دەستبەجێ دروشمی یەکگرتنی لەگەڵ کۆمینتانگ‌دا دژی داگیرکەرانی بێگانە بەرزکردەوە.

> ئەوکاتەی ژاپۆن لەشکرکێشی کردە سەرچین لەناو سوپای دەوڵەتی چین‌دا ناکۆکی قوڵ لەسەر هەڵوێستی ڕاست بەرامبەر ژاپۆن تەقیبوو‌ەوەو هەرچی (شان کای شیک) بوو تێکشاندنی شۆڕشی ناوخۆی لە ڕووی عەسکەرییەوە لەلا گرنگتر بوو. لە ڕێگای دیبلۆماسیەتی (کۆمەڵەی گەلان)یشەوە دەیویست شکات لەدەستدرێژی ژاپۆن بکات. ئاکام ناکۆکیەکە تەقیەوە لە شارێکدا تیپێکی نیشتمانپەروەر شان کای شیک/یان بەدیل گرت‌و تیپەکە پێوەندی نهێنی بە شۆڕشی چەکدارییەوە هەبوو. سەرسەختترین دوژمن گیراوە، هەلێکی گەورە بۆ تۆڵەسەندنەوە ڕەخساوەو سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیست کەوتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی: بەرگری لە نیشتمان، یان تۆڵەسەندنەوە لە کۆنەپەرستێکی کۆدەتاچی؟ ئەو دووڕیانە مێژووییانە، ژێری ڕێبەران لە داهێنکردنی چارەنووسی گەلان‌دا بڕیار دەدەن.

دەرکردنی ژاپۆن و رزگارکردنی نیشتمان و کوشتنی دوژمنێکی سەرسەخت. هەڵوێستی شۆڕشگێڕێتی و هەستی تۆڵەسەندنەوە ڕق و قین لە مەحەک دەدات. هەڵبەتە خەڵکی قیناوی تۆڵسێنی قوڵ و قاڵ نەبوو لە ئەندێشەی شارستانی (کە هەر هەمووی ڕەوشتی چینەچەوسێنەرەکانن) قینی خۆیان دەخەنە بان بەرژەوەندی نیشتمانی و میللەت و بیروباوەڕەوە، بەپێچەوانەشەوە، ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکان گۆشەنشینی تۆڵسەندن لەپێناوی سەرکەوتن، ناکەنە خەڵوەتی خۆپەرستی و قین هەڵڕشتن.

بۆیە: حیزبی کۆمۆنیستی چین گرتنی شان کای شیکی بەهەڵنەزانی بۆ تۆڵەسەندن لە بکوژی هەزاران کۆمۆنیست، بەڵکو بە هەلکەوتی زانی بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی هێزە شۆڕشگێڕو نیشتمانییەکان دژی ژاپۆن وەکو دوژمنی سەرەکی.
حیزبی کۆمۆنیست لەم هەلومەرجە چارەنووس سازەدا لەپێناوی نەهێشتنی شەڕی ناوخۆو یەکگرتنی ڕاستەقینە (شان کای شیک)یان نەگرت ئەشکەنجەی بدەن، نەیان شکاندو هەوڵی ناوزڕاندنیان نەدا، بەڵکو ڕێزیان گرت و بەهەڵمداوان کەوتنە کۆششی ڕێکەوتن لەگەڵیا. با سەرنج بدەین دووەمین ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیست و شۆڕشەکە (شوئن لای) چۆن چۆتەلای دوژمنە گیراوە سەرسەختەکەیان:
پاش کەمێ لە گەیشتنی وەفدیکۆمۆنیست، سەرۆکەکەی شوئین لای بەرەو چاوپێکەوتنی شان کای شیک چوو کە بە تەواوەتی بەم چاوپێکەوتنە شڵەژا بە تایبەتی تەندروستی کەمێ تێکچووبوو نەفسیەتیشی ئاکامی ڕووداوەکە لەقیبوو. دەم و چاوی لەترسا لەکاتی چاوپێکەوتنەکە زەرد هەڵگەڕا، چونکە شوئین لای ڕاسپێردراوێکی سیاسی پێشووی لای ئەو بوو. ساڵی ١٩٢٧یش ٨٠ هەزار دۆلاری کردبووە خەڵاتی کوشتنی، بەڵام شوئین لای چووە هۆدەکەوەو سڵاوی برادەرانەی لێکرد <٦>.
نهێنی لەم ڕەفتارو لەم جۆرە هەڵوێستە چییە؟ ئایا ڕووداوی مێژوویی وا لەخۆڕا بێ بنچینەی چینایەتی و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە ڕوو دەدەن یان نەخێر؟

<٦> ادغار سنو. النجمة الاحمر فوق الصين، الراحل الاول من تأريخ الثورة الصينية. ترجمة كمال ابوالحسن و كمال ابوالعزة، ص: ٤٦٧

وەلاّمیش ئەوەیە لەم سەردەمەدا چونکە شۆڕشگێڕەکان لە پاشەڕۆژی سیاسەتەکانیان دڵنیان‌و بابەتیانە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنن بۆیە: کە بۆرژوازیەکی دوژمنی سەرسەختیشیان دەگرن، لەپێناوی بەرژەوەندی بەرزی نیشتماندا بەو شێوەیە لە تەکیا دەجوڵێنەوە. کورت‌و مت پێچەوانەی ئەمەش بۆرژواکان لەبەر ئەوەی بێ ئایندەی چینایەتین، بۆیە کە شۆڕشگێڕێک دەگرن، ئەگەر کەسێشی لێ نەکوشتبێ‌و هەوڵی دۆستایەتیشی‌دابێ ئەشکەنجەی دەدەن‌و ڕەفتاری ناجوامێرانەی لەگەڵا دەکەن‌و هەوڵ دەدەن بە تەواوەتی لە مەترسییەکەی ڕزگاریان بێ. لەبەر ئەو ڕاستییە سیاسی‌و ئایدیۆلۆژیانە:

ـ ئەگەر شۆڕشی درێژخایەنی چین ئەو حیزبە ڕێبەرایەتی نەکردبا‌و ڕێبەرو ڕێبەرایەتییەکەی بەو چەشنە هەڵنەسوڕابان، هەرگیز نەدەکرا یەکەمین ئەزموونی شۆڕشی درێژخایەن سەربخرێ.

ـ بەڕاستی ڕێبەرایەتی شۆڕشەکە دژی دەرەبەگ‌و لایەنگری جووتیاران نەبایە، زەویان پێ نەدابان‌و خزمەتیان نەکردبانایە. (١٤٣٣) کۆمەڵەی هەرەوەرزیان بۆ دانەنەزراندبان، ئەو شۆڕشە لە سەدان پێشمەرگەوە، نەدەگەیەندرایە چەندین ملیۆن.

ـ وڵاتەکە پان‌و پۆڕ، فراوان‌و فرەجۆر نەبایە، تۆپۆگرافییەکەی بۆ شۆڕشی درێژخایەن نەگونجابایە، قەت شۆڕشەکە بەرامبەر بەو شاڵاوانەی بە گەورەترین هێز دەکرانە سەری، بەرگەی نەدەگرت‌و سەریش‌نەدەکەوت. بۆ نموونە: پاش چوار هەڵمەتی چەندین ملیۆنی دەوڵەت، شۆڕشەکە بەرگەی پێنجەمین هەڵمەتی نەگرت، بڕیاری ڕێپێوانی گەورەی‌دا (المسیرە الکبری). لەم ڕێپێوانەدا توانی سەرکەوتوانە (٦ . . .) میل لە دژوارترین پاشەکشەدا ببڕێ. پاشەکشەش (٢٣٨) ڕۆژی خایاندووە. هەموو ڕۆژێکیش تووشی شەڕ بوون، (١٥) ڕۆژی شەڕی ئێجگار سەختیان تێدا کراوە. حەوانەوەی زۆر کەم بووە. بە (٢٨) زنجیرە شاخی سەختدا هەڵشاخاون کە پێنجیان، چوار وەرزە بەفریان لێ‌نەبڕاوە، ڕووباریان هاتۆتە ڕێ. سنووری (١٣) ولایەتیان پێواوە. سەرەڕاش (٦٢) شاریان ڕزگار کردووەو بەناو لەشکری (١ .) ڕەوە جاشی گەورەشدا تێبەڕیون. کاری مێژوویی وا بۆ شۆڕشێ کە لەسەرەتای پاشەکشەکەدا سەدان هەزار پێشمەرگە بوویێ، باری سەنگین‌و چەک‌و جبەخانەیشی گواستبێتەوە، ئەگەر لە فیلمدا ببیندرێ ڕەنگە هەر بە فیلم بزاندرێ. بەلاّم لە بوونی سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕو لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی فراوانی چینە شۆڕشگێڕەکانداو لەسەر زەمینێکی پان‌و پۆڕی وەکو چین‌دا،

سەرکەوتن دێنێتەدی. بۆ نموونە:

ئەگەر چین ڕوپێوەکەی (... .٧٨ ٩) کیلۆمەتەر دووجا نەبایە، بەڵکو نیوەی ئەو ڕوپێوەش بایە، مەگەر لەخەوا پاشەکشەکە سەرکەوتبایە، عەلبەتە پاشەکشەکەش نەگەیەندرابایەتە ئاکام، شۆڕشەکە دەبەزی.

تێکڕای ئەو ڕاستییانە بنچینەییەکانی شۆڕشی درێژخایەنی سەرکەوتووی چینن کە بوو بە ئاقارێکی سەربەخۆی ئاقارەکانی ڕزگاری گەلان. دیارە وێڕای ئەم بنچینانە کە ڕێبەرایەتییەکەیان زانستییانە دەستنیشانیان کردبوون و تیۆری شۆڕشی درێژخایەنیان لەسەر داڕشت، نابێ فاکتەری دەرەکیش کە ڕۆڵێکی یارمەتیدەری کاریگەریان لەسەرکەوتنەکەدا هەبووە، لەبیربەرین. لەپێشدا یارمەتی شورەوی کە بەدرێژایی شۆڕشەکە سەرەڕای جیاوازی هەڵوێستی ستالین لەسەر شۆڕشەکەو ستالینییەتی پێڕەو لێکراوی کوێرانەی ئەوکاتە. بە حوکمی سەرکەوتن و پێشکەوتنی بابەتییانەی شۆڕشەکە کە خۆی بەسەر ڕای گشتی جیهاندا سەپاندبوو، یارمەتییەکە نەدەبڕایەوە ئەمە جگەلەو پشتیوانییەی ئینتەرناسیۆنالیزمیش.

هەڵومەرجی جیهانیش لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهاندا بەتایبەتی ئەوەدەمە ژاپۆن هاوپەیمانی نازیو فاشییەکان بوو یارمەتیدەرێکی سیاسی و عەسکەری ئاوالای شۆڕشی چیندا کە بتوانێ بێ ترس و مەترسی یارمەتی لە هەموو لایەک وەربگرێ، بە دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانیشەوە، بەبێ ئەوەی لە تۆمەتی وابەستەیی ئیمپریالیزم بسڵەمێتەوە.

٥/٢- گەڕانەوە بۆ ڕابردوو

لە داڕشتنی تیۆری شۆڕشی درێژخایەن و جەنگی پارتیزانیدا، ماوتسی تۆنگ سودێکی زۆری لە سەرچاوە کلاسیکییەکانی جەنگ وەرگرتبوو بەتایبەتی خودی چین کە وڵاتێکی پڕ لە ئەزموونی دێرینەی عەسکەری بووو بۆ یەکەمین جاریش لە مێژوودا لەو وڵاتەدا، کۆنترین سەرچاوەی جەنگ و جەنگین لەلایەن ئەندێشەمەندی عەسکەریی بەناوبانگی چین (سن تزو)وە بەناوی (هونەری جەنگەوە) نووسراوە. گرنگی ئەم کتێبەش جگەلەوەی یەکەمین کتێبی جەنگە، لە زانستی جەنگی کۆڵیوەتەوەو بەرنامەی عەسکەری بۆ جەنگ داڕشتووە. کتێبەکە لە ڕووی ڕەوتی مرۆڤایەتیشەوە بۆ زەمانی خۆی بەرزو پیرۆزە. (سن تزو) لەو سەردەمە کوێرەوەرییەدا، سەردەمی خوێنمژینی کۆیلەو جووتیاراندا، سەردەمی گۆشت و

گوێرەی بەرژەوەندی ئەوان ڕێبازی عسکەری دانەرشتووە ڕەفتاری ئەوانی نەکردۆتە بنەمای تیۆرییەکەی. بەڵکو:
ڕێنوێنی جەنگاوەرو فەرماندەی چەکداری کردووە کە جەنگ و جەنگین، هەڵمەت و سەرکوت، لە مرۆڤ دۆستی و مرۆڤایەتی، دادپەروەری و ڕەواخوازی جیانەکەنەوە. هانیداوون: دڕندە نەبن، بێگوناه نەکوژن و لەگەڵ دیلدا ڕەفتاری جوامێرانە بکەن. بیست و چوارسەدە واتە دوو هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر ئەندێشەمەندی ئەوانەی گوتبێت هەتا حەزبکەین گرنگە.
ماو: جگەلەوانە کەڵکی لە هەزاران ڕووداو، سەرگوزشتەی کۆن و پێشینان وەرگرتووەو ئاوێتەی گوتارو گوتەکانی کردوون. پێکەوەی بەستوون و لە بۆتەی پێویستییەکانی سەردەمدا زاخاوی داوون. سەرەنجامی سەرجەمی ئەو ڕاستیبە مێژوویی و پەندو سەرگوزەشتە بە نرخانەش بلیمەتانە (ماو) پەرەی بە جەنگی پارتیزانیداو کریە تیۆری سەربەخۆی شۆرشی درێژخایەن وەکو ئامرازێکی کاریگەری دەستی گەلانی ژێردەستەی بێهێزو لاواز دژی دوژمنانی سەردەستەی بەهێزتر بە مەرجێک تیۆرییەکە لەگەڵ هەلومەرجی گشتی و تایبەتییاندا بگونجێ.
بۆماوەیەکی زۆر ئەم ڕێبازەی شۆڕشی درێژخایەن گەر نەشبووبێتە یاسای گشتی خەباتی گەلان ئەوا هاوشانی پارتی پێشڕەوو بەرەی نیشتمانیی وەکو یاسا پێڕەوییان لێدەکراو چەندین میللەتیدیکەی ژێردەستەی جیهان پابەندی بوون، هەندێکیان سەرکەوتن و زۆریەش چەواشە بوون!*
ئەو گەلانەی توانیان یاسا گشتی و تایبەتییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕزگاری بدۆزنەوە، هەلی باری بابەتییان تێکەڵاوی باری خۆیی و تایبەتی کردبێ، سەرکەوتوون، لەوانە: گەلی ڤێتنام، جەزائیر، کوبا، لاوس و کامبۆدیا، ئۆگاندا، هەروەها چەندین میللەتی دیکەیش شۆڕشی درێژخایەنیشیان گرتەبەر، قوربانییەکی زۆریشیاندا و ئازایەتییەکی باشیشیان نواند، بەڵام ژێرکەوتن، وەکو: یۆنان، ئیسپانیا، مالیزیا، بۆلیڤیا، ئەرجەنتین، کۆلۆمبیا، پیرۆ، بەرازیل...تاد.
ئێستاش چەندین میللەتی دیکە پێڕەوی لە شۆڕشی درێژخایەن دەکەن و

* هەتا ئێستاش وا باوە گوایە زۆربەی شۆڕشە چەکدارییەکان سەرکەوتوون. بەڵام بە پێچەوانەوە زۆربەیان بەزیون. (لە کۆتایی کتێبەکەدا لە حەوت پاشکۆدا ئەم ڕاستیە دەسەلمێنین)

بەردەوامن لەسەر ڕۆیشتنی وەکو:

کوردستان، فەلەستین، تامیل، فلیپین، بۆرما،پیرۆ، سلڤادۆر. هەر لەم ساڵەدا جەنگی ناوخۆی ئۆگاندا بەلاداکەوت و دوژمنیان شکاند. بەرەی ساندینسیاو سەرکەوتنەکەی بەناوبانگە.

بێگومان ڕێبازی شۆڕشگێرانەی شۆڕشی درێژخایەن کە لەیەکەم هەڵمەتیدا سەرکەوتبێ و دوای ئەوەش لە چەندین وڵاتی دیکەدا بە ئامانج گەیشتبێ، هەر ئەوەی لێچاوەڕوان دەکرێ هەتا ئێستاش، کەم و زۆر کارایییەکەی مابێ و پێڕەوو پێناوی هەبن. مشت‌ومڕی لەسەر بکرێ و بخرێتە ناو باس‌وخواستێکی گەورەوە. ئەمەش دیاردەیەکی نامۆنییە. چونکە ئێستاش دیاردە لاوەکی و فەلسەفە دژێوەکان بە گەرمی لێیان دەکۆڵرێتەوە کە هەندێکیان زیانیان لە قازانجیان زیاترە، ئیدی چۆن ئەم تیۆرە عەسکەرییە شۆڕشگێڕییە لەکاتێکدا هێشتا دەیان میللەت ژێردەستەن و ناچاری ئەم تیۆرەیان دەکەن لێی نەکۆڵرێتەوەو پێڕەونەکرێ؟ بەڵام داخۆ ئەنجامەکەی گەیشتۆتە کوێ؟ زانینی ئەمەیان گەلێ گرنگە هیواداریین لەناو باسەکەدا، وەڵامی ئەم پرسیارە ڕووناکی خرابێتەسەر.

رشتەی سێیەم

٣- ڕێبازی جیاوازی پارتیزانی

ئەوەی ڕوونمان کردەوە کورتەیەکی چەمکی جەنگی پارتیزانیو شۆڕشی درێژخایەنی وڵاتی چین بوو، کە لە چەندین وڵاتی دیکەشدا بەشێوەیەکی گشتی چاوی لێکراو ڕێبازە عەسکەرییەکەی سەرپشخرا، بگرە پەرەیشی پێدرا بەتایبەتی لە کۆریاو ڤێتنام‌دا کە سەرکەوتنی گەلی‌ڤێتنام زیاتر لە ٣٠ ساڵو هی کۆریاش ٢٠ ساڵ زیاتری خایاند.

ئەم وڵاتانە لە جەنگی پارتیزانی بچووکەوە دەستیان پێکردو بەرە بەرە بەرەو جەنگی پارتیزانی گەورەتر، هەروەها بۆ جەنگی بزووتەو جەنگی بەرگری ستراتیژیو جەنگی هاوتایی ستراتیژیو دوا قۆناغیش، جەنگی هێرشی ستراتیژی کە تیدی شارەکانو پایتەختیان گەمارۆ دەداو دوا بەرهەڵستی دوژمنیان تێکوپێک دەشکاندو ئاڵای سەرکەوتنیان هەڵدەکرد.

وەکو ڕوونیش‌کرایەوە لەو وڵاتانەدا باری بابەتیو باری خۆیی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش هەبووە کە پێویستیشی کردبێ بەرەی نیشتمانیو شێوەی خەباتی جۆراوجۆری‌دیشیان داهێناوە. ئەوانە تێکڕا لەناو بزووتنەوەی بەرینی جەماوەری جووتیارانو هەر خەڵک دژی ستەمکاران کاریان بۆ کراوەو سەرخراون. سەرکەوتنەکەش بەبێ پشتیوانی بێ درێغی ستراتیژیو هەلومەرجی هەڵکەوتووی جیهانیی نەهاتۆتەدی. سەرەڕای سەرجەمی ئەو ڕاستییە چارەنووس‌سازانە شۆڕشی هاوچ‌کام لە وڵاتانی خاوەن ئەزموونی شۆڕشی درێژخایەن، (٢٠) ساڵ کەمتریان پاش قوربانیدانی سەدان هەزار شەهیدو ئەشکەنجەدراو، خاپوور بوونی هەزاران شارو

شارۆچکە، گوندو دامەزراوی ئابووری بۆ سەرکەوتن نەویستووە. (پاشان دێینە سەر پشتیوانیو توانای دوژمنان) ئەمانە وا، جگە لەم ئەزموونانە لە ولاتانی دیکەدا شۆڕش بە ڕێبازی جیاوازیدیکەیشەوە هەڵگیرساوەو سەریشخراوە. ئەمانەش بۆخۆیان مایەی باسێکی گەرمن بگرە ڕای واش هەیە ئەم شۆڕشانە بەوەدەزانن لە یاسای شۆڕشەکانی چینو ڤێتنامو مانەندەکانیان ترازاونو بە ڕێبازی سەربەخۆیان لە جیهاندا دەزانن. ئەمەیان چۆنەو چۆن نییە؟ دەبێ ڕوانگەیەکیان لەسەر بکەینەوە.

۳/۱- یەکەمیان، کوبا

(۵۰۷) ساڵ لەمەوبەر(۲۸/ی ئوکتۆبەری ۱٤۹۲) سەوڵی کەشتییەکەی (کریستین کۆلۆمبس) بەربەستێنی دوورگەی کوبا کەوتو ناوی ولاتی (کوبا). وەکو ولاتێکی ئەمریکای ناوەند کەوتە ناوانەوە.

لە دۆزرانییەوە هەتا ساڵی (۱۸۹۹) تاقە ساڵی ۱۷٦۲-۱۷٦۳ لەژێر دەسەلاتی ئینگلیزدا بووە. ئەگینا باقییەکەی (٤۰۷) ساڵی ڕەبەق ئیسپانیەکان داگیریان کردووە. پاش ئەوە ولاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا، هێزی تێدا پیادە کردووەو هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی رزگاری، لەژێر دەستی خۆیو بەکرێنگیراوانیان بووە.

داگیرکردنو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لەمێژەو کۆبایەکانی هانی خەبات لە ساڵی ۱۸٦۸ بۆ ماوەی (۱۰) ساڵ دابوو. لەم (۱۰) ساڵەدا ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی خوێناوی بەرپاکراوەو (۸۰) هەزار ئیسپانیو (٤۰۰) هەزار کوبایی کوژراون. ساڵی ۱۸۹٥ دیسان ڕاپەڕینو شکاونەتەوە. سێ ساڵ پاش ئەم ڕاپەڕینە شکستخواردووە بە پشتیوانی گەرمی ئەمریکا، ئیسپانیایەکانیان دەرپەڕاندووە. لەگەڵ ئەمریکاپش هەمیشە لە کێشەو شەڕوشۆڕدا بوون. چونکە ئەمریکا لە ئیسپانیا داگیرکەرتر بووە. سەرەنجام کوبا لە ساڵی ۱۹۳۳وە کەوتە دەست (باتیستا)ی دیکتاتۆرو هەمیشەش لەو ساڵانەدا مانگرتنو ڕاپەڕین بەردەوام بووە، گرنگترین ڕووداوی سیاسی کە دیکتاتۆرییەتی باتیستای لە مەحەکدا، هەڵبژاردنی ساڵی ۱۹٥۲ کە سێ کەس کاندیدی سەرەک کۆماری باتیستا سێیەمین دەنگی هێنا. وەکو خووی دیکتاتۆرەکان، دەانی بە دۆڕانی خۆیدا نەناو دەستی بەسەر گەورەترین پادگانی (هاڤانا)ی پایتەختی ولاتەکەدا گرتو بە کودەتا ئاکامی هەڵبژاردنەکەی بەتاڵ کردەوەو خۆی داسەپاند. ئەوکاتە: کاسترۆ... پارێزەرێکی ۲٥

ساڵە دەبێ لە میتینگێکی ئاسایی هاڤانادا داوای سزادانی باتیستای کردووە، چونکە: بڕگەی شەشەمی بەرگری کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی بەو کودەتایە پێشێل کردووە. لەبەشێکی ئاخاوتنەکەیدا دەڵێ: لۆژیک دەڵێ ئەگەر لە کوبادا دادگاو دادیاری هەیە دەبێ باتیستا سزا بدریو ئەگەر باتیستا سزا نەدری‌و هەروەها درێژە بەکاری خۆی بە ناونیشانی سەرپشکی وڵاتو سەرۆکی کۆمارو سەرەک وەزیران‌و سیناتۆر جەنەراڵو سەرۆکی کاروباری سەربازی‌و داودەزگاکانی دیکەی وڵاتو دەسەلاتی تەنفیزی‌و دەسەلاتی یاساپێزی‌و خاوەن‌و خاوەنداریتی گیان‌و ماڵی تەواوی خەڵکی کوباو خاوەنی تەواوی مەزرای ئەوان بدات لە حاڵەتی وادا دادگا نامێنێ. بەڵکو ئەم دادگایە سەرکوت‌و خاش دەبێ. تا ئەمە ڕاستییەکی هەراسانکەر نییە ‹٧›.

بێگومان گوتەی ئاگراوی‌وا لە ئاڵۆزترین دۆخی کوبادا، خاوەنەکەی لەپاشەڕۆژدا دەکاتە خاوەنی شۆڕش، هەروەهایش بوو. پاش ئەو میتینگە ناوبانگی کاسترۆ فڕی، کوبا هەتا دەهات دووچاری قەیرانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و عەسکەری پتر دەبوو. حیزبە سیاسیەکانیش تێکڕا هەر لایەک لە ڕوانگەی چینایەتی خۆیەوە کەوتبوونە تێکۆشان، لەناو ئەو حیزبانەدا (حیزبی کۆمۆنیست) بەهێزترین‌و کاریگەرترین حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکای لاتین بوو. یەکەمین حیزب بووە توانیویتی لە کابینەیەکی نیشتمانی‌دا هاوبەشی بکات. لەساڵی ١٩٢٥بەشەوە دامەزراوە. بەڵام ئەم حیزبەش هەروەکو حیزبە ڕێڤیزیۆنیستەکانی دیکەی جیهان، پەتای لە شۆڕش ترسان گرتبووی.

ساڵی ١٩٣٤ لە ڕاپەڕینێکی گشتی چەکدارانەدا. ڕژێمی دیکتاتۆری (ماکادۆ) ڕوخێندراوە. کەچی حیزبی کۆمۆنیست لە ترسی ئەوەی گوایا نەوەکا ئیمپریالیزم دەست تێوەرداتە ناو کوباوە خۆی لە ڕاپەڕینەکە دزیوەتەوەو داواشی لە کرێکاران کردووە واز لە ڕاپەڕینەکەیان بهێنن ئەم سیاسەتە ڕاستناژۆیەی حیزبی ناوبراو درێژەی درایەو هەوڵیان دەدا لە ڕێی ڕیفۆرم‌و پەرلەمانەوە، گەشە بە وڵات بدەن‌و ژانی سیاسی خەڵک کەم بکەنەوە. ئەوەی بیریان لێ‌نەکردەوە ئەرکە بنەڕەتیەکەی سەرشانیان بوو ئەویش: ڕوخاندنی بۆرژوازییەتە لەڕێی شۆڕشەوە. لەم وڵاتەشدا،

‹٧› منوچهر کمالی طه. مسائل نیمکره غربی. کوبا. کاسترو انقلاب. موسسه انتشارات امیر کبیر، تهران ١٣٦٦ص: ٣٢٨و٣٢٩.

چارەنووسی خەڵک ڕێگای شۆڕشگێڕانەی خۆی پێچەوانەی ڕاستئاژۆیی ریڤیژینیستەکان دۆزیەوەو نەدەکرا میللەتێک داهاتی تێکڕایی ساڵانەی هەرکەسێکی (٣١٢) دۆلار بێ، لەکاتێکدا هی داگیرکەرەکەی کە (١١٢) میلیش لێی دوور بێ داهاتی ساڵانەی هاوولاتییەکانی (٢٢٢٩) دۆلار بێ واتە دەورووبەری حەوت بەرامبەر. نەدەکرا میللەتی برسی‌وا لەبەرامبەر داگیرکەری خوێنمژی وادا بیر لە شۆڕش نەکاتەوەو بە ئومێدی پەرلەمان‌و تەفرەخواردووی دروشمی ڕیڤیژینستەکان مان نەگرێ، ڕانەبەری‌و شۆڕش هەڵنەگیرسێنێ، نەکا ئەمریکا دەست‌وەرداتە نیشتمانەکەیان.

٢/٣- شۆڕشی بێ پێشڕەو

گوترا بەهێزترین حیزب، حیزبی (کۆمۆنیست) بووە. ئەمیش لە شۆڕش ترساوە! لەبری هاندانی جەماوەرو ڕەخساندنی زەمینەی شۆڕش بە پێچەوانەوە کە جەماوەر کەوتۆتەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە ئەم حیزبە ساردی کردوونەتەوە، واتە: باری بابەتی لە کوبادا هەڵکەوتووە، بەڵام بارە خۆییەکە لەباری بردووە. هەر بۆیە ئەگەر بە یاسای گشتی‌و بابەتی‌بایە، دەبوو شۆڕش لەکوبادا هەرگیز بەرپا نەکرابا، کەچی واش‌دەرنەچوو!

ڕاستە لەکوبادا حیزبی پێشڕەو نەبووە جڵەوی خەباتیش بەدەست حیزبەوە نەبوو. هەروەها کوبا وڵاتێکی پان‌وبەرین‌و خاوەن گەلێکی زۆریش وەکو چین نەبووە. هاوسنوورە دەریای ئەمریکاش بووە کە سەرکردەی ئیمپریالیزمە. تەواوی ئەوانە ڕاست‌و دروستن. بەڵام لە بەرامبەر ئەو ڕاسییانەدا کوبا بارودۆخێکی تایبەتی جیا لە بارودۆخی چین‌و ڤێتنام‌و کۆریا شۆڕش بزوێنی بووە.، ئەویش:

- جۆشخواردنی خەڵکی شارەکان بووە دژی ڕژێمی نەفرەت لێکراوی باتیستا.
- جووتیارانی لە کێڵگەی گەورەی ڕژێمدا لەژێر باری خراپترین چەوسانەوەدا ناڵاندوویانەو کێڵگەی شەکریش بەشێکی هەرە گرنگی ئابووری کوبا بووە.
- سەرجەم حیزب‌و لایەنە سیاسی‌و پیشەییەکان، سەندیکاو کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان، ئۆپۆزیسیۆن بوون.
- هەرچەندە ڕژێمەکە دیکتاتۆری بووە، بەڵام لە ڕووی چەکەوە بەهێز نەبووە.
- جەماوەری وڵاتەکە خاوەن ئەزموونێکی خەباتی مێژوویی بوون‌و گیانی شۆڕشگێڕیەتییان پتەو بووە.

تەواوی ئەو پرێنسیپانەو هی دیکەیش، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خستبووەگەڕو کوبایان کردبووە بنکەیەکی شۆڕشگێڕانەی ئەمریکای ناوەندی بۆیە: هەڵیەکی کوشندەیە وا بزاندرێ لە کوبادا لە خۆڕا یان تەنیا بە پێکەوەنانی هێزی پارتیزانی توانراوە ڕژێمی باتیستا لە پەنای ئەمریکادا بڕوخێندرێ. لێکدانەوەی وا بەهەڵچوونو بەهەڵبردنێکی گەورەی تیۆری خەڵکە. چونکە بۆچوونی وا بناغەی زانستی نیەو زۆر جار بووشەتە مایەی تێکشکانی گەلێ لایەنی چەپو بزووتنەوەی چەکداری لە چەندین ناوچەدا. شۆڕشی چەکدارانە، پرۆسەیەکی عسکەری دابڕاو لە باقی دیاردەو دەرکەوتەکان نییە، گرێدراوی پێوەندییە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانە. بەڵکو لەوانیشەوە هەڵدەقوڵێو بە هۆی ئەوانیشەوە سەر یان ژێر دەکەوێ.

هەن، پارتیزانو پارتیزانی بە سوپەرمانو سوپەرمانێتییەتی تێدەگەن پێیان وایە: تفەنگو ئاڵای سوورو ئەستێرە سەرکەوتن بەدەست دێنێ بۆچوونی واش لە لایەن تیۆریسیەنو نووسەرە بانچەپەکانەوە لەناو لاوانی چەپو چەپاویدا بڵاودەکەنەوە. بە تایبەتی تێزە نەزۆکەکانی (ڕۆژێ دوبریە)و تاڕادەیەک هی گیڤاراش کە لە جیهاندا بەناوی (البۆرە الثوریە) ناوبانگیان دەرچووە.

نووسەری بەناوبانگی فەلستینیش (منیر شفیق) لەناو دەوڵەتە عەرەبییەکانو شۆڕشی فەلستیندا گەلێ جار لێکۆڵینەوەی لەسەر جەنگی پارتیزانی وەکو یاسای نەگۆڕی ڕێبازی ڕزگاری گەلانی ژێردەستە دەنووسیو چەندین کتێبو نامیلکەی لەم بارەوە لە ئەندێشەی ڕێبەرانی پارتیزانی جیهانییەوە گوڵبژێر کردو لە کوردستانی بەشی عێراقیشدا ڕەواجیان دەدرایە، کەچی... ڕۆژێ دوبریە دەمێکە لەسەر پلەیەکی حیزبی سۆسیال دیموکراتی فەرەنسا بەسەرکردایەتی (فرانسوا میتران) خەریکی (بوێرە)ی بازاڕی هاوبەشە! (منیر شفیف) ناوی جارانی گومەو لەژێریشەوە خەریکی (مارکسی-اسلامی)یە.

لە کوبادا پاش ئەوەی کاسترۆ بوو بە سیمایەکی ناسراوی ئۆپۆزیسیۆنی چەپ، مارکسی نەبوو. لە حیزبی کۆمۆنیست یان هیچ حیزبێکی دیکەدا نەبوو. خۆی پاش ئەوەی لەڕێگەی دادگاو پەرلەمانو خۆپیشاندانو مانگرتن، بێ تاقەت بوو بوو، کەوتبووە ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی چەکدار لە ١٩٥٣دا وەکو شێوەیەکی دیکەی خەبات ڕێبازی چەکداری گرتەبەرو بە (١٧٠) جەنگاوەر هەڵمەتیان بردە سەر ئۆردووی هەزار کەسی (مۆنکا)دا. شکانو پاش شکستەکەش کشانەوە بۆ شاخی

(سیراماسترا-١٣٩٦ پێ بەرزە) دوای چەند ڕۆژێک لە دامێنی شاخەکەدا لەپرخەی خەونکی پاش شەکەتیدا، کاسترۆو دوو هاوڕێی دەگیرێن (ڕائول کاسترۆ)ی برای و چەند جەنگاوەری دیکە کە لە هەمان شاخدا خۆیان شاردبۆوە دوای گرتنی کاسترۆ تەسلیم دەبنەوە.

بەڕێکەوت کۆنە دۆستێکی کاسترۆ بەناوی (پەدروساریا) فەرماندەی ئەو سەربازانەی کردووە کە ڕێکچوونەتە سەر کاسترۆ. بڕیاریش بووە کە لەهەر کوێیەک دەبینەرێ دەست بەجێ بکوژرێ. کۆنە دۆستەکەیشی سەرەڕای ئەوەی عەسکەریش بووە بڕیاری کوشتنی پێ بووە، بەشی کوشتایە خەڵاتیش دەکرا بەڵام ویژدانی هاوڕێیەتی و مرۆڤایەتی بەبێ هیچ مەبەستێکی تایبەتی، ڕێگەی نەداوە تاوانی وا بەرامبەر کۆنە هاوڕێیەکی خۆی بکات. بە بیانوی پشکنینی گیرفانی کاسترۆ لێی نزیک دەکەوێتەوەو دەچپێنێتە گوێی کە: جارێ ناوی ئاشکرای خۆی نەڵێ. ئیدی کاسترۆش تێدەگاو کە دەشیگەیەننە هاڤانا ئاژانس و ڕۆژنامەو حیزبەکان ئاگادار دەبن، بەمەش گیانی ڕزگار دەبێ. لێرەدا جێی خۆیەتی دوو ڕاستی بخەینە ڕوو:

- دۆخی کوبا بە چەشنێ جۆشی شۆڕشگێڕانەی خواردووە، تەنانەت ڕێبەری بزووتنەوەی چەکداریش گیراوە، بە ئاشکرا نەیانتوانیوە بیکوژن. ئەمەش بۆ ڕێبەرێکی وەکو کاسترۆ کەم نییە هەتا نەزانێ چیدەکاو گەلەکەی چۆن ڕزگار دەکات.

- پەدروساریا بەوکارەی بەرامبەر کاسترۆ کردی ناوی خۆی بە زێڕ لە مێژووی کوبادا نەخشاند، پارەو پاداشت، پلەو پایە، کاریان نەکردبووە سەر ویژدانی نیشتمانی و مرۆڤانەی. جوامێری وا نەک پێچەوانەکەی هەمیشە دەدرەوشێتەوە.

پاش شکستی ئەم هەڵمەتە، کاسترۆ لە زیندان دەرباز دەبێ و لە پێشوو پتر دەبێتە شۆڕشگێڕی ناسراوی کوبا. دەچێتە دەرەوەو بەناوی ڕۆژی هەڵمەتەکەوە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە پێکەوە دەنێ. پاش خۆسازدانێکی گەرم، ساڵی ١٩٥٨ دیسان بزووتنەوەی چەکدار بەرپا کردەوە. بەرنامەی سیاسیشیان ڕێکخستنی تەواوی ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوبا بوو کە لایەنگری خەباتی شۆڕشگێڕانەو کۆماری دیموکراسی بوون. توانیشیان ئەم لایەنانە ڕێک بخەن:

١- بزووتنەوەی ٢٦ی حوزەیران ٢- حیزبی (ئەتن-تبکۆس) ٣- کۆمیتەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ٤- حیزبی کارگەران ٥- حیزبی شۆڕشی کوبا ٦- حیزبی دیموکرات٧- فیدراسیۆنی خوێندکاران ٨- ڕێکخراوی ئەفسەران٩- ڕاپەڕینی بەرگری.

ئەوانە، لەنێو خۆیاندا یەکێتییەکی تۆکمەیان دروست کرد. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستیان پشت گوێ خست. لەبەر ئەوەی دژی بزووتنەوەی چەکداری بوون‌و دەیانگوت: کاسترۆ کارەسات دەخولقێنێ‌و خەباتی کرێکاران لەبار دەبات پاشان حیزبی کۆمۆنیست بەرە بەرە هەڵوێستی خۆی گۆڕی‌و چەشنی لایەکی لاوەکی لەکاتی سەرکەوتندا حیسابیان بۆ کرا. ئەگەرچی سەرەڕای ئەو هەڵوێستەشیان بۆ ئەوەی بەرەی گەل کێشەی قوڵی تێنەکەوێ کاسترۆ نەیدەهێشت بە توندی دژایەتی بکرێن.

ئەو ڕاستیانە، کەوا بە کورتی خرانە ڕوو، دەریدەخەن کە شۆڕشی کوبا سەرچڵانە دەستی پێ‌نەکردووەو تەنیا بە (بۆئرە)بیریان لە سەرکەوتن نەکردۆتەوە (وەکو پاشان دەریسترا وا پیشان بدرێ) بەڵکو هێڵی سیاسی‌و یەکێتی سیاسی‌و ڕاپەڕینی خەڵکیشیان لەبەرچاو گرتووە ئینجا خەباتی چەکداریان بەرپا کردووە. ڕاستە شۆڕشە چەکدارییەکە پاڵەپەستۆیەکی کاریگەر بووە بۆ سەر ڕژێم، بەڵام تاج لەسەر دانانی سەرکەوتن، لە شارەوە، لە ڕێگەی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکەوە گەیشتە ئاکام، نەک تەنها بە لولەی تفەنگ. تەنانەت کە باتیستا سەرئەنجامی ڕاپەڕینێ جەماوەر، هەڵهاتبوو، سەرەتا کاسترۆ بە گاڵتەو پروپاگاندەی زانیوە، گوتبووی: هێشتا ئێمە لەسەرەتاداین. ڕاستیش ئەبووە ئەو کاتەی ڕژێم ڕووخاوە شۆڕشەکە تەنیا دوو هەزار پێشمەرگەی ڕێکخستووە. کەواتە: ئەگەر کاسترۆو شۆڕشگێڕانی کوبا بە ڕواڵەتی دیکتاتۆریەتی باتیستا هەڵخەلەتابان، هەرگیز بەو زووییە شۆڕشیان بەرپا نەدەکردو ئەو هەڵە هەڵکەوتوویەیان پێ نەدەقۆزرایەوە. ئیدی لەو وڵاتەدا وێڕای نەبوونی حیزبی پێشڕەو باری بابەتی شۆڕش بەتەواوەتی لەبار بووە، ڕێبەرانی شۆڕشەکە لەناو ئۆپۆزیسیۆندا ئەوپەڕی زیرەکانە هەڵسوڕاوون بۆیە سەرکەوتوون.

٣/٣- ئەمریکای لاتین

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی چەکدارانەی شاخەکان ڕاپەڕینی خەڵکی شارەکانی کوبا هاوشانی جەنگە پارتیزانی، وەکو ئەزموونێکی نوێ‌چەشن کاری کردە سەر هەستی سیاسی چەپ‌و خستتنیە سەر هەڵوێستی پیاچوونەوە بە ڕێبازە کۆنەکاندا، چەندین بۆچوون‌و لێکدانەوەی سیاسی-عەسکەری لەسەر سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا هاتنە ئارا. کە گەلاڵە تیۆرییەکەیان لەناو ئەو چەپانەدا لە: (البؤرة الثورية)دا

یەکالاّ کرایەوە، لەبنچینەشدا هاوکێشەی گەلاڵەی تیۆرییەکە پێچەوانەی بۆچوونی چینایەتی کلاسیکی باوی سەردەمەکە بووە کە:
- داخۆ حیزب شۆڕشی پێ هەڵدەگیرسێ؟
- یان شۆڕش حیزبی پێ دروست دەکرێ؟
هەرچی بۆچوونە کۆنەکانە سوور بوون لەسەر ئەوەی بەبێ حیزبی پێشڕەو (پێشڕەوەکەش خۆیان بن) ناکرێو ناشێ بیر لە شۆڕش بکرێتەوە چ جای بشکرێ. بەپێچەوانەشەوە (بوئرە)چییەکان دژی ئەو حیزبانە بوونو بە ترسنۆکو بۆچوونەکانیان بە سواو دەزانینو دروستکردنی بوئرە لایان چارەنووس‌ساز بوو. نموونەی سەرکەوتنی شۆڕشی کوباش جۆکەری دەستیان بوو. لەوەش زیاتر (رۆژی دوبریە) تەڵسمی (بوئرە)چییەتی لێدادەگرێو دەڵێ: «لە هەندێ وولاتاندا ئەو کۆمەڵە شۆڕشگێڕانەی کە بە گەرمی بۆ سازدانی خەباتی چەکدارانە رادەپەڕن، خۆیان لەژێر چاودێری راوەدوونانی ئەو حیزبە (مارکسیە-لینینیانە)دا کە زۆربەیان دەستیان لێ هەڵگرتووە زۆرتر لە چاودێریو راوەدوونانی دەزگا سەرکوتکەرە پەرسەنتووەکانی دەوڵەتان دەدۆزنەوە «٨».
ئەم دیدو دنەیە، دژی حیزبە کۆنەکان داکۆکی لێکراوەو کراشە سۆنگەی سیاسەتێکی تازە، لە ئەمریکای لاتیندا. بەمەش خەباتکردت دژی حیزبە بەناو کۆمۆنیستەکان کرایە ئەرکێکی هەرە گرنگی پارتیزان. ئیدی گوێنەدانە پرۆسە کۆنەکان لەمەڕ: ئەوەی حیزب بیڵێ راستەو ئەوەی نەیکا نادروستەو ئەگەر حیزبی پێشڕەو نەبێ هیچ ناکرێ، ئەو قسانە کە جاران زۆر دەگوترانو ئێجگار کەمیش کاریان پێدەکرا. لە ئەمریکای لاتیندا بەتایبەتی لەناو چەپەکاندا باویان نەما وەکو چەند بۆچوونێکی گەرو گوڵ تەماشا دەکران. ئاکامیش پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی کوبا تینو تاوی خەباتی چەکداری ئەمریکای لاتینی تەنیەوەو هەستەکانی بەرهەڵستی چەکدارانە تەقینەوە.
(بۆئرە)کان لە ساڵی ١٩٥٩ەوە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، لە (سانتۆ دۆمینگۆ، پاراگوای، کولۆمبیا، ئەمریکای ناوەراست، رۆژهەڵاتی بەرازیل، پیرۆ،کۆزۆکۆ...تاد.) راپەڕینی چەکدارانەیان بەرپاکرد. لە گوندەکانو لەناو جووتیاران، شاخو جەنگەڵەکانەوە دەستەی پارتیزانییان خستە گەڕ. ناوچەکانیان

«٨» روجیة دوبریة. ثورة في الثورة. ترجمة الیاس سحاب، الطبعة الاولی ١٩٦٨ ص: ١٤٥.

چەندین ساڵ شڵەژاند. ئەوبەرەکەی ٥ ساڵی خایاند، تێکچوونو لێکبەربوونی ناوخۆیی هاوزەمانی شەڕی ناوخۆیی کوردستان، لەناو ئەوانیشدا تەشەنەی شورمی سەند. دوژمنانیشیان بە پشتیوانی ئیمپریالیزم هەلی شەڕی ناوخۆکەیان قۆستنەوە کەوتنە خۆیانو بەربوونە ویژەی پارتیزانەکان. لە کۆلۆمبیاو ئەکوادۆر، پیرۆ، پاراگوادا ڕەشەبای شکست هەڵیکرد. جووتیارانی بەرازیل بەڕێبەرایەتی ڕێبەری دەرکەوتوویان (خولیاو) تێکو پێک شکان. لە ئەرژەنتینیشدا پاش ئەوەی ڕژێم هەڵبژاردنێکی ئازادی بەتاڵ کردەوە ڕاپەڕینێکی گەورەی میللی تەقیەوەو زووش دامرکێندرایەوە. ئاکام چەندین گروپو ڕێکخراوی بۆرژوازی بچووکی چەپ، گێژو گرژ بوونو چوونەوە قاوغی تەسکیان، وەکو:

- بزووتنەوەی کرێکارو خوێندکارو جووتیارانی کۆلۆمبیا.
- یەکێتی شۆڕشگێڕانی لاوانی ئەکوادۆر
- بزووتنەوەی چەپی شۆڕشگێڕو بەرەی چەپی شۆڕشگێڕ.
- پێشڕەوە سۆسیالیستەکانی ئەرژەنتین.
- بزووتنەوەی پشتیوانی جووتیارانو باڵی چەپی حیزبی سوسیالیستی ئۆرۆگوای.

لەناوەکانڕا دیارە ئەو ڕاپەڕینە چەکدارانە هەڵچوونی چەپی پاش سەرکەوتنی کوبان. هەر بۆیەش زوو داچوون. گیڤاراش کە ئەندازیارێکی تیژەکەو دووەمین ڕێبەری کارامای شۆڕشی سەرکەوتووی کوبا بوو، کتێبەکانی لەسەر ڕێبازی پارتیزانی ئێستاش دیراسە دەکەنو سوودیان لێوەردەگیرێن. هەڵەکانیشی لێدەرهاوێن کە چاو لێپۆشینیان زیانی هەیە، بۆخۆی وەکو قارەمانێکی شۆڕشگێڕ مایەی شانازییەکی مێژووییە کەچی ئەمیش پاش ئەزموونێکی قوڵترو بە ئاستێکی سیاسی-عەسکەری بەرزترو ناوبانگێکی زیاتریش پلەی وەزیری لە کوبادا جێدێڵێو خۆی دەگەیەنێتە جەنگەڵو چیاکانی بۆلیڤیا، تا وڵاتێکی دیکەی ئەمریکای لاتین لەدەسەڵاتی ئیمپریالیزم رزگار بکات.

لەبەر ئەوەی گیڤارا پێی وابووە دروستکردنی (بوئرە)دەستەبەری سەرکەوتنی شۆڕشە، خۆیو چەند هاوڕێیەکی دەگەنە بۆلیڤیاو چەند مەفرەزەیەکی چەکدار پێکەوە دەنێن. ئۆردوی هەڵگیرساندنی شۆڕش دادەمەزرێنن. چەندین شەڕی سەرکەوتوانەش دەکەن. بەلام (بوئرە) بە ڕێبەرایەتی ڕێبەرێکی وەکو گیڤاراش نەک بۆلیڤیای پێ رزگار نەکرا، بەڵکو ژیانی خودی گیڤاراو هاوڕێکانیشی رزگاریان نەبوو، هۆیەکەیشی ئەوەیە کە: باروودۆخی بۆلیڤیاو کوبا گەلێ جیاواز بوون:

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە بۆلیڤیادا نەبوو. حیزب‌و گرووپە چەپەکانیش نەک لەناو خۆیاندا ڕێک نەبوون بەڵکو ئامادەش نەبوون یارمەتی گیڤارا بدەن.

لەڕووی کۆمەلایەتیشەوە ڕژێمی بۆلیڤیا پاش (۲۰۰) ساڵ چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی ، هەندێ دەستکەوتی چینایەتی سەرمایەداری داببوە جووتیاران‌و ئەم دەستکەوتانەش ناکۆکیبە چینایەتییەکانی کەمتر کردبوو. بازاڕی سەرمایەداری بوژاندبوو، ڕق‌و قینی جووتیاراتی تا ڕادەیەکی زۆر نیشتاندبووەوە. سەرجەمی ئەو ڕاستیانەش دۆخی سیاسی بۆلیڤیایان خاو کردبوو، بۆیە (بوئرە)و گیڤارا نەیانتوانی خەڵک بە تایبەتی جووتیاران بجووڵێنن، دەرکەوت:

١- سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا پێوەندی بە کۆمەڵێ هەلومەرجی گشتی‌و تایبەتییەوە هەبووە مەرج نییە لە وڵاتێکی دیکەدا کتومت دووپات ببنەوە.

٢- (بوئرە) یاسای گشتی ڕزگاری گەلانی ئەمریکای لاتین‌و ژێردەستە نەبوو وەکو دەویسترا وای لێبکرێ‌و پێڕەو بکرێ.

٣- ئیمپریالیزم ئەگەر بەهۆی شۆڕشی کوباوە غافڵگیر کرابێ‌و دەرکی بە مەترسییەکانی لەسەرەتاوە نەکردبێ، ئەوا پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکە بێگومان پەندێکی گەورەی وەرگرتووەو لەباتی وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا فریای خۆی‌و ڕژێمە وابەستەکانی کەوتووە. بۆیە لە هەمان ڕوانگەی شۆڕشی کوباوە بینینی دۆخی بۆلیڤیا هەڵەیەکی کوشندە بووە.

. ئەوەبوو... ئەو وڵاتانەی مەڵبەندی خەباتی چەکداری ئەمریکای لاتین بوون لەبری سەرکەوتن‌و دووپات کردنەوەی چەندین کوبای دیکە، کەچی کرانە ئەزموونگای سەرخستنی شۆڕشی چەواشەی دەیان کودەتای فاشییانەو دیکتاتۆرانە، لەوەش دژوارتر، ناوکۆیی خەباتی چەپەکان هەڵگێڕدراو بۆ ناکۆکی کوشندەی نێوان گەلانی ناوچەکەو بە توندی: ئەکوادۆری دژی پیرۆی، پیرۆی دژی بولیڤیایی‌و شیلی، بۆلیڤیایی دژی پاراگوایی، شیلی دژی ئەرژەنتینی...تاد. تێکڕاشیان بە دەسیسەی ئیمپریالیزم تەقینەوە. سەرچاوەی چینایەتی ئەو شکان‌و کشانەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی لاوازی وردە بۆرژوا. ئەم چینە بەحوکمی پایەی ئابووری لەرزۆکیان دەتوانن نوێنەرەوەی شەپۆلێکی ئایدیۆلۆژی چەپ بن، کە بەهۆی خیانەتی بۆرژوا نیشتمانی‌و لاوازی کرێکارانەوە دەخرۆشێن، سەرەتا بەتوندی هەڵدەچن، بەڵام کە ئەرکەکان سەنگین دەبن‌و کاروانی خەبات دووچاری چەرمەسەری سەخت دەبێت، ئیتر هەرگیز ئەم چینە لاوازە توانای بەرهەڵستی پشبوودرێژی ئیمپریالیزم‌و

سەرمایەدارانی وابەستەیان نامێنێ. چونکە وردە بۆرژوا لە ڕووی ئابوورییەوە لاوازو ئەوان بەهێزن. ئەگەر باری بابەتی چەشنی کوبا ئیمپریالیزم لە پەلو پۆ نەخات، وردە بۆرژوا بە دروشمی چەپو ڕێبازی پارتیزانی ناتوانێ لە بەرامبەریاندا خۆ ڕابگرێ. ناشتوانێ شێوازی پارتیزانی بگەیەنێتە ڕاپەڕینی ڕووخاندنی وابەستەکانیان لە شارەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی، لاوازی ئابوری وردە بۆرژوا لە بەربەرەکانی کردنی ڕژێمە ژێردەستەکانی ئیمپریالیزم بەناوی مارکسیزم-لینینیزم بەشێوەیەکی جۆراوجۆر کاری نالەباری کردە سەر شۆڕشی ولاتانی ئەمریکای لاتینو هەندێ ولاتانی دیکەی ئاسیاش‌و دووچاری شکستی قورسی کردن.

وردە بۆرژوا، ئەگەر لەسەردەمی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییەوە هاوشانی ڕۆڵی چاک (لەچاو چینە کۆنەپەرستەکان) گەلێ کێشەیشی بۆ کرێکاران هەردەم هەبووبێ، ئەگەر هەتا ئەو قۆناغەی هێشتا بۆرژوای نەشتمانی (پیشەسازی) کەمو زۆر شۆڕشی نیشتمانپەروەرێتییان مابوو، وردە بۆرژواش لە ڕوانگەی خۆیەوە دژی چینی لەخۆی بالاتر سەنگەریشی گرتبێ، ئەوا دەبێ بزاندرێ پاش پەرەسەندنی ئیمپریالیزم‌و چۆن بڕکردنی بۆرژوای نیشتمانی لە خەباتی نیشتمانی وردە بۆرژوا بۆسەر کرێکاران‌و فەلسەفەکەیان گەلێ لەکۆن ترسناکترن. چونکە چینی کێ بەرکێ‌کەرەکەی جارانی (بۆرژوای نیشتمانی) کە لە ترسی ئەو وردە بۆرژوا بەلای پرۆلیتاریا دایدەشکاند نەماوونو لەم هەلومەرجەدا ئیتر مەیدانیان بۆ چۆل بووە خۆیان بچەسپێنن‌و ئێستا کەمتر منەتی کرێکاران‌و بیروباوەڕەکەیان لە ولاتانی ژێردەستەدا دەزانن. مەگەر بۆ شێواندنی بێت. هەر بۆیە دەبینین لەناو خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتاندا زیاتر دژایەتی مارکسیزم دەکەن.

٤/٣- خەسڵەتەکانی دوو ڕێباز

شۆڕشی چەکداری لە کوباو لەو ولاتانەدا جگەلەوەی جیاوازییەکی بەرچاوی بنچینەیی لەگەڵ شۆڕشی درێژخایەنی چیندا هەیە لە ڕاستیشدا کاسترۆ خۆی دەڵێ: هەتا شۆڕشمان کرد من هیچ کتێبێکی (ماوتسی تونگ)م نەخوێندبووەوە، کەواتە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە ڕێبەرایەتی هەردوو ولاتەکە ڕێبازی ڕزگاریان داڕشتووە. هەلومەرجی چین جۆرێکە ڕێبازی خواستووەو هی کوباش جۆرێکی دیکە. ئەو بزووتنەوە جووتیارییەو ئەو چەوساندنەوە دەرەبەگییەی لە چیندا هەبووە،

له کوبادا به جۆرێکی دیکەو بە شێوەی جیاواز هەبووە. لەچیندا کە دانیشتوانی سەدان جار لە کوبا زۆرتر بووە تەنیا دوو حیزبی بەهێزی تیا بووە (کۆمینتانگ‌و حیزبی کۆمۆنیست) یەکێکیان دەسەلاتدا ئەویدیان ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕ. کەچی کوبا چەندین حیزب‌و لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا بووە دەسەلاتیش بەدەست دیکتاتۆری بووە . دۆخی شارەکانیشیان جیاواز بووەو شۆڕشەکانیش لە هەلومەرجی جیهانی گۆڕدراودا هەلگیرساون. ئەمە جگەلە باری جوگرافی ولاتەکان. وەکو ئەو جیاوازییە زەقانە لە نێوان چین‌و کوبادا هەبووە، وێڕاش شۆڕشی چەکداری بە دوو شێوازی جیا لە هەردوو ولاتەکەدا هەبووەو لە هەردووکیشیاند لە جەنگی پارتیزانییەوە دەستیان پێکردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هەتا ئەودەمەش لە بەرامبەر ڕژێمە بەهێزو دیکتاتۆرەکاندا شۆڕشگێڕان سەرەڕای جیاوازی بارودۆخی ولاتەکانیان لە ڕووی بابەتییەوە، ئەندێشەی جەنگی پارتیزانی زاڵ بووە بەسەریاندا. هەربۆیە لە کوباشدا سەرەڕای تەواوی ئەو جیاوازییانەی لەگەڵ چیندا هەبووە بیر لەو جەنگە کراوەتەوەو پێڕەویش کراوە.

تایبەتمەندییەکەی کوبا لەوەدایە (حیزبی پێشڕەو) وەکو چین ڕێبەرایەتی شۆڕشەکەی نەکردووەو چاوەڕێش نەکراوە هەتا ئەو حیزبە لەدایک نەبێ، شۆڕشیش نەکرێ، لە کوبادا ئەگەرچی بە پارتیزانیش دەست بە شۆڕش کراوە، بەرە بەرە لە بەرەکانی جەنگیشدا، گوندو شارۆچکەکان یەک لە دوای یەک ڕزگار نەکراوون تا ڕزگارکردنی پایتەخت (وەکو لە چیندا کرا). بەڵکو شۆڕشی پارتیزانی شێوەیەک بووە لە شێوەکانی خەباتو خەباتی ناو شارەکان چارەنووسی شۆڕش‌و ڕژێمەکەیان دیاری کردووە، واتە: کە تەنگو چەڵمەکان لە کوبادا، لەناو شارو گوندەکانیدا، قوڵ بوون‌و خەباتی پارلەمانی، ڕیفۆرمیستی، مانگرتن، دادی خەڵکی نەداوەو ڕژێمی دیکتاتۆری باتیستا چۆکی دانەداوەو ئەوسا کاستڕۆو هاوڕێکانی دەرکیان بە پێویستی ڕێبازی پارتیزانی کردووە وەکو شێوەیەکی کاریگەری پاڵەپەستۆ خستنەسەر ڕژێمەکەو گورجتر تەقاندنەوەی ناکۆکییەکان بۆ زووتر ڕەخساندنی زەمینەی ڕاپەڕاندن‌و ڕاپەڕینی خەڵکی شارو شارۆچکەکان. هەر بەڕاستیش، کتومت وادەرچوو.

ئینجا ئەم شۆڕشە سەرکەوتووەی کوباو تەواوی هەوڵەکانی پاش ئەمیش لە ئەمریکای لاتیندا لە مێژوودا لە هەمان ناوچەی جوگرافی‌و لەبەرامبەر ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ڕژێمە دڕندە

وابەستەکانی‌دا سەرەڕای لاسایی کردنەوەی دڵسۆزانەش نەبوون بە یاسای نەگۆڕی خەباتی گەلانی وێکچووی کوبا، هیچ نەبێ دەرکەوت.

ئەگەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری، سیاسی‌و عەسکەری شۆڕشگێڕانە، بەتایبەتی لە شارەکاندا پاش شارەکان لە گوندەکانیشدا وەکو پێویستە لەبارنەبێ، ئەوا هەرگیز تەنیا بە قارەمانێتی‌و ئازایەتی، بەدەستپێشکەری پێکەوەنانی (البورە الشوریە)، ناتواندرێ هیچ وڵاتێک رزگار بکرێت‌و چاو لێکردنی کوباش، بەبێ لێکدانەوەی ورد بەرێی هات‌و نەهات بردنی چارەنووسی گەلانەو هیچی دیکە.

شۆڕش بە چاولێکەری ناکرێ‌و بۆ ئەوەی میللەتانیش نەخرێنە تەپکەی ترسناکی چاولێکردن‌و چاولێکەری گەلانی سەرکەوتوو، پێویستە ڕێبەرو ڕێبەرایەتی میللەتان خۆیان لە کارایی ڕۆمانسیانەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان بپارێزن‌و دوور بن لە سۆزی بێ بناغەی زانستییانەی هەڵگیرساندنی شۆڕش. هەروەها ڕۆڵە شۆڕشگێڕو هۆشمەندەکانیش پێویستە وردی هەڵوێستی ڕێبەران‌و وریای ئاکامی بڕیارو سیاسەتەکانیان بن. ئەمانەش تێکڕا، بە ئاستی بەرزی تیۆری‌و بە قوڵی ئایدۆلۆژی‌و قاڵی ئەزموون‌و سیاسەت‌و مەیدانی خەبات دێنەدی.

گەلێ جار سیستەمی نەتەوایەتی‌و چەوساندنەوەی چینایەتی، دۆخی سیاسی دژوارو کارەسات‌و ڕووداوێک پاڵ بە گەلان، چینە شۆڕشگێڕەکان، حیزبە سیاسییە نفوز پەیاکردووەکانەوە دەنێن هەڵوێستی لێبڕاو وەربگرن‌و بە پرۆسەی سیاسی سەخت وەڵامی پێویستیە کاتییەکان بدەنەوە، بەڵام مادام زەمینەو زەمانەی ئەو پرۆسەیە لە ڕووی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە وەکو دەخوازێ نەرەخسابێ، بێگومان بۆ حیزب‌و شۆڕش‌و ڕێبەران کاری سیاسی‌و عەسکەری گەورە، ماوەیەکی زۆریش بچێتەسەر، بەڵام سەرکەوتنی ستراتیژی ناهێنێتەدی چونکە بناغەی دەستدانە پرۆسەکە فشۆڵە. ئەگەر بشگوترێ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا شۆڕشی (نیکاراگوا)یش هەتا ڕادەیەکی زۆر لەسەر هەمان ڕێباز سەرکەوتنی وەدەستهێنا، ئیدی بۆ لەناو میللەتەکانی دیکەی جیهاندا ناکرێ هەمان ڕێباز سەربخرێ. وەڵامی ئەو پرسیارەش کورتە باسکردنێکی شۆڕشی نیکاراگوایە.

٢/٣- دووەمیان نیکاراگوا

لە ولاتە بچووکەکانی ئەمریکای ناوەند، شەش هەزار میلی چوارگۆشە رووبەریتی. ئەوکاتەی شۆرشیان کردووە دوو ملیۆن‌و نیو تیپەرپوون (٥١٪) لادێ نشین‌و باقیەکەیشی شاری بوون، ولاتەکە بەپێی سیاسەتی جیۆپۆلیتیکی فراوانخوازی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کلیلی ئەمریکای ناوەندە بۆیە چۆن ڤیتنام لە خوارووی رۆژهەلاتی ئاسیادا بە نیسبەت ئەمریکاوە ئێجگار بایەخی هەبووە، ئاوەها نیکاراگواش لە ئەمریکای ناوەندا بۆ ئەمریکا بایەخی هەیە. کەواش بووبێ، چی بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کرابێ بۆ دابینکردن‌و لەدەستدانی ولاتێکی‌وا لە ناوچەکانی جوگرافی گرنگی وادا کردوویانە، بەلام ژیان‌و رووداوە کۆمەلایەتی‌و سیاسیەکان کە هەلومەرجی شۆرشگێرانەی گۆرانیان خەملی رێک پێچەوانەی بۆچوونی چاوەروان کراوی ئیمپریالیزم دەتەقێنەوە. بەمەرجێ ئەو هەلومەرجانە پەرەپێبدرێت‌و خاوەنی راستەقینەیان بیانقۆزێتەوە. لە نیکاراگوادا وا بووە چونکە لە ٢٥٪ی شاری‌و لە ٢٥٪ی لادێیی بێکار بوون. نیوەیان زیاتر نەخوێندەوار بوون. پزیشک‌و پێداویستیەکانی تەندروستی، زۆر نزم بووە، خانووبەرەیان کەم‌و هەزاران مندالیان مردووەو برسێتی برستی لێ بریبوون. تەنانەت لە ٨١٪ مالانیان بۆری ئاویان نەبووە. ئیدی چلۆن میللەتی‌وا بە رژێمی دیکتاتۆری وەکو (سۆمۆزا) رازی دەبێ‌و رژێمەکەش بەچ شێوەیەک‌و بە کام پشتیوانی دەتوانێ میللەتەکە دابین بکات‌و هەنگوچەلمەیان چارەسەر بکات‌و رێگای شۆرشیان لێ بگرێ؟ وەکو: باری ئابوری‌و کۆمەلایەتی. جوگرافی‌و سیاسی، نیکاراگواو خەلکی نیکاراگوا بەو چەشنە بووە، وەنەبێ خەلکی نیکارگواش خۆرسکیانە راپەرین‌و شۆرشی سەرکەوتوویان کردبێ. نەخێر وانیە، ئەگەر وا هەرسەکی بە چاولێکەری کوبا یان شۆرشی دیکەی جیهان بێ حیساب کردن بۆ بارودۆخی خودی نیکاراگوا، نیکاراگوایەکان شۆرشیان کردبا ئەمانیش بەدەردی ولاتانی ئەمریکای لاتین‌و شۆرشە ژێرکەوتووەکانیان دەچوون.

باری بابەتی ولاتەکە بۆ شۆرش بە تەواوەتی خولقابوو. نە رژێم توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی مابوو، نە خەلکیش چیدیکە بە رژێمەکە رازی دەبوون. تاکە ئامرازی مانەوەی رژێمی سۆمۆزا کوشتن‌و گرتن‌و تۆقاندن بووە. لە پاسەوانەکانی‌و ئەمریکا بەولاوە دۆست‌و پشتیوانی نەمابوون.

بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بە تەوژم بووە . رێکخرا بوو. ژیرانە ئاراستە دەکراو

تەواوی ئۆپۆزیسیۆن لەبەرەی (ساندینیسیا)و یەکخستنی سۆشیالیستیو زیاتر لە (٢٠) رێکخراوی قوتابیانو کرێکارانو خەڵکیدیش یەکیان گرتبوو. چەندین کۆمیتەی گرنگیان دژی رژێم دامەزراندو بەرنامەی هاوبەشی شۆڕشگێڕانەیان دارشتوو دەوڵەتی کاتیشیان راگەیاند. ئیدی هەتا دەهات لە ناوچەکەو جیهاندا دەوڵە کاتییەکە بە رەسمی دەناسراو رای گشتی جیهانو دەوڵەتان لە سۆمۆزا دەتەکینەوە.

لەناوگەرمەی ئەو رووداوانەدا، خەباتی چەکداری پێرەو کراو خەباتی چەکداریش وەکو درێژەکێشانی تەنگوچەڵەمە لە چارەسەرکردن نەهاتووەکان توانی کورەی قینو نارەزایی خەڵکی شارو لادێکان زیاتر جۆش بداتو بەرە بەرە خەباتی شارو شاخ، هی کرێکارانو زەحمەتکێشانو جووتیارانو کاسبکارانو نیشتمانپەروەران ئاوێتە بکاتو پێکەوە سازی راپەرینیان بدات. سەرەرای بەرهەڵستی سەرسەختانەی رژێمو پشتیوانی لێکردنی ئەمریکاش، شۆڕشی راپەرینەکە خەباتی چەکدارییەکەی گەیاندە ئاکامی سەرکەوتن، دەریشکەوت کەوا شۆڕشی کوبا، هەرچەندە چەندین کۆششی شۆڕش‌کردن سەری نەگرت، بەڵام ئەگەر بێتو گیانی چەپی چاولێکردنی چەوت فرێ بدرێو میللەتەکان بابەتییانە: یاسا گشتیو تایبەتییەکان، بارودۆخەکان، دۆستو دوژمنان، شارو شاخەکان توانای بەرهەڵستی پێشکەوتنخوازانەی چینە پێشکەوتووخوازەکان، شۆڕشگێڕانە لێکبدەنەوە لە ئانو کاتی خۆیاندا بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی سەرجەمیان بکەنە هێزی ئایدیۆلۆژی ماتریالیستی بزوێنەری جەماوەر، ئەوا رێبەرایەتی متمانە پێکراو، تاقیکراو، گومان‌لێنەکراوی راستگۆی کۆری خەبات، کرێکارانو میللەتان هەر بەرەو سەرکەوتن دەبەن.

> بە هەڵرشتنی رستەی شۆڕشگێڕانەو هەڵواسینی دروشمی گزشەگیرانەو تاکتیکی فریودەرانەو ستراتیژی ئاوەژووکراو... یان پێ لەسەر رێبازی شۆڕشی درێژخایەن داگرتن. بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەک پێویستی باقی ئەرکەکان، گۆرانو گۆرانکارییەکان، پێوەندییە ئابووریو دیاردە نوێکان... کرێکارانو میللەتان ستەمە سەرخرێن. وێرای قوربانییەکی بێ ژماریش هەر ژێر دەخرێن!

رشتەی چوارەم

٤- ئاکام و ئاینده

کۆمەڵ و پەرسەندنی کۆمەڵایەتی میللەتان، ئاڵۆزو جیاواز پێک هاتوون. هیچ کەسێک دەسەڵاتی هێڵی جوڵاندنی نەکێشاون، هەر هەوڵێک بۆ سازکردنیان ، یان بە ئارەزوو هەڵسوڕاندنیان، یاخود بەپێی یەک پێوانەی نەگۆڕ بەکارهێنانی بێ‌جیاوازی دیاردەو دەرکەوتەکان، ئەنجامێکی ترسناکی هەیە. لە ڕێڕەوی دەرکەوتنی ڕووداوەکانی ئەم ئەنجامە ترسناکەی لێکدانەوەی هەڵەکاندا خراپ بەرەو خراپترو خراپترینیش هەڵدەخزێ. ئەمانە، چ لە شتە بچووک و چ لە شتە گەورەکاندا ڕوودەدەن و ڕوودەدەنەوە...تاد. بەڵام ئاکامی تێکڕا ڕووداوەکان، چەند نالەبار بن، هەر ئەو ئاکامە بەپێی یاسای دیالێکتیکی (ڕەتی ڕەتکراو-نفي النفي) ڕێبازی گەیشتنە ئاکامێکی باشتر دەرەخسێنێ و دڵسۆزان دەخاتە سەر هەست و هەڵوێستی ڕاستەقینە. ئەو دڵسۆزانە ئەگەر ئاستی ئایدیۆلۆژی و توانای تیۆری و دڵسۆزی سیاسیان بایی ئاکامی ناکامەکان بوو، ئەوا دەتوانن بەرامبەر کرێکاران و گەلەکەیان و مێژوو ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە ڕابپەڕێنن یان هیچ نەبێ بناغەی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە دابڕێژن خۆ ئەگەر واشنەبوون و ئاستیان لە پێویستی ئەو ئاستە چارەنووسازە کەمتر بوو، ئەوا لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێنەوە هەتا خپ دەروخێن.

داخۆ کام شۆڕش؟ و شۆڕش چەند پێویستی بە پێداویستیەکانی دیکەی خەباتە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا؟ ئەوانە دوو پرسیارن چارەی شۆڕشی چەکدارانە دەنووسن، زانین و کارپێکردنیان پێوانەی سەرکەوتنەو نەزانین و پێشێلکردنیان سەرچاوەی ژێرکەوتنە.

سەرکەوتن پابەندی پارەی بێ ژمارەو چەکی کاریگەرو پشتیوانی بێ درێغ نییە، بەڵکو پێش ئەوانەو گرنگتریش لەوانە، چارەنووسی شۆڕش بەندی ستراتیژو دروشمی ڕاستو تاکتیکو کردەوەی شۆڕشگێڕانەن. ئەگەر ئەو ستراتیژو دروشمو تاکتیکانە زانستیانە دانەڕێژرێن، چەکو پارەو پشتیوانی نەک شۆڕشەکان سەرناخەن بەڵکو بۆگەنیشیان پێ دەکەنو ڕەوشتی شۆڕشگێڕانەی کادرەکانیان دەشێوێنن. هەرکاتێ: ستراتیژ بەپێی پرنسیپ داڕێژراو دروشمی ڕۆشنیشی لێ هەڵگیراو دروستترین تاکتیکو ڕاستترین پراکتیکیش کرانە پەرژینی شۆڕش، ئەوکاتە بڕیاری ڕێبەرایەتی شۆڕشەکان دەبنە ڕێنوێنی جەماوەرو دڵنیایی لە سەرکەوتن ئاسودەیان دەکات ئەمەش پەیتا پەیتا دەبێتە مایەی زیاتر بزواندنی جەماوەری زەحمەتکێش.

١/٤- گۆڕانو گۆڕین

لە ڕشتەکانی پێشتردا کەمێک لە کورتی درێژتر چەندین نموونەو شێوەی شۆڕشمان شیکردۆتەوە. هەرچیەکیشمان نووسیوە پێوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە کە هەنووکەش شۆڕشی کوردستان دیلیەتی دەتوانین بڵێین لە بۆچوونو لێکدانەوەدا، کەمتر باری ئێستامان هەڵسەنگاندووە. بەڵام بەهیوای ئایندەیەکی گەشتر، تەکانێک بۆ پێشەوە دراوە. با پێکەوە سەرنج بدەینە ئەم دەقە: شۆڕشی کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدە دەتوانێ چامەی خۆی تەنیا لە دەقی ئاییندە وەربگرێ نەک لە ڕابردوو. ئەم شۆڕشە هەتا هەرچەشنە بڕوای خورافی ڕابردوو بە تەواوەتی نەخاتە لاوە ناتوانێ ئەرکی تایبەتی خۆی جێبەجێ بکات. شۆڕشەکانی پێشوو لەو ڕووەوە پێویستیان بە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمە تێپەڕیوەکان هەبوو کە بتوانن ناوەڕۆکی خۆیان لەخۆیان بشارنەوە شۆڕشی سەدەی نۆزدەش بۆ ئەوەی بتوانێ ناوەڕۆکی خۆی بۆخۆی دەرخات دەبێ " لە مردووەکان بگەڕێ تا مردووەکان بیاننێژن" لەوێ ڕستە ناوەڕۆکی جێهێشتو لێرە ناوەڕۆک ڕستە بەجێ دەهێڵێ .<٩>

<٩> هەژدەی برۆمیری لویس بۆناپارت. وەرگێڕانی سیامەندی شاسوار، ل: ٩٩.

گەوھەری ئەم گوتەیە بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکان ئێستاش زیندووە، ولاَتانی داگیرکراوی دەرەبەگ‌و نیمچە دەرەبەگ (بێگومان هی جاران). لەپاش شۆڕشی چینەوە توانیان هەلومەرجی نوێ لە بەرچاو بگرن‌و خۆیان بە کۆمەڵێ یاسای کلاسیکی نەبەستن‌و بە شێوەیەکی گشتی، لە زۆر شوێنداَ. پابەندی بە ڕێبازی نوێ‌و خۆنەبەستنەوە بە ڕێبازی کۆن، سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا.

زۆرشت لە جیهاندا ئێستاش لەچاو سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی چین‌و لەوەودواش گۆڕاوەو پێویستە ئەندێشمەندان، خەڵکانی هۆشیارو شۆڕشگێڕ، لەبەرچاویان بگرن‌و ئایندە ئەنگێوبن. خۆیان نەبەستنەوە بە ڕابردوو، دۆگم نەبن‌و دۆگماتیزم تووڕ بدەن. هەرچەندە ڕابردووەکەش باش بوویی‌و زەوتی تیۆری‌و تیزەکانیشی سەرخراوی زەمان‌و زەمینەی خۆشیان بووبن کە زەمان‌و زەمینەکەیان گۆڕا دەبێ ڕێبازیش بگۆڕێ.

> هەموو شێوەیەکی ئابووری‌و سیاسی، عەسکەری‌و پیشەیی، رۆشنبیری‌و مرۆیی ئامرازێکن لە ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئامانجە دوورو نزیکەکان. هەندێ لەو ئامرازانە بە میرات بۆ چینەکان‌و هەندێکی دیکەیشیان داهێندراوی خودی چینەکانە. بەمیراتماوەکان پەرە پێدەدرێن‌و تێکەلاَوی داهێنراوەکان دەکرێن. بەپێی ئەرکی سەرەکی‌و لاوەکی قۆناغەکانیش بەکاردەهێندرێن.

ئەو ئامرازانە، لەھەریەکێک لە قۆناغەکان، دۆخەکان، چەند گرنگ‌و کاریگەربن، قۆناغ بگۆڕی‌و دۆخی نوێ بێتەگۆڕێ، ئامرازیش دەگۆڕێ. ئەمە لە یاسا سەرەتاییەکانی دیالێکتیکە هەچ یەکێک لە ئامرازەکانی خەبات گەورەترین سەرکەوتنیشی لەناو چەندین ولاَت‌و میللەتدا هێنابێتەدی، ئەمرو نەگۆڕ نییە.

مێژووی کرێکاران‌و خەباتی گەلان پڕن لە دەیان شێوەی خەباتی ئاڵوگۆڕپێکراو: مانگرتن، خۆپیشاندان، ڕاپەڕین، سەنگەربەندی شارەکان، ناڕەزایی دەربڕین، شۆڕشی شارەکان‌و جەنگی پارتیزانی شارەکان، هەروەها خەباتی چەکداری شارەکانیش (تیرۆرو تێکدان) هیچیەکێ لەو شێوە خەباتانە نەکراونەتە پەیکەرو پیەرستێن. دەبێ بزانین لە ڕوانگەی زانستییەوە نەک ئامرازەکانی خەبات بەڵکو چینەکانی کۆمەڵیش ، تەنانەت چینی پرۆلیتاریاش لە پاشەڕۆژی دووردا نامێنن.

٢/٤- شۆڕش دەگۆڕێ!

شۆڕشی چەکداریش لەو ئامرازانەی خەباتە کە لە منداڵدانی جەنگی کۆنینەوە لەدایک بووەو بووە بە میراتی چینە چەوساوەکان. چونکە لەهەموو قۆناغێکدا هەتا ئێستا چەوسێنەرەکان دەسەڵاتی چەوساندنەوەی خۆیان بەجەنگ سەپاندووەو پاراستووە. بە ئارەزوو هیچ چینێکی دەسەڵاتدار هەرگیز لە مێژوودا تەختی دەسەڵاتیان بۆ چینێکی نوێ جێ نەهێشتووە.

شۆڕشی چەکداری، جۆرەها گۆڕان و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو دێت. لەوانە شۆڕشی درێژخایەنیش. ئەگەرچی هێشتا گەلانی داگیرکراویش مابن لەبەرئەوەی پێوەندییەکان گۆڕاوون و دیاردەکان وەکو کۆن نەماوون. تەکنۆلۆژیای جەنگ زاڵەو شۆڕشی چەواشەی سەرمایەدارانیش بەپێی بەرژەوەندی سیستەمە جۆراوجۆرەکانیان هاوئاهەنگە.

داخۆ هەتا ئەو ڕۆژەی گەلێکی داگیرکراومابێت دەبێ شۆڕشگێڕانی پێڕەوی شۆڕشی درێژخایەن و جەنگی پارتیزانی، ئیستەرەم بە زیبەک و زاکون (قانون و الحرکە) بزانن و ئیللان و بیللان ئەم ئامرازەی خەبات بە ڕاستەقینەی سەرکەوتن بزانن یان نە؟ دەمێکە وەڵامی ئەم پرسیارە مشتومڕی لەسەرە، باسدەکرێ و دەکوڵرێتەوە. تەنیا لە کوردستاندا و لەناو میللەتانی دواکەوتووی وەکو کورد نەبێ کە هەمیشە لە شۆڕشی چەکداریان و هیچیشیان بە هیچ لە سایە خوێناوییەکەیدا نەکردووە (ئازەری، بلوچ، ئەرمەن، پەشتم، تامیل...تاد.) کەچی نە وازی لێدەهێنن و نە بە گوێرەی گۆڕانکاریە نوێکانیش لێی دەکوڵنەوە. هەر بۆیە ئەڵتەرناتیڤی سەرکەوتنیش نادۆزنەوە. نەدۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕیش میللەتان بە ژێردەستەیی و داگیرکەران بە زاڵی دەهێڵێتەوە.

وەکو تەواوی دیاردەو ڕووداوەکان پارتیزانیش لەجیهانبینی چینایەتی جیاوازەوە لێک دەدرێتەوە. هەن ئێستاش لە جاران گەرمترن لەسەر جەنگی پارتیزانی و هەشن توخنی کەوتنی ئەم چەشنە بە چەنەبازی چەپڕەوانەی دەزانن. لەبەرامبەریشیاندا ڕێچکەی تازە سەری هەڵداوە پێیانوایە هەردوو بۆچوونەکە چ ڕێبازی شۆڕشی

دریژخایەن‌و چ دژایەتیەکەیشی بە هەلە دەزانن‌و لیکۆڵینەوەی نوی‌چەشن دەخەنە روو. لایەنگری دارشتنی ستراتیژی نوێی شۆرشگێرانەی گونجاون لەگەڵ گۆرانکاریەکانی سەردەم.

ئەو رێبازانە کامیان راست‌و کامیان هەڵەن؟ هۆی راستەکەیان چیەو چاوگی هەڵەکەیان چۆنە؟ ئەو پرسیارانە سەرەباسی چارەنووس پێوە بەستراوی خەباتی گەلان‌و کلیلی دۆزینەوەی رێگای رزگاری‌و ئازادییە، هەرلایەک بتوانێ وەلامی زانستیانە بداتەوەو بابەتیانە بیسەلمێنێ، پارمەتیەکی مێژوویی گەلاڵەکردنی بەرنامەی شۆرشگێرانەی لەمەوداو ئایندەی زەحمەتکێشان دەدات. بەپێچەوانەشەوە بەهەڵچوونی چەپ‌و راست لە وەلامدانەوەدا زیانێکی ترسناکی بۆ ئێستاو داهاتوو دەبێ.

وەلامەکانیش سەدان لیکۆڵینەوەو نووسین هەڵدەگرن کە حەق‌وایە هەموو ئەندێشمەندێک، سیاسی‌و عەسکەری بە توانا بەتەنگیەوە بێت‌و لەم جۆرە لیکۆڵینەوانە بکۆڵێتەوە.

٤/٣- جێگۆرکێی چینایەتی

هەروەکو چۆن لەکۆنەوە دیاردە نوێکانی سەرمایەداری قووڵ نەبووبن یان زۆرو قوڵیش بووبن، کەم‌و زۆر کاریان کردۆتە سەر باری کۆمەلایەتی‌و هەلوێستی سیاسی، ئاوەهایش ئەم گۆرانە گەورەو کاریگەرەی ئیمپریالیزمیش راستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر باری کۆمەلایەتی‌و کارکردنەکەش پایەی سیاسی چینەکانی گۆرپوە.

کۆن، کەم‌و زۆر دەشیا لە ولاتانی وەکو عیراق بۆرژوای پیشەسازی لاوازی نیشتمانی بەربەرەکانی لەگەڵ هەندێ لە دەولەتە کۆلۆنیالیستەکان یان لەگەڵ هەندێ کۆمپانیای لاوازیان بکات‌و بۆ سەرخستنی ئەمەیش پشت بە هەستی نەتەوایەتی‌و بەرهەڵستی نیشتمانی‌و هەلوێستی چینایەتی ببەستێ. هەڵبەتە ئەمەیش لە حاڵەتێکی سیاسی تایبەتیدا کە ئەگەر مەترسی پەرەسەندنی خەباتی شۆرشگێرانەی کرێکاران، بە مەترسی‌تر لە مەترسی ئیمپریالیزم نەزانێ. کە هۆیەکەشی بەرژەوەندی ئابوری هاوبەشی بابەتیانەیە بۆیە لە بەرامبەر ئەو مەترسیە بۆسەر بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەشیان لە کۆنەوە لە ئیمپریالیزم نزیک کەوتوونەتەوە. ئەو راستیە سەبارەت بە بۆرژوای کۆنە نیشتمانپەروەر، کۆن وا بووبێت کە ئیمپریالیزم بەم

چشنەی ئێستای لە ڕووی سەرمایەو پیشەسازیو تەکنۆلۆژیاوە، نیو هێندەش بالادەست نەبووبێ، دیارە لەم هەلومەرجەدا بۆ هەتا هەتایە، چەکی نیشتیمانپەروەریتی لە شان بۆرژوای نیشتمانی داماڵدراوەو لە بەرامبەر زاڵی ئێستای کۆمپانیا فرە ناسنامەکاندا کە حوکمی ئابووری زۆربەی هەرە زۆری ولاتانی جیهان دەکەن، ئێستا ئەم چینە نەک بە کارخانەی بچووکو بەرهەمی کەم بایەخ (کە هەرکاتێک مۆنۆپۆلەکان گەرەکیان بێ دایاندەخەن) ناتوانن کێ بڕکێ لەتەک مۆنۆپۆلەکاندا بکەن، بەڵکو لە ولاتە ژێردەستەکانیاندا ئیمپریالیزم تەواو بۆرژوای دستەمۆ کردووە، ئەم چینە بەبێ ئیمپریالیزم یان لەبەرامبەری ئیمپریالیزمدا تەنانەت ناتوانن قەیتانی پێلاویش سەربەخۆ بەرهەم بهێنن، کەواتە: بۆرژوای نیشتمانی، وەکو چینێکی خاوەن سەنگی سیاسی-چینایەتی، لە بازنەی بزووتنەوەی رزگاری-دیموکراسی دەرخراوەو توندوتۆڵ شەتەکی ئیمپریالیزم دراوە. ئەم چینە دەمێکە بۆتە بەشێک لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانو بەدیهێنەری مەرامە سیاسیەکانی. بەشێوەیەکی بنچینەیی بۆرژوای پیشەسازی لە ولاتانی وەکو ئێمەدا ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیشیان وەکو چین بەدەستەوە نەبێ، بەڵام بەرژەوەندییان ئاوێتەی ئابووری رژێمەکان بووەو رژێمەکانیش ژێردەستەی ئیمپریالیزمن. کورتیەکەی بۆرژوای نیشتمانی لەناو ئۆردووی سەرمایەن دژی ئۆردووی کار. هەربۆیە وەکو دوژمنی سەرسەختی کرێکارانو خەباتی گەلان دژی سۆشیالیزمو رزگاری- دیموکراسیشن.

جوتیارانیش: جاران، گەوهەری خەباتی نیشتمانی- دیموکراسی بوونو زۆرینەی لەشکری شۆرشی درێژخایەنیان پێکدەهێنا ئەمەش لەبەر ئەوەی: دەرەبەگایەتی زاڵ بوو، دەرەبەگ پایزەرا گەورەی پاش شەنکردنی خەرمانی جووتیاران بوون. ناکۆکی سەرەکی لەنێوان جووتیارانو دەرەبەگەکاندا هەبوو، گەورەترین داخوازی جووتیاران ریفۆرمی کشتوکاڵی بوو. ئەم ریفۆرمەش کۆن بەبێ رزگاریو دیموکراسی نەدەهاتەدی. هەربۆیە کە شۆرشی رزگاری لە گوندەکانەوە دەستی پێکرد جووتیاران لەو مەڵبەندانەی باری بابەتیو خۆیی شۆرشیان تێدا پێدەگەیشت، چەکیان هەڵدەگرتو دەبوونە زۆرینەی لەشکری شۆرشەکانیش. شۆرشگێرەکانیش ئەگەر ئەو راستیە کۆمەلایەتیەی جووتیارانیان دەرک نەکردایە نەدەچوونە ویژدی جووتیارانو چەکیان پێ هەڵنەدەگرتن. بەڵام لە پەنجاکان بەدواوە، هەتا هاتووە ئەوبارە کۆمەلایەتیەی جووتیارانو پایەی ئابووریان گۆڕاوە، لەلایەکەوە شۆرشە نیوە

سەرخراوەکەی وڵاتانی ژێردەستە بە ڕێبەرایەتی وردە بۆرژواو بۆرژوا تا ڕادەیەک بەرژەوەندییان وا خواستویەتی هەنگاوی گەورەی ئابووری بۆ جووتیاران هەڵبگرن‌و ڕاستەوخۆ بەپێی نەخشەیەکی بۆرژوازییانە، لە چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی ڕزگاریان بکەن. لەم ڕووەوە هەنگاوی ئابووری بەرچاویان بۆ ناون‌و دەنێن؛ لەڕوویەکی دیکەشەوە بەرژەوەندی پێکەوە گرێدراوی ئیمپریالیزم‌و ڕژێمە بۆرژوازییە ژێردەستەکان وایانخواستووە پێوەندی سەرمایەداری باڵبکێشێ بەسەر لادێیەکان‌و جووتیاراندا. چونکە ئەگەر ئاستی ژیانی جووتیاران‌و هێزی کڕین‌و فرۆشتنی باشیان نەبێ، کاڵای سەرمایەداریش بازاڕی گەرمی نابێ، بۆیە: گوندەکان لەچاو کۆن هەتا هاتووە زیاتر میکانیزمەکراوون. ڕێگاوبانیان بۆ براوە،بەیتەرەیان بۆنێردراوە، قوتابخانەو خەستەخانەیان بۆ کراوە. لەبەر ئەوانەش بەرهەمیان زۆرتر بووەو زیاتریش دەفرۆشرێ‌و دەکڕدرێ؛ ئەوانە هەموو باری کۆمەڵایەتی جووتیارانی گۆڕیوەو کەیەندراونەتەوە سایەی ژیانێکی گەلێ ئاسوودەتر لەو ژیانەی لەسایەی دەرەبەگایەتیدا بەسەریان دەبرد.

ئەوگۆڕانە ئابوورییە، بێگومان ئەگەر لەبنەڕەتەوە باری کۆمەڵایەتی جووتیارانی نەگۆڕیبێ، دەبێ لەوە دڵنیابین باری چینایەتییانی بە جۆشنێ گۆڕیوە ئیدی لەهەر وڵاتێکی ژێردەستەی دەوڵەمەندا ئەو گۆڕانە ئابوورییانەیان تێدا هاتبێتەدی، جووتیارانیان لەبەر هیچ هۆیەکی دیکەو لەژێر کاریی هیچ سیاسەتێکی کۆن‌و نوێش وەکو کۆن ناکرێنەوە گەوهەری شۆڕشی نیشتمانی-دیموکراسی. لە شۆڕشی درێژخایەنی لە گوندەوە دەستپێکردوودا، ناینەوە زۆرینەی لەشکری دوژمن ڕامالێن. ئیدی ستەمە دروشمی بۆرژوایانەی وردە بۆرژوای حوکمکراو یان هی وردە بۆرژوای باڵادەستی نەتەوە ژێردەستەکان، چەشنی جاران کە دەرەبەگایەتی مابوو، کە کرێکاران نەبوونە چینێ خۆیان‌و نەیاندەتوانی پێشڕەوایەتی خۆیان‌و زەحمەتکێشان بکەن؛ ستەمە بتوانن جووتیاران ببزوێنن‌و تێکەڵاوی شۆڕشی درێژخایەنیان بکەن، لەشکریای لێپێکبهێنن‌و لە شاخانەوە شارەکانیان پێ ڕزگار بکەن. هەمیشە جووتیاران بەشی زۆری وردە بۆرژوایان لە وڵاتانی دواکەوتووی داگیرکراوو نیمچە دەرەبەگدا پێکهێناوە، بەڵام پاش شۆڕشی بۆرژوازی وەکو ئەرکێک لە ئەرکەکانی دیموکراسی (تەنانەت بۆرژوازیش) شار بایەخی زۆرتری دەدرێتێ‌و گوند کەمتر دەبێ. جووتیاران کەمتر دەبن‌و بەم کەمییەش باری ژیان‌و ژیواریان بەرزتر دەبێ. بەتایبەتی لە وڵاتانەی نەوت‌و کەرستەی هەمەچەشنەی ژێرزەوییان زۆرە، دەمێکە

پێڕەوی لە ستراتیژی لاسایی‌کردنی ئەورووپا دەکەن‌و لەسەر حیسابی کشتوکاڵ‌و جووتیاران. لە ئەندازە بەدەر بایەخ بە شار دەدەن‌و دەیانەوێ بە قەڵەمباز بەبێ بایەخدان بە ئاستی ڕۆشنبیری‌و شارستانیەت، ئابوری کۆمەڵایەتی ئاستی وڵاتانیان بگەیەننە ئاستی پێشکەوتنی ئەورووپاو دەسەڵاتدارانیش وەکو سەرمایەدارانی ژێردەستە بچنە ریزی سەرمایەدارانی سەردەستە. هەڵبەتە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەی ستراتیژی سەرمایەدارانی وڵاتانی ژێردەستەیە کە ئیمپریالیزم لە هەموو بارێکەوە قازانجی لێکردووە بەڵام ئەم شکستە هیچ لەوە ناگۆڕێ کە باری کۆمەڵایەتی جووتیاران گۆڕاوەو ژیانیان، ژمارەیان، ژینگەیان‌و هەڵوێستی چینایەتیشیان وەکو کۆن نەماوە.

ئەم چینە لە وڵاتانی وەکو عێراقدا ئێستا زیاتر بەستراونەتەوە بە پێوەندی سەرمایەداری‌و بازاڕی سەرمایەدارییەوە ئەگەرچی بە حوکمی سیاسی شۆڤێنیستانەی ڕژێمەکانی وەکو بەعس هەستی نەتەوایەتی ئەم چینە بەهێزو پاشماوەی عەشیرەتگەریش‌و کێشەی چینایەتیشیان ماوە. هەڵبەتە هەشن زەویان نییەو هەژارن. وێڕای هەموو ئەمانە، جووتیاران وەکو چین موڵکداری زەوین‌و بەشێکی کەمیان نەبێ، زەویش بۆ جووتیاران مەسەلەی هەرە گرنگە، بۆیە دەبینین لەم شۆڕشەدا سەرەڕای سەختترین سایەتی شۆڤێنیستانە، جووتیاران کەمتر چارەنووسیان بەستەوە بە شۆڕشی درێژخایەن‌و کەمتریش لە شارنشینە ڕۆشنبیرەکان چەکیان کردە شان. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە حیزبە وردە بۆرژواکانی کوردستان ئەگەرچی لە شۆڕشی ئەیلول لە ڕووی ڕێبازو سیاسەتەوە خۆیان باشترو جۆراوجۆرتر ڕێکخستووە، شەڕی ئازایانەترو گەورەتریشیان کردووە، چەندین لایەن‌و هەرلایەکیشیان جۆرێ بەرنامەی دارشتووەو بەشێوەی جۆراوجۆریش ویستویانە جووتیاران ڕابکێشنە ناو هێزەکانیان، کەچی بۆیان نەچووەسەر.

ئەگەر ڕەفتارو کرداری خراپی هەموو لایەنەکانی لێدەرهاوێین کە بە تەورەی خۆیان دڵو دەروونی جووتیارانیان سارد دەکردەوە، ئەگەر ئەوەش لەیاد نەبەین کەوا سەرەنجامی سەرجەم شکستەکانی بزووتنەوەی کوردستان، جووتیاران‌و خەڵکێکی زۆری شارنشینیش لە شۆڕشی چەکداری‌و سەرکردایەتی بۆرژوازی نائومێدن. هەروەها کارایی نالەباری جەنگی ناوخۆش کەم نەبووە بەڵام وێڕای لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیانە، دەبێ زانستیانە پێ لەسەر بنەڕەتی کێشەکە دابگیرێ، ئەویش کە بابەتی ئابوری‌و پێوەندی کۆمەڵایەتی‌و بەرژەوەندی چینایەتی جووتیارانە. باقی

دیاردەکان کە پێشتر ئاماژەمان کرد، لەم پایە ئابوورییەوە چەکەرەیان کردووە. ئەم ڕاستی ئابووریو چینایەتییەش هەردەم لەمێژووی جووتیارانی تەواوی میللەتانی جیهاندا، ڕۆڵی چارەنووس‌سازی هەبووە لە ڕاپەڕینو شۆڕش کردنی جووتیاراندا یان لە دووره پەرێزیو خۆپەرستیدا.

چینو ڤیێتنام، کۆریاو کەمبوج، لاوسو جەزائیر، کوباو نیکاراگوا...تاد. هەریەکە لەو وڵاتانە شۆڕشیان تێدا بەرپا کراوەو سەرەڕای جیاوازی ڕێبازی ڕزگاریان. بەڵام هەموویان لە چارەسەرکردنی کێشەی جووتیاران دژی دەرەبەگەکان، هاوشانی ئەرکە نیشتمانییەکانی دیکە، بگرە زیاتریش درێغیان نەکردووە، زیاتر لەوەش لە چینو ڤیێتنامدا پێش خەباتی نیشتمانیو سیاسی، خەباتکردن دژی ستەمی دەرەبەگایەتیو ڕزگارکردنی جووتیارانیان زووتر تەقاندۆتەوە. چونکە باری کۆمەڵایەتیو قۆناغی خەباتەکەیان وایخواستووە هەر ئەم ڕاستییەش زۆرینەی جووتیارانی کردە جەنگاوەری لەشکری شۆڕشی درێژخایەنی ئەو وڵاتانەو سەرکەوتن، کەچی دەشگوترا کرێکاران پێشڕەون.

لە کۆریاش هەروەها بەدرێژایی ژێردەستەیی ژاپۆن، ڕژێم دەرەبەگی دەپاراستو هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر پێوەندی بەرهەمهێنانی جووتیاراندا نەهات. پاش جەنگی دووەمی جیهانو دەست‌تێوەردانی ئەمریکاو سەپاندنی ڕژێمێکی کۆنەپەرستی وابەستەی پشتیوانی‌لێکەری دەرەبەگایەتی، پێش هەڵگیرساندنی جەنگی بەرەنگاری نیشتمانی، جووتیاران دژی دەرەبەگەکان ڕاپەڕینو خۆ بەخۆ لە ٧٠٪ی بەرهەمیان بۆخۆیان هەڵگرت. هەر ئەمەش لە ئاکامدا هۆیەکی هەرە گرنگی سەرکەوتنی گەلی کۆریا بوو کەچی هەمان هۆی جووتیاران چەندین شۆڕشیان ژێرخست، چونکە باری چینایەتی دژایەتی دەرەبەگیان بەسەرچوو بوو.

٤/٤- بۆلیڤیا: گۆڕی گیڤارا

گیڤارا، پاش ئەوەی وەکو دووەمین ڕێبەری شۆڕشی کوبا، گەورەترین ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی گێڕا بەپێی ئەو ڕێبازەی خۆی باوەڕی پێی هەبوو پایەی وەزیریو خۆشی ژیانی پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە کوبادا ساڵی ١٩٦٥ لەپێناوی سەرخستنی ڕێبازەکەیدا بەجێ‌ھێشتو ملی ڕێی هاتو نەهاتی سەرخستنی شۆڕشی لە وڵاتێکی دیکەی ئەمریکای لاتیندا دژی وڵاتە یەکگرتووەکانی گرتەبەر. هەڵبەتە گیڤارا باوەڕي وابوو ئەو ڕێبازەی شۆڕشی کوبای گەیاندە ئاکامی

سەرکەوتن، سەرکەوتنی دیکەش لە ولاتانی دیکەی مانەندی کوبا بەدیدەهێنی.لە گوتارێکیدا پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، گیڤارا لە بەشێکیدا باوەڕی بە ڕێبازی پارتیزانی لە قارەی ئەمریکادا وادەردەبڕێ: «ئێمە لەو باوەڕەداین کە شۆڕشی کوبا سێ پایەی گرنگی بەخشیوەتە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی دژخی ئێستای قارەی ئەمریکا. یەکەم: ئەوەیە کە هێزی خەڵک دەتوانن لە جەنگدا دژی سپا سەرکەون. دووەم: پێویست نییە هەمیشە چاوەڕێبین تەواوی مەرجەکانی شۆڕشگێڕیتی سازبێ، خودی ڕاپەڕینە ئەم مەرجانە دێنێتەدی. سێیەم: لەوێشە دواکەوتوانەی قارەی ئەمریکا گۆڕەپانی هەوڵدان بۆ خەباتی چەکدارانە بەشێوەیەکی سەرەکی دەبێ لە گوندەکاندا بێ» ‹١٠›.

لەدوا نامەشیدا کە پێش ڕۆیشتنی بۆ بۆلیڤیا بۆ کاستروی بەجێهێشتووە، دەڵێ: «میللەتانی دیکەی جیهان کۆششی کەم بایەخی منیان پێویستە. من دەزانم ئەم خواستەی کەوا تۆ بەهۆی لێپرسراویت بەناونیشانی سەرۆکی دەوڵەتی کوبا، توانای بەدیهێنانیت نییە ڕاپەڕێنەو لەو ڕۆژەوە زمانی جوداییمان گەیشتووە ‹١١›.

کەواتە گیڤارا، هەم وەکو تیۆری چەکداری پارتیزانی هەم وەکو دژخی ناڵەباری قارەی ئەمریکاو هەمیش وەکو ئەزموونو لێهاتوویی ڕێبەرایەتی خۆی لەخۆیو ڕێبازەکەی دڵنیا بووە، ئەوسا کوبای بەرەو بەرپاکردنی شۆڕش لە بۆلیڤیادا جێهێشتووە.

گەیشتۆتە بۆلیڤیا، شۆڕشی هەڵگیرساندووە، چەندین مەفرەزەی چەکداری پێکەوە ناوە، ئوردووی پێشمەرگایەتی دروست کردووەو مەشقی داون. هەروەها چەندین شەڕی سەرکەوتوانەشی ئەنجامداوە. بەڵام بەرە بەرە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان پێیان سەلماندووە شۆڕش بە لاسایی کردن بەرپا ناکرێو تیۆری پارتیزانیش وا بە ئاسانیو ئاسایی مەرجە کۆمەڵایەتیەکانی سەرکەوتن ناهێنێتەدی. یەکێک لەو مەرجانەی پێویستە بۆ سەرکەوتن؛ (مەبەستی ئەم بەشەی باسەکەشە) کێشەی جووتیارانە، دەبا سەرنج بدەین ئەو ڕێبەرە لەخۆ دڵنیایە لەناو گەرمەی

‹١٠› ارنستو چەگوارا در انقلاب (با دو مقاله چاپ نشده) انتشارات مروارید. ترجمه م.أ.رهجو،ص:١٨.

‹١١› رویجی دوبریة، ثورة في الثورة، ترجمة الياس سحاب، الطبعة الاولى، يناير ١٩٦٨، منشورات دار الاداب، بيروت ص: ٢٤.

رووداوەکاندا لەسەر جووتیاران گەیشتۆتە چ ئەنجامێک: «هێشتا بەدەستی بەشدارنەبوونی جووتیارانەوە دەناڵێن، ئەمە بازنەیەکی بۆشە، بۆ ئەوەی جووتیار وا لێبکەین پابەندبن دەبێ بەردەوام کارەکانمان لە چۆڵەوانیدا بکەین، بەڵام راپەراندنی ئەمەش پیاوی زۆری دەوێ ـ رووداوەکانی حوزەیران». هەروەها لەسەر هەمان بابەت دەڵێ: «ئێمە هەمیشە هەست بە نەهاتنی جووتیاران بۆ ریزەکانمان دەکەین سەرەرای هەندێ نیشانەی هاندەر کە شێوازی پێشوازی کردنمان لەلایەن هەندێ لە جووتیرە پیرە ناسراوەکانەوە دەیسەلمێنێ. ـ تەمووزی ۱۹٦۷».‹۱۲›.

ئەو جووتیارە پیرە ناسراوانە نەک پێشوازی بگرە بە خۆیان و کوڕو کوڕەزاکانیشیانەوە، چووشبانە ریزی مەفرەزەکەی گیڤاراو گیڤارستەکانەوە. (بورە)کەیان (نەک شۆڕشەکە) سەرنەدەکەوت. چونکە شۆڕش بزووتنەوەی بەرینی شۆڕشگێرانەی جووتیارانی دژی دەرەبەگایەتی گەرەکە نەک پێشوازی پیرە ناسراوەکان؟ یان تەنانەت سۆزی چەندین عشیرەتیش!!

ئەوەبوو (بورە)کەی بۆلیڤیا بەداخەوە بە رێبەرایەتی گیڤاراش ژێرکەوت و خۆیشی شەهید کرا، پاشان لێکۆڵەران دەریان خست کەوا: وێرای ژێردەستەیی بۆلیڤیاو ئەو ستەمە سیاسی و نیشتمانییەی لەلایەن ئەمریکای ئیمپریالیستییەوە لەسەریانەو سەرەرای چەوسانەوەی چینایەتی دژوار دژی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەڵام لەبەر ئەوەی دۆخی شۆڕشگێرانە لە شارەکانی بۆلیڤیادا چەشنی کوبا لە رووی بابەتییەوە نەخەملی بوو، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەیان نەکەوتبووە سەر راستە رێی شۆڕش و لەبەرئەوەی لەناو جووتیارانیشدا تازەگی، پاش ۲۰۰ ساڵ خوێنمژینی دەرەبەگایەتی ریفۆرمی زەوی بۆ جووتیاران بەدیهێندرا بوو، ئەمەش دوور نییە وەکو نەخشەی شۆڕشی چەواشە لە ترسی دووبات نەبوونەوەی ئەزموونی کوبا بەدی نەهێندرابێ، بۆیە جووتیاران رانەپەڕین و نەچوونە ریزی (بورە)کانەوە. کە هەڵبەتە مەفرەزەکانی گیڤارا دووریش بوون لە زوڵم و زۆرلێکردنی جووتیاران (وەکو کوردستان) بەڵکو ئەربەری رێزیان لێگرتوون و بۆ ئەوەی بەهۆی ئەوانیشەوە سوپا ئازاریان نەدات بنکەکانیشیان لە گوندەکان دوور خستۆتەوە. بۆیە ناتواندرێ هیچ جۆرە کاروکردارێکی خراپ لەو (بورە)دا بکرێتە هۆی شکستیان، جگە لەو هۆیە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی باسمان کردن ئەوانەش پێوەندیان بەو گۆرانکاریانەوە هەیە

‹۱۲› هەمان سەرچاوەی پێشوو.

که له شستەکان بە دواوە ئیمپریالیزم بەپێی نەخشەی نوێی ئیمپریالیستی هەم بۆ پەرەپێدانی بازاڕی خۆیو هەم بۆ ڕێگرتن لە بووژاندنەوەی شۆڕش، بەدیهێناون زۆرتریش گۆڕانکارییەکان دوو چینی گرتەوە: بۆرژوای نیشتمانیو جووتیاران.

ئەم گۆڕانکاریانەش بە دوو شێوە وردە بۆرژوا دەیانکاتە پشتیوانی نوێی خۆی بۆ دژایەتی کردنی کرێکارانو مارکسییەکان:

١- لەسێبەری ڕژێمە سەرمایەدارییە دەوڵەتییە هێشتا هەڵنەگەڕاوەکان بۆ فاشیەت کە لەژێر فشاری ڕووداوەکاندا هەتا ڕادەیەک ڕیفراندۆمی سەرمایەداریان دەسەلێنن‌و ئەم چینە هەوڵیانە جووتیاران بکەنە هاوپەیمانی خۆیان دژی کرێکاران لە خەباتی دیموکراسیداو لەم پێناوەشدا درێغی ناکەن هەتا دۆخەکەش وایێ بۆیان دەچێتەسەر، چونکە جووتیارانو وردە بۆرژوای شارەکان، هاوبەرژەوەندی ئەم قۆناغەن.

٢- لە بەرامبەر ڕژێمە فاشییەکانی مانەندی عێراقیش بە حوکمی ئەوەی جووتیاران کەمتر دێنە ریزی شۆڕشی درێژخایەنەوە، وردە بۆرژوا زیاتر لەسەردەمی کۆنی بۆرژوای کۆنە نیشتمانی هەوڵدەدەن لە شۆڕشی میللی یان لە تەواوکردنی بە ڕواڵەتی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسیدا، پێشەنگ داگیر بکات، ئەگەر بە زەبری فاشیانەش بێت هەرکاتێکیش هەست بە مەترسی کرێکارانی شۆڕشگێڕ بکات، بەرهەڵستی توندیان دەکاتو هەنگینێ سەرکوت کرنی دیموکراسی وەکو سەربڕینی مریشک وایە لایان.

لەهەموو حاڵەتێکیشدا لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵایەتی جوتیارانو هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی چینایەتییان هەروەها ڕادەی پێشکەوتنو باری سایکۆلۆژییان، ئایینو مەزهەبە جۆراوجۆرەکانیان، دابو نەریتو پێوەندی خزمایەتیو خێڵەکیان. زەوییان، ئاویان، داهاتو بەرهەمو هەناردەیان بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کەوا پیشەسازی پێشکەوتووەو میکانیزمەکردنی گوندو کێڵگەکان پەرەیان دراوەتیو دەدرێتێ زۆر گرنگە.

رشتەی پێنجەم

٥- شێواندنی شۆڕش

زەمینەی چەکەرەکردن‌و تەشەنەسەندنی ئایدیۆلۆژی ریفۆرمیزم دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابوری پاش شکستی کۆمۆنەی پاریس (٢٨ی ئاداری ١٨٧١-٢١-٢٨ ئایاری هەمان‌سال) وەکو یەکەمین ئەزموونی بەزێندراوی کرێکاران‌و سۆشیالیزم، کە ئەویش هەر بلانکییەکان (بشێوێنەکان -فەوزەوی) بەزۆر لێی بەرپرسیارن چونکە: لەکاتی خۆیدا پەیان نەدایە شۆڕش. کە پەیشیان‌دایە، قۆناغی دیموکراسی‌و سۆسیالیزمیان تێکەڵاوکرد وەکو واشیان کرد، پاش سەرکەوتن لە پاریسدا هەڵیان نەکوتایە سەر دوژمنانی کرێکاران کە فەرسای‌دا خۆیان بۆ هەلی لەبار لە مەڵاس دابوون. هەتا هەلەکە بۆ ئەوان هەڵکەوت‌و هەڵیان کوتایەسەر کرێکاراتی کۆمۆنەو نقوومی خوێنی هەزاران کرێکارانیان کرد.

ئەم شکستە بۆ کرێکاران زیانێکی گەورەو بۆ بورژوازییەکان قازانێکی گەورەتری هەبوو. زیانەکەی بۆ کرێکاران لەو نائومێدییەدا بوو کە پاش شکستەکە رۆدەچووە هەناوی هەندێ لە پەیرەوانیان، قازانجەکەیشی بۆ بورژواکان لەو گەشبینییەدا بوو کە لەو ئاستەنگەیاندا، لە شکاندنی کۆمۆنەدا هێنایانەدی، ئەمەش لەخۆ دڵنیا بوونی لەناودا زیاتر چەسپاند. زیاتر لەوەش ئەو سەرکەوتنەی بورژواکان‌و ژێرکەوتنەی کرێکاران، رێبازی ریفۆرمیستی لەناو بزووتنەوەی کرێکارانی فەرەنساو ئەڵمانیاو ئینگلتەرادا سەرهەڵداو هەولۆنستی چینایەتییانی خامۆش‌و هەستی شۆرشگێڕانەی فەرامۆش کردن. زەمینەی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی ئەم بیروڕایەش، زیاتر لەسەر ئەو بنەمایەی ئۆروپاوە چەکەرەی کردو چەسپا کە: ئۆروپا

پاش جەنگی (روسیا-ئەڵمانیا .١٨٧-١٨٧١) کە بە ڕاپەڕینی گشتیو گەورەی پاریس کۆتایی پێهات ماوەی پشوویەکی بیستساڵەی باشی بەخۆیەوە دی. لەوماوەیەشدا دەوڵەتانی کۆلۆنیالی سودو سوویەکی زۆریان لە کۆلۆنەکان پاشەکەوت خست. ئەمەش کاری کردەسەر ڕەوتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیش. ئیدی لێرەوە تیزی کۆششی ریفۆرمیستی بەرەو سۆشیالیزم داڕێژرا.

ئەدوارد برنشتاین ئەودەمە پاش جۆرج فۆلمار کە لە ساڵی ١٨٩١وە سەرەتایەکی ئەو تیزەی دەرخست، لەساڵی ١٨٩٧-١٨٩٨ وەکو بەرجەستەترین نووسەرو تیۆریسێنی ریڤیژێنیزم دابەزیە مەیدانەی مشتومڕو نووسین لەسەر مارکسیزمو شۆڕشو سۆشیالیزمی زانستی. بەمەدا کەوتە دژایەتی کردنی بنچینە شۆڕشگێڕیەکانی مارکسیزم بەتایبەتی هەوڵیدا بیسەلمێنێ گوایە:

١- سەرمایەداری لەناوخۆدا سەرەنجامی ناکۆکیەکانی لەناوناچێو نابوود نابێ، بەمەش مات‌ریالیزمی مێژوویی ڕەتکردەوەو تیۆری خەباتی چینایەتیشی بەتاڵ کردەوە.

٢- شۆڕشی کۆمەڵایەتی کرێکارانی وەکو تاقە ڕێبازی دەستەبەری سەرکەوتن بەسەر سەرمایەداراندا بەربەرچدایەوە.

٣- سۆشیالیزمیشی لەڕێی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیەوە وەکو: پەرەسەندنی کۆمەڵە هەرەوەرزیەکانو سەندیکاکانو پەرەسەندنی شێنەیی دیموکراسی سیاسی...تاد. دەهێنادی!

کورتییەکەی:

حیزبی شۆڕشگێڕی کرێکارانی، لە حیزبی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ حیزبی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی گۆڕیو مارکسیزمی لە ڕێبازی شۆڕشگێڕانەوە هەڵدەگێڕا بۆ ڕێبازی ناشۆڕشگێڕ. شۆڕشی خستە مۆزەخانەی مێژوو، سەرمایەدارانی هەتا هەتایە کردە پەیکەری ژیانو سۆشیالیزمی زانستی پێچایەوە.

ئەو بیروڕایانە لەلایەن کاوتسکییەوە کەمە کەمە دەپارێزراو دەسەپا، هەتا پاش برنشتاین بە تەواوەتی کاوتسکی بووە میراتگری بێ پەردەو پەیرەوای. ئیدی ئەو ڕێبازە تەشەنەی تەواوی سەندەە ناو ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەمو پاش مەرگی ئینگلسو پێش جەنگی یەکەمی جیهان، باڵادەست بوو، لەو دەورووبەرەدا مەترسی بەرپاکردنی جەنگی ئیمپریالیستییانە کەوتە ئارا. جەنگیش هەڵ بوو کرێکاران

قەیرانەکانی سەرمایەداران بۆ پەرپاکردنی شۆڕش بقۆزنەوە. جەنگ کەهەڵگیرسا، باشترین هەل هەڵکەوت حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان بتوانن بڕیارەکانی کۆنگرەی (شتوتگارت ۱۹۰۷) ئینتەرناسیۆنالیزم لە دژایەتی‌کردنی هەڵگیرسێنەرانی جەنگە نارەواکەو خۆشکردنی زەمینەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەتاڵ بکەنەوە.

لە ٤ی ئابی ۱۹۱٤دا، بە بڕیاری حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، زیات لە سەد ئەندامی پەرلەمانیان (رایستاخ) دەنگیان بۆ بودجەی جەنگ‌دا. حیزبی ناوبراو بەم کارەی لەهەموو حیزبێکی سوسیالی دیموکراتی دیکە زیاتر کاری کردە سەر سۆسیالیستەکان‌و کرێکاران. چونکە بەدڵی گەورەی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووە دەژمێردراو حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەورووپا وەکو نموونەی دوورنمای خەباتیان تەماشایان دەکرد، هەربۆیە پاش ئەمان، سۆسیال دیموکراتەکانی فەرەنساو ئینگلتەرەش هەماش هەڵوێستیان وەرگرت.

سەرەتا کە هەواڵەکە گەیشتە لینین، پێی‌وابوو پروپاگەندەی هەڵبەستراوی پۆلیسی ئەڵمانیایە هەتا بۆی دەرکەوت راستەو لێیان راست بویەوە، هەروەها (رۆزا لۆکسمبورگ و لیبیکنیختیش) هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان دژی ئەو ڕێبازە ڕیڤیژینسییە وەرگرت. بەلاَم ئەفسوس هیچی ئەوانە نەیانتوانی گرنگترین ڕاپەڕینی کرێکارانی ئەڵمانیا لە ناسکترین قۆناخی خەباتی کرێکارانی جیهاندا بگەیەننە سەرکەوتن، لەکاتێکدا شۆڕشی ئوکتۆبەر پێویستی بەو پشتیوانیە هەبوو هەتا لە قەتیسی قەوارەی تاکە وڵات دەربچێ‌و شۆڕشی سۆسیالیستی قوڵایی جیهانی بدۆزێتەوە وەکو شۆڕشی ئوکتۆبەر بەرەو سەرکەوتنی بەرن. مەترسی ڕیڤیژینیزم ئەوسا لەهەموو کاتێ زیاتر لەسەر پاشەڕۆژی شۆڕشی کرێکاران‌و گەلان دەرکەوت. بەوشێوەیە ڕیڤیژینیستەکان بوونە مایەی لەباربردنی هەڵکەوتوترین دۆخی شۆڕش شۆڕش‌و ئەمەش لە مێژووی کرێکاراندا ژەهراویترین پوازی بۆرژوا بوو چەقێندرایە جەستەی بزووتنەوەی چەوساوەکان. لەوساوە ڕەوتی مێژوو لە گرێژنە دەرکراو هەتا ئێستاش نەخراوەتە سەرباری ئاسایی خۆی.

بەوشێوەیە، ڕیڤیژینیستەکان توانییان توندڕەوایەتی بلانکیەکان لە تێکەڵاوکردنی ئەرکەکانی دیموکراسی‌و شۆڕشی سۆسیالیستیداو لە یەکەمین شکستی کرێکاراندا بۆ بەدیهێنانی خواستە دیموکراتی‌و ریفۆرمیستیەکان، بقۆزنەوە. ئەگەر وانەبا، ئەگەر کرێکاران لە چۆنیەتی بەدیهێنانی دیموکراسیدا بۆ زەمینە خۆشکردنی باشتری سۆسیالیزم بە گەرمی تێکۆشابان، ڕەوتی ژیان لەو

زەمانو زەمینەیەدا بەچەشنێکی دیکە دەگەیشتە دۆخی ئێستامان.

لە شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ی ڕوسیادا، کرێکارانو زەحمەتکێشان توانیان بیسەلمێنن کەوا لەسەرخستنی شۆڕشی دیموکراسیدا لەکاتی لاوازی بۆرژوادا، ڕۆڵێکی مێژوویيان هەیە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەریش سەرکەوت دیسان دەبوو ئەرکە دیموکراسیەکان بە ئەزموون لێوەرگرتنی کۆمۆنەی پاریس جێبەجێ کرابان، بەلاّم بەپێچەوانەوە دەستبەجێ دوای سەرخستنی ئۆکتۆبەر یەکسەرە سەپاندنی سۆسیالیزم گیراوەتەبەر، جیاوازی ئۆکتۆبەرو کۆمۆنەی پاریس لەوەدایە کەوا کۆمۆنە توخنی ئەرکە دیموکراسیەکان، تەنانەت توخنی دەوڵەتیش نەکەوتووە، بەلاّم بۆلشەویکەکان بەناوی دەوڵەتی کۆماری دیموکراسیەوە دابەزینە مەیدان، پاشان پەلەیان لەسەپاندنی سۆسیالیزمدا کرد، هەڵبەتە بوونی لینینو بۆلشەویکەکانو بەرزی ئاستی هۆشیاری چینایەتیو سیاسی ئەزمونی ئۆکتۆبەری پاراستو چەسپاند، بەلاّم لەدوا ئاکامدا مێژوو باجی ڕاستیەکانی سەندەوەو ئاستەنگەکان کە لە سایەی دەسەلاّتی کرێکاراندا شاردرانەوە قوولّ بوونو تەقینەوە. ئەگەرچی لینین لەدوا ساڵانی ژیانیدا دەرکی بە مەترسی زوو سەپاندنی سۆسیالیزم کردو کەوتە هەوڵێکی گەرمیش بۆ پارسەنگدانەوەی بە بایەخ پێدانەوەی دیموکراسی، بەلاّم مەرگ مۆڵەتی نەدا. ئەو مەرگە ناوەختە مەیدانەکەی ئاواڵە کرد دڕندەیەکی وەکو ستالین بێتە جێنشینی لینین، ئیدی لەوساوە، پێش ئەوەی هەڵەکانی تێکەلاّوکردنی ئەرکەکانی دیموکراسیو سۆسیالیزم لێکجوێ بکەینەوە، ڕەوتی مێژوو لە گرێژنە دەرچوو.

١/٥- دیکتاتۆریەتی ستالینی

ستالین ١٨٧٩-١٩٥٣ (٣٠) ساڵ ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی بووە. لەناو حیزبی سوسیال دیموکراتو پاشانیش لە پەرەپێدانیدا بۆ حیزبی کۆمۆنیست لە تێکۆشەرە سەر سەختەکانی ڕوخاندنی ڕژێمی تزار دەناسرا. لەوپێناوەش هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی شوباتی بۆرژواییو گۆڕینی بە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ کادرو ڕێبەرێکی کارامەی ناوداری خەبات بووە. بە ئازایەتیو لێهاتوویی خۆی متمانەی ڕێبەرایەتی حیزبی مسۆگەر کردووەو کراوەتە ئەندامی سەرکردایەتی حیزب لەسەردەمی خەباتی ژێرزەمینیدا، واتە خەباتی نهێنیو شاردنەوە. هەڵبەتە ناتواندرێ نکوڵی لەوە بکرێ بەبێ توانای ڕێکخراوەییو سیاسیو پراکتیکی ئەو متمانەیەی نەدراوەتێ. بەلاّم پێویستە ئەوەش بزانین خەڵکانی سیاسیو تێکۆشەر

وەکو لەسەردەمی خەباتی ئاشکراو ڕاشکاودا، تواناییان، ئاستیان، ڕەوشتیان، نەفسیەتیان، پەیوەندیی و پێوەیان دەردەکەوێ. لەسەردەمی خەباتی ژێرزەمینیی و نهێنیدا هەرگیز ئەو ڕاستییانە وەکو سەردەمی ئاشکرای خەبات دەرناکەون، بگرە زۆرجار، زۆرکەس هەن، لەکاتی خەباتی نهێنیی حیزبو حیزبایەتیدا لەکۆڕو کۆبوونەوەدا لەمشتومڕو ڕادەربڕیندا، پێچەوانەی ماهیەتی خۆی دەردەخات، بەتایبەتی ئەوکەسانەی لە ماهیەتدا هەلپەرستو خۆپەرستو هەلپەهەلپەکەری پێناوی پلەو پایەن. زۆرجاریش ماهیەتی مرۆڤ بەتایبەتی مرۆڤی بەتوانا، نووسەر، زیرەکو بەدەسەلات، دەرنەکەر لە کەسانی کەم تواناو ئاستنزم زەق دەبێ. چونکە ئەو تواناو زیرەکییەی لەپێناوی بەدیهێنانی مەبەستەکانی، ویستەکانی، ئارەزووەکانی، بۆ شاردنەوەی ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆی هەتا ماوەیەکی زۆر، دەشارێتەوەو دەتوانێ کتومت کەسایەتییەکی پێچەوانەی کەسایەتی خۆی بنوێنێ. ئێمە پێمانوایەهەڵبەرچاوگرتنی تەواوی ئەو ڕاستییانە بۆ ستالینو کەسانی وەکو ستالین لەمێژووی کۆنو نوێدا، لەناو تەواوی میللەتاندا کارێکی هەرە پێویستە بۆ هەڵسەنگاندنیان. ئەگەر مرۆ بیەوێ خاڵی وەرچەرخانی ژیانی ستالینو دەرکەوتنی ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەو پیاوە بزانێ، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پێش مەرگو پاش مەرگی لینین تا لەوێوە دەتوانرێ قامک بخرێتەسەر دەروونی دردۆنگی ساڵەهای ستالین.

ئاشکرایە لینین پێش مەرگی ڕەخنەی زۆری لە ستالین لەسەر ئاکارو ڕەفتارەکانی لەناو حیزبدا هەبووە. پێش مەرگیشی لە وەسیەتنامەکەیدا خوازیاری هەڵنەبواردنی بۆ ڕێبەری حیزب بووە. تەنانەت ئەمەی بۆ پاشەڕۆژ هێندە لاگرنگ بووە، لەگیانەلاشدا کە پزیشکەکان لێیان قەدەغە کردووە بنووسێو بخوێنێتەوە، ئەو گوێی نەداوەتێو قەناعەتی خۆی لەسەر نووسین (ستالینو ترۆتسکی بەتایبەتی).
بەڵام ستالین پاش مەرگی لینین، دەستبەجێ وەسیەتنامەکەی ژێرپێی خۆپەرستیناو بەهەر نرخێک بووە دەسەڵاتی خۆی بۆ مسۆگەرکردنی ڕێبەری حیزب و جێنشینی لینین بەکارهێناو سەریش کەوت. ڕەنگەپێش ئەمە، لەساڵانی ڕابردوودا ڕووداوی گەورەو گچکەی زۆر پێچەوانەی خواستی ستالین ڕووبەڕووی بووبێو بەناچاری دانی بەخۆیدا گرتبێ، پشووی درێژ بووبێ، بەڵام مەرگی ناوەختی لینینو زۆران لەپێناوی دەسەڵاتدا لەو دووڕیانە مێژووییەدا، بۆ یەکێکی وەکو ستالین کە کەمتواناتر بووە لە خەڵکانی وەکو ترۆتسکیو بوخارینو هەرئەوانیش لەبەرامبەریدا دەستنیشان

کراوی ڕێبەرایەتی بوون، زانیویشیەتی ئەو هەڵەی لەکیس بچێ تازە بە زوویی هەڵی وای بۆ هەڵناکەوێتەوە یان دوور نییە تووشی شکانی ناڵهاریش نەبێ، بۆیە چاری لەبەردەمدا نەماوە دەرخستنی ماهیەتی خۆی نەبێ کە ساڵەهای ساڵ لە خەباتی نهێنی و پەنامەکی‌داو لەبەرامبەر لینیندا شاردوویەتیەوە. ئیدی ستالین، ستالینیەتی لەسەر ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لەناو شوورەوی و حیزبی کۆمۆنیستدا کە پاش مەرگی لینین، سەرئەنجامی باری دژواری ئابووری ولاتەکە ڕەخسابوون، پیادەکردو کەوتە ویژەی نەیارەکانی و جێبەجێ‌کردنی نەخشەکانی.

تێکڕا نەخشەکانیشی لەسێ قۆناغدا جێبەجێ کرد :

- پێش جەنگی دووەمی جیهان.
- لەکاتی جەنگدا.
- پاش جەنگەکە.

لەپێش جەنگدا، بەبیانوی پاراستنی یەکەمین دەوڵەتی سۆسیالیستی و جێبەجێ‌کردنی سوسیالیزم لەیەک ولاتدا، ئۆپۆزیسیۆنە ڕاست و چەپەکانی پاکتاو کردو بەپێی سەرژمێرێک لەسەری‌ماڵە، زیاتر لە نیومیلیۆن کادرو ئەندامی حیزبی سەرنگوون کردوومو (١٦) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کوشتووە. زیاتر لەسێ هەتا پێنج ملیۆن خەڵکیشی کوشتووە، بەتایبەتی لەناو جووتیاراندا.

لەپێش جەنگدا، بەبیانوی پاراستنی یەکەمین دەوڵەتی سوسیالیستی و پیادەکردنی سوسیالیزم لەیەک ولاتدا، بەرهەڵستە ڕاست و چەپەکانی پاکتاو کردو دەیان هەزار کادرو ئەندامی سەرنگوون کردوومو (١٦) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی کوشتووە (لە کۆنگرەی هەڤدەهەمی حیزبدا سەرژمێری ئەندامانی حیزب بە (٢,٨٠٩,٧٨٦) کەس سەرژمێردراوە لەحاڵێکدا لە کۆنگرەی هەژدەهەمدا سەرەڕای وەرگرتنی (٤٠٠) هەزار ئەندامی نوێ لە حیزبدا سەرجەمی ئەندامانی حیزب و ناو نووسینی ئەندامان لە (٢,٤٧٠,٦٦٦) کەس تێنەپەڕیوە. ‹١٣›.واتە زیاتر لە . . . . . ٧٥ ئەندامی حیزب کوژراوون و پاکتاوکراوون*

‹١٣› از لنین تا گورباتشف. ترجمه: نگارش محمود طلوعی،سازمان انتشارات هفته، چاپ اول ١٩٦٧،ص:٢٢٢.

* سەرنگوون کراوێکی زۆری سەردەمی ستالین لە دەورانی خرۆشۆفدا دووبارە شایانی سیاسی و دڵسۆزیان بۆگێڕدرایەوە. لە دەورانی گۆرباچۆفیشدا بایەخی ڕاستەقینەی (کامینیف، زینۆڤیف، بوخارین) گێڕدراوەتەوەو هی دیش لە توێژینەوەدایە.

پاش ئەوەی بەحیسابی خۆی ئۆپۆزیسیۆنەکانی لەناو حیزبدا پاکژ کردووە، بۆ ئەوەی دژایەتی دیموکراسی بۆ بچێتەسەرو خۆی بە شێلگیر لەسەر ڕێبازی کۆمۆنیزم نیشان بدات، ستالین لە کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبدا (١٩٢٧) لە وتارێکدا پێشنیاری کردووە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شورەوی خێراتر ڕووەو سەرخستنی کۆمۆنیزم بەڕێ ببردرێ بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجەیشی، بایەخی زۆری بە پیشەسازی گەورەو میکانیزمەکردنی بێ ڕێ‌و جێی وڵات‌و سەپاندنی سۆسیالیزم لە بواری کشتوکاڵدا، داوە. بۆئەوەی مەبەستە چەواشەکانی بەتەواوی بۆ بچێتەسەر، لەهەمان کۆنگرەدا بەتێکڕای ئۆپۆزیسیۆن دەڵێ: «دوژمنی لینینزم‌و هاوکاری ئیمپریالیزم دەکەن.»

دوای ئەوەی لە کۆنگرەکەدا مەبەستەکانی چۆتەسەر، ئینجا کەوتە سەپاندنی «سۆسیالیزمی ستالینی!» لە گوندو لەناو جووتیارانەوە تێهەڵچوو. بەزۆرەملێ، بیست‌و پێنج ملیۆن خێزان جووتیاری لە (٠.٢٥) هەزار کۆمەڵی کشتوکاڵی پەستاوت. ئەو جووتیارانەی بەمەش ڕازی نەبوون بە تاوانی ناپاکی قەڵاچۆ کران... ژمارەشیان بەپێی دوا سەرژمێری بڵاوکراو لە شورەویدا دەگاتە (٢٥-٣٠.) ملیۆن قوربانی، واتە چوار بەقەدەر نەتەوەی کورد لەوسەردەمەدا (کەمە...!) لەو هەلومەرجەدا ڕاستە ستالین ئینتەرناسیۆنالیزم‌و خەباتی ناوکۆیی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵام بەکردەوە گرنگترین سیاسەتی ستالین پەرەپێدانی ستالینیەت بووە لەناو شورەوی‌و دەرەوەی شورەویدا، چ لەڕووی ئابووری‌و پیشەسازییەوەو چ لەڕووی سیاسی‌و ئایدیۆلۆژییەوە. ئەوانەش پێشەکی لەناو شورەویدا گیانی شۆڕشگێڕیەتی دامرکاندووە پاشان لە دەرەوەی شورەویدا تەوژمی شۆڕشی نیشتاندەوە.

لەناوخۆدا پێش ستالین هەتا ڕادەیەکی دیار ئازادی دابین دەکرا*. بەڵام ستالین: نەیارەکانی کوشت‌و گرت‌و سەرنگوون کرد. ئەوانە هەموو بوێستری‌و نەوێستری سەرەڕای داپۆشینیان لەلایەن حیزب‌و نووسەرانی ئەو سەردەمە، مارکسیزمی نابوود کرد، هیچ نەبێ هەتا دەرکەوتنی ڕاستییەکانی ستالینیەت. وتەیەکی بوخارین، شایەتییەکی ڕاستگۆیانەی ئەو ڕۆژگارە دژوارەیە کە لە ڕۆژانی کۆتایی ژیانی‌دا ئاڕاستەی هاوژینەکەی کردووە:

* تازە دەرکەوتووە کەوا لە زەمانی لینینیشدا هەندێ فشار بۆ سەر دیموکراسی هەبووە. تەنانەت بۆسەر کرێکارانیش.

وژیانم کۆتایی دێت، ئەوەتانێ سەرم لەژێر تەوری جەللاددا نەوی دەکەم، تەوری پرۆلیتاریاش نییە کە پێویستە بێبەزەیی بێ. لەبەرامبەر ئەم ئامێرە دۆزەخییەدا هەست بە بێتوانایییەکی ڕەها دەکەم کە دەسەڵاتێکی گەورەی لەڕێی شێوازێکی زۆرەوە هێناوەتەدی کە دژی بێ ئابڕوانە، بەهەرواوە هەڵدەبەستێ، ئەگەر هەڵەم لە شێوازەکانی بنیاکردنی سۆسیالیزمدا کردبێ هیوادارم حوکم لەسەردانم سەختتر نەبێ لەو حوکمەی ڤلادیمیر ئیلیچ دەری کرد. بەرەو یەک ئامانج دەڕۆیشتین و ڕێبازەکەش نە نەخشێندرابوو، هەموو ڕۆژگارێک ڕەوشتی خۆی هەیە. لەوکاتەدا پراڤدا لاپەڕەی تەواوی بۆ مشتومڕ تەرخان دەکرد، هەموانیش لەسەر باشترین ڕێ و شێواز دەکەوتنە گفتوگۆ، ناکۆک دەبوون دیسان کۆک دەبوونەوە. دیسان پێکەوە دەڕۆیشتن. من بانگتان دەکەم. ئەی نەوەی نوێ سەرکردایەتی حیزب کە لە ئەرکە مێژووییەکانتان لەم شەپۆلە ترسناکەی تاوان کە حیزب دەشێوێنێ و دەخنکێنێ، بتۆزێنەوە. هەموو ئەندامانی حیزب بانگێشە دەکەم.<١٤>.

> خۆزگە، بوخارین و کەسانی دیکەی وەکو وی خۆیان دەمان و مێشک و قەڵەمی خۆیان بەهەرزەخێک بێ، تاوان و لادان و بادان و ناپاکییەکانی ئەو سەردەمەیان بە هێمنی دەنووسی و بە هێوریش لە سەریشیان دەنووسرا، ئەوسا بەڵێ هەر ئەوسا ڕاستییەکان وەکو هەن دەزاندران، نەک ئێستا زیندوو لەبری مردووەکان ڕووداوەکان هەڵسەنگێنێ. بەڵێ... جگە لە بوخارین و چەندین ڕێبەری بەناوبانگی دیکەی شۆڕەوی، لە دەرەوەی شۆڕەویشدا لەسەر جیاوازی بیروڕا، ستالین لەناو کۆمنترندا (بلاتن) ڕێبەری بەناوبانگی سویسراو(گانتسکی) ی پۆڵۆنیاو هەروەها ی ئۆکراینای ڕۆژئاواو بیلۆڕوسیاو ستۆنیاو لیتوانیا، چەندین سەرکردەی یۆگسلاڤی و بولگاری و هیندی و هەنگاری و ئێرانی... تاد. لەناوبرد.

کە مەترسی جەنگی نازییەکانیش کەوتە ئارا باشترین هەل بوو ستالین لەژێر پەردەی پاراستنی دەوڵەتی سۆسیالیزم مانۆڕی سەمەرەو سەودای سیاسی لەسەر

<١٤> جان اللنشتين. تاريخ الظاهرة الستالينية. ترجمة جوزيف سماحة ص: ١٢٠و١٢١.

حیسابی ئینتەرناسیۆنالیزم بکات. لەلایەکەوە هەموو جۆرە هەڵوێست دەربڕینێکی جیاوازی ناوخۆ بە تاوانێکی گەورە دەژمێردراو هەچ جۆرە سەربەخۆییەکی ئایدیۆلۆژی بە بیانوی تێکدانی بەرەی گەلان ڕەوا دەکرا. ئەمە لەکاتێکدا دەکراو ڕاستیش وابوو کرابا ؛ە دژایەتی نازیزم بکرێو سەربەخۆیی ڕێکخراوەیش بپارێزرێ. کلکایەتی ڕەت بکرێ بەتایبەتی گلکایەتی دیکتاتۆرێک کە زەمانە هەڵیبڕیبوو، ئەو پایەی پێی لەسەر دادەگرت.

لە کۆنگرەکانی کاتی جەنگیش (تاران، یالتا،پۆتسدام) وەکو پێشتر ئاماژەمان کردوو، ستالین لەسەر حیسابی کرێکاران و گەلان بەشارەزووی نەخشەی جیهانی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتە سەرمایەدارەکان دەکێشایەوە. تەنیا لەو شوێنانەی مەترسیان لەسەر سیاسەتەکانی ستالینییەتو سنووری قەڵەمڕەوی شورەوی هەبوو، ستالین پێی دادەگرتو بڕیاری لێبڕاوی دەدا وەکو: پۆلۆنیاو ئەڵمانیاو دەوڵەتانی دیکەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات. لەو شوێنانەی ئەو مەترسیانەی لەئاردا نەبوون یان بیانزانیبایە مەترسیشیان هەبوو ناتوانێ ڕای خۆی بسەپێنێ بۆ ئەوەی مەترسیەکانی دیکەی لێ نەوروژێنێ نەرم خۆی دەدا بەدەستەوە. هەرکە پۆلۆنیاو ئەڵمانیای وەکو دەبویست بۆ مسۆگەر کرا، بەئاسانی دەستی لە ئیتالیاو یۆنانو نەمسا هەڵگرت. لە ئێرانیشدا دوای سەرپێچی کردنێک کە بەڵێنی نەوت دەرهێنان لەلایەن (قوام السلطنە)وە درایە ستالین دەستبەجێ بە بیانوی گوێگرتن لە ئۆلتیماتیمی ئەمریکا لەشکری سووری کشاندەوەو پشتی کردە ئازەربایجانو؛ کۆمارە تاقانەکەی کوردستان. ئەوانە جگەلەوەی پێش جەنگ نەک یارمەتی ڕاپەڕینی چەکدارانەی کوردستانی تورکیای دژی ئەتاتورکە فاشییەکان نەدا کە بە ئاشکرا مافی کوردیان پێشێلو کوردستانیان کاولەو سەدان هەزاریان قەلاچۆ دەکرد، بەڵکو پارەو چەکیشیان دەدانێ (وەکو ئێستای شورەویو عێراق).

تەنانەت داکۆکی لە شۆڕشی چینیش نەدەکردو کەمتر چارەنووسی حیزبی

کۆمۆنیستی چینی لامەبەست بوو کە ئەوسا خاوەن سەدان هەزار پێشمەرگەو چارەکێکی چینی بەرێ دەبرد. بۆیە بە ئاسانی ڕازی بوو ڕژێمی کۆنەپەرستی شانکای‌شێک وەکو ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوشانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو شورەوی، وەربگیرێ کە بێگومان ئەمە بۆ شۆڕشی چین هیچ نەبێ لەڕووی سیاسی‌و دیبلۆماسییەوە لەو کاتەدا زیانێکی کاریگەر بووە. دیارە بۆ پاش جەنگیش ستالین بە تەما نەبوو شۆڕشی چین سەربکەوێ بۆیە ڕازی بوو دوژمنەکەی بخرێتە ڕیزی دەوڵەتە زلهێزەکان.

لەکۆریاش‌دا: پێش بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهان بە پازدە ساڵ شۆڕش بە ڕێبەرایەتی (کیم‌ئیل‌سۆنگ) دژی ژاپۆن هەڵگیرسا بوو. لەکاتی جەنگیشدا کە ژاپۆنیش چووە پاڵ نازی‌و فاشییەکانی ئەڵمانیاو ئیتالیا هەلێکی گەورە بۆ گەلی کۆریا کە هەتا ئەوکاتە یەکپارچە بوون هەڵکەوت سەربکەوێ. هەڵبەتە ئامانجی وا بەدڵی ئیمپریالیستەکان نابێ‌و پێشتر، ساڵی ١٩٤٣ لە کۆنگرەی قاهیرەدا (ڕوزفلت، چێرچل، شانکای‌شێک) بەپێی خواستی خۆیان چارەنووسی کۆریایان نووسی بوو. ساڵی ١٩٤٥یش لە کۆنگرەی پۆتسدام‌دا ئەمریکاو شورەوی‌و بەریتانیاو چین (پێش سەرکەوتنی شۆڕشی چین) باسی چارەنووسی کۆریای پاش جەنگیان کردبووەوەو لەوێدا بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا باسی دابەشکردنی کۆریا کراوەو شورەویش بێ ڕاوێژ پێکردنی نوێنەری گەلی کوریا هەمە ڕازی بوون. گوایە مەبەستەکەش ئەمە بووە کۆریا بەجۆرێک ڕێکبخرێ ئەمریکاو شورەوی پاش ڕێکەوتن لە جەنگدا بە کەمترین کێشە هێزەکانی ژاپۆن چەک بکەن. لەوەبەدوا کۆریای باکور (٩میلیۆن دانیشتوو ـ دواکەوتووی مەزرایی)و کوریای باشوور (٢١ میلیۆن دانیشتوو-خاوەن پیشەسازی سەنگین) دروست بوون. دیارە شۆڕشگێڕانی کوریا بەمە ڕازی نەبوون‌و زۆریشی نەبرد سیاسەتی ئەمریکا دەرکەوت، تەنیا لەچوار ساڵدا ١٩٤٦-١٩٥٠، ڕاستەوخۆ (٢٥٠) هەزار شۆڕشگێڕی گەلی کۆریایان شەهید کرد، ژیان لە کۆریادا بوو بە دۆزەخی ژێر دەسەلاتی ئەمریکاو کۆنەپەرستان. ئیدی گەلی کۆریا بەمە ڕازی نەبوون‌و درێژەیان بە شۆڕشدا. چین بەهەموو توانایەک بەهانایانەوە چوو و ستالینیش ناچار لەڕووی چەک‌و پێویستی جەنگییەوە کەوتە یارمەتیدانی بێدرێغیان. واتە گەلی کۆریا بەو سیاسەتەی شورەوی‌و دەوڵەتانی دیکە ڕازی با دەبوو سەرشۆڕی بۆ ئەمریکاو

کۆنەپەرستان هەڵبژێرێ، وەکو یۆنان و کوردستان و ئازەربایجان و ئیسپانیا.

جگە لەوانە، لە مەڵبەندەکانی دیکەی جیهانیشدا ڕەوتی ڕووداوەکان بەعەمرو زلهێزەکان تێنەپەڕیو ستالینیش بەو سیاسەتەی نەیتوانی پێش لە خەباتی کرێکاران و گەلان بگرێ وەکو:

١- گەلی فەلەستین و عەرەب دژی ئیسرائیل و بەریتانیا ١٩٤٨-١٩٤٩.

٢- گواتیمالا-هیندۆراس ١٩٥٤.

٣- ڤێتنام-فەرەنسا ١٩٤٦-١٩٥٤.

٤- لاوس-فەرەنسا ١٩٤٦-١٩٥٤.

٥- ئیندۆنیزیا-هۆلاند ١٩٤٦-١٩٤٩.

٦- مالیزیا-ئینگلیز ١٩٤٨-١٩٥٧.

٧- کینیا-ئینگلیز ١٩٥٢-١٩٥٣.

٨- جەزائیر-فەرەنسا ١٩٥٤-١٩٦٢.

٩- فیلیپین ١٩٤٩١٩٥٤.

١٠- کۆلۆمبیا ١٩٥٣.

١١- کوردستان-عێراق ١٩٥٨-١٩٦١.

لەو ڕووداوانەدا شوورەوی سەردەمی ستالین ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەدەبینی. شایانی باسە لێرەدا بگوترێ کەوا: لەودەمە ناسکەی خەباتی گەلی چین و کۆریاو گەلانی دیشدا (ماوتسیتۆنگ و کیمئیل‌سۆنگ) یان ستالینیان باش ناسیووەو لەترسی ئەوەی نەکا خراپتر بچی بەگژیاندا چاویان لە سیاسەتە سازشکارییەکانی و دیکتاتۆرییەکەی پۆشیوە، یان ئەوەتانێ باشیان نەناسیووە. هەرکام لەودوو بۆچوونانەش بێ، ئەگەر لەو هەلومەرجە ناسکەی پیایدا تێپەڕیوون جۆرێ لە بیانووی عەسکەری و سیاسی پاساوی ئەو بێدەنگییەیان بداتەوە، ئەوا پاش ڕزگاربوونی گەلی کۆریا و چین و دەرکەوتنی ڕاستییەکان، هیچ بیانوویەک پاساوی بێدەنگیان هەتا مردنی (ماو) و دوای ئەوەش هەتا ئێستا (کیمئیل‌سۆنگ) ناداتەوە. ئەوە نەبێ بڵێین: ئەوانیش یان براگماتین یان خۆشیان وەکو ستالین‌ا چۆنیەتی بیناکردنی سۆسیالیزمیش، لەچین و کۆریادا، نموونەیەکی دزێوی ئەم قۆناخە مێژووییە تیژی سێ جیهان و هەڵەی کوشندەی زووتر گواستنەوە لە قۆناغی دیموکراسیەوە بەرەو سۆسیالیزم و (شۆڕشی نوێ!) و گوێنەدانە داخوازییەکانی (گەلی تبت) و پەرستنی خودی ماو. هەرکە هەموویان بە زیانی دژایەتی سۆسیالیزم

گەڕایەوەو ئەنجامیش گەیشتۆتە گەڕانەوەو گێڕانەوەی سەرمایەداری‌و قەڵاچۆکردنی هەزاران خۆپیشاندەر تەنیا لەسەر مافی ئازادی‌و دیموکراسی.

لەکۆریاشدا، جگەلەوەی ئاستی ژیانی خەڵک لەچاو کۆریای سەرمایەداریدا، ئێجگار نزمترەو سۆشیالیزم بەناو هەیەو کرێکاران تەنیا بە ڕواڵەت فەرمانڕەوان‌و دیموکراسی هەر بوونی نییە. جگەلەوانە (کیمئیل‌سۆنگ) کە خۆی بە (کۆمۆنیست!) دەزانێ لەدەستووری وڵاتەکەیدا بە بڕیار چەسپاندوویەتی کەوا هەتا دوارۆژی ژیانی ڕێبەری حیزب‌و سەرۆکی کۆریا بێت، خراپتریش لەمە بەتاقی تەنیا مافی هەیە کابینەی وڵاتەکەو بڕیاری ئەنجومەنی بەرزی پاسادانان‌و تەنفیزی هەڵبوەشێنێتەوە! مەگەر (سەدام حسێن) وابێ. ئەویش لەبەر ڕای گشتی جیهان نەیانووسیوە بەڵام بە کردەوە خراپتریشە.

بەوشێوەیە ستالینیەت زیاتر لە چارەکە سەدەیەک، وەکو ڕێبازێکی سەرکرتکەرانە لە شۆرەوی‌و دەرەوەی‌دا گەوهەری مارکسیزم‌و گیانی شۆڕشگێڕانەی شەمزاندو شێواند. ئەم ڕێبازە دیکتاتۆریە کەمتر لە ریڤیژیۆنیزمی کاوتکی‌و برنشتاین، زیانی بۆ فەلسەفەی مارکسیزم نەبوو. چونکە جگەلەوەی:

- سۆسیالیزمی شێواند
- دیموکراسی پێشێل کرد.
- ملیۆنەهای کوشت.
- حیزبی بۆلشەویکی تێکدا.
- خەباتی کرێکاران‌و گەلانی ساردکردەوە.

جگەلەهەموو ئەوانە، مەترسی ئەم ڕێبازە دوو زیانی کاریگەرتریشە کە هەتا ئێستاش بوونەتە مایەی تاوان‌و تانەی گەورە بۆ مارکسییەکان:

١- لەسەر ئاستی جیهان پڕشنگی دووربفای مارکسیزم خامۆشکراو سەرمایەدارە کۆنەپەرستەکان هەتا ئێستاش ستالینیەتیان کردۆتە نووکی ڕمی ژەهراویان بۆ دژایەتی مارکسیزم، هەتا ڕادەیەکی زۆریش تاوانەکانی ستالین مەرکسیزمی لەناو خەڵکی ئۆروپاو ئەمریکاو باقی ناوچەکانی جیهانیش کەم بایەخ کردووە.

٢- دیکتاتۆریەتی ستالین، لەبەر ئەوەی بەناوی مارکسیزم‌و چەسپاندی سۆسیالیزم لەیەک وڵاتدا لە بەرامبەر ئیمپریالیزم‌دا پێڕەوەکرا بە ملیۆنەها خەڵکی بێ‌ئاگا چەواشەکران‌و سەرکوتاندنی ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕیش بەحەلاڵ دەزانرا، هەر ئەمەش وایکرد لەبەرامبەر ستالینیەتدا کرێکاران‌و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێری

شوره‌وی‌و جیهانیش درێژه به ململانێی ئایدیۆلۆژی‌و چینایه‌تی نه‌ده‌ن.

که‌واته: مه‌ترسی ڕاستڕه‌وی له‌ڕووی ئایدیۆلۆژییه‌وه که‌متره له مه‌ترسی ستالینیه‌ت‌و هاوڕێبازه‌کانیان له‌ناو بزووتنه‌وه‌ی کرێکاران‌و گه‌لانیشدا. چونکه له‌به‌رامبه‌ر ڕاستڕه‌وه‌کاندا مه‌ترسی دژایه‌تی کردنی باوه‌ڕی چینایه‌تی‌و مارکسیزم زوو ده‌زاندرێ. له‌کاتێکدا له به‌رامبه‌ر ستالینیه‌تدا نه‌ک زوو نازاندرێ، به‌ڵکو له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ستالینیه‌ته‌که خۆی له‌ژێر په‌رده‌ی ئه‌و باوه‌ڕه‌دا ده‌شارێته‌وه، بۆیه دژایه‌تی کردنی پێڕه‌وانی مارکسیزم توند ده‌بێ، به‌تایبه‌تی له‌لایه‌ن ئه‌و حیزبانه‌وه که له‌ده‌ره‌وه ده‌نگی ده‌هۆڵی ستالینیه‌تیان له‌ژێر کاریی سه‌رکه‌وتنی شۆڕشی ئۆکتۆبه‌رو لینین‌دا پێ‌خۆش بووه.

ئه‌م هۆیه‌ش له‌ڕووی پاسای خۆیی خه‌باتی چینایه‌تییه‌وه کاراییه‌کی ناله‌باری کردۆته سه‌رخه‌باتی کرێکارانی جیهان‌و تێکۆشانی گه‌لانی ڕزگاریخواز. له‌به‌ر ئه‌مه‌شه ده‌بینین له‌و سه‌رو‌به‌نده‌ی مێژوودا، بزووتنه‌وه‌ی چینایه‌تی کرێکاران ڕه‌وتی جارانی ته‌پیوه‌و له‌دوای جه‌نگه‌وه له‌سه‌رانسه‌ری جیهاندا تاکه ڕاپه‌ڕینێکی چینایه‌تی گه‌وره به‌رچاو ناکه‌وێت که ببێته ناوه‌ندێکی نوێی خه‌باتی چینایه‌تی. هۆیه‌کی خۆیی هه‌ره گرنگیشی بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه که‌وا ستالین له‌گه‌ڵ ولاتانی سه‌رمایه‌داریدا بۆ ڕاگرتنی له‌نگه‌ری ناکۆکی پێچه‌وانه‌یی‌و سه‌ره‌کییه‌کانی جیهان‌و ناوچه‌کان‌و میلله‌تان‌و هاوئاهه‌نگی کردووه‌و له‌پێناوی بردنه سه‌ری ئه‌م مه‌به‌سته‌ش به ده‌ستکه‌وته‌کانی پاش جه‌نگ له ئه‌وروپای ڕۆژهه‌ڵاتدا ڕازی بووه‌و به‌س. مه‌گه‌ر میلله‌تی، یان ڕێبه‌رایه‌تی حیزبێک به پێچه‌وانه‌ی خواستی ستالین سوور بووبێ له‌سه‌ر ڕێبازی سه‌ربه‌خۆیی‌و شۆڕشگێڕێتی. له‌و هه‌لومه‌رجه‌ی جیهان‌و شوره‌ویدا که گۆڕانکارییه‌کی گه‌وره له جیهاندا ڕووی نه‌دا، ستالین مردو جێنشینێکی ڕیڤیزیۆنیستی دیکه هاته سه‌رکار.

٢/٥- خرۆشۆف: هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه له ستالین

نیکیتیا سه‌رگێیڤیچ خرۆشۆف (١٨٩٤-١٩٧١) له‌پاش شۆڕشی بۆرژوای ڕووسیاوه پێوه‌ندی ڕێکخراوه‌یی به بۆلشه‌ویکه‌کانه هه‌بووه. ئه‌زموونی سیاسی له‌وه به‌دوا ده‌ست پێده‌کات. ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێ ناوبراو له‌ناو بۆته‌ی کێشه ئایدیۆلۆژی‌و تیۆری‌و سیاسییه‌کان قاڵ نه‌بووه‌و یه‌کسه‌ره له‌ژێر کاریی سه‌رکه‌وتندا تێکه‌ڵاوی سیاسه‌ت بووه. دیاره شۆڕشی ئۆکتۆبه‌ر سه‌رکه‌وتنه‌که‌ی کارێکی

بۆرژوویی بوو بەلاّم زۆری نەخایاند دووچاری هەلّەو تەنگوچەلّمەی قووڵو دوژمنی ڕەمەجۆرەی سەرسەخت هات. ئەو دوژمنو تەنگوچەلّمانە بوونە کۆسپی گەورە گەورە لەبەردەم بەدیهێنانی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسیو سۆسیالیزمدا.

دیکتاتۆرێکی دڕندە جڵەوی کەوتە دەست کاتێک دیکتاتۆریش سەردەکەوێ دیارە دیموکراسیەتیش نامێنێ، کەواتە: ئازادیش نامێنێو باقی ڕێبەرو کادرو خەڵکی بەتوانای شۆڕشیش ناتوانن ئازادانە بیر لە چارەنووسی شۆڕشەکەو چارسەرکردنی کێشەکانی بکەنەوە یان کە بیریشیان لێ کردبێتەوە توانایان نابێ بڕیارو پێشنیارەکانیان پیادە بکەن، چونکە (هاوڕێ ستالین) ڕێی نەداوون. نەبوونی ئازادیو سەپاندنی دیکتاتۆریەت یەکێک لە زیانە گەورەکەی بە قوتابڕدنی توانستی خەڵکە بەتواناکانی کۆمەڵە، لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی لەڕووی ئابووریو تیۆریو ئایدیۆلۆژیو سیاسیو عەسکەرییەوە. هەربۆیە ئەو زەمانو زەمینەیەی کادرە نوێکانی ئۆکتۆبەرو پاش مەرگی لینینو لەناو گەرمەی کێشە ئاڵۆزەکاندا پێگەیشتوون، چۆنیەتی پەروەردەیان جیاواز بووەو لەچاو پەروەردە دیموکراسییەکەی کاتی ڕێبەرایەتی لینین بەرەو خراپی گۆڕاوە، بەتایبەتی بۆ دەزگای ڕێبەرایەتی، ئەگەر ستالینو دەزگا تایبەتیەکانی لێی دڵنیا نەبووبن لەبەر ئەوەی ستالین یەکەم پێشێلکەری دیموکراسیو پێڕەوەنەکەری پرێنسیپەکانی بووە. ناکرێ خۆی وا بوویێو کادرو هاوڕێکانی پێچەوانەی خۆی پەروەردە کردبێ. کادرەکان، بەوشێوەیەش لەناو حیزبو دەوڵەتدا پێشکەوتبنو پێش خرابن، هەڵبەتە بەدەرنابن لە سیاسەتی ستالینیانە.

خرۆشۆف لەو کادرانە بووە لە زەمانی ستالینو لەناو قوتابخانەی ستالینیەتدا پەروەردە کراوە، پێشخراوە، گەیەندراوەتە ڕێبەرایەتی حیزبو دەوڵەت. هەر لەوکاتەوەی لە کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبدا ساڵی ١٩٢٥ بەشداری کردووە، بووە بە دڵسۆزێکی ستالینیەتو دژی نەیارەکانی بەگەرمی تێکۆشیووە. متمانەی ستالینی لەڕێی دۆستانی نزیکی ستالینەوە بۆ مسۆگەر کراوەو پلەبەپلە پێشخراوە هەتا لە کۆنگرەی حەڤدەهەمدا (١٩٣٤) کراوەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ساڵی ١٩٣٨ کە ساڵی خوێناوی لەناوبردنی نەیارانی ستالینە، کراوەتە سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی لە ئۆکراینادا. پاش ساڵێک کراوەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. بەوشێوەیە خرۆشۆف حیزبایەتی کردووەو هەتا ئەو ڕۆژەی ستالین زیندوو بووە، لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانە، کوشتار، سەرنگوونکردنە... کوشتنی هەڵکەوترین

ڕێبەرانی حیزب‌و نەبوونی لایەنی کەمی ئازادی‌و دیموکراسیدا، خۆی مت کردووە‌و ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە. ویژدانی کردۆتە خۆراکی بێ ویژدانی ستالین‌و لە کەلەبەری ڕۆژگاردا خۆی بۆرژوی خۆی مەلاس‌داوە* تەنانەت ئەوەندە جێی باوەڕی ستالین بووە بەدرێژایی سالانی مەسئولیەتی خرۆشۆف لێی نزیکبووە‌و یەکێک بووە لەوکەسە کەمانەی لەنزیکەوە ستالین پشتی پێ بەستوون. ئەو ڕۆژەی ستالینیش مردووە، خرۆشۆف لە یادداشتەکانی خۆیدا نووشیویەتی کە: نەمتوانیوە خۆم کۆنترۆڵ بکەم‌و گریان، دەشبێ بڵێم لەمەرگی ستالیندا ڕاستگۆیان گریام!

لەبلاوکراوەی کۆمیتەی ناوەندیش‌دا بەبۆنەی مەرگی ستالین کە بێگومان بە ڕێنوێنی خرۆشۆف نووسراوە، وەفاداری بۆ ستالین دووپات کردۆتەوە‌و گوتویەتی: «هاوڕێ لینین‌و درێژەپێدەری ڕێبازەکەیەتی‌و ڕێبەرو مامۆستای ووردبینی حیزبی کۆمۆنیست‌و خەڵکی شورەویە ‹١٥›».

کە خرۆشۆف ڕێبەرایەتی شورەوی کەوتەدەست، لەلایەک خۆی پەروەردەی قوتابخانەی ستالینیەت بوو، لەلایەکی دیشەوە دەیزانی شورەوی لەژێر چ بارێکی سەختدا دەناڵێنێ. ئەرکە جیهانیەکانیش کەمتر لەو دوولایە باری خرۆشۆف‌و ڕێبەرایەتی نوێی شورەویان قورس نەکردبوو. حیزب، لە ئاستەنگی نەبوونی دیموکراسی‌و ئازادی‌دا دەژیا. سەدان هەزار کادر سەرنگوونن. هەزاران تێکۆشەر دوورخراوەی ناوچە دوورەکانن. دەوڵەت، ئاستی پێشکەوتنی نزم‌و پیشەسازی پاشکەوتووە. کشتوکاڵی کەسفەرە. بژێوی خەڵک کەمو پەرسەندنی کۆمەلایەتی شێواوە. لەسەر ئاستی جیهانیشدا، کرێکاران‌و گەلان، هەروەها حیزبە بەناو کۆمۆنیست‌و کۆمۆنیستەکانیش چاوی ئومێدی گەورەی ئاییندەیان بڕیبووە شورەوی کە بتوانێ پاش جەنگی دووەم‌و پاش ئەوەی بۆتە خاوەن چەکی ئەتۆم لە بەرامبەر دەوڵەتانی ئیمپریالیزم‌دا یارمەتی سەرکەوتنیان زیاتر بدات. سەرکەوتنی چین‌و کۆریای باکوریش ئەو ئومێدەیان گەشتر کردبوو.

---

* ئەم خۆپەرستی‌و لەپەرێزدا مەلاس‌دانە، لەناو زۆربەی شۆڕشەکانی جیهاندا دووپات بوونەتەوە‌و تاوانی گەورەش لەو ڕێڕەوەدا کراوون.

‹١٥› از لینین تا گورباتشف. ترجمه: نگارش محمود طلوعی، سازمان انتشارات هفته، چاپ اول ١٣٦٧ ص: ٢٦٨.

ئیمپریالیزمیش، ئەمریکای کردبووە پێشەنگی نوێیو ئەمریکاش، وەکو وڵاتێکی خاوەن توانای ئابووری بێ‌شومار، دەیویست گوایە بە سیاسەتێکی هاوچەرخانە، بە ئەزموون لێوەرگرتن لە بەریتانیای کۆنە پێشەنگی ئیمپریالیزم، دابەزێتە مەیدانو هەتا ڕادەیەکیش گفتی دیموکراسیو بەڵێن بردنەسەری پەیمانی (ئەتلانتی) لە قازانجی گەلاندا دەدایە گوێی دانیشتوانی گۆی زەوی. لەناوەڕۆکیشدا بەربەرەکانێ کردنی توندی کۆمۆنیزمو کۆمۆنیستەکان، ئەرکی هەرە گرنگیان بوو. داگیرکردنی گەلانو سەرکوتکردنی کرێکاران. هەر لەو سەروبەندە مێژووەدا بوو کە ئەم کێشانە هەبوون:

- جەنگ لە هیندو چین‌دا دژی فەرەنسا.
- لاوس (پانت ـ لاتو) دژی فەرەنسا ١٩٤٦-١٩٥٤.
- مالیزیا دژی ئینگلیز١٩٤٨-١٩٥٧.
- کینیا (مائو مائو) دژی ئنگلیز ١٩٥٢-١٩٥٤.
- ڕاپەڕینەکانی تونس دژی فەرەنسا ١٩٥٢-١٩٥٦.
- شۆڕشی جەزائیر دژی فەرەنسا ١٩٥٤-١٩٦٢.
- قوبرس دژی ئینگلیز ١٩٥٥-١٩٥٩.
- کامیرۆن دژی ئنگلیز ١٩٥٧-١٩٦٠.
- دەست‌تێوەردانە عەسکەرییەکەی سویس ١٩٥٦.
- دەست‌تێوەودانی ئەمریکا لە لوبنان ١٩٥٨.
- گواتیمالا-هیندوراس دەست‌تێوەردانی سیا ١٩٥٤.
- دەست‌تێوەردانی فەرەنسا لە مۆریتانیا ١٩٦١.
- دەست‌تێوەردانی فەرەنسا لە بیروت ١٩٦١.

هەروەها:

- شۆڕشی سەرکەوتووی میسر ١٩٥٣.
- مانگرتنو هەژانی میللی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ١٩٥٣.
- مانگرتنی کرێکارانی پۆلۆنیا ١٩٥٦.
- ڕاپەڕینی هەنگاریاو دەست‌تێوەرداتی چەکدارانی شورەوی ١٩٥٦.

تەواوی ئەو ڕووداوانە، یەک لەدوای یەک، هاوکات لەسەردەمی خرۆشۆفدا ڕوویاندا. خرۆشۆفیش لەناو شورەوی‌دا دووچاری ئەو دۆخە بوو بوو خۆیشی توانایەکی دیاریکراوی ڕێبەرایەتی هەبوو کە پاشان دەرکەوت تواناکەی بۆ ئەو

پلەوپایە گەورەیە، کەم بووە، بەوحاڵەشەوە، خۆی لەیادداشتەکەی‌دا دەڵێ: «هێشتا دیلی چالاکییەکانی دەورانی ڕێبەرایەتی ستالین بووین‌و نەمانتوانی بەو خۆمان لە دەسەڵاتی ئەو۔ تەنانەت دوای مەرگیش۔ ڕزگار بکەین. تەنیا لە ساڵی ١٩٥٦دا توانیمان خۆمان لە پاشماوەی سایکۆلۆژی شێتانە کە لە ماوەی ڕاوکردنی دوژمنانی خەڵکدا بەرۆکی گرتبووین، ئازاد بین (هەتا ئەوکاتە) هەروەها ئێمە دیلی خەیاڵی‌وا وگومانی هەمیشەیی ستالینیەت بووین لە گەمارۆی دوژمنان‌دا بووین‌و ناچاربووین دژایەتییان بکەین»...

لەسەر هەمان یادداشتدا درێژە بەباس دەدرێ گەوا: «بۆ ئێمە قابیلی تەسەور نەبوو کە ئەم هەموو ئیعدامات‌و دەورانی لەناوبردن‌دا ڕوویان‌دا بوولەڕووی یاساییەوە جۆرێ لە تاوان بژمێردرێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە جۆرێ لەتاوانە! ستالین تاوانێکی کردبوو (بەپێی یاسا)ی تەواوی وڵاتانی جیهان۔ وەکو دەوڵەتە فاشییەکانی مانندی ئەڵمانیای هیتلەری‌و ئیتالیای مۆسۆلینی ۔ قابیلی سزادانە۔ «١٦».

گەوابە: خرۆشۆف هەتا سێ ساڵ دوای مردنیشی باوەڕی بە ستالینیەت هەبووە. ئەمەش بە ڕۆشنی ئەوە دەسەلمێنێ کە لەکاتی ستالین‌دا هەرگیز ناوێراو دژایەتی‌کردنی ستالین یان بەرهەڵستی کردنی سیاسەتەکانی بە خەیاڵیشدا نەهاتووە. کە مردووشە بەڕاستی بۆی گریاوە. ئەو بڵاوکراوەیەی لەکاتی مردنیشیدا بۆیان نووسیوە بە دڵیان نەبووە. بەڵام دوای سێ ساڵ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە، خرۆشۆف‌و هاوبیرەکانی بۆیان دەرکەوتووە ستالین نەک: هاوڕێی لینین‌و درێژەپێدەری ڕێبازەکەی‌و مامۆستای وردبینی حیزبی کۆمۆنیست‌و شوورەوی نییە بەڵکو یەکێکە وەکو گەورەترین تاوانبارەکانی مێژووی هاوچەرخ: مۆسۆلینی‌و هیتلەر... ستالینیشیان چووەسەر. چاکە: خرۆشۆف لە ئەندامی کادرو ڕێبەرایەتیشدا پەروەردەی قوتابخانەی ستالینیەت بووبێ‌و بە متمانەی ستالینیش بۆ ڕێبەرایەتی بەرزکرابێتەوەو هەتا سێ ساڵ دوای مردنیشی دڵسۆزی بووبێ، داخۆ پاش لێکۆڵینەوەو ناسینی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ستالین کە دەرکەوت تاوانبارێکی وەکو هیتلەرە، داخۆ دەشێ قوتابی قوتابخانەی (هیتلەری سوسیالیزم) تەنیا لە ساڵێکدا، یان دەستبەجێ دوای زانینی ڕاستییەکان، بە ئاسانی ببێتە کۆمۆنیست؟

«١٦» ادوارد کرانشکاو. خاطرات سیاسی خروشوف، ترجمه محمد رفیعی مهرآبادی ص: ٨٠.

هەڵـەتە ئەخێر. بوون بە کۆمۆنیستو ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەروا ئاسانیا، ڕەنگە بە ئاسانی سەرمایەدارە گەورەکانی جیهانیش کرابانە کۆمۆنیستو لە سەراپای جیهاندا، کۆمۆنیزم هاتبایەتەدی.

پرۆسەی ڕووداوەکان گەوا بوونو خرۆشۆف لەناو ئەو ڕووداوانەوە بووبێتە ڕێبەر، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئاشی نەزان خوا گێڕاویتی! نەخێر ئەویش لە تەمەنی سیاسی خۆیداو لە بزوتەی حیزبایەتی‌دا لەناو ئەو هەموو ڕووداوانەدا بەتایبەتی لەکاتی جەنگداو لە ئەزموونی ئەو پلەو پایانەی وەریگرتوون، بووە بە سیاسەتمەدارێکی گرنگی شورەوی‌و جیهان (بەڵام نەک ڕێبەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی) بەپێی عەقڵو ئاوەزی خۆی‌و دەورووبەرەکەی جیهانی بینیوەو نەخشەی کێشاوە. لە ڕوانگەی ئەو هەڵومەرجەشەوە هەوڵیداوە باری گرانی ستالینیەت سووک بکاتەوە. ئەمەش کارێکی باشە. دیارە ئەمیش دەیتوانی وەکو مامۆستاکەی میراتگری دیکتاتۆریەتەکەی بێ، یەکێک لە شانازییە گەورەکانی پەردە هەڵماڵینیەتی لە ڕووی تاوانو کردەوە دزێوەکانی ستالین.

هەر لە زەمانی خرۆشۆفدا بۆیەکەم جار موشەکی کیشوەرتێپەڕ بەرهەم هێندراو ساڵی ١٩٥٧یش یەکەمین مانگی دەستکردی شورەوی، بە تەوژمی ئەنێرژی هەمان موشەک، هەڵفڕێنرایە ئاسمان. لەدوای چەند مانگێکی هەمان ساڵ دووەمین مانگی دەستکرد بەڵام شەش جار قەبەتر لەوی پێشوو بەسەرنشینی سەگێک هەڵفڕێنراو جیهانی بەجارێ حەپەساند. ئەم داهێنانە گرنگانە بۆ کرێکارانو گەلان مایەی دڵخۆشییەکی بێ وێنەو بۆ سەرمایەدارانیش بەتایبەتی ئەمریکای پێشەنگیان کە لەڕووی تەکنۆلۆژیاوە بالادەست بوو، هۆی ماتەمیەکی سیاسی‌و پیشەسازی‌و عەسکەری گەورە بوو. چونکە ئیتر ئەمریکای دوورە دەستیش لەو موشەکە کیشوەرتێپەڕانە کە دەتواندرا بەسەر ئەتۆمیش تەیار بکرێن، پارێزراو نەبوو، ئەمەش تەرازووی هێزی عەسکەری زلهێزەکانی لە جیهان سەنگەو لار کردو لەوە بەدوا شورەوی زاڵ بووە. بۆ یەکەمجار ئیمپریالیزم پاش جەنگێکی جیهانی بێ‌وێنە، بەڵکو دوای ئەوەی لە جەنگی دووەمدا دژی دوژمنی مرۆڤایەتی نازیەکان ڕۆڵی یەکجار گەورەیان لەسەرکەوتن‌دا هەبووە، پێچەوانەی جەنگی یەکەمی جیهان، نازیەکان خۆیان لەژێر باری نا بەرابەرێکی عەسکەریدا دۆزیەوە، تەنانەت پێشەنگە زیرەکیشیان کە گەورەترین لاقی تەکنۆلۆژیای سەردەمەکەی لێدەدا، دواکەوت. جیهانیش بەهۆی تێکشکاندنی نازیەکان چاوی کراوەترو بیری ئازادی‌و رزگاری

فراوانتر پەرەیسەند. کورتیەکەی دۆخی قوڵکردنی ڕێبازی شۆڕشگێڕانە لاپارو باری سەرخستنی کرێکاران‌و گەلان ڕەخسا بوو، دەکرا دوای ڕیسواکردنی ستالینیەت لەو بارودۆخە هەڵکەوتوو‌ەدا وەکو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەر، خەباتی ئینتەرناسیۆنالیزم بگەشێنێنەوە‌و قووڵتر بکرێ، ئەرکی ڕزگاری‌و دیموکراسی باشتر بهێنرێتە‌دی؛ بەڵام ڕێبەرایەتییەک خۆی دیموکراسی نەبێت، هەرگیز پشتیوانی دیموکراسیەتی گەلان نابێ. هەروەکو پێشتر باسکراوە، خرۆشۆف لەبارودۆخێکی جیهانی نوێدا کەدەتواندرێ بگوترێ ڕووداوە سیاسیەکانی لەسەردەمی ستالینیش جیاوازتر بوو، هاتەسەر کاروکاری. خەسڵەتی دیاری ئەم جیاوازییەش ئەو بزووتنەوە بەرهەڵستییە نیشتمانی-سیاسییە کە لە ڕۆژهەڵات‌و ئەفریقاو ئەمریکای لاتیندا دژی کۆلۆنیالیزم بە ڕێبەرایەتی وردە بۆرژوای (نیشتمانپەروەر) دەتەقینەوە.

لەپاش جەنگی دووەمی جیهانەوە، چوار چەشن ناکۆکی توندوتیژ لە جیهاندا سەریان هەڵداو لەسەردەمی خرۆشۆفدا گەیشتنە لوتکەی جۆشان:

١- درێژەکێشانی جەنگی کۆنینە (کلاسیک).

٢- جەنگی ڕزگاریخوازی دژی کۆلۆنیالیزم.

٣- جەنگی ناوخۆی چینایەتی، نەتەوایەتی، مەزهەبی.

٤- جەنگی سایکۆلۆژی.

قوربانی ئەو جەنگانە لە ساڵانی ١٩٤٥-١٩٨٢ دەگاتە (١٢,٥) ملیۆن کەس، واتە ساڵانە (٣٥٠٠٠٠) هەزار* تەنیا قوربانییەکانی ئەو جەنگانەی لەسەر کێشەی سنووری دەوڵەتان تەقیونەتەوە، ١٠ ملیۆن کەسە، ئەمانەش بریتین لە:

- جەنگی نێوان هیندستان‌و چین ١٩٤٦-١٩٧٥.

- جەنگی نێوان هیندستان‌و پاکستان ١٩٤٧-١٩٤٩-١٩٧٩**

زۆربەی ئەو جەنگە گەورە‌و جەنگینە ناوخۆییانە، یان دژی ئیمپریالیزم، یان بە دەسیسەی ئیمپریالیزم هەڵگیرساون. بەشێوەیەکی گشتیش جەنگە ئازادیخوازەکان ڕاستەوخۆ دژی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم بوون، وەکو: کوبا، لاوس، هیندوچین، مالیزیا، کینیا، تونس، جەزائیر، قوبرس، کامیرۆن، کۆنگۆ، ئەنگۆلا،

---

* اطلس استراتژیک جهان، ژاروشالیەم-ژان پیراژو ل:٤٧.

** هەمان سەرچاوەی پێشو، هەمان لاپەڕە.

یەمەنی باشوور، گینیابیساو، فەلەستین، مۆزەمبیق، کاتانگا، کوردستان، ئەریتیریا... تاد.

لە هەلومەرجێکی ئاوەهای جیهاندا کە شورەوی بوو بووە خاوەن کاریگەرترین چەکی گەورەو لەسەرانسەری جیهاندا کرێکارانو گەلانیش وەکو شورەیەکی پۆلایین دژی ئیمپریالیزم هاوپەیمانی بوون. هێشتا شورەوی وەکو قەلای سۆسیالیزمو ئازادیخوازان تەماشا دەکرا. لەکاتێکدا تەواوی ئازادیخوازان کەمترین ئاگایان لە تاوانەکانی ستالین نەبوو بگرە ئەو دەنگوباسانەی لەسەر ستالین دەبیستران، هەتا خرۆشۆف تاوانە داپۆشراوەکانی ئاشکرا نەکرد، هەموو جۆرە رەخنەیەک دەربارەی سیاسەتە دیکتاتۆرییەکانی ستالین بە بوختانی ئیمپریالیزم دەژمێردرانو بە توندی بەرپەرچیش دەدران؛ خەلکی جیهان زۆرتر سەرگەرمی پێشکەوتنو داهێنانو داهێنراوەکانی شورەویو هاوپەیمانەکانی بوون، چاوئەندازی هیوای ئازادی برا بووە، ئەندازەی کاریگەری شورەوی لە جیهاندا بەلام خرۆشۆف پاش ئەوەی خۆی سەپاندو برێک لە نەیارەکانی کوشتو لابرد. دەسەلاتە گرنگەکانی شورەوی گرتەدەستو لە خۆیو دەوروبەرەکەی دلنیا بوو، ئەوسا لە جیهانبینی خۆیەوە لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی (شوباتی ١٩٥٦) بەدواوە کەوتە پیادەکردنی سیاسەتی خرۆشۆف. کە لەرووی تیۆرییەوە ئەوەی پێوەندی ئۆرگانیکی بە باسەکەوە هەیە دوو راستییە:

١- سیاسەتی هاوژینی ئاشتییانە لەنێوان سۆسیالیزمو سەرمایەداریدا.

٢- دامەزراندنی سۆسیالیزم بە رێبازی گەشەکردنی ناسەرمایەداری بە رێبەرایەتی وردە بۆرژوا*

ئەم دوو تێزە پێکەوە بەستراوی قۆناخێکی چارەنووسسازن. قۆناخی دەرکەوتنی راستییە: ئابووریو کۆمەلایەتی، تیۆریو سیاسییەکانی شورەوی. کە لەسەردەمی ستالیندا دەمێک بوو کەلەکە بوو بوون. بەلام بە رێبازی چەواشەی مارکسیزم، داپۆشرا بوون. ئیدی لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمەوە ستالین وێرای کەللە رەقییەکەی، ستراتیژی پێکەوە ژیانی لەگەل سەرمایەدارانەدا لەسەر ئەم بنەمایە لە کۆبوونەوەی رۆژی شەشەمی شوباتی ١٩٤٤ی ئەنجومەنی بەرزی شورەوی دارشت:

---

* کاتێک دەلێین دامەزراندنی سۆسیالیزم، مەبەستمان هەمان پلاتفۆرمە کە شورەوی پێرەوی لێدەکرد نە دانانمان بە سۆسیالیزمی شورەوی.

«بوئەوەی شورەوی دەرفەتی پێویستی بۆ بیناکردنەوەی وێرانیەکانی جەنگی هەبێ، پێویستیمان بە دەورانێکی دوورودرێژی سولح هەیەو بە قازانجی ئێمەیە کە (جیهانی سەرمایەداری، نەک بۆ هەمیشە بەڵکو بۆ ماوەیەکی هەتا رادەیەک درێژ لە سولح‌و جێگیردا بەرنسەر ‹۱۷›.

لەم گوتەیەدا بەروونی دەوبات کراوەتەوە کەوا شورەوی دەستبەری پاراستنی قەوارەی سەرمایەدارییە هەرچەند بەمەبەستی بیناکردنەوەی وڵاتەکەش یان هەر بیانوویەکی دیکەبێ. بێگومان بیناکردنەوەی وڵات لەپاش جەنگێکی کاولکارانە ئەرکێکی گرنگی رێبەرانی وڵاتانە. هەروەها هەرچەشنە رێککەوتننامەیەکی سیاسی‌و تاکتیکی دیکەش، بەڵام ئەمە نابێ لەسەر حیسابی بنەماکانی پرنسیپی شۆڕشگێرانە بێت. بۆ دەستبەری ئەوە بکرێ سەرمایەداری بی‌کێشە، بێ سولح‌و جێگری هەردەبێ بە فشار خستنە سەر کرێکاران‌و گەلانی شۆڕشگێر بێ، ئەم فشارەش دەبەسترێتەوە بە پارەمەتی نەدان، دژایەتی کردن، هان نەدان‌و سارکردنەوەی خەبات‌و فیداکاریش کە هەڵبەتە بۆ یەکێکی وەکو ستالین کوشتن‌و کوشتاریشی دەچێتەسەر.

ئەوجۆرە سیاسەتەی لای ستالین هێندە مەبەست بووە، تەنانەت لە کۆنگرە جیهانی‌و لەیەکچوون‌و بەیارەکانیدا بەجۆری بەریتانیاو ئەمریکای دڵنیا کردووە. سەرۆک رۆزڤێلت لە خۆی رابینیوە بڵێ: «من دەربارەی بیروڕای ئێوە باس ناکەم. قسەکانی ئێوە لەرێکە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم هەست دەکەم ستالین ئەو پیاوە نییە کە ئێوە تێیگەیشتوون. هاری هایکنزیش هەمان باوەڕی هەبوو دەڵێ هیچ جۆرە سووربوونێکی لەسەر بڕوای خۆی نیبوو جگەلە ئاسایشی وڵاتەکەی هیچی دیکەی ناوێ... تەنانەت من وای بۆدەچم کە هەرچییەکم لە توانادایە بیخەمە بەردەستی ئەو لەباتی ئەوەش هیچی لێناخوازم، ئەویش ئەم کارانە بەبێ بژاردنەوە ناهێڵێتەوەو بۆ دروستکردنی جیهانێک کە لە سولح‌و ئازادیدا بژی هاوکاریم دەکات ‹۱۸›».

ئەمە بەڵگەی دڵنیابوونی ئەمریکایە لە سیاسەتی ستالین کە جیهانی پاش جەنگ بەوپێیە دابەشکراوەتەوەو میراتەکانی ئەڵمانیاش بەدڵی خۆیان دادەبەشرێتەوە کە دیارە مەبەستی هەرە سەرەکی ئیمپریالیزم پشتگیری نەکردنی خەباتی

‹۱۷› ارتور کند. یالتا یا تقسیم جهان، ترجمه محمد طلوعی، چاپ اول ۱۳٦۵ ص: ۱۸۱.

‹۱۸› هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل: ۱۸۱.

شۆڕشگێڕانەی کرێکارانی جیهانو تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی گەلانی داگیرکراوە.

لە بەندی (۹)ی بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسی یالتاش‌دا بە ڕاشکاوی لەژێر ناونیشانی (یەکێتی لە زەمانی ئاشتیدا وەکو زەمانی جەنگ) بڕیاری لێبڕاوی پاراستنی دۆستایەتیو هاوکاری جیهانی بە: ئەرکو قەرزێکی پیرۆز دووپاتکراوەتەوەو بە بەیانی (ئەتلانتیک)وە بەستراوەتەوە.

> ئەو بڕیارانە، هی زەمانی ستالینو پاش جەنگی دووەمی جیهانە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ئەو بیرو بۆچوونانە ڕاست نین کە دەگوترا: خرۆشۆف بناخە دارێژی ئاشتی هەمیشەییو ڕێڤیژیۆنیزمە لە شورەویدا. کە بەزۆری ئەم بۆچوونانەش لەلایەن (ماو)یەکانەوە بڵاو دەکرایەوە. ئەوەی خرۆشۆف کردی درێژە پێدانی هەمان سیاسەتە، بەڵام بە ذوو تایبەتمەندی خۆی: یەکەم دیکتاتۆرییەتەکەی ستالینی داماڵیو دووەمیش بە ئاشکرا ئەو سیاسەتەی تیوریزە کردو لەناو تەمومژی لاف لێدانی شۆڕشگێڕێتی نەهێشتەوە.

پێش ئەو تێزە تازانە چەندیکە تاوانەکانی ستالینی لە گۆشەی نهێنی مێژوودا نەهێشتبۆوە سەرەڕای بەرهەڵستیەکی توند توانی وردە وردە بڕیارەکانی لەسەر ڕیسواکردنی ستالینیەت بچەسپێنێو بۆیەکەم جار ئەو ڕاستیانەی پێشتر بە بوختانی ئیمپریالیزم لە قەڵەم دەدران، ئاشکرا بکات.

تێزی هاوژینی هەمیشەییو گەشەکردنی ناسەرمایەداری دوو مەسەلەی ئابووری، ئایدیۆلۆژی، سیاسی جیهانگیر. هەر یەکەیان بەجۆرێکو هەردوو جۆرەکەش بە جیاو پێکەوە کاریان کردە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان، سیاسەتی جیهان، خەباتی کرێکارانو گەلان.ناوەڕۆکو ئاکامی بەدیهێنانی هەردوو تێزەکەیش ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ڕێبازی شۆڕشو خەباتی شۆڕشگێڕانە یان ڕوونتر بڵێین دۆزینەوەی ڕێبازێکی ڕێڤیژیۆنیستەکەیش. بەپێچەوانەی ڕێڤیژیۆنیزمی پێشتر،خراوەتە قاڵبی بەرژەوەندی ڕزگاری کرێکارانو گەلان گوایە سوسیالیستیشە. سەرچاوەی ئەم تێزانەش جگەلەو باروودۆخە دژوارەی ناو شورەوییو ڕادەی تێگەیشتنو ئەندازەی ئاستی خرۆشۆفو هاوبیرەکانیو بێ باوەڕییان بە مارکسیزم. دەڵێن جگەلەوانە،

ئەومەرجەی لەناو گەلانی داگیرکراودا دژی ئیمپریالیزم لە ڕووی سیاسیو عەسکەرییەوە لە جیهاندا خوڵقا، هاندەرێکی هەرە کاریگەری خرۆشۆفو لەسەردەمی ئەویشدا، هی (سۆسلۆف) کە بە تیۆریسێنی گەشەکردنی ناسەرمایەداری دەژمێردری، بووە بۆ دارشتنی ئەو تیزانە. بەحسابی خۆشیان پاش ئەوەی بتوانن کاژی ستالینیەت لە جەستەی شورەوی هاوپەیمانەکانی تورڕ بدەن، دەشتوانن ئەو هەلومەرجە سیاسیو عەسکەرییەی جیهان لە جیهانبینی خۆیانەوە بەرەو ئەو ئامانجەی بەرن کە خۆیان مەبەستیانە. ئەویش لەبری ڕێبازی شۆڕش، لە ڕێرەوی ڕێبازی پێچەوانەی شۆڕشەوە، خەباتی سیاسی-عەسکەری بۆرژوای بچووکی گەلانی ژێردەستەو دەوڵەتانی سەربەخۆییخواز. لەڕێی گەشەکردنی ناسەرمایەدارییەوە بەشێنەییو پشتیوانی ئابووریشەوە ڕووەو سۆسیالیزم بەرن کە مەسەلەکەش شۆڕشو شۆڕشگێڕێتی نەبێ، ئیدی ئیمپریالیزم باشتر داپێن دەکرێ، بۆ ئەوەی ئەمەش بچێتە سەر کارپانەوەی ئیمپریالیزمیش دەستەبەر بکرێ، سازشی هاوژینی هەمیشەیی ئاشتیانە پێشکەش کراوە.

تیزی گەشەکردنی ناسەرمایەداری پێچەوانەی بنچینە چینایەتییەکانی سۆسیالیزمی زانستی مارکسە. چونکە پەیامی بینای سۆسیالیزم لە کرێکاران سەندراوەتەوەو خراوەتە ئەستۆی وردە بۆرژوا کە لەبنەڕەتدا دژو دوژمنی سۆسیالیزمی کرێکارانە. لەسەر ئاستی جیهانیش، ڕێسای فراوانی ئیمپریالیزمە کە لەم چینەوە، لەبەرهەمهێنانی بچووکیانەوە هەم چوارچێوەی ئابووری سیستەمی سەرمایەداری تەواو دەکەنو هەم لەڕووی ستراتیژەوە لەمپەرێکی سیاسی کاریگەرن بۆ ڕێگرتن لە پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی کرێکارانی شۆڕشگێڕ ئەگەرچی بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیو هەستی ناسیۆنالیشەوە لە قۆناخێکی دیاریکراودا وزەی نیشتمانیو نیشتمانپەروەریشیان تیادایە.

ئەوەتەی مارکسیزم، زیاتر لەوەش ئەوەتەی خەباتی شۆڕشگێڕانە سەریهەڵداوە، هیچ تیزێک بە ئەندازەی تیزی گەشەکردنی ناسەرمایەداری قازانجی بە وردە بۆرژواو زیانی بە کرێکاران نەگەیاندووە. هەرچی ریفیژنیزمی برنشتاینو کاوتسکیو هاوبیرەکانیتی، ڕاستەوخۆ لە خزمەتی سەرمایەداریو ئیمپریالیزمدا بوون. بەڵام ئەم تیزە ڕێکو ڕەوان وردە بۆرژوای لەحوکمدا پاراستو مەترسی لەناوبردنیانی ڕەواندەوە. لە ئەنجامیش ئیمپریالیزم بەدڵی خۆی قۆزتیەوە. هەردەبێ بشیقۆزێتەوە، چونکە ناوەرۆکی تیزەکە ناڕاستەوخۆ لەخزمەتیدایەو دەشویستڕا وردە بۆرژوا بەم

شێوەیەی خوارەوە بەرەو سۆسیالیزم ڕاکێشن: وڵاتێزەکانی وردە بۆرژواکە کە هەروەکو دیارە لە سەر شانۆ سالانی دووروو درێژ لەچەندین وڵاتی ئافرو ئاسیاویدا وون نابێ. مارکسیەکان چرۆی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە دەبزرنەوەو پشتیوانی دەکەن. لەوباوەڕەشدان ئەم هێڵە بەتایبەتی زۆر ڕاستە. ئەمەش لەوەوە هەڵدەقوڵێ کە حیزبە دیموکراسیە نیشتمانیەکان بەتایبەتی جڤاتیە چەپەکانیان کە لە سۆسیالیزمی " ناسۆسیالیستی " تا مارکسیانە تێپەڵچوون، دەتوانن بەرەو سوسیالیزمی زانستی بڕۆن لەدوا ئەنجامیشدا لە ڕێڕەوی خەباتو سەرکەوتن بەسەر ناکۆکیەکانیدا، پێشی گوشین ‹١٩›.»

ئیدی... لەتەواوی ئەو وڵاتانەی وردە بۆرژوا جۆری لە حوکمی سیاسی سەربەخۆی بەخۆی کردەتا یان ڕاپەڕینی نیشتمانی خەڵکەوە تیا بەدیهێناوە بەتایبەتی لە ئاسیاو ئەفریقیادا هەوڵی پیادەی ئەم تیزە بێ پیزە دەدراو دەشتواندری بە پەلگەشەوە دووپات بکرێتەوە کە سەرجەمیان ناکامەکیان ناکامیەکی گەورە بوو بۆ سۆسیالیزم. لەوساشەوە کە لەسەرەتای شەستەکانەوە دەستپێدەکات، هەتا هاتووە حیزبە کۆمۆنیستەکان پتر پاشەکشەیان کردووە، زیاتر لەوەش ئەم ڕێبازە ڕیڤیژیۆنیستیە لەناو هەناوی بزووتنەوەی کرێکارانو زەحمەتکێشاندا، بزووتنەوەکەی لاواز کردووە، وردە بۆرژواش لەو چارەکە چەرخەدا کە خەباتی کرێکاران لاواز کراوەو مەترسی شۆڕشو ڕاپەڕین کەم بۆتەوە سەرکەوتنی سۆسیالیزم دوورخراوە، هەلومەرجی ئابووریو سیاسی پێشکەوتووی جیهانو ڕادەی بەرزی داهاتوو دراوی بۆ چەسپاندنی خۆیو لەناوبردنی نەیارەکانی بەکارهێناوە هەتا ڕۆژگار گەیشتۆتە ئەم دۆخەو لە نەبوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانو زەحمەتکێشاندا ڕژێمە فاشیستو کۆنەپەرستەکانی وەکو عێراق، میسر، ئەندەنوسیا، سۆماڵ، هیندستان، جەزائیر و باقیشیان بە قەرزاریو ژێردەستەیی ئابووری ئیمپریالیزم درێژە بە چەوساندنەوەی چەوساوەکان دەدەنو مافە چینایەتیو دیموکراسیەکان پێشێل دەکەن لەبەرامبەریشیاندا هەتا ئەوکاتەی تیزی گەشەکردنی ناسەرمایەداری باوی بوو، ڕێبازەکانی ئۆپۆزیسیۆن چ ئەوانەی بەردەوامن لەسەر ڕێبازی ڕیڤیژینستیو چ ئەوانەی بە ڕواڵەت ڕێبازێکی جیاوازتریان لە ڕیڤیژینستەکان گرتەبەر، بەلام لە ناوەڕۆکدا بەهەمووینی ئەوان سیاسەتی بەناو شۆڕشگێڕیان لەناو بزووتنەوەی

‹١٩› اولیا توفسکی-بافلوف. آسیا تختار. دار التقدم موسکو ص: ٢٦١.

چینایەتی‌و نیشتمانیدا کردە پێناوی ڕزگاری‌و ئازادی، لە شکست بەولاوە چیدیکەیان نەهێنایەدی.

سیاسەتی گەشەکردنی ناسەرمایەداری زیانەکەی زیاتر لەناو بزووتنەوەی کرێکاران‌و لەناو دەروونی حیزبە کۆمۆنیستەکان‌دا لەو ولاتانەی وردەبورژوا حوکمی سیاسی دەکردن، کاری ئالەبااری کردە پاشەڕۆژیان، بەلام وەکو دی، کەمتر لەناو خەباتی ڕزگاریخوازانەدا تیژەکە جێگیر بوو. سەیریش ئەوەیە وردە بورژوای حوکمران ئەم سیاسەتە ریڤیزیۆنستیەی لەلایەکەوە بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانی شورەوی‌و دەولەتانی هاوپەیمانی بەکارهێناو لەلایەکی دیشەوە لەناو خۆیشیدا مەترسی کرێکاران‌و بەرهەلستی حیزبە کۆمۆنیستەکانی لەسەر نەخشەکانی خۆی کال‌کردەوە. کەچی لەناو میللەتانی داگیرکراوی ئیمپریالیزمدا ڕێبازی گەشەکردنی ناسەرمایەداری ئەگەر لەلایەن حیزبە پرۆ شورەویەکانیشەوە پێڕەوی لێکرابێت ئەوا وردە بورژوای میللەتلی ژێردەستە بەهۆی هەلوێستی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتیەوە کە لە ناوەڕۆکدا هەلوێستی سەرکەوتنی پاشەڕۆژی چینەکەیانە، زۆر کەمتر گوێیان دەدا بەرێبازەکەو بگرە بەهۆی پێڕەوکردنی ئەو ڕێبازە هێزە وردە بورژواکان توانیان حیزبە بەناو کۆمۆنیستەکان بخەنە پەراوێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەو خۆیان پێشەنگەکەی داگیربکەن. لەتەواوی ئەو ولاتانەی وردە بورژوا توانی داگیرکەران دەربەرێنێ‌و بە خەباتی چەکدارانە یان ڕاپەڕین یاخود کودەتا سەرکەوێ، حیزبە بەناو کرێکاریەکانی کە کۆنترو خاوەن شانازی مێژوویی گەورەتریش بوون، بوونە چەپلەلێدەر بۆ هێزە بورژوازیەکان‌و ئێستاش تەپەی پاش ڕووداوەکانیان دێت: عێراق، جەزائیر، میسر، سۆمال، ئەنگۆلا...تاد. لە نموونە زەقەکانیانن. ئەمەش باشترین بەلگەیە کە وردە بورژوا بۆ بەرژەوەندی چینایەتی خۆپەرستانەی کە لەسەر حوکم‌داپێ تیژەکە دەسەلمێنێ‌و کە لەسەر حوکمیش نەبێ نایسەلمێنێ. نەک لەپێناوی سۆسیالیزم کە دەویسترا بە زۆری زۆرداری لەو قالبە بدرێ. نەشدرا. بۆ ڕاستی زیاتری ئەم ڕاستیەش دەبینین هەمان هێزی وردە بورژوایی میللەتانی داگیرکراو کە تیژی گەشەکردنی ناسەرمایەداری لەژێر دەستەییدا قەت پێڕەو ناکات، کە دێنە سەرکار بە ئاسانی پێڕەوی لێدەکەن چونکە: کەژێردەستە بن سەریان‌ناخات‌و کە سەریش کەوتن سەرکەوتنەکەیان لە بەرامبەر کرێکارانی شۆڕشگێڕدا دەپارێزێ. ترسی گەشەکردنی ناسەرمایەداری لەمەدایە. وا ئێستاش دەبینین تەواوی ئەو ولاتانەی یارمەتی ئاراستەی سۆسیالیستی دەدران هاوپەیمانی ئابووری‌و سیاسی

سەرمایەدارانن، بەڵکو زۆربەیان بەتوندی دژی کرێکارانو سۆسیالیزمن. شۆڕشو شۆڕشگێڕێتیش لەناو کرێکارانو ئەو میللەتانەدا دووچاری شێواندنێکی قووڵ هاتوون*.

ئەنجامیش: شورەویو ئەو دەوڵەتانەی تریەی ڕۆژهەڵات کە جاری لەسەر ئەو سۆسیالیزمەی باوەڕیان پێیەتی (نەک ئەوانەی وازیان لێهێنا) لەدوای کرێکارانو گەلانی وڵاتە ڕزگاریخوازەکان کە گەشەکردنی ناسەرمایەداریان پێ ڕەوا دەبیندرا. بەهۆی شکستی ئەو سیاسەتەوە زیانیان وێکەوت. ئێستا ئیمپریالیزم بەجۆرێک گەشەکردنە ناسەرمایەداریەکەی کرد بە گەشەکردنی سەرمایەداری ڕاستەقینە، هەرگیز لە مێژوودا بەم چەشنە تۆکمەیە ئیمپریالیزم:

بازاری دابین نەبووە، کاڵای نەفرۆشراوە، سودو سوی زۆر نەکردووە، لەوەش زیاتر کەم تەنگوچەڵەمەی ئابووریو سیاسیشە. هەربۆیە دەبینین لەهەموو کاتی زیاتر کەوتۆتە ویزەی فەلسەفەی کرێکارانو ژارئاژنی دەکات، سەرباری ئەوانەش بوونەتە ئاڵاهەڵگری دیموکراسیو ئازادی. بۆ پشتیوانی بۆچوونەکانیشیان، دیکتاتۆریەتی ستالینو نەبوونی دیموکراسی لە شورەویو دەوڵەتانی مانەندی دەکەنە دەسکەلا. ناحەقیشیان نییە. پاش ٤٤ ساڵ بە حیساب لە دامەزراندنی سۆشیالیزم لە ڕۆمانیادا میللەتەکە دژی سەرکردە کۆمۆنیستەکان بەجۆرێک ڕاپەڕین، دەستبەجێ ڕێبەرەکەیان (شاوشیسکۆ)ش دەکوژن، تەنانەت ڕێگەنادەن گۆڕی خۆیو ژنەکەیشی لە وڵاتەکەدا بێنن.

لەبەرامبەریشدا... (جیمی کارتەر) کۆنە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوینەهواری خۆی دەکاتە ناوەندی گفتوگۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەریتیریاو ڕژێمی ئەسیوپیا بۆ وەرگرتنی مافی چارەنووسی گەلی ئەریتیریا! ئەمە لەکاتێکدایە فرۆکەو تانکو بۆمبو تۆپە قورسەکانی شورەوی بەخشستی خەریکی بۆردومانی میللەتو پێشمەرگەکانی ئەریتیریان، هەتا بتوانن لەڕێی یارمەتیدانی (مەنگیستۆ ماریام)ەوە سۆسیالیزم بەبێ پێوانی قۆناغی سەرمایەداری دامەزرێنن!

ئەو تیزانەی خرۆشۆف، جگەلە زیانە ئایدیۆلۆژیو سیاسیەکەی، زیانی تیۆری کاریگەریشی لە بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیزمداو لەوساوە هەتا ئێستا

* دوای چاپی یەکەمی ئەم کتێبە، بەمەنی دیموکراسی کە کرابووە نموونەی دیموکراسی شۆڕشگێڕو گشەکردنی ناسەرمایەداری، بەزۆرو لەگەڵ بەمەنی بۆرژوازیدا یەکی گرتەوە.

ئینتەرناسیۆنالیزم دووچاری قەیرانێکی قووڵ هێندراوە. لەدوای ڕووخستنی تیزەکان، چین‌و ئەلبانیا بە توندی هەڵوێستیان دژی وەرگرت‌و ناکۆکیەکی دژوار لەنێوانیاندا تەقیەوە. ئەمە لەسەر ئاستی جیهانیش، لەناو کرێکاران‌و حیزبە کرێکاریەکاندا ڕەنگی تیۆری دایەوەو زۆری نەخایاند ئەوحیزبانەی لەسەر بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالیزم ماڵ بوون، بوونە دوو ئاقارو جەمسەری هەردوو ئاقارەکەش شورەوی‌و چین بوون. ماویەکی زۆر چین وەکو پێشەنگی ڕێبازی شۆڕشگێرانەی گەلان لەناو زۆربەی چەپەکانی جیهاندا ناسران. بەتایبەتی لەناو گەلانی داگیرکراوی ڕزگاریخوازدا:

- ئەوکاتەی شورەوی هاوژینی هەمیشەیی لەتەک سەرمایەداریدا هەڵبژارد، چین دروشمی لەناوبردنی ئیمپریالیزمی بە درێژەپێدانی جەنگی شۆڕشگێڕانە بەرزدەکردەوە.
- کە شورەوی گەشەکردنی ناسەرمایەداری دەکردە پێناوی وڵاتانی ژێردەستەی پەرەسەندو، چین ئاڵای شۆڕشی درێژخایەنی لە جیهانبینینی ماویزمەوە دەشەکاندەوە.

بێگومان ئەو دوو جیهانبینینە سەراپا جیاوازن. ئەودەمەش نە ئاستی تیۆری خەڵک بەرزو نە ڕاستیە سیاسیەکانیش بەم چەشنەی ئێستایان دەزاندران. چینیش هێشتا بەهۆی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەستی هێنابوو، پایەیەکی کاریگەری هەبوو لە جیهاندا، بگرە زۆر خۆشەویستیش بوو. هەربۆیە کە هێشتا کێشەکانی چین نەتەقیبنەوە، ڕاستیەکان نەزاندران، ئاستی هۆشیاری تیۆری نزم بووبێ، مونازەرە (پۆلێن) بایەخی نەدرابێتێ کەواتە پرۆسەیەکی سروشتیە چین بتوانێ لەبەرامبەر شورەویدا ڕاوەستێ‌و بشبێتە جەمسەر. کاریکاتە سەر چەپەکان‌و چەپیشیان لە دووردا کۆبێتەوە.

مێژوو پشێویەکی دیژی لەبەرامبەر ئەوکێشانەدا هەبوو، ساڵەهای ساڵ ئەوکێشانە، مشتومڕەکان بۆچوونە چینایەتیە جیاوازەکان کە دوور لە لۆژیکیش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا، ڕەوتی ڕووداوەکانیان شێواندو ڕاستیە بابەتیەکانیان چەواشەکرد.

٢/٥- ماو: شۆڕشی هەڵگەڕاو

پێشتر ڕۆشنمان کردۆتەوە کەوا، ماو باڵی چەپی شۆڕشی درێژخایەنی ناو حیزبی کۆمۆنیستی چین بووەو سەرکەوتووانەش تیۆری شۆڕشەکەی گەیاندە

سەرکەوتن بگرە بکاری‌کردە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی میللەتانی ژێردەستەو چەپەکانیش. ئەو سەرکەوتنەی لەچیندا هێندرایەدی، هیچ نەبێ لەرووی سیاسی‌و عەسکەری‌و ئابورییەوە زیانێکی مێژوویی‌دا لەکۆنەپەرستانی چین‌و ژاپۆن‌و ئیمپریالیزم. هەربۆیە بەهەموو توانایەک دژایەتی شۆرشەکەیان دەکرد.

هەمیشە هەموو میللەتاندا، میللەتان هێندە رقیان لە داگیرکەرانە، هێندە پەرۆشی رزگاری‌و سەربەستین، ئەگەر رێبەرایەتی پێشرەویشیان نەبێ ئامادەن رێبەرایەتی بورژوایش قبول بکەن‌و بۆ دەرپەراندی داگیرکەرانیان، قوربانی بێ‌ژمارەش بدەن. ئەمە حالەتێکی سایکۆلۆژی هاوبەشی تەواوی میللەتانی ژێردەستەیە وا ئاوێتەی هەستە نیشتمانی‌و نەتەوایەتیەکە دەبێ هەموو رێبەرایەتیەک، تەنانەت هی خێڵەکی‌و دواکەوتوویش دەتوانن لە هەڵکەوتەی سیاسی خۆیدا سودی لێوەربگرن‌و بۆ بەرژەوەندی چینایەتیان بیقۆزنەوە. نموونەی زەقی ئەم راستیەش زۆرن، دوور نەرۆین کوردستان بەڵگەی زیندووی بەردەستە. کە بەداخەوە لە سودی بورژوازیەت‌و لەزیانی کرێکاران، یەکێک لە زیانەکانی ریڤیزیۆنیزم لە ولاتانی دواکەوتوودا، دەرک نەکردنیانە بەو راستیەو گوێ نەدانیانە بە خەباتی نەتەوایەتی.

ماو و هاورێکانی، جگەلەوەی دواکەوتوو نەبوون لە زەمانی خۆشیاندا کە ئالای رزگاریان بەرز کردەوە رێڤیزیۆنیزنیستیش نەبوون، جگەلەوانە ماو زرنگانە دەرکی بەشەرکە نیشتمانیەکان کردو ئالاکەی شۆرشگێرانە دژی داگیرکەران‌و کۆنەپەرستان‌و بالی راستڕەوی حیزبەکەی بەرزکردەوە. زیاتر لەوەش لەهیچ جۆرە تۆمەتی نەپرینگایەوەو بە کردەوەش کەوتە پیادەکردنی رێبازەکەی. ئەمە لەکاتێکدا تەنانەت ستالین‌و لەناو کۆمینتێرنیش‌دا، بۆچوونی جیاواز لەسەر رۆلی حیزبی کۆمۆنیستی چین هەبوو. لایان مەبەست بوو حیزبەکە لەناو حیزبی کۆمینتانگ‌دا بمێنێتەوەو درێژە بە خەباتی هاوبەش‌و پێشخستنی کۆمەلایەتی هەتا رەخسانی شۆرشی کۆمەلایەتی بدات.

کە حالو حالەتەکەش وابوویێ‌و زیاتر لەسێ سەد ملیۆن خەلکی ئەوسای چین، لە ژیانێکی کولەمەرگی‌و کوێرەوەری‌دا ژیابن، دیارە رێبازی ماو دەبێتە رێبازی زۆرینەی بزووتنەوە گەلییە جۆشخواردووەکان. رێبازەکەش وەنەبێ هەرەمەکی دارێژرابێ‌و کوێرانە پێرەوی کرابێ، بەڵکو بۆ زەمانی خۆی‌و لە زەمینە کۆمەلایەتیە چینیەکەدا ئەوپەری پێشکەوتووش بووە: «کە شۆرشمان بوویێت دەبێت پارتیەکی

شۆڕشگێڕمان هەبێت، بەبێ پارمەتیەکی شۆڕشگێڕ بەبێ پارتیەک کە بەپێی تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکسی لینینی دامەزرابێت، لەتواناداا نییە ڕابەری چینی کرێکارو جەماوەری فراوانی گەل بکرێت بۆ سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزم‌و نۆکەرەکانیدا .<٢.>

ماو: بەوشێوەیە ڕێنوێنی تیۆری خەباتە رزگاریەکەی نواندووەو خەڵکی گۆشکردووە. ئیدی چۆن خەڵکی لەگەڵدا نابێت. خەڵکیان هەتا سەرکەوتنیش لەگەڵ بوو. حیزبەکەش بەڕاستی جڵەوی خەباتەکەی بە دەستەوە گرتبوو، توانی بەرگەی دژوارترین قۆناخەکانی خەباتیش بگری‌و دوژمن ببەزێنێ. دەسەلاتیش بگرێتە دەست.

لەوکاتەوەی، باڵی چەپی حیزبی کۆمۆنیستی چین دەستیدایە خەباتی چەکدارانە، لەقۆناخی بەرهەڵستی‌و لەڕێڕەوی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، هەتا سەرکەوتن توانی هێزێکی شۆڕشگێڕی خەڵک بێت، بەلاّم کە گەیشتە ئاکامی سەرکەوتن‌و مەیدان بۆ بەدیهێنانی بە کردەوەی بەرنامە کۆمەلاّیەتی‌و ئابووری‌و سیاسیەکانی چۆڵ بوو، ئیدی لەوساوە ئەو کێشانەی لە قۆناخی خەباتی بەرهەڵستیدا، بەهۆی زاڵی دوژمن‌و پەرۆشی ئازادی خەڵک پاش ئازاندرێن‌و دەرناکەون، بەرەبەرە دەرکەوتن‌و لەگەڵ کێشە نوێکانی پاش سەرکەوتن، دەیگوشین‌و گەوهەری ئایدیۆلۆژی دەردەخستن. گوشین‌و دەرکەوتنی ئەم گەوهەرەش، هەروا زوو ساغ نەکرانەوە. بگرە لە خەڵکیش دەشاردرانەوە. یەکێک لە هۆ گرنگەکانی دەرنەکەوتنی ڕاستیە تیۆری‌و جیهانیەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین، ریڤیژنیزمی ستالین‌و خرۆشۆفە کە چین ساڵەهای ساڵ ستالینی بە پێشەوایەکی مەزن دەزانی‌و ریڤیژنستیەتی خرۆشۆفیش هێندە ترسناک بوو، هەڵوێستی بەرهەڵستی لێکردنیان لەلایەن چینەوە کارایەکی گەورەی هەبوو، واتە حیزبی کۆمۆنیستی چین ماوەیەکی زۆر گیرۆدەی لافی شۆڕشگێڕێتی ستالین بوون‌و لەبەرامبەر خرۆشۆفیشدا، بەدەستەبەری سەرنەکەوتنی ریڤیژنیزم زاندران. ئەمەش پایەی سیاسی‌و تیۆری ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ‌ی بەرز ڕاگرت، بەلاّم: لەژیانی کۆمەلاّیەتیدا لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا زۆرجار هەڵەی سیاسی‌و عسکەری، لۆجستیکی‌و دارایی، سایکۆلۆژی‌و ڕۆشنبیری، بایی خۆیان زیانێکی کەم، یان زۆر دەگەیەنن‌و دەتواندرێ زووش هەستیان پێبکرێ‌و

<٢.> چەپکێ لە قسەکانی سەرۆک ماوتسی‌تۆنگ. کتێبخانەی بیری نوێ. بەغدا ١٩٧٣ ل: ١.

قەرەبووش بکرێنەوە، بەڵام هەڵەی تیوریو ئایدیۆلۆژی وانین. هێڵەو ڕاستیەکانیان زوو دەرناکەون. بگرە ماوەیەکی دوورو درێژیش دەبنە سەرچاوەی هەڵەی دیکەش. هەموو حیزبەو دەوڵەتو گروپو کەسێک، ئەگەر تۆزێک نەرم بێتو هەڵە لەبەرامبەرەکەی بسەلمێنێ، بۆی هەیە بە ئاسانی هەڵەی لایەلا ڕاست بکاتەوە. بەڵام بۆ مەسەلەی تیوریو ئایدیۆلۆژی وانابێ، ئەگەر زۆریش نەرم بێت هێشتا گرانتر لە هەڵە لایەلاکان هەڵەی تیوریو ئایدیۆلۆژی ڕاستدەکاتەوە. چونکە ئایدیۆلۆژیەت: بڕوایە. بڕواش زوو دروست نابێو زوویش دەستی لێ هەڵناگیرێ. لەپاش تەقینەوەی کێشەی ئایدیۆلۆژی لەنێوان شورەوییو چیندا، شۆڕشگێڕانی جیهان دووچاری کێشەی هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی کێشە ئایدیۆلۆژیەکە بوون. کەم لاو کەم کەس هەبوون بتوانن سەربەخۆ، دوور لە تیوری کێشەکە، ئەندێشەی خۆیان دابڕێژن. وێڕاش زۆر بەداخەوە هێشتا کێشەکان بابەتیانە سەرەڕای دەرکەوتنی زۆربەی ڕاستیەکان هەڵسەنگێندراوون. ئێستاش هەزاران هەزار تێکۆشەر گێژی ناو گێژەنگی کێشە کۆنەکانە. ناتوانن هۆشیارانە لەبەر ڕۆشنایی ڕاستیەکان سەرلەنوێ بیرێک بکەنەوە.

پێشتر باسێکی جێگۆڕکێ چینایەتیەکانی کۆمەڵمان، بەپێی دیاردە ئابووریە نوێکان، بەتایبەتی دیاردەی باڵای ئیمپریالیزم (کۆمپانیا فرە ناسنامەکان) کرد. گوترا کە ئەم دیاردانە، جووتیارانی لە ناوەرۆکی شۆڕشی ڕزگاری دەرهاوێشتو چیدیکە شۆڕشی ڕزگاری ناتوانێ چەشنی کۆن جووتیاران بکاتە زۆرینەی لەشکری شۆڕشی درێژخایەن. بورژوای نیشتمانیش بڕستی بەرەنگاری سەرمایەی ئیمپریالیزمیان لێبڕاوەو بە کاڵای سووک ناتوانن ڕێ لە فرۆشتنی کاڵای باشتری مۆنۆپۆلە مۆدێرنەکان بگرن. دەمێکیشە کراونەتە پاشکۆی لاوازی سەرمایەداری مترۆپۆلی جیهان. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیە ئابووریو کۆمەڵایەتیە هاوچەرخانەدا ئەگەر بنچینەی ئەندێشەی مارتسیتۆنگ هەڵسەنگێنین وای لێدێت:

٤/٥–بەرەی یەکگرتووی چین

لەدووتوێی باسەکەدا بەزۆری باسی ڕێبازی جەنگی درێژخایەنمان کردووە کە چۆن گەیشتۆتە بن‌بەستو چیدیکە ڕێبازی سەرەکی خەبات لەم هەلومەرجە جیهانیەدا لەبەرامبەر تەکنۆلۆژیای هاوچەرخدا، ئیتر ناگاتە ئاکامی سەرکەوتن. مەگەر لەحاڵەتی تایبەتیو لەبەرامبەر ڕژێمی کەمتواناو ئابووری لاوازی بێ

پشتیواندا نەبێ یان لەخزمەتکردنی ڕێبازی شۆڕشگێرانەی دیکەدا لەدۆخی تایبەتیدا پێڕەو بکرێ. بۆیە دیسان ناچینەوە ناو ئەم باسەو باسەکەیش بەزۆری ڕێبازی ماویزمی پێ ناسراوە.

بۆ سەرخستنی شۆڕشی درێژخایەن، بەرەی یەکگرتوو لە ولاتانی دەرەبەگ‌و نیمچە دەرەبەگ‌و داگیرکراودا، چەکێکی کاریگەری ئەندێشەی ڕێبەری شۆڕشی چین‌و سەرکەوتنی شۆڕشەکەشە کە پێشتر بەرەی یەکگرتوو لە ئەدەبیاتی مارکسیزم‌و لەناو خەباتی گەلاندا، باسی کراوەو هەوڵیشی بۆ دراوە. تەنانەت لە مانیفێستی کۆمۆنیستەوە تۆوی ئەم بیرورایە بەشێوەیەکی سەرەتایی بەم شێوەیە وەشێندراوە: «کۆمۆنیستەکان لەپێناوی بەرژەوەندی‌و ئامانجی ڕاستەوخۆی چینی کرێکار تێدەکۆشن... هەروەها لەناو هەموو دەوڵەتێکیشدا پشتیوانی ئەو بزووتنەوانە دەکەن کە دژی ڕژێمی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی باون... کاریش بۆ یەکێتی‌و گونجان لەنێو حیزبە دیموکراتەکانی تەواوی دەوڵەتاندا دەکەن ‹٢١›.

ئەودەمەی مانیفێست نووسراوە باس لە (یەکێتی گونجان) لەنێو کۆمۆنیستەکان‌و باقی حیزبە دیموکراتەکان کراوە. ئەمە سەرەتای سەرەتاکانی هاوخەباتی‌و یەکێتی خەباتی کرێکاران‌و چینە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە بووە. لینینیش پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لەکاتێکدا شۆڕشەکە کەوتبووە بەر پەلاماری ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان لە کۆنگرەی دووەم‌و سێیەمی حیزبدا گرنگی هاوکاری تەواوی لایەنە شۆڕشگێرەکانی دووپات کردبووەوە. هەرچەند لینین پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەتایبەتی لە کۆنگرەی دووەمی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەتایبەتی لە کۆنگرەی دووەم‌و سێیەمی ئینتەرناسیۆنالیزم (١٩ی تەمووزی ١٩٢٠) بیرورای شوراکانی جووتیاران‌و ڕەنجدەرانی خستەڕوو، پێی‌وابوو ئەگەرچی ئەو شورایانە کرێکاریش نابن، بەڵام سووربوو لەسەر سەرکەوتنی. واتە: لای لینین ئەودەمە مەسەلەی هاوکاری‌و پێکەوە ژیانی شورای جووتیاران‌و ڕەنجدەرانی دیکە باشترین شێوەی خەباتی چینایەتی‌و سیاسی کرێکاران بوو، نەک بەرەی نیشتمانی. دەریشکەوت بیرورای وا بۆ ئەو زەمان سەرەرای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو هۆشیاربوونەوەی سیاسی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ڕۆژهەلات، جێگیر نابێ. ئەودەمە خەباتی ڕزگاری دژی کۆلۆنیالیزم لە چین، هیندستان، ئێران، تورکیا، عێراق، میسر

‹٢١› کارل مارکس ـ فردریك انجلس. البیان الشیوعي، دار دمشق للطباعة و النشر ص١: ٩٩.

و کوردستان... تاد. تەقیبوونەوە. لینین و کۆمینتەرن دڵیکی گەورەیان بەو بزووتنەوانە (کوردستانی لێدەرچی) خۆش بوو کە بتوانن پایەکانی ئیمپریالیزم بەدابرانی سامانی ئەو وڵاتانە لەمۆنۆپۆڵەکان لاواز بکەن. ئیمپریالیزم لە قەیرانەکانی ناوخۆیدا بخنکێ. بەڵام لەو وڵاتانە خەباتی شۆڕشگێرانەی چینی لێدەرچی، ئەوانی دیکە شکان. تورکیاش هەر زوو دەرکەوت چ شۆڕشێکی بۆرژوایی ناتەواوە، واتە ئەو شۆڕشە دیموکراتیە شۆڕشگێرە نەبوو کە لینین‌و کۆمینتەرن کردبویانە مەرجی پشتیوانی کردنی. (هەرچەند پشتیوانیشیان هەر کردو یارمەتی کەم وێنەشیان لەو کاتەدا داوە. ئەویش دژی کرێکاران‌و کوردو گەلانی دیکە بەکاریهێنا) کە لەو شۆڕشانە شکابن، شوراکانیشیان بێگومان سەرناگرێ. پێشمان‌وایە ئەگەر لەباقی وڵاتەکانیش وەکو تورکیا، شۆڕشە بۆرژواییەکان سەریش کەوتبان حاڵیان لە شۆڕشەکەی تورکیا باشتر نەدەبوو. نموونەش پاش تێپەڕبوونی نزیکەی چل ساڵیش بەسەر ئەو ڕووداوانەدا، سەرکەوتنی شۆڕشەکانی میسرو عێراق باشترین بەڵگەی ئەو ڕاستیەن. ئەمەش لەکاتێکدا دوای ئەو ماوە زۆرە لە عێراق‌و میسردا کرێکاران خاوەن چینی خۆیان‌و بزووتنەوەی چینایەتین‌و حیزبیش بەناوی کۆمۆنیستەوە بوون چ جای شۆڕشی بۆرژوایی پێش چل ساڵ سەرکەوتبا. هەرچەندە دەتواندرێ بگوترێ لە وڵاتێکی وەکو عێراق‌دا کە شۆڕشی بۆرژوایی کرا بزووتنەوەی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان هێندە بەهێزو هێندەش لە دەوری حیزبی (شیوعی) عێراق کۆبوونەوە دەیانتوانی شێوەیەکی گونجاوی شوراکان لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی عێراقدا پێکەوەبنێن‌و هەر حیزبێک خاوەنی ئەو جەماوەرەش بێ کە حیزبی ناوبراو لەپاش شۆڕشی بۆرژوایی (١٩٥٨) هەیبوو لایەنی کەم دەیتوانی وابکا بۆرژوا وا بەئاسانی لە دیموکراسی هەڵنەگێڕێتەوەو زۆرترین ئەرکی قۆناخەکە داپێن کرابا، بەکێشەی نەتەوایەتی کوردیشەوە. بۆلشەویکەکان لەیەکەمین هەڵبژاردنی شوراکاندا زۆربەی دەنگیشیان نەهێناو نەیارو دوژمنیشیان زۆر بوو، بەڵام چونکە ڕێبەرایەتی لێبڕاویان هەبوو، هەروا بەرنامەی دیموکراسی لێبڕاویان هەبوو بۆیە ئاکام زۆرینەی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان‌و خودی شوراکانیشیان ڕاکێشاو سەریشکەوتن.* کە لینین باسی پێکەوەنانی شوراکانی لەوڵاتە ژێردەستەو

---

* مخابن دوای سەرکەوتنی لینین‌و بۆلشەویکەکان بەرنامە دیموکراسیەکەیان زوو پێچایەوەو بەمەش بناغەی شکستیان دارشت.

دواکەوتووەکاندا کردووە، سێ مەبەستی هەبووە:
- فۆرماسیۆنی شوراکان بکاتە چەکی دەستی شۆڕشگێڕەکان بۆ ئەوەی بۆرژوازی میللەتانی ژێردەستەو توێژە کۆنەپەرستەکان نەتوانن بە دروشمی چەواشەی ناسیۆنالیستیو نیشتمانی دیکە، کرێکارانو زەحمەتکێشان فریو بدەن.
- ئەو شورایانە بکرێنە دەستەبەری بەرەبەرەی پەرەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەوەی کرێکارانی ڕوو لە گەشەکردوو بتوانن خاوەن دەسەڵاتی سیاسی ئوتۆپین لە پاشەڕۆژدا تەواو سەربکەون.
- لەخەیاڵی لینیندا شۆڕشی ئوکتۆبەر لەسەدا سەد سۆسیالیزم سەردەخاتو شۆڕشی سۆسیالیستیش لە جیهاندا ڕوو دەدات. بەپشتیوانی ئەم شۆڕشانەش شوراکانی میللەتانی ژێردەستە دەتوانن شوراکانیان بگەیەننە ئامانجی شۆڕشگێڕانە.
بەداخەوە هیچی ئەوانە نەهاتەدی! چینی بۆرژوا لە ڕۆژهەڵاتدا سەرکەوت. کرێکارانیان کردە پاشکۆی ڕووداوەکان. ئەو حیزبانەی بەناوی کرێکارانیشەوە هەبوونو بەهێزیش بوون لەباشترین هەڵکەوتی جەماوەریشدا کە بۆیان هەڵکەوت نەیانتوانی نەک شورا بۆ کرێکارانو میللەتەکانیان بگرە شورایەکی ڕێکوپێکیان بۆ حیزبەکانیشیان پێ پێکنەهێندرا. لەبری شوراکان ڕێگای ڕیفۆرمو پاشان بەرەی نیشتمانی گیرایەبەر. بەرەی نیشتمانیش بە چەمکە زانستەکەی زیاتر لە هەلومەرجی مەترسی بەرپاکردنی جەنگی جیهانیی لەلایەن کۆمینتەرنەوە بۆ وڵاتانی ژێردەستە کەوتۆتە ئارا. ئەگەرچی جاروباریش پێشتریش حیزبە کرێکاریەکانی دیکە باسیان لێوەکردبێ بەڵام وەکو تیۆری بەرەی نیشتمانی کۆمینترن دایهێناوە... ئیدی لە وڵاتانی وەکو عێراقو مانەندەکانیان کە حیزبی شیوعییان تێدابووە دروشمی بەرەی نیشتمانی بەرزکرایەوە بۆ کۆکردنەوەی چینەکان دژی مەترسی نازیزم بەتایبەتی لەدوای پەلاماردانی شورەوی.
ئیتر بەرەی نیشتمانی دوای جەنگیش بوو بەپێناوی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنکان، لەوانە حیزبە شیوعیەکانیش. ناوی شوراکانو... دیموکراسی شۆڕشگێڕ ئەسڵەن نەدەهێندران. لەڕاستیشدا شوراکانو دیموکراسی شۆڕشگێڕ ئامرازی سیاسی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا بوون دژی ئامرازەکانی بۆرژوا لەناو خەباتی نیشتمانی-دیموکراسیدا. بەتایبەتی بۆرژوا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بەرزکردنەوەی دروشمی دیموکراسی شۆڕشگێڕو شوراکان بۆ میللەتانی ژێردەستە*... زۆرتر لە قۆناخی پێش شۆڕشی ئوکتۆبەر مەترسیان لەخۆیان پەیدا کردو کەوتنە

توندتر دژایەتی‌کردنی کرێکاران‌و کۆمۆنیزم. واتە: بۆرژوای میللەتانی ژێردەستەو داگیرکراوی پێش‌و پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دوو ڕوانگەی جیاوازیان لەسەر کرێکاران هەبووە خۆ کە خەباتی کرێکاران پەرەیسەندو مارکسیزم بەتەواوەتی لەرۆژهەڵاتدا بڵاوبووەوە ئەم مەترسیە گەورەترو ترسناکتر بووە. ئەم ڕاستیە لەمەڕ بۆرژوا نەک وەکو بنەمای ئابووری‌و نە وەکو ڕاستیەکی سیاسی ئەسڵەن لەبەرچاو نەگیراوە. بۆیە تاکە حیزبێکی چینایەتیش لە ڕۆژهەڵاتدا نییە زانیبێتی، بۆرژوای نیشتمانی لە ڕوانگەی چینایەتی شۆڕشگێڕانەوە هەڵبسەنگێنێ. هەمیشە وەکو چینێکی دژ بە ئیمپریالیزم تەماشا کراوون‌و بەپێی ئەم ڕاستیەش داوای هاوکاری‌و بەرەی نیشتمانیان لەگەڵدا کردوون. کەداوای بەرەشیان لەگەڵدا کردوون لەبەرئەوەی حیزبە شیوعیەکان ئامانجی ڕوخاندنی ڕژێمە کۆنەپەرستەکانیان نەبووەو دروشمی هاتنەسەرکارو بەرنامەی لایەنی کەمی دیموکراسی شۆڕشگێڕیان نەبووە، بۆیە بایەخیشیان بەوە نەداوە (بەرەی نیشتمانی) دەبێ نوێنەری سیاسی کام چین ڕێبەرایەتی بکات. ئەوان کە هاتنە سەرکاریان نەکردبێتە پێناو، شتێکی سروشتییە ڕێبەرایەتی بەرەش نەکەنە ماکی سیاسەتەکانیان، چونکە بەرەیان بۆ حوکم نەویستووە.

لە چیندا، لەسەرەتای شۆڕشەوە هەوڵی پێکهێنانی شوراکان بەپێی ڕێنوێنی کۆمینترن‌و باوەڕی سەردەمەکە درا. توانای زۆریشی بۆ تەرخان‌کراو ڕێ‌و شوێنی چۆنیەتی کارپێکردنیشی دارێژرا بەڵام کە شۆڕشی بۆرژوایی کۆدەتای کۆنەپەرستانەی کرایەسەرو بە شۆڕشی چەکداری درێژخایەن درێژە بە شۆڕشەکەدرا، شوراکان بەوپێیەی لە شورەوی چووەسەر، لە چیندا نەچووەسەر. هۆیەکەشی جیاوازی چۆنایەتی تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی بوون لەو دوو وڵاتەدا: شورەوی لە شارو چین لە شاخدا.

شۆڕشیش کە سەنگەرەکانی لە شارەوە گواستەوە بۆ شاخ، جۆرێک لەو شورایانە لەناو جوتیاراندا هەوڵی بۆ دراو هێنرا. بەڵام ئەو فیدراسیۆنە کۆمەڵایەتییە ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی چینیش کە دڵسۆزی لینینیزم‌و پیادەکەری بڕیارەکانی کۆمینترنیش بوون، وەکو شورەوی بگرە بە ئەندازەی چارەکێکی شورەویش سەری نەگرت. باری بابەتی وڵاتی چین، پێکهاتنی چینایەتی

↔ * چەمکی دیموکراسی شۆڕشگێڕ ئێستا پاساوی نەماوە.

چین‌و ئەو بزووتنەوە چەکدارییە درێژخایەنە پێویستی بە بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو هەبوو، چ بۆ خەباتکردن دژی ژاپۆن، چ بۆ دوورخستنەوەو خستنەگەڕی هێزە نیشتمانپەروەرەکانی چین لە کۆمینتانگ بۆ دژایەتی کردنیان لەبەرئەوەی: چین وڵاتێکی داگیرکراوی نیمچە دەرەبەگ بوو، هەر بۆیە هەرچوار چینەکەی کۆمەڵی چین (کرێکاران جووتیاران، بۆرژواو بۆرژوای گچکە) لە ڕووی بابەتییەوە لەبەرەی گەلدا دژی بەرەی کۆنەپەرستانەی دوژمنان بوون. بەرەی نیشتمانی سەرکەوتنی باشی لەو زەمینە کۆمەڵایەتی‌و زەمانە سیاسییەدا هێنایەدی. دوای ئەوەش لە وڵاتانی مانندی چین هەمان ڕێبازی سیاسی قازانجێکی گەورەی گەیاندە خەباتی رزگارییبان‌و شێوەیەکی شۆڕشگێڕی خەباتەکەیان بوو. لەکاتی جەنگی دووەمیشدا هەمان ئامرازی سیاسی لە جیهاندا بە تایبەتی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات‌و هەندێ لە میللەتانی ژێردەستەدا وەکو عێراق، میسر، جەزائیر، یەمەن، ئێران‌و سوریا...تاد. کە ڕێبازی جەنگی درێژخایەنیشیان پێڕەو نەدەکرد، بەچاکی لەگەڵ ڕەوتی خەباتی نیشتمانییاندا گونجا.

ئاخۆ: بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو هەتا ئێستاش سەرەڕای گۆڕانکارییە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان، سەرەڕای جێگۆڕکێی چینایەتی بنەڕەتی جووتیاران‌و خیانەتی بۆرژوای نیشتمانی سەرەڕای بەدیهاتنی کۆمەڵێک لەو ئامانجە سیاسی‌و چینایەتییانەی کاتی خۆی ئەرکی چینایەتی ناوکۆییان لەڕێی بەرەوە دەهاتەدی... ئاخۆ پاش گۆڕان‌و گۆڕینی زۆربەی ئەو دیاردەو دەرکەوتانە بەرە هێشتا وەکو جاران چەکی بنچینەیی چینە پێشکەوتنخوازەکانی گەلانە یان ئامرازی سەرەکی تەواوکردنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسییە، بێگومان نەخێر.

هەر ئامرازێکی سیاسی کرێکاران‌و گەلان، بنەمای ئابووری کۆنی نەمێنێ، پاساوی تیۆریشی نامێنێ. لێکدانەوەی سیاسی بۆ دیاردە سیاسییەکان ئەگەر نەبەسترێتەوە بە بنەما ئابوورییەکان، وەکو هەورە هاوینە وایە، پرشە پارانیشی لێ‌دابکا نابێتە هۆی پەڵەدانی زەوی خەبات، لەبەر ئەو ڕاستییانە سووربوونی (مار)یەکان لەسەر تەلاری سیاسی بەرەی نیشتمانی بەناو میللەتانی داگیرکراودا کە ئێستا پێوەندی سەرمایەداری زاڵە تیایاندا (نەک دەرەبەگایەتی یان نیمچە دەرەبەگیش) جۆرێکە لە دۆگماتیزمی سیاسی زیانبەخش کە پێویستە بە هۆشیاری تیۆری بەرپەرچ بدرێتەوەو لە ڕوانگەی بەرسەنندنی ڕووداوەکانەوە هەڵبسەنگێنن.

ئەگەربێت‌و لەناو بزووتنەوەی پڕ لە کێشەی سیاسی-عەسکەری میللەتانی

ژێردەستەی وەکو: کورد، بلوچ، ئازەری، ئەرمەنی، ڕێکخراوە مارکسیەکان دووچاری تەنگوچەڵمەی سیاسی دژوار هاتن، وردە بورژواو نوێنەری توێژەکانی دیکەیش دژی دوژمنی هاوبەش لەسەر هەندێ ئامانجی سیاسی ناوکۆیی لە خەباتدا بوون، ئەوا پێویستە مارکسیەکان ئێستاش وەکو هەمیشەی پێشووی خەباتیان شێوەی هاوکاری نوێی خەباتیان لەگەڵدا بهێنن‌و بەرەی گەل دژی بەرەی دوژمنی بێ هێزتر بکەن بەمەرجێک لەهەموو حاڵەتێکدا هەر شێوەیەکی گونجاوی خەباتی شۆڕشگێڕانە بدۆزنەوە.

٥/٥- دیکتاتۆریەتی چوار چینی... چینی!

دیکتاتۆریەتی چوار چینی کۆمەڵ، گەوهەری دیموکراسی نوێی شۆڕشی چینە. ئەم تێزەش لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بەڕاستی نوێ بوو بگرە ڕێبازێکی سیاسی نامۆ بوو لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی مارکسیزم-لینینزمدا. ماوتسیتۆنگ، تیۆریسێنی ڕێبازەکە لە ڕوانگەی باری کۆمەڵایەتی چینەوە وەکو وڵاتێکی داگیرو نیمچە داگیرکراو، ئەندێشەی دیموکراسی بزووتنەوەی تەواوی ئەو میللەتانەی باری کۆمەڵایەتی‌و دۆخی سیاسی‌و هەلومەرجی مێژووییان هاوچەشنی چین. لەبنەڕەتیشدا بیروڕاکە وەکو ڕێبازی سێیەمی دیموکراسی لەبەرامبەر دوو ڕێبازە دیموکراسیەکەی پێشتردا:
- دیکتاتۆریەتی کۆماری دیموکراسی بورژوا.
- دیکتاتۆیەتی کۆماری پرۆلیتاریا .

دارێژرا ....

هەڵبەتە: جۆری یەکەمی دیموکراسی کۆنینەو جۆرەکەی دووەمیش هی وڵاتی شورەوی بوو. سێیەمیش ماو دەڵێ: «بەڵام جۆری سێیەم شێوەیەکی گوێزراوی دەوڵەتە کە پێویستە شۆڕشی وڵاتانی کۆلۆنی‌و نیمچە کۆلۆنی پێڕەوی لێبکەن. دیارە هەموو شۆڕشێک لە شۆڕشەکانی وڵاتانی کۆلۆنی‌و نیمچە کۆلۆنی بە هەندێک تایبەتمەندێتی دەناسرێن، بەڵام ئەم تایبەتمەندێتییانە جگەلە جیاوازی سادە لەچوارچێوەی وێکداچووندا چیدیکە نییە. مادام شۆڕشەکان شۆڕشی وڵاتانی کۆلۆنی‌و نیمچە کۆلۆنن لەسەدا سەد پێکهاتنی دەوڵەت‌و پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتانەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاوچەشن دەبێ، واتە دەوڵەتێکی دیموکراتیکی نوێی ملکەچی دیکتاتۆریەتی هاوبەشی چەند چینی بەرهەڵستکاری

ئیمپریالیزم »<۲۲>.

کەواتە: دیموکراسی نوێ نەک بۆ چین، بەڵکو کراوەتە ئامانجی هاوبەشی میللەتانی وەکو چینیش. ئەمەیان ئەگەر لە ڕووی تیۆرییەوە زانستیانە بسەلمێندرێ و لەبۆتەی پراکتیکیشدا لەناو چەندین میللەتی وەکو میللەتی چینیشدا ڕاستیەکەی سەلمێندرابێ، مایەی خزمەتێکی شۆڕشگێڕانەیە بەڵام ئایا وایە یان نا؟ ئەمەیان لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژی گەرەکە، ئێمە لێرەدا کورتەیەک لەسەر پێچەوانەکەی باس دەکەین.

چین وەکو وڵاتانی دیکەی ژێردەستەی ئیمپریالیزم، لەڕێی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزمەوە سەرمایەو پێوەندی سەرمایەداری لەناویدا تەشەنەی ئابووری و کۆمەڵاتی سەند. بزووتنەوەی کۆنەپەرستانەش لەناو چیندا دەمێک زاڵ بوو بەحوکمی ئەوەی مەڵبەندێکی جیۆپۆلیتیکی ئێجگار گرنگەو لەڕووی (تۆپۆگرافی دیوگرافیەوە*) بایەخێکی زۆری هەیە. سنووری دەریایی و زەمینی بایەخداری هەیە. بۆیە لەمێژە ناوەندێکی بازرگانی گرنگ بووەو لەوساشەوە چینە داراکانی چین بەرژەوەندی ڕاستەوخۆیان وابەستەی سودو سامان کردووە. ئەو سودو سامانە لەئەمر لایەک و لەئەمر کونیەکەوە هاتبێت باباندا وەتەوە لای.کە ئیمپریالیزمیش دەستی وەردایە وڵاتەکە دەستبەجێ بازرگان و سەرمایەدارانی چین، چینی سەرمایەداری وابەستەو کۆمپرادۆریان تێدا پێکهات و بەمەش بۆرژوای پیشەسازی لە قاڵبدرا، هەروەکو زۆربەی وڵاتانی ژێردەستە چینی بۆرژوای نیشتمانی هێندەی لەگەڵ ئیمپریالیزم و دژی خەباتی نیشتمانی-دیموکراسی بوون، نیوە چارەکی ئەوە دژی ئیمپریالیزم و لەگەڵ سەرکەوتنی خەباتی نیشتمانی‌دا نەبوون.

لەسەرەتای نووسینی نامیلکەی (دیموکراسی نوێ)دا، خودی ماویش باسی لەسێ چین کردووە، نەک چوار چین کە زیاتر ستالین لەناو میللەتانی کۆلۆنیدا باسی چوار چینی دەکرد، پاش چاپکردنی هەڵبژاردەکانی ماو لە ساڵی ۱۹۵۱دا لەبری سێ چینی کۆمەڵ، باسی چوار چین هاتووە. کە باسیش لەو چینانە دەکات

<۲۲> ماوتسی تونغ. المؤلفات المختارة، المجلد الثاني ص:٤٨٨. دار النشر باللغات الاجنبية بكين ۱۹٦۹

* تۆپۆگرافی: زەمین‌ناسی. دیموگرافی: پێشتر باسێکی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام ئێستا زاراوەی سیاسیەو کۆمەڵناسی دەگەیەنێ.

هاوبەشی بەرەی نیشتمانی بکەن. بۆ دیاریکردنی سروشتی چینایەتی، ناوی بۆرژوازییەت دەهێنێ نەک بۆرژوای نیشتمانی، ئەودەمە لەناو کۆمینترنیش‌دا مشتومڕی زۆر لەسەر ڕۆڵی بۆرژوای نیشتمانی هەبوو لەناو بزووتنەوەی ڕزگاری-دیموکراسیدا دژی ئیمپریالیزم‌و دەرەبەگایەتی. بەتایبەتی نوێنەری هیندو ئەندەنۆسیاو ئەفریقای باشوور دژی بایەخ پێدانی چینی ناوبراو بوون لەناو خەباتی نیشتمانیدا چونکە لای ئەوان ئەم چینە وابەستەی ئیمپریالیزم‌و دژی شۆڕش بوو.

گرنگترین مەسەلە لە شۆڕشدا، مەسەلەی دەسەلاتە، دەسەلاتی چینایەتیش لە ڕوانگەی چینایەتی جیاوازە دەردەبڕێ. هی کرێکار، وردە بۆرژواو بۆرژوای نیشتمانی جیاوازن. ستەمە بتواندرێ دیکتاتۆریەتی چوار چینی ناکۆکی کۆمەڵ لەیەک دەسەلاتی سیاسیدا بگونجێندرێ. دەسەلاتەکەش کۆماری دیموکراتی نوێ‌و داهێندراوی کۆمۆنیستیش بێ.

لە دونیای سیاسەتدا بۆی هەیە جۆرێک لەتاکتیکی سیاسی بدۆزێتەوەو پێڕەویش بکرێ. بەلام لەڕووی ئابووری‌و ئایدیۆلۆژییەوە تێکەلاوکردنی بەرنامەی دیموکراسی جیاوازی چینەکان لەیەک قالبی سیاسی‌و دیموکراسیدا کە دیموکراسیەتیش وەکو باقی ئامانجەکان مۆرکی چینایەتی تایبەتی خۆی هەیە، لادانە لەڕێبازی دیموکراسی شۆڕشگێری کرێکاران کە تەنانەت لە ولاتانی دواکەوتووشدا ژێردەستەو نیمچە داگیرکراویشدا، بۆ شۆڕشی چین‌و هاوچەشنەکانیشی ئەگەر لە قۆناخی چەکدارانەدا بەکردەوەش نەچووبێتەسەر، بەلام بە پروپاگەندە تێزەکە ڕاگیرابێ، ئەوا پاش سەرکەوتنی زوو نابات دەردەکەوێ بەرنامەی خواروخێچی وا جێی جێبەجێکردنی نابێتەوە. هەروەکو ئێستا چین بەدەست کێشە تیورییەکانی کۆنەوە دەناڵێنێ. ئەورووپای ڕۆژهەلاتیش کە هەموڵیان‌دا شێوەیەکی گۆڕدراوی دیموکراسی نوێی چینی کە بەوە زاندرا تایبەتە بەولاتانی ڕۆژهەلاتی میللی، لە ئەورووپای ڕۆژهەلاتدا بەناوی (دیموکراسی گەلی) لەپاش جەنگی دووەمی جیهان جێبەجێیان بکەن لەبەر ئەوەی لەم ئەزموونانەشدا هەروەکو چین، دیموکراسیەتەکە کە سروشتی پۆپۆلیستی ڕاستەقینەی هەبوو، سنووری چینەکانی بە پاساوی تیۆری سڕییەوە، ململانێی چینایەتیانی شاردەوە... لەم ولاتانەشدا دەبینین بە حیساب پێشکەوتریش بوون لە ولاتانی ڕۆژهەلات، بەرنامەی دیموکراسی جێبەجێ نەکرا، پاش ئەوەی ژیان دەورانی خۆی گۆڕی‌و گۆڕانی قوڵ بەسەر جیهان هات. دەرکەوت: ئەگەر قۆناخە کۆمەلایەتیەکان لەڕووی ئابووری‌و کۆمەلایەتییەوە،

سیاسیو رۆشنبیرییەوە، مێژوویی‌و شارستانیەتەوە، پێویستە ماتریالیستەکانی‌و پێداویستە مێژوویەکانی بە زیادیشەوە دابیت‌نەکرێ. هەرگیز ناتواندرێ نەبەیارمەتی دەوڵەتانی سۆسیالیزم وڵاتێک قۆناخی سەرمایەداری نەبڕێ بگوێزرێتەوە بۆ سوسیالیزم‌و نە بە تیۆری تێکەڵاوکردنی چینەکان‌و شێلانی بەرژەوەندییان لە قاڵبی دیموکراسی نوێ یان دیموکراسی گەلیدا، دەشێ قۆناخی دیموکراسی کورت بکرێ‌و زووتر سۆسیالیزم بهێندرێتەدی. ئەو پرۆسانە لە مێژوودا باجەکەی ڕەنجی خەباتی چل ساڵ زیاتری کرێکاران‌و زەحمەتکێشان‌و گەلان بوو. دەردی قسەی باوی خەڵکی سادە: قازانجەکەیان سەری مایەشیانی خوارد. دیارە مەبەست لەمایەی تیۆری کە ئەم ئەزموونانە گوایە بنیازی پەرەپێدانی داهێندران، بەڵام شکان.

ئەو هەڵە تیۆریانە، یان با بڵێین بۆ بردنەسەری ئەو هەڵە تیۆریانە کە وەکو ئایدیۆلۆژیەتێکی نەگۆڕ سەیر دەکران، دۆگماتیزمانە خرانە بۆتەی کارو کردەوە... پاش سەرکەوتنی شۆڕشی چین، شۆڕشی سەرکەوتووی چین دووچاری ئاستەنگی ئاشکرا لە بوونی ماوتسیتۆنگ خۆید اهات.

٦/٥- شۆڕشی رۆشنبیری!!

کەم رووداو هەیە، پاش دیاردەی ستالینیەت بە ئەندازەی ئەم (شۆڕشە رۆشنبیرییە!) بایەخی درابێتی‌و باسکرابێت‌و لەسەری نووسرابێت.

کاتی بەرپاردانی شۆڕشەکە ١٩٦٦ چین‌و شورەوی کێشەیان لەنێواندا تەقیبووەوەو رەنگی کێشەکەیش ڕۆچوو بووە ناو کرێکاران‌و گەلان‌و ئەو حیزبانەی ئەوسا نوێنەرایەتیان دەکردن، لەسەرێکەوە دەوڵەتی چین بەگەرمی داکۆکیان لێدەکرد. لەسەرێکی دیکەشەوە شۆرەوی‌و پێڕەوانیان بەتوندی دژی بوون، لە بەرامبەریشیاندا کامپی سەرمایەداری هەلەو بۆیان هەڵکەوتبوو. چەندیان سود لە ئەزموونی دیکتاتۆریەتی ستالین بۆ دژایەتی کردنی کۆمۆنیزم وەرگرتبوو، هەوڵیاندا لەم شۆڕشە رۆشنبیرییەشدا زیاتر بۆچوونەکانیان لەمێشکی رای گشتی جیهاندا بچەسپێنن‌و دەریخەن کە سۆسیالیزم هەرگیز نایەتەدی.

شۆڕشەکە گوایە: داهێندراوێکی نوێی سەردەمی سۆسیالیزم بوو لەکاتی پەرەسەندنی ریڤیژینیزمداو هەڵگەڕانەوەی شورەوی بۆ سۆسیاڵ ئیمپریالی‌و دەستبەجێ پاش ئەو بۆچوونە چینیە، ماو گەیشتبووە ئەو باوەڕە کە پێش ئەوەی چینیش دووچاری هەڵگەڕانەوەو لادان‌و بادان ببێت‌و بۆئەوەی بۆرژوا نەتوانێت

هیوای گەڕانەوە بکاتە هەوڵی گەڕانەوە سەرحوکم، هەروەها لەپێناوی ریشەکێش‌کردنی بیرۆکراتیەتی سەرهەڵدراوی سیستەمی سۆسیالیزم، شۆڕشی رۆشنبیری کراوە.

لەم شۆڕشەدا خەباتکراوە بەتەواوەتی نەریتی بۆرژوازیەت، کەلەپوورو کلتوری، ئەدەب‌و هونەری، فەرهەنگ‌و شارستانیەتی بەشێنجگارەکی ریشەکێش بکرێ‌و بۆ هەمیشە مەترسییەکانیان بڕەوێنەدرێنەوە. ئەگەر ئەو بۆچوون‌و بیروڕایانە داپڕاو لە رووداوە سیاسی‌و مێژوویەکان سەیر بکرێن، بە ئەندێشەی شۆڕشگێڕانە دێنە بەرچاو. بەڵام ئەگەر بە قووڵی لێبتوژرێنەوەو هەمەلایەنە لێکۆڵدرێنەوە دەردەکەوێ بنەما تیۆریەکەیان بەتاڵە. ئەنجامە مێژوویەکەیشی حوکمی نالەباریان لەسەردرا. لە ئەدەبیاتی کلاسیکی مارکسیزمدا، بۆچوونی‌وا بەرچاو ناکەوێ.

دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا* لەبەرامبەر چینەکانی دیکەدا کراوەتە دەستەبەری هەڵنەگەڕانەوە لە سۆسیالیزم‌و بەدیهێنانی ئامانجە چینایەتی‌و رۆشنبیرییەکانی کرێکاران. بابڵێین مارکسیزم-لینینزم فەلسەفەیەکی دۆگماتیزم نییە هەتا بگوترێ: مادام لە ئەدەبیاتی کلاسیکی فەلسەفەکەدا شۆڕشی‌وا باس نەکراوە، ئیدی بۆی نیە شۆڕشی وا بکرێ. لەرووی تیۆرییەوە پەرەپێدانی فەلسەفەکە لەسەر زەمینەی ئابووری‌و زەمانی کۆمەلایەتی راستەو دروستە بەڵام لەو شۆڕشەی چیندا ئایا فەلسەفەکە پێش یان پاش کەوت؟

جگەی لەرووی تیۆرییەوە لێکدانەوەی چەمکی زانستیانەی شۆڕش، دەکاتە گۆڕینی بنەرەتانەی کۆمەڵ، کۆمەڵیش ناگۆڕدرێ هەتا چینی نوێ، چینی کۆنی کۆنەپەرست لەناو نەبات. ئەمەش ئەوکاتە رووددات کەوا چینی کۆنەپەرست لەرێگای پێوەندی بەرهەمهێنانی کۆنەوە بێتە کۆسپی بەردەم هێزەکانی بەرهەمهێنان‌و ناکۆکیەکان پەتەقنەوە، ئەوسا شۆڕش دەبێتە سەرئەنجامێکی بێ ئەملاوئەولا.

لە چینی شۆڕشی رۆشنبیریدا وانەبووە... بەڵکو بە پێچەوانەشەوە، چینی دەسەلاتدار ئەوانەی دەزگا گرینگەکانی دەوڵەتیان بەدەستەوە بوو، ئەمانە شۆڕشیان کردووە نەک ئەمان بووبنە رێ لێگرتنی شۆڕش واتە: ئەوجارە مێژوو هەڵگێڕدراوە،

* دیاردەکانی ژیان‌و دەرکەوتە نوێکانی پاش جەنگی سارد، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاشیان رەتکردەوە.

جاران خوارەوە دژی سەرەوە شۆڕشیان دەکرد، ئەم جارە، سەرەوەو خوارەوە دژی کەمایەتیەکی کەمبایەخ شۆڕشیان کردووە.

ماو، هێندە نفوزی هەبووە، بەئاسانیو ئاسایی دەیتوانی هەر تاقمێک، هەرکەسێک مەبەستی با، لێیان بخات. چۆنیشیان مەبەست با، دەیانتوانی نەخشەی ڕۆشنبیری بکێشنو بیچەسپێنن، کەچی هیچی ئەوانە نەکراون... تێکەولێکەیەک سەری هەڵدا نەبێتەوە: سەدان هەزار کادرو ئەندام بەخۆیانو خاوو خێزانیانەوە بۆ دوورگەکان دورخرانەوە دەیان هەزار کەس گیران، سەدان ڕێبەرو کاربەدەستی حیزبو دەوڵەت کرانە بووکە بەبارانەو لەناو سەدان هەزار کەسدا، گاڵەو گاڵتەیان لەژێرپەردەی شۆڕشی ڕۆشنبیریدا پێکراوە. ئەمە لەکاتێکدا لەو ڕێبەرو کاربەدەستانە هەبوون دژوارترین ڕۆژانی شۆڕشیان بردۆتەسەرو سەختترین قۆناخەکانی خەباتیان دیبوو، هەمیشەش مایەی شانازی شۆڕشو حیزبو دەوڵەتەکە بوون. لەو شۆڕشەدا! دەویستا سۆسیالیزم لەسەر زەمینەی کۆمەڵایەتی دواکەوتوودا لە وڵاتێکی کشتوکاڵ کە هێشتا قۆناخی دیموکراسی نەبردۆتەسەرو خەڵکەکەی ئاشنای ئەندێشەی سۆسیالیستی نەبوون، بسەپێنێتو بچەسپێنێ. هێشتا لەو وڵاتەدا، کێشەی نەتەوایەتی، پیشەسازی، ئافرەتان، نەخوێندەواری، نەهێشتنی جیاوازی شارو گوند، چارەسەر نەکرا بوون. دەشویستا سۆسیالیزم بەزەبری شۆڕشی ڕۆشنبیری بێ بناخە بێتەدی.

باڵی توندڕەوی ناو حیزب، وەکو هەموو شتەکانی دیکە پێیان وابووە دەکرێ بەبڕیار (مادام دەسەڵات بەدەستەوەیە)چۆن لەکاروباری عەسکەریدا سەرکەوتوون، ئاواش لە چەسپاندنی هەرچی زووتری سۆسیالیزمدا بەئارەزوو سەرکەون. ڕاستە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە، ڕاستیشە هەتا هاتووە پەرەیان سەندووەو پێویستیەکانیان دابینکردووە، بەڵام هیچی ئەوانەو زیاتریش لەوانە بایی ئەوەنین سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ بە ئارەزوو یان وەکو ماو لە ساڵی ١٩٥٨دا پێشنیاری کردووە بە (قەڵەمبازی گەورە) بچەسپێنێ کە هێشتا پێکهاتنە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیەکانی ئەو سیستەمە (سۆسیالیزم) نەڕەخسابێت. کرێکارانو زەحمەتکێشان لەڕووی چینایەتیو سیاسیو ئامادەیی سایکۆلۆژییەوە نەگەیشتبنە ڕادەی بەدیهێنانی.

ڕەنگە لەودەوڵەتە گەورەو گرانەدا، بەڕاستی هەبووبن دژی سۆسیالیزم تێکۆشابن، ڕەنگە ڕاستڕەوی زۆریشیان هەبووبن. بێگومان خەڵکانی بیرۆکراتو

کۆنەپارێزیشیان زۆر بوون بەڵام هەموو ئەوانە ئەگەر سزاش هەڵبگرن هێشتا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تەواوی ئەوانەی هەڵوێستی جیاوازیان لەو سەرکردایەتیە توندڕەوە هەبووبێ یان وا خێرا سەپاندنی سۆسیالیزمیان بە (قەڵەمبازی گەورە) پێ ڕاست نەبووبێ یان دژی شۆڕشی ڕۆشنبیری دوابن، ئیتر هەموویان خائین و خۆفرۆش یا دژی سۆسیالیزم بوون. شۆڕشیش گوایە لەپێناوی سەرکوتانی کۆششی سەرلەنوێی بۆرژوا بەرپا کرابێ لەناو هەموو حیزبەکەدا چەند کەسێک نەبێ بە شۆڕشگێڕو دڵسۆزی بزانرێ، باقیان بە هەڵگەڕاوە لە سۆسیالیزم و دژی کۆمۆنیزم بناسرێن. شۆڕشی وا لەناو دەوڵەتێکدا سەدان ڕێبەرو هەزاران کادرو کاربەدەستی گەورەی بووبێ، چۆن ئەوانە دژی شۆڕشی واناپن کە سەدان هەزار کەسیان بکا بەگژداو بیانکەنە داهۆڵی زەمانە. بزغوونە با گوتەیەکی وەزیری دەرەوەی ئەوسای چین (شانئای) بخوێنینەوە بزانین چ زوخاوێک کراوەتە ناخیان و چۆن بێ سڵەمینەوە هەڵوێست دەردەبڕێ: «بڕوانەبوون تەنیا بەسەرۆک ماوەلین پیاوی جێگری و سەرۆک وەزیران و شینبورتاو کانگشانگ شینگ نەبێ واتە شەش کەس و پێنج یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانیشیان بخەینەسەر، کەواتە هەموویان پازدە پیاو، ئایا ئەمەیە حیزبی مەزن! لە پازدە کەسی پێگەیشتوو بەولاوە کەسی دیکەی نییە؟ من ناموێ لەسەر ئەو ڕێیە بڕۆم و بمەن و پیشانی جەماوەرم بدەن ‹۲۳›».

وەزیری وا هەڵوێستی جوامێرانەی وادەربڕێت چۆن دەشێ بە ناپاک و دژ بە سۆسیالیزم بزانرێ؟ ئاکام مێژوو قسەی کورتی وا بەبژێر دەنووسێ و دەمێکیشە ئەوانەی (شینئای)یان ڕاکێشایە دادگای کاری کاتووری سۆسیالیزم، شەرمەزاری مێژوون.

دەرکەوت ئەوەی هەڵگیرسێنەرانی شۆڕشی ڕۆشنبیری بە ڕۆشنبیری دەرەبەگ و سەرمایەدارییان لەقەڵەم دەدان و دەیانویست لەدەمو دەستێکی مێژوودا، ڕۆشنبیری و نەریتێکی پرۆلیتاریانە، بێ پێشینەی مێژوویی، بێ نەریت و کەلەپووری مرۆڤایەتی، بێ دەسکەوتە کلاسیکیەکانی ئەدەب و هونەرو کولتوورو فۆلکلۆرو سەرگوزشتەی پێشکەوتووی ڕابردوو، هەروەها بەبێ زانست و زانیاری و شارستانیەتی سەرمایەداری بینا بکەن. دەرکەوت بەبێ سوودلێوەرگرتن لەهەموو ئەو شارستانیەت و ڕۆشنبیرییە کۆنانە، ستەمە بتوانرێ ڕۆشنبیری پرۆلیتاری و سۆسیالیستی پوخت و خاوێن بینا بکرێ.

‹۲۳› جان اسمین. الثورة الثقافية الصينية. ترجمة ذوقان قرقوط، ص: ۱۲۱و۱۲۲.

٧/٥- تیۆری سێ جیهان.

ئەم تیۆرە لە دوا تەمەنی ژیانی (ماوتسیتۆنگ)دا ڕەنگی ڕژاوە، وەنەبێ ڕەنگەکەیش وەکو دیموکراسی نوێ، یان بەرەی نیشتمانیو بۆچوونەکانی دیکەی ماو، گوتاری تیۆریو ئایدیۆلۆژی لەبەر نووسرابێ. نەخێر هەتا هەنووکەش گوتاری وا دەرنەکەوتووە،

ئەوکاتە چین، وەکو لەڕووی سیاسییەوە بۆچوونی تیۆری تایبەتی لەسەر ئاستی جیهان: شۆڕشی درێژخایەن، لەشکری گەل، دیموکراسی نوێو بەرەی نیشتمانی بڵاودەکردەوە، دوای تەقینەوەی ناکۆکی توندی چین لەگەڵ شوورەوی خۆی بەناوەندی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ دەزانی. بۆئەوەی ئەم ناوەندییەشی بۆبچێتەسەر، هاوشانی تیۆرە سیاسیو عەسکەرییەکانی پێویستی بە جیهانبینی فراوانتر دەکرد هەتا بە حیساب سەرلەنوێ ئینتەرناسیۆنالیزمی نوێ لە دەوری خۆیدا دژی ڕەوییو پێگۆزمی جیهانی (وەکو دەیانگوت) کۆبکەنەوە. ئەمەش پێویستی بە یەکلاکردنەوەی باری ئابووریو ئەو ناکۆکیانەی لەو بارە ئابوورییە جیهانییەوە سەریهەڵداوە هەبووە، هەتا بتوانای سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەو لایەنانەیان هەبێ بەپێی ڕێبازی خۆیانەوە ناکۆکیانەشیان بەم چوار چەشنەی خوارەوە دارشت:

١- ناکۆکی لەنێوان نەتەوە چەوساوەکان لەلایەکو لە نێوان ئیمپریالیزمو سۆسیالئیمپریالیزم لەلایەکی دیکەوە.

٢- ناکۆکی نێوان پرۆلیتاریاو بۆرژوای وڵاتانی سەرمایەداریو سەربە ریفیزیۆنیزم.

٣- ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتانی ئیمپریالیو دەوڵەتی سۆسیالئیمپریالی لەنێو خودی دەوڵەتانی ئیمپریالیدا.

٤- ناکۆکی لەنێوان دەوڵەتانی سۆسیالیستی لەلایەکو لەلایەکو لەنێو ئیمپریالیزمو سۆسیال-ئیمپریالیزم لەلایەکی دیکەوە.

بەوپێیە شوورەویو دەوڵەتانی پرۆشوورەوی لای چین لە ئەمریکاو دەوڵەتانی ئیمپریالیو سەرمایەداری جیهان بۆ سەرکرێکارانو میللەتانی چەوساوە ترسناکترن.

ئێمە لێرەدا باسەکەمان ناخەینە بەرگری لێکردنی شوورەوی یان هەر وڵاتێکی دیکەی هاوپەیمانی شوورەوی... مەبەستەکەمان ئەوەیە کە: سەرچاوەی تیۆریو ئابووریو فەلسەفی هەر لایەک، دەوڵەت بێت یان حیزب، کۆمەڵی گچکە بێت یان تاکەکەس، بناخەی زانستی نەبێو بابەتیانە دانەڕێژرابێ، بۆچوونو

لێکدانەوەکانیشی چەوت دەردەچن. هەڵوێستی هەرلایەک ئەگەر هەلپەرستانە یان پراگمیتانە وەرگیرابێ‌و ماوەیەک بەچەک‌و پارە، پاساوی بدات... پاڵبەستۆی زەمانە زوو یان درەنگ چەوتیەکەی دەسەلمێنێ‌و دەبێتە مایەی زیانی گەورەو کاریگەر بۆ ئەو لایەی هەڵوێستەکەی وەرگرتووە. جا ئیتر لای گەورە زیانی گەورەو لای بچووکیش زیانی کچکەی وێدەکەوێ. دیاریکردنی ناکۆکیەکان لەسەر بنەما زانستی‌و پۆلێن کردنی ناکۆکیەکان بەشێوەی بابەتی‌و چلۆنایەتی هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر لایەنە ناکۆکەو کۆکەکان، ئەرکێکی چینایەتی هەرە گرنگە. ناکۆکی کچکە بە ئارەزوو دروست ناکرێ‌و ناشکرێتە هۆی بڕیاری لێبڕاو ئەگەر دروست بکرێ‌و بڕیاریشی لەسەر بدرێ لە زیان بەولاوە سوودی نابێ. تەنخرازەلا ناکۆکیە بنچینەییەکانی کۆمەڵێک ئادەمیزاد کە پێوەندیان بە چارەنووسی مرۆڤایەتیەوە هەیەو دەوڵەتە زلهێزەکانیش دیاریان بکەن ئەوەتانێ چەن ساڵەها خۆی بە ناو... ەی خەباتی شۆڕشگێڕانە بە توانای دووەمین دەوڵەتی گەورەی جیهان دەزانێ . هەزاران نووسین‌و سەدان کتێب‌و لێکۆڵینەوە لەلایەن سەدان نووسەرو ئابووری زانیانەوە لەسەر حیزب‌و دەیان ڕێکخراوو دەیان گروپ‌و سەدان هەزار تێکۆشەریش لە جیهاندا پشتیوانی لێدەکردن کەچی چی دەرکەوت؟ دەرکەوت وانییە:

- قۆناخی دیوکراسی کۆتایی هاتبێ‌و سۆسیالیزم لەسەرکەوتن‌دا بێ.
- ناکۆکی نێوان کارو سەرمایە کۆتایی نەهاتووەو کرێکاران نەبوونەتە خاوەنی دەسەڵاتی تەواوی خۆیان.
- پاشی چینەکان ماون‌و بەهێزیشن
- دیوکراسی‌و ئازادی دابین نەکراوە.
- کێشەی نەتەوایەتی ماوە.
- جیاوازی شارو لادێ زۆرە.
- نەخوێندەواری ڕیشەکێش نەکراوە.

ئەم ئەزموونە گەورەو کارنە، بەسە بۆ ئەوەی هەموو لایەکی سیاسی، بەتایبەتی چینایەتی، فێربن کە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی‌و ئایدیۆلۆژی لە جیهانی سیاسەتدا، چەند چارەنووس‌سازە. بەبێ پاراستنی سەربەخۆیی: بڕیاردان، هەڵسەنگاندن، دیاریکردنی ستراتیژو تاکتیک، بەرنامەی لایەنی کەم‌و دوور هیچ لایەک لەناو هەر میللەت‌و چینێک بێ، ناتوانێ لەژێر کاریی گەورەترین دەوڵەتدا یان بەچاولێکەری

باشترین حیزبدا بەرنامەی راستەو دروست دارێژی... ناتوانێ کێشەکانی خۆی‌و جیهان زانستیانە گەلآلە بکات. دوژاندنی سەربەخۆیی‌و چاولێکەری تیۆری، دوو دیوی یەک ناوەرۆکی زیانبەخشن، هەتا شۆڕشگێڕەکان خۆیانی لێ بارێزن کەمترین گرفتیان تووش دەبێ.'

مەسەلەی پەرستنی شەخسی (ماوتسیتۆنگ)و تەقینەوەی کێشەکانی ناو چین‌و ئەنجامە نالەبارەکانی لەسەر سۆسیالیزم لەولاوە بووستن کە ئەمانەش بەزەقی دژی بنچینەکانی مارکسیزم‌و سۆسیالیزمن. سەرئەنجامی هەمووشیان ریفۆرمیزمی چەپرەوی وردە بۆرژوازیانە بوو سالەهای سالێ بە (ئالآی سوور) و (ئەستێرەی سوور) و (تفەنگ) شاردراونەوە. لە (٣٠) سالی رابردووشدا چین نەیتوانی لە جیهانبینی چەپی (ماو)بزەوە، کرێکارانی یەک ولآتی سەرمایەداریش لە سەرانسەری جیهانداو هیچ گەلێکی داگیرکراو لە ئاسیاو ئەفریقیادا بگەیەنێتە سەرکەوتن؟ ئەو یارمەتیەی دەشیدایە هەندێک لە میللەتانی رزگاریخواز وەکو: ڤیتنام، لاوس‌و کەمبۆج... تاد. زوو هەڵوێستی لێگۆڕین‌و دووچاری شەری قورسیش لەگەڵ ڤیتنام‌دا هات. چەندین میللەتی دیکەش بە خەباتی چەکداری رزگاریان بوو کە چین خۆی بە ئالآهەڵگری دەزانێ. پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ چیندا نیەو رێبازی ئایدۆلۆژیشیان پێچەوانەی رێبازی ماویزمە (نیکاراگوا، سلڤادۆر، ئەنگۆلا) ئەگەر بە دروشم‌و لاف لێدان بایە، دەبوو ئەو بزووتنەوە چەکدارانە دۆستی حەلآلی چینەکان‌و دڵسۆزی رێبازەکەیان بان.

رشتەی شەشەم

٦- پێشینەی ریفۆرم

جێنشینی ستالین (خرۆشۆف) ئەگەرچی دوورکەوتەوە لە دیکتاتۆریەتی ستالین بەڵام نەک بەدرێژەی پێدانی لینینیزم، یان خولقێنەرانە پەرەپێدانی مارکسیزم-لینینیزم، واتە: خرۆشۆف نە ستالینی بوو نە لینینی بوو. ڕێبازێکی نوێی سیاسی-ئایدیۆلۆژی خرۆشۆف- سۆسلۆڤی* داهێنا. ئەنجامیش تێکشکا. هەرچەند دەیویست یان وەکو خۆی باسی دەکرد، مەبەستی ڕزگارکردنی سۆسیالیزمە لە ستالینیەت لەسەرانسەری جیهانداو چاککردنی سیستەمی سۆسیالیستی شورەوییە هەتا ئەو ڕادەیە لە بەرنامەی دە ساڵەدا لە بەرنامەکانی ساڵ ١٩٥٩-١٩٥٦دا بەڵێنی‌دا شورەوی بسازێنێتەوەو (کۆمۆنیزمی تەواو بهێنێتەدی‌و میللەت لەڕووی: ئابووری، سیاسی‌و عەسکەرییەوە لەو بۆچوونە هەیانە لەگەڵ ڕۆژئاوادا پێشتر بخات بەڵام هیچی ئەو بەڵێنانەی بۆ نەچۆتە سەرکەوتنی نەهێنایە دەست. بگرە وەکو شکستخواردوویەک تەختی ڕێبەرا لەژێر کێشا.

دوای ئەو برێژنێف هاتەو ئەمیش بە گوێرەی خۆی، بەرێک تاوانی خ (ستالین‌و خرۆشۆف)و بەڵێنی‌دا شورەوی لەهەموو ئاستەنگێک قورت بەتایبەتی لەباری ئابووری‌و سیاسییەوە. کەچی ئێستا بەرەسمی شورەوی تەنانەت باری ئابووری وڵاتەکە بەرەو خراپتر ڕۆیشتووەو گۆرباچۆف د

* سۆسلۆڤ: تیۆرسێنی ڕێبازی ڕیڤیژنیستی گەشەکردنی ئاسەرمایەدارییە.

میکانیزمی چەق بەستوو» ولاتی تەنیوەتەوە. سەیرتر لەوەش، ڕاوێژکاری بەرزی شورەوی (ئابل ئاڤانیگیان) کتێبێکی ئابووری بەناوی (ئابوری پرۆسترۆیکا) نووسیوەو تێیدا هاتووە کەوا: لە ساڵانی ١٩٦٦-١٩٧٠دا لەماوەی ٥ ساڵدا دەرهێندراوی میللی شورەوی ٤١٪ بووە کەچی لەوپەڕی دەسەلاتی برێژنێڤدا (١٩٨١-١٩٨٥)دا ئەو ڕێژەیە دابەزیوە بۆ ١٦.٥٪. سەیرتریش لەوە خودی ئابل ئاڤانیگیان گومانی لەو ڕێژەیە هەیەو دەڵێ ڕاستیەکەی ئەوەیە بەرهەمی میللی دابەزیوەتە ڕێژەی (سفر). واشی ڕۆشن کردۆتەوە کەوا: نرخی پێگەیشتنی دەرهێندراوی میللی لەسەرەتای دەیەکانی ١٩٧٠وە ڕوو لە خوارەوە بووەو لەناوەڕاستی ١٩٨٠دا بەکەمترین ڕادەی ڕسیووە. لەچوار خولی پێنج ساڵەی دەرهێندراوی میللی بەپێی دەستنیشانکراوی دروست، بەم پێیەی خوارەوە بووە: ١٩٦٦-١٩٧٠ لە دەوروبەری ٣٢٪، ١٩٧٠-١٩٧٥ دەروبەری ٢٣٪، ١٩٧٦-١٩٨٠ دەوروبەری ١٢٪و ١٩٨١-١٩٨٥ گەیشتۆتە ١٪. ‹٢٤›.

واتە برێژنێڤ لەپاش لێخستنی خرۆشۆڤ هەتا مردنی خۆی ئەگەرچی لافی ریفۆرمو چاککردنی ولاتی لێداوە، بەلام ڕاستیەکەیشی ئەوەیە بەرهەمی میللی بەجارێک نابووت کردووە. وەکو بارە ئابووریەکش وابووە، هەتا هاتووە بە نهێنیو ئاشکرا لەسەر حسابی ژینو ژیواری خەلک، چەکی ئەتۆمی جۆراوجۆری گرانبەهای ...ستاوەتە دەبزخانەکان.

لە کۆنگرەی بیستو حەوتەمیشدا گۆرباتشۆڤ بە ڕاشکاوی (سیاسەتی ...ست)و بە (هەلچوونی جۆراوجۆر)ی برێژنێڤی باسکردو ڕوونی کردەوە کە: ... شورەوی تووشی شکستێکی گەورە کردووە. لەڕووی سیاسیشەوە لەهەمان ...دا برێژنێڤی کردبووە بیرۆکرات، جا ڕێبەرێک ئابووری گەورەترین ولاتی ...و خۆیشی بیروکرات بووبێ، دەبارە مەحالە بتوانێ لەپاش خرۆشۆڤدا ...تە ولاتەکەیو ئازادی دابین بکاتو سۆسیالیزم پێشبخات، ڕاستیەکەی ...ڕەوی خۆیان دانی پێداە دەنێن، کەچی لە کۆنگرەی بیستو شەشەمی ...ێژنێڤ ئەو ڕاستیانە لە خۆیانو خەلکی جیهان بەم شێوەیەی خوارەوە :

.١٩٦٧...

(بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین قۆناخی حەفتاکان بە هەنگاوی گەورەی پێشخستنی وڵات هەڵبسەنگێنین*) وەکو شورەوی دووچاری ئەم ئاستەنگە کردووە، دۆستانی شورەویشی تووشی گەورەترین نوشستی سیاسی-ئایدیۆلۆژی کردووە، هەڵبەتە لە وڵاتێکی وەکو شورەویدا، تەنگو چەڵمەی پەنگ خواردووی دەیان ساڵ هەتا سەر بە زەبری هێزو پڕۆپاگەندە ناشاردرێتەوە، ئەگەر لەرووی دیپلۆماسیشەوە بشاردرێتەوە، ئەوا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەنگخواردنی تەنگوچەڵمەکان لە دەروونی خەڵکدا جۆش دەخوات‌و جۆشیش پلەی دیاریکراوی کوڵانی راپەڕینی هەیە. بۆیە دوای مردنی سازاندنەوەی کێشە

ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەکانی شورەوی بۆ گوڕ خستنەوەی گیانی خەڵک ئامانجی سیاسەتی ئەندرۆپۆف (١٩٨٢-١٩٨٤) بوو. ئەمیش لەو دوو ساڵەدا بەشێنەیی هەوڵیدا ریفۆرم بخاتە ناو دەوڵەت‌و حیزب‌و کۆمەڵ، بەبێ ئەوەی ناویشی لێبنێ شۆڕش، یان پرۆسترۆیکاو گلاسنۆست؛ کەوتە پاککردنی دیاردەی بیرۆکراتیەت، قەدەغەکردنی پلەبەپلەی مەیخۆری‌و بەدمەستی کە هێزی کارو کرێکارانی لاواز دەکرد. هەوڵیدا دیسپلین لەکارکردن‌و هاندان بۆ بەرهەمهێنان پتر بکات. ئیتر ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستە پایە بەرزەکان لێخران‌و لە دوو ساڵەی حوکمی ئەندرۆپۆف‌دا جۆری ریفۆرم‌و گۆڕان بەرچاوکەوت. بەرهەمهێنان بەرزتر لە ٣,٥ گەیشت. بەڵام نەخۆشی ئەندرۆپۆف‌ی کوشت‌و فریای پردنە سەری بەرنامەکانی نەکەوت (چێرنینکۆ ١٩٨٤-١٩٨٥) بۆ ماوەی چەند مانگێک بەگیانەڵایی رێبەرایەتی شورەوی کردو لەو چەند مانگەشدا نەک درێژەی بە سیاسەتی ئەندرۆپۆف لە ریفۆرم‌و پێشخستنی وڵاتدا نەدا بگرە هەوڵیشیدا تێکیان بداتەوەو دۆخی شورەوی بگێڕێتەوە بۆ دەورانی بیرۆکراتیەتی برێژنێف. ئەمیش مرد.

میخائیل گۆرباتشۆف (هەتا ئێستا ٥٩ ساڵە)

پاش جەنجاڵێکی کەم لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی رێبەری تازە بۆ شورەوی، هاتە سەر کاروباری حیزب‌و دەوڵەت، لەساڵی ١٨٥٢وە چووەتە رێزی حیزبی کۆمۆنیستی شورەوییەوە واتە لە ئاخرو ئۆخری ژیانی ستالین‌و ستالینیەتدا، لەهەموو کاروبارێکدا کە پێی سپێردرابێ سەرکەوتوو بووەو لە ساڵی ١٩٧٠ لە (٣٩) ساڵییەوە بووەتە یەکێک لە سەرکردەکانی شورەوی‌و کراوەتە ئەندامی

* المنار، عدد:٤١ آيار:١٩٨٨.

ئەنجومەنی بەرزی وڵاتو ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزب. کەواتە: لە دەورانی ستالیندا بۆتە حیزبیو لە گەرمەی دەورانی برێژنێڤـدا هەڵبژێردراوە بۆ ڕێبەرایەتی. هەڵبەتە دەورەی خرۆشۆڤـی لەوپەڕی چالاکیو چاپوکی ژیانی سیاسی خۆیدا بردۆتەسەر. ساڵی ١٩٧٨یش کراوەتە وەزیری کشتوکاڵ. ساڵی دوای ئەوەش ١٩٧٩-١٩٨٠ بەرزکراوە بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پولیت بورو). کورتیەکەی گۆرباتشۆڤ هیچ جۆرە لێپرساوییەتێکی لە تاوانەکانی ستالیندا نەبووەو لەدەورانی ڕاستڕەوێتی خرۆشۆڤیشدا کادرێکی ئەوتۆ نەبووە بتوانێ ڕەوت بگۆڕێ. بەرزتری قاڵبووی زەمانی برێژنێڤەو لە سێبەری سیاسەتەکانی ئەویشدا تێکەڵاوی بەرپرسیارێتی گەورەی شورەوی بووە. بۆیە قوڵتر قاڵە لەو سیاسەتانەی برێژنێڤو دەشزانێ بارو دۆخی وڵاتەکەی چۆن بووەو پێویستی بە چییە.

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکە، (پرۆستریکا و شۆڕش)و پێوەندی چاکو خراپی ئەو دوو چەمکە ئایدیۆلۆژییەی ڕۆشن بکەینەوە، واچاکە کورتەیەکیش لەسەر پرۆستریکا وەکو پێناسەو پێشەکیەک بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان، باس بکەین. پاشتر دێینە سەر ئەوەی داخوا پرۆستریکا بۆ شۆڕشو شۆڕشگێڕیتی باشە یان خراپە، بۆ ئەوەی ئەمەش هێندەی دەتوانین بابەتیانە باس بکەین، کورتە باسێکی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسی شورەوی لەسەردەمی تازە هاتنە سەرکاری گۆرباتشۆڤدا پێویستە هەتا لەناو چوارچێوەی ئەو باسانەوە تابلۆی خۆمان بنەخشێنین.

سیستەمی سیاسی دەوڵەتانی جیهان، لەسەر بنەمای ئابووری هەموو وڵاتێک ڕۆنراوە. ئابووریش دوو بەشی گرنگی هەیە: کشتوکاڵو پیشەسازی. هەردوو ئەم دوو بەشەش پێوەندیان بە خاکو کەشو ئاوو هەواو سەرزەمینی دەوڵەتانو میللەتانەوە هەیە. دیارە شورەوی چ وەکو خاکو ئاوو هەواو چ وەکو سەرزەمین یەکێکە لە دەوڵەتە زلەکانی جیهانو کەمو کورتیەکی لەم بارەوە نییە.

گۆرباتشۆڤ کە هاتۆتە سەر کاری ڕێبەرایەتی شورەوی کەوتووە بەسەر باری ئابووریو دۆخی کۆمەڵایەتی ڕێبەرایەتی پێشووی خۆی کە ئەگەر یەکێکیش بووە لە سەدان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو پاشان هی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیش. بێگومان لەناو دەریای بیرۆکراسیەتی حیزبەکەدا، توانای دەربڕینی هەڵوێستی وەکو ئێستای هەرگیز نەبووە. ئەمەش لەناو ڕژێمی وەکو شورەویدا، هەروەها لەناو ڕژێمە هاوپەیمانەکانی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، ڕاستیەکی زەقو ڕەقە کە نەک بۆ کەس

نەچۆتەسەر بگرە لەولاتێکی وەکو چیکۆسلۆڤاکیاش کە ساڵی ١٩٦٧دا دەویسترا جۆرێک لە گۆڕان و گۆڕانکاری وەکو ئێستای شورەوی بهێندرێتەدی. شورەوی بە گەورەترین دەستێوەردانی چەکدارانە ئەو کۆششە ئازادیەی سەرکوت کرد. دیارە یەکێکی وەکو گۆرباتشۆف (پێشتریش ئەندرپۆف) سیاسەتی شورەویان لەم بارەوە باش دەزانی، بەتایبەتی ئەندرپۆف لە تەقینەوەی کێشەکەی (پراگ)دا سەفیری شورەوی بووە لەوێ. خۆ لە چیکۆسلۆڤاکیادا ئەوەی دەخوازرا هاوئاهەنگی ئەوەی ئێستای شورەوی بووە هیچی‌دیکە.

کە گۆرباتشۆف هاتە سەرکارو کاروباری وڵاتی وەکو ڕێبەری یەکەمی شورەوی کەوتە دەست، کەوتە پیادەکردنی نەخشەکانی کە ڕەنگە دەمێک بووبێ بیری لێ کردبێتەوە، بەڵام نەیتوانیبێ دەری ببڕێ. کاتی هاتنە سەرکاریشی، شورەوی باری ئابووری بەم شێوەیە بووە:

پێگەیشتنی ساڵانەی ئابووری شورەوی لە ١٩٦٦-١٩٨٥

	١٩٦٦-٧٠	١٩٧٠-١٩٧٥	١٩٧٦-١٩٨٠	١٩٨٠-١٩٨٥
دەرهێندراوی میللی	٪٧.١	٪٥.١	٪٣.٨	٪٣.١
بەرهەمی پیشەسازی	٪٨.٥	٪٧.٤	٪٤.٥	٪٣.٧
بەرهەمی کشتوکاڵ	٪٣.٩	٪٢.٤	٪١.٧	٪١.١ ‹٢٥›

ساڵی ١٩٦٠ شورەوی هێندەی پێویست بە کڕینی دانەوێڵە نەبووە، کەچی ساڵی ١٩٨٥ کە گۆرباتشۆف لەسەرکار بووە، ٥٥ ملیۆن تۆن دانەوێڵە هاوردراوە (استراد). ئەمەش کاری کردۆتە باری ژیانی خەڵکەو داهاتی ساڵانەو سامانی ژیواریان. بەتایبەتی شورەوی بە حوکمی پایە ئابووری و پلە سیاسیەکەی لەمەوپێش، سەرڕای ئەو بارە ئابووریەیان بۆدجەی عسکەریان ئێجگار باڵایە. ئەمەش لەو دۆخە ئابووریەدا باری سەرشانی خەڵک سەنگین‌تر دەکات.

‹٢٥› یان دریبشایر. تحولات سیاسی در اتحاد شوروی (از برژنف تا گورباچف) ترجمه: هرمز همایون پور، چاپ اول ١٣٦٧ تهران ص:١٣٦.

گۆرباتشۆف کە هاتە سەر حوکم ئەو ڕاستیە ئابووریەی تێکڕا دەزانی... دەیشیزانی سەرچاوەی گرفتەکان لەکوێوە قوڵپ دەدەن. سەرەنجامی ئەو گرفتانەش: بیرۆکراتیەت، کەمکاری، تەمبەڵی، کەمبەرهەمی، کالای بێکەڵکو مەیخۆریو بەدمەستیش لەولاوە بووەستن. سەرباری ئەوانە نەفرەتی خەڵک لە نەبوونی دیموکراسیو ئازادی گەیشتبووە بینەقاقا. ئەوانەش تێکڕا کاریان کردبووە سەر: چینەکان، میللەتەکان، کشتوکاڵو پیشەسازی، شارستانیەتو ڕۆشنبیری... گۆرباتشۆف دڵنیا بووە کە ستەمە ئەو کێشانە هەتا سەر ڕێی تەقینەوەیان لێ بگیرێ، بگرە تەقینەوەی بێ وێنەشیان لە جۆشخواردندایە. خۆی بەم شێوەیە دان بەڕاستیەکاندا دەنێ: «دواخستنی پرۆسترۆیکا دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئایندەی نزیکدا دۆخی ناوخۆ دووچاری ڕەچاو نەکراو ببێتو بۆ ئەوەی دوور لە تێئاخنینو زیدە گۆیی بم، دەبێتە مایەی قەیرانێکی ڕاستی لە ڕووی کۆمەلایەتی، ئابووریو سیاسییەوە (٢٦).

لەبەر تەواوی ئەو ڕاستیانە، بگرە پتریش، گۆرباتشۆف بەوپەڕی ڕاشکاویو بەشێوەیەکی بێ وێنە لە مێژوودا دوو پرێنسیپی کردە پێناوی ئامانجەکانی:

- پرۆسترۆیکا
- گلاسنۆست

یەکەمین بۆ سازدانەوەی سەرلەنوێی شورەویو دووەمیشیان بۆ ئاشکرایی (العلانیە) لەناوخۆو دەرەوەدا بەکار دێت.

لێرەدا بواری هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ئەو دوو پرێنسیپە نییە، بگرە پێمانوایە ئەرکیوا کاتی باشی گەرەکە هەتا بتواندرێ هاوزەمانی هەڵچوونی شەپۆلی بێ ئەمانی ڕاستیە داپۆشراوەکان، لێکۆڵینەوەی قوڵ پێشکەش بکرێو هەمە لایەنە دیاردەی جیهانی گەورەیوا لێکبدرێتەوە.

پێوەری پێوانەی دیاردەکان، گرفتەکان، حەزی ئەمو زرنگی ئەو یان ناوبانگی هیچ کەسو لایەک نییە. بەڵکو ڕادەی خزمەتکردنی کرێکارانو سەرکەوتنی سۆسیالیزمە بەسەر سەرمایەدارە چەوسێنەرەکاندا.

---

(٢٦) میخائیل گورباچف. پراسترویکا دومین انقلاب روسیه، مترجم عبدالرحمن صدریه. چاپ سوم، تاریخ نشر ١٣٦٦.

هەر دیاردەیەک، دەرکەوتەو پرۆسەیەک، نەبێتە مایەی پێشخستنی شۆڕشی کرێکارانو ڕەخساندنی سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە جیهاندا ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی سودی سیاسیو دەسکەوتی کۆمەلایەتیو ئاسوودەی مرۆڤایەتیشی هەبێ، هەر بەقەد ئەوانە دەبێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێو لە ئەندازەی خۆیان زیاتر نەقەبڵێندرێن. ئەگەر وا نەکرا ستراتیژ دەخرێتە خزمەتی تاکتیکەوە، لەکاتێکدا دەبێ بە پێچەوانەبێ. پرۆسترۆیکایش هەر دەبێ لەناو بازنەی ئەم ڕاستییەدا بتوێژرێتەوە. ئەگەرچی لەدوای شۆڕشی ئوکتۆبەرەوە هیچ دیاردەیەکی سیاسی بە ئەندازەی پرۆسترۆیکا جیهانی نەهەژاندووە. ڕەنگە زیاتر هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پێشتر گرفتەکانی ئەزموونی سۆسیالیزم بە قەبارەی ئێستا لێدوانیان لەسەر نەکرابێو بەقەد ئێستاش مەترسیان لەسەر چارەنووسی ئەزموونەکان پەیدا نەکردبێ . پرۆسەیەکیش مەترسی ڕوونبێ هەڵبەتە زووتر بایەخی دەدرێتێ جا ئاخۆ پرۆسەکە مەترسییەکە دەڕەوێنێتەوە یان نا ؟ وەلامی ئەمەیان بەستەیە بە چارەنووسی سۆسیالیزم. سۆسیالیزمیش پێوەندی بە خەباتی لێبڕاوی کرێکارو زەحمەتکێشانەوە هەیە.

هەردیاردەیەکیش لەناو پێویستییە چینایەتیەکانی کرێکارانەوە هەڵنەقوڵێو نەبێتە ئامرازی ڕاستەقینەی دەستیان لەپێناوی سۆسیالیزم، ڕەنگە لەبوارەکانی دیکەدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، بەلام نابێتە دەستکەوتێکی سۆسیالیستی زانستی. دەشێ بگوترێ: دەستکەوتێکی گرنگی پرۆسترۆیکا پێش ئەوەی دوا حوکمی لەسەر بدرێ، ئاوەڵەکردنی دەروازەی دیموکراسەتە. بەشێوەیەکی گشتیش، دیموکراسیەت بە چەمکە گشتیەکەی زۆر باشترە لە ژیانی بیرۆکراتیو سانسۆری سیاسیو پێشێلکردنی ئازادی. پێشتریش کورتیەک سەبارەت بە بیروکراتیەتی سەردەمی برێژنێفو زیانە جۆراو جۆرەکانی باسکراوە. چەمکی گشتی دیموکراسی زۆر باشترە لە بیرۆکراتیەتو نەبوونی ئازادی*.

---

* هەتا نووسینی بەرگی یەکەمی کتێبەکە باوەڕم بە دیموکراتی شۆڕشگێڕ هەبوو، بەلام نەک دیموکراتی شۆڕشگێڕی گەشە کردنی ناسەرمایەداری. ئێستا پێموایە دیموکراسی هەر یەک دیموکراسییە، بەلام پێویستە کرێکارانو زەحمەتکێشان خەبات لەپێناوی بەدیهێنانی سەرجەم ئەرکەکانی دیموکراسیدا بکەن چونکە بۆرژوای ولاتانی ژێردەستە ئەو ئەرکانەی پێ نایەتەدی.

گرفتێکی هەرە گەورەی شورەوی‌و چین‌و دەوڵەتانی مانەندی هاوپەیمانیان، دەگەرێتەوە بۆ پێرەو نەکردنی سیاسەتی دیموکراتی‌و بەدینەهێنانی تەواوی ئەرکەکانی قۆناخی دیموکراتیەت. پشت بەوە بەستراوە مادام دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوەیە، ئیدی دەکرێ سۆسالیزمیش بهێندرێتەدی، ئەمە بۆخۆی لادانێکی ترسناکە لەرێبازی دیموکراسی‌و رەچاونەکردنی پێویستنتە ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیری‌و سایکۆلۆژیە دیموکراتیەکانی خەڵکە. ئەنجامەکشی دیارە تا چەند سۆسیالیزم سەرخراوە!

ئەگەر لەچوارچێوەی دیموکراسی گشتیشدا سەیری پرۆسترۆیکا بکری‌و هەریەکێک خۆی بخاتە شوێنی کرێکاران‌و گەلانی شورەوی، هەموو یەکێک ژیانی لە سێبەری رژێمێکی بیرۆکرات‌و پێشێلکەری ئازادییەی دەورانی برێژنێڤ‌و رێبەرانی پێش ئەویش بدۆزرێتەوە. بچێتە هەست‌و نستی خەڵکەکەوە، هەژاری‌و کەم دەستی خەڵکەکە لە یەکێک لە دەوڵەمەندترین ولاتی سەرزەمین بخاتە بەرچاو ئەوسا دەتوانێ بزانێ دیاردەیەکی وەکو پرۆسترۆیکا قازانجی بۆ سەدان ملیۆن مرۆڤ هەیە. هیچ نەبێ باری ژیانی خەڵک‌و دۆخی سیاسی باشتر کردوون. مارکس‌و ئەنگلس‌و لینین، پشتگیری سیاسی دیموکراسی پێوەندیەکانی سەرمایەداری‌و ناردنی شارستانیەتی سەرمایەداریان بۆ ولاتانی دواکەوتوو کردووە. تا خەڵکەکە لەژیانی سەدەکانی ناوەراست‌و کۆنەپەرستی رزگاریان بێ. پێوەندی سەرمایەداریان بۆ نەهێشتنی دەرەبەگایەتی بە پرۆسەیەکی شۆرشگێرانە دەزانی. گریمان پرۆسترۆیکا لەسەردەمێکی گۆردراودا، بۆ کرێکاران‌و گەلانی شورەوی هەروەها بۆ دەوڵەتانی مانەندی شورەوی هەمان کاری سیاسی دژی بیروکراتیەت‌و نەبوونی ئازادی ئەنجام بدات. لەبەر ئەمەش بێ پێویستە پێشکەوتنخوازە راستەقینەکان پرۆسترۆیکا و گلاسنۆستی پێ لە بیرۆکراتیەت‌و نەبوونی ئازادی باشتر بێت. پرۆسترۆیکا بۆتە مایەی دەرکەوتنی جۆرەها راستی گەورە لەسەر:

- کێشەی لەرەگەوە چارەسەر نەکراوی (١٢٦) میللەت‌و کەمینەی نەتەوایەتی.
- ئاشکراکردنی نەبوونی دیموکراسی‌و ئازادی.
- نزمی ئاستی تەکنۆلۆژیا.
- نزمی پێویستی پزیشکی.
- قەیرانی ئابوری شورەوی‌و هاوپەیمانەکانی.
- بایەخ نەدانی پێویست بە ئەدەب‌و هونەر.

- هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی چین‌و شورەوی‌و کشانەوە لە ئەفغانستان‌و دان‌نان بە هەڵەکەی کۆششی کۆتایی‌هێنان بەشەڕو شۆڕشی کەمبۆج‌و ڤێتنامیەکان‌و... تاد.

دەرکەوتنی ئەو ڕاستیانە کە ئێستا کەوتوونەتە ئارای بیرو ڕای جیاوازی قوڵ، خزمەتێکی کەم وێنەیەو هەر سەرئەنجامی دەرکەوتنی ئەو ڕاستیانەو مشتومڕ لەسەر کردنیان لەپاشەڕۆژدا دەتواندرێ ڕاستیەکان بە کۆبەندی گەلاڵە بکرێن‌و بخرێنەوە بەردەم خەڵکی جیهان. هەڵبەتە ئەو خەڵکەش لەبارى بۆچوونی چینایەتی جیاوازەوە سود لەو ڕاستیە گەلاڵە کراوانە وەردەگرن‌و هەر چینێکیش لەپێناوی ئامانجی چینایەتی خۆیدا بەکاری دەهێنێ. هەروەها بۆ خەباتی میللەتانی ژێردەستە، ڕزگاری تەواوی سیاسی‌و ئابووریانە بە ڕێبازی دیموکراسی کە دەستەبەری تەواوکردنی ئەرکەکانی قۆناخی دیموکراسی بێ بەرەو سۆسیالیزمی زانستیش بیگوێزێتەوە.

٦/١- پرۆسترۆیکاو شۆڕشگێڕێتی

پرۆسترۆیکا وەکو کراوەتە دیاردەیەکی جیهانگیر، بێگومان یەکێک لەو ڕووداوانەی دەبگرێتەوە، شۆڕشە، بە حوکمی ئەوەش شورەوی یەکێکە لە دوو زلهێزەکەی جیهان، پرۆسترۆیکاش ئەمڕۆ ستراتیژی هەرە گرنگی دەوڵەتەکەیە، کەواتە: لەبەر ڕۆشنایی پرۆسترۆیکا دەبێ شۆڕشگێڕانی جیهان دەست بە ئەڵقەی پێوەندی شۆڕش‌و سیاسەتی شورەوییەوە بگرن، نەک لەخۆیانەوە خەمڵ لێبدەن.

بێگومان ئەمڕۆ لە جیهاندا جگەلە کرێکارانی دەوڵەتانی سەرمایەداری کە ئەگەرچی خەباتی چینایەتیان خامۆشکراوە، بەڵام ئایندەی ژیانیان بەستراوە بە سۆسیالیزمەوە، کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی نەتەوە سەردەست‌و نەتەوە ژێردەستەکانی ولاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزمیش کە خەباتی چینایەتی‌و دیموکراسیان گەرمە لەناو بازنەی سیاسەتی نێو نەتەوایەتی‌دا، بگرە لەڕووی سیاسیەوە ئەمڕۆ خەباتەکەیان کلپەی سەرەکی سەندووە. بۆیە ئەگەر پرۆسترۆیکا بۆ کرێکارانی ولاتانی سەرمایەداری کە لەپاشەڕۆژدا خەباتەکەیان هەر دەگەشێتەوە، باسی ئایندە بێ یان ئێستا لەڕووی تیۆرییەوە مایەی باس‌و لە داهاتووشدا ڕووبەڕووی کاری شۆڕشگێڕانەیان بێ، ئەوا بۆ نەتەوە سەردەست‌و ژێردەستەکان هەریەکە بەجۆرێکی جیاواز، ڕاستەوخۆ لەم هەلومەرجەدا ڕووبەڕووی تیۆری‌و پراکتیکی پرۆسترۆیکا دەبنەوە. هەڵبەتە نەتەوە ژێردەستەکان دۆخی سیاسیان لە نەتەوە سەردەستەکانیش

خراپتره. چونکه مەترسی نەمان هەرەشەیان لێدەکات. لەوانە بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی وەکو کوردن. هەروەها میللەتانی ژێردەستەی دیکەیش.

پێشتر ڕۆشنمان کردۆتەوە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانەوە کە ستالین گوایە مەرامەکانی لە ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا هێنایەدی، دروشمی دۆستایەتی هەمیشەیی لەتەک سەرمایەدارانی جیهاندا بەرزکردەوەو دوای ئەمیش خرۆشۆف بە خەستی لەڕێی هاوژینی ئاشتیانەی هەمیشەیی‌و گشەکردنی ناسەرمایەداری‌و کۆمەڵێ بیرو ڕای ڕێڤیژنیستانەوە، خراپتریش درۆی‌دایەو ئەمە لەسەردەمی برێژنیڤ‌و هاوڕێکانی دوای ئەویش نەگۆڕا، زۆری ئەو تیزانەش ئیمپریالیزم قازانجی گەورەی لێکردن‌و ڕژێمە بۆرژوا دواکەوتووەکانیش پێیان قەڵەو بوون‌و کرێکاران‌و گەلانیش، بەتایبەتی لە وڵاتە ژێردەستەکاندا کە دەویسترا لەڕێی " دیموکراسی شۆڕشگێڕەوە " ئاراستەی سۆسیالیزم بکرێن، زیانی مێژوویان وێکەوت: داخۆ ئەو زیانانە، یان بابڵێین ئەو هەڵە تیۆریە زیانبەخشانە لە کاتی پرۆسترۆیکادا چارەسەرکراوون‌و بە گیانێکی هاوچەرخانە لەپەرەپێدانی ئینتەرناسیۆنالیزم‌و پشتگیری‌کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ژێردەستەدا، پێرەوی پرۆسترۆیکانەی لێدەکرێ یان نا ؟ دەبا وەڵامێکی ئەمە بدەینەوە:

هەروەکو چۆن لە فەلسەفەی ماتریالیزمی دیالێکتیکدا هیچ جۆرە سازانێکی فەلسەفی لەنێوان میتافیزیکیزم‌و دیالێکتیک، هەروەها ئایدیالیزم‌و ماتریالیزم‌دا نییەو نابێ، ئاوەهاش هەرگیز ناشێ لە یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا، جۆرە سازێنکی هەمیشەیی لەنێوان کرێکاران‌و سەرمایەداردا ئیمپریالیزم‌و میللەتانی ژێردەستەدا بهێندرێ، چونکە ئەگەر سازانی وا ئێستا یان لە پاشەڕۆژدا بخولقێندرێ‌و زانستیانەش بسەلمێندرێ، ئەوکاتە بێ دوو دڵی پێویستە هەموو هۆشیارێک کە باوەڕی بە فەلسەفەی زانستی هەیە، بە فەلسەفەکەدا بچێتەوەو بگەڕێ بۆ سیستەمی فەلسەفی زانستی نوێی ژیان. چونکە بنچینەی فەلسەفەی مارکیزم لەسەر دژایەتی‌کردنی شۆڕشگێرانەی ئەو چەشنە سازانە هەمیشەییە داڕێژراوەو جەمسەری ناکۆکیەکانیش لە ڕووی پرینسیپەوە تێکەڵاو کردن هەڵناگرن. ئەوەی مەبەستە پێوەندی سۆسیالیزم‌و سەرمایەدارییە لە لایەک‌و لەلایەکی دیکەشەوە پێوەندی ئەمانیشە بە شۆڕشی ڕزگاری گەلانەوە.

ئەم بۆچوونانە لەسەر ڕووداوی ڕاگوزەر یان دیاردەیەکی کاتی ڕۆنەندراوە هەتا بگوترێ پاشگوزەری ڕووداوەکەو نەمانی دیاردەکاتیەکە، بۆچوونەکەشی بەتاڵ

دەبێ. بۆچوونی وا لەسەر ناکۆکی بنچینەیی نێوان کارو سەرمایە، کرێکارو سەرمایەدار، کرۆکە بنچینەی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا دژی سەرمایەدار، کە هەتا ئەو ناکۆکیە بمێنێ، بۆچوونەکانیش دەمێنن، ئەگەر بەپێی هەلومەرجی گۆڕدراویش گەشەپێبدرێن، گەشەکردنەکە ناکرێ لە سنووری لۆژیکی بۆچوونەکانیان بترازێن یان بۆچوونەکان لە ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەوە بگۆڕدرێن بە ڕواڵەتێکی ریفۆرمیستانە.

ئاشکرایە کە سیستەمی سەرمایەداری لەم زەمانەیەدا لە کۆن پتر زاڵە، پێشەنگی سەرمایەدارانی جیهانیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. واتە مادام ناکۆکی بنچینەیی لەنێوان کارو سەرمایەدا ماوە، کەواتە دوژمنی بنچینەیی کرێکاران و گەلانی ژێردەستە سەرمایەدارەکانن بەسەرکردایەتی ئەمریکا. هەر ئەمانیش تەواوی توانای عەسکەری، ئابووری، سیاسی و ڕاگەیاندن و پرۆپاگەندەیان بۆ دژایەتیکردنی سۆسیالیزم و بیری شۆڕشگێڕانە دەخەنە کارو بەردەوام لەکاردان. بەم پێوانەشە بێ ئەگەر پرۆسترۆیکا لەپێناوی پاراستنی سۆسیالیزم و سەرخستنی سۆسیالیزمە بێ لە تەواوی جیهاندا دەبێ لەبیری پەرەپێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و گەلاندا بێ دژی ئەمریکاو دەوڵەتانی هاوسیستەمی سەرمایەداری ئەمریکا. جا بۆ ئەوەی ئەمە بە ڕوونی ڕوونبکەینەوە وا پێویستە لە ڕوانگەی ستراتیژی پرۆسترۆیکاوە بڕوانینە هەڵوێستی پرۆسترۆیکا لەسەر خەباتی کرێکاران و گەلان.

سەراپای کتێبی پرۆسترۆیکا لە دەوری ئەو ڕاستیە نووسراوە کەوا: کێشەی ناوەندی جیهان چیدیکە خەباتی چینایەتی کرێکاران و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلان نییە بەڵکو (کێشەی ناوەندی ئەمڕەمەی جیهان) داماڵینی چەک و تێکرپێکدانی دەبۆی چەکە ئەتۆمیەکانە. هەموو کێشەکانی دی، دەخرێنە خزمەتی ئەو کێشە ناوەندییەوە. جابا سۆسیالیزم، یا شۆڕشی ڕزگاری گەلانیش بێ‌ا بۆ ئەمەش لەسەر بەرژەوەندی ئەمریکاو شورەوی و ئەوروپای ڕۆژئاواو ناوچەکانی: ئەمریکای لاتین، ئەمریکای ناوەندی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەدووررو درێژی باسکراوەو لە هەموو ئەو ناوچانەشدا، گۆرباتشۆف، ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی سەرمایەداری گەورەو تەنانەت ئیسرائیلیش بەوپەڕی ڕاشکاوی دڵنیا دەکات کەوا شورەوی بە بچووکترین مەترسی لەسەر خۆیان نەزانن. بەمەش ئەرکی ئینتەرناسیۆنالیزم وەکو خەباتی ناوکۆیی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران پێشێلکراوە.

لەبەر ئەوەی ئەم ڕاستیە پەیوەستە بە (پرۆسترۆیکاو شۆڕش)ەوە، لە زمانی خودی گۆرباتشۆڤەوە، ئاماژە بە گوتەی دەکەین. لە کتێبی پرۆسترۆیکادا ڕاپەنکردنی بەرژەوەندی ئەمریکاو ئەورووپا، لە ڕۆژهەلاتی نزیک، ئاسیا، ئەمریکای لاتین‌و تەواوی ناوچەکانی جیهانی سێیەم، لەوانە ئەفریقیای باشوریش بەم شێوەیە دەدوێ: «لەو هەلە زۆرانەی هەڵکەوتەن ڕووغان کردۆتەوە کە ئێمە دوای هیچ ئامانجێک لەسەر بنەمای زیان پێگەیاندنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ناکەوین. دەزانین ڕۆژهەلاتی نزیک، ئاسیا، ئەمریکای لاتین‌و تەواوی ناوچەکانی جیهانی سێیەم لەوانە ئەفریقیای باشور بۆ ئابووری ئەمریکاو ئەورووپا چ بایەخێکی هەیە. بەتایبەتی هەتا ئەو شوێنەی پێوەندی بە کەرەستەی خاوەوە هەبە، ئاشوب‌نانەوە لەم پێوەندییەدا دوایین شتێکە ئێمە خوازیاری بین. وەها تێڕوانینێکمان نییە کە پێوەندی ئابووری بەرامبەری لە مێژوودا ڕەوتی گرتووە، تێک بدەین ‹٢٧›».

دەبێ بڵێین: لەڕاستیدا ئەمریکاو ئەورووپا بەدرێژایی مێژوو هەردەم تەنیا ئەمەیان ویستووەو هیچی دیکە. بەشەر بووبێ یان بە تکا، ئەو سیاسەتەیان سەپاندووە.

٢/٦- ڕووکارو ناوەڕۆک

لە (ڕووکاردا)... سیاسەتی هاوژینی ئاشتیانە لە جیهاندا بگیرێتەبەرو لە (ناوەڕۆک)یشدا پەرەپێدانی نەخشەی خۆبرچەک کردنی جیهان وێرانکەر پێڕەو بکرێ، سیاسەتی وای ناکۆک ترسناکە. لەبەر ئەوەی ئەم (ڕووکارو ناوەڕۆکە) دژبەیەکەی سیاسەتی لەمەوپێشی شوورەوی کاری کردۆتە سەرناوخۆو دەرەوەی شوورەوی، هەروەها پێوەندیشی بە خەباتی چەکداری‌و باری تەکنۆلۆژیای جەنگیشەوە هەیە هەندێ ڕاستی لەمەڕ توانای ئەتۆمی‌و چەکی هەمەچەشن‌و ڕادەی فرۆشتنی چەک‌و بازرگانی چەکیش باسدەکەین، پێشوەختیش دەڵێین:

تەکنۆلۆژیای جەنگ‌و ڕادەی جەنگین تەنیا بەستەنین بە توانستی پیشەسازی جەنگ‌و بەرزترکردنی دینەماکیەتی لەشکرکێشی دەوڵەتانەوە، بەتایبەتی سەبارەت بە دەوڵەتە زلهێزەکان بەڵکو ئەمانە پێوەندیان بە باری کۆمەلایەتی‌و سیاسەتی نێو دەوڵەتانیشەوە هەیە. لەوانە چۆنیەتی خەباتی چەکدارانەی درێژخایەن لە جیهاندا. هەمیشە لە مێژوودا ستراتیژی جەنگ تەنیا پێوەندی بە جەنگەوە

‹٢٧› هەمان سەرچاوەی پێشو، ل: ٣٤٥.

نەبووە بەڵکو بەشێوەی جۆراوجۆر کاردەکاتە سەر سایکۆلۆژی میللەتانیش بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی موشەکی سەرەئەتۆمهەڵگر لە چوار دەوری ئۆرووپادا* تەنیا بۆ جەنگو مەترسیەکانی جەنگی ئەتۆم نین، بەڵکە ئەمریکاو شورەوی لەگەرمەی جەنگی ساردو جەنگی سایکۆلۆژی نێوانیاندا لەڕێگای بڵاوکردنەوەی موشەکە سەرەئەتۆمەکانیانەوە، مەبەستیانە دۆخێکی سایکۆلۆژی-کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بڕەخسێنن کە بتوانن جەنگی پڕۆپاگەندەی سیاسی نێوانیان ببەنەوە.

ئینجا... پاش ئەوەی لەپاش کۆنگرەی بیستی حیزبی کۆمۆنیستی شورەویەوە ١٩٥٦ باسی هاوژینی ئاشتیانەو نەهێشتنی بۆبەڕۆبی چەکو نەمانی چەکی ئەتۆم دەکرێ... کەچی دەبینین هەتا ساڵی ١٩٨٢ بەپێی سەرژمێری ئەنستیتۆی ستراتیژی لەندەن سەرژمێری چەکی ئەتۆم لەم خشتەیەدا کۆبۆتەوە:

	ولاتەیەککرتووەکانی ئەمریکا	شورەوی
موشەکی کیشوەر	١.٥٢	١٣٩٨
تیپەڕی سەرەئەتۆم	٢١٥٢	٥٢٢.
موشەکی ستراتیژی بالتیک	٥٢.	٩٦٩
دەریا ـزەمین	لە ٣٦ژێر دەریایی ئەتۆمی ٤٧٦٨	لە .٨ ژێردەریای ئەتۆمی ١٧٥٢
موشەکی ستراتیژی مەودای ناوەڕاست		٧٤.
زەمین ـزەمین	١	.٨٪ ئەمانە لە ڕۆژئاوای ئۆڕال جێگیرکراوە
فرۆکەی بۆمب هاوێژی ستراتیژی	٢٧٦ ٢١٦دانەیان دوورەفڕن	١٥. ٥.١دانەیان دوورەفڕن.

---

* SS20 کە هەر سەرە ئەتۆمێکی .١٥ کیلۆ تەن ماوەی وێرانکەری ئەتۆمی هەیەو .٢٧. میلیش دەڕوا. شورەوی ..٣دانەی هەیە. بەپێی بۆچوونی پسپۆڕان، تەنیا .١٥ دانەیان سیستەمی بەرگری پەیمانی ئەتلانتیکی باکوری لە ئۆرووپادا تێکوپێک دەدا.

موشەکی پرشینگ۲و موشەکی زەمین-زەمین G.L.C.M بڕیارە کە دەوڵەتانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ئینگلستان، ئیتالیا، بەلژیکو هۆلاندا دابمەزرێندرێ. هاوشانی ئەمانەش لەدەریادا ئەم پاپۆڕە زەبەلاحانەش باری چەکی ئەتۆم کراون:

	پەیمانی ئەتلانتیک	پەیمانی وارشۆ
ژێر دەریا ئەتۆمیەکان	۹۰	۹۹
پاپۆڕە جەنگیەکان بەتەن	*۲.۸۵	۲.۶۸۵
پاپۆڕی فڕۆکەبەر	۱۸	٤
پاپۆڕی پتر لە ۲۰۰۰تۆن	۲٤۸	۱۳۹
پاپۆڕی پیادەکردنی سەرباز	۷۵۹ *	۱٤۱ *
هێزی ئاسمان-دەریا	۲٦۰۰	۷۵۰

سەرەڕای ئەوانە، هێزی عەسکەری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای جێگیر لە ئۆروپا(۱۹۸۲) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

پەیمانی ئەتلانتیکی باکوور، هێزی ئەمریکایی جێگیر لە ئۆروپا

- کەس: ۲۲٪ ملیۆن کە ۷۰٪ ملیۆن لە ئەڵمانیادا جێگیرە.
- تانک: دەورووبەری ۱۰۰۰.
- فڕۆکەی جەنگین: پتر لە ۸۰۰.
- ناوگانی شەشەم(دەریای سپی ناوەڕاست).

هێزی دەوڵەتانی ئۆروپا:
- کەس: ۲.۲ ملیۆن.
- تانک: ۱٦۰۰۰
- فڕۆکەی جەنگین: دەورووبەری ۳۷۰۰.

پاپۆڕی گەورەی جەنگین: ۲٦۰، ژێردەریایی ۱٤۳.

* بە ملیۆن تۆن.

پەیمانی وارشۆ هێزی عەسکەری روسیەی شورەوی جێگیر لە ئوروپادا*.

- کەس: ٥١٪ ملیۆن (٣٨٪ جێگیر لە ئەڵمانیای رۆژهەلات)
- تانک: ١٠,٠٠٠)(٧٠٠٠ جێگیر لە چیکۆسلۆڤاکیاو ئەڵمانیای رۆژهەلات)
- فرۆکەی جەنگین: دەوروبەری ٢٠٠٠ (٩٠٠ لە ئەڵمانیای رۆژهەلات)
- ناوگانی دەریای سپی (ناوگانی دەریای رەش)
- ناوگانی بالتیک.

دەوڵەتانی ئوروپای رۆژهەلات

- کەس: ٨٥٪ ملیۆن.
- تانک: دوروبەری ١٤٥٠٠
- فرۆکەی جەنگین : دەوروبەری ٢٢٥٠.
- دەوروبەری ١٠ پاپۆری گەورەی جەنگین، ٦ ژێردەریایی‹٢٨›.

ئەو سەرژمێرانە بەڵگەی رۆتی بەدینەهێنانی دروشمی هاوژینی ئاشتیانەی هەمیشەیی‌و نەهێشتنی مەترسیەکانی چەکی ئەتۆم‌و جەنگە. هۆی هەرە گرنگی نەهاتنەدی ئەو دروشمە دەگەرێتەوە بۆ سروشتی داگیرکەرانەی نوێی ئیمپریالیزم کە بەبێ چەک‌و بازاری چەک فرۆشتن، مۆنۆپۆلەکانی ئۆقرەی ئابووری ناگرن. پاش ئەمەش سیاسەتی شورەوی لەچۆنیەتی بەرخوردکردن لەسەر ئەو سروشتەی ئیمپریالیزم هۆی مانەوەی بەهێزی ئیمپریالیزم‌و نەتەقینەوەی قەیران‌و گرفتە جۆراوجۆرەکانیتی.

گۆرباتشۆف... هەموو ئەو راستیانەی دەزانی‌و زیانی ئەو لە (رووکار)دا، دڵسۆزی بۆ ئاشتی‌و لە (ناوەرۆک)دا، خۆپرچەک کردنی جەنگیەی هەتا مۆخی دۆخی شورەوی‌و هاوپەیمانەکانی دەرک کردبوو. بۆیە لێبراوانە لەرێی پرۆسترۆیکاو

---

* هێزی جێگیر لە نزیک ئەوروپادا: بەبێ هێزی روسیەی شورەوی جێگیر لەبەشی ئەوروپا، روسیاو قەفقازیش بەهێزی سەرەوە بەبەسترێتەوە: ٦٩ لەشکر، ٣٦ لەشکری زرێپۆش.

‹٢٨› ژار شالیان ـ ژان پیراژو. اطلس استراتیژیک جهان، ترجمه: د. ابراهیم جعفری. انتشارات اطلاعات، تهران ١٣٦٦ ص: ٢٠٤ و٢١٢.

گلاسنۆستەوە پەردەی لەسەر ڕاستیەکان لاداو هەموو گرفتە شاردراوەکانی: ئابوری، کۆمەڵایەتی‌و عەسکەری دەرخست.

ئەندیشەمەندو ڕۆشنبیرو شۆڕشگێرانی جیهان، کەوتوونەتە بەردەم هەڵێکی مێژوویی ئەوتۆ وێنەی لەمەڕ دەرخستن‌و دەرکەوتنی ڕاستیەکان نیە: کاروانی شێوێندراوی شارستانیەتی ئادەمیزاد ئێستا داوای وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکانی سەدەی بیستەم دەکات. ئەو پرسیارانەی بەجۆرەها درۆوەدەلەسە وەڵامدراونەتەوەو ڕاستیەکان لە خەڵک چەواشە کراون. سەدەی بیستەم لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، ژانگرتووی دوو درۆیە: درۆی لاف‌لێدانی دیموکراسی سەرمایەداران‌و سۆسیالیزمی ڕێفیۆزینستەکان. هەردوو درۆکان، گاڵەو گاڵتەیان بە مرۆڤایەتی کردووە: چەوساندویانە، خواردویانە، بردویانە، بڕیویانە، دزیویانەو کوشتویانەو بە کوشتیان‌داوە. هەمووشی لەژێر پەردەی ئازادی درۆزنانەو سۆسیالیزمی چەواشەدا. تەواوی ئەو تاوانانەش لەم دوو سێ ساڵەدا، لە سێبەری پرۆسترۆیکاو گلاسنۆس‌دا دەرخران. دەرخستنی ئەو تاوانانەش خزمەتێکی گەورەیە.

ئەگەر سەرنج‌بدرێتە ئەم ژمارانە، دەزانرێ جیهان چۆن گیرۆدەی ئەو دوو درۆیە کراوەو هەتا ئێستاش لەژێرپەردەی (ئازادی‌و سۆسیالیستی)دا شاردراوونەوە. ساڵی ١٩٨٦ پتر لە ١٠٠٠ ملیارد دۆلار لەسەر بودجەی عەسکەری خەرج کراوە. هەڵبەتە بودجەیەکی خەیاڵیە! کە ئەم بودجەیە ورد دەکرێتەوە دەبینین لە هەموو دەقیقەیەکدا ڕۆژانە دەورووبەری دوو ملیۆن دۆلار خەرجی ئابووری عەسکەریە. ئەمە لەکاتێکدا هەتا هەمان ساڵی ناوبراو، لە هەر دەقیقەیەکدا ٣٠ منداڵ لەبەر برسێتی‌و نەبوونی ئاوی پاکژ یان لەبەر بایەخ پێنەدانی تەندروستی، گیان دەسپێرنە دوو درۆکەی سەردەمی جەنگی.سارد، سەرجەمیش ١٥ ملیۆن لە ساڵێک‌و ٤١٠٠٠ هەزار منداڵ لە ڕۆژێک‌و ٢٨ کەسیش لە دەقیقەیەکدا دەمرن*.

* جهان مسلح، جهان گرسنه. ل:١١١. ویلی برانت.

شیاوی باسیشە ئەگەر گۆرباتشۆف بتوانێ هاوشانی نەهێشتنی بیرۆکراتیەت لەرێی پرۆسترۆیکاوە، باری سەنگینی ئەم برسێتیەش لەرێی گلاسنۆستەوە کەمتر بکاتەوە، دەسکەوتێکی دیکە بۆ تیزە داهێندراوەکەی تۆمار دەکات؛ لەم بارەیشەوە لەچاوی مرۆڤایەتیەوە سەیرکردنی ژینی برسیەکانی جیهان، بۆ هەموو شۆڕشگێڕێک پێویستە. ئاکرێ تیزی وشکو برینگ بخرێتە سەر ویستی هەلومەرجی ئەو برسیو بێسامانانە. گونجاندنی ریفۆرمی دۆخی ئەو خەڵکە لەگەڵ رێبازی شۆڕشگێڕانە ئەرکێکی مرۆڤایەتی گەورەیە. بۆ ئەمەش پشتگیریکردنی ریفۆرمیش کارێکی مرۆیی پێویستە لە خزمەتی ستراتیژدا. هەڵبەتە سەرکەوتن بۆ گۆرباتشۆڤیش لەم بارەوە پەیوەستە بە رادەی داماڵینی چەکە سەنگینەکانو داروخانی دەبۆی چەکە ئەتۆمیەکان. سەرقاڵیو سووری ئەمریکا لەسەر دروستکردنی چەکی لیزەری جەنگی ئەستێرەکان، لەمکاتەدا کە گۆرباتشۆف قورسایی خۆیو شورەوی بۆ لەناوبردنی بۆربۆرینی چەک بەکارهێناوە تەنانەت بە ئاشکرا دەستی لەگەڵێک پرنسیپ هەڵگرتووە. نیشانەی سەرنەکەوتنی سیاسەتی جیهانی بێچەکو نەهێشتنی چەکو مەترسی جەنگی ئەتۆمییە. هەربۆیە ئەو ریفۆرمەی پێویستیشە بۆ چاککردنی ژیواری هەژارە برسییەکان، ئەگەر تەنیا لەهازنەی تەسکی ریفۆرمیستیەتدا بمێنێتەوە برسێتی لە سکی سەدان ملیۆن برسیدا کەم ناکات. چونکە ئیمپریالیزم هەر ئیمپریالیزمەو بۆچارەسەرکردنی ریشەییانەی کێشەکان، تاقە ئامراز شۆڕشە، ریفۆرمیش دەبێ لە خزمەت شۆڕشدا بێتو جۆگەلەیەک بێ لە دەریای شۆڕش. نەک رێگر بێ لە هەڵگیرساندنی شۆڕش.

ئەمرۆش کە ئیمپریالیزم بە دەنگ گۆرباتشۆفو رووداوە تازەکانەوە دێت، دیارە مەبەستیان چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ئەزموونی سۆسیالیزم نیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، قۆزتنەوەو تێکشکاندنی گرفتی ئایدیۆلۆژیەتی سۆسیالیزمی زانستیە. بگرە رێبازی سۆسیالیزمی زانستیو بێ بایەخکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی کرێکارانو زەحمەتکێشانە. ئەم ناهووتکردنەی سۆسیالیزمو بێبایەخکردنی خەباتی چینایەتیش چەند لە مێشکی خەڵک بچەسپێ، هێندە چەوسانەوەی چینایەتیو رووتکردنی

هەزاران درێژە دەکێشی. بەپێچەوانەشەوە چەند بیروڕای شۆڕشگێڕانە پەرەبسەنێ بۆرژواکان لە حەژمەتدا ریفۆرم زیاد دەکەن‌و لەترسی شۆڕش ژیواری خەڵک بەرزتر دەکەن. بەرەبەرەش ئەگەر بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە ئاوێتەی تاکتیکی ریفۆرم کراو چەسپا، سەرکەوتنیش نزیک دەکەوێتەوە. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ڕێبازی شۆڕشگێڕێتی فەرامۆش‌کراو ریفۆرم کرایە پێناوی ڕاستەقینەی خەڵک، ئەوکاتە ڕژێمە بۆرژواکان مەترسیان کەمتر دەبێ‌و دەسکەوتی کۆمەلایەتیش کەمتر دەدەن.

ڕەنگە لەڕووی ئابورییەوە هەتا ئێستاش هەردوولا چونیەک یان کەمترو پتر قازانج لەم هەلومەرجە سیاسیە-ئابوریە هاوژینە هەمیشەییەی نێوانیان بکەن. بەلام لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بێگومان فەلسەفەی سەرمایەداری قازانجی لێدەکەن. هەربۆیە لەڕووی ئابوورییەوە پێوەندییەکە دەبەستن. بەستنی پێوەندی ئابوری پتەو لەنێوان شورەوی‌و هاوپەیمانەکانی‌و ڕۆژئاوادا لەڕووی بابەتیەوە خەباتی کرێکاران خامۆش‌و شۆڕشی گەلان دادەموکێنێ. سەرنەکەوتن یان دواخستنی سەرکەوتنی کرێکاران‌و گەلانیش، لەولاتێک‌و دووان‌و چەند ولاتێکدا بۆ ئیمپریالیزم لەڕووی ستراتیژەوە گەلێ، گەلێ زۆرە.

دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی ئابووری ئەم دوو ولاتە زلە تەنیا بەپاراستنی سیاسەتەکانیان دەبێ لەسەر ئاستی جیهان. جیهانی ئێستاش سەردەمی سەرکەوتنی سۆسیالیزم‌و ژێرکەوتنی ئیمپریالیزم نەما. کێبڕکێی نێوان کامپی سۆسیالیستی‌و ئیمپریالیستی نیە سۆسیالیزم لەپاشەکشەدایەو ئەو کامپەی پەنجا ساڵ زیاترە دەویسترا بەناوی کامپی سۆسیالیستیەوە بچەسپێندرێ: نەماوە! جیهان خەباتی چینایەتی کرێکارانی کزو لاوازە. ئاخرو ئۆخری شۆڕشی درێژخایەنیش لە گۆشەو کەناری جیهاندا، بەلاوازی ماون. ئیمپریالیزم‌و بەرژەوەندی سەرمایەداران زاڵە. ڕژێمە بۆرژوا ژێردەستەکانیش ڕاگیراون‌و هەرکاتێ گرفتەکانیشیان نزیکی تەقینەوە دەبێ ئیمپریالیزم زوو بەهانایان دەچن. زیانی ئەم سیاسەتانەش: جگەلەوەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکانی بەهێزترو زاڵ‌کردووە، واشی کردووە ئەو میللەتانەی لە ئەنجامی شالاوی توندی فاشیەت‌و نەبوونی

ئازادیو دیموکراسیدا، راپەڕیون شۆڕش بکەن، بەناچاری کە ئەرکەکانی شۆڕشی چەکداری درێژخایەن دژوارو سەنگین دەبن، پێویستی بەڕێوەبردنی شۆڕشەکان، ڕێبەرانیان دەخاتە بەردەم مانو نەمان، ئەمانیش لە نەبوونی دۆستی ستراتیژیو پشتیوانی ئینتەرناسیۆنالیستیدا، ناچار پەنا دەبەنەبەر ڕژێمە بۆرژواکان، تەنانەت کۆنەپەرستەکانیش. پاساوەکەیش، تەنیا دوژمنی دوژمنە بێگومان ئەمجۆرە دۆستە کە لەبەر دوژمنایەتی دوژمنان دۆستی کاتین، هەتاسەر ئامادەنین یارمەتیت بدەن. چونکە دوژمنایەتی ڕژێمە بۆرژواو کۆنەپەرستەکان کە لەڕووی بابەتیەوە هاوبەرژەوەندنو لەناو بازنەی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا دەخولێنەوە، کاتییە. بۆیە دۆستایەتیەکەشی کاتییەو بە ئەندازەی ئەو کاتییەش یارمەتی شۆڕشی گەلان دەدەن. لێشیان ناگیرێ، چونکە ولاتانی وەکو شورەویو چینو مانەندەکانیان حیساب بۆ بەرژەوەندی تایبەتیان بکەنو پشت بکەنە کرێکارانو گەلان، ئیتر ڕژێمە بۆرژوا ژێردەستەکان چۆن حیساب بۆ بەرژەوەندییان ناکەن؟ کەواتە ئەم جۆرە ڕژێمانە چەند کۆنە دۆستی کاتی بوون، ئێستا بەحوکمی دۆخی نوێی جیهان ئەو دۆستایەتیە کاتیەش کەمتر کراوەو کە هەر بزووتنەوەیەک مەترسی لەسەر بەرژەوەندی زلهێزەکان پەیدا بکاتو زلهێزەکانیش گوشار بخەنە سەر ئەم دۆستەکاتیانە، زوو نابا پشتیوانی میللەتان دەگۆڕنەوە بە پشتتێکردنی میللەتان. نموونەش زۆرن:

لەمێژوودا کورد کوژراوی دەستی ئەم جۆرە دۆستە کاتییەیە. تازەترین نموونەش شۆڕشی ئەیلولە کە چیان بەسەرهێنا! لەم سەردەمەشدا ئەوەی ڕژێمە عەرەبییە کۆنەپەرستەکان بە شۆڕشی فەلەستینیان کردووە، ئیسرائیل هێندەی لەدەست نەهاتووە. قەسابخانەی کارەساتی ئەیلولی ۱۹۷۰ی ئوردون، ۲۱هەزار شەهیدی فەلەستینی تێدا دراوە. ئۆردوگاکانی سەبراو شاتیلاو بەردەوام بۆردومان کردنیان لەلایەن ڕژێمەکانو جاشەکانیانەوە. ئاژاوە خستنە ناو ڕێکخراوە سیاسیەکانیان، گرتنیانو تەنگپێهەڵچنییان.

پێرار کە خەباتی (تامیل)ەکانی سریلانکا لەپێناوی ڕزگاریدا پەرەی شۆڕشی چەکدارانەی سەند. (هیند) لە ئاستتەنگیدا یارمەتیدانو بە فڕۆکە، ئازوقەی هەڵدەڕشتە دورگەی گەمارۆدراویان کەچی پاش مانگێک کە کێشەی تامیلیەکان (کتومت!) بەڕژێمی بۆرژوای هیند چارەسەر نەکرا، بایدایەوەو لەشکری کردنەسەرو ساڵێک زیاتر ڕاوەدووینان. مەسەلەکەش ئەوەیە: هیند کە زانیان

شۆڕشی تامیلیەکان پەرەدەسێنێ، نیازیان بوو دەستبەجێ کێشەکە بخەن بەلادا. چونکە دەیانزانی تامیلیەکانی سریلانکا کە ژمارەیان (٣.٥) ملیۆنە ئەگەر سەرکەون کاردەکەنە سەر بەشەکانی دیکەی میللەتی تامیل کە (٥٠) ملیۆنن‌و زۆربەشن‌و دەشکەونە ولایەتی (تامیل‌نادۆ)ی باشوری هیندستان. ئەمەیە دۆستایەتی کاتی، لەیەک مانگدا، فڕۆکەی ئازوقە، دەگۆڕێ بە فڕۆکەی بۆمبا!

جەزائیر ولاتی یەک ملیۆن شەهید، پەنای ئازادیخوازانی (کاتالان)ی دا، بەلام کە کێشەکەیان ئالۆز بوو، پەنابەرەکانی کاتالانی خستە پاپۆڕێک‌و لەڕێی دەریاوە دانیەوە بە ڕژێمی ئیسپانیا.

لەجیهانیشدا تاکە نموونەیەک نیبە، نەک لەلایەنە ڕاستڕەوەکان، بگرە چەپەکانیشی ناچارنەکردبێ، ئەگەر نائومێد بووبن لە پشتیوانی ستراتیژی بەناچاری پەنا نەبەنە بەر ڕژێمە بۆرژواو کۆنەپەرستەکان، وەکو دوژمنی دوژمنەکانیان‌و دۆستی کاتیان. ئەم ڕاستیە لەم هەلومەرجە جیهانیەدا چەپ‌و ڕاستی گرتۆتەوەو هەتا هەلومەرجەکەش وابێنێ، هەرلایەک بەبێ حیسابکردن بۆ دۆخی ئێستای جیهان، دەستبداتە چەک‌و شۆڕشی درێژخایەن، ناچاردەبێ سازشی گەورەش لەگەڵ دوژمنی دوژمنەکانی بکات.

ڕەنگە بانچەپەکان بتوانن لە پایتەخت‌و شارە خۆشەکانی هەندەرانەوە شۆڕشی درێژخایەنیش! بەبێ پشتیوانی هیچ دەوڵەتێک بکەن. بەلام لەناو خاکی نیشتماندا کە دەستدرایە چەک، شۆڕشی بێ پشتیوانی‌و بێ پارە، گەدەی تاکە پێشمەرگەیەک تێرو مەخزەنی کلاشینکۆفێکیش پڕ ناکات. لەبەرامبەر ڕژێمە لەچەک پەرداختەکان بە قسە خۆشە، شۆڕش بەبێ پشتیوانی تەنیا لەڕێی دەستکەوتی شۆڕشگێڕانەوە سەرێخرێ.

٣/٦- شۆڕش بێ پشتیوانی سەردەخرێ؟

ئایا بێ پشتیوانی، بێ یارمەتی دەرەکی، بێ چەکو پارەو تفەنگو دەرمانو هاتووچۆکردن بۆ دەرەوە، شۆڕشی درێژخایەن سەردەخرێ یان نا؟ ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی ئەوەتەی ئیمپریالیزمو جەنگی یەکەمی ئیمپریالیستیانە روویداوە، مشتومڕی لەسەرە.

- ڕاستە هەمیشە لەڕووی سیاسیەوە مافی ڕەوای گەلان سەرکەوتنێکی ورەبی گەورەی هەیەو هاندەری هێزی شاردراوەی میللەتانە. وزەی خەفەکراوی جەماوەر بەگڕ داگیرکەراندا دەتەقێنێتەوە.

- ڕاستە باری بابەتیو باری خۆیی ڕۆڵی چارەنووس‌ساز دەگێڕنو بەبێ ئەمانەش بیرکردنەوە لە شۆڕش، خوێنی خەڵک لە دنگدا کوتانە. تەواوی ئەوانەو گەلێک ڕاستی دیکەیش لە ڕاستیە بەڵگە نەویستەکانن، بەڵام پشتیوانی بێ دریغی دەرەکیش بەتایبەتی هی دۆستانی ڕاستەقینەی ستراتیژی بۆ باشتر رێکخستنو چاکتر بەڕێبردنی ئەرکە ناوەکیەکان، لەبەرامبەر هێزی زۆر بەهێزتری دوژمناندا، بایەخێکی ئێجگار گرنگی هەیە. هەتا هاتووشە پلەبەپلەی پێشخستنی تەکنۆلۆژیای جەنگو بەهێزترکردنی رژێمە بۆرژواکان، چ لەڕێی ڕۆژئاواوەو چ لەڕێی ڕۆژهەڵاتیشەوە بێ، بۆدابینکردنی نەوتو کەرەستەی خاوی وڵاتانی دواخراو، یارمەتی دەرەوەی شۆڕشەکانیش زیاتر لەجاران بایەخی پەیدا کردووەو دەشتواندرێ بگوترێ زیاتر لەوەش کە جاران دەگوترا:

> یارمەتی دەرەکی فاکتەری سەرکەوتنە! مەسەلە ناوەکیەکان بنەڕەتین! هۆیەکەیشی ئەوەیە سەرخستنی ئەرکە ناوەکیەکان، یان پێگەیشتنی ئەرکە ناوەکیەکان بۆ شۆڕشی درێژخایەن، ئاکامی گۆڕانکاریە ئابووریو کۆمەڵایەتی، سیاسیو عەسکەریەکان، هێندە دژوارتر بوون، باری سیاسی نێو دەوڵەتانیش هێندە بەرژەوەندی ئابووری زاڵە بەسەریدا، چیدیکە ناکرێ فاکتەرە دەرەکیەکان بایەخی زیاتریان پەیدا نەکردبێو هەروا بە هۆکارێکی لاوەکیو یارمەتیدەرێکی ئاسایی سەرکەوتنی شۆڕشە درێژخایەنەکان تەماشا بکرێن. هەروەکو چۆن ئەرکە ناوەکیەکان گۆڕدراون، چۆن تەواوی پێویستیە ناوەکیەکانی میللەتان،

دەوڵەتان، رژێمەکان، پێویستی مانو نەمانیان بە یارمەتی دەرەوە هەیەو بێ تەکنۆلۆژیا، بێزانستو زانیاری، بێ یارمەتی هەمەچەشنە نازین، ئاوەهاش یارمەتی دەرەوەی شۆڕشەکانیش، لەقاڵبی فاکتەری جاران نەماوەو چەندین قات زیادي کردووە.

کۆن کە تەکنۆلۆژیا وەکو ئێستا پێش نەخرابوو، رژێمەکان وەکو ئێستا بەهێزتر نەکرابوون، سیاسەتی نێو نەتەوایەتیش وەکو ئێستا بەرژەوەندی ئابوریو دیبلۆماسی زاڵ نەبوو بەسەریدا، شۆڕش بەرپاکردن دەبەسترایەوە بە مەسەلە ناوەکیەکانەوە. ئینجا سەرەڕای هەموو ئەو فاکتەرە لەبارانەش، ڕێبەری شۆڕشی یەکەمین شۆڕشی درێژخایەن کە هەلومەرجی ناوخۆییو جیهانی بەرپاکردنی شۆڕشەکەشیان لەبار بووە پاش ئەوەی دەستدەدەنە چەکو ڕوو دەکەنە شاخو ئەرکەکانیان سەخت دەبێ، مەسەلەی یارمەتی دەرەوە نەک بە فاکتەری سەرکەوتن، بەڵکو بە: (پێمان دەڵێن سەرکەوتن تەنانەت بەبێ یارمەتی جیهانیش دێتەدی) ئەمە ڕایەکی هەڵەیە. شۆڕشی میللی ڕاستەقینە لە بوونی ئیمپریالیزمدا توانای سەرکەوتنی لەهیچ ولاتێکدا نییە بەبێ هەموو جۆرە یارمەتیەکی هێزە شۆڕشگێرە جیهانیەکان. کە بەشێوەی جۆراوجۆر دەیدرێتی، ئەگەر سەرکەوتنیش هاتەدی شۆڕش بەبێ ئەم یارمەتیە ناچەسپێ‹٢٩›) ئەمە ڕای ئەندازیاری شۆڕشی درێژخایەنە. ئەندازیاری شۆڕشێکیش کە لە هەڵکەوتووترین ولاتدا بەرپاکراوەو جاریواش هەبووە ژمارەی پێشمەرگەیان لە ملیۆن تێپەڕبوونو بەرگری میللیش زیاتر لەم گۆتەیەدا بەئاشکرا دانیپێداناوە کە شۆڕشی درێژخایەنو پراکتیکەکەی جیاوازییەکەیان ئاسمانو ڕێسمانە. هەربۆیە جگەلە یارمەتی شورەویو بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهاندا، یارمەتی لە ئەمریکاو بەریتانیاش دژی ژاپۆن وەکو هاوپەیمانی نازیەکان وەرگرت (دیارە بێمەرج).

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانو لە گەرمەی جەنگی دووەمدا، دەوڵەتە سەرمایەدارەکان جگە لەوەی بوون بە خاوەن ئەزموونێکی گەورەی جەنگو جەنگین لە زانستی جەنگیشدا بە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لەمێژووی جەنگ لە جەنگی

‹٢٩› نقد مفاهيم النظريه لماوتسي تونغ. دار التقدم موسكو، ص: ١١.

کلاسیکیەوە بۆ جەنگی نوێ دەژمێردرێ: هەتا ئەوەدەمە هێشتا زانستی جەنگی کلاسیکی‌و جەنگی بەرەیی فراوان‌و جەنگی لەشکرکێشی گەورەو جەنگی هێرشی پەیتا پەیتای شەپۆلی شالاوبەری مرۆیی زاڵبووە. بەلام ئەم زانستە جەنگیەو تاکتیک‌و ستراتیژەکانی، نەخشەو پلانەکانی، ئامرازەکانی، شێوەکانی، شالاوەکانی، پێشکەوتن‌و پاشەکشەکانی...تاد. تەواوی ئەوانە لەگەرمەی جەنگی دووەم‌و دوای ئەوە بەتایبەتی سەرئەنجامی پەرەسەندنی پیشەسازی‌و تەکنۆلۆژیای جەنگ، گۆڕان. لەپاش ئەم جەنگەو ئەو دیاردە نوێیانە، ئیمپریالیزم هارترو دڕتر، پەرداخترو بێ منەتر دەچوویەگژ شۆڕشی میللەتانی ژێردەستەو لە سەرکەوتنی خۆیان دڵنیاتر بوون. بەتایبەتی ئەوەدەمە سیاسەتێکی سازشکارانە لەلایەن ستالینەوە لەبەرامبەر بزووتنەوەی میللەتان‌و شۆڕشەکان پێڕەو دەکران. هەربۆیە دەبینین سەرەتا کە ئەمریکا چوو بەگژ گەلی کۆریا، وایدەزانی وەکو پاشماوەی لەشکرە بەزیوەکان بە ئاسانی دەیانبەزێنێ، کە گەلە قارەمانەکەی کۆریا لێیان ڕاپەڕین‌و سامی سەرکەوتنی ئەمریکا لە جەنگ‌و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە ژاپۆندا، وورەی پێ بەرنەدا بوون، ئەوسا ئەمریکا تەواوی توانای خۆی بەکارهێنا، بەچەکی میکرۆبی‌و بە پشتیوانی هاوپەیمانەکانیشەوە. کە جەنگ گەرم بوو، ڕاستە میللەتی کۆریا داستانێکی کەم وێنەی قارەمانێتیان تۆمار کرد، بەلام لە گەرمەی جەنگەکەدا زوو زاندرا مەحاڵە بەبێ یارمەتی سەرکەوتن بەدەستبهێنن، جەنگەکەش بوو بە گرەوێک لەنێوان ئیمپریالیزم‌و شۆڕشگێڕەکاندا. ئیمپریالیستەکان دەیانەویست وەکو پاش جەنگی یەکەمی جیهان لەپاش جەنگی دووەمیش تەراتێن بکەن. شۆڕشگێڕانی جیهانیش بەتینی شۆڕشگێڕانە بەهانای شۆڕشگێڕانی کۆریاوە چوون. ئەمەش تەنانەت ستالینی خستە دۆخێکەوە، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە هەڵەشیان کردبوو، دەبوو بەهانای کۆریاوە بچن‌و بێ دریغیش یارمەتیان بدەن. کورتیەکەی ئەم یارمەتیەیان درا:

(٥٠٠.٠٠٠) هەزار، واتە نیو ملیۆن (بەڵێ!) ئەو ژمارە سەربازەی چین بە چەک‌و جبەخانەی خۆیانەوە چوون بەهانای شۆڕشی کۆریاو تەواوی تفاق‌و تەقەمەنیەکانی جەنگیش شورەوی دابینی کرد. بەتانک‌و زرێپۆش‌و فڕۆکەشەوە. ئەگەر وا نەکرایە، قەت ئەمریکا ئەم زیانەی وێنەدەکەوت: ساڵی یەکەمی جەنگ (٥٠) ملیارد دۆلاریان سەرف کردووە. بەهاوپەیمانەکانیشیانەوە، (٥٩٨) هەزار کوژراویان داوە، (١٤٦.٠٠٠) چەکی ئاگریان فەوتاوە، (٨٦.٠٣٨) تۆپی

هەمەچەشن شکاون، (٩.١٤٥) ئۆتۆمۆبیل‌و تانک‌و زرێپۆش تێکوپێک دراون، (١.١٣.) فرۆکەیان کەوتوتەخوارەوەو (١٢٢) پاپۆڕیش سەرنگون کراون. سەرکەوتن لەبەرامبەر بەکارهێنانی توانای وادا بەجەنگی پارتیزانی... لە فیلیپینیش بێ عەقلیە بۆ دەرهێنەرەکەی!

ڤیتنام:

جگە لەباری هەڵکەوتووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و عەسکەریان. نەک تەنیا یارمەتی پارەو تەقەمەنی‌و لۆجستیکی هەموو جۆرە پشتیوانیەکی نێو نەتەوەییان هەبوو، بگرە (٢٢٠.٠٠٠) هەزار سەربازی کۆماری میللی چینیش هاوشانی ڤیتنامیەکان دەجەنگین. چوار هەزاریان گیانی بەختکردووەو تەنیا چین (٣.) ملیۆن دۆلاری لەسەر شۆڕشەکە سەرف کردووە. جگەلە هی شورەوی‌و باقی جیهانیش. ئەگەر وانەبا سەرەڕای هەڵکەوتویی هەموو بارێکی ڤیتنام، کارێکی ئاسان نەدەبوو (ئەگەر ژێرنەکەوتنایە) بەرگەی ئەم توانایەی خوارەوەی ئیمپریالیستەکانیان بگرتایە.

دژی فەرەنسیەکان:

(٢٥.) هەزار چەکداری دوژمن، (٥٢٨) یەکانەی هێزی ئاسمانی، (٤٩.) پارچە دەریایی، (٢٦) تیپی تۆپ، (٢٣.) هەزار جاش. ئەمریکا ٨٠٪ خەرجی سوپای فەرەنسای کێشاوە کە دەگەیشتە (٥٠٠) ملیۆن دۆلار. جگەلەوەی ساڵی ١٩٥١ شەش هەزار تۆپ‌و ساڵی ١٩٥٣، بیست‌و پێنج هەزارو پاشان (٨٨) هەزاری دەدانێ. بەردەوام پردێکی یارمەتی گەیاندنی ئاسمانی هەڵدەفڕی‌و ٢٥. فرۆکەش بەشداری جەنگەکەیان دەکرد.

دژی ئەمریکاو کۆنەپەرستانی سایگۆنیش

تەنیا کۆنەپەرستەکان (٧١.) هەزار جاشیان هەبووە. ئەمریکا هێزەکانی لەنیو ملیۆن تێپەڕاندووو خەرجی سایگۆن جگەلە ئەمریکا، ملیاردێک‌و (٦١٤) ملیۆن دۆلار بووە. سەدان فرۆکەو بە ملیۆنەها تۆپی قورس‌و ناوەنجی‌و گچکە، مەرگیان باراندووە. جگەلە گازی ژەهراوی‌و مین‌و مین کاری.

ڤیتنام: ١- (١٠) هەزار فەدافەند ٢- (٣٢٠) بنکە موشەکی سامئەنداز(٢٠کم) دابەشیندراو بەسەر ٢٠٠ پایەگا ٣- سەرجەم (٤٩٠) فرۆکەو (٥٠) کۆپتەریان هەتا کاتی سەرکەوتن وەرگرتووە.

ڤیتکۆنکیەکان لە سالی ١٩١٥-١٩٦٨دا (٣) ملیۆن تفەنگو ڕەشاش، هەزاران هاوەن، هاوێژەر، موشەک، تۆپی دژی زرێپۆش، (٨٠٠٠) تۆپی مەیدانیو (١٠،٠٠٠) فەدافەندو رادارەکانی، (٥٠) تاقم موشەکی سامی زەوی-ئاسمان، (٢،٠٠٠) ڕادارو (١٢،٠٠٠) ئۆتۆمۆبیلی بارهەرو (٣٠،٠٠٠) ئۆتۆمۆبیلی سوکەڵەو (٢٠٠) زرێپۆشو (٥٠) کۆپتەرو (٦٠٠) فرۆکەو (٥٠) بەلەمی شەڕکەر. ئیتر چۆن سەرناکەون؟*.

بەبێ پشتیوانی ئەو شۆڕشانە هەرگیز سەرنەدەکەوتن. تەنیا دەیانتوانی لەمێژوودا گەورەترین قارەمانی تۆمار بکەنو هیچی دیکە. شۆڕشی درێژخایەن لەم سەردەمەشدا، کەباری لەباری سیاسی وەکو کۆریلو ڤێتنامیش دووبات نابنەوە بۆیان، هەلومەرجی جیهانیش پێچەوانەی ڕەوتی خەباتی چەکداریە. بۆیە سەرکەوتنی بەبێ یارمەتی دەرەکیو بەپشتیوانیەکی گەورەتریش، بەتایبەتی دژی رژێمی دەولەمەندو دەسەلاتداری وەکو بەعسی عێراق، مەحالە.

مەبەستەکە ئەوە نیە یارمەتی دەرەوە گرنگترە لە خەباتی خودی میللەتان، نەخێر هەر خەباتی میللەتان بنەڕەتە بەلام یارمەتی دەرەکیش وەکو کۆن باسدەکرا تەنیا فاکتەرێکی دەرەکی نیەو بەس، هاوشانی خەباتی میللەت بۆ خەباتی چەکداری درێژخایەن، پێویستیەکی هەرە گرنگی چارەنووسازە. هێندە گرنگە ئەگەر تەواوی پێداویستیەکانی ناوەکی شۆڕشی درێژخایەن، لەبەرامبەر رژێمە پەرداختەکاندا لەباربنو یارمەتی دەرەکی مسۆگەر نەکرابێ، سەرچلێتیە شۆڕش بکرێ.

٦/٤- شۆڕشی چەواشە

یەکێکە لە شێوازە ترسناکەکانی بەزاندنی پارتیزان. ئەمریکاییەکان لەپاش جەنگی دووەمو دەولەتە ئیمپریالیستەکان لە ئەزموونەکانی جەنگی پارتیزانی:

---

* سەرجەمی شۆڕشەکانی کوردستان لەپێش جەنگی یەکەمەوە هەتا ئێستاش نیو چارەکی ئەو یارمەتیانەی وەرنەگرتووە. دوژمنانیشی هەمیشە بەهێز کراون.

چین ڤیتنام، مالیزیا، لاوس، کەمبوجو ئەفەریقیا...تاد. لێکۆڵینەوەی قوڵیان لەمەڕ هۆی ئابوری، کۆمەلایەتیو سیاسی بەرپا بوونی جەنگی درێژخایەن کردو چۆنیەتی سەرکەوتنی عەسکەری پارتیزانیان لە: جەنگی پارتیزانیەوە بۆ جەنگی بزوتو جەنگی بەرگری ستراتیژیو جەنگی هاوتایی ستراتیژیو بۆ دواجاریش جەنگی هێرشی ستراتیژی بە وردی هەڵسەنگاندن. نەخشەی چەواشەی ئابوریو کۆمەلایەتی، سیاسیو عەسکەری بەرزیان بۆ دارشت. پارەیان بۆ هەڵرشتو چەکیان بۆ داهێناو پرۆپاگەندەیان لەسەرکردو سیستەماتیکیانە تەواوی توانای خۆیان بۆ بەزاندنی پارتیزان هەر لەسەرەتاوە یات کۆتایی خستەکار. لەمەشیاندا زرنگانە توانیان بە: نەخشەی نوێ، سیاسەتی نوێ، جەنگی نوێو چەکی نوێ بەرژەوەندیان لەسەر ئاستی دونیاو نۆکەرانیان لە ولاتە دواکەوتووەکاندا بپارێزن. لەوچەکە نوێو نەخشە نوێیانەی زیانی زۆریان گەیاندە پارتیزان: راگواستنی گوندەکانو دروستکردنی دێی تەلبەندکراوی زۆرەملێی جووتیارانو دروستکردنی دەستەی ساختەی پارتیزانو جاشو نانەوەی ئاژاوەی نێو هۆزەکانو پەیدابوونی کۆپتەر وەکو چەکێکی عەسکەری کوشندە سەبارەت بە پارتیزان هەروا جەنگی ناوخۆییش.

کۆپتەر وەکو دیاردەیەکی عەسکەری وەرچەرخێنەر لە مێژووی جەنگی پارتیزانیدا دەتوانێ: موشەکی زۆر هەڵبگرێ، شەستیر بەکاربهێنێ، چەندین نارنجۆک لە نزمەمیەوە هەڵڕێژێ، کام شوێنو شاخ هەڵەموتو زەردوماهە، بەزووترین کات بیگاتێ. لەسەر بەرزترین لوتکە لە کەمترین کاتدا (ئینزالی) (٣ـ.٤) (قوە خاسە) بکات. هاوەن، تۆپی (١٢،) ملمو ئازوقەو تەقەمەنی زۆر دەگەیەنێتە ئۆردوگا دوورەکانو رەبایە پەرتەوازەکان. سەرەرای ئەوانەش کۆپتەر لەدەستنیشانکردنی دەستەی پرتیزانو پیادەکردنی هێز بۆ گەمارۆدانیان رۆڵێکی کاریگەر دەگێرێ.

جەنگی شۆرشی چەواشە، چەشنی کۆن نییە. لەم جەنگەدا، پایەگاکانی سەرشاخ دەشتودەرو ناو گوندەکان، رۆڵێکی دینامیکیان دەدرێتێ. وەکو ئەوپەرەکەی لە پایەگایەکدا ئەوپەرەکەی (١٥-.٢) سەرباز دادەندرا و ئەمانەش بە شەوو رۆژ بزیان نەبوو لەشوێنی خۆیان لە هەموو حاڵەتێکدا ببزوون، بەلام ئێستا ژمارەیان لە (٥ـ..١) سەربازو جاش دەبێو لە هەموو کاتێکیش دەبێ بۆ گەران بەدوای پارتیزاندا بگەرێنو بجەنگێنو گەمارۆی پارتیزانەکان بدەن هەتا

کۆیتەروکاروانی سەربازی گەورە بەهانایانەوە دێن و ئەڵقەی گەمارۆدانەکە تەسک تر دەکەن و دەستەی پارتیزانەکان تەفروتونا دەکەن. کەم جار هەڵدەکەوێ دەستەیەک پارتیزانی ١٠ پێشمەرگەیی یان پتریش لەسەر زەمین گەمارۆ بدرێن و بە کۆیتەریش دەستپێش بکرێن و توانای دەربازبوونیان هەبێ.

کورتیەکەی... شۆڕشی چەواشە ترسناکترین شێوەی بەگژاچوونەوەی پارتیزان و سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی درێژخایەنە کە زۆر ستەمە لە هەلومەرجێکی جیهانی ئەوتۆدا کە دوژمنان قودرەتمەندبن و پشتیوانی جیهانیان لەلایەن ئیمپریالیست و رۆژئاواو شورەوییەوە بەهێزبێ، پارتیزان بتوانێ بەچەکی سوک و لەڕێگای دەستخستنی چەکی دوژمنەوە بە: «کلاشینکۆف و بڕنەو، ئەوپەڕەکەیشی بە ئاربیجی و بیکەیسی یان زۆرتر بڵێین بە دۆشکە، تۆپی (١٢٠)ملم و هاوەنیش، (دەستخستنی ئەمانەش گرانە) سەرکەوێ. ئەزمونی سەرلەنوێ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەم جارەی کوردستانی عێراق بەڵگەی زەقی ئەم راستیەن. پێشتریش کۆیتەر لە شۆڕشەکانی یۆنان، ئیسپانیا، مالیزیا، پۆلیڤیاو‌جەزائیر رۆڵی رووخێنەری گەورە گرانی گێڕا. ئێستاش جگە لە کوردستان لە فیلیپین، پیرۆ، سلڤادۆر، ئەریتیریا، فەلەستین و لوبناندا چەکی گەورەی رژێمە سەرکوتکەرەکانن.

شۆڕشی چەواشە... بەتوانایەکی گەورەتر، بەپارەو چەکێکی فرەتر، بەنەخشەی وردترو مەشقی پتر، بە لەشکرو جاشێکی زۆرتر، زەوی و دەریاو ئاسمان دژی پارتیزان دەکەنە مەیدانی جەنگین و بێ گوێدانە زیانی مرۆیی و دارایی، ئەوپەڕی هەوڵدەدەن پارتیزانەکانی شۆڕشی درێژخایەن سەرکوتبکەن و لەپێناوی ئەمەش لە هیچ تاوانێک، سزایەک، بڕیارێک ناپرینگێنەوەو بەکۆمەڵ کوشتنی هەزاران چەکدارو بێچەکیش لایان ئاسان و ئاساییە.

جگەلە هەموو ئەوانە، نەخشەکانی شۆڕشی چەواشە بایەخ پێدانە بە جەنگی سایکۆلۆژی و دڵساردکردنەوەی جەماوەرو جەنگاوەر جۆرەها: درۆ، بوختان، قسەلۆک، ناوو ناتۆرەو تۆمەتی راستەوخۆو ناراستەوخۆ هەڵدەبەستن و لە کەناڵی جۆراوجۆرەوە بڵاویان دەکەنەوە. ناوی ڕێبەرانی پارتیزان، کادیرەکانیان، ئەندامی ڕێکخراوو پێشمەرگەکانیان دەزڕێنن. کەسوکاریان دەگرن و دووردەخرێنەوە. یان ڕێزیان دەگرن و موچەش بۆ هەندێ لە کادرە سیاسی و عەسکەریەکان دەبڕن هەتا درزۆنگی لەناو جەماوەردا سەبارەت بە کوڕی ئەو خەڵکەی پارتیزانە، دروست

بکەن.

لەکاتی پەلامارو هێرش‌دا جاری واهەیە لە گوندەکاندا ئازوقە دەدەنە گوندە دوورەدەستەکان، پارمەتیان دەدەن، بێکارەکانیان دادەمەزرێنن، ئەگەر جاران بۆ هەزار تکاو سکالاّ لە مزگەوتێکدا مجێورێکیان دامەزراندبێ، ئەوا ئێستا بە بچووکترین مزگەوت چەندین مجێوری بۆ دادەنێن‌و پارەی باشیشیان دەدەنێ، هەروەها بۆ قوتابخانەو جەنگەڵەکانیش.

گەورەترین پارتیزانی تاوانبار بچێتەوە ریزی دوژمن، نەک دادگایی ناکەن، بگرە رێزیشی لێدەگرن‌و هەوڵدەدەن دەستەی شۆڕشی چەواشەشی بۆ پێکەوە بنێن‌و چونکە چاک شارەزان، بەریاندەدەنەوە گیانی هاوسەنگەرەکانی کۆنیان. لەم کارەش جگە لە سودی عەسکەری، دڵسارد‌کردنەوەی خەڵکیش دێنێتەدی. لەکاتێکدا کۆن پارتیزان تەسلیمیش‌بانەوە، دەکوژران.

شۆڕشی چەواشە لەم سەردەمەدا هەتا ئەوڕۆژەی میللەتانی ژێردەستە تەمای جەنگی پارتیزانی‌و شۆڕشی درێژخایەنیان مابێ، مەترسیەکی گەورەی رێی سەرکەوتنیانە کە هاوشانی دیاردەو دەرکەوتەکانی دیکەی جیهان، شۆڕشی چەواشەش هۆیەکی ترسناکی لەباربردنی شۆڕشەکانن. ئەگەر هەتا کۆتایی شەستەکانیش تەنیا لەبەرامبەر پارتیزانە لاوازەکان شۆڕشی چەواشە سەرکەوتنی عەسکەری هێنابێتەدی، ئەوا لەوەبەدوا شۆڕشی چەواشە چ لەڕووی عەسکەریەوەو چ لەڕووی سیاسیەوە، ئاسانتر نەخشەکانی پیادە دەکرێن‌و ئامانجەکانی رژێمەکانیان پێ دێتەدی، هەر ئێستاش ئەگەر کۆنەپەرستەکانی شۆڕشی چەواشەی (کۆنترا) لە سلڤادۆردا نەبان، دوور نەبوو پارو پێرار شۆڕشەکانی سلڤادۆر سەرکەوتن بەدەستبهێنن. بۆیە حیساب‌کردن بۆ شۆڕشی چەواشە لەم قۆناخەدا، گەلێک گرنگترە لە قۆناخەکانی لەمەوبەر.

رەنگە چەوساندنەوەی بێزادەی میللەتانی ژێردەستە رقی پیرۆزی رزگاری رۆڵەکانی وا ئەستوور بکات بتوانن بەچەکی سوک‌و بەگیانبازی سەدان‌و هەزاران شەهیدیان، ساڵەهای ساڵ بەرهەڵستی شۆڕشی چەواشە بکەن. لەسەدان شەڕو شەڕگەشدا سەربکەون، دەستکەوتی گەورەشیان هەبێ، هەندێ ناوچەو شاخ‌و گوندو شارۆچکەیش بەشێوەیەکی کاتی رزگار بکەن. هەروەها بشتوانن سۆزی هەزاران کەسیش بۆلای خۆیان راکێشن‌و دەنگ‌و سەنگێکی گەورەشیان لەسەر ئاستی جیهاندا هەبێ. بەلاّم هیچی ئەوانەو زیاتریش لەبەرامبەر باری سیاسی‌و لەسێبەری

تەرازووی عەسکەری سەردەمەکەدا ناتوانن سەرکەوتن بهێننە دەبێت ئەگەر پارتیزانەکان نەتوانن پشتیوانی ستراتیژی جیهانی (نەک دوژمنی دوژمن ـ دۆستی کاتی) دابین بکەن‌و دژخی بابەتی تێکچووی دوژمنیان لەهەموو بارێکەوە بقۆزنەوە.

تازە لەم سەردەمەدا، نەهێزی شەرکەرو نەشەڕی ئازایانەو نە سۆزی خەڵک بزوێنی شەهیدان، نە دیسپلین‌و نە چاپوکی‌و چالاکی پارتیزانەکان‌و هەڵکەوتن‌و پیداهەڵدانی ڕێبەرانی عەسکەری‌و سیاسی، تازە تێکڕای ئەوانە ناتوانن دەستەبەری سەرکەوتنی جەنگی پارتیزانی‌و شۆڕشی درێژخایەنبن.

لەلایەکی‌دیکەشەوە باری ئابووری‌و کۆمەلآیەتی گۆڕاوە، گۆڕانکاری چینایەتی ڕوویداوە. جووتیاران باباندابێتەوە. بۆرژوای پیشەسازی هەڵگەڕابێتەوە... هاوژینی ئاشتیانەش‌و هاوئاهەنگی نێونەتەوەییش لە کوژاندنەوەی کوانووی جەنگە ساردو پارتیزانەکان بەدەبهێندراوە. لەم‌لایشەوە دوژمنان بەهێزو نەخشەی شۆڕشی چەواشەیان گەیشتبێتە لووتکە، چیدیکە کارێکی دووربینانە، ژیرانە، شۆڕشگێڕانە نییە بە چەمکەکانی کۆن، تاکتیک‌و ستراتیژەکانی کۆن، بیرلەوە بکرێتەوە جەنگی پارتیزانی لەسەر بەری ناکۆکی باش‌بیان بەهۆی هەستی نەتەوایەتی زاڵ، پشت‌ئەستوور بە دوژمنایەتی کاتی دەوڵەتە بۆرژواکان بەڕێبا بکرێ‌و ڕەچاوی سەرکەوتنیش دوای ساڵەها بکرێ. بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیەش پتر ڕوون بکرێتەوە واباشە بابەتێکی دیکەیش بکەینە تەواوکەری هۆی بەنبەست گەیشتنی جەنگی پارتیزانی بە پرنسیپەکەی جارانی.

رشتەی حەوتەم

٧- شۆڕش لەنێوان دوو ڕێبازدا

مەبەستیش لە دوو ڕێباز، ڕێبازە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی گەلانە، نەک شێوەو شێوازەکانی دی کە جگە لەوەی دەبێ لە خزمەتی شۆڕشدابن، هەرگیز رزگارییان پێ نایەتەدی، وەکو: ریفۆرم‌و پەرلەمانیزم‌و هاوکاری دۆستایەتی کاتی... تاد. نەخوازەللا ئەم ڕێچکە لاوەکیانە بکرێنە بریکاری شۆڕش، ئەو دوو ڕێبازەش ڕێبازی شۆڕشی درێژخایەن‌و ڕێبازی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکە. پێش ئەوەی باسی ئەوەش بکەین کە کام لەو دوو ڕێبازە ئێستا سەرەکین، واپەسندە بۆچوونی دیکە تەتەڵە بکەین هەتا بزانین چۆن چۆنی کراوەتە دەمامکی چەواشەکردنی کرێکاران‌و چەشەی هێشتنەوەی ڕژێمە بۆرژواکانی ولاتانی ژێردەستەی ئیمپریالیزم. دیارە ناشمانەوێ بچینە ناو وردو درشتی ئەم باسە. مەبەستەکە تەنیا ڕێخۆشکردنە بۆ باشتر هەڵبژاردنی ڕێبازە شۆڕشگێڕییەکەی سەردەم.

ئێمە پێشتر باسی گەشەکردنی ناسەرمایەدارییان بە ئاراستەی سۆسیالیستی کرد کە لە شەستەکانەوە هەوڵدراوە بکرێتە ئاقاری ڕاستەقینەی خەباتی چینایەتی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی ولاتە رزگاریخوازە تازە پەرەسەندووەکان. بۆئەمەش سەدان لێکۆڵەرو نووسەری بەناوبانگی شوورەوی، پاش مردنی ستالین‌و لە هاتنی خرۆشۆفەوە کەوتنە هەوڵ‌و نووسین، جگە لەوەی تیۆری وا نەزۆک، نەک تەنیا سەری نەگرت، بگرە هەڵیشگەڕاپوونە شۆڕشی چەواشەی سۆسیالیزم.

ئەم تیۆرە بۆیە لەلایەن حیزبە "شیوعییەکانەوە" پێشوازی لێکراو دڵسۆزانە جێبەجێشیان کرد، چونکە ئەو حیزبانە کۆنترین حیزبی ولاتە ژێردەستەکان بوون‌و بەدرێژایی زیاتر لە ٣٠-٤٠ ساڵ بەرەو ژووریش (هەتا شەستەکان) ئەرکی هەرە

گرنگی کۆمۆنیستەکان کە بە ڕوونی لە مانیفێستەوە بڕیاری لێدراوە، ئەویش: ڕووخاندنی بۆرژواکان لەلایەن ئەو حیزبە شیوعیە کۆنانە فەرامۆش کرابوو. لەبەرنامەکانیاندا توخنی نەکەوتبوون، دەیانویست ڕژێمە پاشایەتیە کۆنەپەرستەکان ئەڵقە لەگوێکانیش بگۆڕن و دیموکراسی بۆرژواییان پێ بهێننەدی، هەرلەبەکیش باسی ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانەی کردبا ئەم (حیزبە شیوعیانە) بە لادەرو توندڕەویان لەقەڵەم دەدان و خۆشیان بە مەعقول دەزانی، هەربۆیە کە بۆرژوای وڵاتانی ژێردەستە بە کودەتا بووبێ یان بە قۆستنەوەی ڕاپەڕینی خەڵک هاتبنە سەرکارو ئەو حیزبانەش دەیان هەڵیان لەدەستدابوو تازە لەخۆیان باش تێگەیشتبوون حیزبی پرۆلیتارباو شۆڕشی سۆسیالیستی نین، بۆیە کە تیزی گەشەکردنی ناسەرمایەداری لەلایەن شورەویەوە خرایە ئارا، ئەو حیزبانە وەکو شەهدی هەنگیان بۆ یەکەم جار دۆزیبێتەوە ئاوەها بێچەندو چۆن گەشەکردنی ناسەرمایەداریان پێڕەوکردو کەوتنە پاساودانی سەرسوڕهێنەری تیزەکە. ئیدی بەرگری وایان لە ڕژێمە نەتەوایەتیە دیموکراسیە بۆرژوا دواکەوتووەکانیان دەکردو بەرەو سۆسیالیزمیان پەلدەکێشان... دەنگوت بەڕاستی ڕژێمەکان کوێرن و ئەمانە ڕێی سۆسیالیستیان پێنیشان دەدەن. دەیانویست دەیان جار مێژوو دووپات بکەنەوەو دەیان کاستڕۆش دابتاشن، نەیاندەزانی مێژوو دووپاتو کاستڕۆش دروست نابێتەوە! ئا بەو مایە پەمەنیان بەدەستەوە ماوەو ئەمیش جگە لەو هەموو کێشەو شەڕی بێهودەیەی ناوخۆو نزمی ئاستی ژیانی خەڵکەکە، کتێبان بۆ سەلامەتی پاشەڕۆژیان ناخوێندرێتەوە! وای بەسەرهێندراوە هەر بۆ نموونەی چاولێنەکردن باشە، نەک چاولێکردن*.

ئێستا لەسەرانسەری جیهاندا بەتایبەتی لەناو ئەو وڵاتانەدا کە دەرکەوت گەشەی ناسەرمایەداریان نەکردو نەشگەیشتنە سۆسیالیزم، هەروەها لەناو میللەتانی داگیرکراوی دابەشکراویشدا لایەنە شۆڕشگێڕەکان ڕووبەڕووی بەرنامەی شۆڕشگێڕانەی دوورودرێژ هاتوون. ئەم لایەنە شۆڕشگێڕانە یان دەبێ لە ڕوانگەی چینایەتیەوە ئایندە ئەنگێوی شۆڕشگێڕ بن یان نەمێنن، تازە چیدیکە باوی ئەوە نەماوە هیچ لایەک بە سیاسەتی (توفیقی) خۆی بە شۆڕشگێڕ بزانێ. ستراتیژی چینایەتی پێویستە ڕۆشن بێ و تاکتیکەکانیش لەو ستراتیژەوە

---

* دوای دەرچوونی چاپی یەکەمی کتێبەکە، پەمەن تەپی و ئاوێتەی پەمەنەکەی دیکە بووەوە.

رەنگبدەنەوە. لایەنە چەپەکان پێویستیان بەوە نییە دروشمە سواوەکانی بۆرژواکان ئارایش بکەن گوایە باشتر لەوان هەوڵبدەن جێبەجێیان بکەن. ئەم جۆرە بیروڕایانە بەرنامەی سیاسی شۆڕشگێڕانەی ئەم قۆناخە دەشێوێنێ‌و ئەگەر ئەوبیرو ڕایانەش ڕیشەکێش نەکرێن بێگومان لە داهاتوودا بەرنامەی ئایدیۆلۆژیش دووچاری ئاستەنگی دژوار دەکەن. ئیدی پاش ئەو هەموو کارەساتانە، دوای ئەو هەموو تێکشکان‌و بێهودەییەی داکۆکی لێکردنی بیروڕای ناڕاست، کاتی ئەوە هاتووە گروپە مارکسی‌و چەپەکان، خەڵکی شۆڕشگێڕ، بەهێمنی بیر لە پاشەڕۆژ بکەنەوەو بکەونە (بۆڵتن-مونازەرە)ی هاوڕێیانە بۆ بەرنامەی ڕێکخراوەیی، ئایدیۆلۆژی، سیاسی‌و پیشەیی شۆڕشگێڕانە. هەوڵبدەن شاڕێبازی شۆڕشگێڕانەی سەرکەوتن‌و ئەڵتەرناتیڤی ڕاستەقینە بدۆزنەوە.

١/٧-شۆڕشی شاخەکان (ڕێبازی یەکەم)

پێشتر لەم بارەوە قسەی زۆر کراوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەمەیە کە لەناو بزووتنەوەی چەپدا ئێستاش شۆڕشی درێژخایەن (کە یەکێکە لەو دوو ڕێبازەی باسیان لێوەدەکەین) برەوی زۆرەو پتریش لە باقی ڕێبازەکانی دیکە قسەی لێدەکەن. بگرە هەوڵیشی بۆ دەدرێ‌و لە چەندین وڵاتیشدا لەناوچەندین میللەتیشدا پێڕەو دەکرێ، هەر لەم بارو دۆخەدا شۆڕشی درێژخایەن لە: کوردستان، فەلەستین، کەمبۆجیا، تامیل(سریلانکا)، پیرۆ، پۆلیساریۆ، ئەریتیریا، فیلیپین، سلڤادۆر... بە ڕێبەرایەتی جۆراوجۆری: نیشتمانی، چینایەتی، مەزهەبی. تەقەی تفەنگی پارتیزانەکانیان دێ. ئێستاش لە زۆربەی وڵاتە دواخراوەکان بە لایەنی کەم، لایەکی سیاسی هەیە ئاڵای سوورهەڵگری شۆڕشی درێژخایەن‌و گروپی واش هەن، پێنج کەللە سەری: (مارکس، ئینگلس، لینین، ستالین‌و ماو)یان کردۆتە دروشمی دڵسۆزی بۆ خەباتی چەکدارانەی درێژخایەن. ئامادەش نین لایەنی کەمی ئەو تاوانانەش بسەلمێنن کە لەسەر ستالین سەلمێندراون یان ئامادە نین گوێش لەوە بگرن لە چیندا هەڵە هەیە واتە: دڵسۆزی هەندێ گروپ بۆ شۆڕشی درێژخایەنی چەکدار ئەندێشەی دۆگماتیزمانەی هەیەو بەهیچ کلۆجێک ئامادە نین گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕە ئابووری‌و کۆمەلایەتی، سیاسی‌و عەسکەرییەکان لەبەرچاوی چاوگێڕانەوە بە ڕابردوو بگێڕن‌و ئەو کارکردنە کاریگەرانە نابینن کە گۆڕانکارییەکان لەسەر شۆڕشی درێژخایەنیان داناون.

ویراش، ئەندێشەی ئەم گروپانە بەشێوەی کۆنە چینی و چیڤاریبیەکەی بمانەوێ و نەمانەوێ رژێمەکان زیاتر لە راسترەوەکان حسابیان بۆ دەکەن، سەیریش ئەوەیە حیزبە راسترەوەکان کە بە ناچاری دەشچنە پاڵ خەباتە چەکداریەکان، رژێمە دیکتاتۆرەکان کەمتر لە گروپە چەپەکان حسابیان بۆ دەکەن و لەرووی عەسکەرییەوە بەبێ پێیان دەزانن، پێدەچێ رژێمەکانیش ئاکامی نزیکیان لەوانە بەدرێژایی چەندین ساڵ هاوپەیمانێتی، باشیان بناسن، بۆیە گوێنادەنە ئەوەی بچنە پاڵ شۆڕشی چەکداری، هەربۆیە لە گەرمەی شۆڕشی چەکداریشدا گەرمتریان دەچەوسێننەوە. ئەو بایەخ پێدانەی رژێم بە راسترەوەکان هۆی مێژوویی و سایکۆلۆژیان هەن، لەبەرامبەردا چەپەکان لەناو خەڵکدا بەتایبەتی لەناو لاواندا خۆشەویست دەکات. چونکە هەمیشە دوژمن بەتوندی دژی چ لایەک بێ، ئەولایە زیاتر ریزی دەبێ. ئەمە جگە لەوەی رێبازی شۆڕشی درێژخایەنیش زۆرتر لەگەڵ باری سایکۆلۆژیەتی لاواندا دەسازێ ئەم هۆیەش دوای گۆڕانەکانی تەمەنی شۆڕشی چەکداری ساڵەها رادەگرێ جا کە راستەقینەیی بوون و مانی شۆڕشی درێژخایەن وابێ رووداوە جیهانیەکانیش وا گۆڕابن، دەبێ دوا حوکمی راست لەسەر شۆڕشی چەکداری چۆن بێ؟

پێشەکی دەبێ بزانین کە خەباتی شۆڕشگێڕانە، واتە شۆڕش بە چەمکە چینایەتی و نیشتمانیەکەی لەبەرامبەر زەبری کۆنەپەرستانەی سەرمایەداران و داگیرکەراندا لێبراوترین رێگای سەرکەوتنی کرێکاران و رزگاری گەلانە هەتا ئەورۆژەی ناکۆکی نێوان کاروسەرمایەو گەلی داگیرکراوو داگیرکەر مابێ، ئیمپریالیزم بمێنێ و خوێنمژینی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە درێژەی بدرێتێ، شۆڕش و شۆڕشگێڕێتیش دەستەبەری راستەقینەی سەرکەوتنی چەوساوەکانە بەسەر چەوسێنەراندا، بەتایبەتی بۆ کرێکاران و ئاڵاهەڵگرانی شۆڕشگێڕان.

شۆڕش و شۆڕشی چەکداری درێژخایەن، هەتا هەتایە گرێنەدراون و مەرج نیە تەواوکەری یەکدی بن، شۆڕش چەمکێکی سیاسی فروان و بەرینی هەیە ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتیش لەناو بازنەی توندو تیژیشدا پێچەوانەی ریفۆرم و لیبرالیزم هەڵدەسورێن.

پەندو دەرسەکانی مێژوو وا تۆمارکراون کەوا هەردەم چەوساوەکان هەوڵیانداوە لەبەرامبەر چەوسێنەرە دەسەلاتدارەکاندا سەرکەوتووترین رێگای بەرهەڵستی و سەرفرازی بگرنەبەر بەکەمترین زیان و لەکورترین کاتدا، دوژمن بەچۆکدا بهێنن.

کورتیەکەی شۆڕش: سەری شۆڕشگێڕانە لەئاسن‌دانی دوژمن نیە، بەڵکو جۆشدانی کورەی ئاگری قینی پیرۆزی خەڵکە بۆ تواندنەوەی ئاسنی دەسەڵاتی دوژمن، دوژمنی چینایەتی یان هی نەتەوایەتی بێ.

کۆن کە جووتیاران بزوێنەری بزووتنەوەی شۆڕشی چەکدارانە بوون ئێستا وانەماون، جاران کە بەشێکی بۆرژوا لەریزی خەباتی نیشتمانیدا بوون، ئێستا پێچەوانەن. باری تەکنۆلۆژیاو سیاسەتی نێودەوڵەتانیش بەهۆی تەکنیکی باڵاوە گۆڕانی سەیری بەسەردا هاتووە، واتە نەک هەر کۆمەڵ، بگرە سروشتیش گۆڕاوە. بەزۆریش گۆڕانی سروشت لە قازانجی رژێمەکان‌و شۆڕشی چەواشەدایە.

چۆن... کۆن بەسەزارەها کرێکاری ئازا، ١٠ ساڵ کەمتری تەدەوبست جادەیەکی هەزار کیلۆمەتری پان‌و پۆڕ تەخت بکا هەتا بتواندرێ کامیۆنی بارو کاروانی عەسکەری گەورەی پێدا تێپەڕێ. ئێستا بەدەیان بلدۆزەرو بەدەنەمێت‌و بە کرێکارێکی کەم‌و لەماوەیەکی کەمیشدا لە شوێنە سەختەکانیشدا دەتواندرێ جادە بەسەر دژوارترین کێودا تەخت بکرێ‌و کاروانی عەسکەری گەورەشی پێدابیردرێ.

سەرخستنی جادە بەسەر شاخی کورەک‌و سەرتیزو گەلی عەلی بەگ‌و دەوروبەریاندا، تەرازووی هێزی جەنگینی لەنێوان دوژمن‌و شۆڕشی ئەیلوولدا بە قازانجی لەشکرکێشی دوژمن گۆڕی. چونکە تانک‌و زرێپۆش‌و سەدان تۆپی قورس‌و هەزاران سەربازو پێویستیە جەنگی‌و لۆجستیکیەکانی جەنگ، بەئاسانی دەگەیەندرانە شەرگەکان. بەڵام شۆڕش نەیدەتوانی لەماوەیەکی زۆردا نیوەی ئەو هێزەش کۆبکاتەوە کە بۆ بەرسنگ لێگرتنی هێزی هێرش‌کەری داگیرکەر پێویست بوو.

جگەلە نابەرامبەری چەکە قورسە مەیدانیەکان، فرۆکەی جەنگینیش کە

کوشندەترین چەکی خێرای سەردەمەکەیە بۆ جەنگی بەرەیی‌و دوورەدەستی مەیدانی، وا پێشخراوە لە تەڕو تووشترین کەشداو لە تەم‌و مژو تاریکەشەوی ئەنگوستەچاویشدا، چوار وەرزە بۆمبای مەرگچێن هەر دەبارێنن.

پێشکەوتنی پیشەسازی، تۆپۆگرافیەتی دژواری، سروشتی گۆڕیوەو گۆڕینی سروشتیش لەشکرکێشی مەیسەرتر کردووە. ئەمەش شوێن‌و شاخی لەگرتن نەهاتووی بەدەست پارتیزان‌و هێزی چەکداری ئۆپۆزیسیۆنەوە لە هەندێ شوێنی ولاٌتاندا لە هەندێکی دیکەشدا هەر نەهێشتووە. (وەکو: فەلەستین‌و کوردستانی بەشی تورکیاو کوردستانی بەشی ئێران) واتە بەهۆی گۆڕینی تۆپۆگرافیەتەوە پارتیزانەکان، قولأیی ستراتیژی، پاشەکشە، مانۆر، دەرفەتی خۆشاردنەوە، پاراستنی بنکە، حەسانەوەی تەنگەبەرکردوون‌و دڵنیا بوون لە بارەگای سەرکردایەتیەکەی، ڕاگەیاندنەکەی، نەخۆشخانەکەی، دەبۆی ئازوقەو تەقەمەنیەکەی... نەهێشتوون.

پارتیزان بەشێوەیەکی کاتیش بنکەو بارەگاش دابمەزرێنێ، هەمیشە مەترسی گەورەی تۆپی دوورهاوێژو فڕۆکەی تیژڕەوی لەسەرە... ئەمانە جگە لەوەی هێزێکی زۆری پێشمەرگەیش دەبێ بۆ پاراستنی ئەو بنکەو بارەگایانە بەتایبەتی سەرەکیەکان، کۆبکرێنەوە. کردنی کاری واش لەسەر حسابی پرنسیپی پارتیزانە. هەر ئەمەش بەناچاری پارتیزانەکان بۆ شەڕی بەرەیی فروان‌و ناوەخت ڕادەکێشێ، کە دوورە لە نەخشەی جەنگی پارتیزانی‌و جووتە لەتەک نەخشەی شۆڕشی چەواشەدا.

ئەگەر پارتیزانەکان هاوسنووری ولاٌتێکی دۆست نەبن لەبەرامبەر دوژمنی بالأدەستدا، زۆر دژوارە بتوانن بەچەکی باشیش بە پێشمەرگەی ئازاو زۆریش بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دژی چەکی قورسی دوژمن‌و شالأوی پەیتا پەیتای لەشکرەکانی، بۆردومانی فڕۆکەکانی، تۆپبارانی تۆپەکانی، خۆیان لەبنکە هەمیشەییەکانیاندا بگرن. بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا دوژمن جگە لەمیلیتاریستەکردنی ناوچەکانی پارتیزان، سەرباری ئابلوقەی عەسکەری، گەمارۆی ئابووری ناوچەکانی پارتیزان دەدات‌و کێڵگەو خەرمانیش دەسوتێنێ، برسیتیش بۆ پێشمەرگەو خەڵک لەگەرمەی جەنگ‌و ئاگربارانیدا پشتشکێنە. ئەوە سەبارەت شۆڕشی بێ‌بشتیوان، کەم‌توانا، بێ‌چەک‌و هێزی لاواز گومانی تێدانیە وایە. بەلأم لە ولاٌتانی سەرکوتکەردا چەکی تەکنۆلۆژیا واگەشەی کردووە

تەنانەت شۆڕشە بەهێزو خاوەن پشتیوانە گەورەکانی جیهانیش خۆیان ناگرن.

شۆڕشی فەلەستین:

فڕۆکە نەبێ، وێڕای لەهەزاران هەزار جۆر چەکی سوک، تۆپی قورس‌و زرێپۆش، تانک، تۆپی‌دوورهاوێژ، راجیمە، کاتیوشا، فەدافەندو دەیان هەزار جەنگاوەرو یارمەتی سەدان ملیۆن دۆلار... کەچی یەک پەلە لەخاکی فەلەستین‌و بنکەیەکی شۆڕشیان لەناو نیشتمانی داگیرکراویاندا نییە. بەڵکو تاکە مەفرەزەیەکیشیان ناتوانێت شەوێکیش لەناو خاکی فەلەستیندا خۆی رابگرێ‌و ئیسرائیل هەر کەپێیزانی دەیفەوتێنێ. چونکە ئیسرائیل لە شۆڕشەکە ئێجگار بەهێزترەو شوێن‌و شاخ نەماوە کۆنترۆڵی نەکردبێ. شاخ نەماوە جادەی بۆ نەبردبێ‌و لەشکرەکەشیان بەنوێ‌چەشنترین شۆڕشی چەواشە مەشق دراون.

کەمبۆجیا:

بەرهەڵستکارانی، خاوەن ئەزموونێکی زۆری جەنگی پارتیزانین، لەچەندین دەوڵەتی زلیشەوە پشتیوانی گەورەش دەکرێن. کەچی ناتوانن لەناو قوڵایی ولاتەکەیاندا وەمێنن‌و بەهەر سێ هێزە سەرەکییەکانیانەوە (پۆلپۆتەکان، سونسانیەکان‌و سیهانۆکیەکان) لەسەر سنووری تایلاند.

پۆلیساریۆ:

لەبەرامبەر رژێمێکی لاوازی وەکو مەغریبیش پشتیوانیەکی گەورەشیان هەیەو حکومەتی کاتیشیان دامەزراندووە... بەناچاری بنکە سەرەکییەکانیان لەناو جەزائیردایە.

کوردستان:

لەهەموو پارچەکانیدا، تاکە بنکەیەکی نییە بپارێزێ‌و هەریەشێکی کەوتۆتە ناو سنووری دەوڵەتێکەوە.*

هەڵبەتە لەهەندێ مەڵبەندی دیکەی جیهاندا پارتیزانەکان کەم‌و زۆر بنکەو بارەگای پارێزراویان هەیە، وەکو: ئەریتیریا، فیلیپین‌و سلڤادۆر. جگە لەوەی ئەو رژێمانەی شۆڕشیان لەو وڵاتانەدا دژ کراون، لەڕووی ئابوورییەوە لاوازو لەباری

---

* ئەم بۆچوونە هی دوای ئەنفالەکانە کە تاقە بنکەیەکی ئاشکرا لە کوردستانی بەشی عێراقدا نەمایەوە.

عەسکەریشەوە کەمهێزن‌و بەزۆری لەبەر گرنگی جوگرافی-سیاسی (ژیۆپۆلیتیک)ی ناوچەکانیان لەلایەن زلهێزەکانەوە پشتیوانی دەکرێن، سەرەڕای لاوازی ئابوری‌و عەسکەری ئەو ڕژێمانەش، کەچی لە فیلیپین‌دا ۳۱ ساڵ‌و لە ئەریتیریا ۲۹ ساڵە جەنگی پارتیزانی‌و جەنگی بزووت بەولاوە، شۆڕشەکان بەرەو باقی قۆناخەکانی شۆڕشی درێژخایەن پەرە پێنەدراوە، واتە ئێستاش لە جەنگی بەرگری (سلبی) دان . ئەم جۆرە بەرگریە بۆ شۆڕشی درێژخایەن لەو هەموو ساڵە دوورو درێژەدا، ئەگەر شۆڕشەکان بەچاکی نەگەیەندرێنە قۆناخی هێرشی ستراتیژی یان بەهۆی کاریگەری شۆڕشەکەوە، زەمینەی ڕاپەڕینی شارەکان نەڕەخسێندرێن مانەوەی شۆڕش لەو دۆخەی فیلیپین‌و ئەریتیریا شێوەیەکی بەبن‌بەست گەیشتنی عەسکەریە دیارە ئەمەش کارێکی سیاسی-سایکۆلۆژی ناڵەبار دەکاتە سەر هەست‌و هەڵوێستی جەماوەر. چونکە شۆڕشی درێژخایەن لە ڕێی لاوازکردنی دوژمنەوە دەبێ بەرەبەرە ورەی جەماوەر بەرزو فراوانتر بکات‌و بشیان گەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتن. هەر شۆڕشێکی درێژخایەن لە ساڵانی دوورو درێژدا ئەمەی پێ نەکرا دەکەوێتە خۆخواردنەوەو پاشەکشە. مەگەر ئاڵوگۆڕێکی گەورە لەوپاشەکشەو بنبەستە عەسکەریە دەرباز بکات*.

سلڤادۆر دۆخی هەتا ئێستا لەبارترەو بەزۆریش پێشبینی ئەوەی لێدەکرێ ڕاپەڕینی شارەکان، وەکو نیکاراگرا تاچی سەرکەوتن لەسەر شۆڕشەکە بنێ (ئەگەر سەرکەوێ) ئەگینا جەنگی پارتیزانیەکەی دژوار دێتە بەرچاو ڕژێم شار بە شار ڕاماڵێ‌و پایتەختەکە ڕزگار بکات.

بۆئەوەی باشتر دۆخی فیلیپین‌و ئەریتیریاش بزانین. واپێویستە ڕووداوی سیاسی هەردوو دەوڵەتەکە باس بکرێن. لە ئەریتیریادا کودەتای گەورە کراوەو ڕژێمی کۆنەپەرستی هیلاسی‌لاسی بە ڕژێمی مەنگیستۆ ماریام گۆڕاو باری سیاسی سەراپای وڵاتەکە هەڵتەکا. کەچی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەریتیریا لەناو بازنەی بەرگری‌و بەرەنگاری، هەڵمەت‌و هەڵێی پارتیزاندا دەخولێتەوە. ئەوەندەی ڕژێمی مەنگیستۆش لافی سۆسیالیستی لێدەداو شورەویش پشتیوانی لێدەکرد، بزوتنەوە چەکداریەکە مەودای سەرکەوتنیان تەسک‌ترو لەبەرامبەر چەکە

---

*شۆڕشی ئەریتیریا بەهۆی کودەتاو ڕاپەڕینی ناو ئەسیوپیا، سەرکەوت‌و خەریکە دەوڵەتی سەربەخۆش دەچەسپێ.

قورسەکانی ڕژێمدا زیانی زۆریان وێدەکەوێ. تەنانەت لە کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی کۆنیان وازیان هێناوە.

لە فیلیپیندا:

سەرئەنجامی فشاری جەماوەری ناو شارەکان ڕژێمی دیکتاتۆرێکی گەورەی سەردەم (مارکۆس) ڕووخێندراو وڵاتبەدەریش کرا. خێزانی (ئەکینۆ) کە مێردەکەی بەدەستی پیاوکوژانی مارکۆس لەسەر ئازادی کوژرا بوو، هەڵبژێردرا بۆ سەرۆک کۆماری فیلیپین جۆرەها مانگرتن، خۆپیشاندان، کودەتاو گرفتی قوڵی دیکەش لەچارەکە سەدەی ڕابردوودا ڕوویانداوە داوە کەچی شۆڕشی درێژخایەنی حیزبی کۆمۆنیستو موسڵمانەکانی ئەوێ، لە دورگەی دوورەدەستو جەنگەڵو چیاوچۆڵەکاندا تەپەیان دێ. ڕەنگ بوو حیزبی کۆمۆنیست ستراتیژی خۆی گۆڕیبا، بایەخی بە ڕاپەڕینی شار بە سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانە دابا، ئێستا گۆڕانی گەورەی هێنابایەتەدیو دووریش نەبوو سەرکەوتبان،

لەمێژووشدا... دوو ڕێکەوتی مێژوویی ناکۆک، لەیەک وڵات هاتوونەدی. گرنگی لەدایکبوونی جەنگی پارتیزانیو پێویستی ئاشبەتاڵ پێکردنی هەمان جەنگ لە هەلومەرجی گۆڕدراودا.

ئیسپانیا وەکو لەسەرەتاوە گوتراوە یەکەمین وڵاتی سەرزەمینە کە لەشکری وڵاتەکەیان بەرگری لەشکری ناپلیۆنی نەگرت، جەنگی بەرەیان بە جەنگی پارتیزانی گۆڕیو باش ساڵەهای ئەم جەنگە پارتیزانیە سەرکەوتن. بەمەدا ئیسپانیا بوو بە مامانی لەدایکبوونی جەنگی پارتیزانی سەرکەوتووی مێژوو. کەچی پاش سەدو سی ساڵ ۱۸۰۹-۱۹۳۹ هەمان وڵات دەبێتە مەڵبەندی گەورەترین جەنگی ناوخۆی جیهانو لەسەرانسەری جیهانیشەوە ئازادیخوازان بەهانای کۆماریخوازەکانەوە دژی فەلانژیستەکان دەچن: چەکیان بۆ هەڵدەگرن، پارمەتیان بۆ دەنێرن، چی بە کۆمینترنو ئازادیخوازان کرابێ درێغیان بەرامبەر ناکەن... وێڕاش لەبەر ئەوەی زەمانو زەمینەی جەنگی پارتیزانی گۆڕا بوون، هەمان جەنگی پارتیزانی کە بە ڕێبەرایەتی دواکەوتوو پێش لە ۱۳۰ ساڵ بەبێ پشتیوانی سەردەکەوێ، دوای ئەوە بە ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستیشو پشتیوانی زۆربەی جیهان دوای ۱۲ ساڵ جەنگینی بەردەوام، ئاشبەتاڵی پێدەکرێ. (ئینریکۆلستی) ڕێبەرێکی بەرجەستەی جەنگە پارتیزانە بەزیوەکان لەم بارەوە دەڵێ: «ئەزمونی ئیسپانیا دەریخست کە پێکەوە دەست پێکردنی خەباتی

چەکداری لەلادێداو خەباتێکی چڕ لەشاراندا کە هاوکات شێوەی یاسایی‌و نا ئاسایی خەبات بگرێتەوە دژوارە، تەنیا مەگەر قەیرانێکی شۆڕشگێڕانەی ورد لەئارادا بێ، لە ولاتێک رژێمەکەی هێزی سەرکوتی گەورەو هێڵی هاتوچۆی ئاسانی گواستنەوەو دابەشکردنی هێزەکانی هەبێ، لەکاتێکدا دۆخی گشتی شۆڕشگێڕانە لاواز یان هەر نەبێ، گرانە جەنگی پارتیزانی درێژخایەن بەرپا بکرێ «<۳۰>.

ڕێبەری ناوبراو ئەو دیاردە عەسکەری، سیاسی تۆپۆگرافیە دەکاتە ئەم ئاکامە: «دووەمین دەرس کە فێری بووین- یسپانیاش لەمی دیکە جیاواز نیە ئەوەیە کە پێویستە ڕێبەرانی بزووتنەوەی بەرەنگاری بتوانن جەنگی پارتیزانی لەماوەیەکی کەمدا رایگرن‌و چارۆکەکانیان بپێچنەوە پێش تێپەڕبوونی کات، ئەگەر بزیان دەرکەوت باشترین ئامراز نیبەو دەشبێتە مایەی لەبەرڕیشتنی پێشرەوی شۆڕشگێڕو تێکشکانی <۳۱>».

ئەوەیە گۆڕانی دیاردەکان، ئەوەیە نەمانی هەلومەرجی کۆن‌و سەرهەڵدانی هەلومەرجی نوێ، ئێستاش لە ئیسپانیادا کێشەی نەتەوایەتی چارەسەرنەکراوی (باسکەکان) ماوە. وێڕای بڕوای ڕێبەرانی گەلی باسک بە خەباتی چەکدارانە، بەلاّم لەبەرئەوەی باسکەکان لەچاو نەتەوەی سەردەستی ئیسپانیا کەمترن ڕووپێوی خاکەکەشیان تەسکترە، دوژمنەکەیان زۆر زۆر بەتوانایە، ڕێگاو بان گەیاندراوەتە دوورترین‌و سەختترین شوێن، باسکەکان شێوەی شۆڕشی درێژخایەنیان نەگرتۆتەبەرو شێوەی چالاکی تیرۆری ناو شارەکانیان هەڵبژاردووە وەکو گەلی ئیرلەندا، چونکە دڵنیان جەنگی پارتیزانی‌و شۆڕشی درێژخایەن لەم سەردەمەدا دژی رژێمی سەرمایەداری خاوەن پیشەسازی گەورە، ستەمە سەربخرێ.

ئەگەر کۆن لەبەرامبەر رژێمە لاوازەکاندا بە پشتیوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر، شۆڕشی درێژخایەن دەستەبەرێکی باشی رزگاری گەلانی ژێردەستە بووبێ، ئەوا لەم قۆناخەدا بەتایبەتی لەم پایە ئابووری‌و پلە پێشکەوتووەی رژێم‌و هێزو تەکنۆلۆژییاندا کە لە حەفتاکان بەدواوە بناغەکەی داڕێژراوەو لە هەشتاکانیشەوە چەسپاوە، ئیدی لەبەرامبەر رژێمە بەهێزەکاندا

<۳۰، ۳۱> الماركسية و حرب العصابات. ترجمة ابراهيم العابد و ماهر الكيالي. المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت،ص:۱۱۱.

نەکردنی شۆڕشی درێژخایەن دەستەبەری دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤی رزگاری تازەیە، هەر جۆرە سووربوونێک لەسەر شۆڕشی درێژخایەن بەتایبەتی وەکو یاسای نەگۆڕی رزگاری، خوێنی میللەت لە دەنگدا کوتان بەولاوە چیدیکە نییە.

> جەنگی پارتیزانی... پاشەکشەی تیۆری و پراکتیکی لەبەرامبەر خەملینی خەباتی شۆڕشگێڕانەی نوێدا کردو قۆناخی ئەوە داهاتووە ئەم جەنگە کۆنە تەنیا لە خزمەتی شۆڕشی دیکەدا (ئەویش ئەگەر پێویست بکات) وەکو رێبازێکی فاکتەر، یارمەتیدەر... بگیرێتەبەر.
>
> پارتیزانی... بەشانازییەوە شانازی مێژوویی خۆی، هەتا ئەوکاتەی کە بارودۆخی سەرکەوتنی هەبوو، دژی ستەمکاران تۆمار کردو ئامرازێکی داگیرکەران هەراسانکەر بوو، پێویستە تیۆرسیۆنەکانی جێگەی رێزو ستایشی شۆڕشگێڕە راستگۆکان بن بەتایبەتی هەتا ئەو شوێنەی پێوەندی بەم رێبازە هەیە، ئیتر ئەستێرەی پارتیزانی وەکو یاسای رزگاری داچۆڕا.

٢/٧- راپەڕینی شارەکان (رێبازی دووەم)

ئەوەتای شاران ئاوەدان کراوون و کۆمەلانی خەلکی تێدا بەکۆمەل ژیاون، بەحوکمی جیاوازی باری کۆمەلایەتی، زەنگین و زیڤار، کۆشکی گەورەو خانووچکەی پەڕپووت، گرانی و قاتی، زولم و زۆر، دزی و جەردەیی... تاد. ئەو شارانە هەردەم شوێنی نارەزایی دەربڕینی شارنشینان بوون و راپەڕین و خۆپیشاندان و مانگرتنی شارەکان، لەدیاردە سۆسیۆلۆژییەکانی شارستانیەت بوون.

دوورنییە لە قۆناخی کۆیلەیەتیدا کە چەک و ئامرازەکانی جەنگین بەهۆی نزمی پیشەسازییەوە کەم بوون و ئەوەی هەشبوون، زۆرتر بەدەست دەولەتان و خاوەن کۆیلەکانەوە بووە، بۆیە دوورنییە هەر ئەوسا وردە نارەزایی ستەمدیدەکان، بەتایبەتی لەکۆتایی قۆناخی کۆیلایەتیدا لەشارەکاندا نەتەقیبێتەوە. خەلکی شارو شارۆچکەکان پەنایان نەبردبێتە بەر بەردو قۆچەقانی و کوتەک و دارو مەشخەل، سوتاندنی مال و حالی دەولەمەندان، کەتنپێکردنی بەدزی زالمان، چونکە سروشتی

مرۆڤ وا هەڵکەوتووە کە لەپێناوی بەرگری لەخۆیو ژیانی کەسوکاری، کەتەنگاو کرا، هەرچیەک بکەوێتە دەستی پێدەداتیو دەیکاتە چەکی بەرگریو هێرشیش. بۆیە بەرد، یەکەمین تۆپی دوورهاوێژی ستەم دیدەکانە بەرامبەر ستەمکارەکانی، دیارە شەڕی دەستەویەخە دژی شمشێرو قەڵغان بەدەستان، شەڕی خۆبەزین بووە. هەربۆیە بەرد وەکو چەکی بەرهەمهێندراوی کارگەی سروشت لە جەنگیندا هاوخەمی هەزاران بوو.

پاش پەرەسەندنی شارەکانو ئاپوورەبوونی دانیشتوانی، زۆربوونی کۆڵانو خانووبەرەی ڕێگاو شەقامی بەتایبەتی لەسەردەمی پەرەسەندنی بازرگانی بەدواوە، ئیدی ناڕەزایی‌و خۆپیشاندانو پەلاماری شارنیشان تەکانی داوەو خەڵک سەربانو کۆڵانە تەنگەبەرەکانیان کردۆتە سەنگەری بەرگریو شێوەی بەرسنگ لەدوژمن گرتن پێشخراوەو گەیاندراوەتە ڕادەی ڕژاندنی ئاوی کوڵاوو هەڵڕشتنی ئاگر لەسەربانو پەنجەرەکانەوە. فڕاندنو کوشتنی حەسحەسەکانیش لە کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا هەتا ئێستاش هەیە، بەمەشدا کە ناڕەزایی دەربڕینی هێمنانە سەرکوتکراوەو داخوازی خەڵک دابین‌نەکراوە، ناڕەزاییەکەی پەرەیسەندووە بۆ چالاکی توندترو کوشتو کوشتار.

کە سەرمایەداری سەریهەڵداو چەسپا جگە لەوەی کارگەو کارخانەکان نوێترین چینی چەوساوەیان بە کۆکراوی بەستەوە بەسەرچاوەی ئامرازەکانی نوێی ژیان، ئەم سیستەمە ڕەوتی کۆمەڵو ژیانی کۆمەڵایەتی، شێوەی شارو شارستانیەت، بیری خەڵکو ئەندێشەی تیۆری، فەلسەفیو زانستی، ڕۆشنبیریو ڕۆشنگەریشی سەراپا گۆڕیو گوڕی ئازادیو سەربەستی، دیموکراسیو بەختەوەری خستە گیانی خەڵک، ئەمەش جگەلەوەی لە چەمکە عەسکەرییەکانیشدا ڕەنگیدایەوە، خەباتی چینایەتیو کۆمەڵایەتی زەحمەتکێشی فراوانی خەڵکی تێکەڵاو کرد. چەوساوەو چەوسێنەری خستە دوو بەرەی هەتاسەر لێکدابڕاوی بۆتەی خەبات، کارگەکان بوون بە جۆشەنی جۆشدانی تێکۆشانی کرێکارانو خەڵک. هەر هێندەی دەرەبەگایەتی ئاوابوو، پێوەندی سەرمایەدارو کرێکار تێکچوو، تێکچوونەکە نەشونمای کردو بەرەبەرە قوڵتر بوو گەیشتە ناڕەزایی، مانگرتن، خۆپیشاندانو دواجاریش ڕاپەڕین.

ئەمە ڕەوتی دیالێکتیکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیە. بێزاری چینایەتی ئەگەر دڵۆپ دڵۆپیش پەنگ بخوات، ڕۆژێ دادێ لافاوی قینی پیرۆزی لێهەڵدەستێ.

کرێکاران کە دەستی کارفرۆشتنیان گەیشتە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، ئامرازەکانیان کردە باشترین ئامرازی بەدیهێنەری رزگاریش. هەر ئەوسا شارەکان شایەتی راپەڕینی گەورەی خەڵکن کە مارکس پێی دەڵێ: عامیە، واتە: بە -عام- راپەڕینی خەڵک دژی چەوسێنەران.* تێکڕا سەنگەریان گرتووەو شەڕی دەستەویەخەیان کردووەو. بێگومان هاوشانی تەواوی کەرەستەکانی جەنگین (دار، بەرد، ئاگرو ئاسن) چەکیش کەوتە دەستی خەڵک. راپەڕین گەیەندرایە رادەی سەنگەریەندی شارەکانو شەڕی سەنگەر بەسەنگەری کۆن کە بۆرژواکانی دژی ئۆرستۆکراتیەکان لە شەڕی گەورەی فەرەنساو ئۆروپاو ئەمریکادا دەیانکرد، بە میرات بۆ کرێکارانیش مایەوەو بەهەمان شێوە دژی بۆرژواکان دەجەنگان، بێگومان کاتی خۆیشی ئەو شەڕانەی بۆرژواکان دژی ئۆرستۆکراتیەکان دەیانکرد، لەشکرەکانیان هەر لە زەحمەتکێشان پێکدەهێناو ئەوەش مەشقێکی عەسکەری باش بوو بۆ نەوەکانی زەحمەتکێشان. هەڵبەتە پاش ئەوەی درۆی بۆرژواکان بەزەقی دەرکەوت. بۆیە ئەوکرێکارانەی جاران دەکرانە لەشکری بۆرژواکان دژی دەرەبەگەکان، دوای ئەوەی پەرەیانسەندو بوون بە خاوەنی خۆیانو خەباتی سەربەخۆی چینایەتیان، ئیدی وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانە لەهەموو بارێکەوە. تەنانەت لەبارەی جەنگو راپەڕینیشەوە خولقاند، هەر ئەوسا کە بۆیەکەمین جار چەوساوە پەیامی رزگاری شۆڕشگێڕانەی دوای بەدرۆکەوتنی (یەکسانیو برایەتیو ئازادی) بۆرژواکان دایە مرۆڤایەتی، راپەڕینیش وەکو شۆڕشی ناو شارەکان، کاریگەریەکەی دەرکەوت. راپەڕین زوو دەریخست رێبازێکی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانو زەحمەتکێشانە بۆ رزگاریو ئازادی. لەدەیان وڵاتدا راپەڕین سەرمایەدارانی هەژاندو چارەنووسی خستنە مەترسی گەورەوە. سەدان یاسای پێگۆڕین. سەدان شێوەی سیاسەتی پێگرتنەبەر، دەیان دەستکەوتی چینایەتیو پیشەیی لێسەندوون، باری سەختی ژیانی کرێکارانی سووک کردووەو سەعاتی کاری کەم کردوون. هەندێ جاریش سەرکەوتنی گەلێ گەورەی بەدیهێناوە. دەسەڵاتی کۆمۆنەی پاریسو حکومەتی باڤاریای ئەڵمانیا ئۆکتۆبەری روسا بەروبەرهەمی گەورە، بەڵام کەمخایەنی ئەم خەباتەن.

* نەک راپەڕینی تەنیا کرێکاران.

کۆن جۆرە تێکەڵاویەک لەنێوان ڕاپەڕین و سەنگەربەندی ناو شارەکان (عامیە)دا کراوە. هەموو جارێک ئەگەر ڕاپەڕین باش ڕێکخرابێت و کۆمەلانی خەڵکی سەرجەم گرتبێتەوە لەکاتی خۆیدا دەستی پێکردبێ و بڕبڕەی ئابووری ڕژێمەکانی شکاندبێ، سەرەڕای نەبوونی ڕێبەرایەتیەکی هەڵکەوتووی پێویستی سەرخستنی، ڕژێمەکانی خستۆتە پاشەکشەو دەزگاکانی ئابووری و سەرکوتکردنیشی ئیفلیج کردوون. بگرە چەکدارێکی زۆریشی لە سوپاو پۆلیس و گاردی ڕژێمەکان وازپێهێناوەو هاتونەتە ڕیزی ڕاپەڕیوان. هۆی سەرنەکەوتنیشیان ڕێبەرایەتیەکانیان بووە. نەک خودی ڕاپەڕینەکان وەکو شێوەی سەرەکی سەرکەوتن. بەپێچەوانەشەوە کە لە ڕاپەڕیندا نەخشە نەبوو بێ، پەلەکاری زاڵبووبێ، لەکاتی خۆیدا هەڵنەگیرسابێ، زۆرینەی جەماوەری ڕانەکێشابێ، بەناچاری وازلێهێندرابێ و بەسەنگەربەندی ناوشارەکان گۆڕدرابێ و شەڕە تفەنگ جێی تەوژمی ڕاپەڕینی جەماوەری گرتبێتەوە، هەمیشە کە ڕاپەڕین وای بەسەرهێندرابێ دوژمنان ئاسانتر سەرکەوتوون، چونکە لەشەڕە تفەنگدا، دوژمن تفەنگی زۆرترە، لەشکری مەشقپێکراوە، چەکی قورس و تەقەمەنی زۆری هەیە، تۆپ و هاوەن و نارنجۆکی زۆرە، توانای لۆجستیکی و لەشکرکێشی بالایە، بۆیە لەشەڕە تفەنگدا ڕژێمەکان سەرکەوتوون و شۆڕشگێڕەکان ژێرکەوتوون.

لە شەڕە تفەنگی بەرگریدا دوژمن دەتوانێ جۆرەها تۆمەتی وەکو: یاخی بوون، فیتی بێگانە، لەیاسا دەرچوون و لەوبابەتە درۆیانە لەسەر جەنگاوەران لەناو جەماوەردا بلاوبکاتەوە. هەتا ڕادەیەکیش ئەم جەنگە سایکۆلۆژیە لەمێژوودا لەقازانجی سەرمایەداران بووە، بەتایبەتی ئەگەر ڕەوتی بنەڕەتی خەبات بە ڕەوتی لاوەکی گۆڕدرابێ. ئەمە جگە لەوەی شەڕە تفەنگ: تەق وتۆقەکەی، کوشت و کوشتارەکەی، وا لەزۆرینەی جەماوەر دەکات لەماڵی خۆیاندا نەیەنەدەرەوەو ئەرکی بەرگری تەنیا دەکەوێتە سەر تفەنگچیەکان. تفەنگیچیش لەبەر کەمی تفەنگ و کەمی تەقەمەنی، توانای بەرەنگاری ناو شارەکانی کەم بووە. بەمەش‌دا

جۆرە دابڕینێکی عەسکەری لەنێوان شۆڕشگێڕە چەکدارەکانو جەماوەردا دروست دەبێ. تا ئەمەیش تەپکەیەک بوو، شۆڕشگێڕە سەرچڵەکان کەوتوونەتە ناوی.

لە کۆمۆنەی پاریسدا کە ڕاپەڕینو پەلاماردانی چەکدارانە تێکەڵاو بوونو لە قۆناغی یەکەمیدا بە هێرشی گەورە دەستپێکرا. لە هەموو لایەکەوە کۆمۆنەییەکان هەڵیان کوتایە سەر دەزگاکانی ڕژێم. شۆڕشو ڕاپەڕین سەرکەوتو حکومەتی کرێکاران لەپاریسدا دامەزرا بەلاّم دوای سەرکەوتن جگەلە هەڵە سیاسیەکانی شۆڕشەکە کە بلانکیەکان جیاوازی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسیو شۆڕشی سۆسیالیستیان نەدەکرد، جگە لەم هەڵە گەورەیە لە ڕووی عەسکەرییەوە کە شۆڕش پەلاماری خۆی ڕاگرتو هەڵیان نەکوتایە سەر (فەرسای) کە ڕژێمە شکاوەکە کردبوویە مۆڵگای خۆسازدانەوە، دەستیشیان بەسەر بانکدا نەگرتو ستراتیژی بەرهەڵستیان لەبری درێژەپێدانی هێرشو پەلامار، گرتەبەر، ئەم ستراتیژە عەسکەرییە هەڵەی بەرگری لەخۆ نەکردنە (لەبری هێرشی بەردەوام) لەڕووی عەسکەرییەوە کۆمۆنەی خەڵتانی خوێن کرد، دەرکەوت تەنانەت لەکاتی شکاندنو هەڵهاتنی ڕژێمەکانیشدا، ڕاگرتنو درێژەپێدانی هێرش، خۆسازکردن بۆ بەرهەڵستی بەهێزیش، هەڵەیەکی کوشندەیە*. ئەوە بوو کۆمۆنە لەهێرشی چەواشەی شۆڕشی چەواشەدا، ژێرخرا. کە ژێریشیان خست، لە کردەوەکانیان ڕا دیارە مەبەستیان بووە جارێکی دیکە بەو زووانە، یان دەرەنگتر، کۆمۆنەی دیکە دووبارە نەبێتەوە بە هەڵەش نەچوون. ڕاستە نەیانتوانی خەباتی کرێکارانو ڕاپەڕین ڕیشەکێش بکەن، بەلاّم توانیان هەتا ئێستاش سەرکەوتنی سۆشیالیزم دووربخەنەوە باشتواندری پێشبینی زەمانی سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕین لە فەرەنسادا بکرێ! ئەمەیان پێوەندی بە کۆمەڵێ ئاڵوگۆڕی جیهان هەژێنەوە هەیە کە دیاریکردنی کاتەکەی دوورە لە قەڵەمی ئێمەوەمانان. بەلاّم پەند وەرگرتن لەو هەڵە مێژوویانەی بوونەتە هۆی مانەوەی سەرمایەداریو ئیمپریالیزم ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەیە.

---

* هەمان هەڵەکانی کۆمەنە، لە کوردستاندا، لە زەمانو زەمینەی دیکەداو بە ڕێبەرایەتیەکی دیکە دووبات کرانەوەو فاشیەکانی عێراقیش وەکو بۆرژواکانی فەرەنسا توانیان شۆڕشی چەواشە لە بەغداوە سەربخەن.

ئەگەر واشنەکری‌و ئەم هەلومەرجە مێژووییەی لە ولاٚتانی دواخراودا هەڵکەوتوون بە باشترین شێوەی شۆڕشگێڕانە نەقۆزرێتەوە، سەرمایەداری وایان پەرەسەندووە هەروەکو چۆن رژێمە سەرمایەداریە گەورەکان پاش دەوڵەمەندتر بوونی خۆیان‌و قاڵیان لە ئەزموونەکاندا، هەتا ئێستاش خۆیان گرتووە. ئاوەهاش رژێمە ژێردەستەکانی ئێستاش، بەتایبەتی دەوڵەمەندە خاوەن نەوت‌و کەرەسەی خاوی فرەیان دەتوانن بەپشتیوانی ئیمپریالیزم خۆیان بگرن‌و مەترسی راپەڕینی خەڵک دووربخەنەوە.
رووداوەکانی مێژوو فیلمی سینەمایی نین هەتا هەرکاتێ، کام حیزب بیەوێ لە شاشەی هەڵوێستی جەماوەردا بیخاتە نمایش. بڕوای را بەهەڵەچوون‌و بە هەڵە بردنێکی کوشندەیە؛ ئەوەی کۆن لەدەستدراوە، ئێستا پارسەنگ نادرێتەوە. ئەوەی ئێستایش لەدەستبدرێ هەرکاتێ بویسترێ قەرەبوو ناکرێتەوە.

وا مێژوو لەهەلومەرجێکی گۆڕدراودا لەسایەی پێوەندی ئابووری‌و کۆمەلاٚیەتی، سیاسی‌و عەسکەری نوێدا دوای بڕینی چەندین قۆناخ‌و دوای پشت سەرخستنی جۆرەها ئەزموونی گەورەو گچکە، هەروەها دوای تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانەی راپەڕین لەهەندێک شوێن‌و شۆڕشی درێژخایەن لە هەندێک شوێنی دیکەو ژێرکەوتنی جارجارەی هەردوو تاقیکردنەوەکانیش لە زۆر شوێنی جیهاندا وا خەریکە، لەکاتێکدا شۆڕشی درێژخایەنی چەکدارانە وەکو تاکە ستراتیژی رزگاری بایەخی یاسایی نەگۆڕی لەدەستداوە، خۆشبەختانە، رێبازی راپەڕینی بەردەوام دەبێتە دوورنمای سەرکەوتنی کرێکاران‌و گەلان. ئەمەش گەشانەوەی ژیلەمۆی کۆنی خەباتی شارەکانە بە شەماڵی شۆڕشی نوێی سەردەم. بەگیانی نوێ‌و گوڕی نەوەی نوێ.

٣/٧- ناوەرۆکی راپەڕین

وەکو گوترا، راپەڕین‌و راپەڕاندنی خەڵکی شارەکان، رابردوویەکی دێرینەی هەیە، شانازی مێژوویی گەورەی تۆمارکردووە.بەدەرس وەرگرتنیش لە ئەزموونە کۆن‌و نوێکانی راپەڕین لەمەدەمەدا، راپەڕین سیماو ناوەرۆکێکی هاوچەرخانەی

ژیاوەتەوە. هەڵبەتە هێشتا ڕاپەڕینی تازە پێڕەوکراو بەچاکی تیۆریزە نەکراوەو زەحمەتە بنچینەکانی‌و چوارچێوەکانی، چۆنیەتی دەستپێکردنی دەستنیشان بکرێ، بەڵام هێندەی دەرکەوتووەو هێندەش دەتواندرێ پێشبینی بکرێ یان لێکبدرێتەوە، باس‌دەکەین:

ڕاپەڕینی شارەکان بە چەمکە گەورەو گشتیەکەی هەڵقوڵاوی پێوەندیەکانی سەرمایەداری‌و شۆڕشەکانی سەرمایەداریە دژی سیستەمی دەرەبەگایەتی. هەر کە هێزو پێوەندی سەرمایەداری سنووری مانیفاکتەرەکەیان بڕی‌و بنچینەکانی سیستەمی سەرمایەداریان داڕشت ئیدی لەوساوە شار چ وەکو بەرهەمهێنان چ وەکو ناوەندی کۆنترۆڵی سیاسی وڵاتانی سەرمایەداری چ وەکو زاڵی شار نشینەکان بەسەر گوندەکاندا، بوو بە پێشەنگی تەواوی ڕووداوەکان‌و مەڵبەندی تەقینەوەی دیاردە چارەنووس‌سازەکان.

کۆبوونەوەی خەڵک لەشارو یەکدی ناسینیان، ئاشنایەتی‌و تێکەڵاویان، هاموشۆو متمانە بەیەک کردنیان، ژیان‌و ژنواری پێکەوەیان، بڵاوبوونەوەی دەنگ‌و باسی ئاسانی ناویان، هەموو ئەوانە وایکردووە شار پێچەوانەی کۆن لەسەردەمی سەرمایەداریدا زاڵ ببێ بەسەر ژیاندا، ژیانی ئابووری‌و ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ژیانی سیاسی‌و عەسکەریش.

ڕاپەڕینیش... وەکو بەرزترین ڕێبازی خەبات دەستکەوتی گەورەی ئەو سەردەمەیەو لەڕێڕەوی پەرەسەندنی سەردەمی سەرمایەداریشدا بنچینەو چوارچێوە چینایەتی‌و سیاسیەکانی ڕاپەڕین خەملیوە(:).

هەرکە شاران دروستبوون‌و بوونە پێشەنگی گوندەکان‌و کۆمەڵ چیدیکە یاخی بوونی لاوازو پەرتەوازەی جووتیاران‌و گوندەکان، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لەچاو کۆن نەما. هەموو کارێک لە گوندا بەبێ شار، کارە: ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان، کارایی چارەنووس‌سازیان لەدەستداو بەبێ شار چیدیکە نەدەکرا گوندو گوندنشینان جڵەویان بگرنە دەست بۆیە لە شۆڕشە بۆرژوازیە گەورەکانی ئۆروپاو ئەمریکادا کە شاران کەوتنە دەست چینی بۆرژوازی کۆنە شۆڕشگێڕو شارەکانیان کردە سەنگەری بەرهەڵستی‌و هەڵتەکاندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی، دەرەبەگەکان بەو هەموو ئەزموونە کۆنەو ڕق‌و قینەی هەشیان بوو نەیانتوانی ڕێ لە ڕەوتی مێژوو بگۆڕن.

لەسەدەی شازدە شۆڕشی هۆڵەندا، سەدەی حەڤدە دوو شۆڕشی ئینگلستان،

سەدەی هەژدە شۆڕشی ئەمریکا، شایەتی گرنگی شارو راپەڕینی شارنشینانن دژی دەرەبەگایەتی‌و سەرکەوتنە کەم‌وێنەکانیشیان، جیهانی سەراپا گۆڕی

شۆڕشی گەورەی فەرەنسا دوای ئەو شۆڕشانەش کەوت، بەلاّم زیاتر لەوان جیهانی هەژاند. پتریش لەوان کاریکردە سەر رووداوە سیاسی‌و کۆمەلاّیەتیەکانی ئاسیا، رەنگە سێ هۆی مێژوویی ئەو راستیەیان بەرجەشتە کردبێ:

١- کاتێ هۆلەنداو ئینگلستان پاش دۆزینەوەی جوگرافی تازە بوژانەوەو ئابووری‌و بازرگانیان بەهێزتر بوو، هێشتا ئاسیا لەخەوی قوڵی سەدەکانی ناوەڕاستدا پرخەی دەهات. رووداوێکی کۆمەلاّیەتی کە شایەنی باس‌و گۆڕان بێ، رووینەدابوو.

٢- شۆڕشی فەرەنسا هاوکاتی نۆبەرەی پەیدابوونی سەرمایەو سەرمایەداری، پێشکەوتنی بازرگانی، رووداوی کۆمەلاّیەتی‌و سیاسی لە ئاسیادا تەقیەوە.

٣- شۆڕشی فەرەنسا پێچەوانەی شۆڕشەکانی دیکەی بورژوازی، لیبراوانە ئەرکە ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەلاّیەتیەکانی بردەسەرو سازشی لەتەک دەرەبەگ‌و ئۆرستۆکراتە کۆنەپەرستەکان‌دا نەکرد.

دووی هۆی مێژوویی گرنگیش خودی شۆڕشەکەیان وا لێکرد پاش شۆڕشە بورژواییەکانی پێشوتریش بێتە گرنگترین شۆڕشی بورژوایی جیهان:

١- سەرسەختی ئەشرافەکان‌و سووربوونیان لەسەر پاراستنی پایەی دەرەبەگایەتی‌و دژی هەموو جۆرە دەستکەوتپێدان بوون.

٢- ناڕەزایی گەورەی خەڵک‌و دژی بایەخپێدان یاخود جیاوازی چینایەتی بوون. ‹٣٢›

پەیدابوونی سەرمایەداری‌و پەرەسەندنی شارو سەرکەوتنی شۆڕشی بورژوازی شارو راپەڕینی کردە هاوڕێی یەکدی، ئەمەش لەسەراپای جیهاندا رەنگ‌و دەنگیدایەوە. تەنانەت لە ولاّتە دواکەوتووەکانیشدا، خەبات لەپێناوی سەربەخۆیی سیاسی ولاّتانی رۆژهەلاّت باشترین بەڵگەی ئەو راستیە زەقەن، ئەگەرچی لە رۆژهەلاّتدا سەرهەڵدانی ئابووری‌و پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی بە حوکمی پێشتر پێشکەوتنی سەرمایەداری لە رۆژئاواو ناردنی سەرمایەو سەرمایەداری بۆ رۆژهەلاّت زۆر دواکەوت.

‹٣٢› البرسوبول. انقلاب فرانسه (١) مترجم عبدالرحمان صدریه. چاپ سوم، تاریخ نشر ١٣٦٦ ص: ١٦.

> بێگومان ئەو ڕەوتە گۆڕانی بەسەرداهات، بەتایبەتی لەوڵاتە دواخراوەکاندا. شۆڕشی درێژخایەن لە هەلومەرجی خۆیدا گرنگترین ڕەوتی گۆڕدراوی خەباتە لە شارەکانەوە بۆ شاخەکان، وێڕاش شۆڕشی درێژخایەنیش بەبێ شار لەهەموو حاڵەتێکدا هیچی بەهیچ نەکرد.

ئەگەر لەسەرەتای پەیدابوونی سەرمایەداری‌و بایەخ پەیداکردنی شارەکاندا، ڕاپەڕین‌و شۆڕش لە شارەکاندا ڕووداوی چارەنووس‌سازی سیاسی بووبن... پاشان لە قۆناخی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی وڵاتانی ئاسیادا هاوشانی ڕاپەڕین، شۆڕشی درێژخایەنیش ڕۆڵێکی گرنگی لەچەندین وڵاتی داگیرکراودا گێڕابێ. ئەوا ئێستاکە لە سەرجەم ڕووداوەکانی: ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، سیاسی‌و عەسکەری، گۆڕانی قوڵیان بەسەرداهاتووەو سەرژمێری ئێستای خەڵکیش لەسەراپای جیهاندا لە زیادبووندایە.

کۆچ لە گوندەوە بۆشار سیمایەکی دیاری کۆتایی سەدەکەیەو ئەمڕۆ سەرجەم، شارنشین لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوو نیمچە پێشکەوتووەکاندا لەدێ نشینەکان زۆرترن. تەنانەت لە وڵاتانی وەکو عێراقیش وای لێهاتووە. واش چاوەڕوان دەکرێ بۆ ساڵی ۲۰۰۰ دانیشتوانی بەغدا بگاتە ۱۱ ملیۆن کەس. ئەم بایەخ پەیداکردنەی شار لەم هەلومەرجەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا لەباروودۆخێکی گۆڕدراوی جیهاندا، باشتر لەکۆن دیسان شار دەکاتەوە مەڵبەندی چارەنووس‌سازی سیاسی، ئەگەرچی ماوەیەکیش لەهەندێ وڵاتانی ئاسیادا ئەمە گۆڕدرابێ. شاران ئێستا: ئاپوورەو پڕن گەورەو کاریگەرن، کارگەو کرێکارانیان زۆرن، مەڵبەندی ڕۆشنبیری‌و دەنگ‌و باسن، پێوەندیان بە جیهانەوە بەردەوامە، بەپەرەی پشتی دەوڵەتانن، دەنگ‌و باسیان زوو دەگاتە وڵاتان لەناو شارەکانیشدا پایتەخت‌و شارە پیشەسازییەکان بایەخی زۆرتریان هەیە، سیستەمی سیاسی وڵاتیان لەسەر بیناکراوە. بچووکترین ڕووداوی کارایی خۆی هەیە. ئەوانە لایەنی گەشی شارەکانن کە خەڵکانی شۆڕشگێڕ دەتوانن بۆ: کاری ڕێکخراوەیی، پڕۆپاگەندە، چالاکی شۆڕشگێڕانە، بڵاوکردنەوەی بەیان‌و ئەدەبیات، نووسینی سەردیوارو هەڵواسینی پۆستەر، خۆشاردنەوەو شاردنەوەی چاپخانە سودی زۆریان بۆ پەرەپێدانی ڕێبازی شۆڕشگێڕانە لێوەربگرن. دەستیان بگاتە دڵی کارگەکان‌و

گەڕەکە زەحمەتکێشنشینەکان، لەدەوری پێشڕەوی چینایەتیان کۆبکەنەوە.
جگەلەوانە، لەم هەلومەرجەدا شاران لایەنی خراپیشیان هەن‌و پێویستە لەبەرچاو بگیرێن، وەکو: بڵاوبوونەوەی مەیخۆری‌و شوێنی هەوەسبازی، ئۆتۆمۆبیل‌و سەیران‌و سینەماو ڤیدیۆو یانەی جۆراوجۆری وەرزش‌و وازی دیکە، ئەو دیاردانەش جگەلە لایەنی چاکە بۆ مەبەستی خراپەش بەکاردێن. دەسکەوتنی هەموو پێویستیەکی خەڵک‌و زیادکردنی کرێی زەحمەتکێشان. هەموو ئەوانەی لەم سەردەمەدا کراونەتە بەشێکی ژیانی خەڵکەکەو تەنانەت خەڵکی کەم‌تواناش ئێستا بایی هەندێک لە حەزو پێویستیەکانی دابینە بەتایبەتی لەولاتە دەوڵەمەندەکاندا ئەوانەش تێکڕا کەم‌و زۆر کاریان کردۆتە سەر هەستی خەڵک‌و ساردکردنەوەی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیان. جگە لەوانە: ڕژێمەکان هەریەکە لەجیهانبینی خۆیەوە بەپێی ئەو تواناو دەسەلات‌و ئاستەی هەیەتی، هەوڵدەدا بەنوێترین نەخشە، بە تازەترین داوودەزگای تۆڕی شۆڤاری، تەلەفۆن‌و بێتەل، ئەمن، ئیستیخبارات، موخابەرات‌و سوپاو پۆلیسو جاش. کۆنترۆلی پایتەخت‌و شارە گرنگە پیشەسازیەکان‌و ئەوانی دیکەیش بکات، بۆ ئەمەش جگە لەبەکارهێنانی زەبرو زەنگ، پرۆپاگەندەی سایکۆلۆژی ڕووخێنەرو ساردکەرەوەی ڤینی جەماوەریش بەشێکی تەواوکەری نەخشەکانی ڕژێمە. هەموو ئەوانەش پێکەوە چەشنی مۆتەکە هەتا ڕادەیەک کار دەکەنە سەر ورەی خەڵک، بەڵام وێڕای ئەوانەش ڕژێمە فاشیست‌و دیکتاتۆرەکان ناتوانن لەو توانا زیاترەشیان لەبەردەستدابێ هەتا سەر لەپاشەڕۆژیان دڵنیا بن‌و خەڵکیش هەتا هەتایە لەبەر ئەو هۆیانە دەستبەرداری دیموکراسی‌و ئازادی، سەرفرازی‌و سەربەستی ڕاستەقینەیان نابن.

ترس‌و ترساندن کە لەڕادەی خۆی ترازا، دەڕەوێتەوە. خۆشی‌و ڕابواردنیش کە لەسەر حسابی کەرامەتی خەڵک بێ ژیریی دەندرێ. داوودەزگا سەرکوتکەرەکانیش ماوەیەک دەتوانن کۆنترۆلی ڕەقی خەڵک خامۆش بکەن، کە کار لەکار ترازا هێز نیبیج بەرگەی لافاوی ڕقی پیرۆزی بگرێ.
هیچ دیاردەیەک، دەرکەوتەیەکی ژیان بەچاک‌و خراپیەوە، نەگۆڕ نییە. خەڵک ئەگەر لەوپەڕی خۆشی شەخسیدا بژین،

کاتێدادێ هەستی حەزەکانی مرۆڤ لەو خۆشیانەی بۆی هاتوونەتەدی، تێر دەخۆنو هەمان هەست دەگۆڕێ بۆ هەستی نوێ.

پێویستیەکانی گەشەکردنو گۆڕان، لە کۆمەڵی چینایەتیدا وەڵامی باشیش دەرهەق بە ڕۆژگار بدرێنەوە، هەتا ئەو ڕۆژەی خوێنمژینی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە مابێ، وەڵامەکان دەبنەوە پرسیارو بەدوای وەڵامی تازەدا دەگەڕێن، تەنانەت ئەگەر خوێنمژینی مرۆڤیش نەما. هەمان پرۆسە بۆ گەشەکردنی سروشتو ژیانی بەرزتر درێژە دەکێشێ، ئەمە یاسای بابەتیو لۆژیکی مێژووە بەچەشەو خۆشی ڕابواردنو خۆبواردن، ترسو ترساندن، سەرکوتو تۆقاندن، کوشتو کوشتاری شۆڕشی چەواشە، هەرگیز ئەو یاسا بابەتیو لۆژیکە تێکنادرێو یاسایەکی ناڕاستو لۆژیکێکی لاواز جێیان ناگرێتەوە.

لەمەودوا بێ چەندو چوون، ناوەندی خەباتو شۆڕشگێڕێتی گەڕاوەتەوە شارەکان، شارەکانیش هەروەکو گرنگترن لەجاران بۆ ڕاپەڕین، بەڵام ڕاپەڕین بە ناوەڕۆکە کۆنەکەی ناتوانێ لە هەناوی ئێستای شارو لەبەرامبەر نەخشەی نوێی ڕژێمەکاندا بەهەمان ڕەوتی کۆنو کۆنینە، ئامانجەکانی کرێکارانو زەحمەتکێشان بهێنێتەدی، ڕاپەڕینە کۆنەکان بۆ بارودۆخی شارە کۆنەکان، پرۆسەیەکی گونجاو بوو، بۆ شارە پێشکەوتووەکانو لەبەرامبەر ڕژێمە پێشخراوەکانی ئێستاشدا دەبێ ناوەڕۆکی کۆنی ڕاپەڕین لەگەڵ ئەم سەردەمە گەشە پێبدرێ، ڕێکو ڕەوان پێویستە بکرێنە ڕاپەڕینی بەردەوان.

٤/٧- ڕاپەڕینی بەردەوامی ئێران

ڕاپەڕینی بەردەوام (کە شۆڕشە) دەتوانین بە لەدایکبووی کۆتایی هەفتاکانی ئەم سەدەیەی بزانین، ئێرانیش وەکو سەرزەمینێکی گرنگی ڕۆژهەڵات، زایگای ڕاپەڕینی بەردەوامە، دەتواندرێ ئەم ڕاستیانەی لێ هەڵگوزرێ:

١- ڕاستە ڕاپەڕینی ئۆروپا بەتایبەتی شۆڕشی گەورەی فەرەنساو شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەشارەکانەوە تەقینەوەو هەر لەشارەکانیشدا بەتایبەتی لە پایتەختدا سەرکەوتن. بەڵام ئەو شۆڕشانە لەماوەیەکی کورتو بە قوربانیەکی کەمیش سەرکەوتن. کەچی ڕاپەڕینی بەردەوامی ئێران وانەبوو. خاوەن تایبەتمەندی نوێی

خۆیو خەباتی گەلانی ولاتەکەیە کە دەتواندرێ لەم چەند خاڵەدا چڕ بکرێنەوە:
أ) شەش مانگ پتر درێژەی کێشا.
ب) راپەڕیوان چەکیان بەکارنەهێنا.
ج) زیاتر لە شەش هەزار شەهید درا.
د) زۆربەی هەرە زۆری جەماوەر بەشداریان کرد.
٢- راپەڕینەکە وەکو لەدایکبووی گەلانی ئێرانە، خۆشبەختانە دژی رژێمێکی هەرە بەهێزو بێگانەپەرستی رۆژهەلات، لەناونیشتمانێکی چەند میللەتی ٤٠ ملیۆن پتردا بەرپا کراو، لەیەکەمین جارەوە راپەڕینی بەردەوام، قەلایەکی سەختی کۆنەپەرستی رماندو ئەو مەترسیەی نەهێشت کە گوایە رژێمە بەهێزەکان بە راپەڕین ناڕوخێن.
٣- راپەڕینەکە بە شۆڕشی چەکداری درێژخایەن (وەکو: کوباو نیکاراگوا) پێشتر زەمینەی نەڕەخسێندراوە. ئەگەرچی ساڵەهای ساڵیش پێشتر چالاکی پەراگەندەی لەلایەن گروپە چەپەکانەوە دەکران بەڵام ناکرێ چالاکیەکان ناو بندرێن شۆڕشو راپەڕینەکەش لەژێر فشاری ئەو چالاکیانەدا نەتەقیەوە.
٤- مەزهەب لە ئێراندا رۆڵی رۆحی گەورەی گێڕاو لە درێژەکێشانی راپەڕینەکەو ئیفلیج کردنی رۆحیەتی داوودەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی شاهنشایی، ئەگەرچی رۆڵی نیشتمانیو چینایەتیو سیاسیو شارستانیو سایکۆلۆژیش بایی کاریگەری ئەوسایان، هاوشانی مەزهەب گرنگ بوون. بەتایبەتی مانگرتنی کرێکارانی نەوتو باقی کارخانەکان، تەلاری ئابوری رژێمەکەی داڕووخاند. دیارە کرێکارانیش بەزۆری مەزهەب بزوێنەریان بوو. ئەمە راستیەکە نکوڵی هەڵناگرێ.
٥- بەهیچ چەشنێک ئیمپریالیزم نەیدەتوانی دەستی عەسکەری وەرداتە راپەڕینەکە، یان ناو ئێران، هەروەها مانۆڕی سیاسیو کودەتای عەسکەریش وەمو سەردەمی (مسدق) دادی نەدەدان.
٦-لیبڕاوی ڕێبەرایەتی راپەڕینەکە بەبێ هیچ سازشێک هەتا رووخاندنی رژێمی شا. هەروەها زیرەکی ڕێبەرایەتی راپەڕینەکەش لە بەڕێوەبردنی راپەڕیوانو هانیان بۆ بەردەوامی راپەڕین بەبێ هیچ پشوویەک یان دەرفەتدان بە دوژمنەکە مانۆڕی سیاسی بکات. بەبێ ئەوەی راپەڕینەکەش ئاوێتەی خەباتی چەکداری بکەن.
هەتا رادەیەک ئەو خاڵانە، گرنگترین هۆیەکانی سەرکەوتنی راپەڕینی گەلانی ئێران بوون. سەرکەوتنەکەیش ئیمپریالیزمی دووچاری وەحشەت کردو گەورەترین

زیانی ئابووریو سیاسی لەم سەردەمەدا پێگەیاند. ڕاپەڕینەکە هێندە پشتشکێن لەپڕو چاوەڕوان نەکراو بوو سەبارەت بە ئەمریکا، ئەسڵەن نەیانتوانی بیر لە نەخشەیەکی باشیش بۆ کرینەوەی خۆیان بکەنەوە. چونکە پێشتر چاوەڕوانی ڕووداوی وا کاریگەریان نەکردبوو. هەر بۆیە سەرەڕای هەوڵی بێدرێغی ڕژێمی شای بەکرێگیراویان کەوتنە بۆسەی نەپساوەی بەردەوامی ڕاپەڕینەکە.

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی بەردەوامی خەڵکی ئێران، وەکو هەموو شۆڕشەکانی دیکەی پێشوو کرێکاران و میللەتانی جیهان، دەوڵەتانی ئیمپریالیستی کەوتوونەتە توژینەوەی سەرچاوەی کۆمەڵایەتیو ڕاپەڕینەکەو هۆی سەرکەوتنە سیاسیەکەی، ڕەنگە سەدان ڕاپۆرتو لێکۆڵینەوە، هەزاران گوتارو باسیان لەسەر نووسیبێ. بڕیاریان بۆ دابێو نەخشەی چەواشەشیان بۆ کێشابێ بەڵام ئەم قۆناخەش وەکو قۆناخی شۆڕشەکانی پێشوو، ستەمە ئیمپریالیزم بتوانێ وا زوو پیلانو پلانی بەتاڵکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاپەڕینی بەردەوام پیادە بکات ئەگەرچی وەکو شۆڕشەکانی پێشوو لەگەرمەی قۆناخی ڕاپەڕینی بەردەوامیشدا بەهۆی سازشی ڕێبەرانی ڕاستڕەوەوە یان پەلەی ڕێبەرانی بانچەپەوە، ئیمپریالیزم بەداخەوە دەتوانێ هەندێ سەرکەوتن بەدەستبهێنێ بەتایبەتی لەڕێی دەستنیشانکردنی ڕژێمی باشتر، یان پێشکەوتووتر لە ڕژێمە کۆنەپەرستەکان کە خەڵکیان دژ ڕادەپەڕی هەروەها بەلاف لێدانی دیموکراسیو ئازادیو فشار خستنە سەر ڕژێمە دیکتاتۆرەکانو یارمەتی دانیشیان هەتا ئەوانیش فشار لەسەر خەڵک کەم بکەنەوە. هەموو ئەوانە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە دەکرێنو زیاتریش لەو سیاسەتانە پەرەپێبدەن. هەمووشی بۆئەوەی بەرهەڵستی لەبەردەم تەقینەوەی ڕاپەڕینی بەردەوام دابنێنو لەمکاتەدا کە دیاردەی ڕاپەڕینی بەردەوام، دوای بەسەرچوونی شۆڕشی درێژخایەنو بێبایەخ بوونی جیفارستیو تیرۆر خەریکە دەبێتە دیاردەی جیهانی، ئیمپریالیزم گەرمتر سەرقاڵی جۆرەها نەخشەی چەواشەیە. لەم پێناوەشدا ئامادەیە بە سیاسەتەکانیدا بچێتەوە، دەست لە نۆکەرانی هەڵبگرێو دەستکەوتی کۆمەڵایەتیو سیاسی زۆورتریش بۆ میللەتانی دواخراو بهێنێتەدی. بۆ نموونەش: لەپاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی بەردەوامی ئێران، چەندین ڕاپەڕینی دیکە لە جیهاندا ڕوویاندا، هەمووشیان لەناو قەڵەمڕەوی وڵاتانی سەربە ئەمریکا.

لەمانگی شوباتی ١٩٨٦دا لە دوو دەوڵەتی ژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم، لە

هایتی‌و فیلیپین‌دا ڤینی جەماوەر جۆشیخواردو نزیکی پلەی تەقینەوە بوو بوون، لەو دوور ولاٌتەدا، دوو دیکتاتۆری بکوژی ناسراو حوکمیان بەزەبرو زەنگ زیاتر لە ۲۰ ساڵ سەپاندبوو. چار لەبەردەم ئیمپریالیزم نەما، فشار خستنە سەر ئەو دوو دیکتاتۆرە نەبێ بۆ دابینکردنی جۆرێک لە دیموکراسی بۆرژوایانە هەتا ڕقو ڤینی خەڵک پێش کاتی راپەڕین بنیشێتەوە، واشدەرچوو. کە هەڵبژاردنەکە کراو هەردوو دیکتاتۆرەکە دۆڕان تەمایان بوو سەرەڕۆیی بنوێنن‌و مل‌ندەن، بەلاٌم ئەمریکا ڕستی کێشان‌و ژمارەی دوو دیکتاتۆری شکاوی لەمێژوودا زیاد کرد، ڕەنگە لەو دوو ولاٌتەدا پێشڕەوێکی خاوەن متمانە هەبان ئەو هەلەی باش قۆستبایەتەوەو سەرکەوتنێکی مێژوویی هێنابایەتەدی. بەلاٌم نەخشەی چەواشەی دیموکراسی بۆرژوایانەو نەبوونی ئەو پێشڕەوە ئەو هەلانەی لەکیس‌دا.

پێش دوو ساڵ لەهەمان ڕووداو لە پاکستانیشدا ڕوویدایەوەو بەهێنانە سەرکاری (بێنەزیر بۆتۆ) سیناریۆی سیاسەتێکی هەڵمژینی ڤینی جەماوەر جێ‌بەجێ کرا.

لە بۆرمادا راپەڕین ڕژێمی خستە گیروگازی نەمان، بەلاٌم نەبوونی بەرنامەو نەتەقاندنەوەی لە هەڵکەوتی خۆیدا، خەڵکەکەی دلٌسارد کردو چەپڕەوەکانیش زوو پەنایان بردە بەر هەڵهاتن بۆ شاخ‌و جەنگەڵەکان‌و جەنگی پارتیزانی*، ئەمەش بۆخۆی نەخۆشیەکی ترسناکە لەسەرە ناوەڕۆکی راپەڕینی بەردەوام، ڕەنگە لەهەندێ ولاٌتدا وەکو (سلڤادۆر) هێشتا جەنگی پارتیزانی بتوانێ وەکو نیکاراگوا لەناو دۆخی تایبەتی ئەمریکای ناوەندیدا پاڵەپەستۆ بخاتە سەر ناکۆکیەکانی ڕژێم‌و ئاکام راپەڕین لە شارەکاندا بتەقێنێتەوە، بەلاٌم لەکاتی راپەڕین‌دا یان دوای شکانی راپەڕین، جەنگی پارتیزانی نابێتە مایەی سەرکەوتنی راپەڕین یان راگرتنی گیانی بەردەوامی راپەڕین.

لە پەناماشدا بەتاڵکردنەوەی ڕقی خەڵک‌و دوورخستنەوەی راپەڕین بەنەخشەی جۆراوجۆر سەرخرا. ئەمریکا هاوشانی لافی دیموکراسی‌و هەڵبژاردن، لەم باروودۆخەدا کە لەتەک شورەویدا بە گەرمی سەرقاڵی هاوژینی ئاشتیبانەیەو چەندین بەڵێن‌و پەیمانیان بەستووە، لەشکریشی بەردایە ناو پەناماو بەشەڕی

---

* ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە تەنها خەباتی چەکداری بە پاسای نەگۆڕی ڕزگاری دەزانن، دژگەی شۆڕشی چەکدارییە!.

خوێناوی نەخشەکانی جێبەجێ کرد. گومانمان نەبێ کە ئیمپریالیزم نەخشەی نوێی جێبەجێ نەکردووی دیکەشیان هەیەو هەڵیانگرتووە بۆ ڕاپەڕینی بەردەوامی دیکە کە چارەنووسی ڕژێمێکی نۆکەری دیکەیان دەخاتە بەر مەترسی، دووریش نییە لەپاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانەوە دەزگای تایبەتی لە دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بەچەکی تازەوە دانەمەزرابێ‌و هەر ئێستاش سەرگەرمی مەشق پێکردنی هێزی تایبەتی ئەو دەوڵەتانە نەبن کە مەترسی ڕاپەڕینیان لەناودا دەکرێ.

ڕێبازی ڕاپەڕینی بەردەوام دیاردەی شۆڕشگێڕانەی نوێی سەردەمە، دیاردەیەکی شۆڕشگێڕانەش کە لەسەر زەمینەی کۆمەڵایەتی‌و زەمانەی ناکۆکیە نوێکانی سەردەم بووبێتە دووڕیانی کرێکاران‌و میللەتان، تازە وا زوو هەتا بەسەرچوونی دەورانی تەواوی هۆیەکانی سەرهەڵدانی لەناوناپردرێ، ئەوەتانێ دوو ساڵ زیاترە گەلی قارەمانی فەلەستین، بەژمارەیەکی کەمترو لەسەر زەمینێکی تەسکدا لە ڕژێمێکی بەهێزو خاوەن پشتیوانی بێسنوور ڕاپەڕیوون‌و درێژتر لە شۆڕشی ئێرانیش، خەریکی ڕاپەڕینی بەردەوامن.

٥/٧- ڕاپەڕینی بەردەوامی فەلەستین

لەدوای داگیرکردنی نیشتمانی فەلەستین‌و دەرکردنی گەلی فەلەستین لەسەر زەمینی دێرینەی باوو باپیریان، فەلەستینیەکان چەندین جار پەنایان بردۆتە بەر چەک‌و بزووتنەوەی چەکدارانەیان تەقاندۆتەوە. کۆن هەرچەند ڕاسابن، شکێندراوون، لەساڵی ١٩٦٥ بەدواوە شۆڕشی فەلەستین، بەڕێبازێکی نوێ، بە پشتیوانی دەوڵەتە عەرەبیەکان، ئاکامی پەرەسەندنی گیانی ڕزگاری لەناو نەتەوەی عەرەبدا بەرپا کراوە، هەتا دوو ساڵ لەمەوبەر، شۆڕشەکە درێژەی چەکداری کێشاوە. لەناو گەرمەی ساڵانی شۆڕشەکەدا دوو جەنگی گەورە (١٩١٧-١٩٧٢) لەنێوان دەوڵەتانی عەرەب‌و ئیسرائیلدا هەڵگیرساوە. قوربانیەکی کەمرێنە دراوە کەچی شۆڕشی درێژخایەنی فەلەستینیەکان هەتا هەنووکەش دوای ٢٥ ساڵ خەباتی چەکدارانە نەیتوانی نەک خاکی داگیرکراوی فەلەستین ڕزگار بکات، بگرە بستێک خاکیشیان لە فەلەستیندا بەدەستەوە نیە، زیاتریش لەوە لەناو خاکی لوبنانیشدا لە دوو ئۆردوگایان پەستاوون‌و چالاکی پێشمەرگانەیان نوزەی دێ، ئەوەی دەشکرێ خۆکوژیە!

جەنگی پارتیزانیو شۆڕشی درێژخایەنی فەلەستین لەرووی عەسکەرییەوە، گەیشتۆتە بنبەست. ئەم شۆڕشە بەتوانای خۆی، بەنەخشەی ڕێبەرایەتییەکەیو بە چالاکی عەسکەری، ناتوانێ ستراتیژی شۆڕشەکە بەدیبهێنێ. شۆڕشەکە زیاتر بەستراوە بە ناکۆکییەکانی ناوچەکەو پشتی بەتوانا دیپلۆماسیو سیاسیو دارایی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەستووە، لەرووی عەسکەرییەوە بۆتە پاشکۆی رووداوەکانو سەربەخۆیی بڕیاری عەسکەری لەدەستداوە. لەناو خاکی فەلەستیندا ناتوانێ خۆی ڕابگرێ، لە لوبناندا گەورەترین پلانی شۆڕشی چەواشەی لەسەرەو سنووری تەسکیان بۆ داناوە. لەناو دەوڵەتە عەرەبییە هاوسنوورەکانی خاکی فەلەستینیش ڕێگەی نادەن چالاکی بنوێنێ. هەر شۆڕشێکیش بگاتە بنبەستی واو ببێتە پاشکۆی رووداوەکان، ستەمە بتوانێ ئامانجی میللەتەکەی بهێنێتەدی. ئەو گەیشتنە بنبەستەی شۆڕشی درێژخایەنی فەلەستین، ڕێبەرایەتی فەلەستینییەکان لێی بێئاگا نەبوونو ئەوان لە خەڵکی دیکە باشتر توانای خۆیان، دەسەڵاتی خۆیان، هێزی خۆیانو ڕادەی چالاکیو کارایان لەبەرامبەر ئیسرائیلدا دەزانن. هەر بۆیە دەمێکە هاوشانی بوونی شۆڕشەکە، بەتەواوی توانایان خەریکی هاندانی جەماوەری فەلەستینین کە: مانبگرن، خۆپیشاندان بکەنو جۆرەها نارەزایی دەربڕن، ساڵەها ئەو شێوە خەباتەش لەناو فەلەستینی داگیرکراودا لە: قودس، نابلس، غەزە، خەلیل، هەیفاو یافاو ئوردوگا تەلبەند کراوەکانیاندا دەکران. زیانی کاریگەریان دەگەیاندە ئیسرائیلو خۆشیان شەهیدو بریندایان دەدا، بەسەدان دەگیرانو ئەشکەنجەش دەدران بەڵام بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرێتیو گیانی بەرزی خۆڕاگری شۆڕشگێڕێتی لەبەرامبەر دڕندایەتیو نەژادپەرستی ئیسرائیلیەکاندا، هێندە بەرزو بەرزتر ڕادەگیرا، خەڵکەکە هەتا دەهات وورەیان باشتر دەبوو، خۆڕاگرتنی شۆڕشی فەلەستینیش لەبەرامبەر ئەو هەموو نەخشانەی شۆڕشی چەواشەی جۆراوجۆری دەوڵەتە عەرەبیو لایەنە کۆنەپەرستەکانیی دیکەدا قینی فەلەستینیەکانی ئەستوورتر بەرامبەر ئیسرائیل ڕاگرتووە، تەواوی ئەوانە لای خەڵکو ڕێبەرانی شۆڕشەکە مەسەلەی ڕاپەڕینی بەردەوامیان خەملاند. بۆیان دەرکەوت مەحاڵە شۆڕشی فەلەستین سەربگرێو خەڵکەکەی رزگار بکرێ بێ ڕاپەڕینی بەردەوام. وا لەناو خاکی فەلەستیندا زیاتر لەدوو ساڵە ڕاپەڕیوون، ئیسرائیل هەرچیەک دەکات دایمرکێنێتەوە پێی نەکراوە. ڕاپەڕینی بەردەوام بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی فەلەستینیەکانی گەیاندۆتە ئاستێکی جیهانیو

سیاسی و عەسکەری بەرز، دەوڵەتی کاتیان دامەزراند، نەتەوە یەکگرتووەکان دانیان پێدانان. سەفارەتیان لەزۆربەی وڵاتە گرنگەکانی جیهاندا کردۆتەوە. رێبەری شۆرشەکە وەکو سەرۆکی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، راپەڕین شۆرش و گەل و خاک و نەتەوەی عەرەبیشی کرپوەتەوە، وورەی شۆرشگێرانی بوژاندۆتەوە، سیاسەتی سازش و ریسوا کردووە. لەبەر ئەوەی راپەڕینی بەردەوامی فەلەستین، دژی داگیرکەرو لەپێناوی رزگاری گەل و نیشتمانێکی داگیرکراوە. پێویستە بنچینەکانی بزانین، بیکەینە سەرمەشق و مەشقدانی خۆمان و خەڵکەکە.

بەشێوەیەکی گشتی راپەڕینی ئێران و فەلەستین لەسەر پرنسیپی راپەڕینی بەردەوام تەقیونەتەوە. هەردووکیان لەم هەلومەرجەی گەیشتنە بنبەستی شۆرشی درێژخایەن، رێبازی نوێی رزگاری تێکشکاندنی رژێمە دیکتاتۆرەکانیان دارشت. بوون بە ئەڵتەرناتیڤی شۆرشگێرانەی لەمەودوای کرێکاران و میللەتانی چەوساوە، لەپێشدا هی وڵاتانی ژێردەستە، پاش رزگاری چەندین میللەت، رەنگە ئەم شێوە راپەڕینە بشگاتە وڵاتە سەرمایەدارە گەورەکانیش ئەمەش پەیوەستە بەوەی هەتا چەند میللەتانی ژێردەستە دەتوانن تابوری خۆیان لەژێردەسەڵاتی ئیمپریالیزم بەهۆی راپەڕینی بەردەوامەوە رزگار بکەن. بێگومان ئەمەش پێوەندی بەچۆنیەتی چینایەتی رێبەرانی راپەڕینەکانەوە هەیە، بەڵام شۆرشی فەلەستین سەرەرای باسا گشتیەکەی راپەڕینی بەردەوام، خاوەن خەسڵەتی خۆیەتی کە هەڵقوڵاوی شەناوی گەل و خاکی داگیرکراوی فەلەستینە. رەنگە ئەم خەسڵەتانە زۆربەی پێناسەی راپەڕینی بەردەوامی فەلەستین بگرێتەوە:

١- راپەڕینەکە پاش ٢٣ ساڵ لە شۆرشی چەکداری بەرپاکراوە، واتە لە ...نی شۆرشەکەداو لە بنبەست گەیشتنیدا راپەڕینەکە تەقیوەتەوە.

٢- گەلێکی بچووک لەسەر زەمینێکی بچووکدا (پێچەوانەی ئێران) دژی رژێمێکی خاوەن خەڵکێکی زۆرترو زاڵ، راپەڕینەکەی بەرپا کردووە و هەتا ئێستاش هیچ جۆرە بەربەرچدانەوەیەکی عەسکەری و ئابووری و سیاسیش بە پشتیوانی ئەمریکاش لەناوی نەبردووە.

٣- وێرای مانی شۆرشی چەکداری فەلەستین، راپەڕینەکە لەناو خاکی فەلەستیندا تێکەڵاوی خەباتی چەکدارانە نەکراوە.

٤- سەرکردایەتی ناوخۆو دەرەوەی گەلی فەلەستین باشترین هاوکاری یەکتری دەکەن، بگرە هی ناوخۆ بەقسەی دەرەوە دەکات.

٥- ڕاپەڕینەکە پشتیوانییەکی فراوانی هەیە. تەنانەت لەناو دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانیشدا. ئەمە لەناو ئێراندا بەدی نەکرا.
٦- لەڕووی دەرامەتو داراییەوە ڕاپەڕینەکەو ڕاپەڕیوان پەکیان نەکەوتوە.
٧- سەرکردایەتی باڵای ڕاپەڕینەکە لەژێر دەستی دوژمنیدا نییەو سەربەستە لە بڕیارو جموجۆڵی سیاسی (ئێرانیش وابوو)
٨- خەباتی نیشتمانیو هەستی میللی هاندەری، زۆربەی جەماوەری ڕاپەڕینەکەن.
٩- چەکو سەنگەربەندی شەڕەکان هەتا ئێستا بەکارنەهێندراوە بەڵام زەبروزەنگی توندی بەردهاوێشتنو قۆچەقانیو سووتاندنی سەیارەو دەبۆو دارستانو کێڵگەی دوژمن، بگرە بەکارهێنانی چەقۆو کوشتنی سەربازو تاکو تەرای سەهیۆنیو خۆفرۆشانیش پێرەو دەکرێ.
لەم ڕاستیانەش دەتوانین ئەوە هەڵهێنجین کەوا:
أ) ڕاپەڕینی بەردەوام لە بوونو نەبوونی شۆڕشی چەکداریدا نابێ تێکەڵاوی خەباتی چەکداری بکرێو بگۆڕدرێ بە سەنگەربەندی شارەکانو کۆڵانو ماڵان. ئەگەرچی چەکیش بۆ پاراستنی پێویستیەکی ڕاپەڕین یان بۆ کوشتنی خۆفرۆشێک یان بۆ تەرکێکی دیکەی شۆڕشگێرانە پێویست بێ، ئەوا نابێ بەکارهێنانی تفەنگ زاڵ بێ بەسەر ماکی ڕاپەڕینەکە.*
ب) پەنگی ڕقو قینی پیرۆزی جەماوەر بگاتە ڕادەیەک ئامادەبێ لەسەر ڕاپەڕینی بەردەوام، هەتا ئاکامی سەرکەوتن بەردەوام بێت.
ج) سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکە متمانە پێکراو بەتواناو بەناوبانگو لە شوێنی دوورە دەستی دوژمناندا بن.
د) شیرازەیەکی ئایدیۆلۆژی بەهێزو لەشکان نەهاتوو، هاندەری بەردەوامی ڕاپەڕین بێو ڕاستاڵی ڕاپەڕیوان بێ.
هـ) بڕیاری سیاسیو ڕاگەیاندنی ڕێبەرایەتی ڕاپەڕین، بەردەوان بگەیەندرێتە دوا کەسی ڕاپەڕین، لەڕێی ئێزگەو یان بێتەڵو بڵاوکراوەش.
و) پشتیوانی ئاژانسو ڕای گشتی جیهانی باش بۆ ڕاپەڕینەکە دابین بکرێ.
س) ڕێگە بە توندڕەوایەتی بەهەردوو باڵی ڕاستو چەپیەوە نەدرێ. ڕاستەکەیان دڵی خەڵک سارد بکەنەوەو چەپەکانیش گیانی بشێوی بڵاوبکەنەوە.

---

* مخابن، لە ڕاپەڕینی پێرارساڵی عێراقو کوردستاندا، چەک زاڵکرا.

ش) جۆرەها تاکتیک، دروشم، مانۆری سیاسیو دبلۆماسی بگیرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ستراتیژی راپەڕینەکە.
ح) تەواوی ئۆپۆزیسیۆن، حیزبەکان، رێکخراوە پیشەییەکان، کۆڕە رۆشنبیرییەکان، رۆژنامەو گۆڤارەکان، مەزهەبو تەریقەتو کەسایەتییە بەناوبانگەکان، لەدەوری راپەڕینی بەردەوام بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی، شۆڕشگێڕانە کۆبکرێتەوەو پێشڕەوایەتی بکرێن.
راپەڕین، باری سایکۆلۆژی تایبەتی هەیە، دەبێ گەوهەری ئەم بارە سایکۆلۆژیەی جەماوەری راپەڕیو ڕێڕەوی بەردەوامی راپەڕینەکە بپارێزێ‌و پەرەپێبدرێ، کە راپەڕین گۆڕدرا بەشەڕە تفەنگ بێگومان بارە سایکۆلۆژیەکانی جەماوەریش دەگۆڕدرێ‌و چۆنایەتیەکی دیکە بەخۆی دەگرێ.
دوژمنە دیکتاتۆرەکان، زۆریان مەبەستە راپەڕین‌و ڕەپەڕیوان راکێشنە مەیدانی شە تفەنگ. چونکە لەشەڕە تفەنگدا چەند تفەنگ بۆ ڕاپەڕیوان دابین بکرێ، خاوەن جەنگاوەرو سەنگەری تۆکمەش بێ، لەشاری هەڵکەوتووشدا، لە کۆڵانی تەنگەرو سەربانی بەرزیشدا شەڕەکان بکەن، لەم سەردەمەدا، زرێپۆش، فڕۆکە، تۆپ‌و گازی ژاراوی... تاد. دوژمنان بەهێزترن‌و شەڕەکانیش ئاکام دەبەنەوە ڕەنگە ئەوەشی تیا نەمابێ کە شۆڕشگێڕەکان لە ڕێڕەوی درێژەکێشانی شەڕە تفەنگدا کاریکەنە سەر ورەی دەزگا سەرکوتکەرەکان. چونکە سوپا دیکتاتۆرو فاشیەکان، بەشی تایبەتی مەشق پێکراوی دژایەتی کردنی مانگرتن‌و راپەڕینیان هەیە *. پەروەردەی ئایدیۆلۆژیان کردوون‌و گرێی ڕەوشت‌و ئاڵۆزی ویژدانیان تێداچاندوون. مێشک‌و دەماغیان شتوون. هەربۆیە کوشتنی خەڵک لای رژێمە فاشیەکان وەکو ونسکی خواردنەوە وایە.
بە ئەزموونی ئێران‌و فەلەستین‌و ئەو دەوڵەتانەی لەژێر پاڵەپەستۆی جەماوەردان دیکتاتۆرەکانیان لەم چەند ساڵەدا هەڵهاتوون. دەردەکەوێ دەزگا فاشیە سەرکوتکەرەکان لەم هەلومەرجە جیهانیەدا توانای بەکارهێنانی تەواوی توانای خۆیان نەبێ. چونکە سوپای شا بەدرێژایی ٤٠ ساڵ پتر توانی چەندین

---

* شەڕی سەنگەر بەندی ناوشاری سنە کە (کۆمەڵە) لە کوردستانی بەشی ئێراندا کردی، باشترین بەڵگەیە.

بزووتنەوەی چەکدارانە لە ئێران و ئازەربایجان و کوردستان بگرە لە زەفارو بلوجستان پاکستانیشدا سەرکوت بکات، بەڵام نەیتوانی ڕاپەڕینی بەردەوامی گەلانی ئێران دابمرکێنێتەوە.

لەناو شۆڕشی فەلەستینیشدا هەمان ڕاستی زەقتر لە گەرمەی ڕاپەڕینەکەشدا دووبات دەبێتەوە، پاش شۆڕشەکانی پێشوویان لەم شۆڕشەدا فەلەستینیەکان ئەوپەڕی توانای میللەتەکەیان و نیشتمانپەروەرانی عەرەبیان خستۆتە کۆڕی تێکۆشان، ئەزموونێکی عەسکەری قوڵ و توانای عەسکەری گەورەیان هەیە کەچی بەرامبەر ئیسرائیل سەرناکەون، نموونەی شەڕێکی قورس، باشترین بەڵگەی توانای عەسکەری فەلەستینیەکان و شایەتی بێهودەیی خەباتی عەسکەریانە.

سەرەتای مانگی تەمووزی ١٩٨١ نەبەرد لەنێوان فەلەستینەکان بەپشتیوانی دەوڵەتی ...هاو... ئیسرائیلیەکاندا بەتوندی تەقیەوە. پاش وردە بۆردومانی چەند ڕۆژەی هە ...ولا لە (٢٠)ی هەمان مانگدا فەلەستینیەکان لەتۆڵەی بۆردومانی بەردەوامی فڕۆکەکانی دوژمندا چیبیان لەتوانادا بووە خستیانەکار، (٣٣) ئۆردوگای زۆرەملێیان لەناو خاکی فەلەستیندا، (٨٨) جار بەتۆپ و کاتیوشا پەیتا پەیتا کوتا، (١٣٣٠) ڕۆکێتی کاتیوشایان داباراندە سەریان کەچی لەئاکامیشدا (٢) کەسیان کوژران و (٥٩)یش بریندار بوون. ئیسرائیلیش تەنها بە فڕۆکەی جەنگین توانی بنکە گرنگەکانی شۆڕشی فەلەستین لەپایتەختی لوبنان و پردی زنی لیتانی و ناوچەکانی زەهرانی و قاسمیەدا بۆردومان بکات، ئاکام: (١٠٠) پێشمەرگەیان شەهیدو (١٢٠) کەسیشیان بریندار کرد، (٢٠٠) هاوڵاتیش شەهیدو (٨٠٠)یشیان ئەنگاوت. جیاوازییەکی گەلێک زۆرە، شایانی باسە ئەوکاتە شۆڕشی فەلەستین (٣٠٠) تۆپی گەورەو (٢٠٠) ڕاجیمەو ڕۆکێتهاوێژی دووریان هەبووە، ئینجا ئیسرائیل وایشی پێکردووە. چونکە بەهێزتر بوون هەمیشە لە جەنگی مەیدانیدا لەجەنگی بەکارهێنانی چەکی قورس و چەکی چەواشەدا ڕژێمە بەتواناکان دەیبەنەوە، بەڵام لەجەنگی میللەت بەرامبەر ڕژێمەکان... میللەت براوەن.

هەمان دەوڵەتی خاوەن هەزاران فڕۆکە، تانک و تۆپ و چەکی هەمەجۆرەی کوشندە، خاوەن مەشق پێکراوترین سوپای شۆڕشی چەواشە، خاوەن شانازی سەرکەوتنی عەسکەری گەورە لەجەنگی گەورەو لەبەرامبەر پێشمەرگەکانی

فەلەستین‌دا لەبەردەم دەست‌و پەنجەی ناسکی دەروون‌پاک، بەڵام پڕ لە رقی پیرۆزی منداڵانی فەلەستین‌و بەردی خاکی داگیرکراویان‌دا، سوپاکە دۆشی عەسکەری داماوەو چۆکی چەوساندنەوەی چەماوە، سوپاش هەمان سوپای سەرکوتکەر، خاوەن چەک‌و تۆپ‌و تانکی پەرەپێدراوتریش، چونکە هەلومەرجی ڕاپەڕین‌، کاریگەرە نیشتمانی‌و سیاسی‌و سایکۆلۆژی‌و کۆمەڵایەتیەکانی گەلێک جیاوازەو لەسەردەمی ئێستادا کە بیرو ڕای ئۆمانیستی (مرۆڤ‌دۆستی)و دیموکراسی‌و ئازادیخوازی ئەگەر بەدرۆش بێ، تەنانەت ڕژێمە سەرمایەدارەکانیش ناتوانن ڕاستەوخۆ دوژمنایەتی بکەن. بۆیە پێشێلکردنی ئەو درۆیانەش! کە ماڵە لەسەریان، گران لەسەریان دەکەوێ.

٦/٧- بەردەوامی ڕاپەڕینی بەردەوام

ڕاپەڕینەکانی کۆن لەبەرامبەر ڕژێمە کەم ئەزموونەکانی سەرمایەداری، ئەگەرچی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان ڕێبەرایەتی پێشڕەویشیان نەبوو، توانیان ڕژێمەکان لەبنەڕەتەوە بهەژێنن. نزیکیان بخەنەوە لە ڕۆخی ڕوخاندنْ بەڵام ئەو ڕاپەڕینانە، شۆڕشی ئۆکتۆبەری لینەریچیْ باقیان بەو ئەزموونە کەم‌و بەو کەم توانایەی سەرمایەدارانیش، سەرکوت دەکران. لەم هەلومەرجەشدا کە سەرمایەداران ئێجگار پەرەیان سەندووە، وڵاتانی ژێردەسەڵات‌و دەستی خۆشیان بەهێزکردووە، نوێترین ئامرازو شێوازی دامرکاندنی مانگرتن‌و ڕاپەڕینیان لە ڕووی سیاسی‌و پراکتیکەوە داهێناوە.. بۆیە ڕاپەڕین بەناوەرۆکە کۆنەکەی کۆن سەرنەکەوتبێ‌و بەزوویش سەرکوت کرابێ، هەڵبەتە ئێستا ئەگەر کتومت بەهەمان پشووی کۆن ڕاپەڕین بکرێتەوەو بەهێزتریش بێت، دەتواندرێ دابمرکێندرێ، بەتایبەتی ئیمپریالیزم‌و ڕژێمە نۆکەرەکانیان لە وڵاتانی ژێردەستەدا لەم هەلومەرجەدا کە ئۆردوگای سۆسیال بۆرژواکان نابووت بووەو هەلێکی نوێیان دەستکەوتووە وا بەئاسانی لیناگەڕێن ڕێبازێکی وەرچەرخێنی مێژوویی نوێ وا ڕوو بپێتە پێناوی زەحمەتکێشان‌و ڕووخێنەری چەوسێنەران. لەبەر ئەمە کە ئەوڕۆمی خەباتی خەڵک گەیشتە سەر ڕۆخی ڕووخاندنی ڕژێمە ستەمکارەکان، ئیدی لەهیچ تاوانێک ناپرینگێنەوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکەکە. هەرلەبەر ئەمەشە پێویستە نەخشەی ڕاپەڕین لەهەموو ڕوویەکەوە لەئاستی پێویستیەکانی سەرکەوتندا بێ.

ئەم بۆچوونەش باسی ڕووداوێکی ڕوونەداو نییە، بەڵکو باشتر قوڵبوونەوە

ڕووداوێکی تازە: ڕاپەڕینی بەردەوام هەتا ڕۆژی سەرکەوتن کە دەڵێین ڕاپەڕینی بەردەوام، مەبەستەکە سازدانی تەواوی پێویستیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژیەکانی ڕاپەڕینە بۆ هەڵی هەڵکەوتووی شۆڕشگێڕانە. ئینجا دەستپێکردنیەتی. هەتا ئەو پێویستیانەش لە هەموو بارێکەوە ئامادە نەکرێن و لەسەرکەوتنەکەیشی هەتا ڕادەیەکی زۆر مسۆگەر نەکرێ، ڕاپەڕاندن و ڕاپەڕینی خەڵک لەبەرامبەر ڕژێمە دڕندەکانی وەکو عێراق کارێکی سەرچڵێتی ترسناکە.

لەم جیهانە گۆڕاوەدا، نابێ شۆڕش نەگۆڕێ، نەسەلماندنی گۆڕان و پەرستنی شۆڕشی نەگۆڕ، دۆگمایە. بانلوی بنێین دۆگمایەکی درێژخایەن، ئەم دۆگمە درێژخایەنە لەم سەردەمەدا بەتایبەتی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاری گەلاندا زیانێکی ترسناکی هەیە. چونکە دۆگمەکە ئاوێتەی بیرو ڕای چەپ و هاندانی هەڵوێستی ڕزگاری نەتەوایەتی و چینایەتی خەڵک دەکرێ.

دۆگماتیزمی درێژخایەنیش لە بۆتەی کردەوەدا دوای چەندین ساڵ، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، یان گۆڕانی گەورە نەهاتەدی و بیر لە ئەڵتەرنانیڤی شۆڕشگێڕانە نەکرێتەوە، ئەوا ئەو دۆگمە درێژخایەنە ڕواڵەتی چەپ بەرە بەرە دادەماڵێ و لە ئاستی دزی و دڕندەییەتیدا، زوڵم و زۆردا، دزی و درۆزنیدا، پلان و پیلانگێڕیدا، نەمانی بەزەیی و کوشتنی دیل و ئەشکەنجەی خەڵکدا خۆی دەدۆزێتەوە، هۆیەکەیشی لەبەر ئەوەیە کە وردە بۆرژوا لەم هەلومەرجەدا دوا گۆڕمی شۆڕشی چەکداری ڕێبەرایەتی دەکات کە هەست بکات هەڵدەدێرێ، جۆرێک لە دڕندەیی دەنوێنی دەکرێ بچوێندرێتە ڕەفتاری فاشیانە. هەتا دێت ئاڵا هەڵگرانی ڕێبازی دۆگماتیزمی درێژخایەن لە کۆمەڵانی زەحمەتکێش پترو زۆرتر دوور دەکەونەوە. ئەم دوورکەوتنەوەیەش سەبارەت بەهەر لایەکی چینایەتی یان نیشتمانی بێ، کە لە ناکامی کارو کردەوەی خراپدا دێتەدی وا لە بزووتنەوەی چەکدارانە دەکات پێچەوانەی ڕاستە ڕێی سەرکەوتن هەڵدێرێ. هەرگیزیش نەتوانێ خۆی بگۆڕێ و پێڕەوی لە ستراتیژی شۆڕشگێڕانەی نوێ بکات (ڕاپەڕینی بەردەوام). هەموو شۆڕشگێڕێکی چەکدار ناتوانێ وەکو شۆڕشی چەکداری فەلەستین پاش ٢٣ ساڵ، میللەتەکەی ڕاپەڕێنێ. ڕەنگە میللەتی فەلەستین، بەحوکمی ئەوەی سەرئەنجامی ناکامی نا ناکامی شۆڕشی درێژخایەن و جەنگی گەورەی وڵاتە عەرەبیەکان و ئیسرائیل. ئەو هەموو زوڵمەی لێیان کراوە ئەو هەموو تاوانەی لە ئوردون و لبنان و ئۆردوگاکان و دەوڵەتانی دیکەی عەرەبیدا لە کەس و کارو ئاوارەکانیان

دەكرێ، تالأوی عروبەتیان! پێچێشتوون، ئەمانە تێكڕا سەرباری چەوساندنەوەی ناو فەلەستین خۆی، بوونەتە قینێكی گەورەی نیشتمانیو میللیو سیاسیو سایكۆلۆژی، ئەو گەلە بچووكە لەبەرامبەر ئەو دوژمنە بەهێزەیدا.

ڕاپەڕینی بەردەوامیش بێ پێچو پەنا دەریخست، ئەگەر ڕێبازی هەڵە بگیردرێتەبەر، چەكی قورسو توانای زۆر میللەتان رزگار ناكات، بەلام كە ڕێبازی ڕاست گیرایەبەر، میللەت بە نەبەردی بەرد دەتوانێ دوژمنی بەهێز بەزێنێ. مەبەست ئەوەیە وانەزانرێ شۆڕشی درێژخایەن مەرجی بنەڕەتی تەقاندنەوەی ڕاپەڕینی بەردەوامە، یان فاكتەری ڕاپەڕینە. نموونەش زۆرن كە لەناو دەیان میللەتدا شۆڕش نەك خەڵكی ڕانەپەڕاندووە، بەڵكو پەكیشی خستووە. ڕاپەڕینی بەردەوام چەمكی بنچینەیی هەیەو نابێ بەهیچ كلۆجێك چ پێشو چ پاش ڕاپەڕین ببەسترێتەوە بە شۆڕشی چەكداری.

ڕاپەڕینی بەردەوام، لە جیهاندا بەردەوام دەبێ دژی ڕژێمە چەوسێنەرەكان، ئیمپرسالیزمو نۆكەراتیان دیاردەی وا بەسانایی ڕێشەكێش ناكەن. تاكە مەترسی لەسەر ئەم دیاردە نوێیە، خیانەتی بۆرژواكانە. ئەمان لەمێژوودا هەروەكو چۆن چەندین هەلیان لەكیس كرێكارانو گەلانداوە، ئاوهاش دەتوانن هەڵكەوتی ڕاپە ینی بەردەوام لەبار بەرن، لەبەر ئەم ڕاستیە، خەباتكردن بۆ رەخساندنی ستراتیژی ڕاپەڕینی بەردەوام لەناو ئەو میللەتانەی ناسیۆنالیستو ڕاستڕەوەكان مێژوویەكی درێژو كاراییەكی زۆریان هەیە، دانابڕێن لە ململانێی ئایدیۆلۆژی دژی ئەو دوو ئاقارە ترسناكە.

ڕاپەڕینی بەردەوام...

لەم سەردەمەی ئیمپریالیزمدا لەسەردەمی شكستی ئەزموونەكانی سۆسیالیزمو زاڵی كۆنەپەرستیو دیكتاتۆریەتی بۆرژوادا، لەقۆناخی گەیشتنە بنبەستی شۆڕشی درێژخایەنو بێهودەیی جەنگی پارتیزانیدا، تاكە دەستەبەری شۆڕشگێڕانەی كرێكارانو زەحمەتكێشانە، تاكە ڕێبازی رزگاری گەلانی ژێردەستەیە. ئەگەر ئەم ڕێبازە نوێیە، پەرەپێبدرێو بكرێتە پێناوی بزووتنەوەی كرێكارانو گەلان، بێگومان ڕەوتی ژیان دەگۆڕێو ڕووداوەكانی كۆمەڵو پەرەسەندنی كۆمەلایەتی وەردەچەرخێ بۆ ئاستی بەرزی شارستانیەتی مرۆڤایەتی ڕاستەقینە. شارستانیەتی رزگاریو ئازادی، دیموكراسیو سۆسیالیزم.

بەبێ ڕاپەڕینی بەردەوام

ئیمپریالیزم دەتوانێت لەڕێی ڕژێمە نۆکەرەکانیانەوە، شێوە خەباتەکانی دیکە ئەگەر بکرێتە ڕێبازی سەرەکی سەرکەوتن، سەرکوت بکات. هەتا میللەتانی ژێردەستەش ئاوەها بەم ژێردەستەییە قایل‌بن‌و خۆیان لەڕووی ئابووری‌و سیاسییەوە ڕزگار نەکەن لە داهاتووی دووریشدا قوڵبوون‌و تەقینەوەی قەیرانەکانی ئیمپریالیزم ڕەچاو ناکرێ، هەتا قەیرانەکانیشیان نەتەقێتەوە، چاوەڕێ نەبێن خەباتی کرێکارانیان ببوژێتەوەو بەرەو سۆسیالیزم شۆڕش هەڵبهێنێ.

رشتەی هەشتەم

٨- گەلاڵەی شۆڕشی کوردستان

بەدرێژایی مێژووی کۆن‌و نوێی نەتەوەکەمان، شۆڕشی چەکداری لە شاخەکانەوە شەقڵی سەرەکی چۆنیەتی رزگاری کوردو کوردستان بووە دژی رژێمەکانی عوسمانی‌و سەفەوییەکان، پاشایی‌و کۆمارییە داگیرکەرەکانی کوردستان.

لەهەموو قۆناخەکانی خەباتی رزگاری نەتەوایەتی کورددا؛ لەپێش جەنگی یەکەمی جیهان، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هەتا جەنگی دووەمی جیهان، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەتا شۆڕشی ئەیلوول، لە شۆڕشی ئەیلوولیشەوە هەتا پاش هەرەس‌و سەرلەنوێ بەرپاکردنەوەی شۆڕشی درێژخایەنی دوای هەرەسیش، چەندین جار خەباتی چەکداری بەرپاکراوون‌و شکاون. دیسان خەباتی چەکداری‌و شکان بەبێ ئەوەی قۆناخەکانی خەبات لە هەموو بەشێکی کوردستاندا چەندین‌جار خەباتی چەکداری بەرپاکرابێ‌و شکابێ، دەرسی پێویستیشیان لێوەرگیرابێ، یان بیر لە گۆڕینی رێبازی خەباتی چەکداری کرابێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا سەرئەنجامی هەر خەباتێکی چەکداری زیانی گیانی‌و ماڵی‌و سیاسی‌و عەسکەری گەورە گەورەش لە نەتەوەی کورد دراوە. ئەگەر جاروبارێش رۆشنگەرانی کوردو سیاسەتمەدارانی کوردستان باسی شێوەی دیکەی خەباتیان کردبێ هەر گوێشیان نەدراوەتێ، بەڵکو هەموو جۆرە ناکۆکییەکی سیاسی‌و ئایدیۆلۆژی لەنێوان رۆشنبیرو رۆشنگرانی کوردو عەقڵیەتی خێڵخوازیدا بەتوندی بەرپەرچ دراوەتە. هەڵبەتە ئەم زاڵبوونەی عەقڵیەتی خێڵخوازییە هۆی مێژوویی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی هەیە. مەسەلەیەک نییە پێوەندی بە عەقڵیەتی

کوردەوە وەکو نەتەوەیەکی خاوەن خەسڵەتی خێڵەکی هەمیشەیی بێ.

هەتا دوای جەنگی یەکەمی جیهان، خەبات‌و بەرەنگاری چەکداری بۆیە شەقڵی سەرەکی خەباتی رزگاری بووە چونکە پێوەندی سەرمایەداری سەرئەنجامی شۆڕشی بۆرژوازی یان گەشەکردنی ئاسایی کۆمەلایەتی لە کوردستاندا زاڵ نەبووە بەڵکو پێوەندی ئابووری‌و کۆمەلایەتی (دەرەبەگایەتی-بازرگانی) لەناو چوارچێوەی عەقڵیەتی سیاسی (خێڵخوازی-ئایینی)دا سەراپا کوردەواریی تەنیبوو. ئەم پێوەندیە کۆمەلایەتی‌و ئابوریەو عەقڵیەتە سیاسیەش بەحوکمی ئەوەی لەناو میرنشینەکانی کوردستاندا دەسەلاتی سەربەخۆییان لە سایەی دەسەلات‌و یاسای ئیمپراتۆرتەکاندا هەبووە، بۆیە هەمیشە بەهەمان عەقڵیەتی خێڵخوازی حوکمیان کردەوەو لەکاتی تەنگانەو پەلاماردانی میرنشینەکانیشدا، تاقە ڕێگای بەرەنگاری چەکداری بووە، چونکە شێوەی دیکەی خەبات لەناو ئەو پێوەندی‌و عەقڵیەتەدا دروست نابێ، دروستیش بوایە هیچ کارێکی لە ئەستەمبوڵ‌و تاران نەدەکرد. بەرەنگاری چەکداریەکەش جەنگی بەرەیی فراوان بووە بەرامبەر ئیمپراتۆرەتەکانی سەفەوی‌و عوسمانی، زۆر کەم بگرە بە لاساری سەردارو ناودارانی هەندێ لە مەڵبەندەکان جەنگی (هەڵمەت‌و هەڵێ-کروفر) وەکو شێوەی جەنگی پارتیزانی گیراوەتەبەر، هەر ئەوساش سەرەڕای ئەوەی کەمترین زانیاریش لەسەر جەنگی پارتیزانی نەبووە، ئەم شێوە پارتیزانییە ئەنجامی عەسکەری پتر بووە لە جەنگە بەرەییەکان، بەزیانێکی کەمتریش: باشترین ئەزمونی سەرکەوتووی جەنگی (بەرەیی- پارتیزانی) بەرەنگاری چەکدارییەکەی ئاورەحمان پاشای کوڕی مەحموود پاشای بابانە لە ساڵی ۱۷۸۹-۱۸۱۳ درێژەی کێشاوە، سەرەڕای ئەوەی جۆرەها پیلانی والی بەغداو هەڵگەڕانەوەی براو خزمەکانی‌و دژایەتی عوسمانی‌و سەفەویەکانیش دژی نەبردراونەتەوە. دوای ئەوەش، هەندێ ئاغاو سەرداری ناوچەکانی موکری، دەرسیم‌و هەکاری هەمان ڕەوتی جەنگی (پارتیزانی-بەرەیی)یان گرتەبەرو سەرکەوتووتر بوون لەجەنگی بەرەیی بەتەنیا، شێخ مەحموودیش کاتێک پەنای دەبردە بەر شاخەکان‌و هێزەکەی لەقەرەی جەنگی بەرەیی وەکو دەربەندی بازیان نەدەدا، کاریگەرترو کەم زیانترو زۆرتر خۆی ڕادەگرت. بەلام هیچی ئەو ئەزموونانە، نە ڕێبازی چەکداری زاڵیان گۆڕیوەو نە تاکتیکی زیرەکانەی خەباتی چەکداریشیان هێناوەتە ناو ستراتیژی خەباتی چەکداری هەتا جەنگی دووەمی جیهان.

لەدوای تێکشانی ڕاپەڕینە چەکدارەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، لە سییەکان بەدواوە سەرئەنجامی سەپاندن و بلاوکردنەوەی سەرمایەو پێوەندی سەرمایەداری لە کوردستانداو بە زۆرەملێ شەتەکدانی بازاڕی کوردستان بە بازاڕی دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، شارو بازاڕی ئابوری لە شاراندا بایەخی پتر پەیدا کرد، بزووتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری و ڕۆشەنگەری (تنویر) کەوتنە ناو خەڵک، بەلام لەبەر ئەوەی پێوەندی سەرمایەداری لەلایەن بێگانەوە بەڵکو بەپێی بەرژەوەندی بێگانەی داگیرکەریشەوە هێندرانە کوردستان و لە کوردستاندا پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری شێوێندرا، سەرجەم ئەوانە کارێکی کاریگەریان کردە سەر ڕەوتی گۆڕانکاریەکان و ڕەوەندی ڕووداوەکان. لەپێشەوەیاندا، ڕوونەدانی شۆڕشی بۆرژوازییە لە کوردستاندا دژی دەرەبەگایەتی بەمەش جگە لەوەی بۆرژوازی پیشەسازیی نیشتمانی وەکو هی ولاتانی پێشکەوتوو یان نیمچە پێشکەوتووش پێک نەهات، جگەلەمە دەرەبەگایەتیش مایەوەو بەم مانەوەیەش بەهۆی پایەی ئابوری و دەسەلاتی کۆمەلایەتی و نفوزی ئاینییانەوە تێکەلاوی ڕاستەوخۆی بازاڕی شاران بوون، بەڵکو ئەوەی بۆ دەرەبەگی ولاتانی لەمەڕ کوردستان ڕەخسا، دەرەبەگایەتی هەر ئەمەی دەویست، لەلایەکەوە ئیمپریالیزم بەنەخشە کۆنینەکانی پشتیوانی دەکردن لەلایەکی دیکەشەوە بۆرژوای پیشەسازی پێک نەهات هەتا شۆڕشی بۆرژوازی دژیان بەرپا بکات، ئەنجامی پشتوانی ئیمپریالیستی و پەیانەبوونی بۆرژوازی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی بۆرژوازیانەش، جووتیارانی کوردستانیش نەیانتوانی ڕاپەڕینی چینایەتی بەرپابکەن و سەر بخەن، ئەگەر بە پەراگەندەییش لە هۆرین و شێخان و دزەیی و موکریان...تاد. لە چلەکان و پەنجاکاندا زولم و زۆر ڕاپەڕاندبن، چونکە زەمینەی سەرکەوتنیان نەبووەو دوژمنیان زۆر بووە، بۆیە بەئاسانی خەڵتانی خوێن کراوون.

لەسەر ئەو زەمینە ئابووری و کۆمەلایەتیەوە، عەقڵیەتی خێڵخوازی گوێزرایەوە بۆ شارەکان و تێکەلاوی هێزە سیاسیەکان و ڕۆشەنگەری و ڕۆشنبیریەکانیش کرا. بەڵکو لەناو خەباتی ڕزگاریدا هەتا ڕادەیەکی دیار زاڵیش بووە. ئەمە لەکاتێکدا لە ئەورووپادا بەو شێوەیە نەبووە. شۆڕشی بۆرژوازی سەرکەوتووە، ڕیشەی دەرەبەگایەتی لەڕووی ئابووری و سیاسیەوە هەڵکشاوە، دوای بەزینی دەرەبەگ و

دەرەبەگایەتی، ئۆرستۆکراتیەتی بریتانیی و سویدی و هۆلاندی و تەواوی ئەو وڵاتانەی شایان وەکو هێما تێدا ماونەتەوە، چاریان لەبەردەمدا نەما تەسلیم بوون نەبێ بە شۆڕشی بۆرژوازی. بەم تەسلیم بوونەی ئورستۆکراتیەت، بەشێک لە موڵکیان بۆ مایەوە بەڵام دەسەڵاتی سیاسی و نەخشەی ئابوریان لێسەندرایەوە. هەربۆیە لە ئەورووپادا ئەگەرچی توێژی ئورستۆکرات مایەوە، بەڵام شۆڕشی بۆرژوازی زاڵبوو. ئەو چینە ئورستۆکراتە دوای کۆششی چەواشە لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرژوازیدا تەواو لێخران و دەمێکیشە کراونەتە بەشێک لە کلتووری ڕابردوو!

تاقە نموونەیەک لە کوردستانی بەشی عێراقدا، نیشانەی سەرەتای گواستنەوەی ناوەندی خەبات بێ بۆ شار، ڕاپەڕینەکەی ڕۆژی ڕەشی ئەیلوولی ساڵی ۱۹۳۰ـە. دیارە ئەمە سەرەتایەکی خۆڕسکی بوو لەناو چوارچێوەی پێوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتییە زاڵەکەی خێڵەکیەکەدا نەیتوانی ئاقاری سیاسی نوێ بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بچەسپێنێ، ئەگەرچی بایەخیشی هەبوو. بەڵام ئەم بایەخە بایی ئەوە نەبووە کە بە تەواوەتی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە کۆنترۆڵی سیاسەتی خێڵخوازی دەرباز بکرێ، یان چیدیکە پەنا نەبردرێتەوە بەر خەباتی چەکداری بە ڕێبەرایەتی عەقڵیەتی خێڵخوازی.

ژانی هەرە گەورەی مانەوەی دەرەبەگایەتی و ڕوونەدانی شۆڕشی بۆرژوازی لەوەدا نییە چینەکە لەناو نەبرا، بەڵکو لەوەدایە کە تێکدانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و شێواندنی بنەمای ئابووری و بەزۆرەملێ لە قاڵبدانی کوردستان بە دەوڵەتانی داگیرکەرەوە، پێوەندی و عەقڵیەتی خێڵخوازی تێکەڵاوی بازاڕو بازرگانی کوردەواری کردو بەهۆی ئەمەشەوە لەناو بزووتنەوە سیاسییە ڕزگاریخوازەکەی میللەتی کوردیشدا، پایەو پلەی سەرداریتی پارێزا. تەنانەت بەچەشنێ ئاوێتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون، بنچینەی شۆڕشی بۆرژوایی دژی دەرەبەگایەتی لە کوردەواریدا ئاقاری دیکەی بەخۆیەوە گرت، ئەویش ئاقاری خەباتی ڕزگاریبە دژی بێگانە. زوڵم و زۆری بێگانەش هێندە کۆنەپەرستانە بووە، ناکۆکیەکانی ناو کوردەواری سارد کردووە و دژایەتی بێگانەی گەرم داهێناوە.

١/٨- کۆماری مەهاباد، وەرگۆڕان بۆ شارەکان

کۆماری مەهاباد ١٩٤٥-١٩٤٦ تاقە ئەزموونی سیاسی جەماوەریی فراوانی ناو شارەکانی کوردستان بووە کە خەباتی چەکداری لە شاخەکانەوە خرابێتە خزمەتی؛ کۆمار... سەرەڕای ئەوەی سوپای پێشمەرگەی پێکەوەناوە، بەلاّم خەباتی پێشمەرگانەی وەکو مێژووی خەباتی رزگاری ڕابردووی کوردستان، نەکردبووە ستراتیژی نەگۆڕ، پێشمەرگە تەنیا وەکو هێزی پارێزەری کۆمارو ئاسایشی کوردستان تەماشاکراوە دەنا نە کۆمارەکە ئاکامی خەباتی چەکداری دامەزراوەو نە کاتێکیش کۆماری مەهاباد کەوتەبەر پەلاماردان پێشەوای کۆمار پەنای بردەوەبەر خەباتی بەرەنگاری شاخەکان: لەکاتێکدا سوپای هەبووەو تەنانەت پشتیوانیو توانای سوپای کوردستانو ڕادەی کارایی کۆماری مەهاباد لەسەراپای کوردستاندا سەدان قات پتریش بووە لەتوانای سەردارانی کورد کە پێش کۆمار ڕاپەڕینی چەکداریان بەرپاکردووە.

هۆیەکانی هەرەسهێنانی کۆماری مەهاباد

هۆیە ئابووریو سیاسیەکانی، هۆیە عەسکەریو کۆمەلاّیەتیەکانی، هەروەها هۆیەکانی ئێرانیو جیهانیو دیپلۆماسیەکانی ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد بیروڕای جیاواز هەن، بەلکو ڕەخنەی توندیش لەسەر قازی محەمەد بەهۆی خۆبەدەستەوەدانی بە ڕژێمی شا هەیە، دوای ئەوەی شورەوی لە ڕێکەوتنانەی (تارانو یالتا)دا لەگەلّ دەولەتانی هاوپەیماندا ڕێکەوتبوو، ئێران چۆلّ بکاو پشتیشی کردە کۆماری مەهاباد، ئەو ڕەخنانەی لەسەر پێشەواو هاوڕێکانی بۆ خۆبەدەستەوەدانیان وەکو ڕێبەرانی کۆمار بەداگیرکەران ڕاستە، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بەرگری چەکدارانە بەو سوپایەی هەبووە، یان بەگۆڕینی ستراتیژی عەسکەری بە پارتیزانی لەپاشەڕۆژدا سەرکەوتنی بۆ کۆمار مسۆگەر دەکرد. بۆچوونی لەم چەشنە لەژێر کارایی خەباتی چەکداری لەمێژینەی کوردە. شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی بەشی عێراقدا، دوای ١٢ سالّ ڕووداوی سیاسیو عەسکەریو جیهانیو ناوچەیی جۆراوجۆر لە زەمانو زەمینەیەکی گۆڕدراوی پێشکەوتووتردا، بە ڕێبەرانی بارزانی کە لایەنگری بەرەنگاری چەکداری بووە لە کۆماریو مەهاباد دا، باشترین بەلگەیە کە دژوار بووە کۆماری مەهاباد بە بەرەنگاری چەکداری توانیبای سەربکەوێ.

کاتێک کۆماری مەهاباد دامەزراوە جەنگی دووەمی جیهان لەتەواو بووندا بووەو ڕێکەوتنامەی جیهانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەسەر ئێران لەنێوان زلهێزە سەرکەوتووەکاندا، مۆرکراوەو بڕیار بووە ئێران سەرانسەر چۆڵ بکرێ. شورەوی کە پشتیوانی کۆمارەکە بووە، بەڵکو بە هاندانی شورەویش کۆمارەکە بۆ کێشمە کێشی بەرژەوەندی زلهێزەکان لەناوچەکەدا هاوشانی کۆماری ئازەربایجان دامەزراوە، ڕێکەوتنامەکانی مۆرکردووەو بەرژەوەندیەکانی لە ئۆروپای ڕۆژهەڵاتدا دابین کردبوو بۆیە بەڵێنی جێهێشتنی ئێرانیشی کۆتایی هاتبوو تەنیا ئەوە مابوو شورەوی لەم سەر سنوورەشی دڵنیابێ‌و دەستکەوتێکیشی دەستبکەوێ. جگە لەم ڕاستیە، کێشەی کورد لای شورەوی وەکو کێشەی نەتەوەیەکی داگیرودابەشکراو گەلاڵەی سیاسی نەکرابوو.

ئەم کۆمارە... بێ شۆڕشی بۆرژوازی، لەسایەی کێشمە کێشەکانی جەنگی دووەمدا، سەرئەنجامی نەمانی کۆنترۆڵی ڕژێمی شا دامەزرابێ، دیارە وەرگۆڕانێکی (تحول) سیاسی ـ کۆمەڵایەتی گەورەیە بەسەر پێوەندی دەرەبەگایەتیدا کە لە کوردستاندا زاڵبووە. بەلاّم وەرگۆڕانەکە لە ناوخۆدا شۆڕشگێڕانە نەخولقاوە. بەڵکو ئەمیش دژی بێگانەیەکی دوژمنی (ڕژێمی ئێران) بە پشتیوانی دۆستێکی بێگانە (شورەوی) کە گوایە دوژمنی دوژمنەکە بووە، دامەزراوە. لەحاڵەتی واشدا، دیسان پێوەندی خێڵخوازی تێکەڵاوی کۆمارەکە دەبێ‌و دەشبینە بەشێکی گرنگی سوپاو تەلاری سیاسی کۆمارەکە. کە کۆمارەکەیش دەمەزراوە بڕیاری دژایەتی لیبراوی خێڵەکێتی نەدراوە. تەنانەت لەگەورەترین پایەکانی کۆماردا سەرداروو موڵکداری کورد دامەزراون. ئیدی کاتێک جەنگی دووەم ڕادەوەستێ‌و شورەوی پاشەکشە دەکات، سەرئەنجامێکی ئاسایییە پەلاماری کۆمار بدرێتەوە، کۆماریش کە تەریک دەمێنێ‌و کۆماری ئازربایجان دەروخێ، ئەمیش بێ پشتیوان‌و بەو سوپا پێکهاتووە لە سەرداروو موڵکداری کوردەواری، بەبێ ئەوەی گۆڕانی ڕادیکالانە لە ئێراندا ڕوویدا، هەرگیز نەیتوانیبووە بڕیاری بەرەنگاری چەکداری بدات. بڕیارەکەیشی بدایە تێکدەشکا، چونکە قازی محەمەد دوای ڕاگیرانی جەنگ‌و دوای سەردانەکانی لە شورەوی، زانیبوەتی سیاسەتی نێونەتەوایەتی پێچەوانەی مانەوەی کۆمارە لەناو ئێراندا، سەرداروو موڵکدارانی کوردەواریشی باش ناسیبووە کە دژوارە بۆ بەرەنگاری چەکدارانە پشتیان پێ ببەسترێ. هەر زوو سەرەتای ڕاڕایی‌و خیانەتیان

دەرکەوتووە. بۆیە کۆماری مەهاباد وەکو وەرگۆڕانێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لەشاخەکانەوە بۆ شارەکان، تەمەنی هێندە نەبوو پرۆسەی پێویستی‌و پێداویستیەکانی وەرگۆڕانەکە بەرێتەسەر. بەڵام وەکو دەستکەوتێکی گەورە، شوێنی لەناو ڕووداوەکاندا گەشە. ئەگەرچی زووش خامۆش کرا.

٢/٨- شۆڕشی ئەیلوول، گەڕانەوە بۆ شاخەکان

دوای تێکشکاندنی ڕاپەڕینە چەکداریەکەی بارزان‌و ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد، سەرانسەر بەشەکانی کوردستان پاشەکشەی خەباتی چەکداریان بەخۆیانەوەدی، ئیدی ڕاپەڕینێکی چەکداری-سیاسی ڕزگاری‌و دیموکراسی تایبەت بە کوردستان نەتەقینەوە. بەڵام خەباتی سیاسی بەردەوام هەبووە، خەباتەکەیش تێکەڵاوی بزووتنەوەی سەراپای وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە حوکمی ڕووداوەکان‌و لەژێر کارایی سیاسەتی ڕاستڕەوانە، زیاد لەپێویست کرا.

دوای شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ عێراق لەپاشایەتییەوە کرایە کۆماری، کۆمەڵێک دەستکەوتی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بۆرژوایی هاتنەدی، بەڵام شۆڕشە بۆرژوازیەکە زوو لە ئەرکەکانی دیموکراسی هەڵگەڕایەوەو هاوشانی دژایەتی ئازادی لەسەراپای عێراقدا، دژایەتی مافە نەتەوایەتیەکانی کوردیش کرا. تەنانەت ئۆتۆنۆمیش کە لەدوای سەربەخۆیی‌و کۆنفیدراڵ‌و فیدراڵ، چوارەمین پلەی مافی گەلانەو بە ناچاریش ئەم مافە دەسەلمێندرێ، بە کورد ڕەوا نەبیندرا، بەرە بەرە دژایەتی دیموکراسی‌و مافەکانی گەلی کورد توندتر کرا، بەڵام پێش ئەوەی لە سەراپای عێراقدا بگاتە بنبەست‌و دۆخی شۆڕشگێڕانە پێکەمڵێ، لە کوردستاندا هەستە نەتەوایەتیەکەو بوونی پێشینەیەکی گیانی بەرەنگاری‌و هەڵکەوتی جوگرافی، زووتر، واتە پێش وەخت گەیەندرایە خەباتی چەکداری.

ئەوکاتەی لەکوردستانیشدا پێش وەخت ناکۆکیەکان لە خەباتی چەکداری نزیکخرانەوە، لەسەر ئاستی عێراقدا ناکۆکیە سیاسیەکان لەناو کاربەدەستانی ڕژێمدا دەئاڵۆزراو لەناو هێزە سیاسیەکان‌و ڕژێمی عێراقدا لە تێکچووندا بوو، لە هەلومەرجێکی وادا کە شۆڕشی بۆرژوازی لە ئەرکەکانی دیموکراسی هەڵدەگەڕێتەوەو دەستکەوتە ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەکان ڕادەگری‌و دژایەتی مافی میللی دووەمین گەلی عێراق کە کوردە، دەکا، ئیدی شتێکی ئاسایی لەناو کوردەواریدا پاشماوەی دەرەبەگایەتی کە لەسایەی یاسای نیوەچڵی کشتوکاڵدا

خۆیان پەناداوەو ڕەگو ڕیشەی مێژوویشیان لەناو کورد دا تەک هەڵنەکێشراوە، بەڵکو ئاوێتەی خەباتە سیاسیەکەش بووە، بۆیە سەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە پاشماوەی خێڵەکی بێتەوە ناو بزووتنەوە چەکداریەکە، ڕووداوەکانیش سەلماندیان کەوا ئە تۆمەتی بزووتنەوەی دەرەبەگایەتی خستنە پاڵ شۆڕشی ئەیلوول لەلایەن ڕژێمەوە ڕێڕەوی خەباتە چەکداریەکەی کوردستانی لەناوبردو ئە هەموو ئەو ملململانێ لاوەکیە ناوەخت تەقێندراوانەی ناو بزووتنەوەکەش هەتا ڕادەی پێکدادانی چەکدارانەو دووبەرەکی عەسکەریان گەوهەری بزووتنەوەکەی گۆڕی. هەرچی ڕژێم توندتر دژایەتی بزووتنەوەکەی دەکرد، هێندە زیاتر بزووتنەوەکەی لەناو کورد دا خۆشەویستتر دەکرد هەموو ئەو ململانێ بەناو چینایەتیانەی لەناو پارتیو لە دەرەوەی پارتیدا، دژی سەرکردایەتی پارتیو بارزانیش تەقینەوە، هیچ جۆرە دەستکەوتێکی ئابوریو کۆمەلایەتیو سیاسی بۆ کرێکارانو زەحمەتکێشان نەبوو، بەڵکو زیانی کاریگەریشی پێگەیاندن، جگە لە زیانی گیانیوماڵی، زیانی سیاسیشی لە چەواشەکردنی زەحمەتکێشاندا هەبوو.

بەشێوەیەکی گشتی، شۆڕشی چەکداری ئەیلوول، گەڕانەوە بوو بۆ هەمان ڕێبازی چەکداری لەمێژینەی نەتەوەی کورد، بەلام لە زەمانو زەمینەیەکی کۆمەلایەتیو سیاسیو جیهانی نوێدا، بەتایبەت سەرکەوتنەکانی ڤێتنامو چینو کوبیاو کوبا... دەنگو ڕەنگێکی ڕادیکالانەی لەناو تێکڕای میللەتانی ژێردەستەدا دابوویەوە. لەبەر ئەمەش جیاوازی گەڕانەوە بۆ خەباتی چەکداری مێژینەی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە پێڕەوکردنی جەنگی پارتیزانیو بەرنامەی سیاسی خەباتە چەکداریەکەو دیبلۆماسیەتی شۆڕشەکەو دامودەزگاکانی پێوەندی سیاسیو ماڵیی سفارەزاتەکانی دەردەکەوون.

ئەوەی شایەنی سەرنجە لە شۆڕشەکەدا، ئەوەیە کە سەرەڕای جیاوازی تاکتیکو دروشمەکانی شۆڕشی ئەیلوول کە یەک پشوو چواردە ساڵی ڕەبەق خەباتی چەکداری ڕاگرت، دەبینین پارتی دیسان خەباتی چەکداری کردە ستراتیژی ئەگەڕو خۆیو چارەنووسی سیاسی خۆیشی بەستەوە بە ئەنجامی خەباتە چەکداریەکە. ئەمە لەکاتێکدا پارتی بەردەوام پێوەندی بە شارەکانی کوردستانەوە هەبووەو نابەناو گفتوگۆی کردووەو جۆرەها ڕژێمیش گۆڕاوونو چەندین ڕووداوی گەورەو گچکە لەناوچەکەداو لە عێراقو کوردستاندا ڕوویانداوە.

ئەگەر لەدەستپێکی شۆڕشەکەوە هەتا بەیانی ١١ی ئادار، درێژەپێدانی

شۆڕشی چەکداری پاساری سیاسیو عەسکەری هەبێ، ئەوا دوای بەیانی ئادار لەبەرئەوەی ستراتیژی سیاسی پارتی (دیموکراسی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) نەگۆڕاو هەلومەرجی سیاسی جیهانو ناوچەکەش پتر لە بەرژەوەندی زلهێزو رژێمە بۆرژوا-دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵات شکایەوە، بەتایبەتی بەرزبوونی نرخی نەوت لەسەرەتای حەفتاکاندا داهاتی رژێمی عێراق وا بەرز کردەوە ئاشکرا دەرکەوت کە ئەم رژێمە تەمەنی سیاسی بە خوێنبەری ئابوری درێژ دەبێ، بۆیە لەدوای رێکەوتنامەی بەیانی ئادارەوە دەبوو سەرکردایەتی پاری بە گەرمی هەوڵی گۆڕینی ستراتیژی خەباتی چەکداری شاخەکانیان بە ستراتیژی ڕاپەڕینی شارەکان لە پەنای خەباتی چەکداریدا دابا، واتە خەباتی چەکداریو بوونی هێزی پێشمەرگە بخرایەتە خزمەتی خەباتی جۆراوجۆری ناو شارەکانو شا ڕێبازی خەباتی شارەکانیش کە ڕاپەڕینە، بەتایبەتی ڕاپەڕین سالەهای ساڵ لە عێراقدا تاقیکرابووەوەو ئەنجامی شۆڕشگێڕانەشی باش دەزاندرا. بەلام نە پەندەکانی مێژووی خەباتی چەکداری لە کوردستانداو نە دەرسەکانی کۆماری مەهاباد لە خەباتی سیاسیو جەمارەری شارەکانو نە ئەزموونەکانی ڕاپەڕین لە عێراقو ناوچەکەدا ئەندێشەی خەباتی چەکداری ناو بزووتنەوەی کوردیان وەکو ستراتیژ نەگۆڕی ئەگەرچی شێوەی خەباتی سیاسیو دیپلۆماسیو مانگرتنی شارەکان هەتا رادەیەک فەرامۆش نەکران، بەلام ستراتیژی چەکداری مایەوەو ئەو شێوە خەباتانەش لقو پۆپی ستراتیژەکە بوون لەکاتێکدا لەدوای بەیانی ئادارەوە پارتی لەناو گەلی کورد دا پێشەنگی دوای تێکشکانی نەیارەکانی بوو لەناو خاوەن هێزو توانای ڕاگەیاندنی گەورەو دەیان هەزار کادیرو سەدان ئۆرگانی سیاسیو کۆمەلایەتیو پیشەییو داوودەزگای هەمەچەشنی بەڕێوەبردن بوو. زۆربەی کوردستان لەژێر کۆنترۆلی سیاسیو ئیداری پارتیدا بوونو باقی ناوچە کورد نیشینەکانی ژێر رکێفی رژێم نا ڕاستەوخۆ بە ئاڕاستەی پارتیو بارزانی هەڵدەسووڕان، تەواوی ئەو توانایانەش کەرەستەی گرنگی داڕشتنەوەی ستراتیژێکی جەماوەری ناو شارەکان بوون. پارتی دەیتوانی لە ئانو کاتدا بە ملیۆن خەلک دابەزێنێتە ناو شەقامەکانو دژی شۆڤێنیەتی رژێمیش ئاراستەشیان بکا، تەنانەت کاریکاتە سەر باقی ناوچەکانی عێراقیشو لەم ڕێڕەوەشەوە دۆخی گشتی ناوچەکەو جیهانیش ببزوێنێ، بەلام هیچ نەکراو دوای نائومێد بوونی لە ڕێکەوتنامەی سیاسی لەگەڵ رژێم، هەمدیس پەنا بردرایەوە بەر خەباتی

چەکداری، ئاکامیش بە هەرەسی پڕ لە ئازاری مانگی ئاداری ۱۹۷۵ شکایەوە.

بەوشێوەیە هەڵی تاقیکردنەوەی ڕێبازێکی دیکەی جەماوەری لەپەنای خەباتی چەکداریدا بە توانایەکی زۆری دارایی‌و ئیداری‌و حیزبی‌و ڕاگەیاندن‌و دیبلۆماسی، لەناو شارو دێهاتی کوردستاندا لەکیس‌درا. هەمان تاقیکردنەوە، شۆڕشی فەلەستین، دوور لە میللەتەکەیان‌و نیشتمانەکەشیان، لەپەنای خەباتی چەکداریدا قۆزتیەوەو ڕاپەڕینی بەردەوامی بەرپاکرد. ئەگەر نەشگەنە ئامانجی سەربەخۆیی فەلەستین هیچ نەبێ ڕێکەوتنێکی سیاسی ئەوتۆ دێنندی کە لە کارەساتی هەرەس دەربازیان بکات‌و دەردی کوردیان بەسەرنەیەت. پێشمانوایە شۆڕشی فەلەستینیش پیلانی کەمی دژ نەگێڕدراوەو هەمیشە پیلاتی جیهانی دژیان هەبووە.

۳/۸- بەراوردێکی عەسکەری شۆڕش‌و ڕژێم

شۆڕشی ئەیلوول، لەناو عێراقدا پێچەوانەی ڕاپەڕینە چەکداریەکانی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کە دژی ڕژێمی پاشایەتی بەرپا دەکران، دژی ڕژێمێکی کۆماری-ناسیۆنالیستی عەرەبی هەڵایسا، ئەم ڕژێمە کۆماریی ناسیۆنالیستیە وێڕای ئەوەی لەناو عەرەبی عێراقدا هەتا ڕادەیەک جێی ڕێز بوو، لە پێوەندییە عەرەبییەکانیشدا لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، سەرەڕای ناکۆکی جۆراوجۆریان مایەی پشتیوانی بووە، ئەمە جگە لەوەی دوای دامەزراندنی کۆماری عێراق هەوڵی یەکگرتنەوەی نەتەوەو دەوڵەتانی عەرەبی لەنێوان عێراق‌و کۆمارە عەرەبیە هاوئامانجەکانی دەوڵەتانی عەرەبی بەردەوام لە ئارادا بووە، مەسەلەی دژایەتی ئیسرائیل‌و ڕزگاری فەلەستینیش هێندەی دیکە سۆزی عەرەب‌و نەتەوەی عەرەبی لە دەوری ئەم ڕژێمە کۆمارە ناسیۆنالیستیانەی عێراق دەبزواند. هەموو ئەمانەش دوور لە گیانێ دیموکراسی‌و بە ڕێبازێکی ناسیۆنالیستی پانعەرەبی پیادە دەکرا*.

ئەم ڕژێمە کۆمارییە عێراقییە لەناو چوارچێوەی زۆرانی سیاسی-عەسکەری عەرەب‌و ئیسرائیلدا، کێشەی عەرەب‌و فەلەستینی بەشێوەیەکی دیماگۆگیانە هەم لەناو عەرەب‌و هەم لەسایەی جەنگی سارددا سود لێوەردەگرت، هەڵبەتە هەتا دوای جەنگی ئۆکتۆبەری ۱۹۷۳ پشتیوانی وڵاتە عەرەبییە ناسیۆنالیستیەکانی

---

* تەنیا میسری سەرۆک عبدالناسر، هەڵوێستی باشتریان بەرامبەر بە کێشەی کورد هەبووە.

لانلیدەری رزگاری فەلەستین، شورەویو ئەوروپای رۆژهەلات بوون. جگە لەوەی ئەم کامپە بە هەموو توانای سیاسیانەوە بوو بوونە سەپوانی پاراستنی سیاسەتی دەولەتە دیکتاتۆرەکانی وەکو عێراق، پاساوەکەشی جگە لە دژایەتی ئیسرائیل، تیژی گەشەکردنی ناسەرمایەداری بوو رەوەو سۆسیالیزمی وردە بۆرژوازیانەی دیموکراتی شۆرشگێر. لەژێر ئەم سەپوانەشدا شورەویو ئەوروپای رۆژهەلات بۆ بردنەوەی (تەلەمشکێنەی!) جەنگی سارد بێدرێغ رژێمەکانی وەکو عێراقیان پڕ چەکی چەکی کوشندە دەکرد، رۆژئاواش بۆنەوەی تەواو دەستبەرداری ئەم رژێمانە نەبن بەپێی حساباتی سیاسی دووریان لە چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەل ناکۆکیەکانی جەنگی ساردو ئەنجامەکانی جەنگەکە، ئەوانیش بازاری چەکیان لەرووی ئەم رژێمانە دانەدەخست، بەم سیاسەتە ناکۆکەش لەنێوان زلهێزەکانی جەنگی سارددا، رژێمەکانی وەکو عێراق لە هەردوولاوە رایاندەکێشا؛ کام چەک کوشندەو کام چەک برندەو کام چەک رووخێنەر بوایە لە رۆژئاواو رۆژهەلاتی ئەم جیهانە، بەلکو لە باکورو باشوری جیهانیان بە داهاتی نەوت دەیان کڕیو خۆیان پێ تۆکمە دەکردو نەیارانیان پێ لەبەر چاوی رای گشتی جیهان قەلاچۆ دەکرد. لە حەفتاکاندا چەک کرینو چەک فرۆشتن گەرمترین بازاری لە جیهاندا هەبوو. رۆژهەلاتیش باشترین فرۆشگای فرۆشتنی چەکەکان بوو، رژێمی عێراقیش لە ریزی پێشەوەی کرپارەکاندا بانکەکانی خستبووە سەرف کردنی بیژمار.

ئەو سیاسەتانە سەرجەم، لەرووی سیاسیو ئابووریو عەسکەرییەوە، لەدوای کودەتای ١٩٦٨ی بەعسییەکان لە عێراقدا راستەوخۆ دژی کوردو بزووتنەوە رزگاریخوازەیەکەی بەکار هێناوە، چونکە لەعێراقدا جگە لە بزووتنەوەی کورد باقی بەشەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێندە لاواز کرابوون کە ئەسلەن پێویستیان بە چەکی زۆرو چەکی کوشندە نەدەکرد.

بزووتنەوەی کوردیش، لەسەرەتای دەستپێکیەوە لە کوردستانی بەشی عێراقدا، هەمیشە گرفتی نەبوونی چەکو بێ پشتیوانی هەبووە، بۆیە لەبەرامبەر رژێمێکی وەکو عێراقدا، لە راپەرینەکانی شێخ مەحموودو بارزانیەکاندا چەکی کەمو بێ پشتیوانی وای لە راپەرینەکان دەکرد بەرامبەر رژێمی پاشایەتی بەو چەکە کەمانەی هەشیبوون، توانای جەنگی بەرەیی قورس نەبوو، چونکە رژێم بۆ لەشکرکێشی پەکی نەدەکەوتو بریتانیاش بەـ هانایانەوە دەچوو. تەقەمەنیش ئاسان دابیندەکرا. بەلام راپەرینەکانی کورد تەنیا پشتی بە چەکی قاچاخچیو

ـ ...ێکەوت دەبەست، بەدرێژایی ڕاپەڕینەکانی کوردستان لە بەشی عێراقدا.
..اکو سەراپای کوردستاندا (جگە لە کۆماری مەهاباد) لەلایەن هیچ وڵاتێکەوە لەڕووی عەسکەرییەوە یارمەتی نەدراوەتە کورد؛
ئەم گرفتە عەسکەرییە کوشندەیە سەبارەت بە خەباتی چەکداری گەلان لە شۆڕشی سەیلوولیشدا چارەسەری نەبوو، لەکاتێکدا ڕژێمی کۆماری عێراق سوپای عێراقی دوای ١٩٥٨ هاوچەرخانە بینا کردەوەو بەرە بەرە سوپای عێراق دوای ..پای میسر، هەتا هەڵگیرساندنی شۆڕش کرابووە سوپایەکی بەهێزی خاوەن تەکتیک و تەکنیکی عەسکەری پێشخراو لەچاو سوپای پاشایەتی عێراق، تەنانەت ڕژێمی قاسم لەخۆی ڕادەبینی بەرەنگاری بریتانیاو ئێران بکاو پرکێشیشی لە داگیرکردنی کوێتیشدا دەکرد، سەرەڕاش بەهۆی شۆڤێنیەتی ڕژێم و کەڵکە بوونی ئاستەنگە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەسکەرییەکانی، پارتی دیموکراتی کوردستان توانی بە ڕێبازی جەنگی پارتیزانی بەرامبەر توانای ڕژێم لەناوچە ..خەتەکانی کوردستاندا هەتا بەیانی ئادار درێژە بە شۆڕش بدا وێڕای ..ریبەرەکی و بەنگی ناخۆو سیاسەتی دڕندانەی داگیرکەرانی کوردستان.
کە بەیانی ١١ی ئادار درا، گەوهەری شۆڤێنیێتی ڕژێم نەگۆڕا. بەڵکو ئامانجە ئاسیۆنالیستیەکانی بەعسیانەی باشتر گەلاڵە کرابوون، بۆیە ئامانجی سەرەکی ڕێکەوتنامەی ئادار کۆتایی پێهێنانی بزووتنەوەی چەکداری کوردستان بوو، بەهەر نرخێک بێ هەتا بەعس بیپرژێتە سەر هەڵخراندنی(تعبئە) عێراق و عێراقیەکانی (بەکوردستانیشەوە) بۆ ئامانجە ستراتیژیە پانعەرەبیە بەعسیانەکەی. ئەودەم جگە لە ئیسرائیل، گرفتی قوولیشیان لەگەڵ ئێراندا هەبوو، کێشەی سوریاشیان لێ ..ئاڵۆزا. هەڵبەتە مەترسیشیان لە تورکیا هەبوو. بۆئەوەی لە ئەمنی ستراتیژی عەرەبی و عێراقی و بەعسی دڵنیابێ، ڕژێمی عێراق لێبڕابوو کە خەباتی چەکداری کوردو کێشەی گەلەکەمان کۆتایی پێبهێنێ بۆ ئەم مەبەستەش لە پەنای بەیانی ئاداردا سەرقاڵی ترسناکترین نەخشەکانی شۆڕشی چەواشە بوو:
ـ بینا کردن و پاککردن و پرچەککردنی سوپای عێراق بۆ دەسەڵاتی بەعس.
ـ نەهێشتنی هەموو جەشنە مەترسیەکی چەکداری لە کوردستانداو لەناوبردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی.
ـ بەهێزکردنی ئابووری عێراق و ڕازیکردنی جەماوەری بەعس کە بەزۆری وردە بۆرژوان.

- تۆکمەکردنو پەرەپێدانی داوودەزگای سەرکوتکەرەکان.
- سەپاندنی، تەعریب، تەهجیرو تەبعیس.
- بێ بایەخ کردنی پایەی ئۆتۆنۆمیی عێراقو کوردستان.
- فراوانکردنی پێوەندی دیپلۆماسیو سیاسیو ئابوری رژێم لەگەڵ چواردەوری ولاتانی جیهان.

ئەوانە بنچینە گرنگەکانی سیاسەتی بەعسی بوون کە بەشێکی ئەو بنچینانە پێوەندیان بە بەرنامەی لایەنی دووری ئامانجەکانی بەعسەوە هەبوو، بەشێکی دیکەیش بە بەرنامەی لایەنی کەمی ئامانجەکانی بەشی زۆری بەرنامەی لایەنی کەمی ئامانجەکانی پێوەندی بە کوردو کوردستانەوە هەبوو. هەر بۆیە لەپاش ڕاگەیاندنی بەیانی ئادارەوە بێ پەروا فشاری تەعریبو تەبعیسو تەهجیرو تیرۆرو نەخشە عەسکەرییەکان پەرەیان دەدرایە، تەواوی ئەو ڕاستیانەش سەلمێنەری شۆفێنیەتی رژێمو بەفێلْ ڕاگەیاندنی بەیانی ئادارن.

دوو دیاردە کە ڕاستەوخۆ دژی کوردو شۆڕشەکەی بوون لە دوای بەیانی ئادارەوە مەترسیەکی ترسناکیان لەسەر بوونی کوردو کێشەکەیو شۆڕشەکەی دروستکردبوو، ئەوانیش:

١- تەعریبو تەهجیرو تەبعیس.
٢- چەکدارکردنی سوپاو زیادکردنی چادەیان لە کوردستاندا.

سەبارەت بە دیاردەی یەکەم (تەعریبو تەهجیرو تەبعیس) جگە لە چارەنووسی شۆڕش، بوونی نەتەوایەتیش دەخاتە مەترسیەوە. جا سیاسەتێک بوونی گەلێک بخاتە مەترسییەوە، هەڵبەتە زیانی ڕاستەوخۆ بۆ خەباتی چەکداری گەلەکەش هەیە، بۆ نموونە: ئەو ناوچانەی دوای دیاریکردنی ئامانجی تەعریبو تەهجیرو تەبعیس لە کوردستاندا کە ساڵی ١٩٧٤ بە (ناوچەی ئۆتۆنۆمی!) ڕەوا بینراون، سەرجەم لە پارێزگای هەولێرو سلێمانیو دهۆکدا (٢٦.٣٤٧ کیلۆمەتری دووجا)، لەکاتێکدا کوردستانی بەشی عێراق تێکڕایی ڕووبەری زەوییەکەی (... .٨٦ کیلۆمەتری دووجایە) بەسەریەکەوە، بەزۆری لە زەمانی بەعسدا ٤١.٤٩٪ی خاکی کوردستانی بەشی عێراق تەعریب کراوە ‹٣٣›.

‹٣٣› چیاڤتەمنی ستراتیژی عێراقی سی کوچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، زنجیرەی لێکۆڵینەوە (٣)، ل:٨٤؟

ئەم سیاسەتە سۆڤینییە ترسناکە، جگە لە تەسککردنی رووپێوی خاکی کوردستان‌و دوورخستنەوەی سەدان هەزار کورد بۆ خواروو کە هەر هەمووی ڕاستەوخۆ کارایی ناڵەباری دیموگرافی‌و جوگرافی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و تەنانەت تەکنۆلۆژیشیان هەیە بۆسەر شۆڕشی چەکداری، لەڕووی عەسکەریشەوە لەلایەکەوە توانای کۆکردنەوەو چەکدارکردنی پێشمەرگە کەم دەکاتەوەو بواری هێزی بەردەوام تەسک دەبێ، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ بڵاوکردن‌و قایمکردنی لەشکرو لەشکرکێشی‌و پاراستنی دەورووبەری پێگەو کامپە گەورەو ناوەنجیی‌و دەبۆکانی رژێمیش سودێکی کاریگەری هەیە، چونکە هەتا ناوچەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکرێن، ئۆردوگا عەسکەری‌و دەبۆکانی تەقەمەنیش لە شەڕگەو شوێنەکانی پێشمەرگە نزیک دەخرێنەوە، نزیک خستنەوەو مۆڵدانی عەسکەرێکی زۆرو دەبۆی تەقەمەنی لەڕووی لۆجستیکی شەڕەوە بۆ نیشتمانێکی شاخاوی‌و پڕ لە دۆڵ‌و دەربەندو هەڵەتی وەکو کوردستان کە هەمووشی بۆ شەڕو شەرگەی پێشمەرگانە لەبارن، لە زانستی جەنگ‌و جەنگینی سوپایەکی میکانیزمەکراوی خۆشەکراو بە ئالیاتی جەنگ، زۆر گرنگە بۆ شۆڕشی چەواشە. هەڵبەتە کەم‌دەسردەنیشە، تایبەت شۆڕشی کوردستان بەهۆی نەبوونی پشتیوانی ستراتیژی کێشەیەوە چەکی قورسی دوورهاوێژیشی نییە هەتا مەترسی لەسەر ئۆردوگاو دەبۆکان پەیدا بکا. دووەمیشیان، چەکدارکردنی سوپاو زایدکردنی جادەویان لە کوردستاندا، ئەم دیاردەیەش لە ساڵانی ۱۹۷۰-۱۹۷٤دا بەشێوەیەکی زەق دژی شۆڕشی کوردستان رژێم بە داهات‌و دراوێکی زۆر سەرقاڵی بوو بۆ جادەویانەکە. جگە لە کوردستان، زۆربەی مەترسیەکانی رژێم لە ئێران‌و تورکیاو سوریا، دەکەوێتەسەر خاکی کوردستان، بۆیە زۆربەی ڕێگا ستراتیژیە عەسکەری‌و ئابووریەکانی رژێمی عێراق بەرامبەر سوریاو تورکیا دەکەونە سنووری موسڵ ـ هەولێر لە پارێزگای سلێمانیشدا بایەخی گرنگی هەیەو لە بەرامبەر کرماشان، سنە، سەقز، بانە، سەردەشت‌دا ڕێگای عەسکەری لێدراوە، ئەمە جگە لە ناوچەکانی خانەقین‌و مەندەلی‌و بەدرەو خوارەوەش کە هەر هەموو ڕێگای ستراتیژین بۆ پاراستنی بەغدا. جگە لەو ڕێگایانە، ڕێگای دیکە دژی بزووتنەوەی کورد لە سەراپای کوردستاندا تەختکراوون‌و بە ئاسانایی کاروانی عەسکەری دەتوانن لەچوار وەرزی ساڵدا بۆ کوێستان‌و گەرمیانی کوردستان، بۆ هەموو ناوچەکانی بجولێن لەکاتێکدا لەسەرەتای شۆڕشی شۆڕشی ئەیلوولدا وا نەبووە،

ڕێگاوبان کەمبوون و بەزۆری لە کوردستاندا قیرتاو نەکرابوون کە تەنیا هاوینەو سەرەتای پاییز دەکرا هاتوچووی ئاسانی تێدا بکرێ. کورتیەکەی ڕووپێوی خاکی عێراق (٤٤٦.٨٣٤٨کیلۆمەتری دووجایە) کەچی ڕێگای قیرتاوکراوی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥، (٩٢٤.٠) کیلۆمەتری دووجایە. هی قیرتاو نەکراویش (٢١٧٧) کیلۆمەتری دووجا بووە. ئەگەر ئەمە لەگەڵ ڕێگای وڵاتێکی وەکو سعودیە بەراورد بکەین کە ڕووپێوی خاکی (١٧٦٠٠٠٠) کیلۆمەتری دووجایە واتە نزیکەی پێنج بەقەد عێراقە، کەچی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ ڕێگاکانی سەرجەم (٨٧٥٩) کیلۆمەتری دووجایە. واتە نزیکەی یەک لەسەر سێی عێراق جادەی هەبووە. سعودیە لە عێراقیش دەوڵەمەندترە.

بۆ پڕچەککردنی سوپاش، ئەم نەخشەیەی خوارەوە لەگەڵ هەندێک ئاماری چەکە هەمەچەشنەکانی مەترسی باڵادەستێتی عەسکەری ڕژێم بەسەر توانای بەرەنگاری چەکداری گەلەکەمان دەردەخەن کە دەبوو شۆڕش و دەزگای پاراستنی پارتی و مەکتەبی عەسکەری حسابێکی عەسکەری-لۆجیستیکی گەورەیان بۆ بکردایە، بەڵام نەکرا.

خشتەی ژمارە:٧

نیشانەکانی مەسروفاتی عەسکەری

شمەک	پێوانگ	٩٧٣	٩٧٤	٩٧٥	٩٧٩	٩٨٠	ڕێژەی٪ ساڵانە ٧٥-٨٠
مەسرەفی ساڵانەی عەسکەری	١دۆلار*	١٢١٢	١٥٦٦	١٦١٤	٢٧٧٥	٢٠٠٠	٨٥.٩
هاوردەی ساڵانەی عەسکەری	١دۆلار*	٦٢٥	٦٢٥	٦٧٥	٢١٠٠	٢٢٧٠	٢٣٦.٣
ژمارەی هێزە چەکدارەکان	هەزار پیاو	١٠٥	١٠٥	١١٠	١٥٥	٣٨٤	٢٤٩.١**
پشکی ناوەنجی عەسکەریەک	دینار	٣٨٠٠	٥٠٠٠	٤٩٠٠	٦٠٠٠	٢٦٠٠	
پشکی ناوەنجی هاوڵاتی لە داهاتی نەتەوە	دینار	١٣٠	٢٧٠	٣٢٠	٨٣٠	١١٦٠	

* ١ ملیۆن دۆلار

بەپێی ئەو خشتەیە، لەساڵی ١٩٧٣وە کە ئیتر نێوان رژێمو شۆرش دەئاڵۆزاو دیاردەکانی شەڕ بوونەوە دەردەکەوتن، مەسروفاتی ساڵانەی عەسکەری دوو ملیاردو حەوت سەدو هەشت هەزار دۆلار بووەو هاوردەی عەسکەریش ملیاردێکو سێ سەدو پەنجا هەزار دۆلار بووە، هەر لەو دووساڵەدا، ساڵی ١٩٧٣ پشکی ناوەنجی عەسکەری ساڵانە سێ هەزارو شەش سەدو حەفتا دینار زۆرتر بووە لە هاوڵاتی مەدەنی. ساڵی ١٩٧٤یش چوار هەزارو حەوت سەدو سی دینار زیاتر بووە.

ئەو بودجە عەسکەرییە ئەگەر لەسەر چۆنیەتی زیادکردنی چەکی عێراق بیخەینە ڕێژەی ئەژمارەوە، توانای چەکی هەمەچەشنەی عێراق وای لێدێ کەوا تەرازووی هێزی عەسکەری نێوان شۆڕشو رژێمدا بەجارێک لاسەنگو لار بێ. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥، عێراق (٥٤٦) فڕۆکە، (١١١) کۆپتەر، (١٦٠٠) تانک، (٩٠٠) تۆپی قورس، (١٥٠٠) نەفەربەری هەبووە.

ئەو نابەرامبەرییەی نێوان ساڵی کۆتایی شۆڕشی ئەیلولو رژێمدا لە ڕووی عەسکەری، بەشەری، پێوەندی جیهانیو دیپلۆماسیو توانای داهاتو داراییەوە گەلێک ترسناک بووەو دەبوو ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ سەرکردایەتی شۆڕش حسابی هەمەلایەنەی بە ئەژمار بۆ هەموو جیاوازییەکان بکردایە، لێکیان بدەنەوەو لەگەڵ توانای شۆڕشو پارتیو گەلەکەماندا لەهەموو بارێکەوە بەراوردی بابەتیانەی بکەن ئینجا بڕیاری بەرەنگاری چەکدارانە بدەنەوە.

لە ساڵی شەڕبوونەوەدا، تاقە پشتو پەنای شۆڕش ئێران بوو، لەڕێی ئێرانیشەوە، ئەمریکا. ئەمریکاو ئێرانیش لەناو چوارچێوەی چۆنیەتی دابینکردنی بەرژەوەندیەکانیان لە ڕۆژهەڵاتو کەنداودا لە گەرمەی جەنگی سارددا دەسووڕانەوە، ئەمە جگە لەوەی ئێران رژێمێکی پانپارسی شۆڤێنی بوو بەرامبەر کوردو هەرگیز لایەنگری مافە سیاسیەکانی نەتەوەی کورد نەبوو چونکە ترسی کوردستانی بەشی ئێرانی هەبوو.

** ↔

١- راپۆرتی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ساڵی ١٩٨٠ (لندن) ل:٥٦ ژ:٨.

٢- دەزگای ناوەندی سەرژمێری (حساباتی نەتەوەیی) نامیلکەی سەرژمێری باخەڵ ١٩٨٢.ل:٤٥.

یەک ساڵی ڕەبەق لەشەڕی سەخت ئەگەر پشتیوانییەکەی ئێرانو ئەمریکا لەڕووی ئیدارییەوە لە ئۆردوگاکانی ئێرانو سەر سنوورەکاندا یارمەتی شۆڕشیان باش دابێ، ئەوا لەڕووی سیاسیو عەسکەرییەوە کێشەی گەلەکەمانیان ناپوود کرد، لەبەرامبەر ئەو هەموو توانا عەسکەرییەی عێراقو ئەو هەموو هێرشە ستراتیژیانەی دەکرانە سەر ناوچە ئازادکراوەکان، ئێرانو ئەمریکا تەنیا چەکی تەکتیکی عەسکەرییان دەخستە مەیدانەوە، ئێستاش چەکی ئەوتۆیان نەدایە شۆڕش کە بتوانێ بنکە ئابووریو ئۆردوگا عەسکەرییە گەورەو گرانەکانی بۆردوومان بکا، شۆڕشیان لە ڕووی عەسکەرییەوە خستە سەنگەری بەرگری نیگەتیڤی جەنگێکی بەرەیی فراوانەوە، ئەم جۆرە جەنگە بەرەییە فراوانەش بۆ بزووتنەوەیەکی چەکدار کە لەسەر زەمینێکی جوگرافی تەسکو لەناو میللەتێکی کەمتر لە نەتەوەی سەردەستە، بەپشتیوانیەکی لاوازو بە مەشقو سازدانی عەسکەری دواکەوتوانەوە، ترسێکی ستراتیژی ڕووخێنەرە.

لەڕووی سیاسیشەوە، بە ڕەسمی کێشەی کورد لە داوودەزگا نێودەوڵەتیەکاندا باس نەدەکراو تاوانەکانی ڕژێم ڕیسوا نەدەکران. ڕژێمیش بە چەکی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو لەژێر سەیوانی سیاسەتی جەنگی سارددا، هەرچی توانای عەسکەریو سیاسیو سایکۆلۆژی هەبوو خستیە مەیدانەکانی جەنگەوە، پێشکەوتووترین کەرەسەی جەنگو جەنگینی هەبوو:

- فرۆکەکانی کوشندە، بەڵام دژە فرۆکەکان لاوازو زۆر کەم.
- تانکەکانی کاریگەری تازە، بەڵام دژەکانی کەمو لەناوچەیەکی کەمیشدا ڕێگای بەکارهێنانیان دەدران.
- تۆپو تۆپخانەی پێشخراو، بە بەرپەرچدانەوەیەکی کەمی دیاریکراو، ئەویش بەزۆری لە سەرکردایەتی شۆڕشو قوڵی ڕەواندوزدا هەبوو.

ئەو سەنگەو لارییەی عەسکەری، وایکرد لە زۆربەی جەنگە بەرەییەکاندا ڕژێم بەو چەکە قورسانەوە سەردەکەوتو تەنانەت سەرشاخە سەختەکانی گەلی عەلی بەگو سەرتیزو حەسەن بەگو کورەکو هەندرین... کەوتنە دەست ڕژێم کە بە درێژایی ڕاپەڕینە چەکداریەکانی کوردستان ڕژێمەکان نەیا نەدەتوانی ئەو شاخانە داگیر بکەن. داگیرکردنی ئەو شاخانەش ڕاستەوخۆ مەترسی خستەسەر سەرکردایەتیو داوودەزگا گەورەو کاریگەرەکانی شۆڕش، هەروا کاری وورەییو سیاسیو عەسکەریشی کردە سەرپێشمەرگە لە کوردستاندا.

٤/٨- پێوەندییەکانی پارتیو هەرەس

سەرەڕای ئەو جیاوازییە عەسکەرییەو چەکە کوشندانەی رژێم، سەرەڕای سەدان کەمو کوڕی گەورەو گچکەی چینایەتیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو عەسکەری ناهەموار دەرهەق زەحمەتکێشان، سەرەڕای ئەوەی تاکتیکی شۆڕش لەشەڕو شەڕگەکاندا، لە جەنگی پارتیزانیو جەنگی بزۆزو جەنگی بەرەییو بەرگری ستراتیژیدا، لەئاستی قورسایی جەنگەکەو توانای عەسکەریو مەشقی سوپاو تەکنۆلۆژیای جەنگیی رژێمی عێراقدا نەبووە، سەرەڕای هەموو ئەوانە بەهۆی قارەمانێتی جەماوەرو پێشمەرگەوە، سەرکردایەتی پارتی لەناو خاکی کوردستاندا بەرگەی گرتو بەرگری دەکرد کە پێمانوایە ئەو بەرگە گرتنو بەرگرییە ئەگەر بەپێی پرێنسیپەکانی زانستی جەنگی پارتیزانی خوڵقێنەرانە لە کوردستاندا بکرایان، لەماوەی ئەو ساڵەدا ئاکامێکی عەسکەریو سیاسی باشی دەبوو، بەڵام وەکو واش نەکرا، لەو ساڵەدا رژێم بەو هەموو باڵادەستییەی بەسەر شۆڕشدا ئینجا نەیتوانی نەخشە ستراتیژیەکانی لە بەزاندنی پێشمەرگە بهێنێتەدی، بەڵکو خۆی وەکو بازنە داخراوەکەی جەنگی نێوان رژێمو کورد: شەڕپوونەوەو سەرنەکەوتنی ستراتیژی هیچ لایەک لەشەڕدا، گەیشتە ئەنجامی ئەوەی شۆڕشی پێ بە توانای عەسکەری لەناو ناچێ، بەڵام ئەمجارەیان وەکو جاران بڕیاری نەدا کە دەرگای مفاوەزات بکاتەوە بەڵکو لەسەر ئەو بنچینەی بەهەر نرخێک بێ دەبێ شۆڕش لەناوبەرێ، بڕیاری گەورەترین سازشی لەگەڵ رژێمی ئێراندا تەنیا بەمەبەستی سەپاندنی مەرامە شۆڤێنییەکانی، ئیدی دەستیان لە تەواوی لافەکانیان لە کەنداوو زێی عەرەبدا بۆ رژێمی شا هەڵگرتو رێکەوتنامەی شومی ٦ی ئاداری جەزائیریان مۆرکرد.

ئەو رێکەوتنامەیەی سەدام لەگەڵ شادا مۆری کرد تەنانەت رژێمە نۆکەرەکانی ئینگلیز کاری وایان نەکردبوو. ئەمەش باشترین بەڵگەی هەتا مۆخ شۆڤێنیەتی رژێمە بەرامبەر بە کورد، ریسوایی بەرامبەر رژێمی شا لە مێژوودا هەڵدەبژێردرێ بەمەرجێ بتوانێ خەباتی رەوای گەلی کورد لەناو بەرێ!

بەپێی رێکەوتنامەی جەزائیر، ئێرانو ئەمریکا لە پشتیوانی کردنی پارتی دەبوو دەست بکێشنەوە، ئەم دەستکێشانەوەیە جگە لەوەی گەورەترین پەیمان شکاندنی مێژوویی بوو بەرامبەر گەلەکەمان بەگشتیو سەرکردایەتی پارتیو بارزانی بەتایبەتی، باشترین بەڵگەشە کە لە گەرمەی جەنگی سارددا، ئەمریکاو

هاوپەیمانەکانی بە هەموو نرخێکی عەسکەری‌و سیاسی‌و ئابووری، تەنانەت بە گەورەترین غەدری مێژوویش لە میللەتێکی ژێردەستەش، هەڵپەیان بووە، بەرژەوەندیەکانیان بسەپێنن.

لەسەرەتای جەنگی ساردا، شورەوی کۆماری مەهابادی کردە قوربانی پاراستن‌و سەپاندنی کامپەکەی، ئەوەتانێ لە گەرمەی جەنگی ساردیشدا ئەمریکا شۆڕشی ئەیلوولی فرۆشت. لە کۆتایی جەنگی ساردیشدا گەلەکەمان کیمیابارانی چەکە کوشندەکانی ڕۆژهەلاتی(سۆسیالیست!) و ڕۆژئاوای (مرۆڤدۆست!!) کرا.

ئەم غەدر لێکردنەی کورد، تێکشکانی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر کورد کەوت. بۆئەوەی لەگەڵ مێژوودا ئەمانەتی مێژوویی بەکاربهێندرێ، واچاکە ئەم غەدرە گەورەیە لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی ئێستاو پێوەندی ئێستای بزووتنەوەی کورد بە ڕۆژئاواوە، لەبوونی هێزەکانی هاوپەیمان بە پێشەنگی ئەمریکا لەسەر سنووری کوردستان، لەناو کوردستاندا تاو توێیەکی نەبێ، دوای ڕوونبوونەوەی ئەموەژی ڕابردوو بکەین.

لەسایەی جەنگی سارد دا هەر دوو کامپی زلهێزەکان کرابوونە پێوانەی دوو چەشن پێوەندی ناکۆک بۆ بزووتنەوە سیاسی‌و چەکداریەکان، تەنانەت بۆ دەوڵەتەکانیش، هەموو جۆرە پێوەندی پێوەکردن‌و دۆستایەتیەکی بە پێشکەوتنخوازو دیموکراسیانە لەقەڵەم دەدرا، بە پێچەوانەشەوە، پێوەندی لەگەڵ ئەمریکاو ڕۆژئاوا بە کۆنەپەرستی دەزاندرا. زیاتریش ئەم پێوانەیە بۆ حیزبە سیاسی‌و شۆڕشە چەکداریەکان بەکار دەهات، لەکاتێکدا حیزب‌و شۆڕشە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکان پتر پێویستیان بە یارمەتی هەبوو نەک دەوڵەتان، یان هیچ نەبێ لە دەوڵەتەکان پتر پێویستیان بە یارمەتی هەبوو. کەچی پێوەندی ئابووری‌و سیاسی‌و دیبلۆماسی دەوڵەتان بە ڕۆژئاواوە لەلایەن شورەوی‌و هێزەکانی سەربە شورەوی بە ئاسایی دەزاندراو هاوکاتی ئەو پێوەندیانەی دەوڵەتان بە ڕۆژئاواوە، شورەویش‌و حیزبە شورەوی پێڕەوەکانیش پێوەندی پتەویان بەو دەوڵەتانەوە دەبەست هەتا ڕادەی (بەرەی نیشتمانی)یش لەگەڵیاندا، بەڵام بزووتنەوە چەکداریەکان کە ڕۆژانە بۆردومان دەکران‌و خاکیان وێران دەکرا تاوان بوو هیچ چەشنە پێوەندیەکیان بەو دەوڵەتانەوە هەبێ، لەم پێودانگەوە، پێوەندی پارتی‌و بارزانی بە ئێران‌و ئەمریکاوە بە خیانەتی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی لەقەڵەم دەدراو هەتا ڕادەی شەڕی چەکداریش دژایەتی دەکرا. ئێستاش کە جەنگی سارد

نەماوەو پێوەندیو پێوەدانگەکان گۆڕاون، هەق وایە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، دوور لە گۆشەگیری تیۆریو سیاسەتی ڕقەبەرایەتی، ڕاستیەکان هەڵسەنگێندرێنەوە. چونکە ڕاستیەکان خۆیان دەرکەوتوونو بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی بەشی عێراقدا گەرمتر پێوەندی بە ڕۆژئاواوە هەیە. ئێستا جیاوازی بۆچوون لەناو هێزە بالادەستو دیارەکاندا لەسەر بنچینەی پێوەندی دیبلۆماسیو سیاسیو عەسکەریو ئیداریش بە ڕۆژئاواو ئەمریکا نەماوە. هەڵبەتە پێشتر توندیش بوو. هەڵوێستەکانی جارانو ئێستا زۆر ناکۆکن، زیانەکانی ئەم ناکۆکیانە لەناو بزووتنەوەی کوردو ڕاپەڕیندا وەنەبێ بڕابێتەوە، نەخێر، ئێستاش پاشماوەکانی ئەو ناکۆکیانەو سەرئەنجامە سیاسیو عەسکەریو ئایدیۆلۆژیەکانی، ڕۆژانە بە فلاش باکی (گەڕانەوە بۆ ڕابردوو) ململانێی حیزبیو سیاسیو شەخسیەکانی ناو خەبات بەشێنەیی زامی بڕینەکانی ڕابردوو دەکولێننەوەو ئەو ژانەش بەشێکن لە هەوێنی هەڵوێستە ناکۆکەکانی ئێستا. بۆیە دەبێ مێژووی سیاسەتی شۆڕشی ئەیلوولو هەرەسەکە: پێوەندیەکانیو کارەساتەکەی، سەرلەنوێ دوور لە ڕقەبەرایەتی حیزبایەتی لەبەر ڕۆشنایی دیاردەکانی ئێستا هەڵسەنگێندرێنەوەو هەموو ڕووداوەکانی ڕابردووش هەموو سیاسەتو بڕیارو پێوندیەکانی ڕابردوو، تاوتوێی بابەتیانە بکرێنەوەو ڕاستیەکان وەکو هەن بخرێنە قۆناخە مێژوویەکانی خۆیان.

لەم بەشە نووسینەدا، تەنیا ئەوەمان لا مەبەستە ڕۆشنی بکەینەوە کەوا هەلومەرجی سیاسیو عەسکەری لە کوردستانو ناوچەکەدا وای پێویست دەکرد لەدوای بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دەبوو بە قووڵی بیر لەوە بکرێتەوە خەباتی چەکداری بە ڕێبازی نەگۆڕی ڕزگاری کورد نەمێنێتەوەو هەوڵی لێبڕاو بۆ گۆڕینی قورسایی خەباتەکە لە شاخەوە بۆ شاران درابا، چونکە جگە لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی، خەباتی چەکداریش لەوە زیاتری پێنەدەهاتەدی کە لە بەیانی ئاداردا هێندرایەدی. بەتایبەت ستراتیژی پارتی دیموکراسی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو، بۆ گۆڕینی ئەم ستراتیژەش هەلومەرجی جیهانیو ناوچەییو خەباتی نەتەوایەتی کوردیش لەسەرپاپای کوردستانی گەورەدا بۆ پارتی لەبار نەبوو، ئەو پێوەندییە سیاسیو عەسکەرییەی شۆڕشی ئەیلوولیش بە ئێرانو ئەمریکاوە، بۆیو مەمر بوونەک پشتیوانی ستراتیژی شۆڕش توانای کەم بێ، کوردستان بەرتەسک کرابێ، ڕژێمە دوژمنەکەی بەهێزتر کرابێ، داهاتو توانای زیاتر بووبێ، پشتیوانی ستراتیژی هەتا سەرکەوتنی بەڕێکەوتنامەی کۆنکرێت مۆر

نەکردبێ، لەناو عێراقدا دیاردەکانی دۆخی شۆڕشگێڕانە نەخەملیبێ، ئیدی شۆڕش کردنەوەی چەکداری چی دەگەیەنێ؟

بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیانەش سەبارەت بە باسەکەمان بە بەلگەوە بێ، واچاکە لە بەلگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکاوە چارەنووسی ئەو پێوەندییەو یارمەتییەکانی پێوەندیەکە بخەینە ئارا، چونکە قسە لەسەر پێوەندیەکان زۆرن، بەلام ڕاستیەکان وەکو بەلگەنامەکان ڕۆشن نین، هەتا ئێستاش لێکۆلینەوەیەکی قول لەمەڕ پێوەندیەکە نەنووسراوە بەلکو زۆربە ی پێوەندیەکە بەنهێنی ماوەتەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەمەیە کەوا سالی ١٩٧٦ کۆمیتەیەک بۆ لێکۆلینەوە لە چالاکییە نهێنییەکانی دەزگای موخابەراتی ئەمریکی بە سەرۆکایەتی (ئۆتیس پایک) دامەزراو ڕاپۆرتی کۆمیتەکە بەناوی سەرۆکەکەی ناوبانگی بلاوکرایەوە. لەبەرئەوەی دەولەتی ئەمریکا غەدرێکی گەورەی لە بزووتنەوەی کورد کردبوو بۆیە بەهیچ چەشنێ نەیاندەویست ڕاپۆرتەکە بلاوبکرێتەوە، سەرەڕاش، ڕاپۆرتەکە دزەی پێکراوەو لە ڕۆژنامەیەکی ئۆپۆزسیۆنی جووتیاراندا کە لە دێی (جرنیش)ی نزیک نیۆرک بەناوی (دەنگی لادێ) دەردەچێ بلاوکرایەوە، بەلام دەستبەجێ دەزگای ئەمنیەتی ئەمریکا ئەو ژمارەیەیان کۆکردەوەو ڕۆژنامەنووکەشیان دایە دادگا. ئەو بەشەی پێوەندی بە کوردەوە هەیە بەناوی (حالەتی ژمارە:٢ یارمەتی چەک)وەیە.

ڕاپۆرتەکە ساغی کردۆتەوە کەوا لەمانگی ئابی ١٩٧١ (مەلا مستەفای بارزانی) پێوەندی بە سەرکردایەتی موخابەراتی ناوەندی ئەمریکیەوە لەتاران کردووەو داوای کۆمەکی دژی عێراق کردووە، ئەم نامەیە وەلامی نەبووە، لە ئاداری سالی ١٩٧٢دا دیسان داواکە دووپات کراوەتەوە، ئەمجارەیان هەردوو نامەکە ئاراستەی (کۆمیتەی چلی) کراوە کە سەرپەرشتی سەرجەم چالاکییە نهێنییەکانی موخابەراتی ئەمریکا دەکا. ئەوساش کیسینجەر سەرۆکایەتی دەکرد. زانیارییەکە لە ڕاپۆرتی (ئوتیس پایک)دا دوای لێکۆلینەوە ئەوا گەلالە کراوە: (ئەو بەلگانەی لای کۆمیتەکە کۆکراونەتەوە دیسەلمێنن کەوا بڕیارەکە لەپلەی یەکەمدا وەکو دلنەوایی ئێرانی هاوپەیمان دراوە کە دلسۆزانە هاوکاری دەکردین و پێشیانوایە لە عێراقی دراوسێیانەوە مەترسی هەڕەشەیان لێدەکا. دوژمنایەتی نێوان هەردوولاش دێرینەیە، لەبنەڕەتیشدا جیاوازییەکانیان ڕێبازی عەقیدەیی نییە بەلام لەهەمان کاتدا پێوەندی بە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەیە

.(‹٣٤›).

ئەم بەڵگەیە کە کۆمیتەی تایبەتی لێکۆڵینەوەی چالاکیە نهێنیەکانی موخابەراتی ناوەندی ئەمریکی دوای لێکۆڵینەوە بڵاوی کردۆتەوە مایەی لێکۆڵینەوەی سیاسیانەیە هەتا بەرئەنجامی باشیان لێ هەڵبهێنجیندرێ:

١- راپۆرتەکە دوورو نزیک، باش‌و خراپ، راستەوخۆو ناراستەوخۆ ئاماژەیان بۆ خۆفرۆشتن یان بەکرێگیراوی یاخود بە دەسیسەو دەسیسەبازی موخابەراتی ئەمریکی‌و پارتی‌و بارزانی ناکا.

٢- بارزانی خۆی داوای یارمەتی کردووە نەک موخابەراتی ئەمریکی پێشتر نەخشەی بۆ بارزانی‌و شۆڕشەکە کێشابێ.

٣- کاتێک بارزانی داوای یارمەتیەکەی کردووە کە جارێ عێراق نەوتی خۆماڵی* نەکردبوو، هەتا بگوترێ پێوەندیەکە بۆ دژایەتی خۆماڵی کردنەکە بە دەسیسەی بێگانە کراوە. قسەش لە جەنگی تشرینی ساڵی ١٩٧٣ لەنێوان عەرەب‌و ئیسرائیلدا ئەوکات نەبووە هەتا بە جەنگیشەوە ببەسترێ.

ئەوە سەبارەت بە گەوهەری پێوەندی پارتی‌و بارزانی‌و ئەمریکا، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئەمریکاو ئێران بەچ نیازێک‌و لەپێناوی چیدا بڕیاری یارمەتی شۆڕشی کوردیان داوە؟ داخۆ لەپێناوی دیموکراسی‌و نەهێشتنی زوڵم‌و زۆر، یان بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندی خۆیان؟ سیاسەتی ئەمریکا دژی ڤێتنام‌و لاوس‌و کەمبۆج لەوکاتەدا کە بڕیاری کۆمەکی کوردیان داوە وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە کە ئەمریکا بۆچی هاتۆتە مەیدان. خۆشیان لە راپۆرتەکەدا دەڵێن: «ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکان لە یارمەتیدانی کورد بۆئەوە نەبووە بتوانن سەربکەون‌و تەنانەت مافی ئۆتۆنۆمی سەربەخۆش وەربگرن، کورد لەعێراقدا مافی وا وەربگرن بۆی هەیە کاربکاتەسەر کوردەکانی ئێرانیش، ئەمە کێشە بۆ شا دروست دەکا» هەروا دەویسترا رادەی یارمەتیدانی مەلا مستەفا تۆکمە رابگیرێ کە هەردەم لە ئاستێکی دیاریکراودا وەمێنێ: لە ئاستێکی ئەوتۆدا بتوانێ سوپای عێراق داوەشێنێ‌و چەک‌و سەرکردایەتی‌و هێزەکەی شەکەت بکا، لەهەمان کاتدا لەئاستێکدا بێ نەتوانێ وا سەربکەوێ کە سەربەخۆیی دابین بکاو کاربکاتە سەر کوردی ئێران ‹٣٥›.

---

* نەوت لە ١٦ی تەمووزی ١٩٧٢ خۆماڵی بەعسیانە کرا

ئەم دەقەش دیرِ بەدیرِی سەلیّنەری ئەو راستیەن ئەوا ئەمریکاو ئیران بەپیی پیلان هاتوّتە پیّش‌و تەنیا بەرژەوەندی خوّیان لەبەر چاوان بووەو بەس. هەر لەبەرئەوەی سەرکردایەتی شوّرِشیش بەکرێگیراویان نەبووە بوّیە بەرِادەیەکی ئەوتوّ یارمەتیان داوە کە سەرکەوتنی گەورە وەدەست نەهیّنیّ نکا کار بکاتە سەر کوردی ئیّرانیش. ئەگەر وانەبا واتە ئەگەر سەرکردایەتی بارزانی خوّی بە ئەمریکاو ئیّران فروّشتبا، بیّگومان ئەوجەلە بیّدریّغ وەکو بزووتنەوە بەکرێگیراوەکان یارمەتیان دەداو لەوەش نەدەترسان کە سەرکەوتنی گەورە وەدەست بهیّنیّ. چونکە بزووتنەوەو سەرکردایەتی بەکرێگیراو بە ویستی خوّی ناجولیّ. هەر سەرکەوتنیّکیش وەدەست بهیّنیّ هیچ چەشنە مەترسیەک لەسەر ئاغاکانی پەیدا نەکا.

دوابەشی راپوّرتەکە راستیەکی میّژوویی، یان با بلّیّین دانپیّدانانیّکی غەدر لیّکردنە گەورەکەی تیّدایە کە ئەمریکا لە کوردی کردووە، بە راشکاوی دەلّیّن: «سیاسەتیّکی بیّ رەوشتانەمان بەرامبەر کورد هەبووە، نە یارمەتیمان‌دان‌و نەلیّشیان گەرِاین کیّشەکانیان لەگەلّ حکومەتی عیّراقدا چارەسەر بکەن هاغاندان‌و پاشان وازمان لیّهیّنان» ‹٣٦›.

ئەم بەشە راپوّرتە کە ئوّبالّی غەدر لیّکردنی ئەمریکا لە کورد دیاری دەکاو کوّمیتەیەکی بەرزی لیّکوّلّینەوەی زلهیّزیّکی جیهان بە سیاسەتی خوّیان بلّیّ (بیّ رەوشتانە) ئیدی هیچی لەسەر ئەمریکا بوّ کورد نەهیّشتوّتەوە پیّیان بلّیّ* ئەوەی ماوەتەوە پیّوەندی بە پارتی‌و سەرکردایەتی پارتیەوە هەیە کە سەبارەت بەو پیّوەندییە هیّندەی پیّوەندییەکە پیّوەندی بە ناوەرِوّکی باسەکەی ئیّمەوە هەیە، چی بگوتریّ. ئەمریکا دەلّیّ: (بیّ رەوشت بووین). ئەدی کورد بەخوّی دەلّیّ چی؟

وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارە پەلوپوّی زوّرن‌و پیّویستە میّژوونووسان لە ئایندەدا بتوانن تەواوی راستیەکان روّشن بکەنەوە، بەلاّم دەشیّ لیّرەدا بگوتریّ کەوا:

‹٣٤ . ٣٥ . ٣٦› هیکل، محمد حسنین. الحل و الحرب، شرکة مطبوعات للتوزیع و النشر، بیروت ـ لبنان، الطبعة الاولی ١٩٧٧، ص: ١٣٨-١٣٩.

* لەدوا سەردانی وەفدی ئوّپوّزسیوّنی عیّراق بوّ ئەمریکا لە ١٩٩٢/٧/٢٧دا راویّژکاری ئاسایشی نەتەوایەتی ئەمریکا لە وەلاّمدانەوەی پرسیاریّکی کاک مەسعود بارزانیدا لەسەر کارەساتی ١٩٧٥ گوتوویەتی: «ئەو ـ عارە ـ دووپات نابیتەوە.»

لایەنی کەم دەبوو سەرکردایەتی پارتی‌و بارزانی بیانزانیبا کە ئەمریکاو ئێران بەچ نیازێک ڕازی بوون یارمەتی شۆڕش بدەن، ئەگەر زانیویانەو سەرەڕاش، ساڵی ١٩٧٤ بڕیاری شەڕبوونەوەیان داوە بەمەبەستی ئەوەی لایەنی کەم بتوانن مەرجە شۆڤێنییەکانی بەعس بەتاڵ بکەنەوە، ئەوا لە میاندا بە سەرشۆڕی ڕێکەوتنامەی جەزائیر، ڕژێم گرەوەکەی بردەوەو بەم گرەو بردنەوەیەش ئەوە دەسەلمێنێ کە سەرکردایەتی شۆڕش زیاد لە ئەندازە حسابی بۆ ناکۆکی نێوان عێراق‌و ئێران کردووە، ئەگەر بە وردیش نەیانزانیبێ ئەمریکاو ئێران بەچ نیازێک یارمەتی شۆڕشیان داوە، ئەوا دیسان بڕیاردانەوەی شەڕبوونەوە لەسەر بنچینەی پشتیوانی ئەوان بێ کتومت زانینی نیازەکانیان هەڵدێری مەرەسی کردە بەشمان.

پێشمان‌وایە لە حاڵەتی زانین‌و نەزانینی نیازە ڕاستەقینەکانی ئەمریکاو ئێران، باشترین دەستەبەر ئەوە دەبوو کە بە زۆری نەخشەو پیلانەکانی پارتی‌و شۆڕش لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤دا پشتی بە جەماوەری گەلەکەمان‌و گواستنەوەی چەقی شۆڕش‌و گیانی بەرەنگاری بۆ ناو شارەکان ببەستایە، تەنیا بەم سیاسەتە دەتواندرا شۆڕش‌و گەلەکەمان هەم لەو غەدرە مێژووییە ڕزگار بکرێ‌و هەم زەمانی پاشەکشەی گەورەش بە ڕژێم بکرێ، بەڵام نەکرا، چونکە ئەندێشەی خەباتی چەکداری بەپێی خەسڵەتەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەناو سەرکردایەتی پارتیدا زاڵبووە.

جەماوەری گەلەکەمان ئامادە بوون بە سەدان هەزارین ببنە پێشمەرگەو بچنە ئۆردوگاکانی ئێران‌و لەناوچە ڕزگارکراوەکان دانیشن، ئەو جەماوەرە ئەگەر بە تاکتیک‌و دروشمی شۆڕشگێڕانە لەناو شارەکاندا بۆ خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و ڕاپەڕین جۆش بدرانایە هەنگینی دۆخی سیاسی کوردستان دەگۆڕا‌و پاشەڕۆژێکی باشتر دیاری دەکرا. بەڵام بەداخەوە نەگۆڕینی ستراتیژی خەباتی چەکدارانەی شاخەکان نەک هەر لە بەرژەوەندی پاشەڕۆژی گەلەکەمان نەبوو، بەڵکو زیانێکی کاریگەریشی ڕێکەوت، وێڕاش سێ ڕاستی لەمێژوودا لەبەردەم بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەماندا ساغ بوونەوە:

١- ڕژێمی عێراق هەرگیز مافی چارەنووسی کورد ناسەلمێنێ‌و لەپێناوی ئەم نەسەلماندنەش، ئامادەیە تەنانەت سەر بۆ ڕژێمێکی کۆنەپەرستی وەکو شاش شۆڕ بکا.

٢- هەموو جۆرە پێوەندیەکی دیپلۆماسی‌و سیاسی‌و عەسکەری‌و ئیداری ستراتیژی

بزووتنەوەی کورد لەگەڵ دەرەوەدا دەبێ مۆرکراو، ڕوونکراو، کۆنکرێت و ساغ کراو بێ دەنا هەموو دەوڵەتێک بۆی هەیە بە ئارەزووی بەرژەوەندییەکانی وازی بە پێوەندیەکە بکا.

٣- ڕژێم ئامادە بوو بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کورد، سەر بۆ ڕژێمی شا تا رادەی دەست هەڵگرتنی لە سنووری دەریایی عێراق هەڵبگرێ، بەلام سەرکردایەتی پارتی ئامادە نەبوو دەست لە کەرکوک و خانەقین و ژەنگار هەڵبگرن و رازیش نەبوون بچنە ناو (بەرەی نیشتمانی) کارتۆنی بەسەرکردایەتی بەعسی فاشی. ئەگەر بشگوترێ لەرووی تاکتیکی سیاسیەوە نەرمی پێویستە، ئەزموونی (پارتی کۆمۆنیستی عێراق) لە چوونە ناو (بەرە) لەگەڵ بەعسدا وەکو حیزبێکی سیاسی بێهودەیی تاکتیکی نەرمیشی لەگەڵ ڕژێمێکی فاشی سەلماند، هیچ حیزبێک ناتوانێ لەوە زیاتر نەرم بێ کە (حشع) لەگەڵ بەعسدا نەرم بوو، ئینجا کەوتنە ویزەشیان!

٨/٥- دۆخی دوای هەرەس

کە هەرەس بە شۆڕشی ئەیلوول هێندرا، هەل بۆ ڕژێم هەڵکەوت جگە لە هەرەسی عەسکەری، هەرەسی سیاسی و سایکۆلۆژی تەنانەت نەتەوایەتیش بە کورد بهێنێ، کورتیەکەی لەدوای ژێرکەوتنی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ئاگریداغ لە کوردستانی بەشی تورکیا (١٩٢٥) هەرگیز ڕۆژگاری وەکو دوای هەرەس دووچاری نەتەوەی کورد نەهاتبوو، نەک گەل و نیشتمان و بنەماڵە و کولتوور و کەلەپوور و کەسوکار، بەڵکو هیچ کەسێک لە شەرەفی خۆیشی دڵنیا نەبوو، وەکو چۆن ئاسک دەکەوێتە بەردەمی پڵنگێکی برسی ئاوا کورد کەوتبووە بەر پەلاماری ڕژێمێکی فاشی، لەڕۆژگارێکی وادا، پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هەرەسی عەسکەری ڕاگەیاند، نەخشەی سیاسی دوای هەرەسی عەسکەری نەبوو، پێشمەرگە و خەڵکی سەرپشک کرابوون لە هەڵوێستی سیاسیان، چ مانەوە لە ئێراندا و چ گەڕانەوە بۆ عێراق، ئەوەدەم جگە لە ڕێکخستنە ئاشکراکانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ئەم ڕێکخراوە نهێنیانەش هەبوون:

١- کاژیک کە پاشان کرایە پاسۆک (١٩٥٦).

٢- کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان (١٩٧٠/٦/١٠).

٣- هەروەها کادرە ناسراوەکانی ناو شۆڕش بە ڕێبەرایەتی شەهید ساڵح یوسفی

لەکاتی هەرەس‌دا بناغەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان داڕشتبوو*.
٤- هەندێ پاشماوەی قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعیش چالاکیان هەبوو.
لەدەرەوەی وڵاتدا دوای ڕاوێژی نێوان سەرکردایەتی کۆمەڵەو سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (جەلال تاڵەبانی) چەندین شێوە حیزب‌و ڕێکخستن تاوتوێ کرابوو، سەرئەنجام (یەکێتی نیشتمانی کوردستان ١٩٧٥/٦/١) دامەزرا. هەر ئەو دەم پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادەی موەقەتە)ش ڕاگەیەندرا. هەڵبەتە لەناو وڵاتدا کەمترین دەرفەتی لێکۆڵینەوەی ئازادانەی دۆخی کوردستان‌و گەلاڵەکردنی ستراتیژێکی نوێ لەدوای هەرەس نەبوو، بەلام لە هەندەراندا دەرفەتی ئازادی نووسین، سمینارو کۆڕبەستن، بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤار هەبوو، ئەمە جگەلەوەی لەڕێی تایبەتی‌و گشتیەوە دۆخی ڕژێمی عێراق‌و کێشەی کوردو سیاسەتی جیهانی‌و ناوچەیی دەزانراو دەشزاندرا کێشەی گەلەکەمان دوای هەرەس چ شوێنێکی سیاسی‌و یاسایی هەیەو تا چ ڕادەیەک پشتیوانی دەکرێ.
لە ڕۆژگارێکی وەکو هەرەسدا کە کوردستان‌و دەرەوە لێک دابڕان، پێوەندی ڕۆژانە بەیەکەوە نەبێ، تەنانەت مانگانەش پێوەندی نەدەکرا، دژوار بووە بتواندرێ بە لێدوانی تەسەل دۆخی هەرەس‌و خەباتی دوای هەرەس لێکبدرێتەوەو سەرئەنجامی وردیان لێهەڵهێنجێندرێ. ئەم بە وردی لێکنەدانەوەی ڕووداوەکان زیانێکی کاریگەری لە دیاریکردنی ستراتیژی نوێ گەیان، بەڵکو زۆرتر حاڵەتی سایکۆلۆژی ناڵەباری هەرەسەکەو سیاسەتی شۆڤینیەتی پڕ مەترسی بەعس، تەحەکومی لە بڕواو بڕیاردانەکان دەکرد، زۆربەی بڕواو بڕیارەکانیش لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا، دیسان بۆ بەرپاکردنەوەی بزووتنەوەی چەکداری داڕێژران، هەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بۆچوونی جیاواز لەمەڕ خەباتی چەکداری نەبووە، هەروا لەسەر چۆنیەتی خەباتە چەکداریەکەو ئامانج لە بەرپاکردنەوەی بزووتنەوەیەکی چەکداری دوای هەرەس بەرامبەر بەعس‌و لە بوونی ڕێکەوتنامەی جەزائیردا جیاوازی بۆچوون هەبوون، تەنانەت دژایەتی خەباتی چەکداریش هەبوو،

* یەکەمین جار ناوی ڕێکخراوەکەیان (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان) پاشان لەسەر خواستی (مام جەلال) ناوەکەیان گۆڕی بە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) چونکە بۆی ڕوونکردنەوە کە (سۆسیال-دیموکرات) ناوێکی نابوتەو خیانەتیان لە سۆسیالیزم کردووە.

بەلاّم سەرئەنجام بۆچوونەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر خەباتی چەکداری لەسەر دوو بنچینەی جیاواز یەکیان پێگیرا:

بنچینەیەکیان: بەدەستەی پێشمەرگەی نهێنی پارتیزانییەوە بۆ هۆشیار کردنی زەحمەتکێشان بەناوی شۆڕشی نوێوە لە دێهاتو شاخەکانەوە دەست بکرێ بە شۆڕشی درێژخایەن لەپێناوی رووخاندنی رژێمو هێنانە سەرکاری رژێمێکی دیموکراتی ئیئتیلافی عێراقی کە ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان دابین بکات، شۆڕشەکەش ناوبندری: شۆڕشی عێراقی لە کوردستانەوە هەڵگیرساو.

بنچینەکەی دیکەیان: پێکەوەنانی هێزێکی چەکداری فراوان لە تەواوی چینو توێژەکانی میللەتە وەکو خۆپیشاندانێکی چەکدارانە پەسەند دەکرد هەتا فشار بخرێتە سەر رژێم مفاوەزات بە زوویی بسەلمێنێو کورد لە مەترسی شۆڤێنیەت رزگار بکرێ.

ئەو دوو بۆچوونە، یەکەمیان دەستەی دامەزرێنەری (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) نوێنەرایەتیان دەکردو دووەمیشیان (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) پێڕەویان دەکرد. هەردووکیشیان لەناو یەکێتیدا بەشێوەیەکی گشتی کاریان بۆ هێزی چەکداری یەکێتی دەکرد.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش (قیادەی موەقەتە) بە حوکمی ئەوەی لەژێر کاریی سیاسیو عەسکەریو سایکۆلۆژی هەرەسدا پتر لە لایەنەکانی دیکە کاری دەکرد، بە مەفرەزەی گچکەوە سەرەتا لە کادیرە خوێندەوارو دڵسۆزەکانی خۆیانەوە دەستیان دایە کاری پارتیزانی بەلاّم زۆری نەخایاند پارتیش جەنگی پارتیزانی جەنگی بزۆزی وەکو شۆڕشی ئەیلوول تێکەلاّوکرد.

زۆری نەخایاند سەراپا کوردستان لە مانگی شەشی ١٩٧٦وە بە مەفرەزەی پارتیزانیو هێزی گەورەتری خێڵەکانەوە لەناوچە خێڵەکیەکاندا پێشمەرگەو چەکداری هەموو لایەنەکانیان لە ئامێز گرتەوە. کەم کەم چالاکی دەستی پێکردەوەو دەنگو باسی بەربابوونەوەی سەرلەنوێی خەباتی چەکداری لە جیهانیشدا بیسترایەوە. هەنگێنێ رژێم تێگەیشت دەبێ دان بە راستیەکاندا بنێو دەست لە درۆی هەتا هەتایە کۆتایی پێهێنانی گیانی بەرەنگاری گەلی کورد هەڵبگرێ. ئیدی کەوتە جێبەجێ کردنی فراوانترین نەخشەی شۆڕشی چەواشە لە ناوچەکەدا.

لیرەدا هەڵسەنگاندنی ستراتیژی خەباتی چەکداری لەم بزووتنەوە سەر لەنوێ بەرپاکراوەی دوای هەرەس‌و نەخشەکانی شۆڕشی چەواشەی نوێی ڕژێم پێوەندی ئۆرگانیکی بە گەوهەری باسەکەمانەوە هەیە سەبارەت بە ستراتیژی خەباتی چەکداری‌و پێویستی گۆڕینی بە ستراتیژی ڕاپەڕین کە دیسان دوای گەورەترین ئەزموون‌و هەرەس، نەگۆڕدراو سەرئەنجام پاڵەپەستۆی ڕووداوەکان ئەو ستراتیژەیان بابەتیانە خوڵقاند.

٦/٨- زەمینەکانی بەرپاکردنەوە

أ- زەمینەی سیاسی

لەڕووی سیاسییەوە، میللەتەکەمان خاوەن کێشەیەکی دیموکراسی ڕەوای خۆیەتی، ئەویش مافی چارەی خۆنووسینیتی، ئەم کێشە ڕەوایەش هەتا گەیشتنی بە مافە ڕەواکانی میللەتەکە، لەڕووی سیاسییەوە، هەقانیەت بە هەموو چەشنە بەرەنگاریەک دەدا. چونکە دوژمنی گەلەکەمان بە ئەزموونی دوورودرێژ دژایەتی دیموکراسی‌و مافی میللی‌و مرۆیی سەلماوە، ئەمە سەبارەت بە سەرەتاکانی مافی سیاسی میللەتەکە، بەڵام ئەگەر بێت‌و ئەم پرنسیپە گشتیە لە قاڵبی بۆچوونی گشتیەوە دەربهاوین‌و بەش بەش شیبیان بکەینەوە چ بەرئەنجامێک دەدەن بەدەستەوە ؟ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ئاوا دەمانباتەوە سەر یاسا گشتی‌و تایبەتیەکانی ڕزگاری گەلان لە ناو چوارچێوەی ستراتیژی چەکداریدا، ئینجا دەشێ حوکمێکی زانستیانە لەسەر چۆنیەتی بەرپاکردنەوەی خەباتی چەکداری دوای هەرەس بدرێ، چونکە هەتا ئەو یاسا گشتیانە نەخەینەوە بەرچاو، یاسای تایبەتی ڕزگاری چەکدارانەی گەلەکەمان لێدەئاڵۆزێ. تایبەت لەسەرەتای بەرپاکردنەوەی جەنگی پارتیزانی ئەم بزووتنەوەیەی دوای هەرەسدا، هەموو لایەک خۆیان لە یاسای گشتی ڕزگاری گەلان‌و ئەندێشەی چەپیش دوور نەدەزانی.

ئەوەی لەپاش جەنگی دووەمی جیهانەوە، بەتایبەت لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی درێژخایەنی چینەوە بۆ ستراتیژی خەباتی چەکداری-ڕزگاری خراوەتە قاڵبی یاسای گشتییەوە، ئەم پرنسیپانەن:

١- باری بابەتی؛ بێ ہیوایی ڕەهایی خەڵک بە ڕژێم‌و بێتوانایی ڕژێم لە چارەسەرکردنی تەنگ‌و چەڵەمەکانی خەڵکدا، ئەمەش کاتێک ڕوودەدا کە ناکۆکییەکی لەچارەسەرکردن نەهاتوو بکەوێتە نێوان هێزی بەرهەمهێنان‌و

پێوەندیەکانی بەرهەمهێنانەوە.
٢- باری خۆیی؛ پارتی پێشڕەو، بەرەی یەکگرتووی گەل، شۆڕشی چەکدارانە.
ئەگەر خاڵی یەکەمیان کە (باری بابەتی)یە لەسەر عێراق‌و کوردستان بپێوین‌و بگەڕێنەوە بۆ زەمان‌و زەمینەی دوای هەرەس، ئاوای لێدێ: بەهۆی بوونی بەرهەمی نەوت‌و کەرەسەی خاوی هەمەچەشنەی زەبەندی عێراقەوە، داهاتی وڵاتەکە زۆرتر پشتی بەو سەرچاوە ئابوریەوە دەبەست‌و لەو بارەشەوە بۆ زاڵی ڕژێمێکی بۆرژوازی دواکەوتووی وەکو عێراق، توانای ئابوری هێندە هەبووە بتوانێ تەنگوچەڵەمە ئابوریەکانی خەڵک بەشێوەیەکی گشتی لەداپێنکردنی کارو مووچە پێدان‌و خانووبەرەو پێویستی دیکەوە چارەسەر بکا. ئەمەش هۆیەکی هەرە گرنگی کەڵکە نەبوونی ئاستەنگەکانی ئابووری عێراقە هەتا ڕادەی قەیرانی قووڵی ئابووری، کاتێک وڵاتێکیش ئاستەنگەکانی نەگەنە قەیرانی قووڵ، هەڵبەتە مانگرتن‌و خۆپیشاندانی چینایەتی هەروا کێشە قووڵە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکانی ناتەقنەوە، لە حاڵەتی واشدا لەسەر ئاستی عێراقدا، دۆخی شۆڕشگێڕانە هەتا ڕادەی ڕاپەڕینی جەماوەر بۆ ڕووخاندنی ڕژێم یان بۆ پاشەکشە پێکردنی ڕژێم نە ڕەخسابێ، کەواتە: باری بابەتی بە چەمکە زانستیەکەی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی عێراق هەڵگیرساو لە کوردستانەوە لەبار نەبووە.
ئەو نارەزاییەی لەناو خەڵک‌و هێزە سیاسیە عێراقیەکانیشدا دژی ڕژێم هەبوون، ناکرێ بکرێنە بنەمای دۆخی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم یاخود نارەزاییەکە هەتا ئەو ڕادەیە بووبێ کە بەرپاکردنی شۆڕشی عێراق لە کوردستانەوە زووتری بخەملێنێ. ساڵەهای ساڵ بوونی نارەزایی خەڵک‌و حیزبە سیاسیە عێراقیە ئاوارەکان لە بوونی خەباتی چەکداری لە کوردستاندا نەیانتوانی تەکانێکی بەرچاو بەو نارەزاییە بدەن‌و بەرەو دۆخی شۆڕشگێڕانەی بگۆڕن، هەتا پێش ڕاپەڕینی خۆڕسکانەی ساڵی پار خەڵک لە خوارووی عێراقدا تاکە نموونەیەکی خەباتی جەماوەری گرنگ شایەنی کاری هێزە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق نین.
سەبارەت بە کوردستانیش، لەڕووی نەتەوایەتی‌و سایکۆلۆژیی‌و سیاسیشەوە زۆربەی جەماوەری کورد دژی شۆڤێنیەتی ڕژێم بوون‌و ئەمەش دەکرێ بە بەشێک لە خەسڵەتی ڕەخساوی باری بابەتی لە کوردستاندا بزانین، هەر ئەم خەسڵەتە ڕەخساوەی باری بابەتی لە کوردستاندا دۆخی سیاسی تایبەتی کوردستان لە

دۆخی سیاسی گشتی عێراق جوێ دەکردەوە، دەیشیکاتە زەمینەیەکی پتەوی گیانی بەرەنگاری کوردستانی. کەوابێ لێتوژینەوەی ئەم خەسڵەتە تایبەتیەی باری بابەتی کوردستان بۆ گیانی بەرەنگاری رزگاریو دیموکراسی کوردستانی چ پێوەندیەکیان بە بنەمای ئابووری عێراقەوە هەیە کە بە داهاتی نەوت قەرەبوی قەیرانەکانی کراوەو باری بابەتیو دۆخی شۆرشگێزانەی تێدا نەخولقاوە.

ئەگەر پێوەندی سیاسیو کۆمەلایەتیو نەتەوایەتی ناو ولاتان میکانیکیانە بەسترێنەوە بە بنەمای ئابورییەوە، دەبێ لەسەر بنەمای ئابوری قەیران نەتەقیوی عێراقی، کێشەی دیموکراسی میللەتێکی وەکو کورد نەگاتە رادەی رەخسانی باری بابەتی کوردستانی، بەلام بەهۆی دوو هۆی ئابووریو سیاسییەوە دەردەکەوێ کەوا پێوەندییە ئابورییەکان میکانیکیانە نین تەنانەت ئەو پێوەرە تیۆرییەی دەیان ساڵ کرابوونە مۆتەکەی ئەندێشەی زانستیانە لەسەر ئەو بنەما ئابوورییە بۆ لێکدانەبرانی خەباتی کرێکارانی ولاتانی فرە نەتەوەی وەکو عێراقو تورکیاو ئێرانو سۆڤیەتو یوگسلاڤیا، هەروا خەباتی هاوبەشی دیموکراسیان، هەڵدەوەشێتەوەو دیاردەو دەرکەوتەکان هەتا هاتن سەڵماندیان کە یاساو رێسای ئابووری نەگۆر نییە، بەتایبەتی یاساو رێسای بنەمایەکی ئابووری کە بە سیاسەتی کۆلۆنیالیزم بنەمای دارێژرابێو بە سوپای داگیرکەرانیش سەپابێ. ئەو دوو هۆیەش ئەمانەن:

١- تەنیا بنەمای ئابووریو پێوەندیو هێزی بەرهەمهێنانی ئابووری بریاری لێبراوی دیاردە سیاسیو کۆمەلایەتیەکانی ژیانو پێوەندییە کۆمەلایەتیەکان نادەن، بەڵکو کێشەی نەتەوایەتیو نیشتمانی میللەتان، هەروا خواستە دیموکراسیەکان زۆر جار دەبنە مایەی خەباتی شۆرشگێرانە، هەزاران چەشن رووداوی نەتەوایەتیو کۆمەلایەتیو سیاسی قووڵ لە جیهانی سەرمایەداری پێشکەوتوو دواکەوتوودا کە بنەما ئابووریو پێوەندییە ئابوورییەکەیان چەقی سەرمایەداریشی بەستووە، لە شۆرشی بۆرژوازی ئەوروپیەوە هەتا خەباتی رزگاری میللەتانی ژێردەستە، باشترین بەڵگەی ئەو راستیەن.

٢- کێشەی کورد لە رۆژهەلاتدا لە کێشەی میللەتانی بێ مافی دیموکراسی، رەگێکی مێژوویی قووڵتری ئەوتۆی هەیە کە هەرگیز لەناو قالبێکی ئابووری سەپێندراودا بە قوتا نابردرێ، بەڵکو هەتا ئەو رۆژەی نەتەوەی کورد دەگاتە مافی چارەی خۆنووسینی سەربەستانەی سەربەخۆیی نەتەوەو نیشتمانەکەی

کێشەکە هەمیشە کڵپە دەسەنێ ئەگەرچی جارویار لەم یان لەو بەشی کوردستاندا ڕاپەڕینەکانی سەرکوت بکرێن.

ئەم ڕاستیە نەتەوایەتییە لە هەستی میللیو هەڵوێستی سیاسی میللەتی کورددا، بۆ تەهسێرێکی ما دی ئەوتۆ هەردەم خەسڵەتە تایبەتیەکەی دوور لە بارودۆخی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، خۆیەخۆ وەکو بزووتنەوەیەکی دیموکراسی میللەتێکی ژێردەستە ڕەنگی شۆڕشگێڕانە دەداتەوە.

بەپێی ئەو ڕاستیانەش بێ، بەشێوەیەکی گشتی باری بابەتی سیاسی لە کوردستاندا سەرباری هەرەسو زاڵی ڕژێم لە زەمانو زەمینەی دوای هەرەسدا بۆ بەرەنگاری شۆڕشگێڕانە لە کوردستاندا هەبووە، بەڵام ئاخۆ ڕژێم بەو هەموو توانایەی هەیبوو دەیتوانی ئەو خواستانەی بارە بابەتیەکەی کوردستانیان خەملاندبوو کە ئەویش خواستی دیموکراسیو ئازادی میللەتێکی ژێردەستەیە، دابین بکاو بارە بابەتیەکە بەتاڵ بکاتەوە؟ ئەگەر مەسەلەکە پێویستی ئابووری دابڕاو لە باقی پێویستیە سیاسیو کۆمەڵایەتیو دیموکراسیەکان بێ، ئەوا ڕژێم توانای ئابووری لەدوای هەرسەوە، هەم بەهۆی هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلوولەوەو هەم بە هۆی داهاتی فرەی نەوتەوە، زۆر زیاتر بووە، لە ساڵی ۱۹۷۰دا داهاتی نەوتی عێراق یەک بلیۆنو (۲۳۰) ملیۆن دۆلار بووە بەردەوام هەتا ساڵی ۱۹۸۰ بەرزبۆتەوەو گەیشتۆتە (۲۵) بلیۆن دۆلار، واتە بیست بەرامبەر زیادی کردووە*. هەربۆیە توانای ئابووری ڕژێم لە ڕادەی دابینکردنی پێویستیەکانی خەڵکدا هەبووە، خەڵکیش سەرەڕای ئەوەی جیاوازیەکی زەق لەنێوان نەتەوەکانی عێراقدا دەکرا بەڵام دیسان لەچاو ساڵانی پێش هەرەس بژێوی ژیانو ژیواریان باشتر دەبوو، بەڵکو لەدوای ـ ـشـەوە توانای دارایی خەڵکو کاروباری بیناو کۆنتراتو بازرگانیو مووچەی باشو ئالۆیل، هەتا دەهات بە نەخشەی ڕژێم بۆ دروستکردنی فراوانترین بنکەی جەماوەری هوردە بۆرژوازی زیادی دەکردو کەمو کورتیەکانی ڕابردوو کەمتر دەبوون.

ساڵی ۱۹۷٤ فەرمانبەرو هێزەکانی سوپاو کرێکاران ۹-۱۹ دینارپان بۆ زیادکرد، ساڵی ۱۹۷۹یش ۱۰-۵. ۱۷ دینار ئەمجارە خانەنشینەکانیشی گرتەوە.

---

* بۆسەرژمێرەکە بڕوانە حرب الخليج، اوهام القوه و النصر ل:۹۱ محمد حسنين هيكل.

داهاتی هاولاتی عیراق بە داهاتی نەوتو دوور لە نەخشەی ئابووری‌و زانستی‌و هاوئاهەنگی ڕەوتی چۆن یەک پەرەسەندنی پێویستیە ئابووریەکان‌و توانای خەلک لەدوای هاتنە سەرکاری بەعسەوە، بەمەبەستی نەخشەی بەعسیانە ئاوای لیهات: سالی ۱۹٦۸ لە (۱. ۹۱) بۆ (٤. ۲٦۹) دینار سالی ۱۹۷٤ بەرزکرایەوە بۆ (۱. ٦٦٦) دینار سالی ۱۹۸۱. بەمەش ناوەنجی مووچەی سالانە لە (٤۹۲) دینارەوە سالی ۱۹٦۸ بۆ (۱٥۱۷) دینار سالی ۱۹۸۱ زیاد کراوە ‹۳۷›.

ئەو نەخشەیەش جگە لەوەی کاری کردە سەر گوزەرانی خەلک، خەلکیشی چەواشەکردو هەر لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە ئابوورییە پشت بەستووە بەداهاتی نەوت ژێر بینای ئابووری عیراق تێکچوو، ڕژێمیش دەیویست بەو جەنگانە کە دژی کوردو دژی ئێران‌و کوێتیش بەرپای کردن. قەرەبوی قەیرانەکانی بکاتەوە، بەمە دەسەلمێ کەوا بزووتنەوەی میللەتان‌و کێشە کۆمەلایەتیەکان تەنیا بنەما ئابووریەکان‌و تەنگوچەلەمەکانی نایانبزوێنن، بەلکو هۆیەکانی دیکەیش: نەتەوایەتی‌و سیاسی‌و سایکۆلۆژی، ڕۆلێکی کاریکەر دەگێڕن تەنانەت هەتا ڕادەی ڕەخساندنی باری بابەتی بەرەنگاری میللەتانی ژێردەستەش، بۆیە لەدوای هەرەسەوە، سەرەڕای قوولنەبوونی ناستەنگە ئابووریەکانی ڕژێم‌و سەرباری باشتر کردنی ژیانی دارایی‌و پێداویستیەکانی خەلک، بەهۆی شۆڤێنیەتی بێ‌ڕادەی ڕژێمەوە گەلی کوردستان لەناو ژانی هەرەسەوە دەبووژایەوەو گیانی بەرەنگاری بە ئاقاری ڕزگاری‌و دیموکراسیدا دەژیایەوە.

باری خۆیی لە کوردستاندا لەدوای هەرەس‌و سەرەتای بەرپا بوونەوەی خەباتی چەکداریدا، چەشنی ولاتانی کە خەباتی چەکداریان سەرخست (چین‌و ڤێتنام‌و کۆریاو کوباو لاوس) نەبوو، پارتی پێشڕەو بە چەمکە چینایەتیەکەی ئەو ولاتانە، نە زەمینەی کۆمەلایەتیی هەبوو نە توانای چینایەتی‌و خەباتی سیاسیش لەبار بوو، دروستکردنی (بەرەی نیشتمانی کوردستانی)یش بەهۆی ئالۆزبوونی کێشە کۆنەکانی نێوان (پارتی‌و یەکێتی) سەرئەنجامی هەرەس‌و ساڕێژ نەبوونی تەواوی برینەکانی ڕابردووەوە، هەروا ئاکامی ڕوانگەی سیاسی جیاوازی تازەشەوە، نە ت

‹۳۷› التقریر المرکزی للمؤتمر القطري التاسع، حزیران ۱۹۸۲، ل: ۹٤.

نەهێندرایەدی، بەڵکو کە یەکێتی دامەزراو پارتی بوژێندرایەوە، لایەنی کەمی
ڕێکەوتنامەی سیسیشیان لە نێواندا لە خزمەتی چۆنیەتی بەرپاکردنو پتەوکردنی
خەباتە چەکدارەکە مۆر نەکرا*. بگرە دژایەتیو گیانی قینەبەرایەتی هەتا دەهات
توندتر دەکرا. ئەو دۆخە سیاسییە ناکۆکو دژوارە جگە لەوەی پێویستیەکانی
دروستکردنی (بەرەی نیشتمان)یان بەجارێک دواخست، ناکۆکیە لاوەکیەکانیشیان
تەقاندەوەو دەرفەتیان‌دا بە دوژمنانی گەلەکەمان زیاتر بکەونە هاندانو دنەدانی
زیاتری کێشەکان، ئیدی کارەساتەکانی جەنگی ناوخۆ هاوزای بزووتنەوەی
پارتیزانی سەریهەڵداو هەتا سەروبەندی ئەنفالەکانیش درێژەیەکی تراژیدی کێشا
کە دەشێ بگوترێ هەموو لایەک بێ جیاوازی، بەرپرسیاری جەنگە ناوخۆکەنو
هەموو ئەوانەي بەشداریان لە جەنگەکەدا کردووە، پێ بە پێی پلەکانەی
بەرپرسیاریان لەناو بزووتنەوەکەدا لە گەورەوە بۆ گچکە، هەریەکە بەپێی خۆیو
توانای سیاسیو عەسکەریەکەی، ئۆباڵی سیاسیو عەسکەری کارەساتەکانی
هەڵدەگرێ. هەموو جۆرە خۆ بواردنێکیش لە ئۆباڵەکە درۆیەکی مێژووییە بۆ
چەواشەکردنی جەماوەر؛هەڵبەتە لە دادگای حوکمی مێژوودا گەورە بەپێی خۆیو
گچکەیش بەپێی خۆی هەڵدەواسرێ.

جگە لە نەبوونی (حیزبی پێشڕەو)و (بەرەی نیشتمانی)، بێتوانابیو نەبوونی
پشتیوانی ستراتیژیو کێشە تەقێندراوەکانی ناوخۆش، دوایین پێویستی هێزی
خۆیی کە دامەزراندنی (لەشکری میللی)یە، شێواندو بە خواروخێچی لەبری
ئەوەی هەتا دەهات هێزی پێشمەرگە نزیک بخرێنو یەکبخرێنەوە، لێکدادەبڕانو
دەدران بەگژیەکدیدا، ئەمەش هەتا دوای ڕاپەڕینو هەڵبژاردنی پەرلەمانیش
درێژەی کێشا، لەناو ڕاپەڕینیشدا زیانی فرە لەشکری وێڕای نەبوونی جەنگی
ناوخۆ لەیەک ساڵدا لە پشێویو نەبوونی دیسپلینو ئەو هەموو تاڵانو تاوانانەی
کران، کەمتر نەبوو لە ساڵانی جەنگی ناوخۆ.

بەوپێیە لە کوردستانی بەشی عێراقدا جگە لە ڕۆژگاری نالەباری هەرەسو
نەبوونی باری بابەتی وەکو پێویستی هەڵگیرسانەوەي جەنگی پارتیزانی (تەنیا
مەسەلە نەتەوایەتيو سیاسیەکە نەبێ) باری خۆییش سەرباری نەبوونی پارتیەکی

* تاقە ڕێکەوتنامەیەکی مەیدانی لەنێوان (پارتیو یەکێتی)دا، ساڵی ١٩٧٧ مۆرکرا، دوای دوو
مانگ هەڵوەشایەوە.

پێشڕەو (با چینایەتیش نەبێ!) تەنانەت پارتێکی شۆڕشگێڕی دیموکراسیش بە تەنیا یاخود زۆر بەهێزتر لەلایەنەکانی دیکە بۆ پارسەنگدانەوەی کەلێنەکانی باری بابەتیی‌و خۆیی کە زۆر پێویستن بۆ شۆڕشی چەکداری، لە ئارادا نەبووەو تێکڕای هێزەکانی کە هەشبوون، کەم‌و زۆر دانیان بە ڕێبەرایەتی یەکدیدا نەدەنا، هەر حیزبێک خۆی‌و هێزەکەی بە پێشەنگ دەزانی‌و حوکمی دەکرد. کەوابێ:

- باری بابەتی وەکو پێویستە نەخەملی بوو.
- باری خۆییش نەڕەخسابوو، بەڵکو ئاڵۆزا بوو.
- پێویستیەکانی خەباتی چەکداریش دابین نەکرابوون.
- ڕژێمیش لە ساڵی هەرەس زاڵترو بەتواناتر بیوو.

شۆڕشیش سەرەڕا بەرپاکراوە. بەمەش دەبێ ئاوڕێک بدەینەوە لە:

زەمینەی عەسکەری

کاتێک باری بابەتیی‌و بەرەنگاری میللەتێکی ژێردەستەی دابەشکراو تا ڕادەیەکی باش ڕەخسابن‌و داگیرکەرەکەیان لەبەر شۆڤێنیەتی دژی خواستەکانی میللەتەکە بێ‌و هەلومەرجی سیاسی جیاواز لەناو یەک وڵاتی فرەنەتەوەدا لەگەڵ نەتەوەی سەردەستەو نیشتمانی ئەو نەتەوەیەدا هەبێ، داخۆ هەلومەرجی بابەتی ئاوا ئیستەرەم دەبەستریتەوە بە شۆڕشی چەکدارییەوە یاخود ئەگەر هەلومەرجەکەش بەسترابێتەوە بە شۆڕشی چەکداریەوە، ئایا داگیرکەرەکەی کە خواستی سیاسی میللەتەکە دابین ناکا، هێندە لاوازە نەتوانێ بزووتنەوەی چەکداری ئەو میللەتە ببەزێنێ؟ واتە جیاوازی باری بابەتی میللەتێک بۆ گیانی بەرەنگاربوونەوەی نەخشە شۆڤێنیەکانی داگیرکەرەکانی لەگەڵ توانای خەباتی چەکداری میللەتەکەو داگیرکرەکەی چییەو چۆنە؟ بۆ ئەوەی ئەم ڕاستیەش ڕۆشن بکەینەوە وا پێویستە ئاوڕێک لە توانای عەسکەری گەلەکەمان بدەینەوەو لەگەڵ توانستی عەسکەریی‌و تەکنۆلۆژی ڕژێمدا بەراوردێکی بکەین باشان ئاکامی بڕیاردان دیاری بکەین:

کورد، دوای هەرەس بێ‌کەس‌و کەساس لەسەر خاکی نیشتمانەکەی، بەعس کەوتبووە ویزەی. ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ئەم جیهانە پڕ لە لافی سۆسیالیزم‌و دیموکراسیە، دوژمنەکەیان پڕچەک دەکردو کوردیان فەرامۆشی بەرژەوەندیەکانی جەنگی سارد دەکرد. جگە لە سوریا کە بە پێی ناکۆکیە سیاسیەکانی ناوچەکەو دوژمنایەتیان لەگەڵ بەعسدا پشتیوانی هێزە سیاسیەکانی عێراق‌و کوردستانی

دەکرد، هیچ ولاتێک زاتی پشتیوانی کوردی نەدەکرد، لیبیاش لە دوورەوە دۆستی بوو.

میللەتەکە، چەکی نەبوو، پارەی نەبوو، دوژمنەکەی زاڵبوو. ئەوەی هەبوو لەرووی عەسکەریەوە، تەنیا دەیان یان ئەوپەڕەکەی سەدان پارچە چەکی شاردراوی حیزبە سیاسیەکان بوو لەگەڵ چەکی شاردراوی خەڵکو کەسانی قاچاخچی. تەقەمەنی، دەبۆی پێویستیو تۆپو دۆشکەو هیچ چەشنە چەکێکی قورسی نەبوو.

رژێمیش، دوا لوتکەی کوردستانی داگیرکردبوو، تەواوی ناوچە نهێنیەکانی پێشمەرگەی پشکنیبوو. شوێن بە شوێن ئاگای لە وردو درشتی هەبوو، دەیان هەزار کورد ڕاگوێزرا بووە خوارو. سەرەڕای سەرشۆڕییەکەی بۆ رژێمی شا، بەڵام داهاتی نەوتی لەدوای هەرەس، (١٥) بلیۆن تێپەڕیبوو، ئەمە لەکاتێکدا ساڵی ١٩٧٠ بلیۆنێکو (٢٣٠) ملیۆن داهاتی هەبوو. بەو داهاتە توانیبووی سێ بلیۆنو نیو دۆلار ساڵانە تەرخانی سوپاکەی بکات، ژمارەی سوپا گەیشتە (١٩٠،٠٠٠) هەزار بەسەر (١٢) تیپدا، دابەشکرابوون، لەکاتێکدا ساڵی ١٩٧٣ شەش هەتا حەوت تیپی عەسکەری هەبوو.

لە ساڵی دەستپێکی شەڕی ١٩٧٤وە هەتا ساڵی دەستپێکی جەنگی پارتیزانی بەرەنگاری گەلەکەمان توانای تەکنۆلۆژی رژێم ئاوای لێهاتبوو:

- لە ٢٥٠ فڕۆکەی جەنگینەوە بۆ ٤٥٠ فڕۆکە.
- لە ٨٠ کۆپتەرەوە بۆ ٢٥٠ کۆپتەر.
- لە ١٤٠٠ تانک بۆ دوو بەرامبەر.
- لە ١٥٠٠ نەفەربەر بۆ دوو بەرامبەر.
- لە ٩٠٠ تۆپی عەیار١٢٢ هەتا عەیار ١٨٠،١٠٥ بۆ دوو بەرامبەریش پتر.

ئەمە تەنیا ئەو چەکانەن کە لە کوردستاندا بەکاردێن، دەنا چەکی دەریاییو موشەکی زەوی-زەوی نەنووسراون. ئەو چەکانەی ئاشکرا بۆ شێوە جەنگی کوردستان لە جەنگی پارتیزانییەوە بۆ جەنگی هێرشی ستراتیژی عەسکەری بەکاردێن، بەتایبەت کۆپتەرو نەفەربەرو تۆپو تانک، ڕاستەوخۆ چەکی کوشندەی شۆڕشی چەواشەن. ئەو توانا عەسکەرییو تەکنۆلۆژییو داهاتە نەوتەی لەبەر دەستی رژێمی عێراقدا بوو دەیتوانی وەکو رژێمێکی ناسیۆنالیستی پانعەرەبی لەناو عەرەبی عێراقدا وەکو نەتەوەی سەردەستو هەتا ڕادەیەکی زۆر لەناو

تەواوی نەتەوەی عەرەبیشدا (جگە لە سوریاو لیبیا) بەناوی پارێزگاری لە نەتەوەی عەرەبو دژایەتی ئیسرائیل ختوکەی هەستی ناسیونالیزمی عەرەبیو ئیسلامگەری پێبداوو لەناو کوردستاندا دژی کورد بە فراوانیو بە حەلالکردنی دژایەتیەکەش لەلایەن زۆربەی ولاتانی عەرەبیەوە بەکاربهێنێ.

کورد لەو دووڕیانە مێژووییەدا، لەو جیاوازییە بێ رادەیەی عەسکەریو بێ پشتیوانی ئینتەرناسیونالیستیو جیهانیەدا، کەوتەوە بەر تاقیکردنەوەیەکی نوێ، نوێ لە هەموو بارێکی دوای هەرەسەرە، پێش هەرەس بە (۱۳۰) هەزار پێشمەرگەو دەیان هەزار بەرگریو هەزاران کادری عەسکەریو سیاسیو ئیداریو ڕاگەیاندنی شارەزاوە، بەدەیان دژە ئاسمانیو سەدان تۆپو هاوەنو ئارپیجییەوە لەبەرامبەر هەمان رژێم بەلام لاوازتر لە ڕووی چەکو سوپاو توانای داراییو ئیدارییەوە بە ڕێکەوتنی جەزائیر هەرەس بە شۆڕشەکەی هێندرا.

هەمان میللەت (بەلام بێتواناو لاواز) لەسەر هەمان نیشتمان (بەلام بەبێ بستێک خاکی ئازاد) لەسایەی هەمان رژێمەکانی داگیرکەری باقی بەشەکانی کوردستاندا (بێ گۆڕانی یەکێکیشیان)و لەناو بازنەی هەمان نەزمی جیهانی جەنگی سارد (بێ ئەوەی نیشانەکانی گۆڕانیشی دەربکەوێ). بەڵێ هەمان میللەت کە کوردە،دژی هەمان داگیرکەر کە بەعسی فاشیستە، کەوتەوە بەر دووڕیانی سەختی هەڵبژاردنی ڕێگای هاتو نەهات. جەنگی چەکداری یاخود ستراتیژی نوێ؟

- لەدوای بەزاندنی ڕاپەڕینی دەرسیم (۱۹۳۷)، هەتا ساڵی ۱۹۸۵ کە PKK دەستیان کردەوە بە پارتیزانی خەباتی چەکداری لە کوردستانی بەشی تورکیادا بەرپانەکرایەوە (٤٨ساڵ).
- لە دوای دامرکاندنی ڕاپەڕینی بارزانیەکان (١٩٤٥) هەتا شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی بەشی عێراقدا ڕاپەڕینی رزگاری بەرپا نەکرایەوە (١٦ ساڵ).
- لەدوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد (١٩٤٦) هەتا جەنگی پارتیزانی بە ڕێبەرایەتی مەلا ئاوارەو سولەیمانی موعینی (١٩٦٧) لە کوردستانی بەشی ئێراندا خەباتی چەکداری دامرکایەوە (١٩) ساڵ دوای بەزینی ئەمیش (١٣ ساڵی) ویست شۆڕش بەرپا بکرێتەوە.

بەلام دوای هەرەسی ١٩٧٥، یەک ساڵو سێ مانگی خایاند دیسان تەقەی پارتیزان دەنگیدایەوە. ئەگەر دوای تێکشانانی هەموو ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی

کوردستان لە ١٠٠-٢٠٠ ساڵی ویستبێ ژیلەمۆی شۆڕشی بکەشێتەوە، هەتا ڕادەیەکی دیار مەترسیەکەی لە کوردستانی بەشی تورکیادا نەبێ، لەباقی بەشەکانی کوردستاندا هەتا هاتنی بەعس، بە حوکمی دواکەوتوویی ڕژێمەکانەوە مەترسیەکانی فەوتاندنی کورد زۆر نەبووە، بەڵام بەعس لەدوای هەرەس بەتایبەتی بە چەشنێک نەخشەی کێشا بوو، بە چەشنێک بەتوانا ببوو کە هەرگیز لە ١٠٠-٢٠٠ ساڵیشی نەدەویست گەلی کورد بە دەردێکی شۆڤێنی ئەوتۆدا بەرێ بەیەک سەدەش بێداری نەتەوایەتی نەدەبووەوە، چونکە بەعس ڕژێمێکی خاوەن ئایدیۆلۆژیەتی دیاری سیاسیو ناسیۆنالیستی بوو، سیستەماتیکیانە لە هەموو بارێکەوە، لەباری عەسکەریەوە هەتا گچکەترین مەسەلەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو مێژووییەوە، نەخشەی چەواشەی هەبوو. بە نەخشەی وردیش بەو هەموو توانایەی هەشیبوو، دژایەتی گەلەکەمانی دەکرد، ڕژێمی ئاوا ١٠ ساڵ مۆڵەتی میللەتی شۆڕش هەرەس‌پێهێندراو نادا ڕابێتەوە. بۆیە دەست بەجێ بەرەنگاربوونەوەي نەخشەکانی ئەرکێکی چارەنووس‌سازی سیاسیو نەتەوەیی بوو، دەنا بەعس کاری خۆی دەکرد. هەڵەیەکی سیاسی گەورەشە وا بزاندرێ بەهۆی خەباتی چەکداریەوە، بەعس (تەعریبو تەهجیرو تەبعیسی) کردووە. یان دێهاتی کاول کردووە. بۆچوونی وا ئەسڵی زانستی نییە. بەڵکو دووریشە لە ناسینی گەوهەری شۆڤێنیەتو فاشیەتی بەعس، ئەگەر پاساویش نەبێ بۆی!

بەرپاکردنەوەی جەنگی پارتیزانی بۆ ژیاندنەوەی گیانی بەرەنگاری سیاسەتێکی دروست بوو، بەڵام پێویستە قسە لەوە بکرێ کە ئەو جەنگە پارتیزانییە بەنیازی چ ستراتیژێکی سیاسی بەرپاکراوە؟ هەروا هەڵەکانی بەرپاکردنی جەنگە پارتیزانییە چی بوون؟ لێکدانەوەی ئەو پرسیارانە ئێستا، دوای دەرکەوتنی ڕووداوەکان ئاسانترە لە ساڵانی پڕلە کێشەی ڕابردوو کە لەسایەی حوکمی تفەنگدا چارەنووس دیاری دەکرا.

٧/٨- جیاوازی کوردایەتی

بە حوکمی تازە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری هەموو هێزێکی سیاسی دەیتوانی مەفرەزە پێکەوە بنێ‌و دابەزێتە مەیدان، واتا: دیاردەی فرەهێزیو فرەلەشکری ناگەڕێتەوە بۆ پێڕەوکردنی سیاسەتی دیموکراسی، بەڵکو بۆئەوە دەگەڕێتەوە هێزی سەرەکی خاوەن کۆنترۆڵی دەسەڵات لە کوردستاندا نەبووە ڕێ لە

چ ی ئ ـەدنی دیکە بخری. بەم نەبوونەی دەسەلات بواری سەرهەڵدانی ئازادی بڕیارنەدراوی هەڵخست، چەندین هێز کەوتنە چالاکی:
- کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستان*.
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (دەستەی دامەزرێنەرـ هێڵی گشتی).
- پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادەی موەقەتە).
لەهێزە سەرەکیـە ئـاسراوە چالاکەکانی دەستـبەجێی دوای هەرەس بـوون، پاسۆکیش بە ئـەندازەی خۆی لەڕووی سیاسـیـەوە دەجولاْ. پـاشان بزووتنـەوەی سۆسیالیستی کوردستانیش ئاشکرا کرا.
پـاسۆکی لـێدەرچیْ کـە دوای پـەلامـاردانـی ڕێکخـراوەکـەیـان مـەفـرەزەیـەک پێشمەرگـەیان ناردە دەرەوە، باقیـیان بـەبڕیارو بەپێی سیاسـەتی ڕاگەیێندراوی ئەوسایان، خەباتی چەکداریان یەک لەدوای یەک ڕاگەیاند. هەڵبەتە هەموو لایەکی سیاسی لەو لایەنانە خاوەن بەرنامەی کوردایەتی جیاواز بوون.
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان؛ چوارچێوەیەکی نیمچە بەرەی پێشکەوتنخواز.
- پارتی دیموکراتی کوردستان؛ بەرەخنە لەخۆگرتن‌و ڕێبازی پەرەپێدراوی کوردایەتی پرۆژەی نوێی بڵاوکردەوە.
- کۆمەڵە؛ مارکسی لینینییەکی پێڕەوی ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ*.
- پاسۆک؛ بەرەخنە لێگرتنی ڕێبازو ڕێبەرایەتی کۆنی کاژیک، نوێ ببوونەوە.
- بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان؛ لە بەرنامەدا باوەڕیان بە سۆسیالیزم‌و سیاسەتی ڕیفۆرمیستی هەبوو...هتد.
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توانی جگە لەهێڵی گشتی خۆی، کۆمەڵەو بزووتنەوەی سۆسیالیتیش بخاتە ریزیەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان سەربەخۆ کەوتە چالاکی. کە پاسۆکیش هاتە ناو بزووتنەوەکە بێ‌لایەن لەنێوان یەکێتیی‌و پارتیدا هەڵدەسووڕا. هەموو هێزە سیاسیەکان، وێڕای جیاوازی بەرنامەو ڕێبازو ڕێبەراتی‌و ڕابردوویان، دوو پرینسیپ کۆی دەکردنەوە:

---

* دوای ڕووخاندنی ڕژێمی شاو پەرەسەندنی خەباتی چەکداری‌و سەنگین بوونی لێپرسراوێتی میللی لەسەرشانی، ناوی گۆڕدرا بە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

* کە خەباتی چەکدارانە دەستپێبکرد لەژێر کارایی بیری شەهید ئارام‌دا (ماو)یزم‌و دژایەتی زەقی شورەوی لەسەر سیاسەتی کۆمەڵەدا پژار کران.

١- دیموکراسی بۆ عێراق‌و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.
٢- ڕێبازی پارتیزانی‌و ستراتیژی چەکداری.

ئالێرەدا دەبێ بکەوینە هەڵسەنگاندنی ستراتیژی هەموو لایەنەکان‌و لەبەر ڕووناکی ڕاستییە دەرکەوتووەکانی ئێستادا لێکیان بدەینەوە. جارێ سەبارەت بە دیموکراسی بۆ عێراق‌و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، هەمان دروشمی سیاسی پارتییە کە لە دامەزراندنیەوە (١٩٤٦) هەتا هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بەرزیکردۆتەوە. تەنیا وشەی (ڕاستەقینە) کراوەتە پاشگری، ئەمیش ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی‌و گەوهەری سیاسی ئۆتۆنۆمی ناگۆڕێ، چونکە ئۆتۆنۆمی کوتومت ڕاستەقینەکەیش لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێ هەر چوارەمین پلەی مافی گەلانە کە دوای (سەربەخۆیی، کۆنفیدراڵ، فیدراڵ) بەدرێژایی مێژوو بەزەبر سەپێندراوەتە سەر گەلان*، کەوابێ: لەدوای هەرەس‌و دوای تاقیکردنەوەی جۆرەها ڕژێمی عێراق، دوای تاقیکردنەوەی بەیانی ئازاریش، هێشتا گۆڕانێکی سیاسی قووڵ بەسەر ئەندێشەی بۆرژوازیەتی کورد دا نەهاتبوو، تەنیا لەشێوەدا گۆڕان بەدی دەکرا.

> گەلی کورد لە هەموو ڕاپەڕینێکی چەکدارانەدا، بە هەستی خۆڕسکی‌و دڵسۆزی خۆی هەمیشە چاوەڕێی ئامانجی سەربەخۆیی گەل‌و نیشتمانەکەی بووە، بەڵام هەموو جارێ نا ئومێد کراوە، ئەمجارەیش دوای هەرەس‌و سەرلەنوێ بەرپاکردنەوەی خەباتی چەکداری بەهەمان ستراتیژ جۆش‌درایەوە. لەکاتێکدا دەبوو چاوێکی ڕەخنەگرانە بەو دروشمەدا بگێڕدرێ‌و سەرلەنوێ ستراتیژێکی نوێ بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکە گەڵاڵە بکرایە.

دەربارەی ستراتیژی خەباتی چەکداریش... ئەگەر شۆڤێنیەتی ڕژێم‌و مەترسی تواندنەوەی کورد هاوشانی سوننەتی مێژینەی خەباتی چەکداری لەدوای هەرەس‌دا، پاساوی بەرەنگاری چەکداری لە سنوورێکی دیاریکراودا بداتەوە، ئەوا نەگۆڕینی ئەم ستراتیژە چەکداریە لەدوو بارەوە هەڵدێرێکی عسکەری ترسناکیان لێکەوتنەوە:

---

* ئۆتۆنۆمی، لەمێژوودا داگیرکەرانی نیشتمانی میللەتان بە زەبر سەپاندوویانەتە سەر گەلان، کەچی کورد دەیویست بە زەبری شۆڕشگێرانە وەری بگرێ‌و نەشیان‌دایە.

١- دیاری نەکردنی ئامانجی جەنگی پارتیزانی وەکو شێوەیەک لە خەباتی ناچاری بۆ سازدانی زەمینەی ڕاپەڕینی ناوشارەکان. بەڵکو دیسان خەباتی چەکداری کرایە ڕێبازی سەرەکی سەرکەوتن.
٢- نەبوونی نەخشەی زانستیو بەرنامەی وردی چۆنیەتی بەرپا کردنەوەی جەنگە پارتیزانییەکە،

> بە نووسین‌و قسە هەموو لایەک گرنگی جەنگی پارتیزانی دەکردە ڕێنمای عەسکەری خۆی، بەلام بەکردەوەیش لە یەکەمین مانگەکانی دەستپێکی پارتیزانیدا، چەکداری خێڵەکیو خێڵی چەکدارو ئەندێشەی خێڵخوازی چەکداری زاڵکرانە سەر ڕێبازی پارتیزانی، بێ جیاوازی، هەموو لایەک کەم‌و زۆر پێڕەوی لەو سیاسەتە عەسکەرییە زیانبەخشە دەکرد.
> لەکاتێکدا بزووتنەوەیەکی تازە دەست‌پێکردوی دوای هەرەس، بێتواناو کەم پشت، بێ چەک‌و تەقەمەنیو سەرچاوەی دارایی، ئاوا بێ بەرنامەی زانستی تێهەڵدەچێتەوە، هەڵبەتە کێشە کۆنەکانی ناو ئەو میللەتە تێکەلاوی گرفتە تازەکانی دەبنەوەو ئاژاوەکانی ڕابردوویش بواری تەشەنە سەندنیان دەدۆزنەوە.

ئەوەبوو... جگە لەتێکچوونی شیرازەی جەنگی پارتیزانی، هێزی چەکداری زۆرو بۆر لەناوخۆدا زیانی ئەوەی گەیاند کە گیانی سەپاندنی دەسەلات سەرهەڵبداو هەموو ڕێگایەکی بۆ بگیرێتە بەر، تەنانەت ڕێگای شەڕی ناوخۆیش؛ جگە لە دزیو زوڵم‌و ڕەفتاری کۆنەپەرستانە، لە دەرەوەی بزووتنەوەکەشدا زۆر کردنی نا ئاسایی بزووتنەوەیەکی پارتیزانی لەبەرامبەر دەوڵەتێکی دەسەلاتدارو بەهێزی زۆرو بۆر، وای کرد ڕژێم بتوانێ سوپا بۆ جەنگی بەرەیی سازبداو هێزی پێشمەرگە پاشەکشە پێبکاو زیانی زۆریش لە ورەی تازە بوژاوی جەماوەر لەڕووی عەسکەریو سایکۆلۆژیەوە بدا. لە هاوینی ساڵی ١٩٧٧ کە جارێ یەکەمین ساڵی شۆڕشی درێژخایەن تەواو نەکرابوو، هەزاران چەکداری خێڵەکی تەسلیم بوونەوەو سەدان کادرو پێشمەرگەی هۆشیاریشیان ڕووخاند، بێ بڕواییشیان هەتا ڕادەیەک لەناو جەماوەردا بلاوکردەوە.

نەبوونی نەخشەی چۆنیەتی بەرپاکردنی جەنگی پارتیزانیو ڕێبازی چەکداری بە ستراتیژ زانینی ڕزگاری گەلەکەمان، بەدرێژایی دەستپێکی خەباتی چەکداری لەدوای هەرەسەوە هەتا ئەنفالەکان، ویڕای گۆڕانکاری هەمەجۆری ڕووداوەکان:

١-ڕووخاندنی ڕژێمی شاو ڕاپەڕینی گەلانی ئێران.

٢- جەنگی عێراق- ئێران.

٣- ناوبەناو ڕاپەڕینی ناوشارەکان.

٤- سەرهەڵدانی پرۆسترۆیکاو کۆتایی هاتنی جەنگی سارد.

٥- پەیدابوونو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.

٦- مانەوەی بزوتنەوە چەکداریەکە لەناو بازنەی پارتیزانیو جەنگی بزۆزدا.

٧- بێتوانایی لە ڕزگار کردنو پاراستنی ناحیەیەکی گچکەی کوردستان.

٨- نەبوونی پشتیوانی ستراتیژی.

٩- ڕووندانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە عێراقدا... هتد.

ئەو هەموو دیاردەو دەرکەوتە جیهانیو ناوچەییو عێراقو کوردستانیانە، ستراتیژی خەباتی چەکداریو لەناو خەباتی چەکداریشدا هەڵپەی زاڵبوونو سەپاندنی دەسەلاتی هێزە سەرەکیەکانی گۆڕەپانەکە بەدرێژایی ١٣ ساڵی ڕەبەق پێڕەو دەکراو دەسەپا بەبێ ئەوەی بیرێکی لێبڕاو لە گۆڕینی ستراتیژی چەکدارانە بکرێتەوە. هەڵبەتە لەو ماوەیەدا، شەڕی زۆر قارەمانانە کران، جەزرەبەی کاریگەر لە داگیرکەر وەشێندران، زیانی زەبەند لە ڕژێم دران، قوربانیەکی بێ ئەندازە بەخشێندران، هەزاران تێکۆشەر لەپێناوی سەرکەوتندا لە شارو شاخاندا دریغیان لە گیانو ماڵیان نەکرد، هەزاران کادرو تێکۆشەری هۆشیار سازدران*... هتد. بەلاّم هەموو ئەوانە نابێ ئەو ڕاستیانە فەرامۆش بکەن کە خەباتی چەکداری، ویڕای ئەو ڕاستیانە ئامانجی ڕزگاری کوردستانی نەک نەهێنایە دی، نەک ڕژێمیشی پێ نەڕووخاو شۆڕشەکەیشی پێ نەبووە عێراقی، بەڵکو دووچاری شکستێکی ترسناکیش لەکاتی ئەنفالەکاندا کرا، ئەم شکستەش لە ڕاستیدا درەنگ کەوت، چونکە:

کە خەباتی چەکداری بەو بێ بەرنامەییەو ئاوا بێ لێکدانەوەی سیاسیو عەسکەری وردو بەبێ بەراورد کردنی ڕابردووی شۆڕشی ئەیلوولو توانای ڕژێم

---

* باس نەکردنی دیاردە دزێوەکانی ناو بزووتنەوەکە کە زۆریان بێزیان لێدەکرێتەوە بۆ داپۆشینیان نییە، بەڵکو باسەکە پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنی ستراتیژو ناچینە ناو وردەکاری.

لەگەڵ توانای دوای هەرەسی ڕژێمو گەلەکەمان، بەرپا کرایەوە، لەبەرئەوەی بێ
زەمینەی ماتریالیستی لێکدانەوەی داهاتووی ڕووداوەکان لە قازانجی سەرخستنی
ستراتیژی چەکداریدا خەباتە چەکداریەکە بەرپا کرایەوە، دەبوو زووتر تێک بشکابا
بەڵام دوو ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو بوونە مایەی مانەوەو درێژەکێشانی دژواری
خەباتە چەکداریەکە، ئەوانیش: (ڕووخاندنی ڕژێمی شاو هەڵایسانی جەنگی عێراق
- ئێران)ن، ئەو دوو ڕووداوە لەهەموو بارێکی سیاسیو عەسکەریو ئیداریەوە
توانای درێژەکێشانی بزووتنەوەکەیان ڕەخساند، دەنا هەتا ئەنفالەکان تەمەنی درێژ
نەدەبوو.

لە ڕوودانی ڕووخاندنی شاو جەنگی عێراق - ئێراندا، خۆشبەختیەکی گەورە
لەناو هەموو هێزەکاندا بڵاوبووە کە ڕژێم بڕوخێ، چونکە جەنگەکە هەتا دەهات
گەرمتر دەبوو کەچی بەو جەنگە بێ وێنەیە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانەوە، ڕژێم
نەک نەڕووخا بەڵکو لەڕووی سوپاییەوە، چەکو توانای جەنگییەوە، تۆکمەتر بوو.
لە گەرم بوونی ڕێڕەوی جەنگەکەداو نە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا، دەرکەوت کە
ڕژێمەکە بە شۆڕشی درێژخایەنی عێراقی هەڵگیرساو لە کوردستانەوە ستەمە
بڕوخێ، ئیدی لەدوا ساڵی جەنگەکەدا کە بە هەزاران جەنگی گەورەو گچکەی
جەنگەکە، بە هێرشی ئێرانو هێرشی چەواشە، بە شەڕو شەڕگەکانی کوردستان، بە
هاوئاهەنگی عەسکەری هەموو هێزەکانی کوردستانو دەوڵەتی ئێران... بەوانە هەموو
ڕژێم نەڕووخا چونکە توانیبووی لە پەنای سیاسەتی بەرژەوەندبازی جەنگی ساردا
لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواوە پێویستیەکانی دابین بکاو داهاتی دەوڵەتانی کەنداویش
هەڵبلوشێ‌و خەڵکیش بەناوی پاراستنی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی عەرەبو عێراق فریو
بدات، ئینجا چارەسەرێک لە بەردەم هێزە چەکدارە سەرەکیەکانی کوردستان
(یەکێتی، پارتیو حسیک) نەما، چارەسەرکردنی ناکۆکیە خوێناویەکانیان نەبێ،
ئیدی لە ئاخرو ئۆخری جەنگەکەو لەسەروبەندی ئەنفالەکاندا (بەرەی کوردستانی)
لەسەر دارو پەردوی پەرپوت کراوی بزووتنەوە چەکداریەکە دامەزرا.

رشتەی نۆهەم

٩- ئەنفالەکانو ڕووداوەکان

ئەنفالەکان، بەدناوترینو نەگریسترین پەڵەیە لەمێژووی ڕژێمی عێراقو حیزبی بەعسو شەخسی سەدام حوسێندا، هەروا ئۆباڵێکی سیاسیو مرۆیی گەورەشە لەسەر شانی ئەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا کە لەبەر بەرژەوەندبازی خۆیان لە جەنگی سارد دا ڕژێمی عێراقیان پڕ چەکی کوشندەی کیمیاوی کردو لەکاتی تاوانی بەکارهێنانیشی دژی کورد، تاوانی بێدەنگیان هەڵبژارد، جگەلەوەی دەوڵەتانی عەرەبی (سوریاو لیبیای لێدەربهاوین) سەرجەم، ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ، پشتیوانی سەدام بوون.

ڕژێم، کاتێک ئێران جەنگی ڕاگرت، خاوەن توانای عەسکەری دەوڵەتێکی هەر بەهێز بوو:

- ٩..٠ هەزار سەرباز (٦٣ تیپ).
- ٥٧٤٧ تانک (١٠٧٢ تانکی T72ی شورەوی) بوون.
- (١٠ . . . .) مودەرەعەی سوکرەو (١٦٠٠)یان پێشخراو بوون
- ٣٥.. تۆپ، ٣٣٠ دانەیان ئۆتۆماتیکی.
- ٣...٠ ناقیلەی باری قورس هەڵگر*.

* تەواوی سوپای ئەمریکا (٥٠٠) ناقیلەی قورسیان هەیە، واتە ڕژێمی عێراق شەش بەرامبەری ئەمریکا ناقیلەی تانکو پێداویستی قورسی جەنگینی هەبووە.

ئەوتوانا عەسكەرییەی عێراق لەهەموو باریکەوە (١٠) بەرامبەر توانای عێراقە لە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولو (٨) بەرامبەر توانایەتی لە سەرەتای دەسپێکی (١٩٧٦) لە خەباتی چەکدارانەی دوای هەرەسەوە بەعس بە ئەزمونێکی قوولترو پشتیوانی زیاترو لەخۆڕاپەرمونی عەسکەری دڕندانەتری ڕژێمی عێراق، شۆڕشی کوردیش بە ئەندازەی نیوەی شۆڕشی(١٩٧٤) هێزو توانای نەبوو.

بەهۆی چەکی کیمیاوی‌و ئەنفالەکانەوە، زیاتر لە (٣٠٠٠٠) هەزار مرۆی کورد کوژرانو هەزاران گوندی کوردستان تەختی سیاسەتی سوتماکی فاشیانە کران. سەرباری شکستی بزووتنەوەی بەرەنگاری گەلەکمان کە لە دوای هەرەسەوە چواردە سالی ڕەبەق بەردەوام بوو.

کاتێک ڕژێم لە جەنگی عێراقدا نەبەزی‌و ئێران بەناچاری‌و بێ چاری جەنگی ڕاگرت (ئابی ١٩٨٨) سوپای عێراق بە هەموو چەکە کوشندەکانیەوە کەوتنە وێزەی هێزی پێشمەرگەو دانیشتوانی ناوچە ئازادکراوەکان. لەماوەی مانگێک تەواوی هێزە سیاسی‌و چەکدارو دانیشتوانی کوردستانیان ئاودیوی ئێرانو تورکیا کرد، بەم سیاسەتەش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دووچاری کارەساتی گەورەی شکست کراو تەواوی سەرکەوتنو دەستکەوتەکانی لە چواردە سالی ڕابردوودا لەدەستدران.

شکستەکەش جگە لە زیانە عەسکەرییەکەی زیانی سامانو سیاسی‌و سایکۆلۆژی بێ ئەندازەشی بۆ پێشمەرگەو گەلەکمان هەبوو. ئائومێدی عەسکەری‌و سیاسی نەک جەماوەر بەڵکو هێزی پێشمەرگەو هەزاران کادرو سەرکردایەتی هێزە سیاسیەکانیشی گرتەوە، پشێوی‌و پەشێوی هەمووانی تاساند بوو.

لەوڕۆژگارە ڕەشەدا هیچ دەوڵەتێکی ئەم جیهانە پڕ لە ژاوە ژاوی مرۆ دۆستییە، ئامادە نەبوون هەتا ڕادەی ڕەنجاندنی ڕژێمی عێراق لەسەر کورد هەڵبدەن، ئەگەرچی ناڕەزایی بەرامبەر تاوانەکان لە ڕۆژئاواوە بەرز دەبوونەوە "ڕۆژهەلاتی سۆسیالیست"یش نوزە نوزێکیان دەکردو بەس، چینی ماوتسیتۆنگو یۆگۆسلاڤیای تیتۆو کوبای کاسترۆش، نەک دژی تاوانەکان نەبوون، بەڵکو دژی دژایەتی کردنی تاوانەکانیش بوون. دەوڵەتانی عەرەبیش هەروا (سوریای لێدەربچێ). تورکیا تەنانەت پزیشکە جیهانییەکانیشی لەمەڕ بریندار بوونی کیمیاوی ئاوارەکان بەدرۆ دەخستەوە. بەڵێ کوردی کڵۆڵ هەمدیس مۆتەکەی هەرەسێکی دیکە نیشتەوە سەر سنگی، هەرەسێکی ترسناکتر لە هەرەسەکەی پێشوویش!

بەوشێوەیە سەرئەنجامی عەسکەری‌و سیاسی‌و سایکۆلۆژی شکستی ئەنفالەکان

سەلماندیەوە کەوا جەنگی پارتیزانیو ستراتیژی خەباتی چەکداری لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەماندا، ستراتیژێکی دابڕاو لە باقی پێویستیەکانی خەباتی ناوشارەکان، تایبەت خۆپیشاندانو ڕاپەڕین، هەڵەیەکی ستراتیژی کوشندە بوو. ئەگەر جاروبارێش ئاکامی خۆپیشاندانو ڕاپەڕینی ئەمو ئەو شاری کوردستان، هەولێرابێ جەماوەری شارەکان هانی شێوەکانی دیکەی خەبات بدرێن بەلام لەبەرئەوەی خەباتی چەکداری کرابووە ستراتیژو سوننەتی رزگاری کوردو جەماوەر، بەگیانی پشتبەستن بەم ستراتیژە گۆش دەکراو ئومێدی هەرە گەورەیان سەرکەوتنی خەباتی چەکداری بوو، هاوشانی بەردەوامی جەنگی ناوخۆ لەکاتی خۆپیشاندانو ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ١٩٨٢-١٩٨٦دا نەتوانرا خرۆشانی جەماوەری شارەکان پەرە پێبدرێو ستراتیژێکی نوێ بۆ گەلەکە گەلاڵە بکرێ. سووربوون لەسەر ستراتیژی چەکداریو لەناو خەباتی چەکداریشدا سووربوون لە جەنگی ناوخۆ، ساڵانی زێڕین لەکیس دران‌و هەلکەوتی کەم وێنە لە مێژووی ڕاپەڕینە چەکدارەکانی کوردستان بەفیڕۆ چوون. ئەمە لەکاتێکدا هەموو لایەکی سیاسی - چەکداری کوردستان دەبوو پەندی گەورەیان لە مێژووی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی ڕابردووی کوردستان وەربگرتایە کە چۆن چۆنی داگیرکەران نەخشەیان بۆ بەزاندنی ڕاپەڕینەکان یەکخستووە؛ ئەمجارە عێراقو ئێران نەک نەیانپەرژایە سەر نەخشەی هاوبەش، بەڵکو لەبەر بلاوتریەنو پڕ قینترین جەنگیشدا بوون ئینجا قینی ناوخۆو هەوەسی دەسەلاتی حیزبایەتی لە بری سوود لێوەرگرتنی گەورە لە هەلەکە، زیانی گەورەی گەیاندە خەباتی گەلەکە. ڕووخاندنی ڕژێم لە جەنگەکەدا وا بەمەسوگەر دەزانرا ئیدی:

- بیر لە گۆڕینی ستراتیژی چەکداری نەکرایەوە.
- جەنگی ناوخۆ ڕانەگیرا.
- شێوەکانی دیکەی خەباتی شارەکان قووڵنەدەکرا.
- بەپێی ڕێکەوتنێکی هاوبەشی بزووتنەوەی کورد تاکتیکی عەسکەری لەکاتی جەنگەکەدا دیاری نەدەکرا.
- بەرامبەر ڕژێم سیاسەتی هاوبەش نەبوو، لە ڕووخاندنی ڕژێمەوە هەتا گفتوگۆی نەرم لەگەڵ ڕژێمدا پێڕەوی دەکرا.

کاتێکیش کار لە کاری هاوبەش ترازاو جەنگەکە لەنێوان عێراقو ئێران دەگەیشتە بنبەست، تازە ئاشتبوونەوەی گشتیو بەرەی کوردستانیو چارەسەرکردنی

کێشەکان دادی بزووتنەوەکەی وەکو پێویست نەداو نەمانی شەڕی ناوخۆیش شکستی بزووتنەوەکەی لە ئەنفالەکاندا دەرباز نەکرد.

١/٩- کۆتایی جەنگی ساردو کورد

جەنگی سارد، لە ڕواڵەتدا ساردو لە ناوەڕۆکدا گەرم لە جەنگی دووەمی جیهان بەدواوە هەتا پێرار (١٩٤٦-١٩٩٠) درێژەی کێشا. جیاوازی ئەم جەنگە لەچاو جەنگەکانی یەکەمو دووەمی جیهان ئەوەیە کەوا زلهێزەکانی جیهان لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ دژی یەکدی بجەنگن، لەڕێی ولاتان، میللەتانو کرێکارانو هێزە چەکدارەکانەوە، ناڕاستەوخۆ جەنگیون. قازانجی جەنگەکەیش لە هەموو ڕووداوەکانی جەنگی ساردا بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ زلهێزەکان بوو، لەدوا ئاکامیشدا دەوڵەتانی سەرمایەداری بازاڕی ئازادو ئازادی لیبرالی بەسەر دەوڵەتانی بازاڕ کۆنترۆڵو سیستەم بیرۆکراتدا سەرکەوتن. لە ڕەوەندی دوورو درێژی جەنگەکەشدا گەلانو کرێکارانو دەوڵەتان ئەگەر لە تەنگانەو ئاستەنگێکی سیاسی عەسکەریشدا لەم یان لەو ولاتە بەهۆی ناکۆکیەکانی جەنگی ساردەوە یارمەتی عەسکەریو سیاسیشیان چنگ کەوتبێ (بەتایبەت لە شورەویو چینەوە) ئەوا وەکو دوا ئاکام بە کۆتایی جەنگی سارد قازانجی سیاسیو عەسکەریان سەری مایەی خەباتیشی خواردن، زۆربەی ولاتانی ئەورووپای ڕۆژهەلات، چینو کوباو ئەلبانیا... هتد. دوچاری چەڵمەی ئەوتۆ هاتوون ئەوەی لەسەر ئاستی نزیکدا ڕەچاو دەکرێ لە زیان بەولاوە (زیانی کاریگەریش) ئومێدی دیکە بەدی ناکرێ.

کورد لەو میللەتانە بوو کە یەکەمین جار بەڵکو لەسەرەتای دەستپێکی جەنگی ساردەوە کرایە قوربانی خواستەکانی شورەویو یەکەمین کۆماری مێژووی کوردستان (کۆماری مەهاباد) لەناوبرا. دوای کارەساتی کۆماری مەهاباد ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەمیشە کێشمەکێشی جەنگی ساردی لەسەر بووەو کوردستانیش بێ خەباتو فیداکاری نەبووە، کەچی لەنێو سەدەی ڕەبەقدا کێشەی کورد وەکو کێشەی گەلانی دیکە لەلایەن شورەویەوە گەلاڵەی سیاسی نەکرا، بەڵکو بەزۆری لەگەڵ دوژمنانی گەلەکەماندا دۆستایەتی کراوە، ئەو کەمە دۆستایەتیەی بزووتنەوەی گەلەکەشمان لە شۆڕشی ئەیلولدا هەر زۆر کەم بووە لەچاو پشتیوانی کردنی دوژمنانی.

لەماوەی جەنگی سارد دا، دوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد لە هەموو

پارچەکانی کوردستاندا حیزبی سیاسی ئاڵاهەڵگری رزگاری کورد هەبووە، حیزبە سیاسیەکانیش شورەویان بە سۆسیالیست و پشتیوانی گەلان زانیوە، هەوڵی دۆستایەتیان لەگەڵدا داوە هانایان بۆ بردووە.
کە شۆرشی ئەیلوولیش بەرپاکرا، دیسان پارتی خۆی لە بەرەی شورەویدا دەبینی و ۱۳ ساڵی رابەقیش بارزانی و سەدان کەس لە عەشرەتی بارزانی و هاوخەباتەکانی لە شورەویدا بوون، سەرەراش بە شێوەیەکی تاکتیکی نەبێ (ئەویش ناو بەناو) هەرگیز کێشەی کورد لەلایەن شورەویەوە نەکراوەتە کێشەیەکی سیاسی گرنگ بەڵکو خەسەکە لێوەدایە کەوا بەپێچەوانەشەوە، لە جەنگی سارد دا رژێمەکانی داگیرکەری کوردستان، پاشایەتی بووبێ (شاهینشایی ئێرانی) یان کۆماری (عێراق و تورکیا)، هەرکاتێک ویستبیان پێوەندی بە شورەوی و دەوڵەتانی ئورووپای رۆژهەڵاتەوە بکەن ئەگەر پێشتر پێوەندی بەهێزیشیان بە پنتاگۆنیشەوە بووبێ، شورەوی بە خۆشحاڵیەوە دۆستایەتی کردوون، زۆربەی دۆستایەتیەکەیش دژی کرێکاران و بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە تایبەت هی کورد شکاونەتەوە، بۆیە بەدرێژایی مێژووی جەنگی سارد خراپتر لە جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهان، دژایەتی کێشەی کورد کراوەو تەواوی زلهێزەکانی جەنگەکە بەرژەوەندیان چۆنی خواستبێ ئاوا لەگەڵ کێشەی کورد دا رەفتاریان کردووە، دوا دیاری کۆتایی جەنگی ساردیش چەکی کیمیاوی زلهێزەکانە بۆ رژێمی عێراق.
- سەرکردایەتی ستراتیژدارێژی کوردایەتیش بە درێژایی ئەو سەدەی جەنگی سارد چاوەرێ بووە شورەوی ببێتە پشتیوانی شۆرشی چەکداری کوردو بەو ئومێدە لەدوای کۆماری مەهابادەوە شۆرشی ئەیلوول سەری نایەوە، لەدوای شۆرشی ئەیلوولیش سەرلەنوێ خەباتی چەکداری هەتا ئەنفالەکان (۱۹۷٦-۱۹۸۸) بە نائومێدی لە پشتیوانی شورەوی دوچاری نوشستێکی ترسناک هات و شورەوی تەنانەت بە ئەندازەی فەرەنساش زاتی دژایەتی چەکی کیمیایی بەعسی نەکرد.
- حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەشی ئێرانیش ۱۲ ساڵی رابەقە لە خەباتی چەکداریدایەو هەتا پێش هەرەسی بلۆکی رۆژهەڵات تەمای پشتیوانیان بوو، بێهودە دەرچوو!
- PKKش لە ۱۹۸۵وە کە دەستی کردۆتە جەنگی پارتیزانی هەتا پێش هەرەسی شورەوی لەچوارچێوەی بۆچوونەکانی بلۆکی رۆژهەڵاتدا هەڵدەسوڕاو ئومێدێکی گەورەی بە پشتیوانی ئەو بلۆکە هەبوو! دیسان بێهودە بوو.

- سازمانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لەو هێزە سیاسی - چەکدارە شۆڕشگێڕانەیە کە لەسەرەتای خەباتی بەرەنگاری چەکداریدا بێ تەمو مژ بلۆکی ڕۆژهەڵاتی دەناسی‌و بە وردی‌و زانستیانە هەڵوێستی سیاسی‌و ئایدیۆلۆژی لەسەر دەردەبڕین، بۆیە هەمبانەی یارمەتی وەرگرتنیشی بۆ شورەوی نەڕستبوو سەرەڕاش هەڵوێستەکەیان دوای هەرەسی شورەوی نەبۆتە مایەی وەرچەرخانێکی چینایەتی‌و سیاسی گەورە بۆیان، هەروا هەڵپەرستی هێزە ڕاستڕەوو ناسیۆنالیستەکانیش لە سەرەتاتکێی سیاسی بۆ شورەوی‌و کلکایەتی کردنی بلۆکی ڕۆژهەڵات، دوای هەرەسی بلۆکەکە هەرەسی بەمانیش نەعێناوە، ئەگەر دیاردەو دەرکەوتەکانی پاش‌و پێش جەنگی سارد بە پێوەری تیۆری داپراو لە باقی ڕاستیە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان بپێوین،؟ دەبوو هەڵوێستی لیبراو دژی بلۆکی ڕۆژهەڵات لە دوای هەرەسی بلۆکەکە سودێکی سیاسی کاریگەری بۆ هێزە خاوەن هەڵوێستەکان هەبوایە بە پێچەوانەشەوە دەبوو وابەستەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات دوای هەرەسی بلۆکەکە پیلیشاباینەوە، کەچی هیچیان وا دەرنەچوون، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تەنیا پێوانەی تیۆری حوکمی مێژوویی نادا. ڕەوڕەوەی ژیانیش لەمەڕ خەباتە چینایەتیەکەو فەلسەفەی کرێکاران زۆری بە بەرەوە ماوە، کۆتایی جەنگی ساردیش گەلێ ڕاستی نەزاندراوی پێشتری لەسەر دیموکراسی‌و ئەرکەکانی دیموکراسی‌و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی قۆناخی دیموکراسی‌و پێشخستنی کۆمەڵایەتی‌و شارستانی دەرخست، تێگرای ئەو ڕاستیانەش پێویستیان بە ڕامان‌و ئاوڕدانەوەی قووڵ‌و قاڵبوونەوەی نوێیە لەم سەردەمە. سەردەمی کۆتایی هاتنی جەنگی سارد‌و تێگەیشتنی وردو درشتی سیاسەتی نوێ داڕێژراوی سەردەمی دوای جەنگی سارد.

دەبێ سەرلەنوێ، لەم دەورانەی ژیان، دەورەی ئابوری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و تیۆری‌و فەلسەفی سەرمایەداری هەڵسەنگێندرێنەوەو ڕادەی کاریگەریان بەشێوەیەکی گشتی دیاری بکرێ: بزاندرێ سیستەمی بازاڕی ئازادو ئازادی لیبرالی لە ڕووی ئابوری، سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و باسایەوە چۆن نەخشەیان بۆ دەکێشرێ‌و چۆن چۆنی جێبەجێ دەکرێن‌و بەچ شێوەو شێوازێک، تواناو تەکانێک بازاڕو سیاسەتی جیهانی کۆنترۆڵ دەکرێن.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردیش کە هەمیشە زلهێزەکان پیلانیان لێگێڕاوەو دژی خواستەکانی بوون‌و پشتیوانی داگیرکەرانی کوردستانیان کردووە، دەبێ ڕابردووی باش لێکبداتەوەو هۆیە جۆراو جۆرەکانی دوژمنایەتی نەتەوەکە

دیاری بکاو بزانێ که:

- له جەنگی یەکەمی جیهاندا بۆچی حوکمڕانیتی شێخ مەحموودیان تێکداو پەیمانی سیڤەریان پێشێل کرد.

- له جەنگی دووەمی جیهاندا بۆچی کۆماری مەهابادیان ڕووخاندو مافەکانی کوردیان نەسەلماند.

- له گەرمەی جەنگی ساردیشدا بۆچی پشتیوانی داگیرکەرانی کوردستانو دژایەتی شۆڕشی کورد دەکرا.

ئەو قۆناخە سیاسییە جیهانیانە هەریەکەیان بۆ زلهێزەکانی جیهان هۆی ئابووری، هۆی سیاسیو عەسکەریو کۆمەڵایەتیان هەیە: ئابووری سەرمایەداریو سیاسەتی ئیمپریالیستی له جەنگی یەکەمدا لەسەر بناخەی سەرکەوتنی جەنگو چەمکی کلاسیکی سەرمایەداری داڕێژرا بوون، دوای جەنگی دووەم ئەو بناخەیە گۆڕاو سیاسەتی سەرمایەداری پەرەی پێدرا بۆ مۆنۆپۆلی کۆمپانیا فرە ناسنامەکانو له بەرامبەریشدا کامپی شورەوی سیاسەتی کۆنترۆڵی بازاڕە وابەستەکانو تیژی گەشەکردنی ناسەرمایەداری دەسەپاندو جیهان بەشێوەیەکی گشتی کەوتبووە مەنگەنەی ئەو دوو سیستەمە، ئێستا جەنگی سارد بە سەرکەوتنی جەمسەری سەرمایەداریو بەزینی سۆسیال ـ بۆرژواکان کۆتایی هات. سەراپا جیهان کەوتۆتە بەردەستی وڵاتانی سەرمایەداری گەورەو پێشڕەنگیشیان ئەمریکایە، ئەم سەرکەوتنەش سەرئەنجامێکی کتوپڕ نەبووە، بەڵکو دەمێکە دەبێ ڕەچاو کراوە، ئیدی لەمەودوا سەرانسەری جیهان دەخرێتە قاڵبێکی نوێ چەشنی سەرمایەداری کە بنەماکانی ئابووری جەنگی دووەمو دوای ئەوەیش، سیاسەتی ئابووری پەرەپێدراوی ئابووری سەرمایەداری گەرمەی جەنگی ساردیش دوای سەرکەوتن له جەنگی سارد دا دادی سەرمایەداری نادا، چونکە گۆڕانو گۆڕانکاریەکانی جیهان، خواستو داخوازیەکان، کۆکیو ناکۆکیەکان، دۆستایەتیو ململانێکان، دیاردە چینایەتیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو پێوەندی جیهانیو جیهانبینیە هاوچەشنەکان تێکڕا گۆڕاوون، چۆن جیهانی دوای جەنگی دووەم بە جیهانی دوای جەنگی یەکەم نەمایەوە، ئاوا جیهانی دوای جەنگی ساردیش بە جیهانی نیو سەدەی دوای جەنگی سارد نامێنێتەوە.

٥١- گۆڕانەکانی جەنگی سارد

ئەگەر بنەمای ئابووری‌و سیستەمی سیاسی دوای جەنگی دووەم هەمان بنەماو سیستەمی دوای جەنگی یەکەم بان، بێگومان کێشەکان دەتەقینەوەو زووتر ئاستەنگەکان پەنگی قەیرانیان دەخوارد. ئێستایش ئەگەر بنەمای ئابووری‌و سیستەمی سیاسی لە جیهاندا وەکو دەهەیەک لەمەوبەریش بمێنێتەوە بێگومان قەیرانەکان زووتر دەتەقنەوە، ئەوبەرەکەی بە خۆشباوەڕی تیۆری پێمانخۆش بێ قەیرانەکان بتەقنەوە، گرنگترین پرسیار ئەوەیە قەیراندکان کە دەتەقنەوە چۆن بقۆزرێنەوە؟ دیارە قۆزرەوەی قەیرانی قووڵی جیهانی بە ئەڵتەرناتیڤی جیهانی دەکرێ، ئەڵتەرناتیڤی جیهانیش بە ئابووری جیهانی‌و بە چینی جیهانی‌و بە سیاسەتی جیهانی‌و بە شارستانێتی جیهانی دەکرێ نەک بە ئارەزووی تیۆری، کاتێک ئەڵتەرناتیڤی پێویستیەکانی جیهان وەکو پێشبینیەکی دڵنیاکەر جارێ لەئارادا نەبن یاخود هەتا ئەو ئەڵتەرناتیڤە جیهانییە دێتە ئارا ڕێڕەوێکی دیکە لەرێدا هەبێ، کەواتە دەبێ مەودای ڕێڕەوەکە بزانین‌و چۆنیەتی خەبات کردنیش لەناو پرۆسەی پێویستیەکانی ڕێڕەوەکەدا دیاری بکەین، مادام ئەڵتەرناتیڤ نەبێ، کەواتە شۆڕشی سۆسیالیستی ڕەچاو ناکرێ کە گۆڕانکاری قووڵ بەمانای شۆڕشی سۆسیالیستی هەتا مەودایەکی دیکە لەپاش جەنگی سارد ڕەچاو نەکرێ بەڵکو دوورنییە ڕووداوەکانی داهاتوو کاریگەنە سەر ڕەوتی خەباتی سۆسیالیستی‌و چۆنیەتی بەدیهێنانی سۆسیالیزمیش، کەوابێ: سیستەمی سەرکەوتووی دوای جەنگی سارد مەیدانەکانی لەبەردەمدا باشتر لەجاران کراوەتەوە نەخشەکانی بچەسپێنێ. بەراستیش نەخشەکانی دەچەسپێنێ چونکە تەنانەت کۆسپەکانی لەمەوبەریشیان لەبەردەمدا نەماوە، جا سەرمایەداری بەو هەموو ناکۆکی‌و ململانێیەی لەبەرامبەریدا هەبوو سەرکەوتبێ، ئێستا بە تەختبوونی ئاقاری سیاسەتەکانی ئاسانتر سەردەکەوێ، ئەو ناکۆکییە چینایەتی‌و سیاسیانەی دژیشی هەشن جارێ زۆر زۆریان ماوە مەترسی بخەنە سەر نەخشەکانی سەرمایەداری، بەڵکو زۆریان ماوە بارێکی بابەتی چینایەتی شۆڕشگێرانە بخوڵقێنن.

خسڵەتێکی هەرە گرنگی دیاردە تازەکانی سەرمایەداری، لەبەریەک ترازانی یاساو ڕێسا ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکانی سایەی جەنگی ساردە. هەروا سەرهەڵدانی دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی نوێ‌و دیاردەی شارستانی نوێ‌و ڕووداوی سیاسیی نوێشە:

١/١- شورەوی‌و ئەورووپای ڕۆژهەڵات پاشەکشەیان کرد.
٢/١- ئەڵمانیاو ئەورووپای ڕۆژئاوا کاریگەرتر هاتنەپێش.
١/٢- چین‌و هیندی‌چینی کشانەوە.
٢/٢- ژاپۆن‌و دەوڵەتانی ئاسیای ڕۆژهەڵات گەشانەوە.
١/٣- شۆڕشی چەکداری درێژخایەن تێکشکا.
٢/٣- ڕاپەڕینی بەردەوام سەرخرا.
١/٤- ڕژێمە دیکتاتۆرو (دیموکرات شۆڕشگێڕەکان) ڕووخان.
٢/٤- پارلەمانی بۆرژوایی بوژانەوە.

سەرهەڵدانی ئەو دەرکەوتەو دیاردەو ڕووداوە نوێیانە وەکو هەموو مەسەلەیەکی دیکە لایەنی چاکەو خراپەیان تێدایە، لایەنە خراپەکانی خۆی لە چەوسانەوەی چینایەتی‌و جیاوازی میللی‌و ڕەگەزی‌و شارستانی‌و پیشەسازی‌و پێشێلی ئازادی‌و بوونی هەزاران تۆڕی جاسوسی‌و نا عەدالەتی‌و زوڵم‌و زۆری هەمەچەشنەیە، لایەنە چاکەکەیشی ئەوەیە کەوا: تەواوی ڕاستیەکان زاندران‌و سەردەمی چەواشە کۆتایی هات. ئیتر نە بەناوی سۆسیالیزمەوە مافی دیموکراسی‌و مرۆیی پێشێل دەکرێ‌و نە بەناوی سەرمایەداریشەوە ڕژێمە دیکتاتۆرو فاشیستەکان دەشێ پشتیوانی بکرێن.

جارێ سەرەتای قۆناغی دوای جەنگی سارده زۆربەی ڕێسا کۆنەکان هەڵوەشان‌و گەلانی بەزۆر پەستێنراوی ناو قەڵەمڕەوەکان ڕابوون‌و سەربەخۆییان وەرگرت، یان لەڕێی سەربەخۆیی وەرگرتندان، خەسڵەتی هەرە زەقی سەرخستنی سەربەخۆیی ئەوگەلانە لەدوای جەنگی سارد دا ئەوەیە بەبێ شۆڕشی درێژخایەن بە ڕاپەڕین‌و ڕابوونی ناو شارەکان، لەماوەیەکی کەمدا سەرکەوتن. بەم سەرکەوتنانەش ئیدی بە ئەزموونی چەندین میللەت لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات‌دا سەلما کەوا سەردەمەکە مژدەی گۆڕانکاری سیاسی کاریگەری بەخشیوەتە گەلان‌و مافە دیموکراسیەکان، هەرە گرنگیان ماڵئاوایی کردنە لە شۆڕشی درێژخایەنی پڕ لە زیان‌و بەزینی چەکداری‌و پێشوازی کردنە لە ڕاپەڕینی کەم خایەن‌و زووتر سەرکەوتن بەدیهێنەری گەلان.

بەمەش، واتا: بە کۆتایی سەردەمی جەنگی ساردو سەرهەڵدانی سەردەمی دوور لە ناکۆکیەکانی جەنگی سارد، نەک هەر خەباتی چەکداری لە ڕووی عەسکەرییەوە سەرکەوتنی ستەمە، بەڵکو لەڕووی سیاسیشەوە درێژەپێدانی شۆڕشی چەکداری وەکو ڕێبازی ستراتیژی سەرخستنی گەلانی ژێردەستە، زۆر دژوارە، چونکە ئەگەر لەگەرمەی جەنگی سارد دا لەناو ئەو هەموو ناکۆکیو کەلێنانەی لایەنەکانی ناو جەنگی سارد لایەک ئاوڕی سیاسی لە کورد نەدابێتەوە، ئەوا لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد دا شۆڕشی چەکداری چەخت ناهێنێ.

لەبەشەکانی کوردستاندا شۆڕشی چەکداری ئێستاش باوە، کوردستانی بەشی ئێران خەباتی پارتیزانی هەیە بەڵام خەباتێکی پارتیزانی پاشەکشەپێکراو بۆ پشتی سنوور، بەو شێوەش هێزە چەکدارەکانی گۆڕەپانەکە:

- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
- سازمانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە).
- حیزبی دیموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر).

لایەنی کەمی بەرنامەی سیاسیو پێشمەرگەیی هاوبەشیان وەکو نییە، خراپتر لەوەش بارەگایەکیان لە کوردستانی بەشی ئێراندا جاری پێ ناپارێزرێ کەچی ساڵهایە دوچاری شەڕی براکوژی بوونو چارسەرێکی بنەڕەتییان بۆ نەدۆزیوەتەوە. ئێستاش شەڕی (دیموکراتکوشتن!) لەنێوان هەردوو باڵەکەی دیموکراتدا بەردەوامە*.

لە کوردستانی بەشی تورکیاشدا، حەوت ساڵی ڕەبەقە جەنگی پارتیزانی بە ڕێبەرایەتی PKK و ڕێپێنەدانی لایەنەکانی دیکە بەردەوامە ئەو حەوت ساڵە کۆتایی جەنگی ساردو سەرەتایی دوای جەنگی ساردە، بەڵام جاری تاقە بارەگایەکی رزگارکراویان لەناو خاکی کوردستانی بەشی تورکیادا نییە.

دوازدە ساڵ جەنگی پارتیزانی لە کوردستانی بەشی ئێرانو حەوت ساڵیش لە کوردستانی بەشی تورکیا بەبێ ئەوەی شێوەی خەباتەکە لەپارتیزانییەوە بۆ جەنگی بزۆز (الحرب المتحركه) گۆڕدرابێ، لایەنی کەم دەکرێ بڵێین لەو دوو بەشەی کوردستاندا بزووتنەوەی پارتیزانی لەناو بازنەیەکدایەو کردنەوەی ئەو بازنەیەش لەڕووی عەسکەرییەوە ئەگەر لەسەردەمی جەنگی سارد دا هەتا ڕادەیەک لەباربووبێ

---

* ئەوشەڕە بێهودەیە لەنێوانیاندا لەکاتێکدا بەردەوامە کە هەموو لایەکیان باش ئاگادارن کەوا لە کوردستانی بەشی عێراقدا ئەو شەڕە چۆن گەیشتە بنبەستێکی خوێناویو بەناچاریش شەڕەکە ڕاگیرا

ئەوا دوای جەنگی سارد خزاوەتە بنبەست؛ تاقە ڕێگای شۆڕشگێڕانە (جگە لە ستراتیژی پارتیزانی) بۆ دەرچوون لە بازنەی داخراوی پارتیزانی گۆڕینی ستراتیژی چەکداری ڕزگاری کوردستانە لە شاخەکانەوە بۆ شارەکان: لە خەباتی چەکداریەوە بۆ ڕاپەڕین. جگە لەم ڕێگەیە مەگەر ڕێکەوتی جیهانی‌و ناوچەیی تەرازووی هێزی نێوان بزووتنەوەی پارتیزانی‌و دەوڵەتەکانی ئێران‌و تورکیا بگۆڕێ دەنا مەحاڵە بەو بزووتنەوە پارتیزانییە لە کوردستانەوە ڕژێم بڕوخێ یان داگیرکەر ڕابماڵدرێ.

چارەیەک لەبەردەم هێزی پارتیزانی لەو دوو بەشەی کوردستاندا نییە جگە لەوەی ئەو توانا پارتیزانییەی هەیانە لەچوارچێوەی ستراتیژی دەربهاوون‌و بیکەنە ئامرازێکی عەسکەری تاکتیکی بۆ خزمەتی ستراتیژی ڕاپەڕین؛ ڕاپەڕینی بەردەوام لە شارەکانەوە. ئەمیش جگە لە ستراتیژی گەلاڵە کراوی ڕاپەڕین، تاکتیک‌و دروشم‌و سیاسەتی وردی هەمەلایەنەی ڕاگەیاندن‌و ئیداری، تیۆری، سایکۆلۆژی‌و جەماوەری هەمەچەشنەی گەرەکە. هاوکاری‌و هاوپەیمانی، جموجۆڵی فراوانی جیهانی‌و ناوچەیی‌و ئێرانی‌و تورکیایی‌و کوردستانی بێوچانی گەرەکە، دەبێ ڕێک‌و کینەی ڕابردوو، هەڵەکان، کەموکووڕییەکان، دۆگمی خەباتی چەکداری‌و عەقڵیەتی خێڵەکی عەسکەری تێکڕا دەبێ بگۆڕدرێن‌و ڕۆژانە کار بۆ ئەوە بکرێ کە ستراتیژ کراوەتە ڕاپەڕین‌و بەو گیانەش جەماوەر گۆشی بەردەوام بکرێ.

٢/٩- ڕاپەڕینی کوردستان

ستراتیژی چەکداری ئەگەر لە هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولدا لە هەموو بارێکی جیهانی‌و ناوچەیی‌و عەسکەری‌و سیاسییەوە لە کوردستانی بەشی عێراقدا نەگەیشتبێتە بنبەستی سەرکەوتن‌و بارو بواری سەرلەنوێی خەباتی چەکداری، لەدوای هەرەسدا هەتا ڕادەیەک لەڕووی سیاسی‌و نەتەوایەتیەوە لە کوردستانی بەشی عێراقدا مابێتەوە ئەوا دوای ساڵەها خەباتی چەکداری‌و لەناو گەرمەی جۆرەها ڕووداوی گەورەو گچکەی جیهان‌و ناوچەکەو کوردستان هەژێن کە نەتواندرا ئەو بەشە خەباتە چەکدارییەی لەدوای هەرەسیش توانای کارپێکردنی مابوو بخرێتە خزمەتی ستراتیژی ڕاپەڕینی ناو شارەکان، خەباتە چەکداریەکە سەرباری هەڵکەوتنی چەندین ڕووداوی گەورە بۆ سەرکەوتنی (ڕووخانی ڕژێمی شاو جەنگی عێراق-ئێران) دوچاری شکستی پڕ لە گەورەترین قوربانی نەتەوەکانی سەر زەوی، شکستی ئەنفالەکان بوو.

لەدوای ئەنفالەکان، سیمای بزووتنەوەی چەکدارانەی گەلەکەمان سەراپا گۆڕدراو سەرجەم حیزبەکانی چەکداری کوردستان دوچاری کارەساتێکی ئەوتۆ بوون تاقە هیوایان ئەوە بوو لە ڕێی فشاری نێونەتەوایەتی‌و دیبلۆماسیەوە بتوانن دوای کۆتایی هێنانی جەنگی عێراق-ئێران ڕێ لە ڕژێمی عێراق بگیرێ کوردستان سەراپا ڕانەگوێزێ یان مفاوەزاتێکی نەرمیان لەسەر کەمترین خواستەکانی (بەرەی کوردستانی) لەگەڵدا بکا.

کورتیەکەی لەدوای ئەنفالەکانەوە هەتا داگیرکردنی کوێت، هەوڵی سیاسی‌و دیبلۆماسی هەرە گرنگی هێزەکانی بەرەی کوردستانی گەڕانەوە بوو بۆ ڕۆژگاری پاش هەرەسی ١٩٧٥ کە بەشێک لە سیاسەتمەدارانی ئەوسای کورد دروشمی (ڕزگار کردنی ئەوەی ڕزگار دەکرێ - انقاذ مایمکن انقاذه)یان بەرز کردەوە، ئینجا ڕژێم ئاوڕی لە هیچ لایەک نەدەدایەوە، بەڵکو خراپتر لە ١٩٧٥ی سەردەمی ڕێکەوتنامەی جەزائیر ڕەفتاریشی کرد چونکە لەو ڕێکەوتنامەیەدا ڕژێم لەڕووی عەسکەریەوە تێکشکاو بەناچاری سەری بۆ شای ئێران شۆڕ کرد، بەڵام لە ئەنفالەکاندا، دوای ڕاگیرانی جەنگی عێراق-ئێران، ڕژێم خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی بۆیە دروشمی ناوبراو لەکاتی لاوازی ڕژێمی عێراقدا ١٩٥٧ قەبووڵ نەکرابێ، هەڵبەتە لەکاتی بەناو سەرکەوتنی عەسکەری‌و لەوپەڕی توانای عەسکەری فاشیەکاندا بەو هەسگە چەکە کیمیاویەی هەیانبوو، دیار بوو ڕژێم ئامادەی کەمترین ڕێکەوتنی سیاسی نەبوو بەتایبەتی بەوپەڕی ڕقی فاشیانە سەیری پێوەندی هێزەکانی بەرەی کوردستانی‌و دەوڵەتی ئێرانیشیان دەکردو بە گەورەترین خیانەتی نیشتمانیان دەزانی، لەکاتێکدا واش نەبوو، بەڵکو گەورەترین خیانەت، ئەو جەنگە بێ ئامانە بوو کە ڕژێم دژی ئێران هەڵیگیرساند*.

ئەگەر بەراوردێکی شکستی عەسکەری ئەنفالەکان (١٩٨٨) لەگەڵ سەرجەم شکستەکانی مێژووی نەتەوەی کورد بکەین، بەهۆی گۆڕانکاریەکانی زەمینەو زەمانی ئەم شکستە لەچاو شکستەکانی ڕابردوو، شکستی ئەنفالەکان ترسناکترە.

---

* هەڵبەتە دەکرا تاکتیکی عەسکەری‌و سیاسی کاریگەرتر لەکاتی جەنگی عێراق - ئێراندا پێڕەو بکرابا، ئەمیش بەبێ یەکێتی‌و هاوکاری تەواوی هێزەکانی کوردستان مەحاڵ بوو.

لەدوای هەموو شکستێکی عسکەری ڕاپەڕینە چەکدارەکانی ڕابردوو لە سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا شۆڕشی ئەیلوولیش‌و بڕیاری بڵاوپێکردنی ڕاپەڕینەکان ڕاگەیێندراوە. لە شکستی ئەنفالەکاندا ئەگەرچی هەموو هێزە سیاسیە چەکدارەکانی کوردستان جگە لەهەڵەی ستراتیژی چەکداریان بەدرێژایی سالانی پڕ لە ڕووداوی خەباتە چەکداریەکەی دوای هەرەسی ١٩٧٥ هەتا شکستی ئەنفالەکان، جگەلەوە سەرەڕای تەواوی تاوان‌و تالانەکانی درێژایی بزووتنەوەکە هەر لە جەنگی ناوخۆوە هەتا ڕەفتاری قێزەوەنی ناو خەڵک‌و زوڵم‌و زۆری ئاشکرای دزە دزێوەکانی پایە بەرزی ناو بزووتنەوەکە هەتا دژایەتی ڕاستەوخۆی ئازادی‌و دیموکراسی، سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەو ڕاستیانە پەڵەی ڕەش ڕەشن لەم بزووتنەوە چەکدارییەدا، وێڕاش دەبێ چەند ڕاستیەکی عسکەری‌و سیاسی هەن فەرامۆش نەکرێن‌و نەکرێنە خۆراکی ئارەزووی تیۆری چونکە هەتا ڕاستیەکان بەچاک‌و خراپیانەوە بابەتیانە تەتەڵە بکرێن هەنگی بەرپێی خەباتی داهاتوو ڕووناکتر دەکرێ. ڕاستیەکانیش ئەمانەن:

١- بۆرژوای کورد سەرەڕای شکستەکان‌و بەرپرسیاریان لە سەرجەم شەرمەزاری خۆیی بزووتنەوەی چەکداری رزگاری کورد لە شۆڕشی ئەیلوولەوە هەتا ئەنفالەکان، سەرەڕای ئەوەی ستراتیژی سیاسی‌و عسکەری ناو بزووتنەوەکەشیان لە زۆر ڕووەوە هەڵە بوو، بەلام بە درێژایی ئەو سالانە بەردەوام بوون لەسەر داکۆکی لێکردنی ئامانجەکانی چینایەتی خۆیان، بەکردەوەش لە مەیدانەکەدا لەپێناوی ئەو ئامانجانە ڕەنجیان دەداو ژیانی خۆشیان دەخستە مەترسیەوە. لەکاتێکدا زۆربەی چەپەکان لەوان پاکتر بوون‌و بەرپرسیاری کەمترین تاوانیش نەبوون، بەلام دووریان لە بزووتنەوەی پراکتیکی خەڵک‌و خولانەوەیان لە شەوارەی تیۆریدا، وای لێکردن سەرمایەی پاکیان بۆ نەبێتە سەرکەوتنی سیاسی، هەروا بەشێک لەو کەس‌و گروپانەی لەسەر چەپ بەناهەق مال بوون، نیو چارەکی بۆرژوای کورد ئامادە نەبوون لەخۆیان ببوورن‌و گیانی خۆیان بخەنە مەترسیەکانی کۆڕی خەباتەوە.

٢- بەهێزبوونی‌هێزە بۆرژواکانی کورد سەرەڕای تەنگوچەڵەمە شکستەکانیان‌و لاوازتر بوونی چەپی کوردستانیش سەرەڕای کەمتر شکستخواردن‌و کەمی تەنگوچەڵەمەی سیاسیان، هۆیەکانی تەنیا بۆ تواناو پشتیوانی هێزە بۆرژواکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو گرنگتر لەوانە، هۆیە ڕاستەقینەکانی ئەو ڕاستیانە دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەی کۆمەلایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی میللەتێکی ژێردەستە: بۆرژوا بزووتنەوەی بلاوی جەماوەری میللی هەیەو چەپیش ئەوەی نییە.

٣- بورژوازی میللەتانی ژێردەستە لەسەرئاستی جیهانیشدا ڕێسای ئابوری چینایەتی جیهانیان هەیە لەکاتێکدا کرێکاران‌و زەحمەتکێشان ئەوەیان نییە ئەوەی بەناوی ئەمانیشەوە هەشبوون، بەپێچەوانەوە دەرچوو!
٤- دوای شکستی ئەنفالەکان وا ڕەچاو دەکرا کەوا هەرەسێکی سیاسی‌و عەسکەری دیکە ڕابگەیەندرێ، بەلاّم نەکرا. ڕانەگەیاندنی هەرەسەکەیش‌و درێژەپێدانی خەباتی پارتیزانی لەو ڕۆژگارە دژوارە کەموێنەیەی دێهاتی چۆڵ‌و هۆڵی کوردستاندا یەکێکە لە کارە باشەکانی (بەرەی-کوردستانی). هەموو ئەو مەفرەزانەی دوای ئەنفالەکانیش ئەرکەکانی ڕانەگەیاندنی هەرەسیان لە ترسناکترین ڕۆژگاردا ڕادەپەڕاند، ڕۆڵەی جوامێری گەلەکەمن*.
هەڵبەتە مانەوەی بەرەنگاری چەکداری دوای ئەنفالەکان لەپەنای پاشماوەی ناکۆکیەکانی عێراق-ئێران‌و سەرەتای سەردەمی نەمانی جەنگی سارد بوو کە ئیدی فشار دەخرایە سەر ڕژێمە دیکتاتۆرو فاشیەکانی وەکو عێراق. ڕژێمی عێراقیش لەپێشەوەی ڕژێمە فاشیەکان، کەوتبووە بەر ڕەخنە. دووریش نییە سیاسەتی مەزنخوازی‌و بەرنامەی عەسکەری بەعس‌و سەدام دوای کۆتایی جەنگی عێراق ئێران خرابێتە ژێر زەرەبینی لێکدانەوەی چۆنیەتی دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاّت‌و کەنداو دا.
ئەو خۆڕاگرتنەی (بەرەی کوردستانی) ئەگەر قازانجی سیاسی ئەوەی تێدا نەبوو ڕژێم ئاوری مفاوەزاتیان لێبداتەوە، ئەم قازانج نەکردنە نەک بە زیان نەگەڕایەوە بەڵکو بەڕاستی بوو بە گەورەترین قازانج‌و دوای داگیرکردنی کوێت بەرەی کوردستانی بەهۆی ڕاپەڕینەوە کردی.
ڕاپەڕین بەشێوەیەکی گشتی ڕاپەڕینێکی خۆڕسکی جەماوەری دژی فاشی بوو، هیچ لایەکی عێراق، کوردستانی، چەپ‌و ڕاست‌و ناوەڕاست، ڕاستەوخۆ بە نەخشەی سیاسی‌و ستراتیژی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینەکەی بەرپا نەکردو دوای بەرپا بوونی ڕاپەڕینەکەیش ڕاپەڕینەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن هیچ لایەکەوە ڕێبەرایەتی نەدەکرا.
حیزبە عێراقیەکان لە تەراوگەدا (مەنفا) بە زۆری لە ئێران‌و سوریادا چاوەڕێی ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق بوون لە جەنگی کوێتدا هەتا هەر لایەکیان بە پشتیوانی

* دوای ڕاپەڕین هەندێ لەو پێشمەرگانەی پارتیزانی ئەنفالەکان، بێ بایەخ کران‌و لەسەر شانی ئەوان هەلپەرستەکان بەرزکرانەوە!

سوریا یان ئیران بینەوە ولات: (بەرەی کوردستانیش) بڕیاری بەرپا کردنی ڕاپەڕینی نەبووە بە زۆری ئومێدی بە ڕووخاندنی ڕژێم لە جەنگەکەدا هەبوو بەڵکو دۆخی جەنگەکەیان بە ترسێکی ئەوتۆ دەزانی تەنانەت لەکاتی گەرمەی جەنگەکەشدا کە ڕژێم تێکدەشکا پاشماوەی هێزەکانی بەرەی کوردستانی کە ئامادە کرابوون پەلاماری ڕژێمیان لە هیچ شارۆچکەیەکیش نەدەدا، ئەمیش هەم لەترسی دووپات بوونەوەی کارەساتی هەڵەبجەو هەم لەترسی مانەوەی ڕژێمو مفاوەزات کردن لەگەڵیدا لە پاش جەنگەکەدا، بەڵام ئەم سیاسەتەی بەرەی کوردستانی ئەوە ناگەیەنێ خۆیان بۆ هەلی دیکە ساز نەدەدا بەتایبەتی ئەگەر ڕاپەڕین بەرپا بێ بەڵکو حیسابیش بۆ ڕاپەڕین کرابوو. کە ڕژێم بەزینی ئاشکرا بوو، نارەزایی هەناوی خەڵک هەتا دەهات زەقتر دەبوو. بەڵکو نیشانەکانی خرۆشانو ڕاپەڕین دەردەکەوتن. ئەودەم ئیدی ڕاگەیەندنەکانی (بەرەی کوردستانی) ئاشکرا خەڵکیان هانی ڕاپەڕین دەدا بەڵکو ...ۆژەکانیان لە شارەکانیش نزیک کەوتنەوە. لەو هەمموو بگرەو بەردەیەدا کە ...راوی جیهان بەهۆی جەنگەکەوە هەژا بوو، هێشتا ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی مشتومڕی ئەوەیان بوو کۆنگرە ببەستن یان نەبەستن!؟

کە ڕژێم بە تەواوەتی بەزیوجەماوەر ڕاپەڕین ئەوسا بۆ لەدەست نەدانی هەلەکە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بڕیاری بەستنی کۆنگرەی (بیروت)یان‌دا بەڵام کۆنگرەیەکی لاوازی بێ بەرنامە، پڕ لە ناکۆکی بێ سەروبەر، تەنانەت لە کۆنگرەکەدا ڕێکخراوو سیاسی ئەوتۆ قوت کرابوونەوە مەگەر نوێنەرایەتی خۆیان کردبێ دەنا هێلانەی چۆلەکەشیان لە عێراق‌و کوردستاندا نەبووە چ جای ڕێکخستن‌و جەماوەر!

٥٢- شکستی کاتی‌و... ئازادی

ڕاپەڕینەکە لەبەر ئەوەی خۆڕسکی بوو، بۆیە پڕ لە کەم‌و کووڕیش بوو. گەورەترین کەم‌و کووڕی ڕاپەڕینەکە نەبوونی بەرنامەی ڕاپەڕین بوو لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، نەبوونی ئەم بەرنامەیە، ڕاپەڕینە خۆڕسکیەکەی دوچاری چەڵەمەی سیاسی‌و ڕاگەیاندن‌و ئاراستەی ڕۆژانە کردبوو، ئەو کەم‌و کووڕیانەش لەناو ڕاپەڕینێکی ڕێکخراودا ترسناکن چ جای بۆ ڕاپەڕینێکی خۆڕسکی. ئەمە جگە لە هەڵوێستی خراپی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لە گەرمەی ڕاپەڕینەکەدا. دەتوانین بڵێین ئاکامی سیاسەتی فاشیانەی ڕژێم لە هەناوی خەڵکدا دوای بێ هیوا بوون لە خەباتی چەکداری‌و نەڕووخاندنی ڕژێم لە جەنگی عێراق ئێراندا، باوەڕی ڕاپەڕین دروست

ببوو بەڵام باوەڕێکی تازە سەرهەڵداوی موتوربە نەکراو بە بیری ڕاستی ڕاپەڕینو
سەرکردایەتی شۆڕشگێڕی ڕاپەڕین، ئەم بیرە تازە سەرهەڵداوەی ڕاپەڕین لەبەری
ئەوەی لەناو پرۆسەی خۆیدا لە قۆناخی دوایٔ شکستی خەباتی چەکداری نەشوغمای
سروشتی بکاو پێبگاو بە تەواوەتی بخەملێ، جاریٔ پرۆسەکەی مابوو گەشە بکاو
دۆخی شۆڕشگێڕانەی بخولقێ، داگیرکردنی کوێتو بەزینی ڕژێم لە جەنگەکەدا
تەوژمێکی گەورەی دایە بیری تازەی سەرهەڵداوی ڕاپەڕینەکە لەناو خەڵکدا
بەتایبەتی سووربوونی ڕژێم بۆ نەکشانەوە لە کوێتو سووربوونی دەوڵەتانی
هاوپەیمانیش بۆ بەزاندنی ڕژێم، خەڵکی لە عێراقدا باوەڕ پێهێنابوو کە ڕژێم هەر
دەڕوخێ. ئەم باوەڕە بە دیتنی لەشکری بەزیوی پاشەکشە پێکراوی عێراق ئاگری
بەردایە باروتی قینی خەڵک دژی فاشیەکان، بەزۆریش ئاگرەکە مەڵبەندە شیعە
نشینەکانو کوردستانی گرتەوە.
شیعە، لەسەردەمی کەربەلای داستانی حوسێنی کوڕی ئیمام عەلیەوە باوەڕیان
بە ڕاپەڕینی چەکدارانە هەیە. کوردیش خەباتی چەکداریٔ کردۆتە سوونەتی ڕزگاری
کوردستان. هەردوولاش دوای ڕاگیرانی جەنگی عێراق ئێران خەباتی چەکداریان
شکستی خواردبوو، کەوابێ: ستراتیژی خەباتی چەکداری لەهەردوولادا نەگۆڕابێو
بەرنامەی ڕاپەڕین گەڵاڵە نەکرابێ، ڕاپەڕینەکە هەڵ بووە بەهێز بێنەوە مەیدانەکە بۆ
بەدیهێنانی ستراتیژی چەکداریان. هەروەکو گوترا بەتایبەتی ڕووخاندنی ڕژێم لە
دەستپێکردنی جەنگ لە کوێتدا بە مسۆگەر زاندرا، تا لێرەدا لەم بە چەک
دابەزینە مەیدانەی شیعەکان لە مەڵبەندە شیعە نشینەکانو هێزەکانی (بەرەی
کوردستانی)ش لە کوردستاندا، دیسان ڕێبازی چەکداری زاڵکرایە سەر ڕاپەڕین
بەڵکو ڕاپەڕینو ڕاپەڕینی چەکداریو خەباتی چەکداری بەچەشنێ تێکەڵاو کران
ئیدی جەماوەر خرایە سەر ئەو باوەڕە کە بە خەباتە چەکداریەکە پاشماوەی سوپای
بەزیوی عێراق تەفروتونا دەکرێ. ئەم زاڵکردنەی خەباتی چەکداریەش بەسەر
ڕاپەڕینەکە گەورەترین هەڵەی عەسکەریو سیاسی شیعەکانو (بەرەی کوردستانی)
بوو لە گۆڕینی ڕێبازی ڕاپەڕین وەکو ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی شارەکان.
ڕاپەڕینەکە خۆڕسکی بەرپاکراوە، بەرنامەی نییەو سەرکردایەتی دیارو دروشمی
ناوەندیو ڕاگەیاندنی یەکگرتووی نەبوو، ڕێبەرایەتی قاڵبووی ناو ڕاپەڕینەکە
دەرنەکەوتبوو، جاریٔ ڕاپەڕینەکە مابووی تەواوی شارە گەورەو ناوەنجییەکانی
عێراق بەتایبەتی (بەغدادو موسڵ)و شارە نزیکەکانی بەغدا بتەنێتەوە؛ زۆربەی

هەرە زۆری خەڵک تێکەڵاوی ڕاپەڕینەکە نەبوون، هەروا هەڵگەڕانەوەی گەورە لە سوپای عێراقدا ڕووی نەدابوو کە ئەمەش مەرجی گرنگی ئیفلیج کردنی ڕژێم بوو، جارێ ئەو پێویستیانە تێکڕا مابوویان لەبری ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیو کوردستانی هەوڵبدەن ئەو پێویستیانە بە خزمەت کردنی ڕاپەڕینەکە بهێنننەدیو کەمو کوڕییەکانی خۆڕسکی ڕابەڕینەکە هێندەی دەکرا قەرەبوو بکەنەوە، کەچی نەک ئەوەیان نەکرد بەڵکو دیسان بە عەقڵیەتی خەباتی چەکداری هاتنەوە مەیدان، لەکاتێکدا وەکو بۆ ڕاپەڕین بەرنامەیان نەبوو دوای شکستی عسکەری ئەنفالەکان لایەنی کەمی بەرنامەی عەسکەری هاوبەشیش لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیدا نەبوو، بەڵکو هەتا ڕاپەڕین (بەرەی کوردستانی)ش هیچ جۆرە گەڵاڵەیەکی عەسکەری هاوبەشیان نەبوو، هەرلایەک بەپێی سیاسەتی خۆی مەفرەزەی دەناردو دەهێنا!

زاڵکردنی خەباتی چەکداری بەو فراوانییەوە بەسەر ڕاپەڕیندا لەبری ئەوەی خەباتی چەکداری بخرێتە خزمەتی پەرەپێدانی ڕێبازی ڕاپەڕین، ئەگەر لەڕووی عەسکەرییەوە دژی سوپای عێراق لێرەو لەوێ جەزرەبەیەکی لە ڕژێم دابێ، ئەوا لەدوو ڕووەوە زیانی کاریگەری گەیاند:

١- پەرەسەندنو فراوانکردنی ڕاپەڕین لەناو زۆربەی جەماوەرو لە زۆربەی شارەکانی عێراقو کوردستاندا ڕاگرتو خەڵک لەبری پشتبەستن بە بەردەوامی ڕاپەڕین، ئومێدیان بە سەرکەوتنی هێزی چەکداری لەڕووی عەسکەرییەوە بەستەوە، ئەمە لەکاتێکدا گەوهەری سەرخستنی ڕاپەڕین لەوەدایە پەیتا پەیتا دەبێ جەماوەر لە دەوری بشاڵێو هەوڵیش بدرێ سوپاو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم یان بهێندرێنە ڕیزەوە یان بێ لایەنیت بکرێن.

٢- زاڵکردنی خەباتی چەکداری بیانوی دایە ڕژێم سوپاو دەزگاکانی بەناوی دەستتێوەردانی بێگانەو داگیرکردنی وڵات تیژ بکاو بیانداتەوە بەگژ ڕاپەڕیواندا.

جگەلەم مەسەلەیەی خەباتی چەکداریو ڕاپەڕین، هەندێ مەسەلەی سیاسیو دیبلۆماسیو ڕەفتارو هەڵەی جۆراوجۆری دیکە ڕژێم قۆزتنیەوەو بەوپەڕی ڕەقەوە کەوتە دامرکاندنەوەی ڕابەڕین، لەوانە:

- بڕیاری ئەمریکا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمدا لەوپەڕی شکستی ڕژێم لە ١٩٩١/٢/٢٨ کارێکی سایکۆلۆژی زیانبەخشی گەیاندە وورەی خەڵکو ڕژێمیشی والێکرد ڕاپەڕموێ درایەتیەکەی بژیێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا خەڵک چاوەڕێ بوون

دەوڵەتانی هاوپەیمان هەتا ڕووخاندنی ڕژێم جەنگەکە ڕانەگرن، ڕژێمیش باش دەیزانی لە ڕۆخی چ دۆخێکی ترسناکدایە بۆیە لەو گفتوگۆیەدا هەرچی ئەمریکا گوتی ڕازی بوون!

- نواندنی ڕاپەڕینی خەڵکی خوارووی عێراق بە ڕاپەڕینێکی (شیعە ـ یسلامی) ڕۆژئاوای لە دووپات بوونەوەی ئەزموونی ئێران سڵەماندەوە، تایبەت ڕۆژئاوا جاری پێوەندیەکی ئەوتۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و کوردستانیەوە نەبوو، هێزە لیبراڵیو مەزهەبییە دۆستەکانی خۆیشیان لاواز بوون.
- وەکو خەباتی چەکداری زاڵکرایە سەر ڕاپەڕین، بەرنامەیەکی عەسکەری ڕێکوپێک نەبوو هێرشێکی عەسکەری بەردەوام بکرێتە سەر هێزەکانی ڕژێم و مەترسی بخرێتە سەر بەغدا. بەپێچەوانەوە دوای چەندین سەرکەوتن بەتایبەتی لە کوردستاندا سیاسەتی بەرگری (نێگەتیف) گیرایەبەر، ڕژێمیش بە ئارەزوو لە کوێت کشایەوەو خۆی گرتەوەو پشێوی نەبوونی بەرنامەی عەسکەری قۆزتەوەو کەوتەوە پەلامار، قسابخانەی لە خوارووا نایەوەو لە کوردستانیشدا کارەساتی کۆچ ڕوویدا بەبێ ئەوەی سەدان هەزار چەکدار بتوانن بە ئەندازەی دوا شەڕە قورسەکانی ئەنفالەکانیش بەربەرچی عەسکەری بدەنەوە!
- هەڵسوکەوتی دزێوی هێزە چەکدارەکان لە: دزی، ڕەفتاری ناشۆڕشگێڕانە، ڕێکنەخستنی جەماوەر، نەبوونی بەرنامەی خزمەتگوزاری و پەروەردەی سیاسیو دژایەتی چەپەکان.
- پێوەندی ڕێکنەخراوی ئۆپۆزیسیۆن و دەوڵەتانی دراوسێو هەوڵیان بۆ پیادە کردنی نەخشەکانیان لەکاتی ڕاپەڕیندا دژی ڕژێم.

ئەو ڕاستیانە تێکرا لەناو ڕاپەڕینی خۆرسکیدا، ڕاپەڕینەکەیان وەکو ڕاپەڕینێکی ئازادیخوازانە نەکرد، ڕاپەڕینی بەردەوام هەتا دوا ئامانجەکانی خەڵکی عێراق بەگشتیو گەلی کوردستان بە تایبەتی، ئەویش ڕووخاندنی فاشیەکان و هاتنە سەرکاری ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراسی کە بێ مەرج مافی چارەی خۆنووسینی کورد بە مافی جیابوونەوەو دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستانیش بسەلمێنێ.

سەرەڕای دامرکانی ڕاپەڕینی سەراپای عێراقی، بەڵام لەم دەورانەی ژیانیشدا هەمدیس گەلی کورد لە کوردستاندا خەسڵەتی کوردستانی خۆی گەشاندەوەو توانی دوای نوچدانێکی کاتیو دوای کۆچەکە زۆربەی کوردستان ئازاد بکاتەوەو ئەو ئازادییەش جگە لە (کەرکوکو خانەقینو زەنگار...) لە زۆربەی کوردستاندا لە

سایەی دۆخێکی نوێی جیهانی سەردەمی جەنگی سارد لە ڕۆژهەلاتدا، پارێزراوەو کراویشەتە سەنگەرێکی چارەنوس‌ساز دژی ڕژێم. بەکردەوەش سەلما کەوا ڕاپەڕین قۆناخێکی نوێیەو قۆناخەکەش درێژەی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و یاسایی هەیە.

٥/٩- کۆچ‌و مفاوەزات‌و پارلەمان

کاتێک ڕاپەڕین دامرکایەوە بە زەق‌و ڕەقی دەرکەوت کە تەواوی هێزە عێراقی‌و کوردستانیەکان بەو هەموو چەک‌و خەلکە چەکدارەی لە دەوریشیاندا کۆبوونەوە، توانای تێکشکاندنی عسکەری سوپای بەعسیان نەبوو کە لە جەنگی کوێت‌دا بە خراپیش تێکشکێندرا بوو. ئەم ڕاستییە عسکەرییەش دوای سەپاندنی ڕێبازی عسکەری بەسەر ڕاپەڕیندا، دووەمین تۆبالی مێژوویییە لەسەر هێزە چەکدارەکان کە سیماو گەوهەری ڕاپەڕینەکەیان گۆڕی بە بەرەنگاری چەکداری‌و بۆ ئەم بەرەنگارییەش لایەنی کەمی بەرنامەی عسکەرییان نەبوو. دیسان ئەوەش دەردەخات کە هەموو لایەنەکان پێیان وابوو ڕژێم دەروخێ بۆیە خاترجەم بوون لە سەرکەوتن! ئەوە بوو گەورەترین کارەسات ڕوویدا، لە خوارووودا زیاتر لە (٧٠) هەزار قەلاچۆ کران‌و لە کوردستانیش‌دا کۆچی گەل، کۆچی جێهێشتنی کوردستان بەرەو سنوورەکان وەکو تراژیدیایەکی دەگمەنی مێژوو لە مێژووی گەلاندا... ڕوویدا.

کۆچی گەل لە کوردستاندا دوو هۆی ڕاستەوخۆی هەبوو:

یەکەمیان: دڕندایەتی فاشیەکانی عێراقە کە خاوەن شەرمەزاری وەکو هەلەبجەو بازی‌و گوندە کیمیا باران کراوەکانی کوردستانە.

دووەمیان: بێ بڕوایی خەلکە بە (بەرەی کوردستانی) کە بتوانێ بەر سنگی سوپای بەزیوی عێراق بگرێ.

ئاکامی ئەو دوو بڕوایە گەلی کورد بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆن‌و نوێدا بە گەلە کۆچ شارەکان‌و گوندەکانی بەجێهێشت‌و لە گەرمەی کۆچەکەشدا، لە ڕۆژانە مردنی هەزاران مندال‌و دژواری بێ ئەندازی ژیانی خەلکدا، میللەت هەموو هێزەکانی لە مەحەکی عسکەری‌و سیاسی‌و ئیداری‌دا؛ مەحەکەکەش دەریان خست سەرجەم هێزەکان جگە لە تێکشکاندنی عسکەری، جگە لەوەی دیسان پەنایان بردووە بەر هەمواری ویرانی مفاوەزاتێکی سەیرو سەمەرە! لە ڕووی ئیداری خەلکەکەشەوە زۆر کەم توانا بوون. لە هەفتەی یەکەمی کۆچەکەدا جەماوەر لە مەیدانی ئەزمونی نوێی کۆچدا زوو تێگەیشت کەوا (بەرەی کوردستانی) تەنیا

مفاوەزاتی بەدەستەو مفاوەزاتەکەیش ئاشکرا بوو کە رژێم دەستخەڕۆیان دەکا. دەنگو باسی مفاوەزاتەکەش لەسەر ئاستی دونیادا نەک پشتیوانی نەکرا بەڵکو رای گشتی خۆرئاوای جیهانو دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا پێیان سەیر بوو، سەرکردایەتی (بەرەی کوردستانی) لەگەڵ بێزراوترین رژێمی جیهان بەو شێوەیە مفاوەزات دەکا.

دیاربوو هەلومەرجەکە گۆڕانکاری سیاسی دیکەی بەدەمەوە بوو بۆیە کۆچەکە لە کارەساتێکی گەورەوە گۆڕدرا بە پشتیوانیەکی خەیاڵی. بێ بڕوایی بە رژێمو دەرکەوتنی بێ توانایی (بەرەی کوردستان)و زانینی سەرەتای هەڵوێستی پشتیوانی لێکردنی کێشەی گەلەکەمان لەلایەن رای گشتیەوە، کاریان کردە سەر هەستو هەڵوێستی جەماوەر؛ لەکاتێکدا وەفدەکانی (بەرەی کوردستانی) لە پایتەختدا بە تەختەی بەعسیانە دەهێندرایە سەر تەلەفزیۆنو گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکراو مژدەی سەرکەوتنی بەو تریکانەی مفاوەزاتەکەیان لەگەڵ بەعسو (سەرۆک سەدام!)دا رادەگەیاند، جەماوەری دڵسۆز، جەماوەری قاڵبووی راپەڕین، لە شارەکاندا کەوتنە پەلاماردانی رژێمو بە هەزاران سەربازی بێ وەرەو بەزیویان بە چەپڵەو چەپۆک دەگرتو زۆربەی شارەکانی کوردستانیان ئازاد کردەوە. هەمدیس (بەرەی کوردستانی) هاتنەوە مەیدانو زۆر جار پێشمەرگەی زەحمەتکێش بێ بڕیاری سەرکردایەتیان پەلاماری رژێمیان لەگەڵ خەڵکەکەدا دەدایەوە، بەڵکو لەم دەورانەشدا هەندێ لە لێپرسراوانی (بەرە) رقی خەڵکەکەیان دادەمرکاندەوەو پێشیان لێدەگرتن پەلاماری دەزگای رژێم نەدەنەوە، تەنانەت تاوانباری گەورەی رژێمیشیان لەدەست جەماوەر رزگار کرد! سەرئەنجامی گەرم بوونی پشتیوانی جیهانیو هاتنی سوپای (هاوپەیمان) بۆ سنووری کوردستانو سوور بوونی جەماوەر لەسەر دەرپەڕاندنی رژێم، ئیدی (بەرەی کوردستانی) گەڕانەوە شارەکانو دەستیان پەسەردا گرتنەوە. بەمەش، لەماوەی دوو مانگدا دوو جار کوردستان کەوتە بەر (بەرە) دووەمین جار ئاشکرا بوو کەوا رژێم وەکو جاری یەکەم ناتوانێ بێتەوە سەر کوردستان چونکە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان رێی نەدەدا. بۆیە دەبوو (بەرە) یەکەمین کاریان بەڵکو ئەرکی هەرە گرنگیان بەپێی توانا دابین کردنی ئاسایشو پاراستنی سەرو سامانی کوردو کوردستان بوو. هاوشانی چەسپاندنی دیموکراسیو ئازادی. بەلاّم لە مانگی پێنجی دوای کۆچەوە کە کوردستان ئازادکرایەوە هەتا بڕیاردانی پارلەمان دەکرێ بگوترێ لە رووی سیاسیو ئیداریەوە، لە ڕووی پێوەندی

سیاسی‌و پاراستنی سامانی نیشتمان‌و میللەتەکەوە، لە ماوەی یەک سالی ڕەبەق‌دا دۆخی کوردستان لە نموونە خراپەکانی ئازادی میللەتان بوو: دزی، بی‌سەروبەری، تاوان‌و تالان، مشەخۆری (چینی چەتە!) تەشەنەیان سەند، ئەمە لەکاتێکدا دەبوو بە پێچەوانەوە بوایە چونکە هێزەکانی (بەرەی کوردستانی) لەمێژوودا هێندە ژاراوی ژێرکەوتنیان چێشتبوو پێویست بوو ئەو دەستکەوتە وای لێکردبان بە دڵو گیان بە کردەوەو خزمەت کردنی خەڵک پەرۆشی پاراستنی بن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش، زیانی کاریگەری سیاسی لەوەدا بوو کە قۆناخی دوای ڕاپەڕین وەکوو قۆناخێکی نوێ جارێ لای زۆربەی هێزەکان لێکنەدەدرابەوەو ئەرکەکانی نەدەزاندران، بگرە بە عەقڵیەتی شۆڕشی چەکداری ڕەفتاریان دەکردو خەڵکیان بەرێ دەبرد: گومرگی زۆر، سەیتەرەی بێ ژمار، هەزاران بارەگا، دیاردەی چەکداری، گوێ پێنەدانی دادگاو داوەری، گۆشەگیری حیزبایەتی... تاد. لە دیاردە زەقەکانی زۆربەی هێزەکانی (بەرە) بوون. ئیدی ئەرکە سیاسی‌و ئیداری‌و یاسایی‌و ڕۆشنبیریەکان تێکرا چارەکی پێویستیش ڕەچاو نەکران. ئەو دیاردانەش تێکڕا لەناو پرۆسەی پێویستیەکانی قۆناخی سیاسی نوێی دوای ڕاپەڕیندا هەتا دەهات زیانیان دەگەیاندە ڕاپەڕین‌و جەماوەرو شایەنی سیاسی گەلەکەمان لەناو ڕای گشتیدا. تەنانەت لەسەر مفاوەزات‌و دیاردە سیاسییە نوێکانی جیهان لەناو جەماوەرو هێزە سیاسیەکانیشدا ناکۆکی لەبنبەست نزیک دەکەوتن. واتە: لە خەتەری جەنگێکی ناوخۆی دیکە! جەماوەر دەپرسی:

ـ هەتاکەی پاشاگەردانی سیاسی؟

ـ هەتا کەی پەکنەخستنی هێزی پێشمەرگە؟

ـ هەتا کەی تالان‌و تاوان؟

ـ هەتا کەی هەڵنەبژاردنی دەسەلاتێکی دیموکراسی‌و... هەتا کەی درێژەدانی مفاوەزاتێکی نەزۆک لەگەڵ ڕژێمێکیش‌دا کە بیستو دوو ساڵ بە جۆرەها مفاوەزات تاقیکراوەتەوە؟

ئەو هەموو پرسیارانە فشاری سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و سایکۆلۆژی بوون بۆ سەر (بەرەی کوردستانی)و (بەرە)ش، لەناو خۆیاندا، تایبەت لەناو (یەکێتی)و پارتی)دا، دیدی ناکۆکیان هەبوو، لە دەرەوەی (بەرە)ش چەپو غەیرە چەپیش توانای بڕیاری کاریگەریان نەبوو؛ چونکە، جگە لەوەی توانایان کەم بوو، بەو کەم توانایەش لەسەر لایەنی کەمی بەرنامەی هاوبەشیان ساغ نەدەبوونە. لایەنەکانی

دیکەی ناو (بەرە)ش، لەنێوان پارتیو یەکێتیدا، تەراتێنی پاراستنی بەرژەوەندی حیزبەکانیان دەکرد. ئەگەر پێشنیاری باشیشیان پێشکەش کردبێ گوێیان لێگیراوەو گوێیان نەدراوەتیێ!

دوای ئەوەی کێشەکان خەریک بوون لە ڕۆخی دۆخی خەتەر بترازێن جگە لە فشاری جەماوەرو ترسی ناکۆکیەکان، پاڵەپەستۆی دەرەکیش بایی خۆی کاری کردە سەر هەڵوێستی سیاسی (بەرە)و دوا ئەنجامیش،بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمان درا.

هەڵبژاردنی پەرلەمان، وەکو پرۆسەی هەڵبژاردن، وەکو پرێنسیپی هەڵبژاردن، وەکو ئەزمونێکی نوێی دیموکراسی لەناو گەلەکەماندا، یەکێکە لە دەستکەوتە سیاسییە دیموکراسیە بێ وێنەکانی میللەتانی ڕۆژهەلأت. کەم میللەت هەیە بەو شەوقو پەرۆشییە بەپیر دیموکراسیەوە چوبێ، تایبەت لەناو میللەتانی دواکەوتوودا، بەلأم مخابن ئەو ئەزمونە کەم وێنەیە لەسەرەتاوە بە سەپاندنی ڕێژەی ٧٪ بۆ هەڵبژاردنی هێزە سیاسیەکان پەلەی کەمکردنی گیانی پەرۆشی دیموکراسی لکاندە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە؛ ئەمە جگە لە (گزیو فزی) کردن لەکاتی هەڵبژاردندا بۆ بردنەوەی زۆربەی دەنگەکانیش هەتا ڕادەیەک هەڵبژاردەکەیان دزێو کرد... هەڵبەتە ئەمیش پێوەندی بە میللەتەکەوە نییە. سەرەڕای ئەوانەش پەرلەمانەکە سەرخراو ڕوو بە ڕووی ئەرکی سیاسیو کۆمەلأیەتیو دیپلۆماسی نوێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕاپەڕین کرایەوە، ئەگەر ڕاگەیاندنی کوردستانی فیدراڵو بڕیاری داڕشتنی بناخەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو ڕێگرتن لە تەقینەوەی جەنگی ناوخۆ لەنێوان (پارتی)و (یەکێتی)دا لە کارە باشەکان بێ، ئەوا هێشتا ئەرکێکی ڕانەپەڕێندراوی زۆر لە بەردەم پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستاندا ماوون:

- ئابوری کوردستان ناپوتەو ڕادەی بەرهەمهێنانی گشتی نزیکە لە سفر.
- بێکاری بۆ میللەتێکی وەکو کورد ڕەنگە بەرزترین ڕادە بێ لە ناوچەکەدا؛ کرێکارو زەحمەتکێشان لە هەموان زیاتر لە نەهامەتیدان.
- پاراستنی سنوورەکان لە جاسوسو پیاوخراپو دز جاری دابین نەکراوە.
- کۆنترۆل کردنی تەواوی پێویستیەکانی بەڕێوەبردنی کوردستان زۆری ماوە.
- تەندروستی نزمەو باقی پێداویستیەکانی خەڵک: ئاو، کارەبا، پاکیو خاوێنی، موچە، جادەو بان، پردەکان... هتد. هێشتا زۆریان ماوە.
- دێهاتی کوردەواری ١٠٪شیان وەکو پێویستە نەبوژاوون.
- نەخشەی خوێندنو پەروەردەی زانستیو نەهێشتنی نەخوێندەواریو بەرنامەی

کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری... هتد. گەلاڵەی دوای ڕاپەڕین نەکراوون... هتد.

هەڵبەتە جارێ ماوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان زۆر نییە، بەڵام وێڕای دەکرا هەندێ لەو ئەرکانە جێبەجێ بکرێن‌و دەشبێ باقی ئەرکەکان بە خەباتی بێوچان بهێندرێنەدی.

لە ئەستۆگرتنی ئەرکی پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران پێوەندی بە رادەی جێبەجێ کردنی بەرنامەی پەرلەمانەوە هەیە. هەموو لایەکیش لە گەرمەی هەڵبژاردندا جۆرەها پەیمان‌و بەڵێنی داوەتە جەماوەر؛ دەبێ بشزاندرێ ئەو جەماوەرەی سەرەرای کێشەکانی رابردوو بڕوای بەخشیوەتە لایەنەکانی پەرلەمان چاوەڕوانە پێویستیەکانی بهێندرێنەدی. دەنا جەماوەر ئامادە نییە بەبێ بەدیهێنانی خواستەکانی لەسەر بڕوای پێشووی بمێنێ. ژیانی سیاسی ناو شار لەگەڵ خەباتی چەکداری شاخەکان جیاوازە، ئەگەر لە شاخەکاندا لە ترسی هێرشەکانی رژێم‌و چارەنووسی کورد جەماوەر زیاد لە ئەندازە بەرگەی کێشەکانی گرتبێ، هەروا ئەگەر لەناو شاریشدا بە خۆکەی مانی بەعس‌و مەترسیەکانەوە، دیسان جەماوەر سۆزی سیاسی‌و نەتەوایەتی‌و خزمەتی رابردووی لەبەرچاو گرتبێ بەڵکو هەرچی چۆنی بووە لە مەترسی رژێم رزگاریان بێ‌و بڕێ لە گرفتەکانیان چارەسەر بکرێ، دەبێ بزاندرێ وردە وردە بڕوای بەخشیندراوی جەماوەر بەو هێزانە، وێڕای بەدیهێنانی خواستەکانیان کەمتر دەبێتەوە. چونکە لەناو شاراندا راستیەکان زووتر دەردەکەون‌و ... هۆشیاری جەماوەریش باشترە، شاخ ئەرکی شاخی هەبوو. شاریش ئەرکی شاری هەیە، هەمیشەش گیروگرفتی خەڵک لە دوای ئازادی زۆرترین لە گیروگرفتی رێگای بەدیهێنانی ئازادیەکە.

هەروا... دەبێ بشزاندرێ کەوا: هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران، یەکەمین تاقیکردنەوەی حکومەتی کوردستانی نین، حوکمڕانێتی شێخ مەحموودو کۆماری مەهاباد دوو ئەزموونی کۆست خراوی پێشتری نەتەوەکەمانن. هەروا ئەم پشتیوانیە جیهانیەش لە کێشەی کورد یەکەمین جاری نییە لە مێژوودا، پەیمانی سیڤەرو پشتیوانی کۆماری مەهاباد لەلایەن شورەویەوە جارێ زیندوون... راستە زەمان‌و زەمینە سیاسی‌و جیهانی‌و ناوچەییەکە گۆڕاون، راستیشە رووداوەکانی مێژوو کەومت دووبات نابنەوە، بەڵام جگە لەو راستیانە، راستیەکی دیکەی چارەنووس‌ساز هەیە پێویستە هەردەم لەبەرچاو بێ... ئەویش ئەوەیە...

چارەنووسی میللەتان، بەدەست میللەتان خۆیانەوە، هەر میللەتێکیش هەڵکەوتی

وەکو ئەمەی کوردستانی بۆ هەڵکەوتبێ ڕێبەرەکانی نەیانتوانیبێ بە خزمەتەو دەستکەوتەو دیموکراسیو پێشکەوتن... دەستبەری ژێرنەخستنی هەڵکەوتەکە بکەن... ئاوا مێژوو لە هەر قۆناخێکدا بێ، زەمان هەرچی چۆنێ گۆڕدرابێ... مەترسی گەورە لەسەر ئەو میللەتە هەر هەیە... بەتایبەتی میللەتانی وەکو کوردی گەمارۆدراو.

١٩٩٢/١٢/٣

پاشکۆی «١»

بزووتنەوە چەکدارییە سەرکەوتووەکانی ساڵانی جەنگی دووەم بەدواوە

میللەت	ساڵی هەڵگیرساندن	دژی	ساڵی سەرکەوتن
چین	١٩٢٧	ناوخۆ، ژاپۆن	١٩٤٩
ڤیێتنامی باکور	١٩٤٦	فەرەنسا، ئەمریکا	١٩٥٤-١٩٧٥
لاوس	١٩٤٦-١٩٦٠	فەرەنسا، ئەمریکا	١٩٥٤-١٩٧٥
ڤیێتنامی باشور	١٩٤٦-١٩٦٠	فەرەنسا، ئەمریکا	١٩٥٤-١٩٧٥
کۆریا	١٩٢٧	ژاپۆن، ئەمریکا	١٩٥٢
جەزائیر	١٩٥٤	فەرەنسا	١٩٦٢
کوبا	١٩٥٦	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٥٩
کامیرۆن	١٩٥٧	فەرەنسا	١٩٦٠
کاتانگا	١٩٦٠	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٦٤
ئەنگۆلا	١٩٦١	پرتوگال، ئەفریقای باشور	١٩٧٥
گینیا بیساو	١٩٦٣	پرتوگال	١٩٨٣
مۆزەمبیک ...	١٩٦٤	پرتوگال	١٩٧٤
گواتیمالا	١٩٦١-١٩٦٨	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٨٠
کامبۆج	١٩٦٥	ئەمریکا	١٩٧٥
نامیبیا	١٩٧٠	ئەفریقای باشور	١٩٧٩
رۆدیسیا	١٩٧٢	ئەپارتایت	١٩٧٩
نیکاراگوا ...	١٩٧٢	ئەمریکا	١٩٧٩
چاد	١٩٧٦	فەرەنسا	١٩٨٠

پاشکۆی «٢»

بزووتنەوە چەکدارییە بەردەوامەکان

میللەت	ساڵی هەڵگیرساندن	دژی
فیلیپین، پارتی کۆمۆنیست	١٩٥٧	ڕژێمی دیکتاتۆر
ئەریتیریا	١٩٦١	ئەسیوپیا
فەلەستین	١٩٦٥	ئیسرائیل
ئۆگاندا	١٩٢٤	ئەسیوپیا
لوبنان	١٩٧٥	ناوخۆ، ئیسرائیل
باسک (تیرۆر)	١٩٧٥	ئیسپانیا
ئیرلەندای باکور	١٩٦٨	ئینگلستان
کوردستان (عێراق)	١٩٧٦	بەعسی عێراق
سلڤادۆر	١٩٧٦	ناوخۆ، ئەمریکا
کەمبۆج	١٩٧٨	ناوخۆ، ڤێتنام
ئەفغانستان	١٩٧٩	ناوخۆ، شورەوی
کوردستان (ئێران)	١٩٨٠	کۆماری ئیسلامی ئێران
کوردستان (تورکیا)	١٩٨٥	ڕژێمی تورکیای
پیرۆ	١٩٨٥	ناوخۆ، ئەمریکا
تامیل	١٩٨٦	ناوخۆ، هیند
پۆلیساریۆ	١٩٧٥	مەراکش

پاشکۆی «٣»

بزووتنەوە چەکدارییە بەزیندراوەکان

میللەت	ساڵی هەڵگیرساندن	دژی	ساڵی بەزین
ئیسپانیا (کۆمارییەکان)	١٩٣٩	فەلانژیستەکان	١٩٥١
یۆنان	١٩٤٧	ناوخۆ، ئینگلستان	١٩٤٩
کوردستان ـ عێراق (بارزانییەکان)	١٩٤٣	رژێمی پاشایەتی	١٩٤٥
کوردستان ـ ئێران (کۆماری مەهاباد)	١٩٤٦	رژێمی شا	١٩٤٦
ئازەربایجان	١٩٤٦	رژێمی شا	١٩٤٦
تبت	١٩٥٥	چین	١٩٥٩
مالیزیا	١٩٤٨	ئینگلستان	١٩٥٧
کۆنگۆ	١٩٥٨	بەلژیک	١٩٦٠
پاراگوای	١٩٥٩	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٦١
دۆمینیگ	١٩٥٩	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٦١
سۆماترا	١٩٥٧	جکارتا	١٩٥٨
کۆلۆمبیا	١٩٦٠	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٦١
بەرازیل	١٩٦١	ناوخۆ	١٩٧٠
کوردستان ـ عێراق	١٩٦١	رژێمی عێراق	١٩٧٥
پیرۆ	١٩٦٢	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٦٣
ئیکوادۆر	١٩٦٢	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٦٣
ڤەنزوێلا	١٩٦٢	ناوخۆ، ئینگلستان	١٩٦٧
لۆئاندا	١٩٦٣	ناوخۆ	١٩٦٤
تانزانیا	١٩٦٤	ناوخۆ، ئینگلستان	١٩٦٤
کینیا	١٩٦٤	ناوخۆ، ئینگلستان	١٩٦٤
گابۆن	١٩٦٤	ناوخۆ، فەرەنسا	١٩٦٤
بۆلیڤیا	١٩٦٥	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٦٧
کوردستان ـ ئێران (مەلائاوارە ـ موعینی)	١٩٦٧	رژێمی شا	١٩٦٨
ئۆرگوای	١٩٦٥	ناوخۆ، ئەمریکا	١٩٧٢
زەفار (عەممان)	١٩٦٨	عممان، ئینگلیز، ئێران، ئوردون	١٩٧٦
بۆروندی	١٩٧٢	ناوخۆ	١٩٧٢
ئەرژەنتین	١٩٧٢	ناوخۆ	١٩٧٢
بلوجستان	١٩٧٣	پاکستان	١٩٧٧

پاشکۆی «٤»

ئەو دەوڵەتانەی قارەی ئاسیا لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە خەباتی چەکدارییان تێدا هەڵگیرساوە (٣٨ دەوڵەت)

سەرکەوتووەکان	بەردەوامەکان	بەزێندراوەکان
١- چین	١- فیلیپین	١- ئەندەنوسیا
٢- ڤێتنام	٢- کەمبۆج	٢- مالیزیا
٣- کۆریای باکور	٣- فەلستین	٣- کوردستانی عێراق
٤- لاوس	٤- کوردستانی عێراق	٤- بلوجستان ـ پاکستان
٥- یەمەنی باشور	٥- لوبنان	٥- زەفار ـ عمان
٦- کەمبۆج	٦- کوردستانی ئێران	٦- کوردستان ـ ئێران
	٧- کوردستانی تورکیا	٧- ئازەربایجان ـ ئێران
	٨- سریلانکا ـ تامیل	
سەرجەم:		
٦	٨ +	٢١ = ٧ +

واتە لە کۆی (٣٨) دەوڵەتی ئاسیا، ٢١یان بەزێندراون و ٨یش بەردەوامن چارەنووسیان نازاندرێن، (٦)یشیان سەرکەوتوون کە کەمەکانیان.

پاشکۆی « ٥ »

ئەو دەوڵەتانەی قارەی ئەفریقا پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە خەباتی چەکداریان تێدا هەڵگیرساوە (٥٢ دەوڵەت)

سەرکەوتووەکان	بەردەوامەکان	بەزێنراوەکان
١- جەزائیر	١- ئەسیوپیا ـ ئەریتیریا	١- بوروندی
٢- ئەنگۆلا	٢- بوروندی	٢-تانزانیا
٣- ئۆگەندا	٣- پولیساریو ـ مەغرب	٣- رواندا
٤- چاد	٤- تەیموری رۆژئاوا (ئەندەنوسیا)	٤- کونگو
٥- زامبیا	٥- ئۆگادان	٥- مەغرب، مەراکش
٦- زائیر		٦- کینیا
٧- زیمبابوی		٧- کامیرون
٨- ساحلی عاج		
٩- گینیا		
١٠- کینیا		
١١- گینیا بیساو		
سەرجەم: ١١	+ ٥	+ ٧ = ٢٣

واتە لە کۆی (٢٥) دەوڵەتی ئەفریقا، لە (٢٢)یاندا خەباتی چەکداری بەرپاکراوە، (١١)یان سەرکەوتوون، (٥)یان بەردەوامە، (٧)یش بەزێنراون

پاشکۆی «٦»

ئەو دەوڵەتانەی ئەمریکای ناوەندی لەپاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە خەباتی چەکداریان تێدا هەڵگیرساوە (١٨ دەوڵەت)

سەرکەوتووەکان	بەردەوامەکان	بەزێندراوەکان
١- کوبا نیکاراگوا	١- سلڤادۆر	١- جامایکا ٢- دۆمینیکان ٣- کۆستاریکا ٤- گواتیمالا ٥- هایتی ٦- هیندۆراس

سەرجەم: واتە لە کۆی (١٨) دەوڵەتی ئەمریکای ناوەندی لە (٩)یاندا خەباتی چەکداری بەرپاکراوە، (٢)یان سەرکەوتووە، (١)یان بەردەوامە، (٧)یش بەزێندراوە.

پاشکۆی «٧»

ئەو دەوڵەتانەی ئەمریکای باشور لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە خەباتی چەکداریان تێدا هەڵگیرساوە (١٢ دەوڵەت)

سەرکەوتووەکان	بەردەوامەکان	بەزێندراوەکان
	١- پیرۆ	١- ئەرژەنتین ٢- ئیکوادۆر ٣- ئۆرۆگوای ٤- بەرازیل ٥- بۆلیڤیا ٦- پاراگوای ٧- کۆلۆمبیا ٨- ڤەنزەویلا
سەرجەم: +	١ +	٨ = ٩

واتە لە کۆی (١٢) دەوڵەتی ئەمریکای باشور لە (٩)یاندا خەباتی چەکداری بەرپاکراوە، هیچیان سەرنەکەوتوون، یەکێکیان بەردەوامە، (٨)یشیان بەزێندراون.

پاشکۆی «٨»

تەتەڵەی خەباتی چەکداری هەرچوار قارەکەی گۆی زەوی لەپاش جەنگی دووەمی جیهان بەدواوە :

قارەکان	ژمارە	سەرکەوتوو	بەردەوام	بەزیوو
ئاسیا	٤٨	٦	٨	٧
ئەفریقا	٥٢	١١	٥	٧
ئەمریکای باشور	١٢	.	١	٨
ئەمریکای ناوەند	١٨	٢	١	٦
سەرجەم:	١٢٠	١٩	١٥	٢٨

سەرنج:

لەو ئامارانەدا بە کردەوە بۆ چەندو چوون دەردەکەوێ کە خەباتی چەکداری پارتیزانیو شۆڕشی درێژخایەن، ئەگەرچی لەنێو سەدەی ڕابردوودا هەوڵدرا بکرێتە یاسای نەگۆڕی میللەتانی داگیرکراوو ژێردەستەی ئیمپریالیزم، بەڵام لەناو (١٩)یاندا سەرکەوتووە، لە (٢٨)یاندا کە زۆرترە لە سەرکەوتووەکان، ژێرخراوە، لە (١٥)شیاندا بە چارەنووسێکی نەزانداو بەردەوامە لەناو باقیەکەیاندا کە ٥٨ دەوڵەتن توخنی خەباتی چەکداری نەکەوتوون. بۆ قارەی ئەورووپاش دوای بەزینی شۆڕشەکانی یۆنانو ئیسپانیا، خەباتی تیرۆری باسکەکانی ئیسپانیاو ئیرلەندییەکانی لێدەرچێ، هیچ کام لە تیۆرسێنەکانی خەباتی چەکداری لەم قارەیەدا لایەنگری بەرپاکردنی شۆڕشی چەکداری نەبوون، بۆیە دەوڵەتەکانی نەخراونەتە ناو نەخشەکان واتە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بە زۆری شۆڕشی چەکداری سەرکەوتوون، کەمتر لە ناوەڵجیەکاندا بەردەوامنو لەپێش خراوەکانیشدا بەزیون.

سەرجەم شۆڕشەکانیش (٤٠)یان ناوخۆو دژی بێگانە بوون. (١٨)یان دژی ئەمریکاو (٧)یان دژی ئینگلیزو (٦)یان دژی فەرەنساو (٢)یان دژی ژاپۆن بوون.

سەرچاوەکان

سەرچاوەی عەرەبی:

● ادغار ستو، النجم الاحمر فوق الصين، المراحل الاولى من تاريخ الثورة الصينية، ترجمة: كمال ابوالحسن و كمال ابو العزة.

● احمد نوري النعيمي، الدكتور، تركيا و حلف الشمال الاطلسي، المطبعة الوطنية، اردن ١٩٨١.

● اوليا نوفسكي ـ بافلوف، آسيا تختار، دار التقدم ـ موسكو.

● التقرير المركزي للمؤتمر القطري التاسع، حزيران ١٩٨١.

● جان اسمين، الثورة الثقافية الصينية، ترجمة: ذوقان قرقوط.

● جان بابي، القوانين الاساسية للاقتصاد الرأسمالي، ترجمة: لجنة من، شريف حتاتة، محمد خليل قاسم، سعد كامل، حليم طوسون.

● جان اللنشتين، تأريخ الظاهرة الستالينية، ترجمة: جوزيف سماحة.

● روجية دوبرية، ثورة في الثورة، ترجمة: الياس سحاب، الطبعة الاولى، كانون الثاني ١٩٦٨.

● كارل ماركس ـ فردريك أنجلس، البيان الشيوعي، دار دمشق للطباعة و النشر.

● الماركسية و حرب العصابات، ترجمة: ابراهيم العابد و ماهر الكيالي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر ـ بيروت.

● ماوتسي تونغ، المؤلفات المختارة، المجلد الثاني، دار النشر باللغات الاجنبية، بكين ١٩٦٩.

● محمد حسنين هيكل، الحل و الحرب، شركة مطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت ـ لبنان الطبعة الاولى ١٩٧٧.

سەرچاوەی فارسی:

● آدینه، ژماره: ۲۹، آبان ۱۳۶۷.

● ادوارد کرانشکاو، خاطرات سیاسی خروشوف، مترجم: محمد رفیعی مهرآبادی.

● ارتور کند، یالتا یا تقسیم جهان، مترجم: محمد طلوعی، چاپ اول، پائیز ۱۹۶۵.

● ارنستو چەگوارا در انقلاب (با دو مقاله چاپ نشده) انتشارات مروارید، مترجم: م.أ.رهجو.

● از لینین تا گورباتچف، مترجم: نگارش محمود طلوعی، سازمان انتشارات هفته، چاپ اول ۱۳۶۷.

● ژارژ شالیان ـ ژان پیراژو، اطلس استراتیژیک جهان، ترجمه: د.ابراهیم جعفری، انتشارات

اطلاعات، تهران ١٣٦٦.

● مسائل نیمکره غربی. کوبا. کاسترو و انقلاب. منوچهر کمالی طه.م
کبیر، تهران ١٣٦٦.

● میخائیل گورباتچف، پراسترویکا دومین انقلاب روسیه، مترجم: عبدالرحم
تاریخ نشر ١٣٦٦.

● یان دریبشایر، تحولات سیاسی در اتحاد شوروی (از برژنف تا گورباتچف) مترجم: هرمز همایون پور، چاپ اول ١٣٦٧ تهران.

سەرچاوەی کوردی:

● چەپکێ لە قسەکانی سەرۆک ماوتسی تۆنگ، کتێبخانەی بیری نوێ، بەغداد ١٩٧٣.

● چیا، ئەمنی ستراتیژی عێراق‌و سێ‌کوچکەی بەعسییان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، زنجیرەی لێکۆڵینەوە /٣

● عەزیز شەمزینی (دکتۆر) جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ ١٩٨٥، وەرگێرانی فەرید ئەسەسەرد.

● کارل مارکس، هەژدەی برۆمێری لویس بۆناپارت، وەرگێرانی: سیامەندی شاسواری.